# ئەنفالستان

## ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال و جینۆساید

٢٠١٣/٤/١٤

**ژمارە ( ١٠ )**

**خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر**

**عومەر محەمەد قادر**

E- omer_m0287@yahoo.om
Anfalistan@yahoo.com

٠٧٥٠١٢٢٣٤٢١ ٠٧٧٠١٥٢٠٢٨٧

**یاریدەر**

**هێمن عەبدوڵا – سمکۆ سابیر**

**ئەنـــــدامانی شــــــانازی**

**مامۆستا نەجیب گەرمیانی**

**مەلائیدریس ئیسماعیل**

**دەستەی هـــــاوکــــارانی ئـــــــەم ژمارەیـــــە**

**کفری**

عاصی فرود– داود محمە ئەحمەد علی

**خورماتوو**

مامۆستا عەلی محمد وەلی کامەران شەهیدان

**کەلار**

محمد سابیر ئەنوەرحەمەلاو

**بازیان**

م.ئەرسەلان چیمەنی

**سلێمانی**

ئیبراهیم عەبدوڵا

**فنلندا**

شالیارکوردۆ

دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین

فۆتۆ:

ئەنفالستان – هێمن عەبدوڵا

**چاپخانەی کەمال**

تیراژ : ٢٠٠٠ دا

| لەم ژمارەیەدا | |
|---|---|
| نامەیەک بۆ وەزیری دەرەوەوسەرۆک وەزیرانی سوید سالی ١٩٨٧ | ل ١ دکتۆر بورهان یاسین |
| وورتاری ژمارەیەک پەرلەمانتاری ولاتی سوید، بەبۆنەی بەجینۆسایدناساندنی تاوانی ئەنفال | ل٧ |
| پرۆژەی هەلمەتی نیشتمانی بۆبەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی کورد | ل١٤ |
| بۆتان دەگێرمەوە: ئەنفالی یەکو بیرەوەری پێشمەرگەیەکی بریندار . | ل١٦ سەید ئەحمەد حەمەلاو |
| قۆناغی هەشتەمی ئەنفال لە دەڤەری بادینان<br>کۆمەلکوژی گوندی کورێمی | ل٢٩راپۆرت: سمکۆ سابیر |
| د. سەبیح لوتفی ئیسماعیل واژۆی لەسەر بەلگەی مردنی سەدان لە سێدارەدراوی کورد کردووە. | ل٤٠ دیمانە رێکاری مزوری |
| پێی وتم تۆ پاشماوەی ئەنفالیت مافی خوێندنت نیە. !! | ل ٤٣ – م. عەلی محەمەد وەلی – |
| بێ ئەوەی کەس پێیبلێ ماندونەبیت ئەنفالکراوێکیدی کۆچی دوایی کرد. | ل٤٥ – عومەری حاجی عینایەت |
| ئامادە کردنی ئەنفالستان تراژیدیای گوندی تۆپخانە | ل٤٨ راپۆرت: ئەنفالستان |
| هەلەبجە هێشتا لەچاوەروانی ئەنفالکراوەکانیدایە | ل٥٨ دیمانە: عومەرمحەمەد |
| باپیرەم لەفەرمانگەی باری کەسێتی کردبوومی بەکوڕی خۆی و لەسەرخۆی پێناسەی بۆ دەرهێنابووم. | ل٦٨ دیمانە: ئەنفالستان لەگەل شەمال سەرمۆردی |
| باشترە پێناسەی ئەنفالکراوان لە کارتی موچە وەرگرتنەوە بگۆرن، بەپێناسی سەروەری . | ل٧٣ دیمانە لەگەل حاجی مەجیدی کلێسەیی |
| قەت ئەوشەرمەزاریەم لە بیرناچێتەوە کە دەچووەمە مالان و وەک لێقەومایک خۆم دەبینیەوە. | ل٨٤ بەهائەدین محەمەد عەزیز – گوندی کلێسە : |
| جلی کوردی و کاریگەریی لەکاتی کۆمەلکوژیی کورداندا | ل ٩٢ شالیارکۆردو |
| ئەومندالەی بوو بەهەلم | ل٩٤ محمد صابر کەمەر– کەلار |
| (نۆدەشە)ش بریندارى کیمیابارانە | ل ١٠٠محمد جەمشیدی |
| ئێمە ئامادەین ئەورۆژە هیچ سەرنەبرین وگۆشت نەخۆین | ل ١١٠ دیمانە لەگەل حسن گوندی سیدەر |
| مندالێک دەمرێت وکفن دەست ناکەوێت رووداوێکی راستەقینەی کیمیابارانی گوندی شێخ وەسان | ل ١٢٢هاوکار عبدالله |
| پور زولەیخا – بالیسان عەیبی حکومەت لەگەلای داران زیاترە | ل ١٢٢دیمانە : ئەنفالستان: |
| دورۆژ لەناوکێلگەیەکی گەنم مابوومە ئێنجا دۆزیویانمەوە | دیمانە ئەنفالستان |
| دەکرا ئەنفال روو نەدات ؟ | رزگار عومەر |
| ئەنفال وەک یادەوەرییەک لەزاکیرەی کەسوکارەکانیدا | سەرحەد محمد رشید |
| مندالە و نیووەکانی هەلەبجە وهەلوەستەیەک لەسەر دۆسییەکەیان | ل١٥٥ شادی غازی عبد الکریم |
| بەلگەیەکی دەگمەن نامەیەکی دەنگی ئەنفالکراوێک | ل١٦٠ : |
| فرۆکەوانیکی کورد گومانی کیمیابارانکردنی هەلەبجەی لێدەکرێت | ل ١٦٣دەرسیم دیبەکەیی |
| موچەی ئەنفالکراوەکانم ناخۆم هەموی دەکەم بەخێر بۆیان | ل١٨٦ محمد علی محمد |
| لە موصلوبەعشیقە، بەبۆمب لێماندەدەنو ئێمە مندالانی موسولمان چارەسەردەکەین . | ل ٢١٢ هادی بابە شێخ |

## ئەنفالنامە

١٤ی نیسان یادی گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمە، کە سنوری تاوانی کوردستان وعێرای بەزاندو ترازایە ناوتاوانی نێودەوڵەتیەوە، بێئەوەی جیهانی مۆدێرن کە پروپاگەندەی مافی مرۆڤی دەکردو جیهانی ئیسلامی کە کورد بەئۆمەتی محەمەدو ئیسلام دەزانن، باکیان بەو کۆمەڵکوژیو سوکایەتیە بێت!! کە دەرهەق بەمرۆڤ بوونی کورد کرا.! بە پێچەوانەوە هاوسۆزو هاوکاری رژێمی بەعس بوون، جیهانی عەرەبی ئێستاشی لەگەڵ بێت مەگەر زۆر شەرمنانە دەنا ئیدانەیەکی راستەوخۆی بەعس وصدامیان نەکردووە، جیهانی دەرەوەش بەتایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئێستاش بێباكو بێمنەتن لەو تاوانەو نایانەوێت بچنە ژێرباری بەرپرسیارێتیەوە. بەداخەوە ئەمش بەشێکی دەرئە نجامی بێباکیونا ئامادەیی سیاسە تمەداری کوردە کە خۆی بچوك کردووەتەوە لەئاستی دەرەوە .

بیستو پێنج ساڵە مشتەچاوی هەڵرژاو، دەستو پە نجەو نینۆکی ئازیزا نمان لە ژنو پیاو، پیروگەنجو منداڵ، لە بیابانەکانی خواروی عێراقو بەرزاییەکانی حەمرین، تێکەڵ بەلم بوون، کەچی ئەو تاوانە گەورەیە هێشتا وەکو پێویست کوردی رانەچڵەکاندووە، هێشتا ئەوەندی بۆ شکاندنی پە نجەی یەکتر ئامادەین ئەوەندە ئامادەی تەوقەکردن نین، خولیای شەرانگێزی هێزە سیاسیەکانی کورد لە دژی یەکتری کۆتایی نەهاتووەو لەهەر کاتێکدا لە پێناوی کورسیو دەسەڵاتدا ئەگەری شەڕی ناوخۆو خوێن رشتنی یەکتر لە ئارادایە، ئەمەش لە دوای ئەنفال گەورەترین بێرێزیو سوکایەتیە بەکوردو قوربانیانی.

لەماوەی ٢١ ساڵی حکومرانی کوردا، یادکردنەوە لەمەرامی تەسکی حزبیو تەنانەت بەرژەوەندی کەسیو خێلەکیو ناوچەیدا قەتیسکراوە، کە دەبوو سنوری کوردستان ببەزێنیو وەك دۆسێی جینۆساید مامەڵەی لەتەکدا بکرێت . هەرچی حزبو حکومەتە بەرۆتین گرتوویەتی، لەناوخۆ لەموچەو ئیمتیازدا کورتی کردووەتەوەو لە دەرەوەش هێندەی چاوی لە دەستی نەیارەکانە هێندە چاوی لە دۆستەکانی کورد نیە، هەربۆیە شاندەکانیشی بۆ دەرەوەی وڵات، بەناوی ئەنفالو جینۆسایدەوە لەسەر بنەمای حزبیو تەنانەت خزمایەتیوبرادەرایەتیەوزیاتر گەشتو خۆشگوزەرانی پێوە دیارە. بەداخەوە هێشتا نەبووینەتە خاوەنی دابونەریتێکی شایستە بەرێزگرتنی قوربانیانی ئەنفالو گازباران. هێشتا سفرەرازاندنەوەو تەراتێنی سەیارەی بەرپرسان خاڵی ناشرینی یادەکانن، ٢١ ساڵە فێرنەبوین بە پیادەرۆییەکی هێمنورێکخراو برۆین بۆ سەرمەزاری قوربانیەکان .

ئەفسوس .. رۆژانی یادەوەری هەلە بجەو ئەنفال رۆژانی سادەوساکاری ئەم وڵاتەن ! هێشتا خەڵك لەناوهۆڵوچادردا کۆدەکریتەوە بۆئەوەی وتاری سیاسیەکانیان بۆبخویندرێتەوە !! لە کاتێکدا دەکرێ رۆژانی یادەوەری ئەنفالو هەلە بجە بکەینە رۆژی نائاسایی رۆژی بنیاتنانەوەو خۆشەویستیو ئاشتبوونەوەی نەیارانو گەردن ئازادی لە یەکتری، رۆژی توڕدانی توندرەفتاری، دزی کردنودرۆکردنو دارشکاندنەوە، ببنە شەرمی گەورە کەچی ئەفسوس ئەو رۆژانە زۆرترین درۆی تێدا دەکرێ، درۆی گەورەی پیاوە گەورەکانی ئەم وڵاتە، درۆی رێکخراوە بازرگانەکانو دزیوفزیوگەندەڵی .

بۆچی ناشێت یادی ئەنفالوهەڵە بجەدا بکەینە رۆژانی بەخشندەیی، رۆژی لەبەعسی نەچوونو لەبینچوونی رەفتاری بەعسیزم..؟ رۆژێك کە لەبری ئەوەی وەربگرین ببەخشین. برێکی داهاتی کاری ئەو رۆژەمان بۆ ئەویادانە بێت، دەشێت یادەکان لەئەستۆی گشتی بن نەك لەبودجەی گشتی لەبری خەرجی زۆر ئەو رۆژانە بکەینە رۆژلی کەمکردنەوەی خەرجی، ئەی کە ئەوانەمان پێناکرێت ؟ درۆی چی بۆخەڵكوبۆقوربانیەکا نمان دەکەین ؟ بەڵام لەتواناماندا لەوە زیاتریش بکەین ئێمە یادەوەریمان زۆرە لەهەر یەکێکیاندا درۆو دزیوشەرانگیزی لەخۆماندا بکوژین دەبینە جوانترین مرۆڤو مەخلوقی سەر روی زەمین .

با دەست پێبکەین، بەرلەوەی یادێکی باشی ئەنفال بکەینەوە باخۆمان ببینە ئینسانی باش .

سەرنوسەر



## نامەیەکی دکتۆر بورهان لەساڵی ١٩٨٧ بۆ وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی سویدی ناردووە

لە دوا لاپەرەکانی نەخشەسازی ساڵنامەکەدا بووین، کە لە ماڵپەری مالمۆکورد ئەم نامە گرنگەی دکتۆر بورهان بڵاوکرایەوە، ئەنفالستان هەوڵێکی زۆریدا بەزووترین کات هەموو نامە ئاراستەکراوەکەی " دکتۆر بورهان یاسین" وەرگێڕێتە سەرزمانی کوردی بەداخەوە کارەکە بەدەستەوە نەهات، هەتا بتوانین کارەکە بەئەنجام بگەیەنین، بۆوەڵام گرنگی هەوڵەکەی دکتۆر خۆی سەپاند، بۆیە ئێمە لێرەدا نامەبڵاوکراوەکە وەك خۆی بڵاو دەکەینەوە بەو هیوایەی لەداهاتوودا نامەکە بەزمانی کوردی وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی .

ئەنفالستان



Kopia till statsminister Ingvar Carlsson

Utrikesminister Sten Andersson
103 33 Stockholm

Lund den 25 augusti 1987

Bäste Sten Anderson.
Vid en kommande fredsuppgörelse i kriget mellan Irak och Iran börde frågan om vad som skulle hända med det kurdiska folket bli ett viktigt inslag vid förhandlingarna.

Både i Irak och Iran har kurdiska motståndsgrupper kämpat mot de styrande regimerna. Deras svåra situation och kamp för självbestämmande med rätten att tala sitt eget språk och utöva sin kultur har utnyttjats och särkilt i Irak har de kurdiska rebellerna spelat en framträdande roll i kriget mellan de både länderna.

Efter en fredsuppgörelse kan Irak och Iran konsentrera sig på sina interna problem och det kurdiska folket riskerar då att utsättas för ökat förtryck T.O.M hämndaktioner. Det blir inte bara de stridande kurdiska rebellarna som kommer att drabbas,utan även kurdiska åldringar, kvinnor och barn blir offer för regimarnas hämndaktioner. I denna riktning har Irak redan börjat förflytta kurderna med tvång från sina byar och städer till ökengmråden i södra Irak .

Om kurdiska folket ännu en gång glöms bort och världssamfundet blunder och låter förtrycket fortsätta blir det aldrig varaktig fred och stabilitet i Mellanöstren,inte minst i området kurderna bor.

Kurdiska folket saknar diplomatisk representation på FN och andra internationella organisationer,därför deras krav om rättvis och human behandling måste framföras på annat vis. Därför tar jag mig friheten att vädja direkt till den svenska regeringen. Svenska regeringen har både goda förutsättningar och möjligheter att ta upp frågan i FN ock kräva att kurdiska folkets interessen tillvaratas vid kommande fredsförhandlingar.

Med vänliga hälsningar

Borhanedin Yassin
KämnärsV. 13 :10 70
222 46 LUND

Bil: KURDISTAN – EN FREDSBEVARANDE BUFERTZON.

لەکۆڕێکدا کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردیەکان لە شاری یوتوبۆری، سوید، لە رۆژی ١٦ی ئازاری ٢٠١٣ ڕێکخرا بوو، بۆ یەکەمجار ئاماژەم بە نامەیەکی خۆمدا کە ٢٦ ساڵ بەر لە ئێستا ناردومە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی سوید (ستێن ئەندرسۆن) ولە هەمان کاتدا کۆپیەکی نامەکەش ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی سوید (ئینگڤەر کارلسۆن) کراوە.

هۆی ئاماژەدانەکە لەکۆڕەکەدا بەو نامەیە ئەوەبوو کە نامەکە پەیوەندی راستەوخۆی

بە بابەتی هەڵەبجە وئەنفالەوە هەیە هەرچەندە ئەو نامەیە لەمانگی ئابی ١٩٨٧ نواسراوە، واتە بەر لەهەڵمەتی ئەنفال وکیمیابارانکردنی هەڵەبجە.

بەهۆی خواستی بەشێك لە ئامادەبوانی کۆڕەکە بۆبینینی نامەکەو بەمەبەستی گەیاندنی زانیاریەك بەخوێنەران، لێرەدا بۆ یەکەمجار نامەکەوپاشکۆکەی بڵاودەکەینەوە.

## نامەکە بۆ؟

لە بەرواری ١٩٨٧/٧/٢٠ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ٥٩٨ی تایبەت بە شەڕی عیراق و ئێران دەرکرد، بە مەبەستی راگرتنی شەڕەکە. ئەم بڕیارە یەکسەر ترسێکی گەورەی لای من دروست کرد" ترسەکەش ئەوەبوو کە بە ئەگەری زۆر لەگەڵ تەواو بوونی جەنگی عیراق و ئێران کورد بەرەورووی هەڕەشەیەکی جددی دەبێتەوە کە وەك لە نامەکەدا هاتووە لەوەدەچێ بگاتە رادەی دەستبردنی رژێمی عیراق بۆ کۆمەڵکوژیش بەرامبەر بەکورد. لە راستیدا لە بەشی پرۆژەکە، کە پاشکۆی نامەکەیە، هەتا بگرە باس لەوەش دەکەم کە ئەگەری رووداني کاریسەیەك بە رادەی کۆمەڵکوژی لە جۆری ئەوەی بەسەر ئەرمەن هاتووە بەسەر کوردیش بێت.

## ناوەڕۆکی نامەکە

نامەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم خودی نامەکەیە وە بەشی دووەمیشی پرۆژەیەکی پێشنیارکراوە بە مەبەستی دانانی میکانیزمێك لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ پاراستنی کورد لە ئەگەری دەست درێژیەکی سەربازی بۆ سەر کوردستان.

لە خودی نامەکەدا پێشبینی ئەوەم کردوە کە لەگەڵ راوەستانی شەڕی عیراق و ئێران، کورد دووچاری (ئۆپەراسیۆنێکی تۆڵەسەندنەوە) دەبێتەوە. لەبەر ئەم ئەگەرەش داوام لە وەزیری دەرەوەی سوید کردوە کە سوید بە رۆلی وروژێنەری ئەم بابەتە هەڵبستێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەو رێکخراوە شان بەشانی راگرتنی شەڕەکە، میکانیزمێکیش دابنێ بۆ پاراستنی کورد لە ئەگەری رووداني (ئۆپەراسیۆنێکی تۆڵەسەندنەوە) و چاودێری حاڵەتی ماف مرۆ لە ناوچە کوردنشینەکان بکات.

پاشکۆی (یا راستتر پاشکۆ)ی نامەکە پێك هاتووە لە پرۆژەیەکی دوو لاپەڕەیی کە تیایدا پێشنیاری کارکردن بۆ دامەزرانی ناوچەیەکی "پاراستنی ئاشتی،" بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە کورد تیایدا دەژین و ئەگەری بەرەورووبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی تۆڵەسەندنەوە بوونیان لێدەکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە لە ماوەی کەمتر لەدووهەفتە وەڵامی ئەم نامەیەم لە لایەن وەزیری دەرەوەی سویدەوە وەگرتەوە کە تیایدا بە گرنگیەوە تێڕامانی بۆبابەتەکە کردوە بەڵام، وەك خۆی گوتوویەتی، لەبەر ئەوەی رایەکی گشتی نێودەوڵەتی پشتگیر بە کورد بە دیناکرێ، سوید ناتوانێ هەنگاوێکی ئەوها بهاوێژێ. بەوهیوایەی لە دەرفەتێکی تردا ئەو وەڵامەش بڵاوبکەینەوە.

**بورهان ا. یاسین**
**لوند، سوید، ٢٠١٣/٣/١٩**
burhanyassin@hotmail.com



# پرسی ئایدن مستەفا لەنیوان پاڵەوانو ترسنۆکدا

بۆ کەسوکاریان ، لیوا رکن بارق عەبدوڵا درندەترین ئەفسەروچالاکترین پێشەوای سەربازی بوو، رۆڵی گەورەی هەبوو لەجەنگی ئێران ئێراقو لەپەلامارەکانی ئەنفالدا بەتایبەتی لە پەلاماری ئەنفالکردنی سێ و چواری گەرمیانو ناوچەی قەلاسیوکەو دەشتی کۆیە، هەروەها لەگرتنەوەی کوردستان ساڵی ١٩٩١ گەورەترین رۆڵی بینی، چەندین وسامو مەدالیای ئازایەتی لەلایەن خودی صدام حسێنەوە پێبەخشرابوو، هەروەها حسێن کامل جگەلەوەی وەزیری پیشەسازی سەربازی بوو، زاواو خزمی خۆشی بوو، بەڵام لەسزای صدام دەربازی نەبوو.. بۆیە وروژاندنی دۆسێی ئایدن بەتایبەتی لەدوای ٢٥ ساڵ لەتاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەونمایشکردنی بەبێ بەڵگەی زۆروتەنها پشتبەستن بەشاهید، بەتەواوی جێگەی هەڵوەستەو پرسیارە..!! خاڵە لاوازەکانی ئەو پرسە ئەوەیە کە ژنەکەی ئایدن هەوڵی زۆری لەگەڵدراوەو ئامادەنەبووە لەبارەیەوە قسە بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی بکات. ئەمەش لەگەڵ ئەو بیرورایانە هاوجوت وتەبادێتەوە کە پێیانوایە ئایدن ساڵی ١٩٨٦ کوژراوە نەك ساڵی ١٩٨٨ لەهەموو حاڵیکدا ئەگەر ئایدن کیمیابارانی هەڵەبجەشی رەتکردبیتەوە هێشتا کێشەیەك ماوە پێویستی بە بیرلێکردنەوەو تێرامان هەیە ئەویش ئەوەیە ئایدن بەهۆی بۆردومانەکانیەوە لەچەند چالاکی تردا بەشداری کردووە لەجەنگدا چەند نەیاری تری بەعسیەکانی کوشتووە ؟ چەند گوند کەوتوونەتە بەر هەلمەتی رۆکێتی کۆپتەرو فرۆکە مەرگهێنەکانی ئایدن ؟ ئایا بەراست ئەو بەڵگانە کامانەن کە ئایدن دەکەن بە پاڵەوان لەهەڵەبجە ؟ لێرەدا ئەنفالستان نایەوێت کارە رۆژنامەوانیەکەی برای بەریز شالاو محمەد نادیدەو بێ هەند بگرێ بەپێچەوانەوە ئەو کاریکی گرنگ وباشی کردووە، بەڵام قسەی جدی لەمەر ئەوەیە کە باس لەخەڵاتکردنی دەکرێت تا ئەو ئاستەی مافو ئیمتیازاتی شەهیدیکی کیمیابارانی هەڵەبجەی پێبدرێت ؟ لەکاتێکدا هێشتا شەهیدی کیمیابارانی ئەو شارە هەیە مافو ئیمتیازاتەکانی دابین نەکراوەو هەندێك برینداریش هەیە هەرئاوریان لێنەدراوەتەوە ؟

**ئەنفالستان**

بەپێی راپۆرتێك کە رۆژنامەنوسی ناسراو شالاومحمەد لە رۆژنامەی هاولاتی بلاوی کردووەتەوە (ئایدن مستەفا حەمید) ئەو ئەفسەرە بەرەگەز تورکمانەیە ئامادە نەبووە بۆمبارانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بکات ..! سەرەتا دەبێ هەمووMان لەبەردەم پرسیاریارێکدا رابوەستین ئەویش ئەوەیە کە ( ئایدن) تاکە ئەفسەرنیە بەعس لەسێدارەی دابێت ؟ ئایدن تاکە شوێنکەوتوی بەعس نیە کە هەربەعس کوشتبێتی، هەمووMان دەزانین ئەو سەربازو هەڤاڵە بەعسیانەی دەکوژران لەسەر تابوتەکانیان دەنوسرا (جبان ) ترسنۆك، تەرمەکانیشیان بەو پێناسەیەوە دەنێردرانەوە

# بەخاکسپاردنەوەی روفاتی ئەنفالکراوان .

## دەبێ جاش و موستەشارەکان دادگایی بکرین ..

**ئەنفالستان**



سەرلە بەیانی رۆژی ٢٩/ئایاری ٢٠١٢ تەرمی ٧٣٠ ئەنفالکراوی کورد لەبیابانەکانی خواری عێراقەوە هێنرابوونەوە، بەمەبەستی بەخاکسپاردنەوەیان هەمان رۆژ مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەیان لە مەیدانی کۆلێژی پۆلیس لەسلیمانی بۆ رێکخراو رۆژی دواتر لەمەزاری ئەنفالکراوان لەبانی مەقان بەخاکسپیررانەوە. شایانی باسە ئەو روفاتانە لەمەهاری پارێزگای دیوانیە هەڵدرابوونەوەودوای پشکنین و شیکاری پزیشکی دادوەری دەرکەوت کە هەمووقوربانییەکان خەڵکی گەرمیان و ناوچەی قادرکەرمن.

هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوان، وێرای رێورەسمێکی فراوان و شایستەوگرنگی پێدانی لەلایەن حکومەت و رێکخراوەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەڵام لەرەخنەو گلەیی کەسوکاری ئەنفالکراوان و رێکخراوەکان بەدەرنەبوو، دیارترین رەخنەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەو دەنگۆیەی لێکەوتەوە بەکارهێنانی سەگی پۆلیسی بووە بۆ پشکنینی تابوتەکان، بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیربارزانی . ئەگەرچی ئەنفالستان هیچ بەڵگەیەکی لەبەر دەست نیە، بۆ سەلماندنی ئەو دەنگۆیە بەڵام دەبێ لایەنە ئەمنی و پەیوەندیدارەکان ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە روفاتی جینۆسایدکراوان، مافی رێزی تایبەتیان هەیەو وەهامەڵەیە یەك دەچێتە خانەی سوکایەتی بەروفاتی جینۆسایدکراوان و کەسوکاریانەوە و بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی سزای یاسایی لەسەرە.

هەروەها پێنچشەممە،بەرواری ٢٠١٢/١٢/١٣ لە مەراسمێکی شکۆدارادا تەرمی کۆمەڵێکی تر لە ئەنفالکراوان کە لە زنجیرە چیای حەمرین کۆمەڵکوژ کرابوون، هێنرانەوە بۆ گەرمیان و لە گۆرستانی دێبنە کە تایبەتە بە ناشتنی ئەنفالکراوان دروستکراوە، لەمیانەی بەرێوەچونی مەراسیمەکەدا زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوای دادگاییکردنی جاش و موستاشارەکانیان دەکرد.

هەلبەت ئەم داوایە زۆر ڕەوایەو تەنها داوای کەسوکاری ئەنفالکراوان بەڵکو داوایەکی بنەرەتی خەڵکی کوردستانەو لە دوای ڕاپەرینی ئازاری سالی ١٩٩١ ەوە دەسەڵاتداری کورد گوێی خۆی لێخەواندووە.. بەڵێ خەلکی کوردستان پشتیوانی لەو دوارەوایە دەکات و هەقنیە حکومەتی هەریم چیدی ئابوری خۆی بەقوربانی کۆمەلە کەسێکی خیانەتکار بکات و خواست و داوای خەلکی کوردستان پێشیلبکات بەتایبەتیش خواستی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان .

یەکێك لەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەناوی ئەنوەر حەمە لاو، بەئاوێنە نیوزبەئەنفالستانی ڕاگەیاند "ئێمە داوای سزادانی جاش و موستەشارەکان دەکەین کە تاوانبارن و لەئەنفالدا بەشدارییان کردووە ، ڕەوا نییە جاش و موستەشارەکان بەئازادانە لەکوردستان بسورێنەوەو ئێمەش " کەسوکاری قوربانییەکان" بێدەنگ دانیشین.



ئەوەی بەرچاو بوو هەرلەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان هێزەکانی ئاسایش لەدەوری ئەو کەسانە زۆربەیان تاقانەکەوتووی دوای ئەنفال بوون، بلاوکرانەوە کە هوتافیا دەکێشاو داوای دادگاییکردنی جاش و موستاشارەکانیان دەکرد. ئەحمەد عەلی خەلکی گوندی بەکرەشەلی ناوچەی گەرمیان، ڕەخنەی لە وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان گرت و بە ئەنفالستانی ڕاگەیاند "ئێمە وەك کەسوکاری ئەنفالکراوان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئارام ئەحمەد، بەبەرپرسیار دەزانین، چونکە تائێستا هیچ هەلوێستێکی نییە بۆ ڕاپێچکردنی جاش‌وموستەشارەکان بۆ بەردەم دادگا".

هاوکات یەکێکی دیکە لەکەسوکاری ئەنفالکراوان بەناوی ئەحمەد حسێن، وتی، "من وەك تاقانەی ئەنفال داوا لەوەزیری شەهیدان دەکەم یان بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بکات تا بریاری دادگاییکردنی جاش و موستەشارەکان دەدرێت، یان ئەوەتا دەستلەکاربکێشێتەوەو ویژدانی خۆی ئاسودە بکات".

زیاتر لە ساڵێکە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ٢٥٨ جاش‌وموستەشار دەرکردوە کە تۆمەتباری بەشداریکردنن لەئەنفال. بەپێی نووسراوێکی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٤٢،٦١) فەرمانەکەی لە٢٥ی نیسانی ٢٠١١دا ڕەوانەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کراوەو دواتر بریارەکە ئاراستەی دادگاکانی گەرمیان و شارەکانی دیکە کراوە، بەلام تائێستا ئەو جاش و موستەشارانە دەستگیرنەکراون

**تۆڵستۆی دەڵێت " هەتا بازاڕی قەسابخانەکان و گۆشتخۆری لەبرەودا بێت، زرم و هوڕی بەرەکانی جەنگیش بەردەوام دەبێت"**





# بەجەستە لاتان نیم، بەڵام دڵو هۆشم لەگەڵ ئێوەدایە

**نامەی عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی ئامەد**

لە نامەکەیدا هاتووە : "هەرچەندە من بە جەستە لای

**رۆژی ٢٠١٢/١٢/١٣ سەرۆکی شارەوانی ئامەد نامەیەکی هاوخەمی ئاراستەی کەسوکاری ئەنفالکراوان وخەڵکی کوردستان کرد، لە میانی بەرنامەکانی مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەی ئەنفالکراواندا، لەلایەن پەرلەمانتار " سالارمحمود" ەوە لەدێینە خوێندرایەوە . نامەکەی بایدەمیر شکاندنی ئەو سنورە دەستکردانەیە کە دژبە کورد دروستکراوەو هاوسۆزی کوردانی باکورە بەفەرمی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و دۆسێی ئەنفال . هەر لەم سۆنگەیەشەوە ساڵنامەی ئەنفالستان بەگرنگی زانی نامەکەی پارلەمانتار ( عوسمان بایدەمیر ) لە یادی بیست و پێنج هەمین سالیادی تاوانی ئەنفالدا بڵاو بکاتەوە .**

ئێوەنیم، بەڵام دڵو هۆشم لەگەڵ ئێوەدایە". لەبەر ئەوەی بایدەمیر لە مانگی (١) ساڵی (٢٠١٠)ەوە سەفەر کردنی بۆ دەرەوەی تورکیا لێ قەدەغەکراوە، بۆیە لە مەراسیمەکەدا بەشدار نابێت.

**دەقی نامەکە :**

بەڕێزان کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید

بە ناوی گەلی (ئامەد) ە وە لە دڵەوە سوپاستان دەکەم بۆ ئەم داواتنامە پڕ لە واتادارە، هەتا ئامادە وبەشداربم لەپێشوازی بەشێك لە بەخاکسپاردنەوەی روفاتی قوربانیانی کورد.

مخابن لە تورکیاو لە چوارچێوەی ئەو ئۆپەراسیونە کە ئێمە وەکو (کۆمەڵکوژی سیاسی) ناوزەندی دەکەین و زیاتر لە (١٠) دە هەزار سیاسەتمەداری کورد دەستگیر دەکرێن و بەرەو زیندانەکان دەبرێن، لە مانگی (١) ساڵی (٢٠١٠) وە، سەفەرکردن لەسەر بەندە بۆ دەرەوەی تورکیا قەدەغە کراوەو ناتوانم بچمە دەرەوەی تورکیا، واتە بە شێوەیەکی فیزیکی من نەمتوانی ناتوانم لەگەڵ ئێوەدابم. هەربستێکی خاکی کوردستان بووە بە پشکی زوڵمی ستەمکاران و هەر بستێکی ئەم خاکە بە ئێش و ژان و خوێن و زوڵم ئاو درا. لە دەستپێکی سەد ساڵی سەدەی (٢٠)میندا کومەڵکوژی دژی گەلانی (ئەرمەن و سوریانی و کوردوکوردانی ئێزدی) ئەنجامدرا، لە ناوەڕاستی سەد ساڵدا جولەکەکان بوون بە قوربانی کومەڵکوژی، لە کوتایی سەد ساڵیش دا لە دژی گەلی کوردی بندەست جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران ئەنجامدرا.

ئەم هەموو کۆمەڵکوژیی وجینۆسایدو قڕکردنە نەبینراو هەڵوەستەی لەسەر نەکراوحسابیشی بۆ نەکرا، وڵاتە گەورەکانی دونیاو هەموو لایەنێکیش لێی بێدەنگ بوون، بگرە رێخۆشکەربوون، بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی زیاتروخراپتر.

دڵنیام ئەو قوربانیدانەی لە هەڵەبجەو گەرمیاندا بووە، کۆمەڵکوژیی ئەنفال کە لە ساڵی (١٩٨٨) ئەنجامدرا، تاوانە گەورەو، دەگمەنەکانی مرۆڤایەتی بەجیهان زیاتر ئاشکرا بکات.

من دڵنیام تاوانی ئەنفال بیرخستنەوەیەکی گەورەو نوێ بۆ مرۆڤایەتی دروست بکات. لە رێگای ئەم نامەیەوە، من دیسان و جارێکی تر قوربانیانی تاوانی ئەنفال بەبیر دەهێنمەوە، بۆخۆمان و بۆجیهانیش.. دەمەوێت بڵێم ئەم ئێشە پڕ بە ئازارە لە دڵماندایە، هەرچەندە من بەجەستە لای ئێوە نیم بەڵام دڵ و هۆشم لەگەڵ ئێوەدایە.

پڕبە دڵ گەرمی (ئامەد)ی، دێرین بۆهەموو ئامادەبووانی ئەم رێوڕەسمە پێشکەش دەکەم، تکایە لێم قبوڵ بکەن. دووبارە سڵاو لە دایکانی ئەنفال.



# وتاری ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی سوید سەبارەت بە بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال

ئەم وتارانەی پەلەمانتارانی وڵاتی سوید رۆژی ٢٠١٢/١٢/٣ لە ماڵپەری سبەی وەرگیراوە، پاشئەوەی رەزامەندی وەرگیری ئەم بابەتە كاك ئاراس وەلیم وەرگرت بەپێویستم زانی لەم ژمارەیەی گۆڤاری ئەنفالستاندا بلاوی بكەینەوە .

لەسەر داوای چالاكانی سیاسی و رەوەندی كوردی وبەبێ رۆڵی حكومەتی هەرێم، پەرلەمانی سوید لە دانیشتنێكدا، گفتوگۆی سەبارەت بە جینۆسایدناساندنی تاوانی ئەنفال كرد، كە تێیدا ژمارەیەك پەرلەمانتاری سویدی لە پارتە جیاوازەكان وتاریان سەبارەت بە بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال پێشكەشكرد.

رۆژی پێنجشەممەی رابردو جارێكی دیكە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمانی سوید بۆ تاوتوێكردنی پرسی ئەنفال كۆبویەوەو تیایدا كۆی پارتەكانی ئەندام لەو لیژنەیە، رێككەوتن لەسەر ئەوەی تاوانی ئەنفال كۆمەڵكوژییە. ئەمەش دوای ئەوە هات، لەمانگی ٩ی ئەمساڵدا لەلایەن پارتی ژینگەی سویدەوە بە پاڵپشتی پارتی چەپ داواكارییەك سەبارەت بە ناساندنی تاوانی ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید جارێكی تر پێشكەش بە پەرلەمان كرایەوە.

لە ناوەڕۆكی ئەو بڕیارەی پارتەكانی سوید لەسەری رێككەوتون، هاتوە: ئێمە هەمو لیژنەكانی دەرەوەی پارتەكانی پەرلەمانی سوید پێمانوایە بەپێی رۆشنایی لێكۆڵینەوە زانستییەكان، رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان، بڕیارەكانی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق، هیچ گومان لەوەدا نییە ئەنفالی كوردان لە ساڵی ١٩٨٨ جینۆسایدە.

ئەوەش لەڕوی یاساییەوە دانپێدانانی پارتەكانی سویدە، لەهەمانكاتدا بۆ یەكەمجاریشە پەرلەمانی سوید لەسەر داوای چالاكانی سیاسی و رەوەندی كوردی و بەبێ رۆڵی حكومەتی هەرێمی كوردستان، تاوتوێی كەیسی ئەنفال بكات . هەربۆیە ئەنفالستان پوختەی وتاری هەندێك لە پەرلەمانتارانی سویدی بە زمانی كوردی بڵاودەكاتەوە، كە بەریز ئاراس وەلی وەرگێراوەتە سەرزمانی كوردی ولەپەرلەماندا خوێندیانەوە. كە سەبارەت بە بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لە رۆژی . (٢٠١٢/١١/٢٨) لەناو هۆڵی پەرلەمان خویندیانە



## وتاری جەبار ئەمین لە فراكسیۆنی ژینگە – سەوزەكان

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی هێژای پەرلەمان، میوانە هێژاكان، بیسەران و بینەرانی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن .

لەكۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی مارتی ١٩٨٨ دا زۆرێك لە منداڵانی سویدی پشوی وەرزشیان هەبوە، زۆرێك لەوانە لە جێگاكانی وەرزشی زستانەی وەك ئۆرە و شوێنەكانی تر بون. ئەوكاتەی منداڵانی سوید سەرگەرمی لەزەتی پشوی زستانەی وەرزشی بون، منداڵانی كورد ژیانی رۆژانەیان لەخراپترین بارودۆخدا دەگوزەراند تا لێواری جەهەنەم. سەدام حسێن دەستی كرد بە گەورەترین و دڕندانەترین هێرشی سەربازی دژی كوردەكان لە كوردستانی عێراقدا. لەبری بەفر و نوقڵ و شیرینی زەهری كیمیاوی بەسەر منداڵانی ئەو دەڤەرەدا دەباری. هاوكات دەستكرا بە پاكتاوی رەگەزی دژ بە كوردە گوندنشینە بێتاوانەكان. تاوانێكی وەها كە لە وێنەی دەگمەن بو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

بەم شێوەیە ئۆلف پالمێ لە کریسمسی ١٩٧٢دا گوزارشی لە پێشێلکاریەکانی جەنگ کرد لە ڤێتنامی ئەوسادا لەلایەن ئەمەریکاوە. لەبەرئەوە ئەم بۆردومانانە مەحکومن، لەم شێوە پێشێلکاریانەش نمونەیان لە مێژودا زۆرن، ئەمانەش بەگشتی یەکدەگرنەوە لەگەڵ پیشێلکاریەکانی تری وەك، جێرنیکا و ئۆرادۆر و بابیجی جار و کاتین و شارپێڤیلە و تریبلینکا. لەو شوێنانە توندوتیژی و خوێنرێژی رەنگی سورتر بو، بەڵام حوکمی جیهان لەدوایدا قورستر بو بەسەر ئەوانەی بەرپرسیارێتیان هەبو لەو خوێنڕشتن و زۆرداریيە. ئێستا دەتوانرێ ناوێکی دیکەش لەو لیستی ناوی جێگایانە زیاد بکرێ ئەویش هانۆی یە. دیسێمبەری ١٩٧٢

ئەو وشانەی ئۆلف پالمێ تائێستاش لە گوێی زۆرێك لە ئێمەدا دەزرنگێتەوە. ئەگەر پالمێ ساڵی ١٩٨٨ ژیابایە لەوانەبو کە ناوێکی تری بۆ لیستی ناوەکانی جیهان زیاد بکردایە کە خوێنڕشتن و زۆرداری رەنگی سوری خوێناوی خۆی لێداون. پالمێ لەوانەبو لیستەکەی زیاد بکردایە بەناوەکانی: ( سەرگەڵو، سورداش، هەڵەدن، چناران، مەشان، هۆمەرقەوم، شەدەڵە و بەلەکجار و سێوسێنان ودوکان، گۆپ تەپە وعەسکەر، حەیدەر بەگ و بالیسان، مەلەکان، وەرتێ، هیران، وەرێ، نازەنین، کامۆسەك، ئەسپیندار، ئالیاوا، بۆنە مەزە، سپیندار، خەلیفۆ، گرگاشە، زەرکە، شێرانە، ئیکمالە، سواری... ئەمانە ناوی ئەوگوند و کۆمەڵگایانەیە کە دانیشتوانەکەی بە گازی ژەهراوی کوژران. هاوکات لەگەڵ کیمیابارانی ناوچەکەنیان رژێمی عێراقی بەشێوەیەکی ترسناك و وەحشیانە وبەخێرایی کەوتە چۆڵکردنی زێد و واری ئەوانە و بەزۆرەملێ کۆچی بە دانیشتوانەکانیانی کوردستانی عێراق کرد.

ئەوانەی بەزۆرەملی کۆچیان پێکرا، لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کرانە ژێر خاکەوە. زۆرێك لەوانەی تەرحیل کران بەتایبەت کچە گەنجەکان کەوتنە بەر شاڵاوی تەعدای ناموسی و پاشان وەکو کۆیلەی جەنگ فرۆشران بە پیاوە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی خەلیج و بەشێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەنێوان نزیکەی ١٠ مانگدا لەساڵی ١٩٨٨دا بەپێی هەندێك سەرچاوە زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ هاوڵاتی سڤیلی کورد کوژراون. دوبارەی دەکەمەوە ١٨٢٠٠٠ هاوڵاتی سڤیلی کورد.

بە ژمارە ئەگەر حیسابی بکەین وەك دانیشتوانی ئەمڕۆی ناوچەی کرۆنۆباری سویدە. یان یەك ئەوەندە و نیوی هەمو ئەوانەی لە یەمتلاند دەژین. یان سێهێندەی هەمو دانیشتوانی گۆتلاندی ئیمڕۆ. بەهەزاران گوند چۆڵکران لە دانیشتوانەکانیان، زۆریش لەو گوندانە لەگەڵ زەویدا وێران تەخت کران، ئەمەش ناوی چەندین گوند و شارەدێیانەیە کە چۆڵ و وێران کران: دێرەلوك، سەرسەنگ، شیروان مەزن، کوێسێ، گەروان، وەرتێ، جەواڵ، دێرەلو، کێلیتێ، سیرقوشان، گۆمێ شین، زیی بچوك، گەرمێ، قەسرۆك، قامیشێ، ناوشوان، دێرێ وار، دەرزیلێ، بانێ مۆرد، هەنجیرێ، چوارشاخ، ئەلیانی تازە، تەکێ، جەفەران، قەرەداخ، سەگرمە، زەردە، شاخە رەش. دۆڵە روت، قزلەر، مێولان، ئاسۆس، زێوی، دابان، پیربایز و...

سەرۆکی پەرلەمان... تراومای داوی ئەنفالەکان لە وەسفکردن نایەت. ٢٥ ساڵ پاش ئەنفال تائێستاش زۆرێك لە ژنان بەدوای مێردەکانیاندا و مێرد بەدوای ژنەکانیاندا دەگەڕێن، تائێستاش زۆرێك لەدایك و باوکەکان بەدوای منداڵەکانیاندا عەوداڵن و بەردەوام بۆیان دەگەڕێن. تا ئەمڕۆش خەڵك بەدوای خوشك و براکانیاندا دەگەڕێن. منداڵانیش بەردەوام لەگەڕاندان تا دایك و باوکی ئەنفالکراویان بدۆزنەوە...

بەوشێوەیە تراژیدیای ئەنفال...! هاوڕێیانم

ئەنفال کە پێکهاتبو لە ٨ هێرشی سەربازی دژی خەڵکی سڤیل لەنێوان ٩ مانگی ساڵی ١٩٨٨دا، زۆر خێرا ئەنجام درا بێئەوەی هیچ پەرچەکردار و کاردانەوەیەك لەجیهانەوە روبدات. ئەمەش لەبەرئەوەی رژێمەکەی سەدام حسێن ئەوکاتە هاوکار و پشتیوانی جیهانی رۆژئاوا بو.

سێبەری ئەو شەرمەزاریيە بەرۆکی ئەو وڵات و رێکخراو و حیزبانە دەگری زیاتر کە بێدەنگیان هەڵبژارد و تەماشای بەربەریەتی ئەنفالیان دەکرد. دروست وەك ئەو هەڵویستی بێدەنگبون و تەماشاکردنەی کە کاتێ هیتلەر لەساڵی ١٩٤١ دا پاکتاوی رەگەزی دەستپێکرد. هەر هێندەش جیهان

گرنگیدا بە قەتڵ و عامی کوردەکان و پاکتاوی ڕەگەزیاندا لە کوردستانی عێراق دا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

لەم ساڵانەی دوایدا خەڵکانی تری زیاتر گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تراژیدیای پاکتاوی ڕەگەزی لەشێوەی ئەنفالدا ڕویداوە، چەندین ڕێکخراوی ئیتەرناشونالی بۆ نمونە Genocide watch دانی نا بە تاوانی ئەنفالدا وەکو جینوساید. دادگای هاگ لە هۆڵەندە لە یەکەم حوکمدانیدا لەساڵی ٢٠٠٥دا بەم شێوەیە گوزارشی لە ئەنفال کردوە. ((دادگا لەوە زیاتر نابینێ کە شاڵاوەکان بۆ لەناوبردن و قاتوقڕکردنی کوردەکان بوە، ئەوەی کە ڕویداوە بەڵگەیە کە مەبەستی ئەو ڕوداوانە پاکتاوی نەژادی کوردەکان بوە و هیچی تر)).

لەسویدیش پاش چەندین ساڵ ئەمڕۆ گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئەنفال وەك عەمەلیاتێکی پاکتاوی نەژادی بناسین. ئەمەش دڵخۆشکەرەودەتوانرێ وەکو هاوپشتیەکی ئەخلاقی بۆ کەسوکاری هەمو ئەوانەی بەرشاڵاوی ئەنفالەکان کەوتون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بێجگە لە پێشنیاری ئەنفال، پێشنیارێکی ترم بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی هەرێمی فیدراڵی کوردستان وروژاندوە. ساڵی ٢٠٠٥ دەستورێکی نوێ لە عێراقدا پەسەند کرا. بەگوێرەی ئەو دەستورە کوردستانی عێراق ستاتۆی فیدراڵی خۆی هەیە. ئەمەوێ بڵێم: جۆرێك لە فۆرمی لامەرکەزیەت لەعێراقدا. لەدوای ئەوە خەڵکی لەکوردستانی عێراقدا خۆیان بڕیار دەدەن بەسەر زۆر مەسائیلی ناوخۆی خۆیاندا.

هەندێك لە پارتەکانی بەغدا کە دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگای سەربازییەوە بەهێز کردوە، وا بیردەکەنەوە و خەون بەوەوە دەبینن کە حوکمڕانی عێراق دوبارە بەمەرکەزی بکەن و فیدراڵیزمی کوردستانیش بخەنە ژێر پرسیارەوە. لەمکاتەدا گرنگە کە جیهانی ڕۆژئاوا و لەنێوانیشیاندا سوید ئەو زەنگە بنێرێت کە ئێمە پشتگیری کوردستانی عێراق دەکەین و ستاتۆی فیدراڵیەتی کوردستانی عێراق وەکو مافێکی سەلمێنراو دەبینین.

بەبڕوای من زۆر گرنگە کە سوید لە هەردو پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ عێراق و نوێنەرانیدا و هاوکات لەسەر ساحەی نێونەتەوەیی وەکو UN, EU چالاکانە کاریگەری خۆی هەبێت لە یارمەتیدان و پشتگیری ستاتۆی فیدراڵیەتی کوردستانی عێراق.

لەبری هاوکاری و پشتیوانی کوردستانی عێراق و سیستێمی فدراڵیەتیەکەی پارتی گەل خۆی سەرقاڵ کردوە کە ئەو پیشنیازەمان ڕەتبکاتەوە. ئەمان دەنگیان نەدا بەو پێشنازە و نەشمانزانی بۆچی؟ هۆکاری دەنگنەدانەکەیان هیچ نەنوسراوە، دروست ئێستا بەر لە نیو کاتژمێر فرێدریك مالم وتی: ئێتیك یاخود موراڵ باشە، بەڵام دەبڵ موراڵی دوبەرابەر باش نییە. باشترە خۆتان بە موراڵەوە خەریك بکەن. لەسەر شەقام و مەیدانەکاندا ئێوە دەڵێن کە پشتیوانی لە کوردستانی عێراق دەکەین. ئەمە پێشنیارێکە بۆ پشتگیری ستاتۆی فیدراڵیەتی کوردستانی عێراق، کەواتە بۆچی دەنگی پێنادەن و دژی دەوەستنەوە؟ من تێناگەم بۆچی ؟



## وتاری ڤاڵتەرموت لە فراکسیۆنی ژینگە... سەوزەکان

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨دا سەدام حسێن دەستی کردە شاڵاوەکانی ئەنفال دژ بە گوندنشینە کوردەکان. لە نزیکەی شەش مانگێکدا سیستەماتیك نزیکەی ٢٠٠٠ گوندێك لەگەڵ زەویدا تەخت کران و ڕەشکوژی و پاکتاوی خەڵکی گوندەکان بەردەوام بو. نزیکەی دوسەد هەزار کەس کوژران. شاری هەڵەبجەش بەگازی کوشندە کیمیاباران کرا و بەهەزان ئینسان بونە قوربانی بەدەم خراپترین ئازار و مەینەتیەوە مردن.

سەرۆکی وڵاتان بێخەبەر نەبون لەوەی کەچی ڕودەدا، بەڵکو لەڕێگای وێنە هەوایەکانی سەتەلایتەکانەوە متابەعەی ئەوەیان دەکرد کە گوند لەدوای گوند دەسڕێتەوە، بەمانی وشە لەسەر نەخشە ناهێڵرێن، بەڵام بۆ ئەمەریکای ئەوکاتە گرنگ ئەوە بو کە یارمەتی سەدام حسێن بدات لە شەڕەکەیدا دژ بە ئێران وەك لەوەی لە ڕیزی مافەکانی خەڵك بێت. هەروەها

زلهێزەکی تریش یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندی و گرێبەستی دۆستایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرەکەی بەغدادا بەستبو. لە نەتەوە یەکگرتوەکانیش کۆمیتەی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ دەنگی نەدا بۆ مەحکومکردنی سەدام حسێن.

ئەمە ئەو پێوەرەمان دەداتێ کە چۆن ئەم کوشتن و پاکتاوەی کوردان بەم رۆژەی ئەمڕۆ گەیشتوە. ئەوانەی بەرپرسی سەرەکی بون لە قەتڵ و حامی خەڵکی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٨٨دا ئێستا حوکم دراون. بەدور لەهەمو جیاوازی سنورەکانی پارتە سویدیەکان لە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمانی سویدی، ئێمە هەمو لایەکمان هاوڕاین کە ئەنفال وەك خەڵککوژی جینۆساید بناسرێ. بەمەش نیشانی دەدەین کە هاوسۆز و هاوکاری کەسوکاری قوربانیەکانی ئەنفال و ئەوانەین کە رزگاریان بوە لەو رەشەکوژیە، بەمەش بەشداردەبین لەوەی کە نیشانی جیهانی بدەین کە جیهانێك بەوجود بهێنین کە تای تەرازوی ماڤ خەڵك و میللەتان سەنگین تربێ لە دەستی زوڵم و قاتوقڕی و رەشەکوژی، کە پیاوکوژەکان هەرگیز و هیچکاتێك هەست بە دڵنیایی نەکەن.



**فرێدریك مالم لە فراکسیۆنی پارتی گەل**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دەمەوێ لەو روداوەوە دەست پێبکەم لە زۆر زوتر لە بەهاری عەرەبی رویدا، بە دروستی ئەو روداوەیە کە سەدام حسێن لە بەهاری ١٩٨٨دا سیناریۆی بەهاری عەرەبی خۆی دژ بە بەهاری کوردستان خستەگەڕ. ئەو بەهارەش تەواو جیاواز بو لەو بەهارە عەرەبییەی کە بینیمانن خۆپیشاندەران و لایەنگرانی ئازادی لە ساحەی تەحریر و شوێنەکانی تر بۆی کۆبونەوە، دوان لەو کەسانەی کە قوربانی دەستی بەهارەکەی سەدام حسێن بون ساڵی ٢٠٠٥ بینیمن و سەردانیان کرد لە هەڵەبجە لە باشوری کوردستان. ئەوانیش حەمیدە حەسەن محەمەد و کوڕەکەی کە ناوی وریا بو. حەمیدە دو رۆژ لە هەرمانگێکدا ١٥ دەرزی بەقوەتی بۆ دەنوسرێ و دەبێ لەخۆی بدات، تاکو بتوانێ وەکو مرۆڤێکی ئاسیی هەناسە بدات. ژەهری بیۆکیمیاوی دیکتاتۆر تەنها هەر روخسار و لەشی دانەڕزاندوە، بەڵکو ئۆرگانەکانی ناولەشی حەمیدییەی گرتۆتەوە. ئەم ئینسانە ٥ نەشتەرگەری چاو و چەندین عەمەلیاتی دیکەی تری ئەنجام داوە. وریای کوڕی کە ئەوکاتەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا دو ساڵان بوە، ١٨/١٧ ساڵێکە دەژی لەگەڵ خەمۆکی و پەژارەی بەردەوامدا ژیان دەگوزەرێنێ و چ بڕوایەکی بە داهاتونییە.

نەك تەنها هەر بۆ وریا و دایکی گرنگە، بەڵکو بۆ هەمو ئەو قوربانیانەی بەدەستی سەدام حسێنی رەگەزپەرەستی فاشستی عەسکەرتاری ناشونالیستی عەرەبی، کە جەنگی پاکتاوی رەگەزی دژ بە کورد هەڵگیرساند. ئەم بڕیارەی ئێمە لە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمان گرنگە کە ئەویش ناساندنی ئەو جەنگە پاکتاوە رەگەزیەیە وەکو پاکتاوی رەگەزی. سوپاس بۆ هەمو لایەك کە زۆرنین ئەوانەی ئینکاری قەتڵوعامی وەحشیانەی سەدام حسێن دەکەن دژ بە خەڵکی کورد، بەڵام بیرکردنەوە لەم هەڵوێستە گرنگە، گرنگ نییە تەنها لەبەر راستکردنەوەی پارسەنگی قوربانیان، بەڵکو گرنگە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ عێراق بە گەشەسەندیکدا تێپەڕدەبێت کە ئەم نەتیجەیە دەتوانێ رێگر بێت لە دوبارەبونەوەی توندوتیژی لەلایەن بەغداوە دژ بە کوردستان. ئەمەش زۆر زۆر گرنگە بۆئەوەی لە داهاتودا بتوانرێت یارمەتی و پشتیوانی ئیتەرناسینالی بۆ کوردستان و بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکوری عێراق بەرهەم بێنێ.



**هانس لیندێ لە فراکسیۆنی پارتی چەپی سویدی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی دەرەوەی پەرلەمان یەك دەنگ دەڵێن کە پرۆسەی ئەنفال وەکو پاکتاوی رەگەزی وجینۆساید بناسریت. ئەمەش لەدوای ئەوەی کە چەندین ساڵە پارتی چەپ داوا دەکات کە سوید ئەنفال بە جینوساید بناسێ.

ئەنفال یەکێکە لە تاریکترین لاپەڕەی مێژوی مرۆڤایەتی مۆدێرن. لەکاتی پرۆسەی ئەنفالی ساڵانی نێوان ١٩٨٦-١٩٨٩ دا سەرانی ئەو دەمی رژێمی بەغدا هەستان بە هێرشی زەمینی و بۆمباباران و کۆچپێکردنی جەماعی و هێرشکرنەسەر گوندنشینە

کوردەکان بە گازی کیمیاویی. هێرشی کیماوی بۆ سەرهەڵەبجە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا ناسراوترین و دڕندانەترین روداوەێك بو. کە بە کیمیاباری شارەکە بە گازی ژەهراوی بەدڕندانەترین شێواز دژ بە خەڵکی سڤیلی بێچەك وبێدیفاعی هەڵەبجە کە زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لەژن و پیاو و منداڵ و بونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا. تائێستاش رون نییە کە چەند کورد لە هەڵمەتی ئەنفالەکاندا بونەتە قوربانی. بەپێی ئاماری فەرمی عێراقی ١٨٢٠٠٠ کەس کوژراون، بەڵام بەپێی زانیاری سەرچاوە بێلایەنەکان ئەو ژمارەیە دەیان جار زیاترە لەو ئامارە فەرمییە.

لەسوید دەڵێن بە تێپەڕبونی کات هەمو برینەکان سارێژ دەبن، بەڵام ئەمە بۆ نەوە و نەوەزای ئەنفالکراوان راست نییە. هێرشەکانی سەدام حسێن تائێستاش برینێکی تازەیە. تراومایەکی زیندوە. ئەمە برینێك نییە کە بەتێپەڕبونی کات سارێژ ببێت. تەنها بەوە سارێژ دەبێ کە ئازار و مەینەتیەکانی بناسرێت و ئیعتراف پێ بکرێ. لەبەرئەوە ئەم بڕیارەی ئەمڕۆی ئێمە لە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمان گرنگە. گرنگە بۆئەوەی بتوانین لە مێژو فێر بین. بەدیاریکراوی کە دەبینین لە چەندین وڵاتانی تردا چەوسانەوەی کوردەکان لەئارادایە.



**ئەنیکا لییلەمێتس لە فراکسیۆنی ژینگەی پەرلەمانی سوید**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

رۆژێکی سارد و رەشەبا و لەمانگی ئازاری ئەمساڵ، هەوا پاك و ئاسمان ساف و بێگەرد بو، بەلای پیکابێکی کۆنی سپیدا کە لە بەردەمی مۆنێمێتەکەی هەڵەبجەدا پارککرابو. بەپەلە چوینە نێو گەرمایی ژورەوە...

لە ناوەوە بە چەپکە گوڵی فرەگەورە بەگەرمی پێشوازیمان لێکرا، گوڵەکان بەشێوەیەکی سەیر چەپك کرابون، گایدێك میواندۆستانە وبەگەرمی پێشوازی لێکردین.

دوبارە ئەو پیکابە سپییەی بەردەرگامان لە پێشانگاکەدا بینییەوە، راستتر وایە بڵێم مۆدێلێکی لەوەی دەرەوەبو، لەوپێشانگایەی کەنمایشی رۆژێکی تەواوجیاوازی دەکرد لەهەڵەبجە لە مانگی ئازاری ١٩٨٨دا، رۆژێکی جوانی خۆرەتاوی مانگی نەورۆز. پیکابەکە پڕە لەخەڵك ولە نێوانیاندا منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵان ودایکەکەی و زۆری تر لەکەسوکاریان، بەڵام ئەمانە نەیانتوانی زۆربڕۆن، بۆ زۆربەیان ئەمە بوە دواهەمین سەفەریان. پێشانگاکە دیمەنێکی جەرگبڕمان نیشاندەدات، کە ئەو رۆژەی مانگی بەهار لەم شارەدا چی رویداوە. مرۆڤەکان کەچۆن مردون، کاتێك هەوڵیانداوە هەڵبێن ومنداڵ وئەوانی تر رزگار بکەن. لەوبێدەنگییە کوشندەیەی پیاوکوژان کەهەرگیز ئینسان ناتوانێ لەگەڵیدا ئاشتببێتەوە، خودی ئەو هەوایەی کەهەڵیدەمژن، ئەوهەوا پاك وبێگەردە زەهراوی کراو بەگازی کیمیاوی...

ئێمە من و هاوڕێکەم جەبار ئەمین و ئەندام پەرلەمانی پێشو ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا پێرگارتۆن، هەوڵمان دەدا تەواوبێدەنگ بین لەڕێگای پێشانگاکەوە. وێنەی ترسناك و دڕندایەتیە بریندارەکانمان دەدی. ئینسانە مردوەکان، کە زۆریان منداڵ بون. گایدەکەمان لەسەرخۆ و ورد باسی ئەو روداوەی بۆدەکردین کە عەقڵ ناتوانێ تێیبگات، تا ئێمە بتوانین شتێکی لێ حاڵی ببین، بەڵام کاری نەشیاوە و... ئاسان نەبو رێبە فرمێسکەکانمان بگرین و دانەبارێن، کاتێك بەناو هۆڵی پێشانگای مۆنیمێنتی هەڵەبجەدا دەگەڕاین و گایدەکەش باسی هێرشەکانی کیمیابارانکردن و ئەنفالی بۆمان دەکرد.

زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی، منداڵ و پیر لەوانەی کە دروست ئەو رۆژە بەهاریە لە شارەکەی خۆیان لە هەڵەبجە بون و ژیانیان لەدەست دا و بونە قوربانی هێرشەکانی ژەهری کیمیاوی، یان لە ماوەیەکی کورتردا بە عەزابێکی بێسنورەوە ژیانیان گوزەراند و مردن، زۆرێکیش لەوانەی لەمردن رزگاریان بو بۆ هەتاهەتایە بەعەزابەوە ژیان دەگوزەرێنن. هەم عەزابی فیزیکی و هەم عەزابی سایکۆلۆژی. هەروەها منداڵەکانیان.

هێرشی کیمیابارانانەکان دژ بە خەڵکی هەڵەبجە ناسراوترین و دزێوترین پیشێلکاریەکانە لە سەردەمی عەمەلیاتەکانی ئەنفالەکانی رژێمەکەی سەدام حسێندا. بەڵام قوربانییەکان زۆر لەوە زیاتر بون، کە باسی

لێوەدەکرا، کە جەبار ئەمین ئاماژەی بۆکرد، لەوانەیە زیاتر لە ١٨٠٠٠٠ یاخود زیاتر لەوەش کورد ژیانی لەدەستداوە و لە عەمەلیاتەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨دا. لەوانەش هەمو کەسوکاری قوربانیەکان، هەمو برینداڕەکان و هەمو ئەوانەشی کە بێسەروشوێن کراون.

ئەنفال دیاردەیەکی کوتوپڕ و پەرچەکراد نەبو، بەڵکو بیرۆکە و بیرکردنەوەیەکی شەیتانانە بو، کە ورد پلانی بۆ داڕێژرابو، بە سیستەماتیکیانەش پیادە کرا، کەمپەینێك بو بۆ لەرەگوڕیشە بنەبڕکردنی کورد بو، لەو جێگایانەی کوردستانی عێراق کە سەدام حسێن کۆنترۆڵی کردبون. کەمپەینی ئەنفال پیشێلکاریەك بو کە بە ئەعسابێکی ساردەوە لە بیرکردنەوەیکی خراپەکاری و نائینسانیانەوە سەرچاوەی گرتبو، کە دوربو لەهەمو جۆرە تێگەیشتنێکی ئینسانیانەوە.

ئامانجیش لەم کەمپەینە ئەوە بو کە کوردەکان بنەبڕبکرین لەو ناوچانەی کە رژێمی بەعس بەناوچەی قەدەغەکراوی دانابو. ئەوە کوشتنی جەماعی بو، بەپێی جاڕنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەمافەکانی ئینسان، وەك چۆن لەلایەن زۆرێك لە رێکخراوە نێونەتەوەیەکانەوە دانی پیدا نراوەو هەروەها دادگای نەتەوەیی عێراقیش سەلماندویەتی.

ئەم گایدەی ئێمە ئەوکاتە ساڵی ١٩٨٨ تەمەنی ١٠ ساڵان بوە. تومەس ئەو منداڵەی سەر پیکابەکە ئەم بوە. ئەم بەسەرپشتی ئەو پیکابەوە چەندین سەعات لەنێوان خزمە مردوەکانیدا بوە تا رزگاریان کردوە.

چۆن ئەم بیرنە سارێژ دەبێت لای ئینسانێك کە بەشداری ئەم جۆرە روداوەی کردبێت، کە قێزەونترین روداو و بە دورە لەهەمو تێگەیشتنێك؟ چۆن برینی ئەم شارە سارێژ دەبێ، چۆن برینی ئەم خەڵکە سارێژ دەبێ کە خرابێتە بەردەم ئەم شێوە روداوەوە؟

کاتێك ئینسان لە میحنەتدا دەبێت ئەوکاتە ئینسان پێویستی بە دۆست و هاوڕێ هەیە. ئێمەش وەکو هاوڕێ و دۆستانی کورد پێوستە ئەوەی لەتواناماندا هەیە بیکەین بۆ یارمەتیدانی ئەم خەڵکە.

دوای سەردانی هەڵەبجە، ئێمە کە لەوێ بوین بڕیارماندا ئەوەی لە دەسەلات و تواناماندایە بیکەین بۆ ئەم کەیسە. پیشنیارێکمان بۆ پەرلەمانی سوید نوسی و لەگەڵ زوێکی تر لە ئەندام پەرلەمانی فراکسیۆنەکانی تردا، کە سوید پرۆسەی ئەنفال بە جینۆساید بناسێ. ئەم پشگیری و هەڵوێستەش گرنگە بۆ رێزلێنان لە قوربانییەکان و نیشاندانی سۆڵیداریتی لەگەڵ خەڵکی کورد و پاشماوەی قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەم ئیعراف بەو رەشەکوژییە بکری وهەم مەحکوم بکری. بۆئەوەی رێگری بکرێ لە دوبارە نەبونەی ئەنفال وکۆکوژی. ئەم پەیامە رون و ئاشکرا بێت، رەشەکوژی خەڵك باکەس نەتوانێ لێی دەربازبێت. داننان بەو تاوانەدا هەر بۆ کورد و ئەوانەی بونە قوربانی لەو شاڵاوەدا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگە بۆهەمومان، کە لەوانەیە دوبارە ببێتەوە.

ئەو کورە منداڵە دە ساڵەی لە پشتی پیکابەوە لە وێنەکەدا دیارە و ئێستا وەك گایدێك لەم مۆنیمێتەی هەڵەبجە کارد دەکات، ناوی ئومێدە، ناوی ئومێد بە سویدی هیواخواستنە دەمەوێ کۆتایی قسەکانم ببەستمەوە بە هیواوە، هیوادارم لەناخی دڵمەوە کە ئومێد و هەمو ئەوانەی تر کە لە هێرشەکانی ژەهربارانی هەڵەبجە و ئەنفال رزگاریان بوە، بتوانن بەدور لەوەی توشیان بوە و عەزابیان لەگەڵدا چەشتوە ژیان بگوزەرێنن و ئاسودەبن. ناتوانم هیواش بۆ ئەوە نەخوازم کە هەرچی بۆمبا و چەکی وێرانکەرە بکرێنە شتێکی بێزیان و بکرێنە شتێك کە لەبری کاولکردن و کوشتن و برین خۆشی و شادی بەرهەم بێنن. هیوادارم کە چیتر منداڵ و گەورە هیچ کاتێك توشی ئەو شێوە ترژیدیایە نەبن کە شاری هەڵەبجە و شارەکانی تر توشی بون. ئەمەش جۆرێکە لە خۆشباوەڕی و لەواقیعدا زۆر دورە لەو هیواخواستنەی ئێمەوە، بەڵام ناتوانم واز لەوە بهێنم کە هیوابخوازم بۆئەوەی کە هەمو بۆمبەکانی جیهان بکرێنە کەرەستەیەکی جێگای دڵخۆشی بن نەك وێرانکردن و کوشتن و برین.

ئەو ئینجانانەی لە مۆنیمێنتەکەی هەڵەبجە بینیمان کە گوڵیان تێدا چاندبو لە گولەتۆپی کۆن دروستکرابون پاش ئەوەی باروتەکەیان لێدەرهێنابو، هیوادارم لەهەمو لەو جۆرە ئینجانانە لەهەمو جیهاندا ببینم.



**<u>وتاری ئیسماعیل کامیل لە فراکسیۆنی پارتی گەل</u>**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هێرشە بایۆلۆجی کیمیاییەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە بەشێك بون لەو کەمپەینی میلتارییەی کە بۆ پاکتاوی رەگەزی کوردەکان ئەنجام دران. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە دادگای نەتەوەیی عێراق دانی ناوە بەوەی کە ئەو عەمەلیاتانە بەنیازی پاکتاوی رەگەزی کورد ئەنجام دراون. پەرلەمانی عێراقیش ئەو عەمەلیاتانەی وەکو جینۆساید ناساندوە. بڕیاری دادگای بۆ حوکمدانی ئەنجامدەرانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەساڵی ٢٠٠٧دا دەرچو. راپۆرتەکانی هومان رایتس وۆچ عەمەلیاتەکانی ئەنفال وەکو پاکتاوی رەگەزی پێناسە دەکات. پاش روخانی سەدام حسێن زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی عەمەلیاتەکان و پیادەکردنی ئاشکرا بو، بەپشتبەستن بەو زانیاریانە دەتوانین کە ئەنفال وەکو پاکتاوی رەگەزی بناسێنین. پاتی گەل دودڵ نەبوە لەوە کە کەمپەینی ئەنفال پاکتاوی رەگەزی بوە، من دڵشادم بەو هەواڵە پۆزەتیفەی لە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمانی سویدەوە پێمان گەیشتوە، بە جیاواز لەوەی لە جەبار ئەمینەوە گوێبیستی بوین، کە ئێمە ئەنفال وەکو پاکتاوی رەگەزی دەناسێنین.

**<u>یولیا کرۆنلید لە فراکسیۆنی پارتی سڤاریا دیمۆکراتەکان</u>**

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە خۆشحاڵم کە توانیمان یەکڕیزویەك دەنگ، لە لیژنەی دەرەوەی پەرلەمان جەخت بکەیەنەوە کە ئەوکەمپانییە ترسناکەی ئەنفال بەجینۆساید بناسێنین.

## ئەنفال لە سکۆتلاند

(هەنزەڵە مالیك) ناوی پەرلەمانتارێکی سەربە پارتی کرێکارانە لە پەرلەمانی سکۆتلەندا و نوێنەرایەتی شاری گلاسکۆ دەکات، لە دانیشتنی (٢٦-٣-٢٠١٣) پەرلەمانی ولاتە کەیاندا لەسەر جینۆسایدی کورد جێگەی ئاماژەیە کە ئەوپەرلەمانتارە بەجلی کوردییەوە دەرکەوت . رایگەیاند: بەلامەوە زۆر گرنگە لەگەڵ یادکردنەوەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەرتاوانی هەڵە بجەدا، پەرلەمانی سکۆتلاندا بەشێوەیەکی فەرمی کۆمەلکوژی کورد لە پرۆسەی ئەنفالو هەڵە بجەدا وەکوجینوساید بناسێنیت. چونکە بەفەرمی ناسین، رۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دروستکردنی پردی پەیوەندیو هاوڕێیەتی نێوان کوردستانو سکۆتلاندا.



ئاماژەی بەدۆستایەتی کوردکردو وتی: من چەندین ساڵە لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی گلاسگۆ کاردەکەمو تاقە خانەوادەیەکی کورد ناناسم کە بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ روبەڕوی مەرگی ئەنفال نەبووبێتەوە". بۆیە رۆڵی کوردەکانی دانیشتوی سکۆتلاندا لەبەشداریکردنی ژیانی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووری ئەم ولاتە جێگای نرخاندنو دەستخۆشییە. هیوادارم ناساندنی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵە بجە وەکو جینوساید، رۆڵێکی گەورە ببینێت لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان گەلی کوردو سکۆتلانداو بەهەردوولاشەوە بەشداری بکەین لە دروستکردنی داهاتوویەکی گەش".

# پڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد



م.شەنگار

"پاکتاوکردنی کورد ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و تەنها لە عیراق چوار دۆسێی بەجینۆساید یەکلایی کراونەتەوە،دادگای هۆڵەندا و پەرلەمانی کەنەداو سوید تاوانی ئەنفال و هەڵەبجەیان بە فەرمی وەك جینۆساید ناساندووە " ناوەندی چاك .

پەرلەمانی سوید وەك وڵاتێکی ئەوروپایی و ئەسکەندەنافی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجەیان بەجینۆسایدی نەتەوە کورد ناساند، بەڵام ئاخۆ ئەم ناساندن و دانپێدانانە فێرمێیەی دەوڵەتی سوید تا کام مەودا کاریگەری لەسەر ڕای گشتی نێودەوڵەتی بەجێدەهێڵێت ؟

ئەو هەڵوێستەی سوید بایەخی مێژوویی خۆی لەمێژووی نەتەوەی کوردا بەجێدەهێڵێت بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو ڕاستیەی کەهەیە،دەوڵەتی سوید زیاتر کاریگەری لە سەر وڵاتانی ئەسکەندەنافی هەیە (نەرویج،دانمارك،فنلەند) هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەدا کوردان لەو نێوەندەدا دەتوانن خەبات و تێکۆشانێکی مەدەنیانەی نوێ بە ڕێبکەن بۆ فشار خستنەسەر پەرلەمانی ئەو سێ وڵاتە تا ئەوانیش پشت ئەستور بەپەرلەمانی سوید تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە بەجینۆسایدی نەتەوە کورد بناسن و بەدوایدا بازنەی ئەوناساندنە فراوانتر دەبێت ونکوڵی لێکردن و یاخود خۆلەقەرەلێنەدانی ناساندنی ئەم دۆسیی تاوانەنە بەرتەنگ و بەرتەسك دەبێتەوە و پەیتا پەیتا ڕای گشتی فراوانتر دەبێت .

نکوڵیش لەوە ناکرێت کەدەوڵەتی سوید کاریگەری لە سەر ئەورویپاو ڕۆژ ئاوا هەیە بەڵام کاریگەرییەکە بەو ئاستە نییە کە ئیتر پاڵی لێبدەینەوە، بەڵکو دەبێت هەوڵ و بەرخۆدانی دیکە بەڕێبکرێت بۆ فشار خستنە سەر ئەو دەوڵەتانەی لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاریگەری زۆریان لەسەر ڕای گشتی ناو ئەنجومەنکەو دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، بۆ نموونە :دەوڵەتێکی وە ك فەڕەنسا هەمیشە بەیەکێك لەو دەوڵەتانە ئەژمار دەکرێت کەئەوندە کاریگەری هەیە دەکرێت بکرێتە ئامانجی داهاتومان بۆ جولاندنی ڕای گشتی پەرلەمانی فەڕەنسا تاکۆدەنگیەك لەو پەرلەمانەدا پەیدابکەین، بەڵکو بتوانرێت تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە و دۆسیەی بەرزانیەکان و کوردە فەیلییەکان بەجینۆسایدی نەتەوە کورد بناسن،بەم چەشنە دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بخزێینە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بەگشتیش نزیك بوونەوە لە ئەو دەوڵەتانەی ئەندامێتی هەمیشەییان هەیە لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تێکۆشانێکی بەبەرهەم ترو کاریگەرتر دەبێت لەو پێناوەدا (کۆماری صین، فەڕەنسا، ڕوسیا، بەریتانیا، ئێرلەندای باکور ) وێستگەی داهاتوو بن بۆ درووستکردنی فشاری مەدەنیانە لەسەر پەرلەمانی وڵاتەکانیان تا تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە و دۆسیەی بەرزانیەکان و کوردە فەیلییەکان بەجینۆسایدی نەتەوە کورد بناسن.

هەروەها ئەندامە یەدەگەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتە گشتیەدابن کە بۆ هەمان ئامانج لەدرگای پەرلەمانەکانیان دەدرێت گومانی تیادا نییە بۆ هەڵمەتێکی لەو چەشنە پێویست بەنەخشە ڕێگایەك دەکات کە وەك پڕۆژەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی تەلار سازی بۆ بکرێت و وەك دامەزراوەیەکی نیشتمانی مەزن ئاڕاستە بکرێت،ئەوەش بەچی دەکرێت ؟

یەکەم:لەسەر ئاستی ناو خۆی باشوری کوردستان پڕۆژەی بن زاید جێبەجێبکرێت و هەردوو پارتی دەسەڵات ئەو پارەو سەرمایانەی لە داهاتی نیشتمانی لە ٢١ ساڵی ڕابردوودا لە بانکەکانی ئەورووپاو ڕۆژئاواو لێرەوە

لەوێ حەشاریان داوە بیگێڕنەوە بۆ بانکی نیشتمانی کوردستان و لە پڕۆژە نیشتمانیەکاندا بەکاری بهێننەوە.

ا- یەکێك لەو پڕۆژانە (پڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ فەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد لەلایەن ڕای گشتی نێودەوڵەتیەوە ) سەرمایەیەکی تایبەتی لەو داهاتە گەڕاوە بۆ تەرخان بکرێت .

ب- هەر هاولاتیەکی کورد بەر شالاوی ئەنفال کەوتبێت و هەر هاوڵاتیەکی کورد بەرچەکی کیمیایی کەوتبێت یان بەر هەر هەڵمەتێکی جینۆساید کەوتبێت و ئێستا لە ژیاندا مابێت .ئۆرگانیزە بکرێن و چەند ئاستێکی ڕێکخستن بۆیان پێك بهێنرێت و سەرەڕای حورمەت لێگرتنیان و فەراهەم کردنی ژیانیان بەشێوەیەکی زۆر مەبدەئیانە، بەمیکانیزمی جیاجیا ناوەندو چەقی قورسایی بن لەپڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد و ئەوان بۆ خۆیان بۆ ڕای گشتی قسەیان هەبێت .

دووەم :وەزارەتی پەروەردەو هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان دۆسیەی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو بەرزانیەکان و کوردە فەیلیەکان و هەموو ئەو تراژیدیا سیاسیانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە لە هەرکوێیەکی ئەم نیشتمانە دا بکرێتە پەڕتوکی پرۆگرامی خوێندن لە ژێر ناوی ((دۆسیەکانی تاوانی جینۆسایدی کورد)) یان هەر ناوێکی دیکە، لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا تەاوکردنی خوێندنی زانکۆ لەبەردەست خوێنکاری کوردوخوێندکارە هاونیشتمانیەکانیدابێت وبخوێنرێت .

سێیەم :وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە نێو کۆلیژو پەیمانگاکانی دا بەشی پسپۆڕێتی سەربەخۆ لە بواری جینۆسایدا بکاتەوەو ساڵانە خوێندکار لەوبەشە وەربگرێت،ئەفسوس زۆریش ئەفسوس دوای ٢١ ساڵ لە حوکمڕانی نێوماڵی خۆمان تەنها چوار خوێنکاری کورد دکتۆرایان لەجینۆسایدی کورداندا بەدەستهێناوە کە ئەو ژمارەکەمە لەپێشنیاری سێیەممدا چارەسەر دەکرێت و پاڵپشتێکی باشیش دەبێت بۆ ((پڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد )).

چوارەم : لەسەر ئاستی دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان واتا ((ئەوناوچە جوگرافیایانەی کە بەشێکن لەباشوری کوردستان )) دوور لەهەر کۆت و بەندێك دەنگی سیاسی کوردی تیادا یەك بخرێت هێز بەبەر باشوری کوردستاندا بکرێتەوەو تا بەم هەنگاوە سیاسیە لەبێگانەبوونەوە ببینەوە بەخاوەن ماڵ و هەڵگری خاکی خۆمان بین و دوژمن بەسەری دا زاڵ نەبێت واتا ئەو سرووده پێچەوانەبکەینەوە کە سکاڵای سەر زمانی هەموو شۆڕشگێڕێکی کورد بووبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان "من هەڵگری خاکێکم دوژمن بەسەری زاڵە من بوومەتە بێگانەو بێگانە خاوەن ماڵە " سیاسەتێکی لەو چەشنە بەشێکەلە ((پڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد )).چونکە لەو ناوچانەدا کورد کۆمەڵکوژ کراوەو پێگەیەکی گرنگ دەخەینەوە بەردەست بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانمان لەو بارەیەوە .

پێنجەم :پێویستە لە((پڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد )) هەموو کورد ان بەشداریان پێبکرێت لەباکورەوە بۆ باشور لەرۆژئاوای نیشتمانی کوردستانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان .تا کورد لە دەرەوەی نیشتمانی گەورەی کوردستان ببێتە یەك جالیەی بەهێزی خاوەن فشار ی کاریگەرانە لەسەر ڕای گشتی و بەیەك دەستەچیلە ئەم هەڵمەتە بەرێوە ببەین .

**هەوڵدانو کارکردن**
**بۆ بەفەرمی ناساندنی تاوانی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد ئەرکی هەموو لایەکمانەو مافی کەسمان نیە مزایدەی پێوەبکەینو خۆمانی لەسەر بکەین بەقارەمان**

# بۆتان دەگێڕمەوە

## ئەنفالی یەك وبیرەوەری پێشمەرگەیەکی بریندار



**سەید ئەحمەد حەمەلاو**

ڕۆژی ٢٣/٣/١٩٨٨ کە بوو بەڕۆژانێکی بزر نەبووی مێژوو، دیمەنی ڕەنگین و دڵگیری شاناخسە، ئاسمانی ساف و بێگەردی، لەو ڕۆژەدا بەدەست مرۆڤ گەلە شەڕەنگێز کەللە ڕەقەکانەوە پۆخڵ بوو.

ژینگە لە دوکەڵی باروتدا بۆر دەینواند، گوڵ و چرۆو گژوگیای ئەو بناری کوێستانە بە گازی ژەهراوی بۆزۆ بوو، باڵندەکان تەڕببوون و دەنگی تەقینەوەی گوللە تۆپ و ڕۆکێت و قریشکەی لە ناکاوی فڕۆکە تیژڕەوە جەنگیەکان، شوێنی ئاوازی بەسۆزی ئەوانیان گرتبۆوە ئێمە لەوێندەرێ، ڕەنگ و بۆنی شەڕمان گرتبوو، یەك پارچە ببوینە شەڕو خۆشیی واخۆشیەکانمان تێکەڵ کرابوو، بارەگاکانمان ، لە ساباقی جەنگدا هەڵنابوو، منداڵمان لە پەنا پەسێرو شگێران پەستاوتتبو، کە

ڕۆژنەبوو، ئازیزێکمان ، بەرەو کۆچێکی بێگەڕانەوە، هەگبەی خۆی لە کۆڵنەنێ .

ئەو دەمەی کە جگە لەمەرگ هیچیی دیکە لەوێندەرێ، نەدەجماو نەدەگوزرا لەئەنجامی وەرگرتنی ژەهری بونەوەر کوژەوە کە لەلایەن ژێریاری بیرنەخۆشە شەڕێنگێزەکانەوە وەبەرهەم هاتبوو، وا پەناو پەسێرو شکێڕو کەلەبەرەکان ترسناکتر ببوون و ساباق و بڵندی و ترۆپکان، ببوونە پەناگای دژە ژەهراوی بوون.

هەربۆیەش، کە بۆنێکی نامۆ، خۆی لەکەپومان هەڵبکردایە، ڕاستەڕێ لەناو پەسێران وەدەردەهاتین و بەناو فڕکو هوڕی پارچە تۆپ و ڕۆکێتاندا، بەرەو بەرزایی و ترۆپکان خۆمان دەکوتا .

گابەردێکی زەبەلاح، لەدەمێکدا، لەشێوەی ئێڵێکدا لایەکی کەرتببوو لە دامێنی بەراوەکانی شاناخسەدا، قاچی قووڵ بەزویدا ڕۆچاندبوون و نەدەبزوا، لەوگۆرە مەرگ بارێنەدا، هەرای لەدوژمن دەکردو دەیگوت:(نەك لێرە نابزوێم، بەڵکو سنگیشم والاکردووە، تاخۆجێیەکانمی تێدا پەنادەم).

منیش ئەوێم کردبووە پەناگاو هاوسەرم و زاڕۆڵەکانم تێدا پەنادابوون.

وەکی ئێستاکێم لەبیرە، نیوەڕۆکەی مامۆستا شێرکۆم میوان بوو، ئەو کە لەتەك دەیان پێشمەرگەو سەدان خێزانەوە، لەمەرگەو دۆڵی جافایەتیەوە، بەناو بەفرو وەیشومەو بەستەڵەکی کوێستانی دۆڵی شێخ محەمەدو ئاسۆس و شینکایەتیدا، شەکەتو کەسیرە گەیشتبوونە ئەوێ و ئەویش لەبەر سەرماو دووری ڕێگا نەخۆش کەوتبوو لەلای من و حەمە ماوەتی گیرسابووەوە.ئەوڕۆژە لەگەڵ کاك بەکر فەتاح و کاك ئاسۆی شێخ عارف وامان بڕیار دابوو، کە نانی نیوەڕۆمان خوارد، بەزوویی بچینە بانەو بچینە سەردانی بەرزانی حاجی قادری چوارتایی و سەرخۆشیی محەمەدی خاجی سەعیدی کوڕی مامی لێ بکەین، سەرخۆشیی ئەو بەورە کوێستانیە مەرگ بەزێنەی کەچەند ڕۆژێك لەوەوبەر لە (هاوار) شەهید ببوو. ئەو یەکێك بوو، لەفەرمکاندە بوێرو نەترسەکانی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ.

چوینە سەر ڕێی گشتی، بڕیاربوو، گەڕێنەکەمان بێتەوێ، وەلێ بەهۆی تێکچونیەوە دواکەوتبوو، بۆیە بڕیارماندا تا ساز دەبێ و دەگاتە جێ، واچاکە بچینە بارەگای پەیوەندیەکەمان، هەروا چەند مەترێك لەسەرو ڕێگاکەوەبوو، کەئەوێ، لەودەمەیدا، جمەی دەهات لەو پێشمەرگانەی لەشوێنی خۆیان پەڕەوازە ببوون و سەرقاڵی خۆسازدان بوون بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

چوینە بارەگای پەیوەندیەکان، ئەو دەمی کاك سالاری حاجی دەروێش بەرپرسی بوو، لەبەردەمی چادرەکەدا دانیشتین، ئەوانەی کەلەو کۆری دانیشتنەدا بەیەکەوە بووین و لەبیرم مابن، بریتی بوون لە: (کاك بەکر فەتاح، کاك ئاسۆی شێخ عارف، کاك حەمە ئەمینی خەجێ، کاك دانا ئەحمەد مەجید، کاك عومەر چاوشین دڕەی، مامۆستا حەمە ڕەووف و چەند کەسێکی دیکەو خۆم).

کات دوو و نیو دەبوو، لەقساندا گەرم ببوین، لەناکاو شەش فڕۆکەی جەنگی بەدوای یەکدا هاتن و لەچەند دەقیقەیکدا، دوانزە ڕۆکێتی گازی ژەهراویان هاویژتوو تیژگەڕانەوە.

فڕۆکەی یەکەم نزم بۆوە، دوو ساروخی هاویشت، ساروخەکان هێندەی تاپرێکیان دەنگ دەهات، خۆمان بەزەویەکەوە نوساند، لەسەرەتاوە مەزەندەکان کرد، کەساروخی هێشویی هاویژتبێ و نهۆیە زەوی دەکۆڵێ.



فرۆکەی دووهەمیش هات، ئێمە هەر بەو زەویەوە نوسابوین، بۆنی سێوی گەیومان هەڵمژی، کاك بەکر فەتاح گوتی: (کوڕینە ساروخەکان گازی ژەهراوین و تا دەکرێ بابەرەو بەرزایی هەڵبێین) ئیدی هەریەکەمان بەلایەکدا هەڵاتین. من بەلایەکدا هەڵاتم، بەرزاییەکەی نزیکی ئەوێم بەباش زانی، هەربۆیە ملم لەوێنا، ئاسۆی شێخ عارف و مامۆستا حەمە ڕەووف و عومەر چاوشین و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەم لەپێشەوە بینین کە بۆ هەمان جێ دەچوون، هەموو ڕامان دەکرد، من گەیشتمە تارمەیەك، ئەوان لە تارمەکەی سەرکەوتبوون، لەو دەمەیدا فرۆکەیەکی دیکە نزم بۆوە، ئەوان لەتارمەکە سەرکەوتبوون، لەو دەمەیدا ڕۆکەیەکی دیکە نزم بۆوە، کەنەمزانی چەندەمین فڕۆکەبوو، بەباشم زانی لەپەنا تارمەدا خۆم درێژکەم، هەروام کرد ساروخێك کەگازەکەی بۆنی گیایی تەڕی لێ دەهات، لەدووری دە مەترێکی پێشمەوە تەقیەوە، وردە گڵی ساروخەکەم بەسەردا وەری، بۆنێکی خەست لەسیەکانم خزا کە ڕێگەی نەدەدا کە هەناسەی پاك هەڵمژم، سەرم گێژی خواردەوە، دڵم تێکەڵ هات، چاوم تەمیان لەسەرنیشت و بەزەویەکەوە شل بووم، چەند جار هەوڵمدا هەڵسم و لەناو ئەو ژەهراویەدا خۆم دەربازکەم ، بەڵام بەزەویدا دەکەوتمەوە، لەدڵی خۆمدا گوتم:(تازە مردم، ئیدی ئەم خۆماندوکردنەوی بۆ چییە) دواتر پەشیمان بوومەوەو سەرکۆنەی خۆم کرد (هەی نەترەژم، بۆ وابەزویی خۆت بۆ مردن شلکرد. گوڕو تەوژم بدەرە بەرو خۆ دەربازکە، خۆ هەر کە بشمری، لێرە دورکەوەرەوە، تا ئەوانەی کە دێن هەڵت دەگرنەوە، بابە سۆنگەی تۆوە ژەهراوی نەبن) لەژێرەوە، بەمست لەسنگی خۆمدا، هەستمکرد ئاسودە دەبم، خێراو توندتر لەسنگی

خۆمدا، ئاسوودەتربووم، دەمتوانی هەناسە هەڵمژم و هەڵسم، هەڵسام و بەدەمی خۆم ڕوانی، مامۆستا حەمە ڕەووفم ناسیەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەدا، لەنزیك جێ ساروخەکەوە کەوتبون و نەدەبزوان زانیم ئەوانە شەهید بوون، ئاسۆی شێخ عارفم بینی سەرەوژێر ڕایدەکردو دەستێکی خوێنی پێدا دەهات چاوم گێڕا کەسی دیکەم نەبینی. دەوروبەر چۆڵ و ترسناك دەینواند. لەکاتێکدا چاوو دەم و لوت و گوێم و دەکزانەوەو زوو زووش هێڵنجم دەدا، بەلارە ملەو قاچ تێکئاڵدرانەوە، ڕێمکرد، دەبوایە خێرا خێراش بەسنگی خۆم کێشم، دەنا هەناسەم بۆ نەدەدراو بەزەویدا دەکەوتم، تا دور دەکەوتمەوە باشتر دەبووم، کە گەیشتمە ماڵێ، شلوشێواو بووم، شاقەلم لەدواوە هاتبونە دەرێ و با دەیشەکاندەوە، کلاوەکەم بەشلی لەژێر باخەڵم خزابوو، پشتێنەکەم بەدەستم شۆڕببۆوەو جاروبار لەقاچم دەئالا،

مەلیحەی هاوسەرم کەبەو دیمەنەوە منی بینی، دایە بانگی گریانێ، منداڵیش لەژوور هاتنە دەرێ و بۆ بابیان دەگریان، من وامدەزانی مردووم، مەلیحەش وایدەزانی کە ئێستانا، ئێستاکێ دەمرم، نارەوای نەبوو، هەرمانگێك دەبوو کە لەیاخسەمەر بەکیمیایی بریندار بووم و بۆ چارەسەر ڕەوانەی تەورێز کرابووم و چەند ڕۆژێك بوو گەرابوومەوە کە دەرمانی برینداریەکەم تەواو نەکرد بوو، وا ئەمجارەش بریندار بومەوەو بەشڕوپڕی بۆی هاتومەتەوە ماڵێ. لەپەنا گابەردە زەبەلاحە کەرتبۆکەدا، کۆنە چاڵە سامسۆنێککم هەڵدابۆوە، بەگونیە قوڕو گڵ دیوارەکانم هەڵچنیبوو، دەرگایەکی مووبڕم تێخسبوو، پەنجەرەیەکی بچوکم لە کەلێنێکەوە بۆ هێشتبوەوە کە زێتر لە کلاوڕۆژنەی دەکرد بڕ دارم هاویشتبونێ و دوو چین نایلۆنم تێوەپێچابوو، گەر دەرگات گاڵە کردایە، هەوای دەرێ وەژوور نەدەکەوت، هەرچەندە فرەتر لە کونە گورگێکی پوخنە دەچوو، وەلێ بۆ ماڵی مەمانان وخۆ پەنادان لەگازی ژەهراوی و گوزەرانی ڕۆژانە لەدیوەخانی ئاغاو بەگ و خواپێداوان، دڵگیرترو لەبەرچاوان فراوانتر بوو.. منداڵ لەژوور خزابوون و لەناوەوەڕا، دەرگایان لەسەر خۆیان کڵۆم کردبوو، بەهاتنەوەی من،لەژوور دەرکەوتن و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە پێمدا هەڵروسکان. بەبتونی بەرگەکەم لەگازی ژەهراویدا شلاڵ ببوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئالودە نەبن، هەرزوو جل و بەرگم داکەندنو ئاورم دان، هەرچەند ئەوانیش ئالودە بوون و دواتر هەموو لەشیان ڕەش هەڵاتبوو سیەکانیان هەوی کردبوو.

هەر کە برادەران بەبرینداری منیان زانیبوو، خۆیان گەیاندە من، وابزانم ئاسۆی شێخ عارف کە ڕۆژی دواتر شەهید بوو، پێیگوتبوون.

یەك دوو یەك کەلەوێ بوون، ئێستریێکیان بەچوار ناڵە هێنا، تا سواری ئێسترەکەم بکەن و بۆسەر ڕێگای گشتیم ببەن، کەلەوێندەرێ، بەگەڕێنان، برینداەکانیان دەناردنە بانەو لەوێشەوە، بۆ شارەکانی دیکەیان دەناردن. دکتۆر کاوە کوێخا صاڵحی گوڵێش، کە لەگەڵ دکتۆر ابراهیمی حاجی فەتاح دا، دکتۆری تیپەکەمان بوون. کە بەبرینداری من دەزانێ، بەپەلە دەرزی و دەرمان هەڵدەگرێ و دێتەلام، لەڕێگایە بەلای جێ ساروخێکدا دێ کەبۆنی هەویری ترشاوی لێهاتبوو، پڕ بەسیەکانی بۆ ترشاوی هەڵمژیبوو، کە ئەو هات، من لەسەر شۆرکێکدا خۆم بەئاوێك دەشت، کەپێشتر بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە لەتانکیەکی سەرگیراودا هەڵمان گرتبوو، ڕۆژناڕۆژ ئاوەکەیمان دەگۆڕی.کە لەخۆشتن هاتمە دەرێ، دیمەنێکی سەیرو ترس ئامێزم لەڕوخسارو

هەڵسوکەوتی دکتۆر کاوەدا بینی، خێرا خێرا پێدەکەنی؟ ئەمپولێکی ئەنترۆپین و سرنجێکی بەدەستەوە بوو، دەستەکانی دەلەرزین، بەدەم پێکەنینەوە لرفە لرفی دەهاتوو کەفی لەلاڵێوانەوە دەردەدا، لەتەك پێکەنینێکی بێ پچڕانەوەی لرفاوی خۆنەویستانەدا، خێرا خێرا دەیگوت:(مامە سەید پەژارەت نەبێ، ئاها، ئێستا چاك چاکت دەکەمەوە) .

لە ئەمپولەکە دەنوسا بیشکێنێ، وەلێ برشتی پێ نەدەشکا، منیش لێم دەڕوانی و سڵم دەکردەوە، هەندێك دواکشێم، ملی درێژ دەبوو، من لەمل درێژبونەکەی سڵم دەکردەوە، دەگوت ئێستا نا ئێستا ملی دەپسێ، ئەوەی بەبیرم داهات ئەوەبوو کەمن دەرزیەکە لەئەو بدەم، هەروامکرد، سرنج و ئەمپولەکەم لێوەرگرتو لێمدا، تەندروستی زۆر ناجۆر بوو، هەر بۆیە ئەو ئێسترەی کە هێنابویان منی سوارکەن، ئەویان سوارکرد، هەر کەسواریانکرد، وەکی ماشێن بێاوژێ، ئاوا هۆڕنی لێ دەداو ، ئیستۆپی دەگرتوو سوکانی بادەدا. ئیدی ئەویان بەرەو نەخۆشخانەیەك کە لەتەنیشت کۆنە گوندی شاناخسەوە بوو، برد...

دکتۆر کاوە هێندە دوورنەکەوتبۆوە، منیش دڵم تەپەتەپی کرد، لەشم دەستی کرد بەکزانەوە، ئاو بەچاومدا دەهاتە خوارێ و نەدەگیرسایەوە، هێڵنجدان و ڕشانەوە، نەدەگیرسایەوە، تەندروستیم دژوارو دژوارتر دەبوو،منداڵ گریانیان نەدەپساندەوە، دیمەنێکی ناخۆش بوو، حەمە ماوەتی و مامۆستا شێرکۆو مام ڕەحمان و ابراهیمی خوالێخۆشبووی مام رەحمان ، تێمنوسیان چواردەستە هەڵمگرن و تا نەخۆشخانە نەمگیرسێننەوە، وەلێ ڕێگام نەدا هەڵمگرن، بۆخۆم وردە وردە ڕۆیشتم، دەمویست، ئەوەندەی برشتم هەیە، بەپێی خۆم بڕۆم، وابزانم ژیان ململانێی لەگەڵ مەرگدا دەکردو ڕێگای نەدەدا لاواز ببینرێ، وردە وردە وەکی سەرخۆشێك کەزۆر مەستبێ، دەڕۆیشتم، ئەوانیش لەملاولاوە بەئاگاییەوە دەڕۆیشتن و لەدواوەشەوە گریانی مەلیحەی هاوسەرم و هەر حەوت زارۆڵەکانم دەبیست، دەیانگوت بێ هاوسەرو بێ باوك خۆمان، ئیدی ئاگام لەهیچ نەما، هێند نەبێ کەدواتر مامۆستا شێرکۆ و حەمە ماوەتی و ئاموزا ڕزگارو مامۆستا ئەکرەم دەینگوت:﴿کە بەکوڵی بردمانیتە سەرێو لەوێ چاوەڕوانی بەڕێکردنت بووین، لەوێ پێشمەرگەی بریندارێ زۆری لێ بوون کە پەیتا پەیتا بۆ چارەسەرکردن بەرەو ئێران بەڕێدەکران، تۆ ، خۆت بەدەستمانەوە قینج کردوە بەدەنگی بەرز قسەت دەکردو دەتگوت :(پێشمەرگە نەبەزن، سەنگەر چۆڵ نەکەن و بەورە بن، ئێمە چۆك بەم چەکانەش دادەدەین و سەرکەوتن بەدەست دێنین)، بەزەیمان پێتدا دەهاتەوە، دەمانگوت:(سەید ئەحمەد تێکچوە) .

بێ ئاگاو بێ هەست لەناو پاسێکی پڕ لەپێشمەرگەی بریندارا بەڕێکراین، ئاگام لەهیچ نەبوو، شتێك کە هەستم پێدەکرد، ئەو جوڵانەوەیە بوو کە بەبێ ویستی خۆم



لەکاتی لەنگینی پاسەکەدا پێمدەکرا، هێند نەبێ، گەر هەڵەم نەکردبێ، وابزانم لەپێچەکانی (بڵەسەند) بوو، هەندێك وەئاگا هاتمەوە، لیك و كڵم لەدەم و لوتم چۆڕابووەوە لەسەر سنگ و لاملمدا دەهاتە خوارێ، چاوم بەپاسەکەدا گێڕا، پاسێکی بێ

کورسی، هەموو لەسەر ئاسنەلاوی ساردو ڕەقی پاسەکەدا، وەکی لیژنەدار، بەپاڵ یەکەوە درێژبووین، هەریەکەی لەئاوازێك دەمانخوێندو وەکی شێتخانەیەکی گەڕۆکم هاتە بەرچاو، چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکردوو دەکزایەوەو ئاوی لێ دەچۆڕا،دکتۆر کاوەم لەپەناوە بوو، دەستی بەسەرمدا دێناو ماچی دەکرد، دەیگوت:(توخوا مامە سەید گیان ئەوە تۆشمان لەگەڵی، بەخوا چاکە، بۆ بەیەکەوە هەڵنەیەین، لەوانەیە بۆ شوێنێکی خراپمان بەرن) . ئەو هەروایکردبوو، لەنەخۆشخانەی بانە بە تەبەڵەو دژداشەی نەخۆشخانەکەوە هەڵاتبوو.

چاوم برشتیان کزببوو، یەکێکم لەپاسەکەدا بینی، بەپێوە بەسەر برینداراەکاندا دەگەڕا، شتێکی دزێوی لەسەر بوو، کەسەیرم کرد لێی دەترسام، گوتم (تۆ کێی ئەوە چی یە لەسەرت؟) پێدەچوو توشی لەبیرچونەوە بوبم، هەرواش بوو پێمگوت (ئەوە لابە، یان لێرە لاچۆ) سەیرم کرد ابرای شۆفێریش شتێکی وای لەسەربوو، کەئەوان قیناعی دژە ژەریان پۆشیبوو.. ئەوەی بەپێوە بوو گوتی (بەسەر چاو) قیناعەکەی داکەند، کەسەیرم کرد دکتۆر ابراهیمی حاجی فەتاحە، ئەو بەئارەزوی خۆی، بۆ سەرپەرشتییمان لەگەڵ ئێمە هاتبوو، کە نیشانەی بەرزترین ڕەوشت و بەوەفاترین و دڵسۆزترین پیچشمەرگەی دەنواند. بەسەر هەمواندا دەگەڕاو دڵنەوای یەك بەیەکی دەکردین. گوتم (دکتۆر قناعەکەت بپۆشەوە) ئیدی بێ ئاگا بومەوە.. کاتێك بەهۆش خۆم هاتومەتەوە، نازانم چەند ڕۆژم پێچووبوو، لەنەخۆشخانەوەی خورشیدی ئەسفەهان کەوتوم.. روتوقوتم، تەنها سەرچەفێکم پێوەیە، لەشم وەکی ئاوی کوڵاوی پێداکرابێ، هەمووی سوتابوو، پێستەکەی پاقتیلە ببوو، چاوم کوێر ببوون، دەکۆکیم، دەم و لوتم ئاوولیکی لێ نەدەبڕا، بەبتونی لەشم ژانی دەکرد، ئارەزووی چۆڵگەیەکی هێمنم دەکرد کە نەقسە بکەم و نەگوێم لەدەنگی کەس بێ.. کاك حەمە ئەمینی خەجێش برینداربوو، ئەویش لەژورەکەی ئێمە بو، کاریگەری گازەکە ژیری تێکدابوو، هەمیشە دەیگوت: (بالێرە هەڵێین، ئەمانە چەکدارن و نیازی کوشتنی ئێمەیان هەیە) . تاشەوێك لە پەنجەرەکەوە کە لەقاتی سێ بووین، خۆی فرێدایە خوارێ و شەهید بوو.. پێشمەرگەیەکی دیکەش تێکچوبوو، ئەو لەژورێکی دیکە بوو، عاشقی خوێنەکەی خۆی بوو، هەر وابزانم بەوەوە گرتبووی، سۆندەی مغەزیەکەی دەپساندو لەخوێنەکەی خۆی ڕادەماو بەسەر برینداراەکاندا دەگەڕاو فیچقەی خوێنەکەی خۆی بەشانازیەوە پیشان دەدان . دەیگوت:(بزانن، خوێنی من چەند سورو گەشو جوانە). بەزۆر دەیانگرتەوەو دەرزی خەویان لێ دەدا، تا شەوێك سۆندەی مغەزیەکەی دەپچرێنێ و لەژێر بەتانیەکەوە هێندەی سەیر کردبوو، تا خوێنی تێدا نەمابوو، مردبوو. ئەو نەخۆشخانەیە جمەی لەبریندار دەهات، برینداراەکان هەمووی برینداری گازی ژەهراوی هەڵەبجەو شاناخسە بوون، ژن و منداڵ و بەتەمەن و پێشمەرگە، سەرلەبەری نەخۆشخانەکەیان سیخناخ کردبوو، هەر لەوێ، بەدەم ئازارەوە هەڵبەستێکم بۆ شەهید بوونی هەڵەبجە لەژێر ناوی (شاڵاوە مەرگ) دا نوسی.





**٢٠ تشرینی یەکەم ٢٠١٢**

**کات: ٣ی عەسر – بالیسان**

**دیمانە: ئەنفالستان .**

لە دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ وەختدا بەرێکەوت توشی مام تەهاحەسەنی بالیسانی بووم، ئێمە لەسەر سەفەری گەڕانەوە بووین، لە بالیسانەوە بۆ سلێمانی، بەلاَم بەهاتنی مام تەها بیروورام گۆڕی وام پێباش بوو، ماوەیەك لەبەرامبەرکامێرا سۆنیەکەم رای بگرم و بەشێنەیی هەندێك پرسیاری دەربارەی کیمیابارانی ئەوسەروەختەی گوندی بالیسانی لێبکەم . هەرچەندە نەمن ونەمام

بالیسان :

**مام تەها حەسەن** :

**من ناچمە یادی کیمابارن چونکە ئەوحکومەتە میللەتی ناوێت، بەلاَم من هەموو دەمێ لە فکریاندام هەموو کاتێ لەپێشچاومن.**

تەها بەتەمای ئەوەنەبوین ئەم دیدارەی لێبکەوێتەوە، هەروەك دەیخوێننەوە بەم شێوەی خوارەوە کەوتینە قسە دەربارەی کیمیابارانی بالیسان و باردۆخی ئێستاشیان .

**ئەرك نەبێت ناوی سیانی خۆت وسالی لەدایکبونت بلێیت ؟**

من ناوم تەها حەسەن حسێن .لەدایکبوی ١٩٣٩ م .

**هەرلەمنداڵیەوە لەبالیسانی دەژی ؟**

من چوار پشتم هەر لەم بالیسانەی بوون، بۆخۆشم هەرلێرە لە دایکبووم، هەر دەبێ لێرەش بمرمو لێرەشم بنێژن .

**بەبیری منداڵی تۆساڵانی زۆر زوو بالیسان چەند ماڵ دەبوو، خۆ ئەو کاتە ناحیَ نەبوو، گوندبوو ؟**

نانا تازە بووەتە ناحێ، بەلاَم ئێرە دێیەکی گەورەو ئاوەدان بوو، سێ سەد تا چوارسەد ماڵ دەبوو.

**ئەوکاتە بەچیەوە سەرقال بوون ؟**

وەرزێری و کشتوکاڵوئاودێری بەزۆریش بە توتنکردنەوە خەریکبووین.

**واتا کەس لێرە مووچەخۆری حکومەت نەبوو؟**

لێرە..؟ پۆلیس لەسلێمانیەوە دەهات تەنها حەوت دینارموچەی بوو، یەك کەس فەڕاش بوو لەم بالیسانە ئەویش خەزوری ئاغای گوندی بوو بەچواردینار، پێیان دەگوت مام عزەدین بەگ.

**باشە بالەساڵی کیمیابارانەکەوە دەستپێبکەین جەنابت ساڵی ١٩٨٧ لێرە دادەنیشتیت ؟**

بەڵی من لێرە بووم .

**واتا کاتی کیمابارانەکە تۆئاگات لێبوو ؟**

بەڵی

چەند فرۆکە دەبوون ؟

ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە، تەنها بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی جینۆسایدو کەسوکاریانە مەیکرەو بیخوینەرەوە .

وەڵا نـــــازانم دوو ســــــێیەك دەبـــوون بەســـەر شـــێخ وەســـان و بالیســــــــاندا ســـــــــورانەوەو بۆمبابارانیانکرد.

**هەردوودێیەکە لەیەك کاتدا کیمیابارن کران؟**

بەڵی بەیەکجار لێیدا ساڵی ١٩٨٨ یـش جـارێکی تـر ناوچـەکەی بۆمبارانکردینـــەوە، ئـــەوجارەش هەنـدێك پێشـمەرگەوهاولاتی لێبـو، ئەوانیش خنکانوتاکە یەك کەسیان دەرنەچوون .

**خزم وکەسوکاری تۆچەندیان بەکیمیاباران گیانیان لەدەستدا ؟**

برام تێداچوون کوری ئامۆزام تێداچوون کیژی تێداچوون .

**دوای ساڵی ١٩٨٧ جارێکی ترئێرە ئاوەدانکرایەوە ؟**

بەڵێ

**لەساڵی ١٩٨٨ جارێکی ترکیمیاباران کراوەنتەوە؟**

بەڵی ئێرە دوجار کیمابـاران کـــراوە حـــەوت کـــەس شـــەهیدبوون کـــەخزمی ئێمـــە بوون.

**ناویان چی بوو ؟**

(محەمـــەد حســـین حەســـەن) بـرای مـن بـوو(جعفـر حمـد قـادر) ئـەویش کـوری ئـامۆزام بـوو (ئامینـە مـەلا رسـول) ئـــەوخێزانی جعفـــر بـــوو، کچـــێکی بـــەناوی (بـــەنان) . (ســـەلام حســـین) ئـــەویش پێشـــمەرگەبوو لـــەوێ ژنێکـــی هـەبوو بـە نـاوی (سـەبری) بـە خـــۆی و بەکیژەکەیـــەوە ڕۆی وە کـــورێکی هـــەبوو بـــەناوی (گـەردۆ) ئـەوە هـەموو خزمـی ئێمە بوون، لە ١٩٨٨/٧/٣٠ کیمیایی لیدان و شەهید بوون.

**براکەت ماڵ ومنداڵی هەبوو؟**

بەڵێ براکەم تازە کچێکی ببوو تەمەنی دوو رۆژ بۆ سێ ڕۆژ دەبوو کەبەر کیمیایی کەوتبوو.

**تەنها ئەوکچەی هەبوو؟**

نەوەڵا چوار کچ و کورێکیشی هەیە.

**ئێستاماون ؟** .

بەڵێ کورەکە گەورەیە، ئێستا ئاسایشە.

**شەهیدانەتان بۆکردووە ؟**

بەڵێ شەهیدانەی هەیە. بەلام زەوی نەدراوەتێ.

**بۆ چی پێنەدراوە ؟**

ئـەوی واسـیتەی هـەبوو دراویـەتێ و ئێسـتا لێـرە خانوشـی وەرگرتووە بەلام من واسیتەم نەبوو.

**براکەت لەکوێ نێژراوە ؟**

لـە گۆرسـتانی بالیسـان شـاراوەتەوە پێشـمەرگە ناشـتویانە هەموویان پێکەوە لەوێ شاراونەتەوە من براکەم نەدیتەوە.

**براکەت تەمەنی چەند بوو؟**

لەدایکبووی ١٩٤٧ بوو ،

**باشە بەرای تۆچی زۆرپێویستە بۆبالیسان بکرێت ؟**

هەموشتێکی بلێم ؟

بەڵێ

وەلا شـت کـراوە لـە جـادەو لـە بنکـەی پـۆلیس ولەناحیـە، لۆهـاولاتی ئـەوەی واسـتەی نـەبێت هیچـی لۆنەکرایـە ئـەمن بۆخـۆم سـێزدەجار مـالم بـار کردیـە هیچـم لـۆ نەکرایـە، لـەو ڕێکخسـتنەی ئێـرەو لەوحکومدارانـەی ئێـرە بـانگی ئـەمن ناکـەن بـانگی ئـەوەی دەکـەن پیـاوی خۆیـان بـێ ، پیـاوی خۆیـان نـەبی هیچ پرسورای پێناکەن .

**بەلام تۆ پێت وایە ئەبێ چی بکرێت، بەلام نەکراوە؟**

بەس خانووبکرێت.

**ناسـراوترین کەسـی خـۆفرۆش کێیـە لێـرە یـان دیـارترین مستەشارکێیە؟**

ئەنوەر بەگی بالیسان

**ئەو پیاوە بەشداری ئەنفالی کرد؟**

بەڵی ئەو رەئیس جاش بوو لە گوندەکان بەشداری کردووە.

**ئێوەهـەموو خـەڵکی ناوچـەکەداوای دادگـای کردنـی ئـەم جـۆرە کەسانە دەکەن ؟**

ئێمە هەمومان ئەو داوایەمان هەیە ٨٥٪ ی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەو داوایەیان هەبی تەنها بەشێکی کەمی نەبێ کە هاوسۆزن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا.

**ئەو پیاوە ئێستا لێرە دادەنیشێ؟**

نەخێر لە هەولێرە بەڵام مڵکی هەیە لێرە جار بەجار کوڕەکەی دێت سەردانی دەکات.

**تائێستا ئێوە بەشێوەیەکی فەرمی داواتان لەبەرپرسان کردوە کەهاتبنە ئێرە یان ئێوە چوبنە دیداریان بۆدادگای کردنیان؟**

هەموو ساڵێك بەیاننامە هەبووە لەو بەیان نامانەدا داوای بەدادگای کردنی تاوانباران کراوە.

**مام تەها چەند هاورێ وهاوتەمەنی خۆت لەبالیسان کیمیاباران کراون، ئێستا لەژیاندا نەماون ؟**

هەشت نۆ دە کەسێکن.

**تۆچ کاتێك بیرت دەکەونەوە؟ هەر لەیادی کیمیاباراندا دێنەوە بیرت ؟**

من ناچمە یادی کیمیاباران چونکە ئەوحکومەتە میللەتی ناوێت، بەڵام من هەموو دەمێ لە فکریاندام هەموو کاتێ لەپێشچاومن. پێم خۆش بوو لەگەڵ براو کوڕە ئامۆزاکانمدا ئەمنیش نەمابام و ئەم وەزعەم نەدیتبا. من گلەیم لە یەکێتی هەیە بۆخۆم یەکێتیمە بەس گلەیی خۆم ناشارمەوە، نامەوێت مەفرەزە خاسە دوو ملیۆن موچەی بێت وکابرایەکی هاوڵاتی هیچ موچەی نەبێت، ئەمەش هەمووی خەتای رێکخستن و پیاو ماقوڵەکانی بالیسانە. منەتم بەکەس نیە بەس بەخوا نەبێت .

**هەرگیز بیرت دەکردەوە کە کورد دەسەڵاتی هەبێت ئەو تاوانبارانە ببنەوە بەدەسەڵاتدارودادگایی نەکرێت؟**

نەخێر وا بیرم دەکردەوە کە کورد رزگاری بێت کوردستان دەبێتە بەهەشت و پیاو خراپ لە ناودەچێت.!!



بەڵگەیەکی ئەمنی شەقڵاوە دەربارەی کیمیابارانکردنی کیمیابارانی بالیسان و مەلەکان

## پرسیارێکی زۆر کورت ؟

**ئەو شێوە بەرخودوپشکنینەی لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بینرا، تائەندەزەی لە دەستدانی قیمەم وبەهاکۆمەلایەتی و سیاسەکان رۆیشت !**

**باشە بەرپرسانی هەرێم بۆچی و لەسۆنگەی چیەوە لە قوربانیانی هەڵەبجەو میوانەکانی یادی گازبارانی هەلەبجە دەترسن ؟ ئایا بەراست بۆخۆیان باشتروجوانتر نیە واز لەویادانە بهێنن ؟ باشتر نیە هەر نەیەن بۆ ئەو یادانەو لێگەرین خەلك و کەسوکاریان چۆنیان پیخۆشە ئاوا یادەکانیان بکەنەوە ؟ پیموایە ئەمە زۆرتیفکرینی ناوێ ؟ مادام ترس و پاسەوان و پەلاماردان لەگۆرێ بێ نەهاتنیان باشترین چارەسە .**

# بۆ خۆی لە کوردستان گۆرغەریبەو منداڵەکانی لە بیابان

## چیرۆکی سڕینەوەی خانەوادەیەك



ئەنفال سەدان هەزاران چیرۆکی ئاڵۆزی لە کوردستان بەجێهێشتووەو هەتا ئەمرۆ نەحکومەتی هەرێمو نە هیچ سەنتەرێك بەئەرکی خۆی نازانێ بیانوسێتەوە..! گوندی هەلەدن ٧٠ کەسیان ئەنفالکراوە، خانەوادەی ئیسماعیل گورون ئیسماعیل یەکێکە لەو چیرۆکە تراژیدیایانەی ئەنفال.

ئیسماعیل لەدایکبووی ١٩٥٤ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە تا نسکۆی ١٩٧٥ .

ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەستگیرکراوە هەتا ساڵی ١٩٧٨ زیندانی کراوە، دوو ساڵ لەدوای ئازاد بوونی واتا ساڵی ١٩٨٠ دانیشتووەو دواتر چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووەو لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمەڵبەندی دوو دریژەی بە بەرگریکردن داوە هەتا رۆژی شەهیدبوونی .

لە بەرواری ١٩٨٨/٥/٥ لەکاتی پەلاماری قۆناغی چوارەمدا لەچەمی رێزان شەهید بووە، هێشتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە .

مەینەتی ئەم خانەوادەیە هەر بە شەهید بوونی ئیسماعیل کۆتایی نەهات بەڵکو لەپەلاماری ئەنفالی یەکدا دایكو باوکی بەناوی گورونو ئامینە فتاح و هاوسەرەکەیو هەرچوار منداڵەکانی کە کورێکو سێ کچ بوون ئەنفالکراونو ئێستا لەبیابان گۆڕ غەریبن.

جگەلەماڵو منداڵەکەی ٢٢ ئامۆزای تری ئەنفالکراونو بەهەمان شێوە گۆڕ غەریبن

### ناوی خانەوادەکەی بریتی بوون لە :

١. هاوسەرەکەی( گولچین محمد حسێن ).
٢. کوێستان .
٣. مەریوان .
٤. – پەیمان .
٥. روخۆش

# لەیادی ٢٥ساڵەی شەهیدانی تازەشاردا

کامران شەهیدان دووز



لەدەستپێکی پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا، یەکەمین شەڕی بەرگری لەپێدەشتەکانی گەرمیاندا لەگوندی تازەشار بوو، کە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لە ڕۆژی ٩/٤دا لە بەرەبەیاندا سوپای بەعسی فاشی بەپێشڕەوی وچاو ساغی جاشەکان و بەپشتیوانی تانك و زرێپۆش وفڕۆکەو تۆپەوە هێرشیان کردە سەرگوندی (تازە شار)ی سەربەناوچەی قادرکەرەم، پێشمەرگە قارەمانەکانیش بۆبەرگری کردن لەخەڵکی ئەو ناوچەیە کە پێکهاتبوون لە پۆلێکی پێشمەرگەی هاووبەش لەکەرتی (١)تیپی (٥١)ی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەتالیۆنی (٤)ی گەرمیانی حزبی شیوعی کە هەموویان ژمارەیان (٢٥)کەس بوو، لە کاتژمێر (٦)ی بەیانییەوە شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد،تاکو درەنگانێکی ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام، هێرش لەسەر هێرش بەردەوامبوو، لەلایەن پێشمەرگەکانیشەوە قارامانانە بەرپەرچدەدرایەوە،بەڵام بەهۆی زۆری هێزەکانی سوپاو کەمی ژمارەی پێشمەرگەو بێ چەك و تەقەمەنی بەردەستیان، تازەشار گیراو لەکوی ٢٥ پێشمەرگە (٢٢) کەسیان شەهیدبوون، تەنها چەند کەسێکیان نەبی بەریندارى لە دەست دووژمن دەربازیان بوو، ئەوانیش (هاوریٚ ئەحمەدو هاوری دەرسیم)ی حزبی شیوعی و شەهید (کمال محمدبکر )بوون، کە دواتر کەمال لەبەرسەختی برینەکانی شەهید بوو.

لەیادمە دوو ڕۆژ پێش شەڕەکەوشەهید بوونیان، لەدێی کانی قادر شەهیدی فەرماندە (نازم بچکول) لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە دوای ئەوەی کەباوکی و مام صدیق باوکی شەهید نامق کەبەداخەوە ئێستا لەژیاندا نەماوە، بەکاك نازمیان ووت (پێویست ناکات بڕوون بۆ بەرنگاربوونەوە، چونکە هێزێکەی حکومەت زەبەلاحەو لە هەموو قوڵێکەوە هێرش دەکەن ) شەهید نازم لە وەڵامدا ووتی: ( تاکو دەبابە بەسەر لاشەمدا نەڕووات ئەو دێیە چۆڵ ناکەین ونابێت دووژمن بێتە پێشەوە ئێمە بۆیە چەکمان هەڵگردووە خوێنی خۆمان بۆ کوردستان بەخت بکەین ).

هەموویان بەڕێکەوتن بەرەو دێی تازە شار بەداخەوە لەویٚ دوای بەرگرییەکی قارەمانانە هەموویان شەهید بوون.

هەتا ساڵی ١٩٩١ هاوڵاتی (تارق صالح ئەحمەد )پاش ڕزکارکردنی شاری دووز خورماتوو شوێنی گۆڕەکەیانی ئاشکراکرد بەنهێنی بۆ کاك عوسمانی حاجی محمودی باسکردبوو، کە ئەو کاتە سەرپەرشتیاری ڕزگارکردنی ناوچەکەی دەکرد بەڵام بەداخەوە دوای (١١)ڕۆژ شەڕی بەرگری لە شاری خورماتوو نەتوانرا تەرمەکانیان دەربهێنرێن ئەم کارە بەنهێنی مایەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٣ لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق هەمان هاووڵاتی وبەڕێز

کاك عوسمان کە سەرپەرشتی شەری رزگارکردنی خورماتووی دەکرد، لەگەڵ دەزگای شەهیدانی ئەوکاتەی ئیدارەی سلێمانی و لایەنە سیاسییەنی کوردستانی سنوورەکە لەمەراسیمێکی شایستەدا دەستکرا بەهەڵدانەوەی ئەوگۆڕەبەکۆمەڵەو تەرمەکانیان بەرێزەوە دەرهێنرانەوەو دواتر گواسترانەوە بۆگۆڕستانی شەهیدانی خورماتوو، لەوێ بەخاك سپێدرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٥یشدا لەلایەن بەریز عوسمانی حاجی محمودەوە مۆنمێنتێکی شایستەیان بۆ دروستکرا لەدووز خورماتوو .

بەهیوام لەیادی ٢٥ساڵەی شەهیدبوونیاندا بەم بەسەرکردنەوەیە هەم خۆم و هەم ئەنفالستان توانیبێتمان رێز لەشەهیدبووینان بنێین.

سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی تازەشاروسەرجەم شەهیدانی کوردستان وهەموو ئەوخەڵکە مەدەنییەی لەدوای شەری تازەوە گیران و ئەنفالکران.

## ناوی شەهیدانی شەڕی تازەشار

| ژ | ناوی سیانی شەهید | نازناو | پلەی پێشمەرگایەتی | لایەنی سیاسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نازم احمد حارس | نازم بچکۆل | فەرماندەی کەرت | یەکێتی |
| ٢ | فاروق احمد حارس | | پ.م | یەکێتی |
| ٣ | نیزام احمد رەمەزان | | ج.ف . مەفرەزە | یەکێتی |
| ٤ | غالب عبداللە امین | هونەر | فەرماندەی مەفرەزە | یەکێتی |
| ٥ | نەجاە فتح اللە امین | نجات هەفتەغاری | پ.م | یەکێتی |
| ٦ | احسان محمود صالح | احسانە سوور | فەرماندەی مەفرەزە | یەکێتی |
| ٧ | حمید محمد صالح | | پ.م | یەکێتی |
| ٨ | احمد امین روستم | احمد ئاوباریکی | پ.م | یەکێتی |
| ٩ | احمد قادر کریم | احمد مەسۆیی | پ.م | یەکێتی |
| ١٠ | یاسین سعدون سعید | | پ.م | یەکێتی |
| ١١ | جبار عبدالکریم | جەبار کانی قادری | پ.م | یەکێتی |
| ١٢ | شیرزاد حسن علی | شیرزاد بەچە | پ.م | یەکێتی |
| ١٣ | عادل مجید عبدالکریم | مام عادل | پ.م | یەکێتی |
| ١٤ | بەداخەوە ناوی نەزانراوە رەنگە هێزی پشتگیری ئەوناوچەیە بوبێت | | پ.م | یەکێتی |
| ١٥ | بهائەدین علی محمد خلیفە | هاوڕێ ماجد | رابەر سیاسی لق | حزبی شیوعی |
| ١٦ | فوزی هادی عتوی | عامر عەرەب | پ.م | حزبی شیوعی |
| ١٧ | نازم علی عباس | ملازم سامی | معاون امر بتالیون | حزبی شیوعی |
| ١٨ | تارق محمد امین | | پ.م | حزبی شیوعی |
| ١٩ | عبداللە ولی حیدر | عبداللە هەیرەسووری | پ.م | حزبی شیوعی |
| ٢٠ | عدنان رشید غیدان | عدنان کانی قادری | پ.م | حزبی شیوعی |
| ٢١ | عبدالرحمن علی محمد | ئاشتی | رابەر سیاسی لق | حزبی شیوعی |
| ٢٢ | تالب ابراهیم کامل | علی عرب | ئیدارە و مالیەی لق | حزبی شیوعی |

## ڕێزلێنانێك لە هوشیار بیاوێڵەیی.



هوشیار عەلی حەسەن ناسراو بە هوشیار بیاوێڵەیی لەدایکبووی ساڵی ( ) ە.

هوشیار پێشمەرگەیەکی ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابوردوو بووە، لەدوای ئەنفال ساڵی ١٩٨٩ وەکو شارەزاو چاوساغی ناوچەکە لەگەل مەفرەزەیەکی پارتی زانیدا هاتنەوە بەرەو کوردستان، بەڵام ئەفسوس مەفرەزە پارتیزانەکە لەرێگا کەوتنە کیڵگەیەکی مینەوە ،لەوەها کاتێکی مەترسیداردا، کە هاوسەنگەرەکانی هوشیار لە نێوان مەرگ وژیاندابوون، هوشیار ئێرادەی کردو بریارێکی ئازایانەیدا، ئەو ویستی رێگایەکی سەلامەت بۆ هاوسەنگەرو هاورێ پارتیزانەکانی بکاتەوەوژیان و ئارامییان پێبەخشی، بەڵام ئەفسوس .. مین ( لوغم ) یکی جۆری ڤالمارای پێدا تەقییەوەو قاچێکی لەدەستدا.

وەنەبی هوشیار بەلەدەستدانی قاچێکی بێ ئومێد بوبێ نا بەپێچەوانەوە ئەو هەمیشە شەڕ لەگەڵ مین و مەرگدادەکات، ساڵی ١٩٩٤ لە گوندی هوشیاراوای نزیک کانی مانگای سەر بە قەزای پێنجوین لەکاتێکدا خەریکی پوچەڵکردنەوەی مینەکانی دەوروبەری گوند بوو، قاچی دووهەمیشی لەدەستدا، بەقسەی خۆی تا ئێستا ٢٨٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار مینی هەلگرتووەوەو پوچەلی کردوونەتەوە.

هەمیشە لەناو ئۆتۆمبیلەکەیدا چەند نمونەیەك لەومینانە هەن، کە پوچەڵی کردوونەتەوە، هوشیار هەر کۆڵنەدەر نیە بەڵکو عاشقێکی سەرسورهێنەری هەیە لە دژایەتی کردنی میندا، بەو کارەی هەموو حکومەت بە قەرزاری خۆی دەزانێ کەچی ئەو پیاوەی هەردوو قاچی لە پێناوی سەلامەتی خەڵکی کوردستاندا داناوە حکومەت

داواکاریەکەی بۆکردنەوەی مۆزەخانەیەك بەهەند ناگریٚو بۆی جێبەجێ ناکات..؟!

ئەو رۆژەی لە هەڵبجە هوشیارم بینی ووتی: داوام لە وەزارەتی پیشمەرگە کردووە مۆزەخانەیەکم بۆ بکەنەوە بۆ هەڵگرتنو هێشتنەوەی ئەو مینانەی کۆمکردوەتەوە، بەداخەوە کەس بەدەم داواکەمەوە نەهات . دیارە کەرەکەی منیان بەلاوە گرنگ نیە. من دەمێکە هۆشیاردەناسمو خەریکی کارێکی مەترسیدارە ئەو هەتا ئێستاش ئەو کۆمەڵە (مین)ە جۆراوجۆرانەی لە ژێرخاکی گوندەکەی خۆیاندا ( بیاوێڵە) دا هەلگرتووە، ئەمەش کارێکی ناتەندروستەو دەشێت بە هۆی گۆڕانکاری سروشتیو یان کەوتنەوەی ئاگرو هەر رووداویکی نەخوازراو لە ناوچەکەدا تەقینەوەو کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە .

# سەید مەجید
# لەپێشوازی ئەنفالکراوان - دێبنە



ڕۆژی بەخاك سپاردنەوەی روفاتی ١٥٨ ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان کە لە زنجیرە جیای حەمرین دۆزرانەوەو تەرمەکانیان هەڵدرانەوە، رۆژی ٢٠١٢/١٢/١٣ گەرێنرانەوە بۆ گەرمیانو لە گۆرستانی دێبنە بەخاك سپێردرانەوە .. دیمەنی پیرەمێردێکی کەم ئەندامی خەڵکی گوندی گەراوی، زۆر ئازاربەخش بوو، ئەو پیاوە ناوی سەید مەجید بوو کە توشی شەلەل بوو، بەهۆیەوە هەردوو قاچی لەکار کەوتبوون، بەو حاڵەشەوە بەسەرکورسیەکی خولاووەوە کە تایبەتە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، گەیشتبوە دێبنەو لەناوتەرمەکان دانیشتبوو، سەید مەجید دوبرای ئەنفالکرابوون بەناوەکانی مەحمودو حەمید، مەحمود براگەورەیان بووە، سەید مەجید بەوە بەداخ بوو کە ئەم برایەی هیچ کەسێك لەخانەوادەکەی دەرنەچوونو هەموویان ئەنفالکراون .

## قۆناغی هەشتەمی ئەنفال لە دەڤەری بادینان.

# کۆمەڵکوژی گوندی کوریمی

### هاشم محەمەد دەربازبووی ئەو کۆمەڵکوژە چیرۆکی گوللەباران دەگێڕێتەوە :

سمکۆ سابیر



بادینان. ئەو وردەکاریی و زانیاریە دروستانە دەرفەتی کارکردن بەخێرایی دێنێتە پێشەوە وامان لێدەکات پەلەبکەین، لەکارکردن و بینینی ئەوانەی کەچەند بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێویستن، تا بەئارامی بژین و بۆ ئێمەش ببن بەسەرچاوەی زانیاری زیاتر دەربارەی تاوانی ئەنفال و ناساندنی تەواوی دۆسیێکانی کۆمەڵکوژی بەجینۆساید لەسەر ئاستی ناوچەکەو دونیا.

خۆشبەختانە ئەو رۆژە بەدی هات دیسان سوپاس بۆ کاک عومەرنحەنەدە کە دوو رۆژ بەر لە یادی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ لەمیانەی ئەنفالی بادینانەدا، تێلی بۆکردم و پێیگووتم کەئەبێت ٢٠١٢ / ٨/٢٨ بچینە دەڤەری بادینان و لە گوندی کوریمێ ی سەربەنایەی (مانگێش) ی پارێزگای دهۆك ئامادەبین. بۆیە من رۆژێك بەرلەوە لەکەلارەوە بەرەو سلێمانی بەرێکەوتم، کاک (هاشم محمد) یش کە یەکێکە لە دەربازبووەکانی ئەو کۆمەڵکوژییەی گوندی کوریمێ ئامادەبوو، عەسرێکی درەنگ لە نێو نێڵەی گەرمای ئابدا بەرێگایەکی

زۆر دەمێك بوو ئارەزووم دەکرد سەفەرێکی بادینان بکەم و لەنزیکەوە ئەو دەربازبووانەی ئەنفالی بادینان ببینم و دیداریان لەگەڵ سازبکەم وبیانناسم. چونکە دوای ئەوەی کاك عومەرمحەمەدی هاوڕێ و سەرنوسەری سالنامەی ئەنفالستان ئەودەربازبووانەی کۆمەڵکوژی بەئێمەو کۆمەڵگەی کوردستانیش ناساندووە ئیتر ژمارەی ئەو دەربازبووانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەر هەشت قۆناغی ئەنفالمان بۆ دەرکەوت کە لە کۆی سەدان هەزار کەس تەنها (١٣) کەسیان دەربازبوون بەداخەوە لەناویاندا ئێستا سێ کەسیان لەژیاندا نەماون.

ئەو ١٠ کەسەکەی تریش کەئێستا لەژیاندا ماون پێنج کەسیان لەدەربازبووانی قۆناغی هەشتی ئەنفالی

درێـــــژدا بـــــەرەو پارێزگـــــای دهـــــۆك بەرێکـــــەوتین، ئەگەرچـــــی گـــــەرمای ئـــەوڕۆژە بێڕەحمانـــە دەیســـوتاندین بـــەلام هەرچـــۆنێك بـــوو بـــەدەم گفتوگـــۆوە کاتـــژمێر ١١ شـــەو گەیشـــتینە ناحیـــەی مـــانگیش کـــە هـــەروا پێـــنج دەقیقەیـــەك لـــە شـــوێنی کۆمەڵکوژیەکـــەی گونـــدی کـــورێمێ دووربـــوو، لـــەوێ لـــە مـــاڵی یـــەکێك لـــەدەربازبوانی ئـــەو کۆمەڵکوژیـــە پێشـــوازییانکردین و حەواینـــەوە ئـــەویش کـــاك ( عەبدولقـــەهار خـــەلیل) بـــوو کـــە ســـەربازە دلڕەقـــەکانی ســـوپای بـــەعس لـــە١٩٨٨/٨/٢٨ دا هـــەموو پیاوەکانیـــان دابـــووە بەردەســـتڕێژی گوللـــە، ئەمـــەش حاڵـــەتێکی جیـــاوازبوو لـــە ئەنفالـــداو بەپێچـــەوانەی هـــەر حـــەوت قۆناغەکـــەی تـــرەوە بـــوو ،کـــەقۆناغی یەکـــەمی تـــاوانی ئـــەنفال تـــا قۆنـــاغی حەوتـــەم لەســـنووری ســـۆراندابووە ،قۆنـــاغی هەشـــتەمیش لـــە دەڤـــــەری بادینانـــــدا بـــــەڕێوە چـــــوو،لەقۆناغی هەشـــــتەمدا زۆرێـــــك لەگـــەنج وپیاوان لـــەنێو گونـــدەکانی خۆیـــان ئـــەنفال دەکرێن ولـــەناو دەبـــرێن . ئەمـــــەش ئـــــەو جیاوازییەیـــــە کەرەهەنـــدێکی قوڵ وهۆکـــاری گـــەورە هەیـــە بـــۆ شـــرۆڤەی ئەولایەنـــە کـــە بۆچـــی بـــەعس لـــە بادینـــان تاوانەکـــەی یەکســـەر ئەنجامـــداوەو لەقۆناغـــەکانی تـــردا ئـــەو هـــەموو ڕێگایـــەی بـــە قوربانیـــانی ئـــەنفال بڕیـــوە بـــۆ ئـــەوەی لـــە بیابانـــدا کۆمەڵکوژیان بکان .!!.

ســـەرلە بـــەیانیی ڕۆژی ٢٨ / ٨ /٢٠١٢ ئامـــادەبووین و لەچـــاوەڕوانی خـــاتوو عەدالـــەت عومـــەردا بـــووین، هـــەر کـــە ئـــەویش گەیشـــتەلامان دوای ئـــەوەی لـــەماڵی کـــاك عەبدولقـــەهار خـــەلیل بەرچـــاییمانکرد،پێکەوە بەرێکـــەوتین بـــۆ گونـــدی کـــورێمێ، بەرێگایـــەکی کورتخایـــەن و پێچاوپێچـــدا گەیشـــتینە " کـــورێمێ" ئـــەو گونـــدەی کۆمـــەڵکوژی گـــەورەی مرۆڤـــی تێـــداکراوەو ڕۆژگارەکـــانی دلڕەقی ونـــەزانی ویســـتیان لەمێژوودابیشارنەوە.

لـــەوێ ڕوبـــەڕووی کەشـــێکی زۆر تایبـــەت بوومـــەوە یـــادەوەری ئەوخەڵکـــەو نـــامۆیی ئێمـــە بـــەم ناوچـــەیە، لەوماوەیـــەدا خـــەیاڵ دەیبردمـــەوە لـــە نـــاو گۆڕســـتانی گونـــد کـــە تـــەرمی قوربانیـــانی کۆمەڵکوژیەکـــەیان تێـــدا ئەســـپەردەکراوەتەوە، هێنـــدەی تـــر خەیاڵەکـــەم بـــوو بەخـــەمێکی قـــوڵتر، ئایـــا بۆچـــی بـــەعس ئـــەو هـــەموو ڕێگایـــەی دەگرتەبـــەر تـــەنها بـــۆ کوشـــتنی ئەومیللەتـــەی کـــەناوی کـــوردە ؟ ئەوانـــە ئـــەو ڕۆژەی کۆمـــەڵکوژکران ؟، زۆرێـــك لەوانـــە هـــەرگیز بـــڕوای نـــەدەکرد کـــە ئاســـتی دڕنـــدەیی ڕژێمـــی بـــەعس و ئەفســـەرو دەرەجـــەدارانی ســـوپاکەی ســـەدام کـــە تـــازە لەشـــەڕێکی هەشـــت ســـاڵەی کاولکـــاری گەڕابونەوە،بـــەو ئەندازەیـــە دوژمنـــی مرۆڤـــەکانی ژێـــر فـــەرمانڕەواو ســـێبەری خـــۆی بێـــت و ئـــارەزوی کوشـــتن و لـــەناوبردنیان بـــەو کۆمەڵکوژیە بکات.

هاشـــم محەمـــەد ســـەرەتا بەهەڵکێشـــانی ئـــاخێکی قـــوڵ، دوای چـــەند ســـاتێك بێـــدەنگی، چـــاوەکانی پڕبـــوو لـــە فرمێســـك دەســـتی بەگێڕانـــەوەی ئـــەو کۆمەڵکوژییـــە کـــرد کـــە خـــۆی و تـــەواوی گونـــدی کـــورێمێی بادینـــان دوچـــاری هـــاتن . ســـەرەتا هاشـــم وردە وردە ئێمـــەی لـــە

بەرزایی گوندەکەوە پەڵکێشکردە شوینی روداوەکەو هەنگاوەکانی بەرەو خوار شۆردەبوونەوە. منو عومەرمحمەد کە لەسەر گۆڕستانی گوندی کوریمیٚ هەتا کۆتایی مەراسیمەکە هەتاو سوتاندبوین. کە دواتر شۆربووینەوە بەرەو ٢٠٠ مەتری خوار گوندی کوریمیٚ هەوایەکی فێنك جۆش وخرۆشێکی پێبەخشینەوە، بەلاّم گیرانەوەی چیرۆکی گوللەبارانکردنی ئەوخەڵکە لەناوەوەرا دەیکولاّندین، کورد وتەنی هەوای فێنك بەئیمەچی چونکە ئیمە بۆگەشت وگوزار نەهاتبووینە ئێرە بەڵکو بۆ گوێگرتن لەوپیاوانەی لە دۆزەخی کۆمەڵکوژییەکی تری ئەنفال رزگاریان ببوو، ئێمە گەیشتینە هەمان ئەو شوێنەی کە کۆمەڵکوژییەکەی تێدا کرابوو، چوینە شوێنی ئەو ٣٣ پیاوەی کە لە ئەنفالی هەشتەمی بادینان لەم گوندە بێرەحمانە گوللە بارنکرابوون، " هاشم" لە سەرەتاوە دەستی بەگیرانەوەی چیرۆکی گوللەبارنکردنەکەی رۆژی ٢٨/٨/ ١٩٨٨ کرد چووە هەمان ئەو شوێنەی کە بەریز راياگرتبوون و دواتر رویان وەرگیرابوونە ئەفسەرێك فەرمانی پێکردبون کە دایشن بەهەمان ئەو شێوەیە دانیشت کە بەرلەگوللەبارانکردنەکە دانیشتبوو، دواتر کە فەرمانی گوللەبارانکردنەکە دراوە ئەم چۆن خۆی بەزەوی بەیارەکەوە نوساندووەو سەری داخستوە، تا ئەوکاتەی سەربازیك هاتووەتە سەر تەرمەکان و گوللەی بەزەیی (گلقە الرحمە )پێوەناون : (بێگومان هێرشەکەی بادینان رۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ بە کیمیابارانی ناوچەکە دەستی پێکردو رۆژانی دواتر لەهەموو لایەکەوە سوپا بە هێرشی زەمینی پێشڕەوی کرد دەڤەری مانگێش و گوندی کورێمیٚ سەرەتا لە دیوی مانگێش و لەوبەریشیەوە لە زنجیرە شاخی (مەتین ) بەرەو ئێرە دەستی پێکرد،لەشەوی ٢٧/ ٨ / ١٩٨٨ ئێمە لەگەلی (بازیٚ) کە دەچێتەوە ناوچەی بەرواری بالاّ و لەوێشەوە دەچێتە بامەڕنی و پاشان رێگا هەیە بۆ باتۆفەو زاخۆ .هەروەها سوپا لە دیوی بامەڕنیٚ ومانگێشەوە رێگا هەیە دەچێتەوە بامەڕنیٚ لەباتۆفەشەوە جاش و سوپا بەروە ئێرە هاتن کەدواتر کۆی ئەو سوپاو جاشانە لەو سنوورە یەکیان گرت ، کەلەشکرەکە کۆبونەوە سەرنجیان خستە سەر ئەو دەربەندەی خوارگوندی کورێمیٚ کەبەهەزاران خەڵکی تێدابوو لەگەنج وپیرو ژن ومندالٚ . لەسەروەی گوندەکەی ئێمە دوو گوندی تری لێیە (ئەریزا، ئەریزا بانك ) ئەوەی توانی بەرەو ئەو دووگوندە سەربکەوێت ،ئەوە بۆخۆی دەربازیبوو،ئەوەی تریش مایەوە بەناچاری گەڕایەوە ، ئێمە کەگەڕاینەوە خوارەوە وتیان سووپا لەسەرەوە هاتووە ، خەڵك بەپێچەوانەوە بەرەو خوارەوە دەگەڕایەوە، ئێمە کەهاتینە گوندی ( دگیٚ ) پاشان بۆگوندی هەمزە ،رێگاکان بەتەواوی داخرابوو .دوژمن

بەهێزێکی زۆرەوە بەهاوکاری جاشەکان هەموو شوێنەکانی ئەو ناوچەیەی کۆنترۆڵ کردبوو،لەوناوە ئاوێکی لێیە پێیدەڵێن (سپنە ) کەسنوری نێوان گوندی کورێمیٚ وهەمزە لێکجیادەکاتەوە ، کەهاتینە سەرئەو ئاوەو پەڕینەوە ئەو شەوە ٢٧/ ٢٨/ ٨ بوو سوپا هەستی بەئێمە کردبوو پۆپبارانێکی خەستدەستی پێکرد ،بەڵام هەرجارەو شوێنێکی دەکردە ئامانج .چیای بەڕۆشکیٚ ی سەربەناحیەی مانگێش بارەگای سریەی سوپای لێبوو کەخاوەنی چەندین تانكو زریپۆش وچەکی قورس بوون ، جگەلەبوونی چەندین هەزار سەرباز،ئەو سەربازگەیە بەردەوام بەتۆپی قورس‌ودوورهاوێژ ،تۆپبارانی ئەو ناوچەیەی ئێمەیان دەکرد .تابەناچاری لەسفنەوە لەگەڵ هاوولاٚتیانی گوندی (چەڵکی ) کەکەوتۆتە خوار گوندی کورێمیٚ ، ژمارەیان یەکجار زۆربوون بەیەکەوە دواجار بڕیارماندا بچینە دۆڵێکی زۆرقوڵ لەخوار گوندی کورێمیٚ .ئەو شەوە لەویٚ ماینەوە تادواجاررتۆپبارنەکە لەبەرەبەیاندا تەنها چەند مەترێك لەئێمەوە دەتەقینەوە . تۆپبارانەکە هەموبەرزایی ودۆڵەکانی گرتەوە .بەیانی کەلەخەو هەڵساین ئەو ناوە هەمووی سوپاوجاش بوو،هیچ لیواوسریەو فەوجێکی جاش نەمابوو لەو ناوە نەبێت و بەشداری نەکات لەو ئۆپەراسیۆنە ،ئێمە پێماننایە رۆژی ٢٨/٨/ ١٩٨٨ چونکە ژمارەمان زۆربوو،هەمومان لە دۆڵەکە بەیەکەوە بەژن‌و منداڵو پیرو گەنجەوە دەستگیرکراین ، کەدەستگیرکراین هەمومانیان هێنایە سەروەی دۆڵەکە و ژن‌ومنداڵیان لەگەڵ پیاوەکان جیاکردەوە ،فەرماندەی سوپاکە بەناوخەڵکەکەدا دەگەڕا بەئارەزووی خۆی گەنجەکانی هەڵدەبژاردو جیایدەکردەوە ،خۆمان سەرەتا ٣٤ کەس بووین لەوانەی کەجیاکراینەوە یەکیکمان مێرمنداڵ بوو ناوی خەلاٚت بوو،دووجار هاتەلای ئێمە بەڵام ئێمە رەوانەی لای دایکیمان کردەوە تادواجار ٣٣ کەس ماینەوە پاشان ئێمەیان لەژن‌ومنداڵەکان جیاکردەوەو لەوشوێنە دووریانخستینەوە بەرەو خوار گوندەکە وژن‌ومنداڵو پیرو پەککەو تەکانیشیان بەرەو ناوگوندی کورێمیٚ راپێچکرد.پاشان سوپا بەچوار دەوری ئێمە بلاٚوکرایەوە ،هەموولاێکیان لەئێمەگرت ، پاشان ماوەیەك دایاننناین بەبێئەوەی یەك قسەشمان لەگەڵدابکەن ، یالێپرسینەوەو بەدواداچوون بکەن هیچ شتێك لەگەڵ ئێمە نەوترا،تەنها جار ناجارێك ئەفسەرەکان هەندێکیان دەیانگووت : لێبوردنی گشتی هەیە ، هەندێکی‌تر دەیانگووت نەخێر لێبوردنی گشتی لەئارادا نییە .دوای ماوەیەك کەبەتەواوی ژن‌ومنداڵەکان لەئێمە دوورخرانەوە،ریزەکەی ئێمە کەهەمومانیان وەکو تەشکیلەی سەربازی ریزکردبوو،من دوواکەس بووم ،بەڵام کەڕوویان وەرگێڕاین ،بووم بەیەکەم کەس لەڕیزەکە

وعەبدولقەهاریش (*١) دووەم کەس بوو ، ئینجا بەئێمەیان گووت :هەڵسن ،پاشان ئێمەیان بردە خوارەو ریزیان کردین بەشێوەیەك بوو کەپشتمان لەشێوەکە بوو (دۆڵ ) سەربازەکانیش هاتنە سەر سەرمان و زۆر لێمان نزیك بوونەوە ،ئێمە ٣٣ کەس بەڕیز وەستێندرا بووین و ژمارەیەك سەربازیش بەرامبەر ئێمە ریز کرابوون ، کاتەکە دەمەوئێوارە بوو ئینجا بە ئێمەیان گووت: دابنیشن ، کاتێك دانیشتین ، من سەربازەکەی سەری خۆم نەدەبینی چونکە شوێنەکە لێژبوو سەربازەکانیش بەپێوە وەستابوون و ئێمەش سەرمان لەخوارەوەو چاوەڕێ و ئەوەمان دەکرد کە کەی تەقە دەست پێدەکات و دەمانکوژن ؟ لەکاتی دانیشتنەکە کوڕێکی گوندی (چەڵکی ) لەتەنیشت عەبدولقەهار بوو،ئامرەکە فەرمانی دا تەقەبکرێت ، ئیتر کەتەقەمان لێکرا زۆربەی کەوت ، کاتێك سەربازەکەی بەرامبەرم تەقەی دەکرد من ئەو نەدەبینی چونکە وەکو پێشتر باسمکرد ،چاڵبوو ،بەلاّم گیزەی دەیان فیشەك بەلای لەشم دەهات ،بەتایبەتی بەلای دەموچاومدا ، من هێشتا هیچ فیشەکێکم بەرنەکەوتبوو ،دیسان چەند فیشەکێکی تریان تەقاند ، من بەعەبدوقەهارم گووت : من فیشەکم بەرنەکەوتووە ،بەلاّم عەبدولقەهار فیشەکی بەرکەوتبوو خوێنی لێدەڕۆیشت ،جارێکی تر بۆسێیەم جار تەقەیان لێکردینەوە من بەهۆی چاڵی شوێنەکەمەوە هیچم بەرنەکەوتبوو ،بەلاّم ئەفسەرەکە فەرمانیدا کەراستەوخۆ بێنەسەرمان وئەوەی نەکوژراوە بکوژرێت و لەناوببرێت بۆیە چەند سەربازێك هاتنە سەرمان و یەك بەیەك بمانکوژن .هەستمکرد سەربازێك لەسەر سەرم وەستاوە بۆیە منیش هەستم لەخۆم بڕی وجوڵەم نەکرد ، سەربازەکەش لەویوی منەوە شەقێکی لەعەبدولقەهار هەڵدا، هەستمکرد ( سدقی )ش (* ٢ ) فیشەکی بەرکەوتووە .ئەمجارە سەربازەکە تەقەی لەمنیش کرد بەلاّم چونکە ئەو زۆر لەسەر سەرم وەستابوو کەتەقەی لێکردم هەستمکرد هەردوو قاچم فیشەکی بەرکەوتووە و خوێنی لێدەڕۆیشت ،عەبدولقەهاریش برینداربوو ، بەلاّم خوێنی ئەو کوڕەی گوندی چەلکی کەبەداخەوە ئەو گیانی لەدەست دابوو ، هیچنابووی بەسەرلاشەی خۆیەوەو خۆی تەواو پێ سوور کردبوو .دوای ئەوەی لەعەبدولقەهاریش تێپەڕی یەك بەیەك تەقە لەو٣٣ کەسە کرا و لەو سەرەوە بۆی دەرچوو پاشان ئەفسەرەکە فەرمانی کرد کە سوپاکە پاشەکشە بکات بۆ ئەو شوێنەی کە دەستنیشان کرابوو .کەگوندی کوڕیمێ بوو کەتەنها ١٠٠- ١٥٠ لەئێمەوە دووربوو .لەکاتی ڕۆیشتنیشیان دەستیان کرد بەتەقەکردن بەو ناوەو تەقەیان لەهەمووددۆڵ وداروبەردێك دەکرد.ئەوناوەیان سووتاند ،وەکو شێت تەقەیان لەو سروشتە جوانەی ئەم وڵاتە دەکرد ،تادەهات تەقەکردن وتۆپباران زیاتر خەست تر



دەبوو،(کەریم) یش (*٣) لەسەرەوە هاتەخوارەوەوئاگرەکەش لەئێمەو کوژراوەکان نزیك دەبووە .عەبدولقەهارگووتی بوەستن بارێگایێك بدۆزینەوە بۆدەربازبوون . منیش پێیانم گووت : من بیبەڕێننەوە بارێگایێکتان پیشان بدەم بۆئەوەی هەموومان رزگاربببین .کاك کەریم وعەبدولقەهار زۆر هەوڵیاندا ئاگرەکەبکوژێننەوە بەڵام سوودی نەبوو ، شوێنەکە پوش وپەڵاشی وشکی لێبوو نەکوژایەوە .بۆیە بەرەو ئەو رەزە چووین کەلەنزیك شوێنی گوللەباران کردنەکەمان بوو ،بینیمان ئەبابەکریش (*٤) برینداربووەو خۆشبەختانەلەژیاندا ماوە .کەریم لەپێش عەبدولقەهار دەرۆیشت ، پێیگووتن بەس جاربەجارێك ئاوڕم لێبدەنەوە نەوەك بکەوم ،بەمنیشیان گووت : ئەگەر ئێمە لەژیاندا ماینەوە ،دەگەڕێینەوە بۆ رزگار کردنت .ئەوان بەرەو دۆڵەکە رۆیشتن و ئاگرەکەش تادەهات زیاتر پەرەی دەسەندولەلاشەکان نزیك دەبۆوە،تۆپ بارانەکەش زیاتر دەبوو .بەتەواوی لەئێمە نزیك دەبۆوە .من خۆم کەدواکەس بووم مابومەوە بەهۆی سەختی برینی هەردوو قاچم لەوشوێنە مابومەوە ،لەنێوان لاشەکانیش بووم تادەهات ئاگرەکە لەلاشەکان نزیك دەبۆوە تەنهانەت هەستم بەسوتانی لاشەکان دەکرد کەبۆنی سوتانی لێدەهات .جلەکانیان ئاگری لێبەرز دەبۆوە ،هەرچۆنێك بوو خۆم خستە سەرپێ لەیەکەم جاریش خۆشبەختانە نەکەوتم ،ئەمزانی قاچم بریندارە ،بەڵام نەمدەزانی برینەکەم چۆنە ؟ تاخۆم گرتەوە وبەهەمان رێگەی ئەوان رۆیشتم . کاتێك رۆیشتم نەمزانی ئەبابەکریش لەوێیەو بریندارە !. لەکاتی رۆیشتن نەدەوێرام بەرێگادا بڕۆم ، هەوڵم دەدا بەنێو دارو باخەکەدا بڕۆم و خۆم لەرێگاکە بەدووربگرم و ئاسەواری خوێن بەجێبهێڵم لەترسی ئەوەی نەوەك بمدۆزنەوە .بۆزانیاریتان : تۆزێك لەباسەکە دەردەچم ، لەساڵی ١٩٨٥کەگوندی کورێمێ ئازاد کراو کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە ئیتر لەو ساوە بەناوچە ئازاد کراوەکان لەقەڵەم دەدرا ،رژێمیش دەیگووت :هەرکەسێك نەیەتە پێشەوە خۆی ناونووس نەکات لەلای بۆحکومەت ، ئەوە بەسیخورو پێشمەرگە لەقەڵەم دەدرێت .بۆیەلەساڵی ١٩٨٥ گوندەکە تێکدراو زۆربەی دانیشتوانەکەشی لەئەشکەوت وشیوو دۆڵەکان ژیانیان دەبردەسەر ،شوێنەکەش لێرەوە تەنها ٢-٣ کیلۆمەترێك لێرەوە دوورە .ئێمەش یەکێك بووین لەو ماڵانەی کەلەئەشکەوت دەژیاین .هەرخانەوادەیەکی گوندەکە لەژێر بەردێکی گەورە ، یائەشکەوتێك



،ماڵێکی بۆخۆی دروستکردبوو .تیایدا دەژیا .ئەو شوێنانە تاساڵی ١٩٨٨ ئاسەواری مابوو ،بۆیە ئەمزانی ئەوان بۆکوێی دەچن ؟ منیش بەهەمان رێچکەی ئەوان دەڕۆیشتم بەرەو لای ئەوان رۆیشتم خوێنێکی زۆریشم لێدەڕۆیشت تاگەیشتمە چەمێك شوێنەکەم بەرزایی بوو بینیم عەبدولقەهارو کەریم لەوێن ،بانگم کردن ئەوان یەکەمجار زۆر ترسان بەڵام من خۆم پێناساندن ، ئەوانیش هاتن ولآخێکیان بۆهێنام ومنیان خستە سەری ،لەوشوێنەی کەباسم کرد ماڵی پیاوێکی لێبوو ناوی حاجی بوو ، لەو ماڵە شەروالێکیان بۆهێنام چونکە شەرواڵەکەم هەمووی خوێن بوو ،پاشان چوینە ژێر دارێك بەپێی دەڵێن (قاچ ) بەردەوام دارێکی دڕکاوی سەوزە بۆماوەی هەشت رۆژ لەژێر ئەو دارە ماینەوە و ژیانێکی زۆر خراپمان بردەسەر .ئەبابەکر شەو بەهۆی ئازاری برینەکەی دەنگی بەرزببۆوە ، بۆیە سەربازو جاشەکان گوێیان لەدەنگی ببوو بۆیە سەربازەکان هاتبون لاشەکانیان ژماردبوو ،بینیبوویان کەمیکردووە ئینجا کەوتنە گەڕان بەدوای ئێمەدا ، بەردەوام ئەو ناوچەیان تۆپباران دەکردو بەهۆی سەدان سەربازەوە رۆژانە هەر رۆژەو شوێنێکیان دەپشکنی وتادەهات لەئێمەوە نزیك دەبوونەوە . لاشەکان چەند رۆژێك لەوێ مابونەوە و هەموویان بەتەواوی سووتابوون ،مەلایێکیش بەناوی شێخ جەمال کەئیمام وخەتیبی مزگەوتی مانگێش بوو چووبوو بۆلای بەرپرسی رێکخراوی حزبی بەعس ناوچەکە پێیگوتبوون کەخوا قبوڵ ناکات ئەو تەرمانە لەوێ بەسووتاوی کەوتوون وبەوشێوەبمێننەوە ! خۆئەوانیش موسوڵمان بوون ،!هیچ نەبێت بابەو شێوەیە نەمێننەوەوبیاننێژین بۆیە ئەو مەلایە زۆر پاڕابۆوە تادواجار رازی دەبن بەوەی لاشەکان بخەنە چەند چاڵێکەوە هەرلەشوێنی خۆیان کەلێی گوللەباران کراون .سوپاو جاشیش هەرۆژەو دەهاتنە شوێنێکی تازەو تادەهاتیش لەئێمە نزیك دەبوونەوە . هەموو دۆڵەکان وئەشکەوت و نێو رەزوباخ وشوێنە چڕەکانیان دەپشکنی بۆ ئەوەی ئێمە بدۆزنەوە ،دواجارلەکاتژمێر ٨ی بەیانی تەنها ١٠٠ مەتر مابوو بماندۆزنەوە .ئێمە ئەو رۆژە لەترسان هیچ جوڵەیەکمان نەکرد ،تاکاتژمێری ٤ ی ئێوارە ، چونکە ئەیانزانی ئێمە چەند کەسێك



لەژیاندا ماوین ،رژێم سیناریۆیێکی بۆئێمە دروست کردبوو کەئەو کەسانە شەڕیان کردووەو لەو شەڕەدا کوژراون ، دوای ئەوەش دەیانویست تاوانەکەی خۆیان بشارنەوە . ئێمەشەوی ٥/٦ ی مانگی ٩ ی ١٩٨٨ ئەو شوێنەی خۆمان بەجێهێشت و بەرەو گوندە ( سفنە ) بەڕێکەوتین ، ئەو ناوە ئەشکەوتێکی لێیە، چوینە ناو ئەشکەوتەکە.سەگوەڕێکی زۆرپەیدا بوو، خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکەدا خۆی حەشاردا بوو بەڵام بەهۆی ترسەوە کەس ئاگای لەکەس نەمابوو، خەڵك وایلێهاتبوو لەسێبەری خۆشی سڵیدەکردەوەو دەترسان .هەتا رۆژی ٦/ ٩ / ١٩٨٨ ئەو شوێنەشمان بەجێهێشت وچوین بۆ شوێنێك پێیدەڵێن ( گەرەگا ) بەیانیەکەی رۆژی ٦/ ٩ چوین بۆئەوشوێنە، عەبدولکەریم بەدووربین سەیری گوندی ( تەحلابە ) ی دەکرد، جاش وسوپایەکی زۆری تێدابوو ،عەبدولقەهارو کەریم بەناچاری وردە وردە بەرەو جاشەکان دەچن و خۆیان پێدەناسێنن و قسەیان لەگەڵ دەکەن،منو سدقیش ئاگامان لەوە نییە کەئەوان چوون بۆلای جاشەکان . کات چێشتەنگاو بوو، کە گوێمان لە دەنگە دەنگ بوو، من وسدقی گووتمان ئەوانە جاشن دیارە بۆ خۆشوشتن هاتونەتە ئێرە ،سدقیش گووتی چۆن دڵنیابین ؟ گووتم شارەزایی ئەو ناوچەیەم دواتر کەبینیمان جاش بوون، من ئەو کاتە لێفەیەکم لەخۆم ئاڵاند بوو دیوێکی سووربوو دیوێکیشی سپی بوو بەڵام بەوخوێنەی لەبەرم دەرۆیشت تەواو سوور ببوو، بەجۆرێك هەستت پێنەدەکرد کە رۆژێك بووە ئەم لیفەیە سپی بووە خستمە پشتی خۆمەوە بۆ ئەوەی جاشەکان نەیبینن ئێمە چوزانین کەریم لەگەڵ جاشەکاندایە، جاشەکان تێپەڕین و ئێمەیان نەبینی بەڵام کەئاوڕیان دایەوەو ئێمەیان بینی وتیان ئەوە ئێوە لێرەن ؟ ئێمە لەجاشەکانمان پرسی ئێوە خەڵکی کوێن ؟ گووتیان خەڵکی زاخۆین، کەریم لەخوارەوە بەڕاکردن هاتەلامان هەستی کرد کارێکی هەڵەی کردووە بەرامبەر بەهەمووومان ،بەڵام هیچ کارێکی تری لەبەردەمدا نەمابووەوە ،بۆیە پەنای بۆ ئەوە بردبوو، ئەوانە جاشی موستەشارێك بوون بەناوی "خالید شێخۆ" خۆیان گووتیان : جەماعەتی خالید شێخۆین مەترسن دواتر کە کەریم هات هەندێك کەلوپەل وخواردن وجگەرەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. جاشەکان گووتیان هەستن باسوپا نەتانبینێت و هەستتان پێنەکات،چونکە کۆپتەرێکی پێشەوای هێزەکە بەردەوام بەئاسمانی

ناوچــــەکەدا دەســـــوڕایەوە و تەقـــەی دەکـــرد، پێشـــەوای ئـــەنفالی هەشـــتەم پلـەی لیـوارکنو نـاوی " یـونس محەمـەد ئــەلزەرب" پێشـــەوای فەیلـــەقی پێـــنج بوو.

پاشـــان چـــوینە لای جاشـــەکان خالیـــد شـــێخۆ گـــووتی :ئەوانـــە مەهێنـــە نـــاو جاشـــەکان چـــونکە جاسوســـی زۆرمـــان تێدایـــە هەواڵەکـــە درە دەکـــات و دەبێتـــە کێشـە بـۆ ئێـوەو بـۆ ئێمـەش ، شـوێنێکی بـۆ دیـاری کـردین، بردیانینـە ئـەوێ کـات دەمـــەو ئێـــوارە بـــوو ئـــەو ڕۆژە کـــە گەیشـــتینە لای بارەگـــای ســـەرەکی جاشـــەکان لـــەدۆڵێکی گـــەورەو قوڵـــدا ئێمـــەیان دانـــا نەمانـــدەزانی هـــۆی چـــییە کـــە تەقـــەیێکی زۆر کـــرا، تەنانـــەت بەچـــەکی قورســـیش تەقـــە دەکـــرا ؟ کـــە جاشـــەکان ئێمـــەیان لـــەناو دۆڵەکـــە دانـــا ،دواتـــر پێیـــان گـــووتین: لەبـــەر ئەمنیـــەتی هـــەردوو لالیـــرە بمێننـــەوە لـــەو دۆڵـــە کـــە نزیـــك گونـــدی (تـــەحلابا ) بـــەردەوام دەنگـــی تەقـــەکانیش دەهـــات، بۆیـــە ترســـاین لـــەوەی قـــەهارو ســـدقیان لـــە ســـەرەوە کوشـــتبێ دواتـــر کـــەریم هـــات گـــووتی: ســـەدام لێبـــوردنی گشـــتی داوە پاشـــــــان جاشـــەکان هـــاتن کـــە ئێمـــەیان بـــەو حاڵـــەوە بینـــــــی زۆر خەفـــــــەتیان بۆخـــواردین کەبـــەو ئێـــوە گوللـــەباران

کـــراوینو ٣٣ کـــەس لەیـــەك شـــوێن کۆمـــەڵکوژو ئـــەنفال بکرێـــت . جاشـــەکان گووتیـــان ئێمـــە ئامـــادەین لەگـــەڵتان بـــێین بـــۆ ئـــەوەی تۆڵـــە لـــەو ئەفســـەرە بکەینـــەوە کـــە بڕیـــاری کوشـــتنی ئێـــوەی داوەو گوللەبارانی کردوون .

دوای ســـاڵی ١٩٩١ کـــە کـــورد لەدەســـتی بـــەعس رزگـــاری بـــوو، ئینجـــا لاشـــەی کەســـوکاریان لـــەو چـــاڵانە دەرهێنرانـــەوە کـــە هـــەر لـــەو شـــوێنەی لێـــی گوللـــە بـــاران کرابـــوونو لەلایـــەن جاشـــەوە خرابوونـــە دوو چـــاڵەوە ئێســـتا لەگۆڕســـتانی گونـــدی کـــوورێمێ بـــەخاك ســـپێردراونەتەوە. کـــە لـــەکۆی ٣٣ پیـــاوی گـــەنج و کامـــڵ تـــەنها ٥ کـــەس دەربـــاز بـــوون. دەربازبووەکـــانیش بریتـــی بـــوون لـــە: هاشـــم محەمـــەد ، عەبدولقـــەهار خـــەلیل . ســـدقی، ئەبابەکر،کـــەریم . کەهـــەمووویان بـــەموعجیزە لـــەو کۆمەڵکوژییـــەی گونـــدی کـــوورێمێی نـــاحیێ مانگێشـــی ســـەربەپارێزگای دهۆك دەربازبوون.



## ئەنفالی بادینان و کۆمەڵکوژی مێرگەتووی



له ئەنفالی بادیناندا تاوانێکی تری هاوشێوەی کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کورێمێ بەڵام بەژمارە کەمتر هەیە، کەچی بێجگە لەمێدل ئێست وَچ کەس باسی نەکردون ونازانرێ بۆچی بەفەرامۆشکراون ؟! لە گوندی مێرگەتوی کۆمەڵکوژییەکی تر ئەنجامدراوە، گوندەکە لە بناری باشووری چیای گارەدایە، ئەویش وەکو زۆربەی گوندەکانی تری بادینان لە ٢٥ ی ئابی ١٩٨٨داکیمیابارانکرا. لەبەرئەوەی زۆربەی پیاوەکانی گوندی مێرگەتووی پێشمەرگە بوون، چووبوونە چیا، بەڵام نزیکەی ١٠٠ کەسی خەڵکی ئەم گوندە دوای ئەوە لەرۆژدا کیمیاباران کرابوون، شەوی ٢٥/٢٦ لە ماڵەکانی خۆیاندا سەربازدەسگیری کردن و نزیکەی سەعاتێك لەلای کانییەکەی گوندا گلیاندانەوەولەماوەی کاتژمێرێك چاوەڕوانیەدا سەربازەکان بەبەرچاوی خۆیانەوە ئاگریان لەماڵەکانیان بەردا. دواتر بەهەمان شێوەی ئەفسەرەکانی گوندی کورێمێ ئەفسەرێکی ئیستیخبارات بە هۆکی – تۆکی قسەی لەگەڵ فەرماندەکانی سەرووی خۆیدا کردبوو: پێپراگەیاندن کەوا ژمارەیەك لە"تێکدەرانیان" گرتووە. جاشێك کە لە نزیکیەوە وەستابوو لەزمانی عەرەبی تێگەیشتبوو بەئەسپایی بە خەڵکەکەی وتبوو کە ئەفسەرەکە فەرمانی دراوەتێ: "ژن و پیاوەکان لێکتر جیابکەرەوەو هەموو ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە ژوور پانزەوەیە بیانکوژە". ئەوجا دوانزە پیاوجیاکرانەوەو خرانە لایەکەوەو کە شەو داهات ژنەکان بەپێی بران بۆ شارۆچکەی سەرسەنگ. لەم پشێوی و تاریکیەدا ئەفسەرێکی دڵنەرم توانی چوار لەپیاوەکان لەناوکۆمەڵی ژنەکاندا بشارێتەوەو لەوێدا ڕزگاریان بکات هەشتەکەی تریان برد بۆ گوندی باوەرکا کەعبێ. لەوێ ئەفسەری فەرماندەی سەربازەکان لە تووڕەییدا چاوی پەرییە تەوقی سەری و قیراندی بە سەریاندا: "بۆچی ئەمانەتان هێناوە بۆ ئێرە ؟ من پێم وتن بیانکوژن، چۆن فەرمانی منتان بەجێ نەهێناوە ؟ " ئەفسەرەکە دیسانەوە فەرمانەکەی دووپات کردەوە: ئەم پیاوانە بگێڕنەوە ئەو شوێنەی لێی گیراون و هەرلەوێ گوللەبارانیان بکەن. بەم شێوەیە بردیاننەوەو لەوشوێنەدا کە ٣٠٠ یاردێك لە مێرگەتوی دووربوو دەست و قاچی گیراوەکانیان بە یەکەوە بەست و بە کلاشینکۆف دایانگرتنەوە (١). لەو کۆمەڵکوژیەدا تەنها یەك کەس دەربازبوو بە ناوی بەنگین مستەفا عبدالقادر، خۆی

[1] چیرۆکی ئەم کۆمەڵکوژیە پشتی بە شایەتیی خزمانی یەکێك لەوهەشت پیاوە بەستووە، کەوا لەکاتی گوللە بارانەکەدا برینداربووەو دواجار خۆی گەیاندووەتە بارەگایەکی جاش لەونزیکانە، لەکۆمەڵگای قەدش، بەڵام لە دواییدا خێزانەکەی لە ترسا دەیدەنە دەست ئەمنەوە لە سەرسەنگ وئیدی لەوێوە سەرنگوم دەکرێت. حەوت پیاوەکەی تریشکە هەر لەجێدا کوژرابوون ناویان لەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە . The Destruction of Koreme لە لاپەڕە ٥٠ دا هاتووە.

گەیاندبووە بارەگایەكی جاش لە كۆمەڵگای "قەدش" بەڵام دوایی خانەوادەكەی خۆی لەترسان ڕادەستی ئەمنیان كردبووەوە جارێكی تر نەبینرایەوە دەربازی نەبوو. ئەمە بەپێی چاوپێكەوتنێك كە میدڵ ئیست ووَچ ئەنجامی داوە. دهۆك، ٦ ی حوزەیرانی ١٩٩٢. ئەوچوار كەسەش كە لەگەڵ ژنەكاندا ڕزگاریان بوو ڕەوانەی قەڵای نزاركێی دهۆك كران ولەوێ وەكو زۆربەی پیاوانی تری بادینان بێسەروشوێنكران و جارێكی تر نەبینرانەوە.

ئەوكەسانەی لەكۆمەلكوژیەكەی گوندی مێرگەتو كوژران حەوت كەس بوون لەناویاندا یەكێك ناوی دیارنیە ئەم كەسانە بوون:

١. محمد صالح عبدالقادر (لەدایكبووی ١٩٣٨).
٢. مستەفا عبدالقادر مستەفا (لەدایكبووی ١٩٢٦ یان ١٩٢٧).
٣. سلێمان شعبان چچۆ (لەدایكبووی ١٩٥٦).
٤. عادل محمد خالد ( لەدایكبووی ١٩٦١).
٥. ڕەمەزان ئەحمەد حمو (لە دایكبووی ١٩٦٨).
٦. حمید ئەحمەد حمو (مێژووی لەدایكبوونی نەزانراوە).
٧. دەربازبووەكاتیەكەش ناوی بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو (لەدایكبووی ١٩٦٦)

## بیرۆكەی گەرمیانیەكی دڵشكاو .



ئەحمەد عەلی خەلكی گوندی بەكرەشەل لە دایكبووی ١٩٦٩ ی گوندی بەكرەشەل- سەربەناحیێ سەقەلای كفرییە، لەزۆر شوێن و لە بۆنەكانی ئەنفال و بەخاكسپاردنەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكاندا دەیبینین، كراسێكی ڕەشی درێژ دەپۆشێ كە ناوی خوشك و برا ئەنفالكراوەكانی بە ڕەنگێكی سپی لەسەر نوسیوە، ئەم پیاوە هەر كەمن دەبینێ بەخەمێكەوە بەرەو ڕووم دەبێتەوەو هەرجارەی بیرۆكەیەكی هەیە و دەڵێت : بائەوەبكەین و ئەوەنەكرێت باشە .

بەهۆی دوریشمان لەیەكەوە هەمیشە بەتەلەفۆن لەسەرخەتەو بیرۆكەكانی بەردەوامن : لەناو بیرۆكەجوانەكانی ئەحمەددا ئەوەم هەلبژارد كە دەڵێت : پێویستە لەدەروازەی مۆنۆمێنتەكاندا ڕێرەوی چوونە ژورەوە بە كاشی بكرێن و لەسەر ئەو كاشیانە ناوی هەموو ئەو كۆمپانیایانەی كە مادەی كیمیایان بە عێراق فرۆشتووە، لەگەڵ تاوانبارانی تاوانەكەدا بنوسرێ بۆ دوومەبەست :

یەكەم بۆئەوەی ناوی ئەو لایەنە تاوانبارانە هەمیشە لەبەرچاوانبن.

دووەهەم بۆئەوەی ستەمكاران بزانن چەندە بەدەسەلاتیش بین ڕۆژێك دێت ناویان دەبێتە ژێر پێی قوربانیانەوە، ئەمەش وەك بە پەندوعیبرەت كردنی ستەمكاران و تاوانبارانی كۆمەڵكوژی .

# د. سەبیح لوتفی ئیسماعیل عەزیز واژۆی لەسەر بەڵگەی مردنی سەدان لە سێدارەدراوی کورد کردووە.

**دیدار: ڕێکار مزوری**



**لەدوا ئەوەی هەوڵمان دا پەرتووکێك دروست بکەین بەناوی ( لە سێدارەوە بەرەو ئەنفال و کیمیابارن ) چەندین بەلگەمان کۆکردنەوە ، بەتاییەت بەلگەی کوچی دوای ( بیان وفات )ی شەهیدانی سێدارە ، ناوی ئەو دکتورانەی واژۆیان کردووە کە ئەم کەسە گیانی لە لاشە دەرچووە ، نوسی و بەدوایاندا گەرام بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەمەو لەسەر چونیەتی لەسێدارەدانی مرۆڤی کورد لە لایەن رژێمی بەعسەوە.زۆر لەبەلگەکان واژوو ناوی ( د.سەبیح لوتفی ئیسماعیل عەزیز )ی لەسەربوو ، کە لە دایکبووی سالی ( ١٩٣٨ ) شاری کەرکوکە دەرچووی سالی ١٩٦٧زانکۆی پزیشکی بەغدایە، سالی ١٩٧٢ خۆلی شارەزایی لە بواری پزیشکی دادوەری دیتوە سالی ١٩٧٥ تا سالی ٢٠٠٠ بەرپرسی ئەم بەشە بووە .واژووی لە سەر سەدان بەلگەی کوچی دوای ئەو کەسانەیە کە حکۆمەتی بەعس بە ئەشکە نجە و سێدارە و کولەباران شەهید کراون. بۆ زیاتر شارەزابوون لە چونیەتی بەرێوەچوونی کارەکان و دیتنی ئەوکەسانەی شەهید دەکران، لە بەرواری ( ٢٨-١٢-٢٠١٠ ) لە شاری هەولێر ئەم دیمانەمان لە گەل سازدا .**

**سەرەتای دامەزراندنت لە کام نەخۆشخانە بووە؟**

ساڵی ١٩٧٢ ئێمە (١٢) دکتۆر بووین دابەش کراین بەسەر سێ دەڤەردا هەر چوار دکتۆر بۆ ناوچەیەك ، (هەولێر ، بەعقوبە ، سلیمانی ) منیش یەکێك بووم لەو (١٢) پزیشکانە، لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر دامەزراین تا ساڵی ٢٠٠٠ لە سەر کاری خۆم بەردەوام بووم .

**کەی لە بواری پزیشکی دادوەری کارت کرد ؟**

لەدوای ساڵێك لە کارەکانی ناو نەخۆشخانە دەستم کرد بە کارکردن لە بواری پزیشکی دادوەری لە سەرەتا ئێمە(٥) کەسبوین (٢) دکتور (٣ ) بەردەست من بووم بەرپرسی ئەم بەشەو ژورێکی تایبەتمان دامەزراند لە ناو نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر و هەموو تومارو راپورتی خۆمان ئەرشیف دەکرد. چونکە ئەوکات پەیمانگای پزیشکی دادوەری تەنها لە بەغدا هەبوو ، یاسای پزیشکی دادوەریمان بەبەردەوامی دەخویندەوە شارەزای تەواومان لێ پەیدا کرد . زۆرجار لاشەی ئەوکەسانەی کۆچی دواییان دەکرد لە بنکەی پۆلیس بۆمان دەهاتن و ئێمەش بەهۆی چۆنیەتی گیان لەدەستدانیان راپۆتی خۆمان بەرز دەکردەوە.

**پۆلیس بەفەرمی لاشەکانیان رەوانەی لای ئێوە دەکردن ؟**

بەڵێ بە نوسراوێکی فەرمی بوو فەرمانگەکەمان دەناردن، تا ساڵی ١٩٨٠ ، بەلام دوای ژمارەی لاشەکان زۆربوون و بە لیست بۆ ئێمەیان دەناردن بۆ ئەوەی بەلگەنامەی کۆچی دوای بویان دروست بکەین .

**کەسوکاری شەهیدان چیان دەکرد ؟!.**

بەراستی هەندێك جار بەدزی رەوانەی لای ئێمەیان دەکردن ، ئیمەش زۆرجار بە دزی بەخەلکەکەمان دەگوت کەسوکاری ئێوە لە سێدارە دراون یان رەمی کراون .

بەلام دوای ئەوە شەهیدەكان ئەوندە زۆربوون خەلك بەشێوەیەكی زۆر كۆدەبوونەوە ، حكومەت دەترسا خۆپیشاندان دۆرست ببێت ، لاشەكانیان رەوانەی بەرێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر دەكران و لە گۆڕستانەكان دەیان ناشتن .

ئایە ئەوكەسانە لە بەرچاوی ئێوە لەسێدارە دەدران یان بەدزی ؟

بەزۆری كارەكان شاراوە بوون ، كە خەلكەكە لە سێدارەدەدرا یان رەمیان دەكردن ،ئێمە پشكنینمان بۆ دەكردن و بەلگەی كۆچی دوایمان بۆ درست دەكردن .

**كەسوكاری شەهیدان بەلگەكانی خۆیان لە ئێوە وەردەگرت یان دائیرەی ئەمن ؟**

لە ئێمەیان وەردەگرت بەلام بە فەرمانی ئەوان بووە ، زۆریشیان دەشاردنەوە .

دوای راپەرینی سالی ١٩٩١ خەلك زۆر دەهاتن بۆ فەرمانگەكەمان لە چارەنوسی كەسوكارانی خۆیان دەگەران ، هاوكاریمان دەكردن ، بە بەلگە بویان روندەبووە كە خزم و كەسوكاریان نەماون .چەندین لیست و بەیان وەفاتی شاراوە هەبوون دامانە خەلكەكە بە تایبەت خەلكی هەولێر .

**ئەوكاتەی مرۆڤەكان لە بەرچاوی ئێوە رۆحیان لە لاشەكانیان دەردەچوو هەستان بە چ دەكرد ؟!**

بەراستی دیمەنێكی ترسناك وجەرگ بڕبوو بەلام ئێمە كارمەندی حكومەت بووین دەسەلاتمان نەبوو.

**دەربارەی چارەنوسی ئەنفالكردنی كوردەكان زانیاریت هەیە هاوكاریمان بكەی ؟**

نەخێر تەنها چەند لیستێكی ناوان لای ئێمە هەبوو دامانە لایەنە سیاسیەكان و خەلكەكە و بە هۆی ئەم لیستانە ،هندێكیان لەگۆڕستانی كارگەی قیری هەولێر دۆزرانەوە و دەرهێنران دووبارە لە دۆلی بالیسان روفاتەكانیان بە خاك سپاردنەوە .

ئیستا بەردەوامی لە فەرمانگەی خۆت ، نەخێر ماوەی چەند سالێكە خانەنشین كراوم لە مالەوە دانیشتووم .

**بەعسیەكان چەند ریگایان بەكار دەهێنا بۆ كوشتنی مرۆڤەكان ؟**

رێگاكان زۆربوون ، بەلام ئەوانەی من بە چاوی خۆم دیتوون و پشكنینم بۆ كردوون ، رەكردن بە گولە ، لەسێدارەدان بە پەتی سێدارە ، ئەشكەنجەدان بەهۆی لێدانی بەهێز .

**ئەو واژوویانەی سەر ئەم بەلگانە هی جەنابتانن ؟**

بەڵێ واژووی منن

**ئیستا ئەودیمەنانە كە دووبارە دەبنەوەژدانت ئازارنادەن؟**

چوون هەموو دیمەنێكی ترسناك و ناخۆش لەبیر مرۆڤ ناچێتەوە و ئازار بەخشە .

دوو لەو بەڵگانەی واژووی دکتۆری ناوبرا لە سەرە **


وزارة الصحة

قسم الاحصاء الصحي والحياتي

شهادة وفاة

# بەسەرهاتی ژنێكی دوگیان



ئەفەرۆز ئیسماعیلی پەنجاساڵم لە ناو حەوشەی مۆزەخانەی نیشتمانی ( ئەمنە سورەكە) بینی، ئەمنە سورەكە لەسەروەختی ستەمكاری بەعس و لەكاتی پەلامارەكانی ئەنفالدا قەلای ستەمكاری بەعس و شوێنی ئەشكەنجەو كوشتنی زیندانیانی سیاسی بوو. لە پێشانگایەكی تایبەتدا كە بۆ قوربانیانی ئەنفالكرابووەوە چاوم بە ( ئەفرۆز ئیسماعیل جەلال ) خەڵكی گوندی وارانی خواروو كەوت، وارانی دوو گوندی گەرمیانی ناوچەی داوێن كەوتوونەتە سەر چەمی ئاوەسپی، هەردوو كیان بەچڕی كەوتنە بەرپەلاماری ئەنفال و بەگشتی خەڵكەكەی ئەنفالكران، لە ٩ی نیسانی ١٩٨٨ سوپاوجاش گەیشتنە لێواری چەمی ئاوەسپی و پاش شەڕی تازە شار گوندنشینەكان شڵەژانو بە ناچاری خۆیاندایە دەست حكومەتەوەو بەردەست جاش سوپاكەوتن، ئەو كاتەی لەوكاتی لێیانقەومانەدا ئەفرۆز دوگیان بوو، لەناو سیارەی سەربازیدا ژانگرتوویەتی بەڵام كەی لێقەومان وەخت و سەعاتی زانیوە بۆیە خانەوادەی ئەفرۆزیش بەپەلە خۆیان كۆكردەوەو وەك زۆركەسی تر بەرەو شاری خورماتوو ملی ریگای خۆبەدەستەوە دانیان گرتەبەر، بەڵام لە نزیك خورماتوو كەوتنە دەست جەیش و جاش و راپێچی ناو ئیڤای سەربازی كران ئەوكاتە ئەفرۆز ژان گرتبووی هەرئەو رۆژە لە مركزشبابەكەی خورماتوو كۆیان كردنەوە، لە كاتژمێری دووەمی گەیشتنیاندا ئەفرۆز لەكەشێكی نالەبارو بەبەرچاوی خەڵكەوە هەردوو منداڵەكەی ( ئاوات و نەجات) لێبووەوە. ئیدی هەر زوو پیاوانی ئەمن كەوتنە پۆلێنكردن و جیاكردنەوەیان و بەدەست و برد خەڵكێكی زۆریان سواری سەیارە كردو بردیانیانن بۆ شاری تكریت، یەكێك لەوانە داخل حەسەنی هاوسەری بوو، جگەلەوەش ئەفرۆز ٢٧ كەس لە ماڵی باوكی ئەنفالە (٨) برای بە ژن و منداڵەكانیانەوە ئەنفالكراون و جارێكی ترنەبینرانەوە، بەڵام جموجۆڵی گوماناوی بەعسیەكان غیرەتی دابووە بەرجاشێك بەناوی (جەبار) كە بەجەبارە درێژ ناسراوە، ئەو توانیبووی پشێویەك بنێتەوەو هەڵكوتێتە سەرمركز شەبابەكەو خەڵكێكی زۆر رزگاریان بێت، یەكێك لەوكەسانەی كەپرێشی راكردنی كردبوو بە مەلۆتكەكانیەوە ئەفرۆز بوو. براكانی ئەفرەۆز بریتی بوون لە نەسەردین، عزەدین، نورەدین، فەخرەدین، سلاح، سەباح، صالح، سەلام، جێگەی ئاماژەیە تەنها كەسێك لەناویان ئاكۆعزەدین دۆزرایەوە، كە وا پیاویكی خەلكی بەغدا دۆزیبوویەوەو پاشئەوەی حكومەتی بەعس روخا ئاشكرای كردوگەرایەوە بۆ خورماتوو، ئێستا ئاكۆمال وحالی خۆی هەیەو باوكی منداڵیكە.

# پێی وتم تۆ پاشماوەی ئەنفالیت مافی خوێندنت نیە.. !!

م. عەلی محەمەد وەلی – خورماتوو



چەند سالێك لەمەوبەر تەکسییەك بووم شۆفێرەکەی، دیار بووئازاروغەمی زۆری لەژیاندا بینیبوو، پاش سلاو بەخێرهاتن بەرێکەوتین، شۆفێرەکە لێ پرسیم: تۆ مامۆستا (علی محمد وەلی)ت ؟ بەبەڵی وەڵاممدایەوە ! وتی ئێمە وەکو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆر سوپاسی بەرێزت دەکەین، چونکە زۆر باسی تاوانی ئەنفال دەکەیت وهەمیشە داکۆکی لە کەسوکاریان دەکەیت ، منیش وتم ئەوە ئەرکەو دەبێ هەموومان کار بکەین بۆئەوەی تاوانی ئەنفال لە یادەوەری و ویژدانی میللەتەکەماندا بچەسپێ، بەتایبەتی نەوەی داهاتوومان، لە درێژەی قسەکانماندا داوای کرد ڕوداوێکی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێتەوە کە بە سەری هاتبوو، منیش سەری ڕەزامەندیم بۆبادا و ئامادەی گوێگرتنی بووم، دەستی بەقسەکانی کرد وتی: پاش تەواوبوونی پرۆسەکانی تاوانی ئەنفال کە هەموو کەسوکارم گیران و ئەنفالکران تەنها خۆم ڕزگارم بوو، بەرنەکەوتم، بۆیە پەنام بردە لای خزمەکانی خۆم لە شاری خورماتوو لەلایان مامەوە، ویستم درێژە بەخوێندن بدەم چونکە پێشڕوخانی گوندەکەمان خوێندکار بووم، بۆیە خوێندنگایەکم هەڵبژاردو ڕۆشتمە لای بەڕێوەبەری خوێندنگاکە، بۆیەش ئەو خوێندنگایەم هەڵبژارد چونکە زانیم بەڕێوەبەرەکەی کوردە ئەو کاتە لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کۆتایی هاتبوو بەڵام پیاوەکانی ڕژێم هەر بە دوای کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا دەگەڕان و دەستگیریان دەکردن، منیش لای خۆمەوە وتم ئەم بەڕێوەبەرە کوردەو چاوپۆشیم لێ دەکات و بەگرتنم نادات، بەڵام خۆزگە بەگرتنی بدابام و ئەوەی کە بینیم وبیستم ڕووی نەدایەو ئەوهەڵوێستەم لێ نەبینیایە !! (پێموت بۆچی مەگەر چ هەڵویستێکی هەبوو و چیت لێ بینی ؟ ) بە چاوێکی فرمێسك و بە دڵێکی تەنگەوە وتی : کە چومە ژوورەوە بۆ لای بەڕێوەبەرەکەوپێموت هاتووم بۆ ئەوەی لە خوێندنگاکەتان وەرمبگرن و درێژە بەخوێندن بدەم ، بەڵام وا دیاربو بەڕێوەبەرەکە تێگەیشت کە من کەسوکاری ئەنفالم، بەزمانێکی ناشایستەو بریندارکەرو روشێنەر پێیوتم: تۆ پاشماوەی ئەنفالیت و مافی خوێندنت نییە، ئەو وەڵامە زۆر کاری تێکردم و لە دڵی خۆمەوە دەمگوت خۆزگە منیش لە شاڵاوەکانی ئەنفال ڕزگارم نەبوایەو لەگەڵ کەسوکارەکەمدا لەناوبچوومایە، لە هەموو ئەوانە زیاتر ئەوەی کە ئازاری زیاتر بوو ئەوە بوو کە ئەو بەڕێوەبەرە کورد بوو، من لە کوردێکەوە ئەو قسانەم بیست و ناچار خوێندنگاکەم جێهێشت و گەڕامەوە و لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا شێوەی گوند وخوێندنگاکە و کەسوکارە ئەنفالکراوەکانم بیردەهاتەوە، من بەو هۆیەوە لەخوێندن بێبەش بووم، هەموو شەوێك خەوم بە خوێندن و خوێندنگاکەمانەوە دەبینی و بەم ئازارەوە دەژیام، تاوەکو ڕۆژگار تێپەڕی و پرۆسەی

ئـــازادی و ڕوخـــانی ڕژێمـــی بـــەعس دڵـــێ خـــۆش کـــردم چـــونکە دەمبـــینی خـــوای گـــەورە تۆڵـــەی ئـــەو هـــەموو ئـــازار و مەینەتییـــەی بـــۆ کردینەوە.

گەنجەکـــە وتـــی بـــەڵام دوای پرۆســــــەی ئـــــازادی ســـــەرلەنوێ جـــارێکی تـــر بـــرینم کولایـــەوە، منـــیش وتم بـــۆ !!؟ وتـــی : مامۆســـتا گیـــان پـــاش پرۆســـەی ئـــازادی ڕۆژێـــك لەپاســـێکدا بـــوم بـــەرەو مـــاڵ دەرۆشـــتمەوە،گوێم لـــێ بـــوو باســـــی کوردایـــــەتی و ســـەردەمی پێشـــمەرگایەتی وشـــاخ دەکریـــت، منـــیش ئاورمدایـــەوە هـــەتا بـــزانم کێیـــە کـــە ئـــاوا باســـی کوردایـــەتی وخەباتـــەکانی خـــۆی دەکـــات، بینـــیم ئـــەوەی کـــەلاقی کوردایـــەتی لێـــدەدات هـــەمان ئـــەو بەڕێوەبەرەیـــە کـــە دوای پرۆســـەی ئـــەنفال منـــی لـــە خوێنـــدن بێبەشـــکردو پێیـــوتم: تـــۆ مـــافی خوێنـــدنت نییـــە چـــــونکە " پاشمـــــاوەی ئـــــەنفالیت" کەچـــــی وا خـــــۆی دەردەخـــات کـــە ئـــەو کـــوڕی شـــاخ و ئەنـــدامی ڕێکخســـتنی نـــاو شـــاربووەو هەمیشـــە خزمـــەتی کەســـوکاری ئـــەنفالی کـــردووە، کـــە ئـــەو قســـانەم لێ بیســـتو ناســـیمەوە ئـــەو ڕۆژانـــەم بیرکەوتـــەوە، ســـەرلە نـــوێ پـــاش پـــازدە ســـاڵ برینـــەکانم کولایـــەوەو زۆر ئازاریـــدام، ویســـتم قســـەی لەگـــەڵ بکـــەم و ئـــەو ڕۆژانـــەی بیربخەمـــەوە بـــەلام لەبـــەر ڕێـــزی پیشـــەکەی بـــێ دەنگـــیم هەڵبژاردولـــە ناخـــەوە وتم :ئەوەیـــە نمونـــەی مرۆڤـــی دووڕوو.

ئـەم چـیرۆکە زۆرکـاری تێکـردم و ئازاریـدام بۆیـە لـە یـادی بیســـت و پێـــنج ســـاڵەی تـــاوانی ئەنفالـــدا هـــەزاران ســـڵاو لـــەڕوحی پـــاکی بـــێ تـــاوانی (١٨٢) هـــەزار پەپولـــەی وڵاتەکـــەم بێـتو داواکـارم لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان خزمـەتی زیاتری کەسوکاریان بکات.

## مەحمود ئەحمەد نادر



باخـەوان کـوڕێکی گـەنجی نـاحیێ سـیروانە بەشـەکەتیەکی زۆرەوە باوکـە نـەخۆش و کەنەفتەکـەی گرتبـووە بـاوەش و گـەرکی بـوو لەسـێ قـاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانەوە سەریخاتە سەرەوە بەمەبەستی ناونوسکردنی بۆ ئەوەی لیژنەی پزیشکی بیبنین و چارەسەری بۆبکەن، باوکە کەنفتەکەی لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٤ ی ناحیێ سیروانی قەزای هەڵەبجەیە لە کیمیابـارانی ١٩٨٨/٣/١٦ هاوسـەرەکەی بـە تۆبـاران و کورەکەشـی بـە کیمیاباران شەهید بوون .

خۆی جگەلەوەی پەنجەکانی دەستی ڕاستی بەهۆی قومبەلەوە قرتاون، بەهۆی کیمیابارانیشەوە بریندار بووەو سیەکانی نسبەتێکی زۆری لەکار کەوتوون.

محمود پێویستی بەدەرمانی " پاکسیون ( دەماری مێشك ) هەیە،وهاوکات گرفتی قرحەی گەدەو پرۆستاتی هەیە .

پێیستـی بـەدەرمانێك هەیـە کـە جـۆرە حەبێکـە بـەناوی ( stalevo ) ئـەوەش لـە زۆر دەرمانخانـەی شارچـنگ ناکـەوێ و نرخەکەشی گرانە، کە تـەنها قوتوویـەکی ئەودەرمانـە ( ٣٠ ) دەنکی تێدایـەو نرخەکـەی بایی ١١٠ – ١٢٠ هـەزار دینـارە، ڕۆژانە پێویستی بە ٤ دەنك هەیە، واتە بۆ هەر ٦ ڕۆژ جارێك پێویستی بەو برە پارە هەیە .

کچەکەی بەناوی ( بەیان محمود) باسی لەوەکرد بۆ بارسوکی خۆیان سەردانی وەزارەتی تەندروستیان کردووەوداوای هاوکاری مەعنەویان کردووە بەڵام وەزیری تەندروستی لەبری ئەوەی دەرمانەکەیان بۆ دابین بکات تەنها بری ٣٠٠٠٠٠ سێ سـەد هـەزار دینـاری پێـداون، بۆیە ڕەتیان کردووەتـەوەو وەریـان نـەگرتووە، لێرەدا پرسیـارێك دێتە پێشـەوە وەزارەتی تەندروستی لەبەرامبەر وەها دۆسێیەکدا کەمتەرخەمی بنوێنێ ئەی چ بەرپرسیارێتیەکی تەندروستی وەئەستۆ دەگرێ .

## بێ ئەوەی کەس پێیبڵێ ماندو نەبیت
## ئەنفالکراوێکی دی کۆچی دوایی کرد.



**عومەری حاجی عنایەتی هەڵەبجەیی**

٢-٨-٢٠١٢

ناوبەناوگوێمان لێ دەبێ لێرە و لەوێ لە گەرمیان یان بادینان، هەڵەبجە یا بالیسان بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی گیان دەسپێری، بەڵام هەرگیز نەمدیوەونەومبیستووە کەس باس لەمردنی ئەوانە بکات کە لەسەفەری مەرگی حەتمی گەڕانەوەو لە سەفەری ئەنفال دەربازیان بووەوبە قودرەتی قادر هاتنەوە، لێرەو لەوێ لێیان ئەمرێ کەسیش نەبوو پێیان بڵێ ماندوونەبن ئەرێ ئێوە چیتان ئەکرد لەوێندەرێ ؟!

(حاجی زوبیدە عبدالقادر) ی هەڵەبجەیی یەکێکی دی بوو لە دەربازبوانی ئەنفال لە هەمان سات و رۆژ و مانگدا کە علی کوری شەهید کرا گەڕایەوە بەرقاپی خوداوکەس نەبوو لێی بپرسێ :

ئەرێ گەلۆ تۆچیت دەکرد لەو غەریبستانە ؟؟

تۆ بۆچی رۆشتی بۆ ئەوئەنفالستانە ؟؟

کێ بردیتی؟!

چیت لێ کرا و بۆچی گیرایت ؟ چۆن لەوجەحیمە ئازاد کرایت ؟!!

تۆ لەکوێ و تۆپزاوا لەکوێ؟

بەداخەوە لەم هەرێمەی کە باندەکانی نەوت فرۆشتن بەرێوەی دەبەن وکۆمەڵێك زەوی فرۆش حوکمی دەکەن، لەبەرهەڵپەی گیرفانیان لە پەلەی پڕکردنی قاسەکانیان، نایانپەرژێتە سەر ئەنفالکراوەکان !!

ئاخر لە کوێ زومی کامێرای تەلەفزیۆن و میدیاکان دەتوانن دایکێکی مەزلومی ئەنفالکراو بەسەر بکەنەوە چۆن بۆیان ئەکرێ لە (حاجی زوبیدەکان) بپرسنەوە، ئەوان سەرگەرمی وێنە گرتنی کۆڕوکۆمەڵ و کاروانی ئۆتۆمبێلی بەرپرسەکانن، ووتە بە نرخەکانی ئەوان تۆمار ئەکەن و شەوانە لە تیڤی و رادیۆکان پەخشی ئەکەن بۆئەوەی لەکاتی مەستی وشەوە سورەکانیاندا بەرپرسە مەغرورەکان سەیری کەن و رۆژی دوایی شاباشیان کەن !!

بۆ مێژوو وا دێمولەبەر سوێندەکەی دایکم چمکێك لەوناسۆرەی لەتۆپزاوا دیبوی بۆ ئێوەی باسدەکەم: پێشمەرگی بەچەند رۆژێك لە سەرپێخەفی سەفەری هەمیشەیی ووتی :-

ماردینی کوڕەزام دەستی بە دەستمەوە بوو، تەمەنی ٦ ساڵ بوو لە نێو ریزی ئەنفالکراوەکانداو لەبەر تینی گەرمای تاقەت پڕوکێنی تەمموزی ١٩٨٨دا وەستا بووم چاوەڕێ بووم نۆرەم بگات و بگەمە بەردەم ئەستێرە لەسەر شانێکی کلاوسەوز لە سێبەری دیوارێکدا و لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو دار حەیزەرانەکەی لەسەر مێزەکە بوو، چەند کەسێك لە پشت سەریەوە بوون، یەکێکیان کوردی پۆش بوو، ناوبەناو پەرداخەکەی بۆ پڕ دەکرد لە ئاو دەستی دەگرت بە سنگییەوەوبەردەوام ساردی ئەکردەوە ماستاو !!

یەك یەك ئەنفال کراوەکان دەچوونە بەر دەستی ئەویش بە ویستی خۆی

ئەپپرسی و ئەینوسی، سەرە هاتە سەر من وماردین و پرسی: –
ناوت چییە ؟ خەڵکی کوێیت ؟ لە کوێ گیرایت ؟
زوبیدە عبدالقادر ، هەڵەبجەییم و چوومە ئێران و لەو گوزەری قەندیل، لە کاتی گەڕانەوەمدا گیرام .
کەی بوو گیرایت ؟
نازانم من خوێندەواریم نییە .. بەڵام پێم وابێ کۆتایی بەهاری کوردان بوو.
چیت پێیە؟
تەنها ئەم بوخچەیە .
ئەی ئەومنداڵە چیتە ؟
کوڕمە .
ناوی چییە ؟
ماردین
ووتی: بڕۆ
پاشە و پاش گەڕامەوە دەستی ماردینم توند گوشی بوو لە پڕ بە دەنگی بەرز هاواری کرد .... بگەڕێوە !! منیش گەڕامەوەو هاتمە بەردەمی و لەسەر کورسییەکەی هەستایە سەر پێ و بە داروشەق و زللە دایگرتمەوە جنێوی زۆری دا، من کەوتم و دەستی ماردین بە دەستمەوە، من دەناڵێنم وماردین دەزریکێنێ، زۆری لێداین و خستینیە بەر پێ ولەقە، هیچ کەس نەبوو بلێ بەسە خوا هەڵناگرێ وا مەکە !!
پاش ئەوەی هاتمەوە هۆش خۆم لە ناو ژن و کچەکاندا خۆم بینییەوە و هەموو سەرو سورەتم خوێناوی بوو بۆیان شۆردم و بە چەمکی کراسی دڕاوی ژنەکان بۆیان بەستم و کەمێك هۆشم هاتەوە سەیرم کرد ماردینیش بریندارببووە و پرسیم بۆ وای لێ کردین ؟؟!
ناهی ووتی: ئەو زۆڵە کوردە بوو!! هەر تۆ پشتت تێ کرد بە گوێیدا چرپاندی و ئەویش تۆی گەڕاندەوەو وای لێ کردی، بۆچی پێت نەوت ماردین کوڕەزامە ؟!
ئاخر نەموێرا چونکە باوکی ماردین پێشمەرگەیە ! ڕۆژ هات و چوو دەردەسەری و لێدان و برسێتی و نەخۆشی بەردەوام بوو، بە نۆرە زیندانییەکان ئەبران بۆمردن و زیندە بە چاڵکردن بەڵام پێش ئەوەی نۆرەی ئێمە بێت لێبوردنی گشتی دەرچوو ئازاد کراین و گەڕاینەوە بۆ عەربەت و باینجان و بەرحوشتر و گردە چاڵ و ژێر زەمینی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ و بە کولەمەرگی ژیانمان بەسەر برد تا ئەو کاتەی صدام حسین کوەیتی گرت و ڕاپەڕینی خوارووی وڵات دەستی پێ کردو دوای ئەویش لە دەروازەی ڕاپەڕینی کوردانەوە کوردیش هەڵمەتی برد، ئیتر ئێمەش ئاهێکمان پێدا هاتەوەو ئۆخەی مان کرد و حوکومەتی کوردیمان دروست کرد، من زۆر شاد بووم تا ئەو ڕۆژەی ئەو کەسەم دی کە بە گوێی ئەو ئەفسەرەدا چرپاندی و باسی ماردینی بۆ کرد کە بینیم هەمان ئەو کەسە کلاوێکی سەوزی لەسەرەوەهەردوو سەرشانی پڕپڕن لە ئەستێرە !! کاتێ پرسیم ئەمە چییە ؟؟!وتیان ئەوە عمیدوئەفسەرە لە سوپای کوردستان و لەم دەڤەرە !!! ئیتر لێرەوە من بێ هیوا بووم لەوسەفەرە، بە خۆمم وت: گەلی کورد هەرگیز ناتوانێ مافی خۆی وەربگرێ و ئەبێ هەروالە بمێنێتەوە ببێتە مەسخرە!!
حاجی زوبیدە بەردەوام فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهات و بە گۆنایدا جۆگەلەی ئەبەست و ئەڕژایە سەر پشتیەکەی ژێرسەری و بەردەوام بوو، کوڕم پاش ئەوەی لە باینجان رزگارمان بوو لە سلێمانی بە کولەمەرگی ئەژیاین ووتیان لە هەڵەبجەی تازە زەوی ئەدەن بە هەڵبجەییەکان من وباوك وچووینە بەردەم لیژنەی زەوی :
ح. خ و پ و چەند کەسێك لیژنە بوون و پرسیان:–

**ها حاجی چیت ئەوێ؟**

پارچەیەك زەوی بۆ نیشتەجێ

**زەوی بۆ هەڵەبجەیی رەسەنە، ئێوە خەڵکی کوێن ؟**

کەس هەیە ئێمە نەناسێ؟ ئێمە هەڵبجەیین

**راستە ئێوە هەڵبجەیی بوون، بەلاَم لە لیستی ناپاکەکاندان، ئێوە پێشوازیتان لە موخەریب وسوپای ئێرا کردوە، ئێوە زۆڵە هەڵبجەیین دەبوایە یەکی دوومەتر زەویتان لە تۆپزاوا بەرکەوتایە نەك لە شاری سەدام حوسەین!!**

بەلێ کورم ئێمە بە نا ئومێدی گەراینەوەو پاش راپەرین سوپای کوردستان دروسبوو، دەسەلاَتی کوردیش زەوی بە من نەداو کەلاوەکەشمان بەر نۆژەنکردنەوە نەکەوت، بەلاَم ئەوەی کەبە باوکتی ووت: دەبوایە لە تۆپزاوا یەکی دوو مەتر زەویتان پێدرابا، ئێستا بە پلەی لیوا لە سوپای پارتی خانەنشینە !!!

بەلێ "حاجی زوبەیدە قادر ئەبوبکر"ی دایکم یەکێك بوو لە دەرباز بووانی چەکی کیمیایی کە لە رۆژی ١٤ /٧/ ٢٠١٢ پاش ٢٤ ساڵ دەرباز بوون لەپرۆسەی ئەنفال چووەوە بەر قاپی یەزدان بێئەوەی یەك کەس، یەك بەرپرس، پێیبڵێ ماندوو نەبیت!! تەنانەت ئەنفالچییەکانیش بەشداری پرسەکەیان کرد، کەچی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و سەرۆکەکەشی بەکەس و کاریان نەوت ماندوونەبن وخۆتان خۆش بن !!

## یادەوەری کوردی جینۆساید کراو ئەو تەندەرلیێدانەی بۆچییە ؟


حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
بەرێوبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
بەرێوبەرایەتی کارگێری و خزێنەتی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Martyrs And Anfal Affairs

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين
المديرية العامة للأدارة والمالية
مديرية الأدارة و الذاتية

ژمارە: ١١٨٠
ساڵی کوردی: ٦ / ٨ رەشەمێ/ ٢٧١٢
ساڵی زایینی: ٦ / ٣ / ٢٠١٢

((فەرمانی وەزاری))

ئاماژە بەرەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٢٠١٣ لە ٢٠١٣/٢/٢٥) بریارماندا بە:
ئەنجام دانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای (Solution Event Management) بەمەبەستی ئەنجام دانی پرۆژەو چالاکی پلان و بەرێوەبردنی یادی هەڵەبجە لەشاری هەولێرو هەڵەبجە بە (٣) سێ قۆناغ بەبری (١,٧٠٠,٠٠٠$) تەنها یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دۆلار لەرۆژی دەرچوونی فەرمانمان.

صباح احمد محمد
(مامۆستا ئارام)
وەزیر

وێنەیەك بۆ/
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان نووسراوتان ... لەسەرەوە لەگەڵ رێزدا.
- نوسینگەی بەرێز وەزیر.
- ب.گەنجینەی هەرێم..لەگەل رێزدا.
- ب.چاودێری و پشکنینی دارایی (دیوان).
- ب.یاسا/بۆ کاری پێویست.
- خویەتی .
- ژمێریاری / لەگەڵ بەراییەکان.
- ووردکاری — بۆ کاری پێویست.
- خولاو.

E-mail: diwan@momakrg.org
کوردستان : هەولێر – شەقامی سی مەتری – نزیك پردی سەیداوە / ت ٠٦٦٢٢٢٢٧٩٨ ٠٦٦٢٢٢٢٧٩٧

بەپێی ئەم بەڵگە نامەیە بێت، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەو لۆژیکە کاری کردووە، هەرچی سمێڵی سور بووهەمزاغایەوهەرچی بیانی بوو چاوی شین وقژی زەرد بوو، لە خۆمان شارەزاترو پرۆفیشناڵترە !! دەنا ئەگەروانیە، بۆچی بری ١:٧٠٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و حەوسەد هەزار دۆلاری داوە بەکۆمپانیایەکی بەریتانی تا بێن یادی هەڵەبجەمان بۆبکەنەوە !! بێئەوەی کۆمپانیای ناو براو هیچ داهێنانێکی کردبی .. ئاخر یادەوری نەتەوەیەکی جینۆسایدکراودەبێ چ پێویتی بەو تەندەرلیێدانە هەبێ ؟

# تراژیدیای گوندی تۆپخانە

ئامادەکردنی ئەنفالستان




ئیوارەیەکی درەنگ وەختی رۆژێکی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٢ گەیشتینە گوندی تۆپخانە، هەرچەندە کات ئەوەندە درەنگ نەبوو ببێتە ئەنگوستەچاو، بەڵام زۆر بەلامەوە نامۆ بوو ئەو تاریکیە چی بوو؟ ئێستاش سەرم لەوە دەرنەچوو ئەو گوندە بۆچی ئەوەندە تاریك بوو.؟!!

سەرتاپای ناوچەکە رەش دەچووەوە، چاوچاوی نەدەبینا، هەتا مالی حاجی عەزیز بەلایتەوە فریامان کەوتن و هاتنە پێشوازیمان ئێمە تەواو شپرزە ببوین.

گوندی تۆپخانە یەکێکە لە گوندەکانی ناحیێی قادر کەرەم، بەرامبەر گوندەکانی تەپەعارەب وسپی سەر، سەروەختی ئەنفال هەروا ١٢ ماڵیك دەبوون و زۆربەیان خزمی یەکتری بوون و خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، خەڵکی ئەم گوندە لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا خراپیان لێقەوما، بەهەموویان ٢٦ کەس بێسەروشوێنکران، پیاویکی خەڵکی ئەم گوندە بەناوی فەرەج محمەد عەزیز لەیەکێك لە کۆمەڵکوژیەکانی ئەنفال لەبیابانی پارێزگای رومادی بەسلامەتی دەربازی بوو، سەیر لەوەدا بوو فەرەج لەناو گۆرێکی بەکومەڵدا کە دەستی بەدەستی ئامۆزاکەیەوە بەسترابووەوە بەبێ ئەوەی برینداریش بیت دەربازی بوو.

بەسەرهاتی گوندی تۆپخانە زۆر تراژیدی وئاڵۆزە ئەم گوندە سەدان چیرۆکی لە ئامێزیدا هەلگرتووە، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا خەڵك شلەژابوون، وەکو مەلی هیلانە لێتێکچوویان لێهاتبوو، دوای ئەوەی ماوەیەك خۆیان لەو جەولانەدا شاردەوە شەوێك فەرەج و پیاوانی گوند خێزانەکانیان بەدزیەوە گەیاندبووە ناو ناحیێی قادرکەرەم و خۆیان گەرابوونەوە بۆ جەوەلەکان، هەتا گوێ بیستی پروپاگەندە ساختەکەی لێبوردنی قادر کەرەم بوون ئینجا خۆیان دایە دەستەوەو دوای دورۆژ مانەوە بران بۆ تۆپزاواو ئەنفالکران.

وەکو ئاماژەمان بۆکرد تۆپخانە ئێستا خاوەنی چەندین چیرۆکی مرۆڤ هەژێنە کە لەپەلاماری ئەنفالدا تۆمارکراون و هێشتا نەنوسراونەتەوە سەرنج راکێشترینیان چیرۆکی دەربازبوونی پیاوێکی ئەوگوندەیە کە لەپارێزگای رومادی لە کۆمەڵکوژییەکی ئەنفال رزگاری بوو، لەناوچاڵێکی پڕ لە لاشە خۆی دزییەوەو رزگاری بوو، فەرەج محەمەد[2] لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٠ گوندی تۆپخانەیە، ئەوسەروەختەی ئەنفالکرا ئەو تەمەنی ٣٨ ساڵ و باوکی ٩ منداڵ بووە، هەرلەمنداڵیەوە بەبیری ئەو لە گوندی تۆپخانە ژیاوە، ئەوان بەبنەماڵە خێزانێکی زۆر بون، باوکی سێ ژنی هێناوە، (٦) خوشك و (٢) برا بون، دوایی باوکی کۆچی دوایی کردووەو دایکی هاوسەرگیری لەگەڵ مامێکیدا کردووەتەوەولەویش (٤) برای تری هەبوو کە بەدایك برا ناوزەد دەکرێن. چیرۆکی فەرەج هەرلە ئەنفالدا کورت نابێتەوە بەڵکو دڵرەقی بەعس و بێباکی دوای ئەنفالیش ئەزمونێکی گەورەی پێبەخشیووە وەك زوو پێی دەگوتم ئێمە لەگەڵ دڵرەقیدا، راهاتووین، فەرەج بەرلەپەلامارەکانی ئەنفال ، جارێکی تر لەساڵی ١٩٨٥ دا لەلایەن هێزی تەواریی وئەمنەوە گیراوەو ئەشکەنجەیەکی زۆردراوە، پێشنیوەڕۆی رۆژی ٣١/١٢/ رۆژێك پێش کۆتایی ساڵ بەمیوانی هات بۆماڵمان لەسلێمانی و ماوەیەکی باش پێکەوە دەنایشتین، بەدەم چاخواردنەوە بۆی گێرامەوە کەوا بەرلە ئەنفالیش ئەمجاریکی ترگیراوەو لەمردن گەراوەتەوە، بە هەمووی لەسەفەری ساڵی ٢٠١٢ یدا ماوەی مانگێکمان پێکەوە بەرسەربردو پێکەوە سەردانی گوندی تۆپخانەمان کرد، ئەو کاتەی ویستمان بچینە گوندی تۆپخانە لەگەڵ تیمێکی فیلم سازی ئێوارەیەکی درەنگ وەخت گەیشتینە سەنگاو لەماڵی پیاوێك بەناوی ( کەمال) لاماندا بۆ پشویەکی کورتخایەن، کەمال کە لە نیازی میوانە درەنگ وەختەکانی حاڵی بوو، سەری قسەی دامەزراندوو چیرۆکێکی کورتی لەبارەی دۆزینەوەی پێناس و کەل و پەلی ئەنفالکراوەکانی گوندی تۆپخانەی بۆ گیراینەوە کە پێش گیرانیان لەو ئەشکەوت و کاچانەدا خۆیان تیدا شاردووەتەوە، ساڵی ١٩٩٢ چووبون بۆ راو بۆجەوڵەکانی گوندی تۆپخانە، لە بن کاچ ( ئەشکەوت)یێك فەردەیەك شەکروکۆمەلێك جل وکەل وپەلی بینی بوو، دواتر سەرنجی زیاتری دابوو باوەڵێکی بچوکیشی دۆزییەوە، کە کۆمەڵێك تەسکەرەو پێناسیشی تێدابووە، کەمال ووتی: هەڵمگرت و هێنام پێشانی پیشانی برادەرەکەممدا، ئەویش ووتی، من خاوەنی ئەم تەسکەرەیە دەناسم (عەلی محمد) ی گوندی تۆپخانەیە. ئەوکەسەش عەلی برای فەرەجی تۆپخانەبوو، لەسەردانێکماندا پێکەوە بۆ تۆپزاوا باسی عەلی و براکانی تری کردووتی: ئەوانیش لێرە لەم هۆڵەدا لەگەڵمدا بوون بەلام بەر ئەوکاروانەی ئێمە

---

[2] لە کۆمەڵکوژی ئەنفال، بەلای کەمەوە ١٣ کەس دەربازبوون، لەوانە ٧ کەسیان خەلکی گوندەکانی ( کوڵەجۆ، عەلیان، کانی قادر، تۆپخانە، جافان و خدر رێحان و چەمسورخاو) ی گەرمیان بوون، لەناویاندا فەرەج و ئەنوەر تەیارو رەمەزان و واحید خەلکی گوندەکانی قادرکەرەمن .

نەکەوتن نازانم بۆکوێ بران و لە کوێ کۆمەڵکوژکران.

ئەو کاتەی کەمال سەنگاوی ئەم قسانەی بۆگیرایەوە فەرەجی تۆپخانە لەشانی ڕاستیەوە دانیشتبوو. کە کەمال قسەکانی تەواوکرد فەرەج ئاخێکی هەڵکێشاو ووتی:عەلی برام هەتا تۆپزاواش پێکەوە لە یەك قاعەدابووین کە ئیمەیان برد ئیتر هە ئەوجارەبوو چاوم پێی نەکەوتەوە .

## نهێنی ڕاستیەکی تاڵ .

صالح ئامۆزای فەرەج بوو، خەڵکی هەمان گوند بوو، ئەویش یەکێك بوو لەوئەنفالکراوانەی لەگەڵ هەمان ئەو کاروانەدا بووە کە لەگەڵ فەرەج بە پاسێکی سەرداپۆشراو بەتەنیشت فەرەجەوە دانیشتبوو، بەرەو پارێزگای ڕومادی بردویانن و لە بیابان گوللە بارانکراون، صالحی ئامۆزای بوو، صالح لە دایکبووی ١٩٥٣ بوو، ئەویش بەکشتوکاڵ و مەردارییەوە خەریکبووە، دوای ئەنفالکردنی خێزانەکەی بەناوی (نەخشین محمد صالح) ئەرکی منداڵەکانی کەوتە ئەستۆ " ئیکرام و کاوە و سیوە" لەگەڵ دایکیاندا زوتر گوندەکەیان بەجێهێشتبوو، ماوەیەکی زۆر لەلای مەلا عەزیز برای صالح لەقادر کەرەم خۆیان شاردووەتەوە.




ئێستاش نەخشین و منداڵەکانی هەر لە چەمچەماڵ دەژین.

صالح پیاوێکی بەهەیبەت بوو، لەگەڵ فەرەج محمد عەزیزی ئامۆزای پێکەوە گیران و بران بۆ لیواکەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دوایی بردیانن بۆ تۆپزاوا لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە هۆڵێکدا ناونوسکران، دوای دوو ڕۆژمانەوە لە تۆپزاوا بەیانیەك سواری پاسێکی سەرداپۆشراوکران و بەرەو خواربردیانن، ماوەی ١٢ سەعات بەڕێوەبوون، بێئەوەی بزانن بۆکوێیان دەبەن، ئەو لەگەڵ فەرەج لەسەر یەك تەختی پاسەکە دانیشتبوون، کە گەیشتنە شوێنی کۆمەڵکوژیەکە و ئێوارەیەکی درەنگ بوو، زانیان ئیتر ئەمە دوا وێستگەی سەفەرودوایستگەی ژیانیانە، فەرەج داوای لێدەکات هەرپێکەوە بڕۆنە خوارەوە، هەتا پێکەوەش بکوژرێن.

کە جەلادەکان رایانکێشانە خوارەوە دەستی هەردوکیانیان بە جەمادانێکەی صالح بەستبووەوە، دوای پشکنینێکی خێرا فەرمانیان پێکردبوون پاڵبکەون و شایەتمان بهێنن، دواتر لە قەرەاغی گۆڕەکە جەلادێك ئایەتل کورسیەکی خوێند و بەدەستریژی گوللەی کلاشینکۆف دایگرتنەوە. لەوتاوانە نامرۆڤانەیەدا لەقەراغی گۆڕێکی درێژ کە شۆفل هەڵیکەندبوو، بەخت یاروەری فەرەجی گوندی تۆپخانە بوو، هیچ گوللەیەکی بەرنەکەوت، بەڵام گوێی لەناڵەی صالحی

ئامۆزای بوو، زۆری نەبرد دوای گوللەبارانکردنیان فرێدرابوونە چاڵەکەوە، ئەوان هێشتا دەستیان پێکەوە بەسترابووەوە، ئەمەش هەمیشە یادەوەرییەکی ئازار بەخشی فەرەجە کە ئەو چرکە ساتەی بیردەکەوێتەوە کاتێك



فرێدرانە چاڵەکەوە خوینی صالح بەسەر فەرەجدا رژابوو. ئەمە زو زوو فەرەجی تۆپخانەی دەتاساندوماوەیەکی زۆر مات دەبوو.

لە مانگی شوباتی ٢٠١٢ پێکەوە لەگەڵ فەرەج سەردانی گوندی تۆپخانەمان کرد، ئەو گوندەی زێدی فەرەجو صالحو ٢٦ ئەنفالکراوی ترە، لە ئێستادا تەنها دووماڵی تێدا دەژیا، ئەویش ماڵی " مەلا عەزیز"ی تۆپخانەو پیاوێکی مەردارێکی ترە، لەو سەردانەماندا مەلا عەزیز بەحەسرەتەوە یادەوەرییەکانی خۆی لەگەل سالحی برایدا بۆ گێرامەوەو ووتی: من هەتا ساڵی ١٩٩١ ئومێدم نەبڕا بوو هەر چاوەڕوانی هاتنەوەیان بووم، بەڵام لە کاتی ئاوارەییە ملوێنیەکەی ئەو ساڵەدا لە خورمال گیرساینەوە، من کەڵکەڵەی گەرانەوە دای لەسەرم ، وویستم بگەرێمەوە، لەو کاتەدا فەرەج هاتەلام و پێشی پێگرتم ووتی: نابی بگەرێتەوە بن دەستی حکومەت، لەویَ بۆیەکەمجار نهێنی دەربازبونی خۆیو کۆمەڵکوژی ئەنفال و هەموو شتێکی بۆ باسکردمو ووتی : بۆ کویَ دەرۆیتەوە ؟ ئەم حکومەتە ئامانی نیەو جێگەی بڕوانیە، ئەوسا پێی گوتم : خۆی بەو شێوەیە دەربازی بووەو صالح لەژیاندا نەماوە وتی : برا ئێمە ئاوامان بەسەرهاتووەو صالح لەگەڵمندا بووەوبەوشێوەیە کوژراوە، بێجگە لەفەرەج ٧کەسی تر لەکۆمەڵکوژی بیابانەکانی خواروی عێراق دەربازیان بووە کە لە ئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون، لەو حەوت کەسەش چوارکەسیان بەناوی ( فەرەج، واحید، رەمەزان، ئەنوەرمحمد ناسراو بە ئەنوەر تەیار ) خەلکی گوندەکانی دەوروبەری قادر کەرەم بوون.



## خەمی گەرمیانیەك

## تابان شێخ عەبدوڵا :

## بەعس جەژنی لەدایك بوونیشی لەسەندومەتەوە .

تابان شێخ عەبدولاّ کە ژنە گەرمیانیەکی نێوەندی ڕۆشنبیری و چالاکێکی ناو ڕێکخراوەکانی ژنانە لە ڕۆژی لە دایکبونیدا لەپەیجەکەی خۆی ئاوا لەبارەی جەژنی لەدایکبونی ( عید میلاد) خۆیەوە نوسیبووی :







ئەمرۆ ٦/٢٦ یادی لەدایك بوونی من وپەخشانە، هەردووکمان پێکەوەو لە ڕۆژێکدا بەسکێك لە دامێنی دایکێکی گەرمیانی کەوتینە خوارەوە، "ئێمە دووانەین" بەلاّم من هەرگیز ناتوانم وەك کەسێکی ئاسایی ساڵانە یادی لە دایکبونم بکەمەوەو ئاهەنگی بۆ بگێرم ، چونکە من خۆم بە تەنیا خاوەنی ئەو جەژنە نیم، چونکە بە تەنیا لە دایك نەبووم، پەخشانی خوشکم هاوڕێم بوو، بەلاّم ئەفسووس ئەو ئەنفالکرا، بۆیە سالاّنە لەگەڵ یادی لە دایکبوونماندا خەمێك بەرۆکم دەگرێت کە لەخەمی کەس ناچێت ..! لەگەلێدا یادی یاری و یادەگاریەکانی پەخشانی هاوڕێ وخوشك دەکەم.. ئیدی ئەوە قەدەری کوردە، ئەنفال لە هەموو بۆنەیەکماندا کۆسپێکە، لە هەموو یادەوەرییەکماندا کابوسێکی نەفرەت لێکراوە .

تابان وپەخشان لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٢ خانەقینن، پەخشان لەساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیری لەگەڵ پێشمەرگەیەك پێك دەهێنێت، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەش کچێك بوو بەناوی هێڕا

بەلاّم ئەفسوس ..پەخشان و کچە تەمەن ٣٢ رۆژەکەی لەگەڵ ٥ خوشك وبراکەی تری وەك هەزاران خەڵکیتری ناوچەی گەرمیان و کوردستان ئەنفالکران وجارێکی تر نەبینرانەوە .

# ئەنفال و تراژیدیای گوندی حەیدەرە سور

گوندی حەیدەرە سووریش بە هۆی ئەنفالەوە دەرگیری مەینەتی و تراژیدیایەکی گەورە بوو. بەرلە تاوانی ئەنفال (٣٥) ماڵی تێدا دەژیا و نزیکەی (١١) ماڵی ئەملاوئەولاشی تیدا نیشتەجێبوو" هەموویان خزم و کەسوکاری نزیکی یەکتری بوون. لە پەلاماری ئەنفالدا (١٥٠) کەس لە پیر و گەنج و منداڵ لەو گوندەدا گیران" لەوانە (١٢٥) کەسیان خەڵکی حەیدەرەسور و (٢٥) کەسیشیان خەڵکی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەر، وەکو خورماتوو و نەوجول بوون. هەموو پێکەوە ئەنفالکران و ڕەوانەی تۆپزاوا کران و پێکەوە بێسەروشوێنکران.

خەڵکی ئەم گوندە (١٤) کەسیان لە سەنگەری بەرەنگاریدا شەهیدبوون و لە پێناوی ئازادیی نیشتمانەکەیاندا گیانیان بەخشیوە" کەچی نیشتمانیش لێیان بێباکە! شایانی باسە،



زۆربەی ئەو شەهیدانە لە بەرەنگاربوونەوەی پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفالدا شەهیدبوون. با وەك نموونە خانەوادەی گوندنشینێك وەربگرین: **کەریم حوسێن عەزیز**، پێشمەرگەیەکی ئەو ڕۆژگارەیە و لە بەرگرییەکانی ئەنفالدا بەشداریی کردووە و بە برینداری دەربازبووە. کەریم (٣) جار بریندار کراوە" ئێستا پێشمەرگەیەکی کەمئەندام و خانەنیشینە. لە پەلاماری ئەنفالدا هاوسەرەکەی بەناوی **سەبریە موبارەك حەمید** و هەموو منداڵەکانی بە ناوەکانی ( کچەکانی دڵشاد، هێرۆ، کورەکانی ئارام، گەرمیان) هەروەها شەش کەس لە خوشك و براکانی بە ناوەکانی ( ڕەحیم، سەبریە، نەورۆز، تەلیعە، زوبێدە، نەسرین، بەیان) دەستگیرکران و ڕەوانەی توونی مەرگی ئەنفال کران" ئیتر هەر ئەو جارە بوو و کەریم چاوی پێیان نەکەوتەوە" بەڵام ئەو کاتەی تیمێکی هەڵدانەوەی گۆڕ، لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە بانگهێشتکران بۆ هەڵدانەوەی چەند گۆڕێك، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەڵگەی یاسایی لە سەر تاوانی ئەنفال، لە ناو یەکێك لەو گۆرانەی لە پارێزگای سەماوە هەڵدرانەوە، پێناسی چەند کەسێك لە خوشك و



بـرا و منداڵـەکانی کـەریم دۆزرانـەوە و لـە دانیشـتنێکی تیمـی دادگـای بـاڵای تاوانەکانـدا بـە ماتەمینییـەوە ئـەم راسـتییە تاڵـەیان پێڕاگەیاند.

لـە سـاڵی (١٩٩٥)ەوە گونـدی حەیدەرەسـوور ئـاوەدان کراوەتـەوە" بـەڵام چـۆن ئاوەدانییـەك ..؟ تـەنها چـەند گوندنشـینێك ڕۆیشـتوونەتەوە بـە بـێ ئـەوەی هـیچ پرۆژەیـەکی خزمـەتگوزارییان بـۆ بکرێـت..! ئەگەرچـی هێشـتا هۆکـاری سـەرەکیی ئـەم پشـتگوێ خسـتنە دیارنییـە، بـەڵام هەرچـییەك بێـت، حکومـەتی هـەرێم دەبـوو ئاوڕیـان لێبداتـەوە و هانـدەری گەڕانـەوەی خـەڵکی گونـدی حەیدەرەسووربێت بۆ سەر زێدی خۆیان.

---

## تەرمی کچیکی ئەنفال دۆزرایەوە

ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢ تەرمی کچێکی ئەنفالکراو دۆزرایەوە .

دوای (٢٤) سـاڵ لـە گیـان لەدەسـتدانی، ڕوفـاتی کچـە کوردێـك دەردەهێنرێتـەوە چـیرۆکی ئەوکچـە ئەوەیـە کـە ئامادەنـەبووە ئـەنفال بکرێـت وخـۆی فرێداوەتـە نـاو زێی بچوکەوە.

رازیـە بـایز، دایکـی کچـەکە بـە ماڵپـەری (سـبەی) ڕاگەیانـدووە: لـەکاتی دەسـتپێکردنی شـاڵاوی ئـەنفالی چـواردا، هاوسـەرەکەی وهەنـدێك منـداڵی گوندەکـەی خۆیـان بـەرەو سـەر زێـی بچـوك بـەنیازی پەڕینـەوە بـۆ ناحیـەی تـەق تەق، بەڵام لەرێگادا سەربازوجاش دەستگیریان کردون .

ئەمـە چـۆن زانـرا ؟ "دوای گەڕانـەوەی چـەند کەسـێك لـە زینـدان پێیـان وتـووە کچـەکە لـەکاتی دەسـتگیرکردنیان خـۆی هەڵداوەتـە نـاو زێـی بچـوك وخنکـاوە وتەرمەکەشیان نەدۆزیوەتەوە".

جومعـە کـانی لەلـەیی، یـەکێك لـە شـایەتحاڵەکانی ڕوداوەکـە، بـاس لـەوە دەکـات لـەکاتی پـەلاماری ئەنفالـدا لـە سـنوری گونـد مابونـەوە و شـەوی (١٩٨٨/٥/١٣) تـەرمی کچـێکی گـەنجیان لـە زێـی بچـوك دۆزیوەتـەوە "بـۆ پاراسـتنی لاشـەکەی بـەخاکمان سـپاردو بـەپێی وتـەی ئـەو هاوڵاتیانـەی هـاتون بـۆلای ئێمـە پێدەچـێت تەرمی ئەو کچە بێت کە لەوکاتەدا خۆی هەڵداوەتە ناو زێی بچوکەوە".

هـەمان ڕۆژ بەڕێوبەرایـەتی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکانی سـەر بـە وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان ترمەکـەیان لەگۆڕەکـە دەرهێنایـەوەو بـە مەبەسـتی پشکنین ڕەوانەی پزیشکی دادوەری هەولێر کرا.

## تاقانەیەکی تری تاوانی ئەنفال کۆچی دوایی کرد

بەرواری ٢٠١٢/١٠/٤ مام صدیق محمود عەلی مراد لەتەمەنی ٨٠ سالیدا لەگوندی ئۆمەربل کۆچی دوایی کردو هەرلەویش بەخاك سپێردرا. ئەنفالستان بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم پیاوە مەینەتبارەوە کە ٢٣ کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراون وبۆخۆی وەك " تاقانەیەکی ئەنفال " بەتەنیا مابوو، بە پێویستی دەزانین جارێکی تر سەرنجتان بۆ هەمان ئەو دیمانەیە رابکێشینەوە کە بەرواری ٢٠١١/١/٢٠ لە گوندی ئۆمەربل لەگەڵیدا سازمان کردووە لە بەرواری ١٧ی ئایاری هەمان ساڵدا لەژمارە ٨ی ساڵنامەی ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە.

مام صدیق پیرێکی تەمەن هڵکشاوی دانیشتووی گوندی ئۆمەربلی سەر بە ناحیێ سەرقەڵای قەزای کفری بوو ( ٢٣ ) کەس لەخانەوادەکەی ئەنفالکرابون و خۆشی پاش ٦ مانگو ١٢ رۆژ لە نوگرەسەلمان گەڕابووەوە، لەدوای ئەوەی گوندی ئۆمەربل



ئاوادەنکرابووەوە هەر لەوێ بەتەنیا لە خانوویەکدا تا دوا چرکە ساتەکانی تەمەنی لەوێ مایەوە ودەوروداوسێ خواردنی ژەمەکانیان بۆ دابین دەکرد.

منداڵە ئەنفالکراوەکانی کە بەردەوام دەهاتنە خەونی چواریان کوڕبوون( تەلعەت، بهجەت، عوسمان، خەلیل بە ژن و منداڵەکانیەوە کە بریتی بوون لە ١١ مندڵ، کەنیشکەکانیشی ناویان سبریەوئامین و حمدیە، ژنەکەشی ناوی ماهیدە بوو) مام صدیق خۆزگەیەکی هەبوو بێگومان خۆزگەی هەمووانە ئەویش : دادگایی کردنی هەموو تۆمەتبارانی ئەنفال و سزادانی تاوانباران بوو بەڵام بەداخەوە خۆزگەکەی بردە ژێر گڵ و بەو ئاواتەوە سەری نایەوە .

# چیرۆکی گۆڕێکی سەردانەپۆشراو



زنجیرە چیای حەمرین ئامادەکراوە وبە دانەپۆشراوی ماوەتەوە، جێگەی ئاماژەیە لە دیدارێکی تایبەتی ساڵنامەی ئەنفالستاندا ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ بەرێز مامۆستا جومعە باس لە دۆزینەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکانی حەمرین دەکاو لە نێو قسەکانیشیدا باس لەم گۆرە دانەپۆشراوەمان بۆدەگێڕێتەوە، کەساڵی ١٩٩٤ کاتێك کە سایەقی دەراسە بووە، ئەم گۆرە بەکۆمەڵەی دۆزیوەتەوە، لەبارەیەوە دەڵێت : یەکێك لەو گۆرانە دانەپۆشرابوو، هەروا بەسەر بەتاڵی ماوبووە، من چومە ناوی هەتا پشتێنم قوڵ بوو. بەڵام باران پری کردبوووەوە هەرئەوەندە قوڵی مابوو.

ئەم وێنەیە، لەمێژووی ئێمەدا گرنگیەکی زۆر تایبەتی هەیە، بۆیە هەق نیە بەسادەیی لێی بڕوانین، هەربۆیەش لەم ژمارەیەدا شوێنێکی تایبەتی پێدراوە، ئەوەی دەیبینی وێنەی گۆڕێکی هەڵکەندراوە کە بۆ کۆمەڵکوژی لە

# داهێنانەکانی پارتیزانێکی دوای ئەنفال لە گەرمیان




عەلی غایب لە دایکبووی ساڵی (١٩٦٦) ە، لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی ( تلیشانی ناحیێ جەبارەی قەزای کفریە ) ساڵی ١٩٨٧ بووەتە پێشمەرگە لەکەرتی (٦ ) تیپی (٥١)ی گەرمیان، یەکێکە لەو پێشمەرگە ئازایانەی دوای ئەنفالی گەرمیان ئامادە نەبوو خۆی رادەستی رژێم بکاتەوە، یەکێکە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال و تاراپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەو جەوڵانە مایەوەو ئامادە نەبوو چۆك بۆ رژێم دابدات، ئێستاش خانەنشینەو لە شاری کفری دەژی .

ئەو پارتیزانانەی لە دوای ئەنفال گەرمیانیان چۆڵنەکردو چۆکیان بۆ بەعس دانەدا،هەمیشە ئەنفالستان بەرێزەوە تەماشایان دەکات پێشمەرگەی دێرین " حەمەرەشید توکنی" لەبارەیەی عەلی غائیبەوە دەڵێت : ( کاتی مانەوەمان لە گەرمیاندا بۆ خەباتی پارتیزانی رۆژگارێکی هەتا بلێی سەخت و ئاڵۆز بوو، تەنانەت ئاوی خواردنەوەمان بەئاسانی دەست نە دەکەوت، بەڵام ئەو پیاوە زۆرداهێنانی کرد، بۆنمونە مەکینەیەکی خەیاتی لە ژێردراو پەردووی گوندە وێرانکراوەکاندا دۆزیبووەوەوهێنابووی بۆ یەکێك لە حەشارگەکەمان ئەوسا لە هەردەی دەربەند تالەی نزیك شاری کفری بووین، دواتر زۆرسودمان لێ بینی و هەمووман بەکارمان دەهێنا بۆ چاککردنی جلوبەرگەکانمان، تەنانەت کۆڵەپشت وکیفی رادیوشمان پێ دروستدەکرد.. هەر بەو مەکینەیە کاك عەلی باشترین کۆپانی بۆگوێ لەق وهاورێکەی پێدوری .. جگەلەوەش هەر کاك عەلی لەو قەیرانەدا کە هەمووشتێکمان لێ یاساغ بوومولیدەیەکی بۆدروستکردین، بۆشەخنی باتری



بێتەلە راکاڵەکەمان ..زورشتی دیکەی داهێنا. بەڵام (عەیب)یش نەبوو، یەکێك لە عەیبەکانی عەلی غائیب ئەوەبوو زۆر تورەو تەنگاوبوو. ئەم وێنەیەی دەیبنن مەکینەی درومانەکەیە کە عوسمانی مەلاجەمیل خەریکە جلی خۆی پێ دەدورێتەوەو ئەوەی پشتیشەوە جەمال شیخ حەمیدیە وەك دەبینن کەرە گوێلەقی گرتووەتە باوەش .



# هەڵەبجە هێشتا لە چاوەڕوانی ئەنفالکراوەکانیدایە

ئەوەی لەساڵی ١٩٨٨ بەسەرشاری هەڵەبجەدا هات تەنها ئەوچیرۆکە سامناکەی گازباران نەبوو، بەڵکوئەنفالکردنی ئەوهەڵەبجەییانەش بوو، کە بەپروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەرانەوە بۆنیشتمان، ئەولێبوردنەی بووە تەڵەیەك و زۆرکەسی خەڵکی هەڵەبجەوناوچەی دۆڵی جافایەتی وبادینانی پێوەبوو، نمونەی ئەوقوربانیانە خانەوادەیەکی هەڵەبجەیین کە لەساڵی ١٩٨٨ ەوە هەتا ئێستا لەچاوەڕوانیەکی ترسانکدا لەگەرەکی شافعی شاری هەڵەبجەی شەهیدان دەژین، ( حسێن محمد ئەمین و فاتمە ئەحمەد) باوك و دایکی کوڕێك و سێ کچی ئەنفالکراون، بەر لە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە قەرەبالغ بوون و تارادەیەك بە تێروتەسەلی دەژیان، وەلی ئێستا ئەو خانەوادەیە بەهۆی ئەو تاوانەوە ژمارەیان کەم بووەتەوە.

رۆژی ٣/١٦ کە بۆمباران دەستی پێکرد،ماڵی حسێن محمد ئەمین کە بە حسێن شا ناسراوە هەموو خانەوادەکەیان کۆبوونەوەو توانیان وەکو زۆربەی هەڵەبجەییەکان لە ژێرزەمینی ماڵەکەیاندا خۆیان قایم بکەن، تا ئەوکاتەی بۆمبارانی کیمیایی دەستی پێکردو گازی کیمیایی لەژێر زەمینەکانیاندا هەڵیکەندن و ئەوانەی توانای دەرچونیان هەبوو بە ناچاری شاریان بەجێهێشت، ئیتر بەناو تەرموتەمی کیمیایدا لەشاردەرچوون و ئەوخەڵکە ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام ماڵی حسین شا، ماوەی مانگێك لە هاوار خۆیان گرتەوەو تاجەژنیش هەرلەوێ مانەوە بەڵام دواجار ناچاربوون بچنە یەکێك لە کەمپەکانی ئێران.

حسێن وسەبریەی خێزانی سەرباری ئازاری چاوەڕوانی کورەکەی وسێ کچی هێشتا دوو مرۆڤی بەهەیبەت وتەندروستن، میواندۆست و قسەخۆشن، ئەمان جگەلەوەی چوار منداڵیان بێسەروشێنە، کوڕێکیشیان بەناوی شێرزاد بەنیازی رۆیشتنە دەرەوەی وڵات ملی رێگای قاچاغ دەگرێ، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی تورکیا توشی نەخۆشی دەبێ و کۆچی دوایی دەکات، ئێستا حسێن و سەبریە لەگەڵ کچ و کورێکی تریان هەرلە خانووە کۆنەکەی خۆیاندا لەگەڕەکی شافعی پێکەوە دەژین .

کچێکی تریشیان بەناوی بەخشین ماوەو ئێستا لەماڵ و مێردی خۆیدا دەژی . بەپێی قسەی خۆی کاك حسێن پێشتر باری ئابوری و بژێوی زۆر باش بووە، خانەوادەیەکی بەختەوەر بوون، بەڵام ئێستا بەهۆی چاوەڕوانی منداڵەکانیانەوە کە ئەنفالکراون ژیانیان لێ تێکچووەو هەمیشە لەدودڵی و داڵغەی ئەواندان . ئەو رۆژەی چوینەماڵیان بەرەبەیانێکی مانگی رەمەزان بوو،

کــــاك حســـێن و فاتمـــە هــــەردوکیان بــــەزمانی بــــــــــــەرۆژووەوە لەچــــاوروانی و پێشــــوازی ئیمــــــــــــەدابوون، هەربەگەیشـــتنمان خــــولقی نیوەرۆیــــــان کــــــردین و ووتیــــان ڕێبــــوار ڕۆژی لەســــەرنیەو نیــــوەڕۆ لێــــرە دەبـــن، بـــەڵام ئیمـــە بەداواکـــــــەیان قایـــــل نــــــــــەبووین و زۆر زوو کامێرامـــــان چەســـــپ کــردوو خۆمــان ئامــادەکرد بـــــــۆ دیــــــــدارو چــــــــــاوپێکەوتنێکی ڤیـــــدیۆیی. کــــەزانی وەختــی دەســت پێکردنــی کارەکەمانـــە کـــاك حســـێن ڕوی کــــــرد بـــــەودیوداو ووتــی: قســە لــەو " واتــە لــە ســەبریە وەربگــرن" مــن قســـە ناکـــەم بـــا ئـــەو قســـەتان بۆبکـــات، بـــەڵام ســەرئەنجام ئــەویش خــۆی پێنـــەگیراو هاتـــە قســـە، ئێمـــــەش داواکـــــەیمان لەبەرچـــــاوگرتوو لـــــە پێشـــەوە پرســــیارەکانمان ئاراســــــتەی (ســــــەبریە ئەحمـــــەد) کـــــردو ئـــــەم دیدارەی لێکەوتەوە .

**ئەگــــەر نــــاوی ســــیانیتم پێبلێیت ؟**

ســـەبریە ئەحمـــەد محمـــەد ئەمین .

**تەمەنت چەندە ؟**

ساڵی ١٩٤٠ لە دایکبووم .

**لــە بیرتــە ســاڵی چــەندبوو لەگــەڵ کــاك حسـێن هاوســەر گیریت کردووە ؟**

بەڵێ ساڵی ١٩٦٥ بوو .

**هەر لەکۆنەوە لە هەڵەبجە دائەنیشیت؟**

بەڵێ ئێمە لە بنەماڵەی ١٣ماڵەکەی هەڵەبجەم .

**چەند منداڵتان هەبوو؟ دەوانی ناوەکانیان پێبلێی ؟**

٨ منـــداڵم بـــووە . گەورەکــەیان نــاوی ئــاوات ١٩٦٥.دوای ئــەو ئاراس .بەناز ١٩٧١بەهار ١٩٦٤.لانە ١٩٨٢

**کاتێك کیمیابارانی هەڵەبجە کرا ئێوە لە کوێ بوون ؟**

هەرلـــەم ماڵـــەی خۆمانـــدا بـــووین، بـــۆ یەکـــەمجار کـــە بۆمبـــارانکرا چـــوینە ژێـــرزە مینەکـــەی خۆمـــان بـــۆ دووەمجـــار رامـــانکردە ژێرزەمینـــی ســـینەماکە لێـــرە ژێـــر زەمینێـــك هەیـــە پێیدەڵێن سینەماکە لەبەرئەوەی سنەمای لێبوو.

**ئێوە چەند کەس دەبوون لەو ژێر زەمینەدا ؟**

نزیکـــەی ســـێ هـــەزار کـــەس ئـــەبووین ، کاتێـــك تـــەیارە کـــان هاتن دەنگی هاوارو قیژەو دەنگی تەیارە تێکەڵاو بووبو

**تاکەی لەوێ مانەوە ؟**

تا بانگی مەغریبماینەوە دواتر هاتینە دەرەوە

**لە ژێرزەمینە کەدا کەستان بەکیمیایی لێ مرد ؟**

نەخیر کەسمان لێ نەمرد.

**کاتێك هاتنە دەرەوە لە سەرجادە لەکۆلانەکان چتان بینی ؟**

لــەم گەرەکانــەدا هــیچ نــەبوو بــەلام کــە دەرچـــووین لــە خــەتی شـــەهیدان مانگـــا مـــرۆف ســـەگ بشـــیلە کـــەوت بـــوون خـــەڵك هـــاواری ئـــەکرد ئـــاو کەســـێك ئـــەی نالاندئـــەی ووت بـــەجێم مەهێڵـــە ئـــیتر نـــەت دەزانـــی ئـــاوڕ بـــەلای کێـــدا بدەیتـــەوە ، دەنگیچـــکم گـــوێ لێ بـــوو وتم ئـــەرێ حەســـەن ئـــەوە دەنگـــی حەمـــەی دراوســـێمان نیـــە وتـــی بـــڕۆ ژنەکـــە ماڵـــت وێـــران بـــێ ئـــەو ئـــەیزانی کـــە کیمیـــایی یـــە مـــن نەمـــدەزانی ئـــیتر ڕۆشـــتین کەوتینـــە ڕێ چـــوینە عەبابـــەیلی ، لـــەویش ســـەرکەوتین بـــۆ شـــنرۆێ دواتـــریش چـــوینە هـــاوار ئـــیتر ڕۆژ بویـــەوە تـــەیارەش هـــەر بەشـــوێنمانەوەیە کیمیـــایی ئەڕێـــژێ جـــا کـــەژو کێـــو بـــوو زوچـــر تەئســـیری نـــەبوو ، چـــوینە خـــوارەوە ئیســـراحەتێکمان کـــرد لـــەو قـــەراغ ئاوانـــە ئـــیتر بـــەو ڕێگەشـــا تـــا گەشـــتینە ئـــەو کەژانـــە ئاوانـــە هـــەر تراکتـــۆر بـــوو دەیگـــوت لایتەکـــەت بکوژێنـــەوە تـــەیارە هـــات ، ئینجـــا ســـەرکەوتین بـــە کـــەژێکی ســـەختی بـــێ ڕێگـــا بـــۆ دەرەتـــوێ کـــە دێ ی هاواریەکانـــە ئـــیتر کـــە گەشـــتینە ئـــەوێ هـــیچ کاممـــان هۆشمـــان بـــە خۆمانـــەوە

نەبوو ، سێ ماڵ بوین کە ماڵی حاجی رەشیدی وەستا مستەفا و ماڵی انوری خالۆ ئەحمەدیشمان لەگەڵ بوو ، گەشتینە ماڵی دیموکرات ، هەمووی خانوی دیموکرات بوو پڕبوو لە ئەشیا...

**دیموکرات مەبەستت حیزبی دیموکراتی ئێرانە ؟**

بەڵی ، ئەوان رایان کردبوو بۆهەڵەبجە لە ترسی ئێران ئێمەش رامانکردبوو بۆدەرەتوێ ئیتر لەوێ حسێن شقارتەی دۆزیەوەو چای بۆلێناین ئێمەش ئەرشاینەوەو چاومان ئاوی ئەکرد ئەمانووت هەوای سەرمای ڕێگەیە نەمان دەزانی کیمیایی یە ،ئیتر ئەو شەوە تا بەیانی هیلاك بووین و هەر دەرشاینەوە ، کە ڕوژ بویەوە حسین و جاجی رەشید، چونە خوارەوە رزقی قاچاخ چی لێ بوو کە ئێران و عیراقیان پێ ئەکرد فەردە برنج و تەنەکەیەك ڕۆن و ئیتر فاصولیاو رزقیان کری وئێمە هەر لەوێ ماینەوە هەتا رەمەزانیشمان گرت لەوێ بووین، لەدەرەتوێ ئیسراحەتمان کرد، ئیتر ئەو خەڵکە ڕۆشتن ئاوارەی کرمان ببون لەوێ زۆر نارەحەتیان بینیبوو لەوێ چ لە مەکتەبەکاندا مابونەوە وەکو سجن ، خواردنیان بە واستە دەست ئەکەوت رەزالەتیان زۆر بینیبوو ، ئیتر ئێمە کە رەمەزانمان گرت ئینجا ڕۆشتین بۆئێران ئەوەنە درەنگ ڕۆشتین ئۆردوگامان بەرنەکەوت بوچیە بردینیانە جوانرۆ لەشوێنی جارە گەنم کە دوریبویان خیمەیان بۆ هەڵداین .

**واتا ئێوە لەکیمیابارانی هەڵەبجە کەستان شەهید نەبوو ؟**

نەخێر ماڵی خۆمان کەسمان شەهید نەبوو بەسەلامەت دەرچوین

چەند مانگ لە ئێران مانەوە ؟

١٦ /١٩٨٨/٣ رامان کرد مانگی پێنجی ١٩٩٠ هاتینەوە ، منالەکان لەگەڵ ئێمە نەهاتنەوە لەگەل ماڵی ڕەفیقێکی باوکیان هاتنەوە

مندالەکان ساڵی چەند هاتنەوە ؟

ئەوان ١٩٨٨/١٠/٢٥ گەڕابونەوە

بەلام ئەوکاتە عەفواتی عام نەبوو ؟

ئەوان بەو عەفواتە گەڕابونەوە کە ئێران لە ئۆردوگاکاندا وەرەقەی داکوتا وتیان ئەوە عەفواتی سری هەیە کێ ئەرواتەوە با ماشێنی بو بێنین بیباتەوە ئیتر نەك هەر مندالەکانی من بەلکو خەڵکێکی زۆر بەم عەفواتە درۆینە گەڕابونەوە

**کە هاتنەوە لە کوێ گیرابوون ؟**

کە ئەوان هاتنەوە (امم المتحدە) لە بەینا نەمابوو تا وەریان بگرێ لە ئێران بویە یەکسەر بەو سەیارەیەی کە هاتبون هەرسێ مالەکیان چوبونە معەسکەرەکەی تەوێلە ، بۆ ڕوژی دواتر کە سایەقەکە هاتەوە پارچەیەك مقەبای هێنا بۆ ئێمە منالەکان لەسەری نوسیبویان دایکە گیان باوکە گیان وا گەشتینە تەوێلە ، بەها گریابوو زابتەکە سەری ماچکردبوو وتبووی بۆ کوێ ئەڵێن ئێمە ئەتانبەین بۆ ئەوێ وتبویان ئێمە دایك و باوکمان نەماوە بۆ خوێندن هاتوینەتەوە بۆ ماڵی باوام بو سلێمانی ، ئەو شەوە ژورێکیان ئەدەنێ ئیسراحەت ئەکەن و بەیانی زوو سوار سەیارەیان ئەکەن و ئەیانهێنن بۆ عەربەت لەوێ ڕەفیقێکی باوکیان بەناوی ئەحمەد بەگ کە ئامۆزای دکتۆر فوئاد بابانە بە حاجی حەمە حسین گورگەیە ئەڵێ مەڕۆن هەزار دینار بیەن بەم سایەقە با لە سلێمانی بتانکات بە کوڵانێکا تەلاقم کەوتبێ ئەتانگرن ئیتر لەگەڵ حاجی ئەکەونە سوعبەت بەلام حاجی حەمە حسین قەناعەت ناکا

ئـەڵێ گرتنـی چـی ، ئـیتر یەنـە سـلێمانی ئەچـنە فرقـەی سـلیمانی ئـەوەی خـوار حسـیب صـالح ، لـەوێ ئـاوات بێتاقـەت ئەبێ بـە زابتەکـە ئـەڵی با یـەك تەلـەفون بکـەم بـۆ مـاڵی خـاڵم تـا بـزانن هاتومەتـەوە زابتەکـە ڕێگـەی پـێ ئـەدا تەلـەفون ئـەکات بـۆ مـاڵی خـاڵۆی ئـیتر مـاڵی خـالو عمـر و خـالو عوسمـانی بـە دوو تەکسـی بـە مـال و منالـەوە دێـن بـو فرقـەی سـلیمانی و دوای دەسـت لـەملکردنی یـەکتری ئـەمان ئـەگرین و ئـەوان ئـەگرین دوای ئـەوە براکـانم زۆر محاوەلـە لەگـەل زابتەکـە ئەکـەن ئـەلێن ئـەو منالـەمان بـە پـارە بـێ بـە هەرچیەك بـێ بـدەری کـە مەبەسـتیان لانـە بـوە تەمـەنی شـەش سـالان بـوو ئـەو منالـە با ببیـەین بـەلام زابتەکـە رازی نـابێ ئـەڵێ ئەینبەنـە کـەرکوك ئیفادەیـەکیان لێ وەرئـەگرن و ئەیانهێننـەوە ، بـرا بچـوکەکەم ناروات‌ەوە بـو مالـەوە ئەچـێ خـواردنی حازریـان لـە بـازار بـۆ بهێنـێ کـە یەتـەوە لـەوێ نـەماون ، ئەبرێنـە تـوپزاوا سـێ مـانگ و بیسـت و پێنج شەو لە توپزاوا ئەبن

**کێ لە توپزاوا بینیبونی؟**

مـالی سـەلمای دایکـی عیزەتـی سـەید محمـود و دڵـەی خوشـکی و خوشکەزایەکیشـی بـەناوی شـیلان ، ئـەوان کوریـان لـە عەسـکەری کوژرابـوو بوێـە بـە وەرەقـەی شـەهید کـاك عیـزەت بـەری دابـوون کـە زانیبـوی لـەوێ بـەوە خـەلك بەرئـەدەن ، کـە دادە سـەلمە بـەربوو بـەربوو ئەیگێرایـەوە کـە ئـەوان لـەوێ چ خزمـەتێك کـراون لەکاتێکـدا خـەلك لـەوێ لـە رەزالـەتێکی زۆرا ئـەژیا ، ئـەمان تاوانەکـەیان ( تجـاوز حـدود ) بـووە ، دەیگـوت ئـەوەی لـەوێ بـەو خەلکـە کـراوە بـاس نـاکرێ بـەلام خزمـەتێکی ئـەمان کـراوە دام و دەزگـای سـجنەکەش سـەریان سـورماوە عەسـکەرەکان گوشـتیان ئەبرژانـد بـو لانـەوە شـیلانیان ، شـیلانیش لەتەمـەنی لانـەی ئیمـەیا بـوو ، دەیگـوت تایـد و صـابون خـیرو بەرەکـەت ئەوەنـە موحتاجیمـان نـەبووە ، ئـیتر حـەوت ڕۆژ پـێش ئـەوەی دادە سـەلمە بەربـدەن ئـاوات کاغـەزێك ئـەیات بـە دادە سـەلمە ئـەڵێ نـەوەك ئێمـە بەرنـەبین ئـەینێرێ بـو مەهـدی شـوبرام ئـەلی مامـە گیـان بەوەرەقـەی شـەهید خـەلك بەرئـەدەن بەشـکم محاوەلەیـەکمان بـو بکـەن بـەلام مـامی هیچـی پـێ نـاکرێ ، ئـاوات عـەریزەکیش ئـەدا بـە حکومـەت کـە دادە سـەلمەو ئـەوان بەرئـەبن ئـەڵێ ئێمـەش بـاوك و دایکمـان نـەماوەو تەلەبـەین بـۆ خوینـدن هاتوینەتـەوە لـەوا ئـەبێ معامەلـەیان بـو بکـەن بـەریان بـەن‌و ئازادیـان بکـەن ئەحمـەد بـەگی تـەرەپیازی هەیـە لـیرە ئیشـیان هـەر ئـەمن و جاسوسـی‌و دزی بـوو ئـیتر نـازانم خـۆی ئـەبێ یـان کورەکـەی ئەچـن ئـەلێن ئـەم منالانـە درۆ ئەکـەن دایـك و باوکیـان مـاوەو لـە ئیرانـن ئـیتر زللەیـەك ئـەین لـە ئـاوات و عەریزەکـەی ئـەدڕن ، لـە تـوپزاوە دەرئەچـن و ئەیانبـەن بـەرەو خـوارتر، لـەویوە کورەکـەم مـەلا بانگـدان تەلـەفونێك ئـەکات بـۆ مـالی ( شـێخ حەمـە سـعیدی شـیخ کمـال ) خەسـوەکەی هـەلی ئـەگرێ پیرەژنێـك بـوو، کـوریکی شـیخ کمـالیش لـەوی ئـەبێ لێـی دەپرسـێ: نەنـە ئـەوە کـێ بـوو ئـەو تەلەفۆنـە..؟ ئـەلی ئـاوات بـوو، داوای مامـەی ئـەکرد، وتومـە حەمـە سـعید لەبەغـدا کـەوتوە نەخۆشـە مامـەت وابەلایـەوە، ئـیتر کورەکـە دابـووی بـە رانـی خۆیـدا ووتبـووی ئـەی بـۆ قسـەت نـەکرد دوو قسـەم لەگەڵ بکردایە ..

**ئەی نـەیووتبوو لـەکوێوە تەلـەفۆن دەکـەم ؟ دوای هیچـی نـەکرد بـو بۆهاوکاری کردنیان ؟**

هەرئەوەندەی وتبوومامەم بۆ بانگ بکەن .. ئیتر نازانم لەکوێوە قسەی کردبوو . !! ئەمان ١٩٨٨/١٠/٢٥ هاتنەوە، وتیان ئەچینەوە خویندنەکانمان تەواو دەکەین.. ئیمەش دوای ئەوان مانگی ٥ی سالی ١٩٩٠ هاتینەوە، ئیتر ئەو ووتی گوێم لە دەنگیان بووەو ئەم وتی: گوێم لە دەنگیان بووە.

**کێ بوون ئەوانەی گوێیان لە دەنگیانبووە ؟**

مەسەلەن ئەم برایەم گوێی لە دەنگیان بووەو ئێمەی نەناسیوە بەلاّم بۆتۆی باسکردووەو تۆش بۆ ئیمەت باسکردووە.

**دوای ئەوەی لە تۆپزاوا ڕۆشتن و ئاوات تەلەفۆنێکی تری کرد ئینجا سۆراخیان چی بوو ؟ نەبراونەتە نوگرە سەلمان ؟**

نەخێر براونەتە عەرعەر ، ئەڵێن زابتێك گێڕاویەتەوە وتویەتی دوای ئەوەی عێراق لە کوەیتی دا سعودیە تەیارەی ناردووە و دوو تەیارە لەو خەڵکەی بردوّتە سعودیە

**بەلاّم ڕەنگە ئەم قسانە تەنها وتی وتی بێ چونکە من خۆم زانیاریم هەیەو زۆریش بەدوای ئەم دۆسیانەدا ئەچم ئەزانم کە تەنها شوێن لە عەرعەر کە خەڵکی تێدا کۆکرابێتەوە نوگرەسەلمان بووە**

بەڵێ ڕەنگە تەنها قسەی خەڵك و وتی وتی بێت

**ئەکەسانە کێ بوون کە گوێن لە منداڵەکانت بووە ؟ لە کوێ گوێیان لێ بووە و چۆن گوێیان لێ بووە ؟**

لە سلیمانی گوێیان لێ ی بووە ، بۆ نمونە تۆ گوێت لێ ی بووە و دراوسێکەت هەڵەبجەیی بووە بەیانی ڕۆشتوی پێت وتوە کە ئەمشەو گوێت لە کۆمەڵێ منداڵ بووە قسەیان کردووە یەکیان وتویەتی ناوم ئاواتە و کوڕی حاجی حەسەن شای هەڵەبجەییم و خۆم و خوشکەکانم بەناوی بەنازو بەهارو لانە و کۆمەڵێ خەڵکی زۆر لە سعودیەین و تکا ئەکەم لەو کەسانەی کە دەنگمان ئەبیستێ ڕایگەیەنێ بە کەس و کارمان ، ئەگەر کەس و کاریشمان ناناسێ بلاوی بکاتەوە

**ئەم قسانەی لە چ ڕادیۆیەك کردووە ؟**

لە ڕادیۆی سعود، وتویەتی هەرخۆمان نین خەلکیکی زۆرەوخەممان نیە هەرخەمی دوری ئەوان نەبێ

**ئەو کەسانەی گوێیان لە دەنگیان بووە لە ژیاندا ماوون ؟**

خزمێکی سەردار پالەنیایی لە هەڵەبجەی تازە گوێی لێ ببوو بەیانی چووە بوّلای ئاموژنی ئاموژنی ژن و منداڵی کورێکی لەگەڵ ئەم منالانەی مەن بون ، وتویەتی ئاموژن خەفەت مەخۆ انشالا سەردایش لەگەڵ ئەو خەلکەیە ئەمشەو گوێم لە کورێك بوو قسەی کرد وتی ناوم ئاواتەو کوری حاجی حسین شای هەڵەبجەم و ئیتر بەو جۆرەی پێشتر بوم باسکردن ، ئاموژنیشی ئەڵێ ئەی ڕولە نەتناسی کێ بوو ئەڵی وەلا هەڵەبجەیی بوو وتی خوشکە بچوکەکەم ناوی ئاوارەیە بەلام کورێکی شەش حەوت سالی لەگەڵ ئەبێ ئەڵێ نا ئاواتەش والە گولانەکەمان نامێش لانەنە دایکەکە بیری چویەوە منداڵەکە بۆی ڕاست ئەکاتەوە ، ئیتر لە هەڵبجەی تازەوە خێرا زاواکەی ئەنێرێ بۆ مالی ئێمە و حەسەنیش خێرا لەگەلی ڕوێشت بۆ هەڵەبجەی تازە بۆلای ژنەکە

**ئەو ژنە ئیستا ماوە لە ژیاندا ؟**

وەلاّ ئەبێت حەسەن بپرسێ لەمالّی حەمە کەریم ، نازانم

**ئیتر سۆراخی ئاوات و منداڵەکانت هەر ئەمە بوو ؟ هەر ئەو ڕادیۆیە بوو ؟**

بەڵێ بەلاّم ئەمە زۆرکەس گوێی لێ بووە

**ئێمە دەتوانین ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە گوێیان لە منالەکانت بووە تا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانیش بکەین ؟**

وەلا نازانم دایکی سەردار مردووە بەلام لام وایە ئەو ژنەی خزمیان کە گوێی لێ ببو ماوە من ئەمەوێ شتێکت بۆ ڕون بکەمەوە ، بو نمونە ئێمە جگە لەوەی لەم بەشە ئیش دەکەین ڕێکخراوێکیشمان هەیە و ئیشی زۆریشمان کردووە بەلام هەموو ئیشێك پێویستی بە بەلگەیە بۆیە من ئەگەر ئەم کەیسە بخەمە بەردەم ڕێکخراوێکی گەورەی وەك ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە سنوری بۆ نیە و لەهەموو شوێنێك کاردەکات ئەگەر بەلگەی بەدەستەوە بێت بۆ ئەو قورس نیە بچێتەوە بۆ سعودیە و بگەرێتەوە بۆ ئەرشیفی ئەو رادیۆیە بۆ ئەو ساڵە بەلام بۆ من و تۆ قورسە و خەونە بۆیە ئەگەر تۆ بەلگەیەکم نەدەیتێ من ناتوانم لەگەڵ ئەوان وەك خاوەن هەقێك قسە بکەم چونکە ئیش لەسەر بەلگە ئەکرێ ، ئێستا تۆ چی داوا ئەکەی لە حکومەت ؟ لەڕێکخراوەکان ؟

ئەمساڵ عەریزەم داوە بە پەرلەمان و لەوێشەوە تەلەفونیان بۆ کردم و ئەندام پەرلەمانێك بە ناوی وتی ئەوە عەریزەکەت گەیشتووە

**نامەت داوە بە کێی تریش ؟**

بە خانمی میتران ، بە مالکی کەهاتووە ، چومەتە لای بە جلال تالەبانی لە قەلاچوالان لە نەوەدەکاندا کە وتویانە ئەچێ بۆ سعود ئەوکاتە کە عەریزەکەم بۆ برد وتی لە ژێر ئەرزدا بێت ئەیانخەمەوە سەر ئەرز بۆت هەژدە رۆژ لە سعود بوو مەلییك فهد خۆی پێشان نەدا

**با ئێمە پرسیارێکی واقعی بکەین کە هەق بوو خۆت بتکردایە ، هەندێ جار باس لە فرۆشتنی ئەو کچانە ئەکرێ بە ولاتانی عەرەبی و ڕەنگە توشی جورێك تەعەداو شکانی کەرامەت بوبنەوە بۆیە نەیانەوێ بێنەوە ئەم ولاتە بەلام ئاوات کە توانیبێتی لە رادیویەك قسە بکات لە سعودیە ئەی چۆن نەیتوانیوە تەلەفونێك بکات بۆ ئێرە**

بەلام ئەو کاتە وەك ئێستا تەلەفون نەبوو ئەوانەشی کە هەبوو هی حکومەت بوو.

بەلام خەلکێك هەبووە دە ساڵ لەو بەرێوبەرایەتی شەهیدان موچەی شەهیدانی وەرگرتوە دواتر خوی لە لوبنانەوە هاتۆتەوە وتویەتی زۆر مەمنون ئەوە هەویەکەتان من ماوم ئێستاش لە ئالتون کۆپریە واتە ئەم کابرایە زۆر بە ئاسانی توانیویەتی پەیوەندی بە ئێمەوە بکات یەکەم هەنگاو لەو ولاتە چوە بو خاچی سور (صليب احمر ) لەو ولاتە وتویەتی من حالەتەکەم ئاوایە ئەوان لە کاتێکدا هێنایانەوە بۆ ئالتون کۆپری کە حکومەت مابوو وەزع مەترسیدار بوو بۆ پێت وایە کە کاك ئاوات ئەوەندە بەرپرس بوبێ تا بگەرێ بەشوێ هەلێکی بەوجۆرە ؟

بەلێ باوەر بکە ئاوات زۆر زیرەك بوو، نازانم بلێم چی ، بەلام شتێکت بۆ بگێرمەوە ، کەرەتێك لە تەلەفیزۆن بینیم ئاوارەکانی عیراق کە لە سعودیە بوون خۆیان ناونوس ئەکرد بۆگەرانەوە ماموستا ئامینەیەك هەیە بوکی عومەری خەزانە خەلکی بەغدایە چوم بولای وتم ماموستا ئامینە ئەم تەحتیلە کە ئەگەرێتەوە بۆ نەجەف جا مالی

باوكی لە نەجەف بوون بەهۆی شەرەوە وتم بەلكو هەوالێكم بۆ بزانی لەرێ ی خزمێك یان ناسیاوێكتەوە وتی بەسەرچاو ، دوایی كە هاتەوە سوێندی خوارد وتی چوومەتە مالە خزمێك كە لە ١٩٩١ وە لە سعودیەن وتویانە چواردەورمان تەلبەند بوە لە خانودا بووین ژیانێكی باشمان هەبووە ئەوەی ئەقل تەسەوری نەكردووە بۆیان هێناوین پێویستیمان بەهیچ نەبووە بەلام بارەگاكەی نەتەوە یەگرتوەكان بەرامبەرمان بووە نەیانهێشتووە سەردانێكیان بكەین ئەمانە عەرەب بوون تەلەبەند كراون بویە ئەبێ كوردەكان شیشەبەند كرابن خۆت ئەو ولاتانە ئەناسیت چۆن ئەهێلن بگەرێ ی بەشوێن مافی مرۆڤدا

**بەلام رەنگە ئەو چیروكانەی بۆت گێردراوەتەوە بەشێكی راست نەبن ، رەنگە هەندێكیشی راست بن بۆیە پێویستە ئێمە ئیش لەسەر راستەكان بكەین بۆ نمونە ئەو كەسانە بدۆزینەوە كە ئەم قسانەیان بۆ تۆ گێراوەتەوە تا سەرەداوێمان دەست بكەوێت**

بەڵێ وایە ، شتێكی تریشت بۆ بگێرمەوە ، جارێك چووم بۆ مافی مرۆڤ پێیان وتم ئێمە نوسینگەمان لە سعودیە و ئێراندا نیە بەلام لە رێی كوەیتەوە محاولەت بۆ دەكەین ئیتر ماوەیەكی پێچو مالم هاتەوە ئێرە سالی ١٩٩١ مالی براكەم جوابیان نارد بە كەسێكدا وتیان وەرە داوای تۆ ئەكەن ، كە چووم پێیان وتم ئیمە لە خەتی كوەیتەوە محاولەمان بۆ كردویت ئەلێن ئەمانە هەن و مەوجودن بویە مەوەستن لەگەران

**واتە ئەمە وەزارەتی هاوكاری و مروڤایەتی حكومەتی عیراق پێی وتن ؟**

باش نازانم كوێ بوو بەلام حكومەتی ئەوكات بوو خو هیشتا حكومەتی خومان نەبوو

**بەلام زور باوەر بەو چیروكانەی حكومەتی بەعس مەكە چونكە من بەلگەم لایە كە ئەلێ لە چاوەروانیدا بیانهێلنەوە جارێك پێن بلێن ماون جارك بلێن مردون ئەمە نامەی مەكتەبی سەروكە بۆ ئەمن و موخابەرات ئەلێ ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا ون بون كەس و كاریان دلنیا مەكەنەوە لە مان ومردنیان .**

داواكەت چیە ؟

داواكارم ئەم دوو ژنو پیاوە بدۆزمەوە ئەو كاتە تەلەفۆنت بۆ دەكەمەوە .

**بەس ئاوات قسەی كردووە لەو بەرنامەیەی رادیو سعودیە ؟**

نا وەلا كچەكانیش قسەیان كردووە .

**ئەم وێنانەی ئێستا بەدەستی تۆیە هی منداڵەكانتە ئەمانە سالی چەند گیراون ؟**

ئەم وێنانە كە ئاوات و ئەوان كچەكان لە ئێران هاتبوونەوە كامێرایەكو هەندێك كەلوپەلی تریان جانتایەكو زنجیرێكی ملو ئەمانەیان دابوویەوە دەستی پوریان وتبوویان ئەوانەمان بدەنەوە دەستی ماڵەوە .

واتا ئەمانەتان بەدەست گەیشتەوە ؟

بەڵێ بەدەستمان گەیشتنەوە .. ئەم وێنانەش لەو كامێرایەدا بوون .

**ئەی ئێستا ئەو كامێرایەتان ماوە ؟**

بەڵێ ماومانە ..

**ئەی بەنیازن چی لێبكەن ؟**

وەلا چی لێبكەین ئەوەتا هەر لەماڵەوەیە ..

**ئەی بۆچی لە شوێنێك مۆزەخانەیەك بۆنمونە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دای نانێن .. خۆ ئێمە هەموومان دەرۆین و ئەو بەڵگانە دەمێننەوە، ئەگەر لەمۆنۆمێنتی هەڵەبجە بن باشتر نیە ؟ یان هەر شوێنێکی تر..؟**

( بەدڵی پر لە گریانەوە ) بەرێوەڵا باشترە ..

وا باشترنیە کە ئەو کامێرایە لە مۆنۆمینتێك یان مۆزەخانەیەك بێت و خەڵکی بزانن کە ئەم کامیرایە هی ئاواتی حسێن شایەو خۆی ئەنفالکراوە ..؟

( حسێن و سەبریە هەردوو کیان پێکەوەو بە یەك نەغمە ) بەڵی باشترە

سەبریە بەدڵی پر لەگریانەوە ووتی : لە سالیادی هەڵەبجە رەسامەکان وێنەی شەهیدەکانیان دروستکردبوو، لەوێ چووم سەیرم کرد .

ئێمە ئامادەین ئەو کامێرایە لای خۆمان دابنێین هەرکاتێك ویستت دەتوانی وەری بگریتەوە یان داوای بکەیتەوە. هەر چرکەساتێك تۆ بتەوێت ئیمە دەتوانین بۆت بگەرێیننەوە .

نانا ئێمە پێویستمان نیە هەرلەماڵەوە دامانناوە. دەتان دەمێ بەسەرچاوو.

کارەکەی ئێمە ئەوەیە کە بەدوای بەڵگەو دۆکۆمینتەکاندا دەگەرێین " کەل و پەلی بەجێماوی قوربانیەکان ، وینەو صیرۆکەکانیان" بۆنمونە ئەو وێنانەی منداڵەکانی تۆ کە ئێستا بێسەروشوێنکراون،بالای خۆشت هەبێ لەلای ئێمەش (بەشی دۆکۆمیناری) بەڕاستی دەمانەوێ مێژووی خۆمان بنوسینەوە.

سەبریە قسەی کەی لەدەم وەرگرتممەوە ووتی: بەخوا کە لەئیران گەرانەوە لۆرییەك بەس ماڵیان پێبوو، ئەوان ووتیان ئەرۆینەوە ئەچین خویندنەکانمان تەواو دەکەین کەچی ئاوایان لێ بەسەرهات . ئینجا کاك حسێن هەڵیداوەو قسەکەی سەبریەی پشتراستکردەوەو ووتی : بەخوا بەخوا ١٠ دە هەزاردیناری سویسریم بۆژماردن و دامە دەستیان.. ١٠ شەدە هەزار دیناری ..دەولەمەند بووم باکم بە پارەنەبوو.. هەمووی رۆیی .

دوا قسەت چییە ؟ ئەگەر تۆ بتەوێت بۆمان بکەیت ؟



ئەگەر شتێکتان دەربارەی ئەم چیرۆکەی منتان لە رادیۆ لە تەلەفزیون یان لە رۆژنامە بلاوکردەوە ئەو قسەیەم بۆ بلاو بکەنەوە ئەگەر ئەوکچانەم مابوون، بەهەمووشیوەیەك قبوڵمن ئەگەر یەکی ١٠ منداڵیشیان هەبێ، هەربێنەوە چاویکمان پێیان بکەوێت، ئەو خەڵکەشم قبولە کە ئێستا کچەکانی منیان لەماڵدایە تکایە ئەوەشم بۆ بنوسن.

**ئەو کچانە شەریفترین کچی کوردن ئیمەش دەیانخەینە سەرچاومان .**

ئارەزوی ئەوە دەکەیت ئەم دیدارە لە شوێنێکدا بڵاو بکرێتەوە یان هەر وەك کارێك دۆکۆمێنتاری وەك بەڵگەیە هەلیبگرین بۆ مێژوو..؟

ئائا بەڵی حەزدەکەم بە عالەمدا بڵاو ببێتەوە . من گرفتەکەم ئەوەیە خوێندەوارنیم دەنا هەژارنیم و خۆم بە وتو وریا دەزانم، بەلاّم چیبکەم نەخوێندەواری وەکو کوێر وایە .. دواتر حسێن شا مێردەکەی سەبریە هاتە پێشەوخۆی پێنەگیرا کە قسە نەکات هەرچەندە لەپێشەوە داوامان لێکرد کەپێکەوە دیمانەکە سازبدەن بەلاّم ئەو قایل نەوو.

ووتی: من حسێن محمد امین حسێن پێم دەڵێن حسەشا. چوار .کورێك و سێ کچ (ئاوات لە کولیەی توب بوو. بەناز تقدیمی کردوە بۆ قانوون . بەهار لەچواری زانستی بوو لانە لە پۆلی یەکی سەرەتای بوو .

پرسیارمان لێکرد کە داخۆ ساڵی چەند لەگەڵ سەبریەخاندا هاوسەرگیریان کردووە ؟

ساڵی (١٩٦٣) هاوسەرگیریمان کردووە .

بەلاّم سەبریە خان ووتی ١٩٦٥ !!

کورە تۆ لەمن بپرسە ، ئەو چوزانی ئاوات کورە گەورەکەم ساڵی ١٩٦٥ لە دایکبووە .

ئێوە هێشتا بەو ئاواتەوە دەژین کەکورو کچەکانتان بکەرینەوە ؟

بەڵێ هەتا دەمرین چاوەڕوانیانین .

ئێوە هەموو هێواکەتان هەر ئەو دیدارەی رادیوی سعودییە ؟

بەڵێ هەرئەوەیە .

## هەستێکی جوان :


بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە

بۆ بەڕێز کاك / عوزێر

دەربازبوی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ئەنفالی رەش

بابەت / ڕێزلێنان

لەساڵ یادی ئەنفالی ڕەشدا

من وەك و مامۆستایەکی کورد لە شاری خورماتوو لە ئامێزی چیای حەمرین لە سنوری کوردستان ڕێزلێنانی خۆم دەرئەخەم بۆ جەنابتان وەك و پاڵەوانێکی نەتەوەیی .

لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا

مامۆستا

عەلی موحەمەد وەلی عەلی

بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەمانی سەرەتایی

کوڕان/ خورماتوو

٢٠١٢/٤/١٤

٠٧٧٠٥١٩٣٨٦٧

مامۆستا عەلی محمود وەلی دانیشتووی شاری خورماتوو، لە دوای ئەوەی تەنها لەم ساڵنامەیەدا چیرۆکی ژیان و مەینەتی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی خوێندبووەوە، لەلای خۆیەوە ووتبووی خۆ هەرهیچ پێنەکرێت دەتوانم، ڕێزلێنان و پێزانینی خۆم بەم دەربازبوە بەرێزانە بگەیەنم پێیانبلێم کە ئێوە لەدڵی میللەتەکەتاندا دەژین. بۆیە هەستاوە بۆ هەریەکێکیان ڕێزلێنانێکی نوسیوە، کەتیایدا هاتووە ( **من وەك مامۆستایەکی خورماتوو لە ئامێزی چیای حەمرین، لەسنوری کوردستان ڕێزلێنانی خۆم دەرئەخەم بۆ جەنابتان وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی** ) گرتوویەتیە چوارچێوەو لەرێگەی ئەمساڵنامەیەوە بۆی ناردوون .

ئەنفالستان لێرەوە دەستخۆشی لەمامۆستا عەلی دەکات و بەهیواین ئەم هەستە بگوازرێتەوە بۆ نیودڵ و دەرونی تاك بەتاکی ئەم کۆمەڵگایەو دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ و سومبلەکانی تر هەست بەوە بکەن کە کۆمەڵگای کوردی ڕێزلێدەگرێت .



# شەماڵ سەرمۆردی : کە باوکم ئەنفالکراوە باپیرەم لەفەرمانگەی باری کەسێتی کردبوومی بەکوڕی خۆی و لەسەرخۆی پێناسەی بۆ دەرهێنابووم، ئەوەش بووە کێشەیەکی گەورە بۆمن

**بەروار : ٢٠١٢/١٠/٤ -- کات: ١ی پاش نیوەڕۆ- شوێن : پیرەمەگروون .**
**دیمانە : ئەنفالستان .**

شەماڵ محمەد یەکێکە لەو کەسانەی لەکۆی خانەوادەکەیان بەتەنها دەربازبووەو دایکی و باوکی و خوشك وبراکانی هەموویان پێکەوە ئەنفالکراون و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە..ئەنفالستان زۆر لەهەوڵدابوو لەژمارەکانی پێشتردا دیدار لەگەڵ شەماڵ سازبکات، بەلاَم دەرفەت نەرەخساو داوکەوت .. بەخۆشحالیەوە هاوینی ساڵی رابوردولە سێبەری تاقانەی ئەنفالکراوێکدا ئەم دیمانەیە سازکرا. کە سێبەری ماڵی کورێك بەهێمەت و ورەبەرزبوو، شەماڵ ئەو کارەکتەرەیە کە پێویستە هەمووومان گوێی لێبگرین.. ئیتر ئێمە لێرەوە بەجێتان دێلین بۆ دیداری شەماڵ بفەرموون بۆ خوێندنەوەی دیدارەکە :

ناوی سیانیت

شەماڵ محمد سابیر قوربانی .

باپیرم سابیر نەنکم عاسمە عەبدولرحمن حەسەن، پوریشم نەهیێ خوشکی باپیرم.

سەردەمی ئەنفال تەمەنت چەند بوو ؟

تەمەنم هەروا ٤-٥ساڵان بووە، لە راستی من هیچی ئەنفالم بەبیر نایات .چونکە هەم مندالٌ بووم هەم ئەوکاتەش نەخۆش بووم لەلای دایکم و باوکم نەبوو لەلای باپیرم ونەنکم بووم لە دوکان .

گوندەکەتان لەپێش ئەنفال چەند ماڵ دەبوون ؟

٥٠ ماڵی تێدابووە .

دەتوانی شێوەیەکی گوندەکەتانم بۆ باس بکەی ؟ دیمەنی چۆن بوو، ناوچەکەتان شاخاوی بوو دەشتانی بوو چۆن بوو..؟

سەرمۆرد ناوچەیەکی شاخاوی چرو زۆر عاسیٚ یە، تەنانەت ڕێگای تراکتۆریشی نەبوو، ژیانێکی سەختو خەڵك بەپشتی ولاخ پێداویستی خۆی دەگەیاندە ناودیٚو لەوێشەوە بۆ سێکانیان و سەرگەلو . ئێستاش کە لە سێکانیانەوە ڕێگایەکی بۆ راکێشراوە هەر وەکو پێویست نیە.

**چی یادەوەرییەکی منداڵیت هەیە لەگوندی سەرمۆرد ؟ خۆشی و ناخۆشی ؟ چاوشارکێی شەوانی گوند، تریفەی مانگەشەوی گوندێکی ناوچیا ؟**

ئەوەی لەیادی مندابێت پرسەکانی گوند بوون، کە یەکێك دەمرد تا دووساڵیش کەس لەبیری نەدەچووە، هەرلەیادەوەریماندا دەمایەوە، بەلاَم بەداخەوە ئێستا پێش پرسەکە لەبیردەچێتەوە. لەبەرئەوەی شوێنەکەمان عاسیٚ بوو دوربوو، منیش بەزۆری لەلای نەنکم وباپیرم

بووم کەمتر یادەوەری ئەوێم هەیە، من لەدایکمو باوکیشم دابرابووم هەر ئەوەش هۆی رزگاربوونم بوو لەئەنفال.

**چەند خوشكو برابوون ؟**

ئێمە ( ٥) برابووین، خوشكمان نەبوو، بەڵام مانگێك لەپێش ئەنفال، برایەكم مردووە.

**ناوی چی بوو، بەچی مرد ؟**

ناوی (سالم) بوو نازانم هۆكاری مردنەكەی چی بوو، بەڵام هەر كە لەمەكتەب هاتەوە یەكسەر مرد، هۆكارەكەی نازانم . ئەوانی تریش هەرسێكیان ئەنفال.

**براكانت ناویان چی بوو ؟**

رجەبو هیمن و شەهاب رەجەب براگەورە بوو، هێمن ناوەندی بوو، شەهاب لەمنیش گچكە تربوو.

**دایكت ناوی چی بوو ؟**

مریەم محمد ئەمین ئەحمەد .

**نازانی مواليدی چەندبووە ؟**

نازانم بەڵام لەشەستەكاندا بووە

**ئەی باوكت ؟**

باوكم سالی ١٩٥٤ لە دایك بووە

**باوكت كاری چی بوو ؟**

باوكم مامەڵەی دەكرد، لەسەفەرو زەرونەوە كالای دەهێناو بازرگانی دەكرد.

**ئەی پێشمەرگە نەبووە ؟**

بەڵی چۆن باوكم پێشمەرگەیەكی ئازاش بووە، بەڵام نایشارمەوە ئێمە هەمیشە لەكێشە دابووین، چونكە باپیرم لەناو حكومەت موختاربوو، لەباپیرمیان دەپرسیەوەو بە گیروگازیان دەهێنا كە كورەكەت پێشمەرگەیە، لەوێش دەیان گووت باوكت موختارە .

**كەواتە ئەوكاتەی باوكت ئەنفالكرا پێشمەرگەبوو..؟**

بەڵی پێشمەرگەی تیپی( ٢٩ ) كەڵكەسماق بوو زۆریش لەهاوسەنگەرەكانی ماون .

**كەواتە تۆش تاكە دەربازیووی خانەوادەكەتانیو ئەوانی تر هەموویان ئەنفالكراون، وایە ؟**

بەڵی بەس من ماوم .

**ئەی چۆن ژیایت هەرلەماڵی نەكتوباپیرت مایتەوە ؟**

بەلی من هەرلەگەڵ ئەوان مامەوە بەراستی زۆریش لەگەڵمدا باش بوون، لەبەرئەوەی پێشتریش لەلای ئەوان بووم، هیچم لەبارەی ئەنفالەوە نەدەزانی چونكە من لە دوكان بووم، بەڵام كە ئاوارەیی ئێران بوو، خەڵك لە ئێرانەوە دەگەرانەوەو باوەشیان پێدادەكردم و بەسەرمدا دەگریان ئەوسا من نەمدەزانی چی یەو پێم سەیربوو خەڵك بەسەرمدا دەگرێن، دوایی نەنكمو باپیرم پیانگوتم شتێكی ئاوابووە دایكتو باوكتو براكانت رۆیشتن ئەنفالكران، ئینجا من هەستم بەبێ دایكیو باوكی خۆمكردو ئیتر موشكیلەكانیشم سەریان دەرهێنا .

**وەك چی موشكیلەكانت چی بوون ؟**

یەكێك لەوانە نەبوونی تەسكەرە من دایكو باوكی خۆمم ئەوەندە بەبیر نایات، تەسكەرەیان بۆ دەرنەهێنابووم، ئیتر كە باوكیشم ئەنفالكرا باپیرەم لەسەر خۆی تەسكەرەی بۆدەرهێناو كردمی بە كوری خۆی، ئەوە دوایی بۆم بوو بەكێشەی گەورە، چونكە باوكم دەبووە برامو دایكمو براكانم دەبوونە برازێتمو براز..خۆت دەزانی ئیتر هیچ ئیمتیازیكی ئەنفالكراوەكان نەیدەگرتمەوە.

**باپیرت بۆ وای كرد بۆچی كردی بەكوری خۆی ؟**

لەبەرئەوەی باوكم ئەنفالكرابوو، كەچووین بۆ نفوس كاتب نفوسێكی بەعسی لێبوو ناوی محمد بوو حەمەكوێریان پێدەگووت هەرچاوێكیشی كوێربوو، ووتبووی كوا دایكی كواباوكی ؟ باپیریشم وتبووی وەڵا حالیان ئاوایەوئەنفالن ؟

ئەویش گوتبووی دەبڕۆن هەتا خۆشتانم ئەنفال نەکردووە، ئەوە تەسکەرەیان بۆ دەرنیات، دوسێ جاران هەوڵیاندابوو نەیکرد بوو، دوایی باپیرم ناچار تەسکەرەی لەسەرخۆی بۆ دەرهێنام. هەتا ساڵی ٢٠٠٢ موچەی ئەنفالکراوەکان دەرچوو ئیدی لەوێوە بە ئاگاهاتمەوە، گوتم ئەگەر چاکی نەکەم مافم دەفەوتا . بەڵام زۆر توشی سەرئێشەی بووم ساڵ زیاتر من خەریك بووم، بەڵام نابێت سوپاسی حاکم ئاراسم لەبیربچێت کە هەربۆخۆی بووە محامیم بەبێ بەرامبەر ووتی: کارەکە زۆر قورسە بەڵام مادام حاڵت بەو شێوەیە من بۆخۆم دەبمە پارێزەرت و هاوکاریت دەکەم. هەرچەندە لەموالیدەکەمدا هەڵەیەك دروست بوو بەڵام ئیشەکەم کراوئینجا بەتەسکەرە بوومەوە بە کوری باوکم .

**باوکت و دایکت گرێبەستی هاوسەرگیریان هەبوو، یان هەر لەلای مەلاو لەدەرەوەی محکمە زەواجیان کردووە. ؟**

هەیانبوو بەڵام بۆ ئەوکاتەی من فریام نەکەوت، چونکە ئەوان هەموو تەسکەرەو عقدی زەواجیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، زۆریش گەراین نەبوو لەنفوس دوایی درەنکانیك دۆزیانەوە کە لەنفوس ژنو مێرد بوون.

**تۆ هەتا ساڵی چەند لەگەڵ نەنکت و باپیرەت مایتەوە ؟**

وەڵا هەتا ئەمسالانەی دوایی هەرلەگەڵ ئەوان بووم .

هەتا کەی ؟

هەتا ژنم هێنا هەرلەگەڵیان بووم .

**ناویان چی یە ؟**

باپیرم سابیر قادر قوربانی ، نەکیشم عاصمە عەبدالرحمن حەسن.

**ئێستا لەژیانداماون ؟**

بەداخەوە ساڵی ٢٠٠٨ یەك بەدوای یەکدا مردن .

**بێجەگەلەوان کەسی تر هاوکاری نەکردی ؟**

بەرێوەلا چۆن مامەکانیشم باش بوون بۆم خاڵێکیشم ( شەهید محمود سەرمۆردی) هەر زو لە شەری قەلەم پاشا ساڵی ١٩٨٧ شەهیدبوو، خالێکی تریشم ئەرکی گران بوو منداڵی خەلە محمودیشمی بەسەردا کەوتبووەوە، یەکێکی تریشیان هەمیشە خویندکاربووەو دواتر فیرار بوو.

**کەواتە تۆ بەزۆری لەلای نەنککت و باپیرەت بووی ؟**

بەڵی وایە من هەر لای ئەوانم پێخۆش تربوو.

**نەنکت و باپیرت هەتاکەی چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکت و دایکت و براکانت بون، مەبەستم ئەوەیە کە صدام روخاو گۆری بەکۆمەڵ دەرکەوتنەوە ئەوان ئیتر هەر چاوەڕوان بوون ؟**

هەر بەو چاوەڕوانیەوە سەریان نایەوە هەتا مردیشن، هەردوکیان هەرچاوەڕوان بوون .

**کەس هەیە لەگەڵ دایکت و باوکت ئەنفالکرابی و دواتر گەرابێتەوە بلێت هەتا فلان شوێن لەگەڵمان بوون ؟**

نەنکم خۆی لە نوگرەسەلمان بوو..؟ دایکی نەنکم لەنوگرەسەلمان مردووە.

**مەبەستت عاصمە عەبدالرحمن ودایکیتی ؟**

بەڵێ

**ئەی ئەو نەیبوون ؟ پێکەوە نەگیراون ؟**

نائەوان بەجیا گیرابوون نەنکم و باوکم یەکیان نەدیوە لە گرتنەکەدا.

**هیچ کەسێکی تری گوندەکەتان باسی نەکردووە ؟**

نەخێر کەس نیە بلیی من هەتا ئەوی لەگەڵ دایکت و باوکت بووم.

**ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردومالّی خۆت پێکەوە نا ؟**

٢٠٠٤/١٠/٦ هاوسـەرگیریم کـردووە . بـەلاّم هـەتا ٢٠٠٨ یـش هـەر لەگـەڵ بـاپیرم و ئـەوان بـووم بـەجێم نەهێشتن.

**کاریکی باشت کردووە. ئەی منداڵتان هەیە ؟**

بەڵێ دوو کچمان هەیە دونیاو دیلمان ئێستا لە قوتابخانەن .

**ئاستی خوێندەوارت چۆنە ؟**

هیچـم نەخوێنـدووە خویندەواریم نیە.

**بۆچی نەتخویندووە ؟ ئەگەر خۆت نەتگوتبایە نەمدەزانی کە خویندەواریت نیە ؟**

رەنگـە پێـت بلـیم کـە مـن قوربـانی دڵسـۆزی ککەسوکارمی درۆنیە.

**چۆن ؟**

مـن لـەپۆلی یەکـەمی سـەرەتایی بـووم رۆژێـك ماموّسـتا لـێم تـورە بـوو لێیدام، بـەلاّم پـوریکم کـە ئەوکاتـە لـەماڵی وانبـووم زۆری خـۆش دەویسـتم گـوتی وەلاهـی مـادام ماموّسـتا لێـی داوە نـاهێڵم بچـێتەوە ئـەو مەکتەبـەی ئێمـە لەماڵـەوە دڵمـان نایـا قسـەیەکت پێبلـێین ماموّسـتا بۆلیتبـداو لێـت تـورەبێ ؟ ئیتر نەچوومەوە .

**ماموّستاکەت دەناسی ؟**

بەڵی ماموّستا عەلی ئێستا قورئان خوێنە .

**کەواتە هەم سۆزو هەم دلرەقی تۆیان کردە قوربانی ..؟ سۆزی پورتو دلرەقی ماموّستا .؟**

بـەڵی رێـك ئـەوە بـوو. بـەلاّم بەحەقـەت ماموّسـتاکەش نەیدەزانی من ئەوەندە هەستیارم و حالەکەم وایە .

**ئەی چۆن خۆت فێری خوێندەواری کردووە ؟**

مـن نەچـوومە مەکتـەب بـەلاّم کۆڵـەواریش نـیم خـۆم هەولمداوە دەتوانم شت بخوینمەوەو بنوسم .

**گللەیت لە کۆمەلگای کوردیوحکومەتی کورد چیە ؟**

مـن هـەم دەستخۆشـیم هەیـەو هـەم گللـەیی ..حەتمـەن گللـەیمان زیـاترە وەك لەدەستخۆشـی، چـونکە هەنـدێك کـاری بـاش کـراوە، بـەلاّم زۆر کرارنـەکراوەو دەبوایـە بکرایایە .

**رات چیە بەرامبەر ئەو یادانەی بۆ ئەنفال دەکرێنەوە..؟**

ئەمسـاڵ بـەدڵم بـوو چـونکە کـەمکتر دەسـتی حزبـی تیـدابوو، خـەڵکیکی زۆر ئامـادەبوون، هـەموو لایـەك ئامـادەبوون، راگەیاندن رۆلیان هەبوو..

**جیـاوازی چـی بـوو لەگـەڵ سـالآنی رابـوردو وا ئەمسـاڵ بەدلت بوو..؟**

سـالآنی پێشـتر هەنـدێك راگەیانـدن بۆیـان نـەبوو بێنـە ناوئـەو یادانـەوە بـەلاّم ئەمسـاڵ وانـەبوو، هـەموویان هـاتن و کـاری خۆیـان کـردو بـەرێكوپێکی بەرێوەچـوو. ئەمسـاڵ ئەوەنـدەی خـەڵکی بێگانـە ئامـادەبوون ئەوەنـدە کەسـوکاری ئـەنفال ئامادەنەبوون .

**ووتت گللەیم لەحکومەتی هەرێم هەیە دەتوانی پێمبلێی ؟**

راسـتی یەکـەم شـتیك کـە بیلـێم پەیوەنـدی بـە ژیـانی خۆمـەوە هەیـە، مـن تاکـە دەربـازبوی خانەوادەیـەکی ئـەنفالم، بـاوکم پێشـمەرگەبووە، ئـەنفالکراوە ئێسـتاش ئـەوەتا لەماڵـەوە دانیشـتووم، پێویسـتم بەدامەزراندنـە بۆئـەوەی کارێك بکەم، خزمەتی خۆشمو خەڵکیش بکەم.

**هەوڵتداوە داوات کردووە ؟**

دەیان جار سکالاّم بەرزکردووەتەوە، (عریزەم) نوسیوە ..

**تۆ دەتوانی چی کارێك بکەی بۆ هەردەبی لەلای حکومەت بێت .**

هـەرکارێك بێـت، دەتـوانم شـۆفیری بکـەم، ئـاخر ئیمـە مـافی زیاترمـان بەسـەر حکومەتـەوە هەیـە . داواکاریـەکی زۆرم نیە، زۆر ئاسانە .

**ئەی چی ترە بۆ باسی ناکەیت ؟**

بۆنموونە خەلكێك هەیە یەك كەسی ئەنفالكراوە، هەیە دووكەسی ئەنفالكراوە بەلام هەیە ١٠ كەس زیاتریش .. بۆچی شەهیدێكی سەنگەر مانگی ٥٠٠٠٠٠ پێنجسەدا هەزار وەردەگری ئەی باشە بۆچی ئەنفال هەریەكەو موچەی تایبەتی خۆی نەبی . هویەی ئەنفالكراوەكانمان ئەوەندە بەبێ بایەخكراوە لەرومان نایات لەهەموو شوێنێك دەری بێنین .

**بۆچی لە روتان نایات ؟**

لەبەرئەوەی لەسەری نوسراوە تایبەت بە موچە.. دەبوایە ئەو پێنسایە بۆ سەروەری و سەربەرزی بوایە، هەقوایە ئەو هویێیە لەهیچ شوێنێك بێرێزی پێنەكرێت . بۆنمونە بەوەزیری شەهیدانمان ووت: دەبێ هویەكانمان شایانی ئەوەبی رێز بۆخۆمان و قوربانیەكانمان بهێلێتەوە، چووینە نوسینگەی پەرلەمان بەهەمان شێوە .. بۆنمونە ئێمە لەخەستەخانە كەسێكمان نەخۆش بوو، كەهویەكەمان دەرهێنا گالتەیان پیكردین بۆیە جارێكی تر دەری ناهێنمەوە.

**چیتر چونكە ووتت زۆرشتی تر هەیە ؟**

كاكە ئێمە پێویستمان بەوەیە رێزمان لێبگیریت، من باوكم پێشمەرگە بووە ئەنفال بووە، كەچی دەبینم كوری بەرپرسێك رەنگە بەقەد باوكی من خەباتیشی نەبووبی رەنگە خەباتی هەر نەشبووبێ ئەوە باسی موستەشارەكان هەرناكەم، ئەی بۆچی ئەو هایلایف بژی و منیش ئیحتیاج بەكارێكبم، بۆچی لەدائیرەو فەرمانگەكان رێزی لەمن زیاتر لێبگیرێت ..؟ ئەوە رەوانیە .

**تۆ پێتوایە ئەوەی هایلایف دەژی لەتۆبەرێزترە ؟ پێتوانیە ئەوان بێرێزی بەخۆیان بە ئەزمونی هەرێمو بەحكومەتو خەباتی باوانیانەوە دەكەن.؟**

بێگومان وایە ئەوانە بەرێزترنین، بەلام لای دەسەلاتوحكومەت بەرێزترن

**تۆلەپیاوێكی نەخویندەوار ناچیت..؟**

وەلا زۆر كەس پێم دەلێن ئەگەر بت خویندایە بلیمەت دەبووی .

( بەپێكەنینەوە) باشە مادام وایە باپرسیارێكی قورست لێبكەم، لەبەرامبەر تاوانی ئەنفال كی بەتاوانبار دەزانی ؟ ئاین..دەولەت یان كۆمەلگای نێودەولەتی .؟

من بەپلەی یەكەم دەولەت بەتاوانبار دەزانم باشە ئێمە وا باوكمان پێشمەرگە بوو دژی حزبی بەعس بوو، ئەی براكانم خۆ مندال بوون، دایكم، نەنكم ئەوانە گوناهیان چی بوو..؟

تاوانی ئەنفال وای لێكردوویت رقت لە عەرەب وجاش و ئەو جۆرەكسانە بیێتەوە ؟

مافی خۆمانە رقمان لێیان بیێتەوە بەلام نا بەپێچەوانەوە لەم ئۆردوگایەی ئێمە پرە لە عەرەب كە دەبینم لێقەوماون یان نەبوون بەزەییم پێیاندادێتەوە. قەت وابیرم نەكردووەتەوە كە كەسوكاری ئەو عەرەبانە دایك و باوكمانی ئەنفالكردووە .

**بە گشتی نزیكە ٢٠٠ كەسێك حالیان وەكو تۆیە بەتەنیا لەخانەوادەیەك خۆیان لەئەنفال دەربازبوون ئێوە چیتان بۆبكرێت باشە.؟ ئایا پێشنیارێكی تایبەتت هەیە لەوبارەیەوە ؟**

نا تەنها رێزێكمان هەبێ ، ژیانیان دابینبكرێت مسۆگەربن.. داوایەكی قورسم نیە، بۆ نمونە من داوای دامەزراندن دەكەم

**بەڵام ئاخر ئەوە داوایەکی گشتیە چونکە من تاقانەی وەکو تۆ دەناسم دامەزراوەوئەو داوایەی نیە ؟**

ئاخر دەشێت لە رووی مەعنەوییەوە هاوکاریمان پێویست بێت .. کاکە من لەبەرئەوەی تاقانەی ئەنفالم لە کاتی هەڵبژاردنەکانداماڵەکەم بەرنەدەکەوت، هەموویان دەهاتن، بەڵام دوای هەڵبژاردن نەمبینینەوە .

**بیرورات چیە بەرامبەر رێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال ؟**

بیرورام چی بی ؟ من بەحساب ئەندامم لە رێکخراوێك (ناوەندی رێگا بۆ پرسی ئەنفال ) ئەگەر ناوەکەیت بیستبێ، لەسەرەتاوە کۆبوونەوەیەکیان پێکردین، بریار بوو هەموو مانگێك کۆبوونەوە بکەین لەسەر پرسی ئەنفال، بەڵام هەر ئەوجارەبوو کۆبوونەوەمان نەکردووەتەوە، پێموایەبی هەندێك پارەش وەرگیراوە بەناوی ئەو رێکخراوەوە هەندێك کەسیش بۆ خۆیان دەیخۆن، ئیتر مەگەر بۆ مقابلەیەك شتێکی تەلەفزیونی دەنا بۆ هیچ شتێك بانگێشمان ناکەن، بۆ ئەویش لەپێشەوە پێماندەلێن شتی خراپ مەلێن، رخنەلەحکومەت مەگرن ..؟

**جا بۆ رەخنە نەگرن ؟ هەر کەسێك، هەر حکومەتێك رەخنەی لێنەگیری چۆن هەست بەکەموکوری و دیوە خراپەکەی بکریٚ ..؟ حکومەتیك ئامادەی رەخنە نەبی کەواتە بەنیازی حکومرانی نیە ؟**

وایە.. بەڵام ئێمەی وایان پێگوتین ..رەخنە نەگرین .

**من دواپرسیاری لەتۆ ئەوەیە دەتەویٚ ئەم دیدارە بڵاوبیێتەوە ؟ یان هەربۆ دۆکۆمێنت بمێنیٚ ؟**

زۆرم پێخۆشە بڵاوبیێتەوە ..لەبەرئەوەی من بیٚ ئیشوکار لەماڵەوە دانیشتووم، پێمدەڵێن تۆ شەهادەت نیە، ئایا پێنج شەهید بەقەد شەهادەی خویندنێك بەهای نیە ؟



## بڕیاریدا داوە بۆ ماوەی ١٥٨ ڕۆژ گۆشت نەخۆات

پێدەچێت ئەم بریارەی (هێمن عەبدولا) بەلای زۆربەوە سادەوساکاربێت ،بەلام هەلوێستیکی بەرپرسیارانەو پابەندیەکی ئەخلاقی جوانە چونکە ئەو بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال کاتێك لە دێبنە روفاتی (١٥٨) ئەنفالکراوی گەرمیان لە چیای حەمرینەوە گەرانەوە بۆ دێبنەی ناحیەی ڕزگاری. کاتێك گوێبیستی ئەوە بوو کە (٣٤) مندالْ لەناوئەو رۆفاتانەدان هاوکات ئەومندالانەی دوبزیشی بیرکەوتبووە کەزۆر بەیان لە برسان مردوون هێمن زۆرنیگەرانی دایگرتبوو: لەوبارەیەوە ووتی : ئەوەی لەوکاتەدا لە دەستم هات بریارمدا بۆماوەی (١٥٨) ڕۆژ گۆشت نەخۆم چونکە ویژدانم ڕێگەی نەدام ئەوان لەبرسا مردبن و منیش لە رۆژی ناشتنیاندا لە خواردنگەیەکدا دابنیشم برنج وگۆشت بخۆم لەلایەکی تریشەوە لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانەدا، بەهەزارەها ئاژەڵ وپەلەوەری کێوی وماڵی بەچەکی کیمیاوی کوژران و بەتالان بران ! من برێزگرتن لەهەموو زیندەوەرێك ئەم بریارەمدا.




**مەجید حەمدان کلێسەیی :**

## باشترە پێناسەی ئەنفالکراوان لە کارتی موچە وەرگرتنەوە بگۆرن، بە پێناسی سەروەری، پێویستە ناوو ژمارەی قوربانیانی هەر خانەوادەیەك بخرێتە سەر ئەو پێناسەیە .

**پیرەمەگرون: ٢٠١٢/١٠/٤**

**کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی .**

گوندی کلێسە لە روی ئیدارییەوە سەربەناحیێ ئاشتی قەزای کۆیەیە، لە روی جوگرافیەوە نزیکە لەقەزای دوکانەوەو دەکەوێتە ئەودیوی چیای کەڵکەسماقەوەو ئاوی زیی بچوك بەبەردەمیدا تێدەپەرێ، بەرامبەر گوندی بۆڵقامیش و دراوسێی گوندی بۆگدی دێرینە، ناوی گوندەکە لەوەهاتووە کە لەمێژودا کلێسەی مەسیحیانی لێبووە، بەلام بەبیری خەلکی گوند هەمیشە موسوڵمانی تێدا ژیاوە، بەرلەوەی ئەنفال بکرێ، ١٢٥ خانەوادەی تێدا نیشتەجێبووە، لەپەلاماری ئەنفالدا زەرەری گیانی و ماڵی زۆریان بەرکەوتووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەنفالکران و کەمینەیەکی زۆر کەمیان نەبێ کەسیان لەئەنفال نەگەرانەوە، ئێستاش بەپێی ئەو ئامارەی لە مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوانی ئەو گوندەدا هەیە، تەنها لەکلێسە (١٣٦ ) کەس بوونە قوربانی یەك تاکە کەسیان بە چەکی کیمیاوی شەهید بوو، دەنا ١٣٥ کەسەکەی تریان هەئێستا نەبینرانەوە، هەر بەهۆی ئەو تاوانەشەوە ئەوانەی دەربازبوون خۆیان و خانەوادەکانیان پەرتەوازە بوون بەئۆردوگازۆرەملێکاندا، هەندێکیان لە پیرەمەگرون و هەندێکیان لەبنەسلاوەو هەندێکیان لە کۆیەو نزیکەی ماڵێکیشی لە کلێسە نیشتەجێ بوونەتەوەو ئێستا بەهەمووی ٥٠ ماڵێك پێك دەهێنن . رۆژی ٢٠١٢/١٠/٤ چومە ئۆردوگای زۆرەملێی پیرەمەگرون لە ماڵەکەی خۆیدا لە کەشێکی هێمن و بێدەنگدا دیدارم لەگەڵ حاجی مەجید سازکرد ماڵێکی کش و مات جاربەجار قاسپەی کەوەکانی حاجی مەجیدیان لە قسەدەخست و بەناچاری دەستی پێدەکردەوە.

**ناوی سیانیت چیە**

مەجید حەمدان ئەمین لەدایکبوی ١٩٥٠ ئێمە ٩ براو سێ خوشك بووین برایەکم زوتر تیدا چوو.

**هەرلەبنەرەتەوە لە گوندی کلێسە بوون خۆت لەوێ لەدایك بوویت ؟**

بەڵێ من لەمنداڵیەوە لەوێ بووم هەرلەوێشە لەدایکبووم.

**بۆچی بەوگوندە دەڵێن کلێسە ؟**

لەبەرئەوەی کلێسەی مەسیحیانی لێ بووە ، بەلام ئەوە زۆر کۆن بووەو بەبیری من نایات .

**ئەی گوندەکەتان مەسیحی تێدا نەدەژیان ؟**

نا مەسیحی تێدانیە هەموو خەڵکی گوند موسوڵمان بوون . مەسیحی تێدانەبوو.

**چ بیرەوەریەکی منداڵیت لەو گوندە کاری تێکردوویت و هەتا ئێستا لەبیرت نەچووتەوە...؟**

وەڵا هیچم بیرنەماوە هەتا منداڵ بووم ئەوە هیچم بیرنەماوەو ئەگەر گەنجیش بووم ئیتر هەرلەمزگەوت و خەریکی خواپەرستی بووم .. ئیتر چیم بیربێت .

**گوندی کلێسە پێش ئەنفال چەندماڵ بوون ؟**

١٢٥ ماڵ بووین، بەوەدا دەزانم کە خێرمان دەکرد بەشەگۆشتی خێری ماڵان ١٢٥ بەش جیادەکرایەوە .

**ژیانی خەڵکی گوندی کلێسە بەچی بەڕێوەدەچوو، ؟**

بەزۆری بەتوتن و زەراعەت و ئاژەڵداری لەلای ئیمە توتنێکی زۆر جوان دەکراو هەمیشە لە فحسدا ممتازو یەکەم دەردەچوو ئەو دوو پلەیەش پارەی باشی دەکرد .

**ئەی ماسی گرتن ؟**

ماسی هەربۆخۆمان بوو بۆ فرۆشتن و بازرمان نەکردووە، بەلام بۆخۆمان دەمانگرت.

**ئێوە ساڵی چەند هاوسەرگیریتان کردووەو ماڵی خۆتان پێکەوە ناوە ؟**

من ١٩٧٦/٤/١١ عەلامم بریوەو ١٥ /١٩٧٦/٤ گواستوومەتەوەو ماڵم پێکەوە ناوە .

**خێزانت ناوی چی بوو ؟**

ناوی نەخشین مستەفا بوو ..

**خێزانت خزمی خۆت بوو ؟**

ناوەلا خزم نەبوو ئەو خەڵکی کانی کوردەیە گوندێکە هەر لە دەشتی کۆیە .

**بە خۆشەویستی بوو یان بە قسمەت و نسیب ؟**

بە قسمەت و نسیب بوو، ژن بە ژنەمان کردووە .

**ئێوە زۆر لە دوکانەوە نزیك بوون، بەرلەوەی ئەنفال بگاتە سەرتان بۆچی بیرتان لەحاڵی خۆتان نەکردەوەو خۆتان رزگاربکەن بەتایبەتی کە زانیتان ئیتر کار لەکارترازاوەو حکومەت ناهێڵی لە زێدی خۆتاندا بمێننەوە ؟**

راستی ئەو کاتە ئێمە زۆربەی پیاوەکان سەربازی هەلاتوو (فیرار) بووین، قەناعەتیشمان وانەبوو کە حکومەت ئاوا ئەو هەموو خەڵکە لەناوبەرێ..؟

**بۆخۆت ئەوکاتە سەربازی هەلاتوو بویت و لە حکومەت یاساغ بوویت ؟**

بەلێ من بۆخۆشم فیرابووم و قاچاغ بووم

**ئەی چۆن ماڵ و منداڵەکانت گیران ؟**

ئەوسا ئێمە کە لێمان قەوما رۆژی ٤ی ئایاری ١٩٨٨ بوو ئێوارەیەکی درەنگ هەواڵمان زانی کە بۆمبارانەکەی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر کیمیاوی بووەو خەڵکێکی زۆری کوشتووە، ئەو دوو گوندە دەکەونە ئەوبەری ئاوەکەوەو زۆریش لێمانەوە نزیکن، تەنانەت بە بۆنی کیمیاویەکەی گوندی عەسکەر یەك کەسی گوندی کلێسە گیانی لەدەستداو هەر ئەو ئێوارەیە مرد . ئیتر ئیمەش شەلەژاین و دەبوو مشوری ماڵ و منداڵمان بخواردایە چەند پیاوێك هەستان پێش ماڵ و منداڵ کەوتن و بەرەو لای دوکان رۆیشتن، ماڵی ئێمە حاجی نادری برام لەگەڵیاندا رۆیشت، لەوێ لەنزیکی قەشقۆڵی کە ئێستا سەیرانگایە، بەکەڵەك ژن و منداڵیان پەراندبوونەوە هەتا خۆیان بگەیەننە ناو دوکان و دەربازیان بێت، تاریك و رونی بەیانی گەیشتبوونە سەرجادەی گشتی دوکان – سلێمانی رێك لەلای سەیتەرەکەی ئێستا ئەوسا ئەوێ سەیتەرە نەبوو، پیاوەکان

لەسەرجادە ڕێنماییان کردبوون کە چۆن بڕۆنە ناودوکانەوە بەڵام لەبەر زۆری خەڵکەکە ئاشکرابببوون و لەوێ ئەفسەرێك بە هێزێکی سەربازییەوە بۆیان هاتبوو، هەموویانی دەستگیرکردبوو، سەرەتا بردبویانن بۆ دوکان و لەوێشەوە بردبویانن بۆ قەڵای سوسێ و لەوێشەوە بۆتۆپزاوا.

**تۆچۆن ئەم زانیاریانە دەزانی ؟**

لەبەرئەوەی هەندێك پیر لە نوگرەسەلمان گەرانەوە هەتا تۆپزاوایە پێکەوە بوون ئەوان ئاوا بۆئێمەیان گێرایەوە .

**هەموو خەڵکی کلێسە ١٣٥ کەس ئەنفالکراون زۆر چەندە بوون وا ئاشکرابوون ؟**

ئاخر خەڵکیکی زۆری ناوچەکە بوون نزیکەی ٤٨٠ کەس بوون خەڵکی هەموو ناوچەکە بوون، هی عەسکەرو گۆیتەپەو تەلان و سورقاوشان هەموو پێکەوە بوون.

**خێزانی خۆت چەند کەس ئەنفالکران ؟**

هەرماڵ و خانەوادەکەی خۆم ٨ کەسم ئەنفالکراوە.. ژنەکەم و ٧ منداڵم ڕۆیشتن و نەبینرانەوە، بە تەنیا بۆ خۆم دەربازبووم. برایەکیشم حاجی نادر هەر گیراو ئەنفالکراو نەگەرایەوە.

**دەتوانی کەمێك زیاتر باسی ئەوەم بۆبکەی چۆن ڕۆیشتن و چۆن ماڵئاوایت لە خانەوادەو منداڵەکانت کرد؟ بەکورتی وێنەیەکی دوادیداری منداڵەکانتم پێ بڵێی ؟**

ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٤/٣ بوو کە تەیارەکان هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە دوجار سورانەوەو گۆیتەپەو عەسکەریان بەکیمیایی بۆردومان کرد، زۆری نەبرد کە بۆنەکەی گەیشتەلای ئێمەو خەبەرەکە بڵاو بووەوە، ١٧ی رەمەزان بوو هەموو بەرۆژووبوین، بەپەلە رۆژومان شکاندو کەوتینە خۆ کۆکردنەوە بە حاجی نادری برام گووت کاکە تۆ بۆ ماڵ ومنداڵەکان نابەی ؟ من قاچاغم و ناتوانم بڕۆم تۆمنداڵەکان بەرەو منیش لێرە ئاگام لەماڵ و ماڵاتەکەت دەبێ، ئەگەر وەزعەکە باش بێ ئەوە بۆت دەردەکەم و خۆ ئەگەر دەریش نەچوو، ئەوەچارمان نیە..

ئەویش گگوتی بۆر ماڵ و منداڵت حازر بکە، منیش چووم سندوقی پلاسکۆ هەبوو، هێنم پێکەوە هەڵم بەستن دوو منداڵەکانم تێکرد، سواری کەرێکم کردن چوار منداڵم گچکە بوون خستمنە ناو ئەو دوو سندوقەیەوە، یەکێکیشیان بە باوەشی داکییەوە بوو، ئەوانی تر بۆخۆیان دەیانتوانی بەپێیان بڕۆن، ئیتر ئەوانم بەرێ کردو هەرئەو ڕۆیشتنەبوو، نەمبینینەوە.

**دەتوانی ناوی منداڵەکانتم پێ بڵێیت ؟**

ژنەکەم نەخشین مستەفا خدر لە دایکبووی ١٩٥٧ بوو، کورە گەورەکەم خالید، دوای ئەو توبا، ئینجا ئارەزوو، ساکارو سازگار، کاکە ئەوەیانم ناونا کاکە، گچکەکەشم کاروان . دواهەمین منداڵم بوو کە لە بەرواری ١٩٨٨/١/١ لە دایکبووە واتا تەمەنی تەنها ٤ مانگ بوو. ئەمانە هەموو ڕۆیشتن و ئەنفالکران هەرگیز لەبیرم ناچنەوە، ئەوکاتانەی تەلەفزیون ئێسك وپروسك پیشاندەدات من هەردەگریم .

**دوای ئەوەی کە لە دوکان گیران تاکەی سۆراغیانت نەزانی ؟**

هەتا ماوەی شەش مانگ کە پیرەکان گیرابوون لە نوگرەسەلمان گەرانەوە هیچمان لە بارەیانەوە نەزانی، ئەوکاتە پورێکم لە نوگرەسەلمان هاتەوە .

ناوی حەبیبە ئەحمەدحەمەد بوو. کە هاتەوە ئەویش پەکی کەوتبوو لێرە مرد.

**چی بۆگێرانەوە؟ لەبارەی گیرانیانەوە چی ووت ؟**

وتی هەتا تۆپزاوایەش پێکەوە بووین.. لەوێ جیایانکردینەوەو لێك دابڕاین .

**پورت هەرخۆی بوو ؟**

دووکچــی عــازەبی خــۆی لەگــەڵ بــوون، کــچ چــی؟ بــەخوا بــرای خــۆی بۆیــان حــەیران دەبــوو! ئەوەنــدە جــوان بــوون، لەگەڵ کچــێکی تــری ئــەویان بــە مــاڵو مێــرد بــوو، خێزانــی کــاك نــەجم بــوو، ( وابــزانم بۆخۆت دەیناسی ) .

**مەبەستت کاك نەجم سەرپەرشتیاری مۆنۆمێنتەکەی کڵێسە ؟**

بــەڵی کچــێکی پــورە حــەبێم خێزانــی ئــەو بــوو، ئــیتر پــورم وتــی گــەلێك خــۆم رنیــەوەو پارامــــەوە کچــەکانیان لێســـەندمو منیـــان خســـتە نـــاو پیرەکانـــەوەو زۆری نـــەبرد ســـەیارەیان بۆهێنـــاینو ســـواریان کـــردین بردیـــانین، هـــەر ڕۆیشـــتینو ڕێگـــا نەبرایـــەوە بردیانین بۆنوگرە سەلمان .

**هەرئەوەندە زانیاریتان لەبارەیانەوە هەیە ؟**

هەرئەوەنـدە هـەتا نـوگرە سـەلمان ئـیتر هـیچ زانیاریەکمان لەبارەیانەوە نیە.

**مـن دڵنیـام هـەتا ئێسـتا چاوەڕوانی ناوتـانم بـە یـەقینی پێـت بڵـێم چـاوەڕوان مەبـە، بـەڵام ئـەو هۆکـارە چـیە کـە بـڕوات پێدەهێنێ کە لەژیاندااماون ؟**

مـن هـەتا دەمـرم هەرچـاوەڕوانم، مـن خـۆم وەك مـەلێك دێتـە پێشچـاو بێئـەوەی هـیچ گونـاهێکم هـەبووبێ هـاتبن بەچـکەکانیان بـردبم، بۆیـە هـەر چـاوەڕوانم . مــن زۆر بـەدوای مـاڵ و منـداڵی خۆمـدا گـەڕام بـێ سـود بـوو، تەنانـەت چـووینە دیـوانی سـەرۆکایەتیش ویسـتمان صـدام حسـین ببیـنین، سـاڵی ١٩٨٩ چـوین بـۆ بەغـدا، لـەوێ کۆمـەڵێك ئەفسـەری پلەبـەرز دانیشـتبوون، پرسـیاریان کـرد بۆچـی هـاتوون، وتمـان هـاتوین سـۆراخی مـاڵ منـداڵمان بکـەین، دەمانـەوێ چـاومان بەسـەرۆك بکـەوێ بـەڵام نەیانهێشـت ببیینین .

**ئەی دوای ئەوەچیتان کرد ؟**

چـیمان کـرد هاتینـەوە، مـن هەرنەوەسـتام چـووم بـۆ دوبـز بـۆلای موختارەکـەی دوبـز، هـەموو جـاری کـە وەجبـەی نوگرەسـەلمان دەهاتنـەوە دەچـووم بـۆ پێشـوازییان و هەرچـاوەڕوان بـووم، جارێکیـان لـە دائیـرەی ئـەمن لـەبارەگای تەواریەکـەی سـلیمانی خـەریکبوو ئـەمن بمـانگرن، ووتیـان چـی دەکـەن لێـرە وتمـان چـاوەڕوانی هاتنـەوەی سـجنەکانین، وتـی ئێـوە عوصـادن سـجنی چـی سـجن هـەمووی بـەربوون، ئەگـەر لێـرە نەڕۆن ناچاردەبین بتانگرین .

**کـە پـەلاماری ئـەنفال گەیشـتە ناوچـەکەتانوجەیشوجاش هـەموو ناوچـەکەی گـرت تـۆ چـۆن دەربازبوویـتو نەگیرایت ؟**

مـن بەتـەنیا بـووم، تـوانیم خـۆم لـەو کونـە بـەردو ئەشـکەوتانەدا بشـارمەوە، یـەك هەفتـەی تـەواومن بـەتاقی تـەنێ هـەر لەوشـاخەی بـووم، شـەوێك ووتم ئەمـە دەرینـاهێنێ ناچـار ملـم پێوەنـا بـەرەو دوکـان، لـە گونـدی سـاردکە لـەدوورەوە بینـیم جاشـی لێیـە، رومکـردە ئـەوان بـۆ ئـەوەی خـۆم رادەسـتیان بکـەم، کـە نزیـك بوومـەوە بینـیم جاشـێکی بەتەمـەن حەرەسـە ئێشـتا خـۆر نەکـەوتبوو، سـەلامم کـردو جـوابی سـەلامەکەمی بـە گەرمیدایـەوە منـیش راسـتەو راسـت پێمگـوت: مامـە گیـان کـەس لێـرە لـەلای ئێـوە فـیرارو سـەربازی هەلاتوونیـە؟ ووتـی بابچـۆرە ئـەو مقـەرەی خـوارەوە پـرە لـە سـەربازی هـەلاتوو فـیرار . منـیش کـە ڕۆیشـتم لـەدوورەوە برایـەکی تـرم بـەرەو پیرم هات . تەماشا دەکەم ..

**ببورە براکەت ناوی چی بوو ؟**

نـاوی محمـد بـوو محمـد حەمـدان تامەشـادەکەم لەشـی هـەمووی خوێنـە دەسـتێکی هەڵبەسـتراوەو خـوێن بـە لەشـیەوە وشـك بووەتـەوە، وتم ئەوەچـیە بـۆ

بریندداربوویت..؟ ووتی هیچ نیە ؟ ووتم چۆن هیچ نیە ئەوە نیە بریندداریت، ووتی وەلا چیت لێبشارمەوە خۆم شاردبووەوە لەبەری بۆلقامیش بەرامبەر کلێسە لەناو لەبن دار هەنجیریك خۆم حەشاردابوو، دەستم خستبووە بن چەناگەم و چاودێری جاشەکانم دەکرد، جاشەکان لەوبەری ئاوەکەی بوون، تەنەکەیەکی بەتاڵ بە زێیەکەیدا هات جاشێك لەوبەرێوە بێ ئەوەی من ببینێ گوللەیەکی بە تەنەکەکەیەوە نا کە بەسەر ئاوەکەیدا دەڕۆیشت، فیشەکەکەی لە ئاوی زێیە هەڵبەزییەوەو لەم مەچەکەی دام ئاوا بریندداری کردم .. سەیر لەوەدابوو کە هەر ئەوفیشەکە لە دوو شوێنەوە سمی و دەست و مەچەکی کون کردم. ئینجا ئەو وتی: ئێستا خەمی تۆم بوو من چاك دەبمەوە براکەم وتی هەموومان ماوین تەنها تۆمان لێ ونبوویت .

ئەوجاشانەی هاتبوونە ناوچەکەتان و وابراکەتیان برینددار کرد کێ بوون ؟

**فەوجی ژمارە چەند بوون..؟**

ئەوەیان نازانم بەڵام جاشی جەلال ئەسعەد چەرمەگایی بوون، لەگەڵ جاشی ئەحمەداغای پشدەری خەڵکی سێناجیان بوون،

**کەچۆنە لای جاشەکان ئەزیەتیان نەدای ؟**

نەخێر، ئەوانەی چومە لایان باش بوون خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بوون، با ئەوەم بیرنەچێتەوە کەچووومە لایان قەرەباڵغیەکی زۆربوو، هەموویان خەڵکی لای خۆمان بوون خۆیان تەسلیم بەو جاشانە کردبوو، لەوێ لێیان نەشاردمەوەو وتیان هەموو ئەو کەسانەی لەزێ پەڕیونەتەوە گیراون و ماڵ و منداڵەکەی تۆشیان لەگەڵدایە، ئەو ڕۆژە من زانیم کەماڵ و منداڵم گیراون.

**ئینجا هەرئەوجاشانە پزگاریان کردن کە خۆت تەسلیم کردن ؟**

نا ئەوان نەبوون ئینجا خزموکەسوکار فریامان کەوتن و ئامۆزایەکم ئامر سرییەکی دەناسی هاتن بردیانین بۆ دوکان و ماوەیەك لەوێ پەنایان داین، ئینجا بردیانین بۆ سلێمانی لەوێ خۆمان پەنادا هەتا لێبوردنەکاتیەکەی نادیمەنەکە هات ئەوکاتە خۆم تەسلیم کردەوە.

**کەواتە جاش هاوکاری کردن ؟**

بەڵی ڕاستی دەڵێم پیاو ڕاستی بڵێ باشە، بەشتی باش بڵێ باش و بەخراپیش خراپ .

**ناوی ئەو جاشەی هاوکاری کردن کێ بوو دەیناسیت ؟**

بەخواپێویست ناکات ناوی بلێم.

**ئەوچاکەی لەگەڵ کردویت، ئیتر بۆناوی ناڵێیت، ئەوچاکەی لەگەڵ تۆنەکردووە..؟**

**خۆتۆ باسی خراپەی ناکەیت ؟**

بەڵێ من مەمنونیم، ئەو ڕزگاری کردووم.

**ئەی ئیتر بۆناوی ناهێنی ؟**

ناوی قادر بوو، خەڵکی دوڵانی ناوچەی قەرەداغ بوو، هەتا ئەم ماوەیەش ژمارە تەلەفۆنەکەی لەلام بوو. کوڕێکی تریش جێگری بوو ناوی ئەحمەد بوو خەڵکی سەنگاوبوو. من هەتا مردن مەمنونیانم چونکە خۆم وبراکانمی ڕزگار کرد، لەلای خۆی شاردینیەوە لەو کاتەدا سەعیدی بەرام پێشمەرگەش بوو. پێموت کاکە ئەو برایەم پێشمەرگەیە ووتی: خەمت نەبی .

**ئەوماوەیەی کە هاوسەرگیریت نەکردبووەوە چۆن دەژیایت و لەگەڵ کێدا دەژیایت ؟**

لە سلێمانی بووم ماڵی خوشکێکم هەبوو لەگەڵ ئەواندا دەگوزەرام .

**ئەی ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردەوە ؟**

ئایاری ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیریم کردەوە.

**ئەم هاوسەرەی ئێستات ناوی چییەوخزمی خۆتە ؟**

ناوی (خاوەر محمود فەرەج )ە وخزمم نیە.

**ئێستا چەند منداڵت هەیە لەم هاوسەرەت ؟**
پێنج منداڵم هەیە سێیان کوڕن و دوویان کچن .
**هیچ کام لەمنداڵەکانت بەناوی منداڵە ئەنفالکراوەکانەوە ناونراوەتەوە ؟**
نەخێردڵم نەهات ئەوە بکەم .
**ساڵی ٢٠٠٣ کە بەعس روخا چاوەڕوانی ئەوەبوویت ئەنفالکراوەکانتان بێنەوە ؟**
بێگومان زۆر دلخۆش بووین بەوە، زۆرچاوەڕوان بووین . بەلام ئیتر نەهاتنەوە .
**لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەناوخەڵکدا هەست دەکەیت ڕێزتان لێدەگیرێت ؟**
بێگومان خەڵك زۆر ڕێزمان لێدەگرێت، بەڵام وەڵاهی حکومەت ڕێزمان لێناگرێت .
**ووتت گلەیم لەحکومەتی هەرێم هەیە. ؟**
من زۆر گلەیەم لە حکومەتی هەرێم هەیە
**گلەیی وەکوچی ؟**
من بە کاك مەسعودیشم ووتوە، ئەو ڕۆژەی کە عەلی حەسەن مەجید سزای لەسێدارەدانی بەسەردا درا، من وەکو نوێنەری کەسوکاری ناوچەکەی خۆمان لەوێ بووم، ووتی : ئێمە ٣٦٥ جەنازەمان لەلایە. داماون نابوون بۆ دادگایی کردنی عەلی حەسەن مەجیدو صدام حسین ئەوە صدام چووە جێی خۆیی و ئەوە عەلی حەسەن مەجیدیش بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوون، ئینجا دەبێت بەخاك بسپێردرێنەوە، ئێوە ڕاتان چیە ؟ ووتم کاك مسعود بەلگەتان هەیە ئەوانە خەڵکی کوێن؟ لە کوێ گیراون؟ وتی بەڵی ئەوانە لە دوکان گیراون.
**من دەمەوێ باسی ئەوەم بۆبکەی حکومەتی هەرێم چی بۆتان کردووە..؟**
حکومەتی هەرێم (٢٧٠٠٠٠٠٠) بیستوحەوت ملیونیان داوینەتی بەلام خۆی ٣٦٠٠٠٠٠٠ سی و شەش ملیونە، من بەوەزیری شەهیدانم ووت، کە نۆ ملیونتان لی دزیوین، وەزیری شەهیدان وتی: نابێت وابڵێی ئەو قسەیە عەیبە.
وتم ئاخر بۆ عەیبە چی لەو ٩ ملیونەی دەکەن ؟ ئەوە ناوی چی لێدەنێی ؟ ووتی: ئێمە بەو پارەیە خانوی زیاتری پێدەکەین بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان . بۆنمونە ئێستا ٣٥٠ خانوو بۆ ناوچەی کۆیە دەرچووە ئێمە دەیکەین بە ٣٦٠ خانوو.
**ئینجا ئەوە کاریکی خراپە ؟**
بەڵێ وەزیریش هەروای پێگوتم ووتی: تو معاریزی ١٠ خانوو بۆ کەسوکوکاری شەهیدان زیاد بکەین ؟ وتم معارز نیم بەلام بۆچی لەسەر حسابی ئێمە خانوو زیاد بکەن؟ بۆچی حکومەت خۆی نایکات..؟ ئەمساڵ ٣٥٠ خانوو دەرچووە باساڵیکی تریش ٢٠٠ خانوو دەربچێ ئیتر بۆچی لەسەرحسابی ئیمە ١٠ خانوو زیاد دەکەن .؟!
**کێ دەڵێ ٣٦ ملیون دینارە ؟ من بزانم ٢٧ ملیونە .**
نەخێر ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر ٣٦ ملیون کردووە.
**هیچ بەڵگەیەکت پێیە؟ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانت لایە ؟**
من ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕان پێیانوتم .. هاتنە پیرەمەگروون بۆخۆم قسەم لەگەل کردن .
**ئەی حکومەت زەوی پێنەداوی ؟**
بەڵی زەویم وەرگرتووە ؟
**هەلبەتە موچەش وەردەگری ؟**
بەڵی ئەویش وەردەگرم .
**ئەی خۆتۆ هیچ شتێکی باشی حکومەتت نەگووت ؟ هەر خراپەکانت گوت ؟ بەشێوەیەکی گشتی کەسوکاری ئەنفال کە دێنە سەرگلەیی دەڵێن، هیچمان بۆنەکراوە، زەوی‌وموچە باکەمیش بێت گرنگ ئەوەیە شتێك کراوە ئەی ئەوانە هیچ نین ؟.**
بەڵێ ئەوانە کراون ئێمە بەخراپی نازانین، ئیمە شتەباشەکانیش دەبینین و

خراپەکانیش دەبینین، بۆنموونە کەسوکاری واهەیە هیچ هیچی بۆدەرنەچووە..

**کەس هەیە لەوانەی کەسوکاری ئەنفال بێت و تۆبیناسیت و هیچی بۆنەکرابێت ؟**

بەڵێ لە ناوچەی خۆمان لە دەشتی کۆیە نیوەی زیاتر هیچی بۆدەرنەچووە. لە ٦٥٠ کەس ٣٥٠ کەس دەرچووە . نزیکەی ٧٠ ماڵ هەر زەویشیان وەرنەگرتووە.

**باشە حاجی منیش گلەییەك لە ئێوە بکەم بۆچی کە دێتە سەردۆسێی ئەنفال و مافی کەسوکارەکانیان لەپێش هەموو شتێکەوە گلەیی زەوی و کەمی موچەوئیمتیازات لەحکومەت دەکەن بەڵام باس لە دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال ناکەن..؟**

باسی ئەوەشمان کردووە، جا کێ گوێمان لێدەگرێ ؟ کێ پاراستونی ؟ ئەوانە هەموو لەلای حزبەکان پارێزراون . گلەییەکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە هەتا ئێستا تاوانی ئەنفال نەبووەتە پرۆگرام لە خویندندا.. بۆئەوەی خەڵك بزانن و لەبیر نەچێتەوە. من سبەینێ دەمرم، ئەوسا نەوەکانمان، منداڵەکانی خۆم نازانن ئەنفال چیەو چۆنکراو بۆچی کرا . ئەگەر سبەینێ کتێبان نەخویننەوە وەك ئەنفالستان و ئەوەی مەلاشاخی نازنن ئەنفال چیە، بەڵام کە بووە پرۆگرام لەبیری ناچێتەوە .

**باس خەڵك و حکومەتمان کرد ئەی بیرورات بەرامبەر رێکخراوەکانی بواری ئەنفال و جینۆساید چیە ؟ چۆن هەڵیان دەسەنگێنی ؟**

رێکخراوەکان هەندێکیان باشن داکۆکی دەکەن بەڵام ئەوانیش حکومەت مەجالیان پێنادات هەڵسورێن . دەستی بەستوون ناهێڵێ بە ئارەزووی خۆیان پەلبهاون، لەوڵاتانی دەرەوەو لە کوردستان.

**ئێستا حاڵ و گوزەرانت چۆنە؟ چ کاسبیەك دەکەی ؟**

بلێم چی موچەی ئەنفالکراوەکانم وەردەگرم قلەقلە کاسبیش دەکەم بەڵام بەخوا ژیانیشمان باش نیە . کەسوکاری ئەنفال مەغدورە، من ئێستا لە بەرامبەر هەشت سەرخێزانی ئەنفالکراومدا مانگی ٩٠٠ نۆسەد هەزار دینار وەردەگرم، ئاخر کاکە منیش مەعیشەتم ناروا، منداڵم وردن سێیم لە مەکتەبن. من بەڵگەم هەیە کە هەموو ئەنفالکراوێك مانگانە ٦٦٠ هەزاردینار موچەکەیەتی.

**بەڵگەکەت بەدەستەوەیە پێتە بمدەیتێ ؟**

نا بەدەستمەوە نیە من ئەندام پەرلەمان پێی گووتوم " دکتۆر محمد ئەحمەد" ئەندام پەرلەمانی یەککرتووە لە عێراق، ووتی: من لە لیژنەی شەهیدان بووم و دەزانم چەندە. لە گەرمیان پێی گوتم بۆهەر ئەنفالکراوێك ئەوەندە لەبەغداوە بەپێی نەفەر دێت .

ئەی دکتۆر محمد بۆچی ئەو راستیە بەخەڵك راناگەیەنێ ؟ مەگەر تەلەفزیونیان نیە ؟

وەڵا پار بەخەڵکەکەی راگەیاند بەگەرمیاندا گەرا بەخەڵکەکەی وت. بەخۆمی ووت : چەندکەست ئەنفالکراوە ووتم ٨ ووتی هەشت موچەی شەسەدوشەست هەزاردیناریت لە بەغداوە بۆدێت، ئیتر ئەوانیش ئەوەندەم دەدەینێ ( ٩٠٠٠٠٠ ) نۆسەد هەزاردینار. ئەویش ماڵی ئاوابێت لەچاوی دکتۆر بەرهەمی دەناسین دەنا کاك نێچیر ماڵی ئاوابێت تەواو دەستی نوقاندووە. من وەکو کەسوکاری ئەنفال گلەیم لێی هەیە ئەوەدوو کابینەی سەرۆکە حکومەتە دیارییەکی بۆکەسوکاری ئەنفال پێنەبوو..؟ بەڵام ئیستا بمرم موچەکەیان دەبڕێ شمولی منداڵەکانم ناکات، لەم ماوەیەدا کچێکم شووی کرد وتیان سلفەی زەواج

تۆناگرێتەوە لەبەرئەوەی دایکتان جیاوازە سلفەی (٥٠٠٠٠٠٠) ملیون دینارەکە نەیگرتەوە سبەی من بمرم موچەکەش شمولیان ناکات.

**وتت بۆ سۆراخی ژن و منداڵەکانتان چوین بۆلا صدام ..؟ دەکرێ بۆم باس بکەیت ؟**

بەرواری ئەو رۆژەم لەبیر نیە، لە پایزی ١٩٨٩ ئێستا چۆن بەجلی کوردیەوە دەمبینی ئاوا ١٢ کەس بووین، لە کۆیەوە چوین بۆ کۆشکی کۆماری لەبەغدا .

**هەروا ڕۆیشتن بەبێ موعد ؟**

ئائا هەر ئاوا رۆیشتین بەبێ هیچ شتێك بەلام کەسێکمان لەگەڵدا بوو هەر خەلکی خۆمان عەرەبییەکی زۆر باشی دەزانی، خەڵکمان لەگەڵ بوو کوری خۆی بەدەستی خۆی هێنابووەوە تەسلیمی بەعسی کردبوو، ئەنفالکرابوو، هەمووومان کەسوکاری ئەنفال بووین. بەخوا لێرەوە بۆ قەلاکەی سوسێ ( لە ئۆردوگای پیرەمەگروونەوە) بەپێ بردیانین، لە پرسگەی یەکەمی دیوانی سەرۆکایەتی ووتیان چەکتان پێ نیە ؟ وتمان نەخێر چەکمان پێ نیە، دەتوانن تەفتیشمان بکەن..کەچی وتیان پێویست ناکات چونکە ئەو زەویەی بەسەریدا دەرۆن خۆی تەفتیشتان دەکات، ئاخر ٩ پیاو بەجلی کوردیەوە لەناو کۆشکی کۆماری وەك نمونە وابووین، کەچوین بردیانینە ژورێکەوە کۆمەڵێك ئەفسەر دانیشتبوون، ئیتر روتبە پلەی سەربازی هەمەجۆر دانیشتبوون لەخوار صدامییەوە لێی بوون، ئێمەش هەریەکەو سکالایەکمان نوسیبوو پێمان بوو، بەناوی خۆیەوەو خەڵکی کۆییە، هەمووومان کەسوکاری ئەنفالکراوان بووین، ئەفسەرێکیان کەوتە قسەکردن، پرسیاری کرد ووتی: عەرەبی دەزانن ؟ یەکێکان عەرەبی زانب ووتی:

بەڵی چۆن دەپرسی بپرسە خەمت نەبێ.

ئیتر ووتی چیتان دەوێ ؟ ووتی ئێمە هەمووومان ماڵ و منداڵمان گیراوە، هەمووومان فەقیری ماڵی خۆمان بووین و ئێستاش هەمووومان عەسکەرین و پێشتریش فەلاح و فەقیری ماڵی خۆمان بووین. ئێستاش داواکارین سەرۆکی فەرماندە مەرحەمەت بکات ئەوەی کە ژن و منداڵەو پێشمەرگە نەبووەو فەقیری ماڵی خۆی بووە بۆمان ئازاد بکات . ئەگەر ماون زانیاریمان بدەنێ و عەفواتێکیان بۆ دەربکەن، ئەفسەرەکە وتی کاکە ساکالاکانتان دابنێن ئێمە دەیدەینە دەست سەرۆکی فەرماندە بزانین ئەو بیروای چۆنە، ئەوەهەربریارێك بدات ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان نیە. کە وەلامی داینەوە ئێمەش وەلامی ئێوە دەدەینەوە .

**ئەی وەلامیان دانەوە ؟**

هیچیان وەلام نەدانەوە بەچاك نەبەخراپ

**كاك نەجمیشتان لەگەڵدابووە كە چووبوون بۆ كۆشكی كۆماری ووتی لەوێ ئەفسەرەكان گاڵتەیان پێكردوین ..ئەوە چۆن بوو ؟**

ئەی کەهیچ وەلامێکت نەدەنەوە وەکو ئەوەیە گاڵتەت پێبکەن، رەنگە ساکالاکانمانیان فرێدابێتە تەنکەی خۆڵەوە.. پێش ئەوەش جارێکی تر هەولمانـدابوو نامەمان دابووە صدام حسێن .

**ئەوەیان چۆن بوو.. چۆن توانیتان نامەیەك بدەنە دەستی ؟**

ساڵی ١٩٨٩ برازایەکم لە هەولێر خوێندکاربوو، صدام هاتبوو بۆ هەولێر، برازاکەم دەرفەتی قۆزتبووەوە هەرلەوێ سکالایەکی نوسیبوو دابویە دەستی صدام خۆی .

**برازاكەت ناوی چی یە ؟**

ناوی تەهایە ( تەها حەمید حەمدان) ئێستا یاریدە دەری پزیشکە لە هەولێر دەوام دەکات.

**ئەی ئەو سکالایەش هەر وەڵامی نەبوو ؟**

با هەردوو دو رۆژ دوای ئەو سکالایە لە دائیرە ئەمنەوە دو کەس بە جلی رەسمیەوە بە سەیارەیەکی خۆیان چوبوونە خویندگاکەو هەواڵی تەهایان پرسیبوو، هەرلەوێ سواری سەیارەیان کردبوو بردبویان بۆ لێپرسینەوە..لەوێش بەر پرسێك لێی پرسیبوو، تۆ سکاڵات داوەتە دەستی سەرۆکی فەرماندە ؟ تەها وتبووی بەڵی ئینجا لێیان پرسیبوو، ئەوانەی گیراون چی تۆن ؟ وتبووی مامم و کۆمەڵێك ئامۆزاو ژن و منداڵن، ئینجا پرسیبویان دەزانی لەکوێ سجنن ؟ شوێنیان پێدەزانیت ؟ ووتبووی نا پێنازانم مەن داوای دۆزینەوەو چارەنوسیانم لە سەرۆك کردووە.. دوای ئەم پرسیارانە بەهەمان سەیارە بردبویانەوە بۆ خویندنگاکەی، رۆژی دوایی دوبارە چوبوونەوە بەدوایدا بردبویانەوە بۆ ئەمن لەوێ زانیاری تەواویان لێوەرگرتبوو، مامت ناوی چیە..؟ ئامۆزاکانت ناویان چیەو تەمەنیان چەندە ؟ لەکوێ گیراون، چەند کەسن و ؟...هتد. لێیان پرسیبوو تۆ ئەگەر ئێستا بیانبینیت دەیان ناسیت ؟ وتبووی بەڵی چۆن نایانناسمەوە. پێیانوتبوو خزمەکانی تۆ تەنیا یەك کەسیان ئامادەنیە، تەنها کاکە نیە ئەوانەی ترهەموویان ئامادەن تەنانەت رەنگی قژوچاویشیانیان پێوتبوو، هەرچەندە لێیان پارابووەوە کە بیبەن بۆلایان هەر هیچ نەبێت شوێنی گرتنەکەی پێبڵێن بەڵام ئەوان رازی نەبوون، نەشوێنی گرتنیانی پێبلێن نە وەعدی ئازاد کردنیشیانی بدەنێ .

**باوەڕت بەوەیە کە هەتا ساڵی ١٩٨٩ لەژیاندا مابن ؟**

نازانم حکومەتیش جێگەی باوەڕنیە. رەنگە تا ئەوکاتە مابن و رەنگە لە دووسێ مانگی دوای گرتنیاندا کوژرابن.

تۆ نەچویت بۆ دادگا وەك شایەتحاڵ لە دۆسێی ئەنفالدا ؟

نەخێر ئەو گللەییەشم هەیە، زۆر هەوڵمدا چومە لای دادوەرەکانیش چومە هەولێر بەڵام نەیانبردم . نەك هەرمن لەهەموو دەشتی کۆیە ئەو هەموو ئەنفالکراوانەمان هەیە یەك کەسیان بەشایەتی نەبرد، ئیمە خۆمان داوامانکرد، خۆ هەرمن نەبووم کەسیان نەبرد.

دادگاکە بەپێی قۆناغ مامەڵەی لەگەڵ شایەتحاڵەکاندا کردووە، بۆنمونە خەلکی گۆپتەپەو جەلەمۆردی تێدابوو.

ئاخر لە دەشتی کۆیەو لە کۆیەش کە قەزایەکە کەسی تیدا نەبوو .

**وەکو میوانیش هەرداوایان نەکرد بچن لە دانیشتنێکی دادگا ئامادەبن .**

نە خێر وەکو میوانیش نەچووین .

ئەی خۆشتان داواتان نەکرد ؟ وەکو چۆن رۆشنبیران و چاودێرانی یاسایی



بانگهێشت دەکران ئێوەش بانگهێشتی دادگاکە بکرابانایە ؟ با هەموو

دانیشتنێکی دادگاکە ١٠-٢٠ کەسی کەسوکاری ئەنفالی تێدابوایە .

چی داوا بکەم من نەمزانیوە وتیان تەنها ئەوکەسانە دەچنە دادگا، کە ناویان هەیە ئەوەی ناوی نەبێت ناتوانێ‌بچێت .

**پێشنارت چیە ؟ حکومەتی هەرێم چیتان بۆبکات باشە ؟**

من داواکارم کەسوکاری ئەنفال رێزیان هەبێ، ئەو پێناسەیە بگۆردرێت‌و پێناسەیەکی تایبەتمان هەبێت، ئەوەی ئێستا هەمانە تەنها پێناسەی موچە وەرگرتنە..من لێرەوە داواکارم پێناسەیەکمان بۆ بکرێت کە ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانمانی لەسەر بێت یان ژمارەی ئەنفالکراوەکانمانی لەسەربێت .. بۆئەوەی هەرکەسێك ببینێت بزانێت من مێردی ژنێك‌و باوکی ٨ منداڵی ئەنفالکراوم پێشنیارێکی جوانە بەڵام قەت ئەم پێشنیارەت لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوان باسکردووە ؟

بەڵی زۆرجار، لەگەڵ وەزیر باسم کردووە، لەگەڵ بەرێوەبەری شەهیدانی کۆیە باسم کردووە، ئەوانیش بەلایانەوە جوانبوو.

**لە هیچ رۆژنامەیەك ئەم پێشنیارەت بڵاوتکردووەتەوە .؟**

نا نەمکردووە لەبەرئەوە کەس نەبووە مقابلەم بکات . من خوێندەواریم نیە .

**جا ئەو پێشنیارە جوانەت هەبێ مقابلەی رۆژنامەت بۆچیە..؟ خۆت خوێندەواریت نیە کوروکچەکانت خوێندەوارن‌وقۆناغی باشیشیان لەخوێندن بریوە ئیتربۆچی چاوەروانی دەستی خەڵکیکی تردەکەن ؟**

نایزانین کاکە رۆژنامە لێت نەپرسێ لەخۆتەوە چۆن قسە دەکەی .

کاکە تۆ سەرۆك بیت یان جوتیار پینەدۆزێك بیت یان پاشا، گرنگ ئەوەیە هاولاتیەکیت‌و مافت بەسەر رۆژنامەو میدیای ئەم وڵاتەوە هەیە، خۆنابێت هەرچاوەروانی ئەوەبیت خەڵکیکی تر کارت بۆبکات، خۆدەبێت ئێوە خۆشتان ئەم راستیە بزانن..؟!

کاکە ریگەمان نەدراوە، دەیان کۆروکۆبونەوەو کۆنفرانس دەکرێ، خەلکی تر بانگ دەکەن ئەمە بەناوی رۆشنبیرەوە ئەوە بەناوی فلان شتەوە ئەوە بەناوی فیسارشتەوە، ئێمەش ئەگەر لەتەلەفزیوندا ببینین، قەسەم بەخوا کەسوکاری ئەنفالی تێدانیە .

**بەڵام بیرت نەچێت هەموو کەس‌وکارێکی ئەنفالیش شایانی ئەوەی نیە، بچێتە هەندێك کۆروکۆمەڵەوە، چونکە مەرج نیە ئەوەی کەسوکاری ئەنفال بوو فریشتە بێت، ئەگەر ریگەم بدەیت زیاتر بۆت رونبکەمەوە، جاش هەیە زیاتر لە بیست کەسی لە ئامۆزاو خالۆزای خۆی تەسلیمی رژێم کردووە، موستەشار هەیە برای خۆی تەسلیم کردووەو ئەنفالکراوە ئەوانە راستە کەسوکاری ئەنفالکراوانن بەڵام جەلادی خزمەو کەسوکارەکانی خۆشیانن .. بەدەر لەم حالەتانەش کەسوکاری ئەنفال هەیە بێباکە بەرامبەر ئەنفالکردنی کەسوکارەکەی ئەوەندەی شەری موچەوئیمتیازات دەکات ئەوەندە بێریزی بەرامبەر قوربانیانی ئەنفال دەکات..ئایا تۆ ئەوانە بەرەوادەزانی ؟**

نەخێر رەوانیە، من شتی وامنەبیستووە سەیریشە بەلامەوە.

**دوا داواکاریت چیە ؟**

داواکاریم زۆر بوون هیچیان جێ بەجێ نەکران، زۆر زوو هاوارم کرد بە شەخصی بە کاك عومەر فەتاح گووت، دامبمەزرێنە، بەم تەمەنەمەوە بەو هەموو برینەمەوە کە باوکی هەشت منداڵی ئەنفالکراوم ئامادەم فەراشی مەکتەبێك بم، ئامادەم قنچکە جگەرەی مەکتەبی خربکەمەوە، کەچی گوتی تۆ تازە

تەمەنت هەڵکشاوە بۆ دامەزراندن ناشێی . ئێستاش داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان ئەو پێناسەیەمان بۆبگۆڕن و بە پێناسەیەك حورمەتی هەبێ، با ناوی هەموو کەسەئەنفالکراوەکانمانی لەسەر بێت. بۆئەوەی چوینە هەرشوێنێك بزانن چەندکەسمان ئەنفالکراوەو چەند برین بە روحمانەوەیە.

**پێتخۆشە ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە، دەمەوێ رەزامەندی خۆتم هەبێ ؟**

بەڵێ با بڵاوبێتەوە خۆمن بە ئاشکرا قسە دەکەم، من کەسوکارم ئەنفالە جەرگم براوە، ئابڕوشەرەفم رۆیشتووە، ئینجا چیمان ماوە..؟ بۆیە حکومەت دەبێ مەمنونیش بێت و بەشانازیەوە قسەکانم وەربگری و رەخنەی لێبگرم و گللەیی لێبکەم .

**سوپاس بۆ رەزامەندیت بەڵام با ئەوەت بۆ رونبکەمەوە تۆ شەرەف و کەرامەتت نەرۆیشتووە، بەپێچەوانەوە شەرەف و کەرامەتی ئەوانە رۆیشتووەو عەیبدارن کە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا تۆ بۆچی شەرەفت رۆیشتووە ؟ ئێوە خاوەنی کەرامەتی خۆتانن، ئەگەر بێحورمەتی و بێکەرامەتیەك بە مرۆڤ کراوە ئەوا رژێمی بەعس و دارودەستەکەی تیایدا ئابڕوشکاون نەك قوربانیەکانی دەستیان.**

ناوەڵا برا ئەوانە معزەم و مکرەم دەژین و ئیستاش من ئیشێکم بە دائیرە بێ دەبێ بچم تەشەبوز بەوانە بکەم ئیتر شەرەف وکەرامەت چیە ؟

**دوا قسەی دڵی خۆتم بە کورتی پێ بلێ ؟**

بەخێربێیت بۆ ماڵەکەم، دواقسەشم هەر رێزگرتنی کەسوکاری ئەنفالکراوانە .

---

## لە ئازادیدا شوێنێك نیە بۆ ئەسپەردەکردنەوەیان ؟



ساڵی ٢٠١٠ روفاتی (٧٢) کەس لەگۆڕکی بەکۆمەڵدا لەخۆرهەلاتی باشوری شاری کەرکوك دۆزرانەوە، بەپێی پشکنینی پزیشکی دادوەری دەرکەوتووە کەوا قوربانیەکان خەڵکی شاری کەرکوکن و ساڵی ١٩٩١ دوای گوللەبارانکردنیان لە لە(تۆپزاوا)ی نزیك کەرکوك کە لەساڵی ١٩٨٨ شوێنی کۆکردنەوەو پۆلینکردنی ئەنفالکراوان بووبەکۆمەڵ داپۆشراون

جێگەی ئاماژەیە ئەوتەرمانە دوای هەڵدانەوەیان رەوانەی (نەخۆشخانەی ئازادی) شاری کەرکوك کران، کەچی وا سێ ساڵ بەسەر گواستنەوەیاندا تێپەریوە، هێشتا بەخاك نەسپێردراونەتەوەو هەروا لەنەخۆشخانەکەدا هەڵگیراون وئەسپەردەی خاك نەکراونەتەوە.!

سەید فازل بەرێوەبەری نوسینگەی کەرکوکی شەهیدان وئەنفالکراوان بەکەناڵەکانی راگەیاندنی راگەیاند بۆیە بەخاك نەسپێردراونەتەوە لەبەرئەوەی شوێنیان چنگناکەوێ هەتا ئەو تاروفاتانەی لێبنێژنەوە، بەڵام ١٢ دۆنم زەوی لەتۆپزاوە دابینکراوە بۆ (وەزارەتی شەهیدانی عێراق) هەرێمی کوردستانیش بەنیازە شوێنێك بدرێتە ئەوان .

هۆشیار عیزەدین بەرێوەبەری (گۆرە بەکۆمەڵەکان) لەوەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بەهاولاتی راگەیاندووەکەوا « بەهۆی نەبوونی شوێنێکی شایستە، نەتوانراوە روفاتی ئەو شەهیدانە ئەسپەردەی خاك بکەینەوە ناچارین لەنەخۆشخانەی ئازادی دایان بنێین )



## بەهائەدین محەمەد عەزیز - گوندی کلێسە :

## قەت ئەوشەرمەزاریەم لە بیرناچێتەوە کە دەچوومە مالانو وەك لێقەوماێك خۆم دەبینیەوە. بۆیە پێویستمان بەرێزە تا ئەو کاتەی دەمرین با بەحورمەتەوە بژین.

**پیرەمەگرون: ٢٠١٢/١٠/٤ - کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی**

**ناوی تەواوت ؟**

بهائەدین محەمەد عەزیز

**ساڵی چەند لەدایکبوویت؟**

ساڵی ١٩٤٧ لەدایك بووم

**هەر لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی کلێسەن ؟**

بەڵێ ، باوکم ودایکیشم هەر لەوگوندە بوون

**تۆساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە ؟**

ساڵی ١٩٦٣ خێزانم پێکهێناوە خێزانەکەم موالیدی ١٩٥٣ بوو.

**پێش ئەوەی خێزان پێك بهێنیت ماڵی خۆتان چەند کەس بوون، واتە بێجگە لەدایك و باوکت چەند خوشك و برا بوون ؟**

تەنها خۆم و دایکم و سێ خوشك بووین چونکە باوکم نەمابوو، ئەو زووتر مردووە، کە ژنیشم هێنا (١٠) منداڵمان بوو یەکیان بە سوریژە مرد، کوڕێکیشم موالیدی ١٩٧١ بوو لەپۆلی چواری سەرەتایی بوو، هەورە بروسکە لێیداومرد.

**کە لە ٤/٥/١٩٨٨ ئەنفال کران ئەو وەختە ماڵوحاڵی خۆت جیابوو..؟**

بەڵی جیابوم هەشت منداڵم هەبوو. هەموو خێزانەکەم ئەنفالکران هەر بۆخۆم مامەوە.

**پەلەمەکە دوایی دێینە سەر ئەوباسەش جاریٚ ناوی خوشکەکانتم پیٚ بڵیٚ ؟**

گەورەکە خونچە ناوەنجیەکە حەلاو، گچکەکە نێرگز .

**واتە تۆ کوڕە تاقانەی ماڵیٚ بویت ؟**

بەڵی

**خوشکەکانیشت ئەنفالکراون یان لە ژیاندا ماون ؟**

دوانیان ماون، بەلام خوشکە گەورەکەم خونچە نەماوە ئێستا هەر دوو خوشکم ماون.

**چ بەسەرهاتێکی خۆشی منداڵیت بیرماوە لە گوندی کلێسە ؟**

وەلاّ ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە هیچ خۆشیم لەدڵدا نەماوە .

**بەسەرهاتی منداڵیت دەڵێم لەگوندەکەی خۆتان ؟ شەوانی لادی چاوشارکێی منداڵان هەلوکێنو بازبازێن..؟**

هی منداڵیش هیچی خوشم لەفکر نەماوە ، هەرچی خۆشی بوو ئێمە بەباماندا، ڕۆیی

**پێتخۆش نیە ئێستاش وەك منداڵی لەجیاتی ئەوەی لە ئۆردوگای پیرە مەگرون ئەژیت هەر لەگوندی کلێسە بویتایە ؟**

بەرەوەلاّ ئێستاش پێمخۆشە لەویٚ بژیم، لەوێش بمرم، بەلاّم ئێستا بشچمەوە ئەویٚ هیچم پیٚ ناکریٚ.

**تۆ لەکلێسە ژیانێك چۆن دەژیای ؟ باری ئابوریت چۆن بوو؟ هەژارانە یان مام ناوەندی ؟**

پێشتر کە لەویٚ بووم مەکینەم هەبوو لەگەڵ خێزانی پێشوم کشتوکاڵمان دەکردو پێی دەژیاین.

**کشتوکاڵ وەکوچی ؟**

تونتمان دەکرد تەماتەو باميەمان هەبوو، شوتيمان دەکرد، بەلام ئيستا ئەوە نەماوە و منيش تواناى جارانم نەماوە هەتا بچمە خەريکى کشتوکاڵ و زراعەت کردن بم.

**کەواتە ژيان و مەعيشەتتان لەسەر زراعەت بووە ؟**

بەڵێ هەر جوتيار بووين و کشتوکاڵمان دەکرد بەلام ئەويش زۆر نا تەنها بەشى خۆمان دەکرد بەشى فرۆشتن نا، مانگاوبزنيشمان هەبوو بەلام ئەويش کەم بوون زۆرنەبوون ، بەو شتانە ژيانمان بەڕێوە دەچوو .

**هەتا پێش ئەنفاليش ئاوا دەژيان ؟**

بەڵێ ئاوا دەژياين ، ژيانێکى خۆش و پڕ لە ئاسودەيى، خەڵك ئەوەى لە دڵدا نەبوو دەوڵەمەندە يان، هەژار، کابرا خاوەنى سەد سەر مەڕ بوايە هەر وەك ئێمە دەژيا .

**بۆچى گوندەکەتان ناوى کڵێسەيە ؟**

ئەسڵى خۆى ناوى (کليسا) يە کاتى خۆى کليسايەکى مەسيحيەکان لێرە بووە خانووەکەى بەقسڵ وگەچ دروست کراوە ئيستاش ئاسەوارەکەى ماوە ئەو ناوەى لەبەر ئەوکليسايە لێ نراوە

**ئێوە هەموو ئيسلام بوون واتە مەسيحيتان لەگەڵ نەبوو ؟**

نەخێر ئەوەندەى بيرم بێت مەسيحيمان لەگەڵ نەژياوە لە گوندەکەماندا نەبووە، بەلام جولەکە هەبوو ئەوانيش لە کۆيە بوون و جارجارێکيش هاتوچۆيان دەکرد .

**ئەوەندەى هاتوچۆى کۆيەتان دەکرد پەيوەنديتان چۆن بوو لەگەڵ جولەکەکان ؟ لەبەر ئەوەى ئێوە موسولمان بوون و ئەوان جولەکە ڕقتان لەيەك نەبوو ؟**

من ئەکات منداڵ بووم هاتوو چوم نەکردوە ئەوەى باسى ئەکەم تەنها بەفکرم دێ کە دەيانوت شت ئەکرين لەجولەکەکان بەقەرز ئەوان دوکان و شتيان هەبوو

**دەتوانى بۆم باس بکەى پێش ئەنفال چەندجار گوندەکەى ئێوە کەوتۆتە بەر تۆپباران و سوتان ؟**

سێ جار ، ساڵى ١٩٦٣ بوو حەرەس قەوميەکان هاتن لە عەسکەرەوە گوندەکەى ئێمەيان دايە بەر تۆپ خەڵك ڕاى کرد بۆ ئەو شاخانە بۆ قوڕە ڕەش و هەندێکيش ئاوارەى سارتکە بوو هەندێکيش لە ئەشکەوتەکان مانەوە ، ئێمە دوو زەلاممان هەبوو وەهاب و قادر اسماعيل ئينجە پێشمەرگەى لێبوو پێم وابێ پێشمەرگەى کاك صالحيان پێدەگوتن تەقەيان لێ کردن ، هەندێك خەڵکى گوندەکەى ئێمە عەلەمى سپيان هەڵکردبوو دەيانگوت ئێمە ئيسلامين بەلام بەعسيەکان هەر تەقەيان لێکردن ، ئينجا بڕێکى زۆر شتى ئەو دەشتى شێخ بزێن و ئەخزەر و ئەو مەنتيقانە لەسەر کەڵەك هەلڕژا بوو حەرەس قەوميەکان گەنم و جۆو ئەوشتانەيان هەمووى تێکەڵ کرد.

### کەواتە پێش ئەنفال کڵێسە چەندجار سوتاوە ؟

ئەگەر سوتان بڵێى يەك جار سوتاوە، ئەوەى من بەفکرم بێت هەر ئەوجارە بوو، ئەويش بەتۆپباران سوتا .

تۆ وتت پێش ئەنفال هەر بە زراعەت و کاروبارى خۆمانەوە خەريك بوين ئەى ماڵ و منداڵەکەى تۆ کێ گرتنى ؟ جەيش هات يان جاش ؟

ئێمە گوندەکەمان چۆڵ کردبوو، هەر لەناوچەکەى خۆمان، خۆمان شاردبووەوە لەناو چەمى سور قاوشان بوين، هەتا ئەو ڕۆژەى کيميابارانى گۆپتەپەوعەسکەرکرا، پێم وابێ ١٩٨٨/٥/٤ بوو، خەڵك شلەژان و سەرلێشێواو بەلێشاوبەناويەکدا دەهاتن و دەچوون، خەبەريانهێناوتيان بەکيميايى لەگۆپتەپەو عەسکەر دراوە يەکجارى چۆڵى

بکەن، ئەومال ومنداڵەی ئێمەوئەوەی لەشێخ بزێنی وعەسکەر و ئەوناوچەیەوە هاتن بۆ سورقاوشان یەکیان گرتەوەو بەرەودوکان ڕۆیشتن لەوێ لەنزیکی قشقوڵی هەموی گیرابوون .

**واتا ماڵومنداڵەکەی تۆ لەگەڵ ئەوانی کاك نەجموحاجی مەجیدوئەوانی تریێکەوە بوون ؟**

بەڵێ هەمو پێکەوە لەقشقوڵی گیران، خەبەرمان هەبوو دوایی لەوێوە بردویانن بۆقەڵای سوسێ، خەبەرمان هەبوو هەتا تۆپزاوا، ئیتر هەرئەوەندە بوو ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، بەڵام لەپیرەکان هەندێکیان بەردرا ئەوانەی کەڵکیان نەمابوو ئەوانی تریش کەس نازانێ چیان بەسەرهات .

**ئەوانەی کە بەربون وهاتنەوە چیان بۆ تۆگێڕایەوە ؟**

ئامۆزایەکم لەگەڵیان بوو ناوی ( گورجی ) یەهاتەوە وتی: ئێمەیان بردە سلێمانی ولەوێشەوە بۆتۆپزاوا، ئینجا لەوێ هەرچە کچی گەنجە جیایان کردوەوە هەرچی کوڕی گەنجە جیایان کردوەوە ، پیرو پەککەوتەشیان جیا کردوەوە منداڵیان جیاکردوەوە کە ئەگریان بەدەست سەربازو ئەمنەکانەوە کە لەدایکیان جیا دەکردنەوە، گوتی: هەرئەوەندەمان ئەزانی کە هەرکەسەوبۆشوێنێك بارئەکرا ئیتر نازانین بۆکوێ بران .

**نەیگوت بەچی بار ئەکران ؟**

با گوتی بەمەنشەئە باردەکران .

**واتا تا ئەوانە نەهاتنەوە ئێوە هیچ سۆراخێکی ئەوانتان نەئەزانی ؟**

نەخێر هیچ سۆراخێکی ئەوانمان نەئەزانی ئەو ماوەیە هەر چاوەڕوان بووین ، من هەتا ئێستاش هەر چاوەڕوانم

**ئەوهەموگۆڕی بەکۆمەڵە ئەبینی هەرقەناعەتت نی مردبن ؟**

نەخێر قەناعەتم نیەوهەرچاوەڕوانم

**تۆ تا ساڵی چەند دانیشتی وخێزانت پێك نەهێنایەوە ؟**

من ڕۆژێك پێش هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ ژنم دیاری کرد و دوای هەفتەیەکیش گواستمەوە

**ناوی خێزانەکەی پێشوت چی بوو ؟**

زارا عبدالرحمان مواليدى ١٩٥٣ بوو

**ڕەنگە ناخۆش بێت بەڵام دەتوانی ناوی منداڵەکانتم پێ بڵێی ؟**

وەڵا ئێستا ناوی هەندێکیانم بیرچوەتەوە، کچە گەورەکەم ناوی شلێربوو دووەمیان ئاوازە سێیەمیان کوڕبوو بەناوی فەرەیدون ئیتر باش بیرم نەماوە ، من سێ کوڕو پێنج کچم گیراوە لەگەڵ دایکیان واتە نۆ کەس ، نزار ، هەرێم ، گولزار ئەوەش ناوی سیانی دیکەیان ناوەکانیشیانم نوسیوە

**قەت خەونیان پێوە دەبینیت ؟**

هەتا پێش ئەوەی ژن بهێنم زۆر کات خەونم پێوە دەبینین ، بەس ئێستا نا ، من شتێکم پێ ناخۆشە ئەویش هێنانەوەی ئەو ئێسك و پروسکانەیە کە دەمانگرێنن پێ ی برینمان دەکولێننەوە ، من تازە ئێسك و پروسکم ناوێت دەمەوێت ڕێزمان بگرن لەو دائیرانەی کە ئەچین ، هەتا دەمرین موچەیەکی وامان پێ بدەن بەسەربەرزی ژیانی پێ بکەین

**واتا تۆ قەناعەتت وایە کەپێویست ناکات ئێسك و پروسکەکانتان پیشانبدەن ؟**

من دەمەوێت ئیشمان بۆ بکەن وەکو ئەیانهێننەوە و فەحسیان ئەکەن با بێن فەحسی ئێمەش بکەن تا هەرکەسێك قوربانیەکەی خۆی بناسێتەوە

**ئەوە ئەکریت بەڵام کاتێك**
**ئەکرێت بۆنمونە گوڕێکی**
**بەکۆمەڵ بدۆزرێتەوە**
**بەڵگەیەکی تێدا بێت**
**کەقوربانیەکانی خەڵکی گوندی**
**کلێسەبن، دەتوانرێت فەحسی**
**خەڵکی ئەومەنتیقەیە بکەن تا**
**بناسرێنەوەکێن، بەڵام کاتێك**
**گوڕێکی بەکۆمەڵی گەرمیان**
**ئەدۆزرێتەوە خۆناکرێت**
**فەحسی خەڵکی کوردستان**
**هەمووی بکەن**

بەڵام منداڵەکانی من هیچ تەسکەرەو شتیان پێ نیە هەمووی بەخۆم بوو تەسلیمی زاوایەکمانم کرد لەبەرئەوەی دوکانی هەبوو وتم با لەلای توبن نەفەوتێن ، ئەوان کەرۆیشتن هیچیان پێنیە

**ئەوماوەیەی ئەوان گیرابوون خۆت فیرار بوویت ؟**

بەڵێ

**هەتا کەی خۆت تەسلیم نەکردوە ؟**

ماوەیەکی زۆرفیرار بووم ژیانم زۆرناخۆش بوو،حکومەتیش (عەفوات ) لێبووردنی دابوو، نادیمەنیان پێدەگوت، ئیتر ئەو کاتە خۆم تەسلیم کردوە،ئینجا وتیشیان ئەوەی خۆی تەسلیم بکاتەوە ماڵ و منداڵەکەی ئازاد دەکەن بەڵام راستیان نەکرد وا نەبوو ، کە هاتمەوە چوم بۆ هەولێر وتم: ئەوە هاتومەتەوە خۆم تەسلیم کردووەتەوە فەرموون ماڵ و منداڵەکەم بدەنەوە بەڵام ئەفسەرێك رێك وەوان پێی گوتم برۆ تەواونەماون .

**لە کوی وای پێگوتی؟**

لەهەولێر. لەوەدەچوو شیعە بووبی و پێی ناخۆش بوو.

**واتە تۆ چوویتەوە بویتەوە بەسەرباز ؟**

بەلی ماوەی سی چوارمانگ گیرامەوە بەسەرباز.

**ماڵ‌ومنداڵەکانت رۆیشتن‌وئەنفالکران،وەك ئەفسەرەکە پێیگووتی: نەماون دوای ئەوە ئیتر تۆ لەکویٚ دەژیای ؟**

ژیانم نەبوو سەرگەردان بەسەرەوە دەگەرام، بەزۆری لە ماڵی خوشکەکانم دەژیام، دوای ئەوە خەزمم زۆر بوون، لەرانیەو لەکۆیەو بەکرەجۆ بەسەریانەوە دەگەڕام بەسەریانەوە .

**هەستت دەکرد رێزت دەگرن یان بارگرانیەك بووی بەسەریانەوە ؟**

وەڵاهی راستت دەوی باربووم بەسەریانەوە،من ماڵی خوشکەکەشم کە دەچوم کزە لەجەرگمەوە دەهات. هیچ ئاسودەییەکم نەبوو، دڵم پربوو لەناو دڵی خۆمدا وێران ببوم.

**چەند ساڵ بەو حاڵە مایتەوە ؟**

لە ساڵی ١٩٨٨ هەتا ساڵی ١٩٩٢ بی ماڵ‌و حال .

**هەتاکەی چاوەڕوانی منداڵەکانت کرد..؟**

ئێستاش هەرچاوەڕوانم .

**چیە والەتۆ دەکات کە هەرچاوەڕوان بیت ئەو ئومیدە چیە وات لێدەکات پێت بلێت ماڵ‌ومنداڵەکانت لە ژیانداماون ؟**

دەلێم بەڵکو کەوتبنەلای پیاو چاکێك‌و پەنای دابن ؟ بەڵك شتی هەبێ .

**ئەگەر رۆژێك رێککەوت، کچەکانت ئەفسەرێکی عەرەب پەنای دابوون‌و گەورەی کردبوون‌وبە شەرع‌وقانون لەپیاوێکی عەرەبی مارە کردبوون ( ئێستا من کەسێکی وام پێشك دێت، کچیکی تەمەنی ١٣ سالان بووە ئەفسەریك پەنای داوەوبردویەتیەوە بۆماڵی خۆیان دوایی داوێتی بە خزمێکی خۆی‌و ئێستا منداڵی هەیە تۆ لەوەهاحاڵێکدا چی دەکەی ئامادەی پێشوازی لە کچەکەت بکەیتەوە ..؟**

ئەی چۆن بەڵی جا کچەکەم ئەگەرواشبی دەسەڵاتی چیە ؟ بەخوا پێشوازی لێدەکەمەوە بەڵام من قەت عەرەب بە ئیسلام دانانێمو بە دژی خۆمیان دەزانم .

**باشە بۆچی ؟ خۆ ئەو کچە عەرەب رزگاری کردووە، تەیمور کەلەگۆری بەکۆمەڵ رزگاری بوو مالیکی عەرەب شاردیانەوەو گەورەیان کرد، بەلام جاشەکانیش کوردبوونو کچو ژنی خەڵکیان ئەنفالکرد ؟**

راست دەکەی بەڵام عەرەبەکانیش بەدەگمەن رێککەوتووە وابن، ئەوەش هەر راستە کە بەزۆری کوردە کانی خۆمان بوون وایان لێکردین جاشە چڵکاو خۆرەکان کە ئێستاش هەموو شتێکیان بەدەستەو هەموو شتێك بۆ ئەوانە .

**ئەی کەوایە بۆچی دەبی رقت لە عەرەب بێتو بەدوژمنی خۆتیان بزانی ؟**

لەبەرئەوەی ئەو کاتە ئەوان دەسەڵاتداربوون .

**حکومەتی هەرێم چۆنە بۆتان ؟**

من هەموو گلەییەکم لێی هەیە .

**بۆچی ئینجا خۆ ئەو دەسەلاتی کوردە هی عارەبان نیە ؟**

کاکە با قسەت بۆبکەم لەگەڵ حاجی مەجیدی کلێسەی چووینە لای جەنابی وەزیر ووتی: بەنیازین خانووتان بۆبکەین ووتمان ماڵتان ئاوابی زۆر باشە، ووتی: بەلام لەبەرئەوەی خانووەکان کەمن ناچارین قورعەی بۆببکەین، ئیمەش ووتمان جا بۆ نایەن لەوکەسانەوە دەستپێبکەن کە ئەنفالیان زۆرە بۆنمونە ماڵ هەیە ٨ کەسی ئەنفالە هەیە ٩ کەسی ئەنفالە .. ووتی ناوەڵا ئیمە ئەوەی ناکەین بە تیرووپشك دەیکەین .وتمان باشە خانووەکانمان بۆ بکەنو کلیلەکانمان بدەنێ ووتی ئەوەش ناکەین ٢٧٠٠٠٠٠ بیستوحەوت ملیونتان دەدەینێو خۆتان بیکەن ئەوە بە حکومەت ناکرێت، دوایش پەرلەمانتارەکان پێیانگوتین پارەکەتان ٣٦٠٠٠٠٠٠ سیو شەش ملیونە،دوایی بە وەزیرمان ووت پارەکە ئەوەندەیەو ئیوە کەمتان داوە بە ئیمە ووتی : ئاخر ئێمە خانووی زیاتری پێدەکەین ١٠ خانووی زیاتری پێدەکەین بۆ کەسوکاری ئەنفال پێتان ناخۆشە کەسوکاری ئەنفال خانووی هەبی ؟ ووتمان پێمانخۆشە هەموومان هەمانبی بەلام بۆ لەسەرحسابی ئێمە ؟ بۆ حکومەت نایکات ؟ ئەگەر خانوو بۆ منە بۆدەیدەن بەیەکێکی تر..؟ ئەگەر هی یەکێکی ترە بۆ دەیدەن بەمن ؟ ئیمەش ئینکاریمان کرد ووتمان نامانەوێت، وتی دەستاناوایە ئیمە لەگەرمیانیش ئاوامان کردووە. دوای ووتی بەلێنتان پێدەدەم بەپێی نەفەر دەیکەین، بەلام بەلێنەکەی نەبردە سەر . ئیستاش بۆم دەرنەچووەو دەڵێن سالی ٢٠١٣ بودجەی بۆ تەرخان دەکری ئینجا کی دەڵی من دەیبینمو نامرم .

**ئێستا تۆ خانووت بۆکراوە یان بلێین خانووت کرد ؟**

نەخێر بەخوا ٩ سەرخێزانم ئەنفالکراوە خانووم بۆ نەکراوە ؟

**زەوییشت وەرنەگرتووە ؟**

زەوییم وەرگرتووە زوو وەرمگرت بەلام بەبەلاش فرۆشتم سودێکی وام لێنەبینی .

**بریا نەتفرۆشتایە لەکوی بوو ؟**

لەکۆیە بوو .

**بێجگە لەهاوسەرەکەتومنداڵەکانت چەند کەسی تر لەخزمو کەسوکارت ئەنفالکراون ؟**

ئامۆزاوپورزاو زۆر جاکی بلێم .. ئێمە خەڵکی کڵێسە هەموو خزم بووین . بەهەمووی (١٩) کەسی خزمی زۆر نزیکم ئەنفالکراون .

**ئەوە گللەییەکانتم گوێ لێبوو ئەی شتەباشەکانی حکومەت چییە ؟**

هیچ .

**چۆن دەبی شتێکی باشی هەر هەبی ؟ موچە وەرناگری ؟ زەویت وەرنەگرتووە ؟ مەگەر ئەمانە باشنین ؟**

ئێ باشە باسی موچە دەکەی من (٩) سەرخێزانم رۆیشتووە ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزاردینارم دەداتێ ؟ باشتێکی تریش بلێم بیرمچوو بە وەزیرمان ووت باشە کاکە ئەو ٢٧٠٠٠٠٠٠ ملیونەمان بدەنی بەلام ئازادبین چی پێدەکەین رەنگە بیکەم بەخێر بۆمنداڵەکانم، یەکیکی تر حەجی پێبکات، یەکێکی تر سەیارەی پێبکرێت، یەکێکی تر ژنی پێ بێنی بۆ کورەکەی ؟ وتیان نابێت ئەوە بۆ خانووە .

**من لەوەیاندا لایەنگری حکومەتم .**

**بۆچی لایەنگری حکومەتی ؟**



لەبەرئەوەی هەموو شتێك بەجێی خۆی و لەشوێنی خۆی جاری هەمووشتێکیش بەدەست وەزیر نیە، رەنگە ئەو گللەییەت لەشوێنی خۆی نەبی، ئەو برە پارەیە بۆ خانوو دروستکردنە، حکومەت بۆ هاوسەرگیریش سلفەی زەواجی هەیە، بۆ کوروکچی شەهیدیش بێجگە لەو سلفەیە ٥٠٠٠٠٠٠ ملیون دینار دیاری هەیە، رەنگە بیداتە یەکێك پێی بچێت بۆ حەج بەلام خانووی نەبێ، ئەوبرە پارەیە بۆخانووە نەك بۆ حەج و سەیارە کرین . باشە من دەمەوێ بچمە حەجی گوتیان شەهیدان بەشیان هەیە بیان نێرن بۆ حەجێ ؟ ئەوە چەند سالە ناوم دەنوسم نامێرن ؟ من ئێستا لەم خیزانەم سی کچم هەیە، هەرچۆنێك بێت خانووم پێکەوە ناوە . حەجەکەم زەرورترە .

**ئاخر بەلای تۆوە وایە، بەلام خانووەکە بۆکەسێکی ترکە خانووی نیە، حەج لەخانوو پێویسترنیە، پێتوانیە ئەوە غەدرە لەکەسانی تر ؟**

نا غەدرنیە .

**تۆ باسی ئەوەتکرد رقت لەعەرەبە لەبەرئەوەی ئەنفالیان کردوون . ئەی رات بەرامبەر جاشەکوردەکان چیە ؟**

من گللەیم لەسەرکردە کوردەکان هەیە، چونکە هەتا ئێستا سەرۆك جاشێکیان بەگرتن نەداوە، لێیان نەپرسینەوە، من داواکرم ئەوانە دادگایی بکەن ئەگەر دەیانەوێ رێز لە ئێمەبگرن و کاری باشمان بۆ بکەن. خۆ مەسەلە هەر پارەنیە. با دادگاییانبکەن بەهەقی خۆیان تاوانباربوون سزا وەرگرن بێتاوان بوون ئەوسا با ئازادبن.

**پێتباشە چۆن یادی ئەنفال بکرێتەوە ؟ ئەوەی ئێستا دەکرێ یان شێوەیەکی تر ؟**

ئێستا هەر ئەوەیە کە لەسەر تەلەفزیون دێن برینمان دەکولێننەوەو تەواو ئەوە زۆر ناخۆشە.

**ئەوە سەبوری نیە بۆ ئێوە ؟**

نەخێر، هیلاکمان دەکەن . ئەوان تەرم دەهێننەوە زۆرباشە لەناو خاکی عەربستانەوە بۆ کوردوستان هەقە هەمووان بهێننەوە ، بەلأم هەموو دەمێك لە تەلەفزیون لێی نەدەنەوە ئەوە زۆر ماندومان دەکات . با جینۆسایدی بەدنیای بناسێنن، چونکە ئێمە دەمرین نامێنین با لەبیر نەچێتەوە بەلأم بەو شێوەیە نا هەموو دەم برنمان بکولێننەوە.

**دوا قسەت دوا گللەیت چیە ؟**

وەلأ چی بی رێزمان لێبگرن، تاوانباران دادگایی بکەن، کە چوینە دائیرەو فەرمانگەکان رێزی ئەوەمان لێبگرن کە خاوەنی ٩ سەر خێزانی ئەنفالکراوم. کەچی تەنانەت جیاوازی لەنێوان شەهیدو ئەنفالیشدا دەکەن.

**لەجیدا جیاوازی هەیە لە موچەدا ؟**

لەوەشدا جیازای هەیە، شەهیدێکی سەنگەر مانگی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار وەردەگرێ بەلأم ئەنفالێك ٤٥٠٠٠٠ چوارسەدو پەنجا هەزار وەردەگرێ .

**ئاخر ئەوەت بیرنەچێت شەهیدانی سەنگەر ژمارەیان کەمترە ئەنفال زۆر زۆرە لەروی ژمارەوە .. تۆ پێتوایە ٥٠ هەزاردینار فەرقێکی ئەوەندە زۆرە ؟**

پەنجا هەزار دینار گرفت نیە، من حورمەتو رێزم دەوێ کەچوومە دائیرەیەك وەك باوکی ٨ مندالی ئەنفالکراو. بەچاوێکی سوك تەماشام نەکەن. ئەوماوەیەی بەتەنیا بوومو سەرگەردان بووم، هەتا لە دنیا ماوم بردنی مندالەکانمو بێسەروشوێن بوونیانم لەبیر ناچێتەوە .

قەت ئەوشەرمەزاریەم لەبیرناچێتەوە کە دەچوومە مالانو وەك لێقەومایوك خۆم دەبینیەوە. بۆیە پێویستمان بە "رێز"ە تا ئەوکاتەی دەمرین با بە حورمەتەوە بژین .

**حاجی مەجید قسەیەکی کرد ووتی : من شەرەفوکەرامەتم رۆیوە، ئایا تۆ ئەوە بەراست دەزانی ؟ لەکاتێکدا تۆهیچ عەیبێکت نەبووە، تەنها ویستووەتە لە زێدی خۆت بژی، گوناهی ژنو مندالەکانیشت هەرئەوە بوو کەگوندنشین بوون، تۆدەلێی چی ؟**

ئێمە شەرەفمان نەرۆیشتووە، شەرەفدارین، ئەگەرشەرەفیشیان بردبین لەبەرئەوە بووە کە کوردبووین، بەلأم لەوەدا راست دەکات خەلك هەیە بەردی ساردوگەرم نەهاتووەتە بەرپێی ئێستا شانو شەوکەت بادەداو دەخورێ ئەوەمان زۆر لەشانی گرانە. لەمن باشتر دەژی لەمن باشتر رادەبوێرێ .

**کەواتە حکومەتی بەعسو دەولەتی عێراق دەبێ شەرمەزاربنو هەست بەشەرمەزاری بکەن نەك کورد..؟**

ئەی وایە حکومەت عەیبدارە بۆ ئێمە .

**دوا داواکاریت چیە ؟**

پێمخۆشە وەزارەتی شەهیدانوبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان ئەوپێناسەیەمان بۆ بگۆرن، لە پێناسەی موچەوە بۆمان بکەن بە پێناسەیەك کە رێزی زیارتری هەبێ، ناوی هەموو شەهیدەکانمانی لەسەربێ، هەرکەسەو بەپێی خۆی ئەوەی یەك ئەنفالی هەیەو ئەوەی

**لێبوردەیی جوانترین رێزگرتنە لەقوربانیانی ئەنفال**
**چونکە ئەنجامدەرانی تاوانەکە توندرەفتارودلرەق**

دەکەسی هەیە لەسەر هوێیەکان بن.

**ئەوە حاجی مەجیدیش هەمان داوای هەبوو، بەپێی زانیاری تۆ چەندکەس ئەو داوایەیان هەیە.؟**

وەڵا زۆرن هەموو ئەو داوایەمان هەیە، مەگەرئەوانەی کەمیان، ئەونایش کەمن دەنامالٚ نیە خانەوادەی نەرۆیشتبیٚ.

**پێت خۆشە ئەم دیدارەت بلاو ببیتەوە ؟ یان هەر هەلیگرین بۆمێژوو ؟**

زۆر زۆرم پێخۆشە، لەکویٚ بلاٚوی دەکەیەوە پێمخۆشە ئەم قسانەی من هەموو کەس ببیبیستن.

**زۆر سوپاس دوبارە داوای لێبوردنت لێدەکەم گە برینم کولاندیتەوە، بەلاٚم ئەمەیان پێویست بوو..**

زۆر زۆر بەخێربێن بەختەوەرتان کردم ئەوەم پێخۆشە، گەورەتان کردم. بەهیوام لەبیرمان نەکەن.

## پەرلەمانی بەریتانیا تاوانی جینۆسایدی کوردی بەفەرمی نەناساندووە .

ئەوەی لە پەرلەمانی بەریتانیا گوزەرا بەجینۆسایدی تاوانی ئەنفال نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی تاکە کەسی پەرلەمانتاریکی ئەو وڵاتە بوو کە بەرێز نەدیم زەهاوی بوو، زەهاوی بەڕەگەز کوردەو ئەندامی لیژنەی کاری پەرلەمانی بەریتانیایە، ناوبراو لە ٢٩ کانونی دوەمی ساڵی ٢٠١٣ گفتوگۆی لەگەل چەند پەرلەمانتارێکی تری بەریتانیاکردووە لەبارەی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی هەلەبجەو ئەنفال، لەسۆنگەی ئەو هەوڵەوە بەئامادەبونی چەند پەرلەمانتارێکی کەم گفتوگۆیەك لەبارەی ئەوە دۆسێیەوە بەرێوەچوو، راستە ئەوان وەك لیژنەیەك لە پەرلەمانی بەریتانیا کە بریتی بوون لە لیژنەی کاری پەرلەمان بێگومان بریتی نەبوون لەکۆی پەرلەمانتارانی بەریتانیا بەلکو چەند ئەندامێك بوون‌و ئەوان تاوانی هەڵەبجەو ئەنفالیان بە جینۆساید ناساندوە نەك بەکۆی دەنگی پەرلەمانی بەریتانیا لە دانیستنی فەلامیدا ئەو دۆسێی یەکلایی کردبێتەوە ..!

# جلی کوردی و کاریگەریی لە کاتی کۆمەڵکوژیی کورداندا



شالیار کوردۆ

بەدرێژایی مێژوو هەر نەتەوەیەك کۆمەڵێك هێمای تایبەت بەخۆی هەبووە و هەیە کە بوونەتە ناسنامەیەك بۆ ناسینەوەی ئەو نەتەوەیە و ئەو جوگرافیایەی کە تێی دا دەژێت، یەکێك لە ئەو هێمایانەی کە نەتەوەی کوردی پێ دەناسرێتەوە جلوبەرگی کوردی یە.

هەر لەسەرەتای دروستبوونی کامێرای وێنەگرتنەوە" چ لەڕێی دەوڵەتانی نەتەوەسەردەستەکان"ئە و نەتەوانەی کە دەوڵەتەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن کە لەهەماندەم دا بەشێکی کورد و کوردستانیشیان خستۆتە بندەستی خۆیان"ەوە بووبێت چ لەڕێی داگیرکەرڕۆژئاواییەکانەوە یان لەڕێی گەشتیارەجیهانییەکانەوە بووبێت کە گەشتوونەتە کوردستان" کامێرا گەیشتۆتە کوردستانیش، بەڵگەش ئەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دا ئەو وێنەڕەشوسپییانە دەبینین بەڵگەی بەهێزتریش ئەوەیە کە ئەوکەسانەی کە وێنەیان گیراوە جلوبەرگی کوردییان لەبەردا هەیە، کەواتە ئێمەی نەوەی ئەم ڕۆژگارەی کورد" لەڕێی جلوبەرگی کوردیەوە بابوباپیرانمان دەناسینەوە، هەر لەڕێی جلەکانیانەوە دەزانین کە ئەوانە کوردن و مرۆڤی نەتەوەکانی تر نیین، لەبەرئەوەی کە نەتەوەکانی تریش جلوبەرگی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە.

لە ئەم سەردەمە دا زۆربەی سکاڵا و ئەو کێشانەی کە دەبرێن بۆ لای دادوەر لە دادگا" هەرچەندێك بەڵگە بۆ پشتیوانیی سکاڵاکە لەلایەن سکاڵاکەرەوە بەدەستەوە هەبن" ئەوا زۆرتر ئەگەری چوونەپێشەوەی سکاڵاکە هەیە لە دادگا بۆ هەنگاوە یەکلەدوایەکەکان، بێگوومان یەکێك لە ئەو بەڵگەبەهێزانەش بەڵگەی وێنەدارە"وێنەیی و ڤیدیۆیی".

داخۆ! ئەگەر عومەری خاوەر(کە وێنەکەی"خۆی و کۆرپەکەی" بوون بە هێمای کیمیابارنکرانی نەتەوەی کورد لە هەڵەبجە دا) جلی کوردی لەبەر نەبوایا کێ دەیزانی کە ئەو شارەکوردییە کیمابارانکراوە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە؟، داخۆ! ئەگەر عومەری خاوەر و شەهیدانی تری ١٩٨٨/٣/١٦ ی شاری هەڵەبجە" جلی کوردییان لەبەردا نەبوایا و لەبری جلی کوردی جلداشەیان لەبەردا بوایا" کێ نالێ عارەبەشێعەکان بۆئامانجی خۆیان وێنەکەیان بەعەرەبنەدەکرد تا سەرنجی جیهانی بۆلای خۆیان پێ ڕاکێشن کە لە ئەوڕۆژگارە دا ئەوانیش نەیاری ڕژێمی عێراق بوون؟، داخۆ! ئەگەر ئەو سەدان گۆڕەبەکۆمەڵەی کوردان کە ڕووفاتەکانیان هەڵدرایەوە و هەڵدەدرێنەوە ئەگەر جلی کوردییان لەبەردا نەبوایا ئەوا لەپاش هەڵدانەوەیان ئێمەی کورد ڕوومان قایم نەدەبوو تا پێداگرییمان بکردایا لەپێش چاوی کامێراکانی ڕاگەیاندنەجیهانییەکان دا بمانگوتبایا (ئەمە تاوانی زیندەبەچاڵکرانی کوردانە لە کۆمەڵکوژیی ئەنفال

دا لەسەردەستی ڕژێمی عارەبیی عێراقی!)، سەرەڕای پشکنینەوردەکانی زانستی سەردەم کە بە (DNA) ناسراوە کە لەڕێی ئێسکەکانەوە دەتوانیٚ ڕەگەزی نەتەوەی مرۆڤ بناسێتەوە و دەستنیشانی بکات، بەلاٚم بۆ بەرچاوی ڕاگەیاندنەجیهانییەکان بەگشتی و ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی پۆشاکی کوردیی بەر کۆمەڵکوژکراوانی کورد" هەم شەرمەزاریهێنەرە بۆیان لەبەرئەوەی ئەوان هاوکاریکەری ئەو ڕژێمە بوون، و هەم وێنەکان بەڵگەی بەهێزترن بۆ بەدادگادانی هەر بەرپرسێك کە دوورونزیك دەستیهەبووە لە ئەو تاوانەکۆمەڵکوژیانە دا، ئەمە وێڕای کاریگەریی وێنەکانی کوردەکۆمەڵکوژکراوەشەهیدەکانی ئەنفال وەك مێژوویێك تا لەداهاتوو دا نەوەکانی کورد پەندی لیٚ وەرگرن.

خوانەخواستە" ئەگەر ئەمڕۆ یەکێك لە دەوڵەتانی سەردەست کیمیابارانی کوردان بکات یان کۆمەڵکوژیان بکات" وێڕای کامێراگەلێك لە ئەم ڕۆژگارە دا، و سەرباری ئەوەی وێنەیان دەگیرێت، ئەگەر لەچاوی کامێراکانەوە ئێمەی کورد بمانەوێت بۆ جیهانی بسەلمێنین کە ئەو کۆمەڵکوژکراوانە کوردن" ئەوا بڕوامان پیٚ ناکەن و سەرکەوتوو نابین، لەبەرئەوەی زۆربەی نەتەوەی کورد "بەتایبەت لە باشووری کوردستان" جلی کوردییان لەبەردا نییە و بەژن و پیاو و منداڵەوە جلی ڕۆژئاوایی لەبەردەکەن و ژیانی ڕۆژانەی پیٚ ڕادەپەڕێنن، تەنانەت زۆر لە پیاوانی کورد لەهاوینان دا جلداشەی عارەبان لەبەردەکەن بەبیانووی ئەوەی کە گەرمایە، (بەلاٚم بەهەمان قوماشی تەنك دەتوانرێت جلی کوردی لیٚ سازبکرێت)، ئیتر ئەوسا وێنەگران چەندی بکۆشن و بگەڕێن وێنەیەکی "عومەری خاوەرئاسا" نادۆزنەوە تا بیکەن بە هێمایەك بۆ ئەو کۆمەڵکوژییەنوێیەی بەرامبەر بە کوردان کراوە!

بۆیە" واباشە و واگونجاوە کە نەتەوەی کورد بەژن و پیاو و منداڵەوە بەبەردەوامیی لەژیانی ڕۆژانە دا جلی کوردی بپۆشن لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد جیا لە نەتەوەکانی تری سەرڕووی زەوی کە هیچ گرەنتییەکی نێودەوڵەتیی نییە کە ژیانی لە پەلاماری دەوڵەتانی جیهانی و بەتایبەت دەوڵەتانی نەتەوەسەردەستەکان بپارێزێت، لەبەرئەوەش نەتەوەی کورد و کوردستان وەك دەوڵەت دانی پێدا نەنراوە و لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا ئەندام نییە، وێڕای ئەوەی کە کورد خاوەن سوپای تایبەت بەخۆی نییە تا خۆی پیٚ بپارێزێت" تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکانیش نایپارێزێت، بۆیە دەبێت ئەو هێما و پێناسەنەتەوەییانە کە یەکێکیان جلی کوردی یە وەك چەکێك بەکاربهێنین بۆ سەلماندنی کوردبوونی خۆمان و هەمیش بۆ بەرگریی لە کوردبوونمان کە ئەوەش یەکێکە لە ئەو چەکەسادانە بەدەست ئێمەی کوردەوە کە هەر تاکێك لەئێمە لەلایخۆیەوە دەتوانێت بەکاریبهێنێت" نەبا لەئانوسات دا لە ئەم سەردەمە پڕچەکەکۆکوورژە دا دیسان ئێمەی کورد کۆمەڵکوژبکرێینەوە کە بێگومان هیچدەوڵەتێك لەسەرمان نایەتە دەنگ" با هیچ نا" لانیکەم ئێمەی کورد لایخۆمانەوە جلی کوردی بپۆشین.

**درۆی گەورە**

Like Subscribe

Now

## الشيخ عبدالرحمن السديسي

315,437 likes · 136,420 talking about this

• Public Figure

https://www.facebook.com/Soudaysحساب الشّيخ عبد الرحمن الشخصي لكل أسئلتكم في خصوص الدّين




About

## ببورە درۆت فەرموو كاك شێخ ئەوە دایكی فەلەستین نیە هەڵەبجەییە




شێخ عبدالرحمن السدیسی لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوكولەپەیجی تایبەتی خۆیدا وێنەی ژنێكی شەهیدی كیمیابارانی هەڵەبجەی بە منداڵەكەیەوە، بە یەكێك لە قوربانیەكانی فەلەستین ناوی بردووەو ناوی دایكی فەلەستینی لێناوە ..!! لە كاتێكدا دەزانی ئەو ژنە جلوبەرگی كوردی لەبەردایەو یەكێكە لە شەهیدانی كیمیابارانی شاری هەڵەبجە، كە لە١٦/ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ لەسەر دەستی رژێمی شۆڤێنی بەعسی عەرەبی تاوانكە ئەنجامدراوە. !! شێخەكان كە نەئەوساو نەئێستاش ئۆفێكیان نەكرد، ئێستا دەیانەوێ شەهیدەكانیشمان داگیربكەن و بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەكاری بهێنن .. ئیدی كورد دەبێ بزانێ ئەوە بیری شۆڤێنی پیاوانی ئاینە ؟ كە دەخوازن شەهیدەكانیشمان بۆ خۆیان پاوان بكەن و بۆ بەرژەوەندی دەمارگیرانەونەتەوەپەرستی خۆیان بەكاربهێنن.

# چیرۆکی ئەومنداڵەی لەبەر چاوی دایکم بو بەهەڵم

محمد صابر کەمەر-کەلار

ئەنفال تاوانێکی گەورەو دڕندانە بوو چیرۆکەکانیشی جەرگ بڕو جۆراوجۆرن، بەسەرهاتیی یەك بەیەکی کەسایەتیەکانی جیاوازەوکۆی بەسەرهات و چیرۆکەکانی تاوانەکەش ناوی لێنرا (تاوانی ئەنفال ) هیچ کەسوگروپ و ڕێکخراوێك ناتوانێت بەقەدد گەورەیی تاوانەکەمان بە تەواوی بۆ باس بکات و دیکۆمێنتی بکات . هەربۆیە لە سەردەمی دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمەوە تا ئێستاش چیرۆکی نوێمان بۆدەگێرنەوەودەیخەنە سەر لاپەڕەکانی مێژوو ، منیش چیرۆکێکی نوێیێ جیاواز لە چیرۆکەکانی تری تاوانەکەتان بۆ دەگێڕمەوە . هەمووخەڵکی گەرمیان لە گوندی ملە سورەو دەروبەری کۆکرانەوەو دواتر پۆل پۆل لەوێوە دایان لە شەقەی باڵ وقۆناغ بە قۆناغ و شار بەشارو شوێن بەشوێن کە ئەوان ئاشنای نەبون کۆچی زۆرەملێیان پێکرا بۆ غەریبایەتی و لەوێ بونە گوڵەکانی عەرعەر ئەوانە هەریەکەیان چیرۆکێکیان دروست کرد بۆ مێژوو ئەم چیرۆکانەش گەیشتە هەموو جیهان . تا ئێستاش ڕۆژ بەڕۆژ چیرۆکی نوێمان بۆ ئاشکرا دەبێت ئەوەتا ئەو منداڵەی کە بوبە هەڵم چیرۆکێکی نوێی تاوانەکەیەوکەس



نەیبیستوەونەیخوێندوەتەوە ڕۆژێك دایکم زۆر بە دڵ ئەگریاوفرمیسکەکانی زۆر جیاوازبوون چونکە فرمیسکی گریانێکی ڕاستی بوون لەبەر ئەوە نەبوو کەمن بەبێ پارە چوووبووم بۆقوتابخانە و لەبەر ئەوەش نەبوو کە براکەم خوێندکارەو خەریکی کرێکاریە، بەڵکووهەواڵی کۆتای ئەو کچە دوو ساڵەی برازای بوو کە لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا لە گوندی تەپەسەوز دەست ئەنفالچیەکان کەوتوو لە دەوروبەری ملە سورە کۆیانیان کردبوەوە کە سەرجەمیان ٣٢ کەس بوون لە باوك و براو برا ژن وبرازا کەسێکی ناسراو کە خۆیشی بە حاڵێکی زۆر خراپ دەرباز بوو ئەم کەسە هەواڵی بەدۆست و کەسو کاری نزیکی منداڵە دوو ساڵەکەی دابوو کە پێش چەن سەعاتێك لە سەر ڕێگەی ملەسورە لە سێبەری گلابەی تراکتۆرێك جێماوە. دۆستوکەس و کار بەڕێکەوتن لە ڕێگەی چەند دەسڕۆشتویەکەوە بە هەرحاڵبوو گەشتنە شوێنی ناو نیشانەکە بەلام



بووەوە کەس لە ئەنفالەکە ناگەڕێتەوەو کەسیش نازانێ چییان لێهاتوە چاوەڕوانیەکەی دایکم بێهودە تر دەبوو، باری تەندروستیشی خراپتر دەبوو، فرمێسکەکانی چاوی کەمی دەکردو فشارەکانی باوکیشم لە سەری زیادی دەکرد بۆ ڕێگریکردنی لە گریان وشین و واوەیلا هەر بۆیە بەدزی باوکمەوە کەڕۆژانە باوکم لەماڵ دەردەچوو لە یەك کاتی تایبەتدا ئەچوە ژورێکەوەودەرگای لە سەر خۆی دادەخست وئیتر دەستی بە گریان دەکرد هائێستا ها تاوێکی تر خۆی دەکوژێ، فرمیسکەکانی دایکم بەخوردەهاتنە خوارەوە من ئەوکاتە تەمەنم ١٤ ساڵ بوو بەلاّم هەستم بە شتەکانی دەوروبەر دەکرد بە تایبەتی ئازارکانی دایکم ئەوهەموو ڕۆژێك وەك چۆن نەیدەهێشت نوێژەکانی لە دەست بچێت ئاوهاش نەدەهێشت گریان و فرمیسك ڕشتنەکەی لە دەس بچێت ماوەی گریانەکانی هەموو ڕۆژیك کەمتر نەبوو لە کاتژمێرێك، من ئەم زانی دایکم نەخۆش ئەکەوێت بەلاّم نەك ئێمە تەنانەت خۆیشی نەیدەتوانی بەرەنگاری خەمو گریان ببێتەوە چەند جار بینیومە باوکم تورەیەکەی ئەگەشتە لوتکەو دەستی لێبەرز ئەکردەوە بۆ ئەوەی بەر بەو گریان وفرمێسکانەی بگرێت بەلاّم بێسودبوو .

نیسانی ساڵی ١٩٩١ بەهۆی پەلاماری ڕژێمەوە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان خەڵکی کوردستان توشی مەینەتیەکی تری دەستەجەعی بونەوەوکۆڕەوێکی ملیۆنی رویداو خەڵکی کەلاریش وەك هەموو خەڵکی کوردستان ئاوارە بوون و بەدەشتی سەید خەلیلدا بەپیادە بۆ باوەنور (پیباز ) بەڕێکەوتین ئەمەش دیسانەوەو ترسی تەیارەو جێشی لە گەڵ بوو بۆیە دایکم خەمەکەی گرانتربوو ئەوخەمی خۆی نەبوو، چونکە لە گریانەکانی ڕۆژانەیدا داوای مەرگی خۆی

بەداخەوە تا ئەمان گەشتن شۆخانی دوو ساڵ بوو بەهەڵم و چووبە ئاسماندا ونەدۆزرایەوە هەر بۆیەش خەمەکەی لەلای دایکم و هەر دوو مامەکەی کەلە کەلار نیشتەجێبوون، لە خەمی ئەوانی تر گرانتروجەرگ بڕتربوو بریا ئەویش لەگەڵ دایك و باوك و برا یەك ساڵەکەی تریدا ئەنفال بکرابایەو ئەم هەواڵەیان بەم شێوە پێنەدەدرایەو خەمەکەی گەورەتر نەبوایە. ڕۆژ بەڕۆژ لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی باوك و براو کەس و کارەکەیدا دایکم باری دەرونی و تەندروستی خراپتردەبوو کە هەواڵی ئەوە بلاو

لەیەزدان ئەکرد دوای تاوانی ئەنفال لە خەمی ئەوانەی ئەنفالدابوو وا ئێستا خەمی ئێمەشی هاتە سەر! دوای چەن رۆژێك لە هەڵبجەی تازە کە بەعسییەکان لەدوای کیمیبارانی هەڵەبجەوە دروستیان کردبوو ناوی ( حلبجە صدامیە) یان لێنابوو گیرسایەنوە، بەلام نەمان توانی بێیننەوەو بە هۆی هاتو هاتو فشاری ڕژێمی بەعسەوە بەناچاری ملیی ڕێگای ئاوارەیی دورترمان گرتەبەر بۆ چادرگەوکەمپەکانی ئێران، بەرێگای سەخت و لەژێر رەهێڵەی باران و بە پیادە، ئەوهەموو ناخۆشییەی کەهەموو کورد بینی لە ڕێگە. لە دوای گەرانەوەمان لە ئێران دایکم توشی نەخۆشیەك بوو کە من لەم سالانەی دوایدا ناوم نا نەخۆشی ( تاوانی ئەنفال) پزیشکەکانی تایبەتی سنگ پێمانیان راگەیاند کە دایکتان زۆری داوە لە سنگی خوێی و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی ئێران هیلاکی زۆری بەسەردا هاتوە هەر بۆیە توشی نەخۆشی سییەکان و سنگ هاتوە و چاك بونەوەشی مەحاڵە هەر بۆیە لە کەمترین ماوەی وەرگرتنی چارەسەردا بەرگەی نەخۆشی وخەم و ئازارەکانی تاوانی ئەنفال و شۆخانی بە هەڵم بووو، ئێمەی دەربەدەر لە شوێنی خۆمانی نەگرت و بەو داخانەوە گیانی پاکی سپاردوو کۆچی کرد، هەواری گواستەوە بۆ خەوێکی ئەبەدی و بولای ئەو ئازیزانەی ماوەی چوار ساڵ فرمێسکی بۆ ڕشتن و سینەی سافی خۆی بۆ کوتان . منیش خۆم ئامادە کردووە سەفەری ئەوی بکەم .

## چیرۆکی دۆزینەوەی پێناسێکی سوتاو

کوشتنی پیرەمێردێك کە تەنها خواستی ئەوە بوو لە زیدی خۆی بژی وبمرێ " لالە حەمە ئەمین " پیرەمێردێکی گەرمیانی ناوچەی کفری بوو، باوکی شەهید مەلا ئاوارە دومانگ پاشئەوەی ئەنفالی گەرمیان تەواوبوو، ئەم بەتەنها لەوپێدەشتەکانی گەرمیان مابووەوەو نەیدەویست خۆی رادەستی حکومەت بکاتەوە، لە بەرواری ١٩٨٨/٦/١٦ کۆپتەرەکانی رژێم هاتبوونە سەر ئاسمانی ناوچەکەو لە ئاسمانەوە بە دۆشکە دایانگرتبووەوە ئەوەی دەیبینی دەفترخدمە بەرواوی خزمەتی سەربازییەکەیەتی لەگیرفانی کەواو سەلتەکەیدا بە سوتاوی دۆزراوەتەوە .








# لەجەلەمۆردەوە بۆ سوید
# ڕۆڵی " مام ئەفەندی" لە ناساندنی تاوانی ئەنفالدا

عومەر محەمەد

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ وەفدێکی پارتی چەپی سویدی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەڵگە لەسەر تاوانی ئەنفال، هاتنە کوردستان، من ئەو کاتە دوو ڕۆژ یاوەریان بوومو دەستنیشانی شایەتحاڵەکانم بۆدەکردن، ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەم، سەردانی شاری هەڵەبجەمان کردو سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بەرواری ١١/٢٢ لەسلێمانیەوە بەرێکەوتین بۆ کۆمەڵگای شۆڕش، کاتژمێر ٩:٤٥ی سەر لەبەیانی لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی چەمچەماڵ لەلایەن قایمقامی ئەوسای چەمچەماڵو بەڕێوەبەرو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیو ژمارەیەك لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێشوازیمان لێکرا.

کەگەیشتین زۆر دلخۆش بووم،بەبینینی مام ئەفەندی، کە ڕۆژی پێشتر داوام لەبەڕێوەبەری شەهیدان کردبوو، کە پێویستە یەکێك بێت لەو شایەتحاڵانەی دەبێت بیبینین ئەو پیاوە بێت، چونکە دەمزانی چەندە شایەتحاڵیکی قەناعەت بەخشە، کورتوپوخت قسەدەکاو بە ڕونی وێنەی ئەنفالکردنی ناوچەکەیانو گوندەکەیان دەدا بەدەستەوە، پێشتر مام ئەفەندیم بینیبوو، لەدادگای باڵای تاوانەکانیش شایەتحاڵیکی وریاو بە ویقار بوو.. سەرباری ئەوەی خێزانەکەیو چوار منداڵی ئەنفالکرابوون، خۆی لەدۆزەخی نوگرەسەلمان گەڕابووەوە بەڵام پیاوێکی بەهیمەتو ورەبەرز بوو.

جگە لە ( ئەفەندی ئەحمەد مەلامحەمەد)[3] سێ شایەتحاڵی تر ئامادەبوون ئەوانەی بیرم ماون ژنێك بەناوی قەدریەو کوڕێکی تر کە ئەوکاتە لە نوگرەسەلمان تەمەنی ٧ ساڵان بووە ، بە ناوی ئەسکەندەر ئامادەبوون بۆ ئەوەی قسەمان بۆ بکەن، هەرچوارییان حیکایەتی تراژیدی خۆیان لەگرتنو گواستنەوەو دواتر ئازاد کردنیان بەوردەکاریەوە بۆ وەفدەکە گێڕایەوە.

بەڵام گێرانەوەی مام ئەفەندی بەردی بەو ڕەقییەی خۆیەوە دەهێنایە دەنگ، ئەم نوسینە پێزانینە بۆپیاوێك کە قسەو گێرانەوەکانی بوونە مایەی سەرنج، دڵنیام قسەکانی مام ئەفەندی ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر سەرۆكو وەفدەکەی پارتی چەپی سویدی زۆر بوو، چونکە زۆر بەوردی لەسەر وردەکاریەکانی ئەنفالی گوندەکەیان دەوەستاوپەنجەی دەخستە سەرخاڵ، گرنگترین قسەی ئەو پیاوە ئەوە بوو، کاتێك وەرگێرەکەی پێی ووت چیت بینیوە بێ زیادوکەم بۆمان بگێڕیتەوە، ووتی دروزن بۆیە قسەی ناڕاست دەکات لەبەر ئەوەی شتی ڕاستی لەلا کەمە، من پێویستم بەدرۆنیە لەبەرئەوەی ئەوەندەم پێیە هەرلە ئێستاوە هەتا دنیادنیایە مەزلومیەتی خۆمان بگێرمەوە تەواو نابێ، ئیتر چ پێویستم بەوەیە ڕاستیەکان فەرامۆشبکەمو ناڕاسستی بلێم.؟! کە کەوتە گێرانەوەی چیرۆکی خۆیان لە گوندی جەلەمۆرد ووتی: تەنها لە خانەوادەکەی خۆم ٣٦ کەس ئەنفالکراین، پێنج کەسیان

[3] مام ئةفةندى دوو هةفتة دواى ئةم ضاوثيَكةوتنةى لةطةلَ ثارتى ضةث كردى كؤضى دوايى كردوو، مالَئاوايى لةذيان

ـی خانەوادەی خۆمن ژن و کوروکچی خۆمن ، بەوردی قسەی بۆ وەفدەدەکرد.

سەرەتا لەکیمیابارانی گۆپتەپەوەدەستکەرەوە دەرگای باسەکەی کردەوە، ئینجا هەواڵە تۆقێنەرەکە گەیشتووەتە گوندی جەلەمۆرد ئیدی چۆن شڵەژاون و لەترسی چەکی کیمیاوی گوندیان چۆڵکردووەوچونەتە ناو شیودۆڵەکان خۆیان حەشارداوەو چۆن کەوتوونەتە بەرپەلاماری سوپا، قیژەی منداڵ و ناڵەی پیرەمێردو کروزانەوەی دایکانی شەکەت و گرتن و راپێچکردنیان، دواتر کۆکراونەتەوەو بە تراکتۆرو ئیڤای سەربازی بردویانن بەرەو چەمچەماڵ و لەوێشەوە بۆ کەمپی تۆپزاوا، ئەشکەنجەی دەرونی دراون،چۆن برسی کراون.. بۆچی برسی کراون، مام ئەفەندی ووتی برسی کردنمان بۆئەوە بوو لەپەل وپۆمان بخەن و کەس نەتوانێ رابکات، بەعسیەکان دەیان گووت: مادام هەر دەکوژرین ئیتر نانی چیان بدەینێ و ئەو مەسرەفەیان بۆ لیبکەین..؟ بەبی وەستان قسەی دەکرد وەستانێك و دەستی بەقسە کردن کردەوە : هەرواش بوو هەرچی گەنجی کوردە بەبرسێتی و تینوێتی گوللەباران کراون لەو بیابانەی خوارەوە، سویندتان لەسەرم نیە رەنگە پێش کوژرانیان لەتینوا مردبن یان کوێربووبن، ووتی : بۆیە ئێمەشیان جیاکردەوە بۆ ئەوەی لەپێشەوە گەنجەکان خەلاس بکەن و خۆیان بەپیروپەکەوتەوە خەریك نەکەن، کەباسی جیاکردنەوەی خۆیانی دەکرد بەرەو نوگرەسەلمان ئەوەندە بە روونی قسەی دەکرد کورم دەویست خۆی بگرێ و دڵی پرنەبێ..؟ چۆن لە تۆپزاوا سوکایەتیان پێکراوەو دواتر براون بۆ نوگرە سەلمان و لەوێش بەهەمان شێوەو بەزەحمەت ژیانیان گوزەراندووە، مام ئەفەندی وتی : چەندین کەس لە نوگرەسەلمان لەبرساو لە گەرما مردن، بەشداری ناشتن و داپۆشینی ئەو تەرمانەم کردووە کە لەپشتی قەلای نوگرەسەلمانەوە تەنکە خۆڵیکمان پێدادەکردن و دواتر سەگ تەرمەکانی دەردەهێناو دەیخواردن، هەقیقەت شایەتحاڵیەکەی ئەفەندی زۆرگرنگ و بەسوودبوو. دەخوازم بڵێم پارتی چەپی سویدی کە رۆڵیکی کاریگەری لەبەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفالدا هەبوو لەپەرلەمانی ولاتەکەیان، نابێت رۆڵی شایەتحاڵێکی گرنگی وەك مام ئەفەندی‌وتراژیدیای گوندی جەلەمۆرد لەبیربکەین، بەداخەوە مام ئەفەندی لەبەرواری ٧/١/ ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردو بەری ئەودیدارەی بەچاوی خۆی نەبینی.

مام ئەفەندی دوای ئەوەی بێئومید بوو لە گەرانەوەی خانەوادەکەی کەبریتی بوون لە ( هەیبەت محمد سلیمان ژنەکەی، کچ و کورەکانی کەمال و عەتیەو رەنج و تالیب )، ئیتر هاوسەرگیرییەکی ناچاری کردبووەوەو کچێك و سێ کوری بەناوەکانی ( کابان، فرمان، ئەرسەلان، گۆران) لەهاوسەری تازەی هەیە، کە ئێستاش بە مەینەتیەکی زۆرەوە لەگوندی گۆپتەپە دەژین . بەهیوام بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال لەپەرلەمانی سوید ببێتە مایەی ئەوەی حکومەتی هەریم بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی شەهیدان و کاروباری کۆمەلایەتی رێ و شوێنیك بگرنەبەر بۆ چاودێری کردنی منداڵەکانی .

**لێبوردەیی جوانترین رێزگرتنە لەقوربانیانی ئەنفال**
**چونکە ئەنجامدەرانی تاوانەکە توندرەفتارودڵرەق بوون**

# (نۆدشە)ش برینداری کیمیابارانە !

## بۆ یەکەمین جار ئاشکرا دەکرێت !




محمد جەمشیدی

لە زانکۆی گورگان بە یارمەتی کانوونی گەشتیاری و ئێراننانسی ئەو زانستگایە بە ڕێکخستنی پێشانگای وێنە و سیمینارێك، یادی قوربانییانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە، کە جێگای دڵخۆشیی کوردانی ڕۆژهەڵاتبوو.

ئەم یادکردنەوەیە وایلێکردم کە یادێك لە کیمیابارانە نادیارەکەی نۆدشە بکەمەوە.کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، هیچ لایەنێکی مافپارێز باسی نەکردووە.

هیچ لایەنێکی سیاسیی کورد خۆی تێنەگەیاندووە و ئەمەش مایەی ناهومێدیی کوردانی

دانیشتووی ئەو ناوچەیە.

**نۆدشە برینداریکی دیکەی چەکی کیمیایی**

شارۆچەکەی نۆدشە کە لە رووی جۆگرافیەوە سەر بە قەزای پاوەیە و دەکەوێتە ناوچەی هەورامان، یەکێکە لەو مەڵبەند و مەکۆیانەی شوێنی حەوانەوەی خەباتگیران و نیشتمانپەروەران بووە و بە سەدان رۆڵەی نیشتمانپەروەری لە سەنگەرەکانی خەباتدا شەهیدبوون.

لەماوەی هاتنە سەر کاری حکوومەتی دیکتاتۆری ئیسلامییەوەوهەڵگیرسانی شەری ئێران وعێراق، نۆدشە وەك زۆربەی ناوچەکانی دیکەی لەم شەڕە داسەپاوەدا ، میدانی شەری هەردوو حکومەت بووە کە چەندین جار بە هەموو شێوەیەك بەر هێرش کەتووە کە ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە کیمیای بارانکردنی شاری نۆدشەیە کە ٣جار لەلایەن فرۆکەکانی سەدام حۆسەینی گۆر بەگۆری کیمیای بارانکرا.

یەکەم جارکە شارۆچەکەی نۆدشە لەلایەن فرۆکەکانی سەدامەوە هێرشیکرایە سەری، بەروارە ١٥/ ٤/ ١٩٨٧ بوو.

بۆ جاری دووهەم بەرواری ١٩٨٨/٣/٢٣ واتە حەفتەیەك دوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی شاری هەڵەبجە دیسانەوە شارۆچەکە ی نۆدشە بووە ئامانجی هێرشی کیمیایی باران .

جاری سێهەمیش ١٩٨٨/٤/٣بوو کە لە ئاکامی ئەم کردەوە جەنایەتکارنەیە و هێرشیاندا، زیاتر لە سەد کەس لە دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە بوونە قوربانی سیاسەتە گلاوەکەی حکوومەتی ئێران و حکوومەتی سەدام و زیاتر لە ٧٥٠کەسیش بریندار بوون.

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٥ ئاوریلی١٩٨٨ " کە لە لایەن شاندێکەوە کە سەردانی شاروچکەی نۆدشەیانکردبوو لە رایانگەیاندێکدا نووسیبوویان: لەو ناوچەیە دژی خەڵکی سیڤیل چەکی کیمیایی بەکار هاتووە.

هـــەر لــــەم راپۆرتـــەدا و لەميانـــەی ئـــەو ســـەردانەدا بـــوو، کـــە ئـــەو شـــاندە ســـــــــــــــــەردانی نۆدشــــــــــــەیانکردبوو، ئاماژەیشـــیان بـــە جـــۆری مـــــادەی کیمیـــــــایی بـــەکارهاتوو، واتـــە:گـــازی خـــــــەردەل کردبـــــــوو و

ئێســـتایش ژمارەیـــەکی زۆر لـــە بریـنـــدارانی ئەوتاوانـــە لـــە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا دەژین.

بەداخـــەوە تائێســـتا بەشـــێوەیەکی پێویســـت باســـێك لـــە بـــرینی نۆدشـــە نـــەکراوە و پێویســـتە ئـــەو شـــاریش لـــە بـــیر نـــەکرێت. دەتـــوانین وەك شـــاری شـــەهیدی رۆژهـــەلأت و شـــاری ژینۆسایدی کوردانی بندەستی ئێران ناوی ببەین.

داوا لـــە هـــەموو لایەنـــە پێوەنديـــدارەکانیش دەکـــەم کـــە ئـــەم تاوانـــەش لـــەبیر نەکـــەن، بـــا لاپەرەیـــەکی ئازارەکانمـــان فەرامۆش نەبێت.

## پۆزش :

هەڵبـــەت هـــەموو رۆژنامەنوســـێك یـــان نوســـەرو هونەرمەنـــدێك ئـــەرکێکی ئـــەخلاقی لەئەســـتۆیە کـــە دەبێـــت رێـــز لەخوێنەروبینەروبیســـەری خـــۆی بگرێـــت و هـــەتا ئـــەو پـــەڕی توانـــا جـــوانترین و نـــایبترین بابـــەتیان پێشـــکەش بکـــات، بۆئـــەوەی هـــەم چـــێژو زانیاریـــان پێبەخشـــێت هـــەم جـــوانی، لێـــرە ئەنفالســـــتان داوای لێبـــــوردن لەخوێنـــــەرانی دەکـــــات کـــــە نـــــەیتوانیوە پابەنـــــدی رێنوس وخاڵبەنـــدی کـــوردی بێـــت و تائەوپـــەری جـــوان نـــوس و چـــێژئامێزبێت لەبەرئـــەوەی کارەکـــەی ئێمـــە دۆکۆمێنتاریـــەو زۆریـــش هەژارانـــە ئەنجامـــدەدرێت و لەراســـتیدا ئەوەنـــدەی لەخـــەمی کۆکردنـــەوەو یاداشـــتکردنی قســـەی دڵـــی قوربانیەکانـــدابووین ئەوەنـــدە نەپەرژاوینەتـــە ســـەرئەو لایـــەن و رەگەزانـــەی نوســـین . لەلایـــەکی تریشـــەوە زۆربـــەی زۆری قوربانیـــەکان کـــە ئێمـــە لەدەرگامانـــداون و دوانـــدومانن یـــان خۆیـــان بابەتـــەکانیان بـــۆ نـــاردوین نەخوێنـــدەواربوون و کـــەمتر ئامرازەکـــانی پەیوەنـــدیی پێشـــکەوتوومان بـــەکارهێناوە، زۆربـــەیان کێشـــەی بـــەکارهێنانی کۆمپیتـــەرو ئەنتـــەرنێتیان هـــەبووەو ئەگەرپۆســـتی ئەلکترۆنیشـــیان بـــەکارهێنابێ هێنـــدەی مانـــدوویان کـــردوین و خۆمـــان بەچـــاککردن و پاکنوســـکردنیانەوە ســـەرقالکردووە هێنـــدە هاوکـــار نـــەبوون . بابـــەت هـــەبوو چـــوارجار لەرێگـــەی ئیمایـــل و فەیســـبوکەوە هـــاتوو چـــۆی کـــردووە، ســـەرئەنجام هـــەر بۆخۆمـــان نوســـیومانەتەوە هەربۆنمونـــە نامـــەکانیان بەدەســـتخەت دەنوســـی و ســـکان یـــان وینـــەیان دەگـــرت و بـــەئیمایل رەوانـــەیان دەکـــرد، یـــان چـــاپیان دەکـــردو پرنتیـــان دەکـــردو وەرەقـــە پرنتکراوەکانیـــان دیســـانەوە ســـکان دەکردەودوایـــی بـــەئیمایل بۆیـــان رەوانـــە دەکردینـــەوە ئەمـــەش کـــات و حەوســـەلەو پشـــودرێژیەکی زۆری گـــەرەك بـــووە. بۆیـــە لێرەوە داوای لێبوردن لەهەر هەڵە کەموو کوریەك دەکەین.

**ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە، مەکڕەوبیخوێنەرەوە**

شامراد هەواس توفیق :

## لەسەر سنورەوە بۆ تەواری سلێمانی، لەوێشەوە بردیانین بۆ نوگرەسەلمان .



لە دایکبووی (١٩٥١)ە وسالّی (١٩٧٠) هاوسەرگیری کردووەو باوکی (٨) مندالّە سێ کوڕو ٥ کچ .

ماوەی (٦) سالّی تەواو لە سەرەتای هەشتاکانەوە پێشمەرگە بووە، لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاوارەی ئێران بوون، هەر کە لێبوردنی گشتی راگەیاندرا سێ رۆژ دوایی لە بەرواری ١٩٨٨/٨/٩ لە ئێرانەوە گەراوەنەوەو لە سنوری تەوێڵە خۆیان رادەستی ( لیژنەی پێشوازی لە ئاوارە گەراوەکانی ئێران) کرد، کە لەسەر سنور چاوەڕوانی گەرانەوەو لە بۆسە نانی ئەوخەڵکەی دەکرد، دەنا لیژنەی پێشوازی ناوێکی چەواشەکارانەی داتاشراو بوو، بریتی بوون لە هێزێکی سوپاو دەستەیەکی سەربە دائیرەی ئەمن، لە سنوری پارێزگای سلێمانی شێخ جەعفەر بەرزنجی پارێزگاروسوڵتان هاشم پێشەوای فەیلەقی یەك سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیان دەکرد.

هەر ئەو رۆژە کە گەیشتنەوە سەرسنور بەدەست و برد سواری ئیڤای سەربازی کران، بێئاگا لە نیازەکانی رژێم وا چاوەڕوان بوون بیانبنەوە بۆ هەڵەبجە بچنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بەلاّم کاروانەکە کە بریتی بوون لەچەندین سەیارەی سەربازی بەرەو سەید صادق و سلێمانی رۆیشتن و تا ناو بارەگای (هێزی تەواری) رانەوەستان، دوای سێ رۆژ لە ئازارو ئەشکەنجەی دەرونی بەیانیەکیان مەنشەئەی درێژیان بۆ هێناون و باریانکردوون و بردویانن بۆ تۆپزاواو لەوێشەوە بۆ پارێزگای سەماوەودوای ( ١٤ کاتژمێر ریگابرین لە قەڵای نوگرەسەلمان دایانگرتوون.

ئیتر لەبەرواری ١٢ی ئابەوە تا بەرواری ١٥ی کانونی یەکەم لەوێ دەستبەسەربوون، ئینجا گەرینراونەتەوە بۆ تۆپزاوا لەوێوە بۆ سلێمانی و ئینجا ئازادکراون.

لەکاتی گرتنیاندا خانەوادەی شامراد جگەلە نادیەاللە کەرەمی هاوسەری پێنج منداڵیشیان پێبوو کە بریتی بوون لە سێ کوڕو دوو کچ بەناوەکانی ( عیماد، کاژاو، کاردۆ) کچەکانیش (ئەمەل ونەوال) کە گەیشتبوونە سلێمانی ناونوسیان کردبوون بۆ ئەوەی بیانبەن بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی بەرحوشتر، بەلاّم شامردا پرکێشی کردبوو توانیبوی خۆی بدزێتەوەو لەوەبەدوا خۆی گەیاندە پارێزگای تکریت و لەوێ خۆی پەنادابوو دەستی کردبوو بەکریکاری هەتا ساڵی ١٩٩٠ ئینجا گەرابوونەوە بۆسلێمانی .

## پۆزش :






زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە ئەم کتێبە" هاشم" کەوتە بەردەستم و بەچاپکراوی بینیم، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر بەهەڵدانەوەی یەکەمین لاپەرەی نیگەرانیەکی زۆر دایگرتم، ئەویش ئەوە بوو کە بینیم ناوی کورە خۆبەخشەکەی ئەنفالستان کاك زانیار نەجمەدین نەهاتووە کە ماوەی ٦ ساڵە بەبێ بەرامبەر دیزاینی بەرگەکانی ساڵنامەی ئەنفالستان و بەرگی ئەم کتێبەو دوکتێبی تری منی گرتووەتە ئەستۆ .. من لێرەوە جگە لەداوای لێبوردن هیچ دەرەتانێکی ترم نیە بەهیوایەی لە چاپی دووهەمدا کە بەنیازین چاپی بکەینەوە .. ئەو شەرمەزاریە بسڕمەوە ..دڵنیام لە گەورەیی و لێبوردەیی کاکە زانیار بەڵام من ناتوانم شەرمەزاری خۆم بشارمەوە

.سەرنوسەر

### خەمێکی تر

لەم رۆژانەدا کەسێك کە خۆی قوربانی تاوانی ئەنفالە تەلەفۆنی بۆکردم بەداخەوە ئەوەندە بەبێ رێزیەوە قسەکانی دەکرد لە دوای سێ رۆژ لە هێنان وبردن و بیرلێکردنەوە سەرئەنجام ئەم نوسینەی لێبەرهەمهات .. کابرا کە قسەی دەکرد ملچە ملچی دەمی دەهات، دیاربوو بەدەم میوە خواردنەوە قسەی دەکرد، بەهەرحال میوە خۆری کاریکی باشە بۆتەندروستی مرۆڤ، هەزارجار نۆشی گیانی بێت، بەڵام ناخۆشیەکەی ئەوەبوو کەوا هەر بەملچەملچی دەمیەوە ئەم شەکرەی شکاند: ئەری لەوە دەچێت هەرسەرقالبیت بەم ئەنفال ومەنفالەوە .. هەڵبەت ناهەقم ناگرن لەوەی کە زۆر پەست بووم بەڵام دانم بەخۆمدا گرت .. تابزانم چ شەکرێکی تر دەشکێنێ ؟ دوجار نۆرەی قسەم لێوەرگرت و وتم برام ئەوە ئەنفالکراوەکان ئیوەن، ئەی مەنفالکراوەکان کێن ؟ کەچی زۆر بەویژدانێکی ساردوسڕەوە دەیگوت : دەوەرە کاکە وەرە بۆلای ئیمەش مقابلەیەکی خۆمو دایکم بکە.

دڵنیام ئەوجۆرە کەسانە لەبەردەم کەناڵێکی راگەیاندنی حزبیدا زۆر لەوە گچکەترن کەدەیانبینی کەچی ئەوە لوتف و رێزی بوو لەبەرامبەرکاری خۆبەخشانەی ئیمەومانادا ؟



گوندی یاخسەمر

ئایشی حەمە ئەمین :

## هەموو دەمناسن و دەزانن چیم بەسەر هاتووە، کەچی بەزیندانی سیاسیش ئەژماریان نەکردم

پێگەی جوڵانەوەی رزگاری خوازی کورد بووە، خەڵکێکی هەژارودڵپاكومیواندۆستی لێ نیشتەجێ یە، وەلی ئەفسوس بەهۆی شۆڕش وپێگەی هەمیشەیی پێشمەرگەوە ئەوخەڵکە لەبەردەم مەترسی و بۆمبارانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراقدا بووە، خەڵکیان لێ کوژراوەو رەزو باخیان سوتاوە، گوندەکانی دۆڵی جافایەتیش وەك هەرشوێنێکی تری کوردستان پرە لەچیرۆکی بەجێماوی جەلادو قوربانی ، لە ترۆپکی ستەمکاری بەعسدا بۆ مباران سنوری ناپاڵمیشی تێپەراند، هەر زوو چەکی کیمیاوی لە ناوچەکەدا تاقیکرایەوەوخەڵکەکەی گازبارانکراو بە رۆکێتی ژەهراوی ئەوخەڵکە دڵپاکە داگیرانەوەو زەرەری گیانی و ماڵیان بەرکەوت.

لەوسەفەرەمدا چیرۆکی پیرە ژنێکم نوسیەوە بەناوی ( ئایشێ ) ئەو رۆژە من لە بری هەموو دکتاتۆرەکانی دنیا تەریق بوومەوە، چونکە دواجار ئەوانیش وەك من دوپێ و دوگوێ و دووچاویان هەیەو هەموومان پێمان دەوترێت مرۆڤ ..!! لە بری بەرپرسانی هەرێمیش تەریقبوومەوە چونکە دواجار هەموومان کوردین و رۆژگارێك پێکەوە دژی ستەمکاری بەعس بووین و ئەمێستا ئەوانیش بووەنتەوە ستەمکارو شێوەیەك لە بەعسیزم پەیرەو دەکەن. چەندە مایەی سەرسورمانە ئەوندەش جێگەی داخە کە ئەم دایکە ( ئایشێ ) یانە بەم مەینەتیەوە بژین ؟ ئەری خۆ ئەم ژنە نەبەردانە بوون لەشۆرشدا رۆڵی گرنگ و بەرچاویان بینی، کەچی ئەمرۆ چاوی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و بێباك نایانبینی..!

ئەمرۆ سەردانی ژنێکم کرد، ژنێك لە میهرەبانی و ئازایەتی دایکی ( ٧ ) کچ و تاقە کورێك، کورەکەی ناوی حەمید بووە، ساڵی ١٩٧٨ یەکێك بووە لەچالاکترین رێکخستنەکانی ناوچەی دۆڵی جافایەتی وهەمان ساڵ

تکایە ئەگەر ئەم چیرۆکەی ئایشێتان خوێندەوە جنێو بەتاریکی مەدەن، بەڵکو مۆمێکی بەرودا داگیرسێنن .

رۆژی ٢٠١٣/١/٦ کە لەسلێمانیەوە بەرێکەوتم شاخی ئەزمر مەندیلێکی سپی بەستبوو، بەمەزندەی من ئەودیوی چیا ئەژنۆیەك بەفری تێکردووە، بەڵام کە سەرکەوتمە سەرچیای قەیوان جگە لە تەنکە رایەخێکی سپی شتێکی تر نەبوو، بەپێچەوانەوە تا شۆڕدەبومەوە بۆدۆڵی جافایەتی دنیا گەرمترو کەشوهەوا خۆشتر بوو، دۆڵی بەرتەسك ودرێژو عاسێی جافایەتی هەمیشە



بووەتــــە پێشــــمەرگە لــــە مــــەفرەزە ســــەرەتاییەکان، ئــەم ژنــە ( ئایشــێ)مــاوەی ( ١٠ ) مــانگ وەکــو دایکــی پێشــمەرگەیەك لەســەر کورەکــەی لــە ئــەمن زینــدانی بــووە، دوای ئــەوەی تاقــە کورەکــەی بــەدیل دەگــیرێ ئینجــا ئایشــێ ئــازاد بــووە، ئەفســوس ( حەمیــد) تاقانــە کورەکــەی لــە موصــل لەسێدارەدراو شــەهید بــوو، ئایشــی بەهــەمووی ١٥ ســال لەگــەل مێردەکــەی ژیــاوە چــوونکە بــە هــۆی نەخۆشــیەوە کۆچــی دوایــی کــردووە، دوای ئــەوەی حەمیــدی تاقانــە کــوری شــەهید بــووە، کچــەکانی مێردیــان کــردووە، بۆیــە ئایشــێ هــەر خــۆی و کچــێکی بــە نــاوی زەیتــوون دەمێننــەوە ئــەوانیش لــە یەکــەمین پــەلاماری ســەربازی قۆنــاغی ئەنفالــدا گــیراون لەگــەل خــەلکێکی زۆر رەوانــەی تــۆپزاواکراو ئــەنفالکران، هەرلــەوێ زەیتــونی لــێ جیادەکەنــەوەو خۆشــی رەوانــەی نوگرەســەلمان دەکــەن، ئــیتر ئــەوە دواجــاربوو لەوکاتــەوە زەیتــونی کچیشــی نەبینیــەوەو بیسەروشــوێنکــرا، هەرچــەندە کچــی ترمــاوە بــەلام لــەو ســاوە ئایشــێ بەتــەنیا مایــەوەو ئێســتاش هــەر بەتــەنیا لــە گونــدی یاخســەمری دۆلــی جافایــەتی دەژی ، لــەو ســەردانەمدا ئایشــێم زۆر بــەمیهرەبانی بینــی وەك مــن دەســال بێــت بیناســم کــە گلــەیی ئــەوەی لێکــردم کــە چــەند جارێــك چــووەمەتە گونــدی یاخســەمرو ســەردانیم نــەکردووە، لەدیرێــژەی دیمانیــەکی ڤیدیۆییــدا وتــی : ئــەی کــوری خــۆم ئــەوە حــالی پورتــەو کەچــی ئێســتا نامکــەن بەزینــدانی سیاســی ..!! هــەموو عالــەم دەزانــێ کــە مــن لــە نوگرەســەلمان بــووم، ئێســتاش ئــەو سەتلەمە هەلگرتووە کە لەنوگرەسەلمان هێناومەتەوە .

یــاران کــە ئــەم دایکانــە زینــدان نــەبوون ئــەی زینــدان چــۆنەو کێی تردەبنە زیندانی سیاسی ؟!!

---

## عەبدولای خەرابەیی




ژمــارەی رایــوردوی ئــەم ســالنامەیە لــەیادی شــەهیدکردنی عەبــدولای خەرابــەیی دەرچــوون، بەداخــەوە ئــەوکات هــیچ وێنەیــەکی ئــەم پیــاوە تێکۆشــەرەمان دەســت نەکــەوتبوو.بەسوپاســەوە ئەمسال بــەرێز ئیــدریس عەبدولا ئۆمەرگۆمبــەتی ئــەم وێنەیــەی عەبــدولای خەرابــەیی بــۆ نــاردین ئەنفالســتان، بەپێویســتی زانــی وێنەیەکــەی بلاوبکاتەوە عەبدولای خەرابەیی پێشمەرگەیەکی ئــازای یــەکێتی نیشــتمانی کوردســتان بــوو، لەپــەلاماری ئــەنفالی چــوار پــاش ئــەوەی لەحەشــارگەکانیان ئاشــکرابوون، دوای شــەرێکی دەســتەویەخە بــەدیلگیران و لەلایــەن ئەفســەرێکی بەدکاروتوندرەفتاری سوپاوە کە سەربە هێزی تایبەت (قوات الخاصە) بەناوی بارق عەدولا حنتە بەدیلی سواری کۆپتەری کردن ولەسەربارەگای کەرتی یەکی سوپای شاری کۆیەوە لەئاسمانی ئەو شارەوە فرێی دانە خوارەوەو شەهید بوون.

## هەڵەبجە

### حەسەن حسێن :
# هیچ سودم لە دکتۆرە ئێرانیەکان نەبینیوە



حەسەن حسێن تەمەنی کەوا ئێستا هەڵکشاوەو یەکێکە لە بریندارانی چەکی کیمیاوی لە ساتەوەختی گازبارانی شاری هەڵبجەدا نیشتەجێی گوندی زەمەقی رۆژئاوای شاربوون، کە ئێستا لە بەرزیکی کەوتووەتە ناو نەخشەی شارەوانی هەڵەبجەوەو بە تەنیشت مۆنۆمینتی شەهیدانی کیمیابارانکردنەوە، ئەوان لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی بریسیەرن و لەناوەراستی حەفتاکان حکومەتی عێراق بەمەبەستی هەڵتەکاندنی پێگەی شۆرش و پێشمەرگایەتی گوندەکانی سەرسنورو ناو چیاکانی داگرت و خەڵکەکەی لە چەند ئۆردوگایەك نیشتەجێی کردنەوە، یەکێك لەوئۆردوگایانە (زەمەقی ) بوو لەهەڵەبجەو دانەیەکی تریش بەتەنیشتیەوە دوجەیلە بوو، ماڵی حەسەن حسێن، هەتا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە، عەسرێکی درەنگ وەخت وەك نوێنەری رێکخراوی سپی بۆناوچە کیمیابارانکراوەکان بەمەبەستی هاوکاری کردنی باری تەندروستی چوینە ماڵیان، لەهەمانکاتدا ئەم دیمانەیەشی لێکەوتەوە:

---

**دەقی دیدارەکە**

**ناوی سیانت و ساڵی لە دیکبوونت ؟**

حەسەن حسین ئەحمەد

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ .

**لەبنەرەتەوە خەڵکی کوێن ؟**

خەڵکی گوندی بریسیەرین لەهەڵەبجە

**لە ساڵی چەندەوە دانیشتووی زەمەقین ؟**

لە ساڵی ١٩٧٩ ەو داگیراوین

**واتا خۆتان نەهاتوون حوکمەت دایگرتون ؟**

بەڵێ.

**باشە پێم بڵێ ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردوە ؟**

ساڵی ١٩٨٤ .

**پێش ئەوکاتە ئیشوکارت چی بوو ؟**

ئیشوکاری فەلاحی و عەسکەری .

**ئایا هاوسەرگیریت بەرێکەوت کردووە یان بە خۆشەویستی ؟**

ئەو سەردەمە من عەسکەر بووم کە باوکم نامەیەکی بۆ ناردم لەنامەکەدا دەیگوت کورم ئەوە ژنم بۆ داواکردویتو بۆشم مارە کردویت .

**تا ئەوکاتە نەتزانی هاوسەرەکەت کێ بووە ؟**

نەخێر نەمدەزانی کێ یە ولە قسەی باوکم دەرنەچووم .

**چەند منداڵتان هەیە ؟**

حەوت هەبوو بەڵام کچێکیانم بەچەکی کیمیایی شەهید بوو .

**ناوی چی بوو؟ تەمەنی چەندبو؟**

ناوی (چرۆ) بوو تەمەنی ١٦ ساڵ بوو بەڵام کە لەساڵی ١٩٨٨ بریندار بوو بە چەکی کیمیایی تا ساڵی ٢٠٠٤ برینارێکەی درێژەی کێشاو پاشان شەهید بوو.

**تەنها ئەو منداڵەت شەهید بوە ؟**

بەڵێ .

**ئەو رۆژەی هەڵەبجە کیمیابارانکرا ئێوە لێرەبوون هەر لەزەمەقی؟**

بەڵێ دەربازبوونمان زۆر زەحمەتبوو ، لێرەوە تا عەنەب ئەگەر بڵێم بەسەر سەد جەنازەدا بازم داوە تۆ بڵێی دووسەد لە ژن وپیاو ومنداڵ.

**ئەی خۆت چۆن بریندار بوویت ؟**

من دووجار بەرکەوتم جارێکیان لە ناوچەی باوەکۆچەك،لەوێوە هاتمەخوار کە بۆمبەکە تەقی و بۆنی سێوی لێدەهات بەڵام من قیناعم لەسەر بوو ئەگەرنا دەربازم نەدەبوو .

**ئەودەمە تۆ پێشمەرگە بوویت ؟**

بەڵێ پاشان گەیشتمە گولان بینیم برادەرێکم دەگری بەدیار دایك و باوکی کەشەهید ببون دەیگوت نازانم چیان لێبکەم، ووتم چیان لێدەکەیت ئێستا دەیان نێژین هەرچاڵێکی نیوەتریمان هەڵکەندوو ناشتمانن ، پاشان هاتمە ناوشارو بینیم نیوەی ئەو خەڵکە لەژێرزەمینداییەو نیوەی دەگرین لەکۆڵاندا هەرچۆنێك بوو منداڵەکانم دۆزییەوەو ووتم ئەمشەو دەرتان دەکەم لەهەمان شەودا کەوتینە جموجۆڵ لێرەوە تا چەمی سیروان کە ناوچەیەکی لێیە پێی دەڵێن چەمی دورانزەلی ئێران لەوێ پردی بەستبوو لێرە تا ئەوێ دەتوانم بڵێم (٣٠) سی قومبلەی کیمیایی تیابوو ، لەرێگا خێزانم و منداڵە بچوکەکەم (چرۆ)دەستیان کرد بەرشانەوە زۆر بەزەحمەت گەیشتینە سەرچەمەکەو خەڵکێکی زۆری لێ بوو، پەڕینەوەو گەیشتینە ئێران و لە خەستەخانەی کرماشان کەوتم پاشان ماوەیەك من گەڕامەوە چونکە پێشمەرگە بووم .

**پێشمەرگەی کێ بویت ؟**

ئەو کاتە پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی بووم لە عەنەب بووین کە تەیارە لێداو کەوتینە ناوی من جارێکی تر بەرکەوتم.

**واتا دوای ١٩٨٨/٣/١٦ جارێکی تر کیمیای بەکار هاتۆتەوە ؟**

بەڵێ جار جار بەکاردەهات سێ چوار رۆژ دوای ئەوە.

**کاك حەسەن دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەی ئێران گەڕایتەوە لە کوێی تر عیلاجی خۆت کردووە ؟**

بۆماوەی ساڵێك توشی نەخۆشیەك بووم کە نەمدەتوانی ماوەیەك بڕۆم چونکە دەبورامەوەو توانای هیچم نەما ئەوکاتەی شەری براکوژی بوو کە مونەزەمەیەك هات لەدهۆك لە نەخۆشخانەی رزگاری، چووم بۆ ئەوێ حەڤدە رۆژ لەوێ مامەوە عیلاجم وەرگرتوو پاشان گەڕامەوە دکتۆرەکان وتیان دوای تەواوبوونی عیلاجەکان وەرەوە ئەگەر سودت لێ بینیبێ ئەونێرینە دەرەوە ، بەڵام راستەیەکەی نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ دهۆك لەبەر بێ دەرامەتی .

**واتا پارەی کرێ سەیارەت پێ نەبوو؟**

نەوەڵا هەر هیچ پارەم پێ نەبوو بۆ ماڵ و منداڵەکانیش، برایەکم هەبوو لە بەغداد کرێکاری ئەکردو ئەوە عیلاجی بۆدەکریم بەسایەقدا دەی ناردەوە بۆم .

**براکەت ناوی چی بوو؟**

ناوی (عەزەدین) بوو ، وە لەو کاتەوە تا ئێستا دووجار لیژنەی ئێرانی بینیویانم .

**تا چەند سوودت لەو ئێرانیانە بینیوە ؟**

هیچ سوودێکم لێ نەبینیوە چونکە ئەوان تەنها بینیانم لە خەستەخانەی شۆرش وە عیلاجیان بۆنەنوسیم.

**هیچ ڕێگەیەك شك ئەبەیت بۆ ئەوەی هاوکاریت بەکەین کە خۆت نەتوانی بیکەیت ، ئەگەر ئێمە بتوانین هاوکاریت بکەین ؟**

بەڵێ ئەگەر من بتوانم بڕۆمە دەرەوە یان بۆ ئێران لەوانەیەیە باش بێت .

**ئێستا تۆ کوێت زۆر خراپەو کاریگەری کیمیایی لەسەر ماوە ؟**

ئێستا من چاوم زۆر خراپە لەگەڵ سی و جگەر ، وە کاریگەری لەسەر مێشکیشم هەیە جاری وایە حەزناکەم کەس ببینم نە میوان و نەماڵ ومنداڵ ، وە زۆر جار زۆر شتم بیرئەچێت.

**ئیستا ئەچیتەوە بۆلای ئەو دکتۆرە ئێرانیانە ؟**

نەوەڵا ئەوان لەوانەیە چوارساڵی تر بێنەوە، وە من ئەوەنە چوم بۆلای دکتۆرو سودی نەبوو ئێستا ناچم.

**ئەگەر بتنێرینە لای دکتۆرەکانی ئێرە لەسەر ئەرکو مەسرەفی ئێمە ئەچیت ؟ ئەمیش تەنها وەك ڕێزلێنانێکی بچوکە بۆ ئێوەو هاوکاریەکی کەمە وەك هاوسۆزی و هاوخەمی بۆ ئێوە .**

من سوپاستان ئەکەم ئەگەر دکتۆرێك ئێوە بەباشی بزانن ئەچم.

**منداڵەکان کە لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجە لەدایکبوون سەلامەتن لەڕوی تەندروستیەوە ؟**

وەڵا کاریگەری هەیە ئێستا کورە گەورەکەم ئەڵێ ناتوانم زۆر بیم و بچیم ئەڵێ توشی خێرا لێدانی دڵ دەبم .

**باشە بەس لەوانەیە زیاتر کاریگەری نەفسی بێت ؟**

وەڵا من ٢٠٠٤ لە بەغداد بووم ئەو کچە نەخۆشەم برد بۆ لای دکتۆر لەوێ دکتۆرەکان پرسیاری ئەوەیان ئەکرد ئایا ئێستا هەڵەبجەخەڵکی تیا دەژی ؟ منیش گوتم بەڵێ ئێمە هەر لەوێ دەژین.

## سەرەکی ترین مافی قوربانی

**دادگایی کردنی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال مافێکی ڕەوای قوربانیەو هیچ سات و سەودایەك هەڵناگرێ، هەڵبەت هەموولایەك شایەتی ئەوەین لەماوەی ٢١ ساڵی ڕابوردوودا نارەزایەتی لە بەرامبەر دالدەدانی تۆمەتبارانی ئەنفال و داواکاری دادگایی کردنیان یەکێك بووە لە سەرەکی ترین داوای کەسوکاری ئەنفالکراوان .**

## کوردوئەنفال، تیکۆشانو مەینەتی

ڕەشید عەلی




ئەحمەد فەرەج ١٨/٩/٢٠١٢

ئەحمەد فەرەج لەدایکبووی ١٩٣٣ی دانیشتووی ( قوری چای) سەر بەقەزای کفریە، پێش ئەنفالیش هەر لەو گوندە دادەنیشتن، لە سەروەختی پەلاماری ئەنفالی سێهەمدا بۆ سەرناوچەی گەرمیان مام ئەحمەد جوتیارێکی گوندی قوریچایی و مێردی دوو ژنو باوکی ١٢ کورو ٤ کچ بوو، بەداخەوە لەو پەلامارەدا کە بەئەنفالی گەرمیان ناسراوە

(٤) کوڕ بەناوەکانی (وەهاب لەدایکبوی ١٦٤، فواد لەدایکبوی ١٩٦٩، ئەکبەر لەدایکبووی ١٩٧٠، جیهاد لە دایکبووی١٩٧١ ) تەنها کچێکی هاوسەرەکانی لەنوگرەسەلمان گەڕانەوە، دەنا کورەکانی وەکو زۆربەی گەرمیانیەکان راپێچی قەڵای قۆرەتوکرانو لەوێشەوە گواسترانەوە بۆ (دەروازەی دۆزەخ) تۆپزاواو دوای پۆلێنکردن ئیتر بران و جارێکی ترنەبینرانەوە.

مام ئەحمەد سەرباری ئەوەی خاوەنی خێزانێکی قەرەباڵغو تەمەنی هەڵکشابوو، بەڵام کەم شەڕی ناوچەی گەرمیان هەبووە ئەو بەشداری تێدا نەکردبێ..بێجگەلەوەش هەمیشە خۆیو خانەوادەکەی لەخزمەتی پێشمەرگەدابوون، پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لەگەرمیان کە ماوەی سێ ساڵ لەحەشارگەکانیاندا مانەوە شاهیدی دەدەن کە ئەم پیاوە خۆی کورەکانی تاراپەرین، هاوکارو چاوساغێکی گرنگوئەمینی پێشمەرگە پارتیزانەکان بوون. بەداخەوە وەك لەوێنەکەدا دەیبینن، ئیستا قاچێکی براوەتەوە ئەویش بەهۆی نەخۆشی شەکرەوەیە کەتەواو حاڵی خراپکردووە

گوندی قوری چایی لەکۆی خانەوادەکان لەسەروەختی ئەنفالدا کە ژمارەیان ( ٦٦ ) ماڵبوو، ٤٧ کەسیان ئەنفالکراوە. بەڵام بەداخەوە ئێستا تەنها ماڵی مام ئەحمەدی لێنیشتەجێیەو ئەوانی تر لەوێ نەماون، ئەوانەشی لە ئەنفال گەڕانەوە لەدوای راپەرینەوە بەهۆی هەژارییەوە نەهاتوونەتەوە بۆ گوندەکە، بۆیە ئێستا ماڵی مام ئەحمەد بە ئیرادەیەکی بەرزەوە بەتاقە ماڵە ماونەتەوە. رۆژی ٢٠١٢/٩/١٨ کاتێك بەیاوەری ملازم جلیل چووینە دیدەنی وسەردانمان کرد.. بەورەیەکی بەرزەوە بەخێرهاتنی کردینو ماوەیەك بەدیار ئازارو خوڵقۆخۆی ئەو پیاوەوە دانیشتین.. بەڵام لەماڵئاوایدا پێی ووتین: بیوەفایی و بێباکی ئەو بەرپرسانەم لەبیر ناچێت کە رۆژێك هاوخەمو هاوسەنگەریانبوومو لەماڵی خۆمدا خزمەتم کردوون.



## حەسەن محمد حسێن : گوندی سێدەر

# ئێمە ئامادەین ئەورۆژە هیچ سەرنەبرین و گۆشت نەخۆین .

شوین: گوندی سێدەر

کاتژمێر : ٤ی عەسر

بەروار : ٢٠١٢/١٢/

دیمانە: ئەنفالستان

**ئەگەر ئەرك نەبیت ناوی سیانیتم پێ بڵێ؟**

من حەسەن محمد حسێن، دانیشتووی ئەم دێیەم لە پێش ١٩٨٨ و ئێستاش وەك دەبینی هەرلێرەم .

**واتا تۆ لەبنەڕەتەوە خەڵکی گوندی سێدەریت ؟**

**بەڵێ باو باپیرم هەر لێرە ژیاون**

**پێش ئەوەی ئەنفال بێت بابڵێین وەزع ناخۆش بێت،زۆر پێش ئەنفال خەڵکی ئەم دێیە بە چییەوە سەرقاڵ بوون؟**

وەڵا بەماڵاتەوە ئیجا با بڵێین ئەم چینەی وەك محمد كەوا پێدەگات و چینی ئێمەش ئاوا گەنج بووین لە حکومەت یان دەبوو عەسکەریت بکردایە یان دەبوو پێشمەرگایەتیمان بکردایە بە پێشمەرگایەتیەوە سەرقاڵ بوین

**پێشمەرگایەتی ناڵێم یەعنی مەسەلەن مەعیشەتی خۆتان؟**

وەڵا بە بە ماڵاتەوە ئیجا ئەم ڕەزانە و بەروبومی ئەم ڕەزانە یەعنی ژیانەکەمان ئەوە بوو ئەو دەمە مەعاش و شتی وا نەبوو وەکو ئێستا

**یەعنی ئەو خەڵکەی کە ئەنفالکرا بێجگە لە شەهیدەکانتان دەزانم ئەم گوندە چەند شەهیدێکی سەرکردەی هەیە، ئەوانەی ئەنفالکران هەموویان هەژاری ماڵی خۆیان بوون یان ؟**

ئەرێ خوا ئاگادارە هەمووی بێتاوانبوون ئەوەی تاوان بار بێ یەکمان نەگیراووین بۆخۆم پێشمەرگەبووم تاوانبار بووم بەرانبەر بەحکومەت مستەحەق بووم حکومەت بمگرێت وبژمکوژێ .

**جا تۆ بێت وایە پێشمەرگە تاوان بار بێ ؟**

لەلای حکومەت تاوانبارە، ئەی دوژمنی ئەو بووین دوژمن لەگەڵ دوژمن هەر تاوانبار نین بەرامبەر بە یەك بەڵام ئەو ژن و منداڵە هیچیان لەسەر نەبووە.

**ئەو کاتەی ئەنفال دەستی پێ کرد مەسەلەن شەڕی سەرکردایەتی دەستی پێکرد حکومەت لە هەموقوڵەکانەوە هوجومی دەست پێ کرد یەکێك لەو قوڵانەش ئەوەی ئێوە بوو مەسەلەن ئێوە چۆن دەرباز بوون بگەنە ئێرە؟**

وەڵا قوربان ئەو لایەمان هەمووی لێ گیرا لای بەرەوەمان لەی سەرگەڵو کورە لە یەك شوێن مەجالمان نەبوو کۆمەداڵ هەبوو لەوێوە بە بێرەیا ڕێیەکی سەڵتە زەلامیانکردبووە لە بەفرا ئەو ڕێیە نەبێ لەیەك شوێنا ڕێ نە بوو کەس هەڵبێ ئەوەی نەجاتی بوو لەوێوە نەجاتی بوو

**ئیتر لە ئێران چەند مانەوە؟**

قوربـــان لــــە ئێـــران دوو مـــانگ ســـێ مـــانگ چـــوار مـــانگ وردە وردە عـــافواتی دەر ئـــەکرد، کـــە هاتیتـــــەوە ئەشـــــیکردی بــــە عەســــــکەر یـــــەعنی ئحـــــتلام و ڕێژت.....

**مـن باسـی ئەوانـە دەکـەم کـە لـە گـــۆڕی حـــەزەر دۆزرانـــەوە خـــۆ ئەوانـــــەش لـــــــە ئێـــــران گەڕابوونەوە؟**

نـا ئیمـە لـە ئێـران نەگەڕاینـەوە ئیمـــە ئـــالێرە بـــە درۆ عـــافواتی بـــۆ دەر کـــردین ووتـــی ئـــەوەی پیشـــــمەرگە بـــــە فێـــــلّ دابـــــوو پیشــــمەرگە عــــافوو نیــــە لەگــــەلّ عەســـکەری فـــیرار ئـــەگینا ئـــەوەی کـــە هـــەمووی عـــافووە هەرچـــی بێتــە نـــاو حکومـــەت ئێمـــە بـــەو فێلّـە گرتیـانین ئــەو ژن و منداڵــە بــەو فێلّــە گریــران یــەعنی نــە چبونە ئەو دیو ئێران

**واتـــا ئێـــوە نەچـــبونە ئـــەودیو ئێران ؟**

وەلا ئێمـــە کـــەسمان نەچـــووین ئـــەو ٨٨ کەســـە لێـــرە گیرایـــن، کـــەسمان نەچـــوین ئیجـــا ڕێـــك لێـــــرە چــــــوینە خــــــوارەوە بـــۆبنگرد، لـــەوێ ســـواری زیلیـــان کـــردین ئەمـــە کـــاتی عافواتەکـــە بــــــوو، ئێســــــتاش چــــــاومان بــــەعافوات نەکــــەوت بردیانینــــە ڕانیــــە لــــە ڕانیــــەوە بردیانینــــە چـــوار قورنـــەی قـــەڵای چـــوار قورنـــەی لـــە قـــەڵای چـــوار قورنـــەی بردیانینـــە هـــەولێر لـــە هـــەولێرەوە بـــۆ تـــۆپ زاوای کـــەرکوك لـــە تـــۆپ زاوای کەرکوکـــەوە پـــیر و گـــەنج لێـــك جیـــا کردنـــەوە پیرەکانیـــان بردنـــە نـــوگرە ســـەلمان هـــەتا پیرەکـــان هاتنـــەوە ســـۆراخمان کـــردن وتیـــان وەلا ئـــەوا جیـــاین کردینـــەوە ئێستاش چاومان پێیان نەکەوتەوە.

**ئەگەر ئەوپیرانە نەهاتنایەتەوە تۆئەوەشت نەدەزانی؟**

نەخێر پیرەکان دەیانگێڕایەوە یەکیان دایکم بوو

**ناوی چی بوو دایکت؟**

نـــاوی عائیشـــە بـــوو ووتـــی: نزیکـــەی دوو ڕۆژان هەرچـــی گـــەنج بـــە ئـــەقڵی خـــۆی شمـــولی پێشـــمەرگایەتی بکرتایـــە هـــەمووی باڵبەســـت کـــردو بـــە ســـێ ڕیـــز لێـــرەوە بـــۆ ئـــەو جادەییـــەی کـــە تـــۆ لێـــوەی هاتویـــت لـــەوێ لێیـــان گـــەڕان تـــا ســـێ ڕۆژ پاشـــان ســـێ ڕۆژ دەوری ڕۆژ ئـــاوا بـــوو، هـــاتن تێیـــان کـــەوتن دەســـتیان بـــە بارکردنیـــان کـــرد، یـــەك کەســـیان لێنەهێشـــتەوە ووتـــی: هێنـــدەی پـــێ نەچـــوو گوێمـــان لـــەدەنگی تەقـــە بـــوو، جانـــازانم ڕەمیـــان کـــردن و خەنـــدەقیان بـــۆ لێیـــاون هەرهـــەمویان ئێســـتا لـــە دەوروپشـــتی تـــۆپ زاوان، ئـــەو زەلامانـــە لـــە دەورو پشـــتی تـــۆپزاوان زۆریـــش دوور نـــین بـــە قســـەی دایکـــم ئینجـــا ســـەرەکەی چـــیمەنتۆ کردبـــوون لـــەو ســـەحرایەك کـــەس شـــکی بـــۆ نەبات دەنا لە تۆپزاوەی کەرکوك ڕەمی کراون ئەو گەنجانە.

**لەوپیرانە چەند کەس لە نوگرە سەلمان گەرانەوە ؟**

وەلا ئێمە دەوری حەوت هەش کەسیان گەڕانەوە

**ناوەکانیان نازانی؟**

با با دەیزانم چۆن نایزانم .

**کێ و کێ بوون**

یـــەکیان ئایشـــە ئەحمـــەد ڕســـول ئـــەوە دایکـــم بـــوو، مســـتەفا ســـوارە محمـــد و بـــرایم حەمـــە شـــریف و ئامینـــە ئـــەو ئێســـتاش ئـــەو قلـــەماوە هـــەمویان مـــردون بـــەس ئامینـــە مـــاوە حـــاجی ســـعید ڕشـــید محمـــد ئـــەویش لەدۆڵـــە ڕوتـــە ومـــاوە بـــەڵام تێکچووە

**حەز ئەکەم پرسیارێك بکەم بەس ڕاست جوابم بەرەوە؟**

بەڵی فەرموو

**ئێســتا بــۆ نمونــە کەســێکی وەك ئێمــە دێتــە لاتــان یــەعنی حــەز ئەکـەن بێـت پرسـیارتان لـێ بکـات یـان بریـنتـان دەکورێتـەوە حەز ناکەن باسی ئەو مەوزعە بکەن؟**

نەوەڵا حەز زۆر بەوە دەكەین و حەز دەكەین كەسێك پرسیارمان لێ بكات و بێخۆشحالێن كه پرسیارمان لێ بكات و یەعنی پرسیار لە ئێش و ژان ئەمەی ئێمە بكات تا ئێستا كه پرسیاری لێ نەكردوین یەعنی ئیشیشمان بۆ بكات نەك هەر پرسیار بكات بینوسێ و بكاته موجەله و بڵاوی كاتەوە

**ئەوەش سودی خۆی هەیه ئەگەر گۆڤارێك یان تەلەفزیۆنێك ببیات لە دەرەوە پیشانی خەڵكی بات ئەی مەسەلەن چۆن دەنگی ئێوە بە خەڵك بگات؟**

بەڵێ ڕاست دەكات زۆر بێخۆشحال دەبین و مەمنونی ئێوە دەبین و كه ئەو دەنگۆیه بڵاو دەكەنەوە ئەگینه ئەو دەنگۆیه وون دەبێ و كەس نازانێ

**كاك غفور دەناسم ئەو ڕێكخراوە دەناسم كه ناوی ناوەندی ڕێگایه دەگەرێم بە دوای ئەوكەسانەی كه حاڵیان وەك تۆ وایه، بە تایبەتی لە خانەوادەیەك یەك كەس مابێ ، ئەم گوندە چەند كەسی تیایه كه بە تەنیا خۆی دەرباز بوبێ، مەبەستم ئەوەیە لە خانەوادەكەی بەس خۆی دەرباز ببوبێ ؟**

ڕاوەستە ئێستا بۆت دەژمێرم حەسەن محمد حسین خۆم صالح محمد حسین خۆی ئەوە برامە عبدالله محمد حسین یەك كوڕی بۆ دەرچوە علی سعید مستەفا هیچی بۆ دەرنەچوە وەك من قادر محمد حەمە ئەمین هەر خۆی غفور حەسەن عبدالله دایكی دوو سێ خوشكی و ئەمانەی ئەویش ئەونەی ڕۆشتوە محمود عزیز ئەحمەد ئەویش هەر خۆی

**غفور برای سێوە ئەڵێ؟**

كاك حەسەن: بەڵێ

**ئی غفور برای كەی ماوە تەیفور ماوە سێوە ماوە خوشكی ماوە من ئەڵێم كەس كەسی نەمابێ بەس خۆی مابێ**

خالد عزیز محمد یەك كوڕی دەرچوە لە بنەماڵەی خالد حمە امین ئەحمەد ئەویش یەك دانەی دەرچوە مستەفا حمد مولود ئەویش یەك دانەیان دەرچوە خۆشی ڕۆستووە

**یەعنی ئەو ماڵە كەس كەسیان نەماوە ؟**

تەفنیش ئاش بەتاڵ ماڵی محمد حسین ئاش بەتاڵی بنەماڵەی محمود سێ دەری ئاش بەتاڵی ئەمانە ئاش بەتاڵی كەسیان نەماون هەر وەها بێتەوە عمر صالح شریف خەلاص ئەویش ئاشبەتاڵ هەندێكیان باوكیان نەماون منداڵەكەی ماون

**كێ لەم گوندە بێجگە لە كاك غفور چوو بۆ دادگای سەدام بۆ مەحكەمەكە؟**

محمود عزیز ئەحمەدوعبدالله محمد حسین ئەمانە چوون.

**ئەی تۆ بۆ نەچوویت؟**

وەڵاهی ئیمە خۆشمان نوسی بانگیان نەكردین

**مەبەستت حاجی عبداللە؟ حاجی عبداللە چەند منداڵی بۆ دەرچووە؟**

**یەك دانە بەس یەك كوڕ.**

**یەعنی ژن و منداڵەكانی هەر لێرە لەگەڵ ئەوانەی ئێوەیا ڕۆیشتون؟**

كاك حەسەن: بەڵێ هەر لێرە لەگەڵ ئەوانەی ئێمەیا ڕۆیشتون ئەو قلێكی بۆ دەرچوە' هەر تاك تاك نەفەرێك دەرچوون

**ئێوە ئەو کاتەی کە من دەزانم مەسەلەن کە سەدام مەحکەمە کرا علی حەسەن مجید مەحکەمە کرا عدام کرا ئێوە زۆر زۆرتان پێخۆش بوو بەس ئەوە چەند سەبوری بوو بۆ ئێوە؟**

وەڵڵا بۆ ئێمە وەك و زەماوەند کە یەکێك کە شتێکی لێ وون دەبێت و دەستی دەکەوێتەوە ئەونە پێ خۆشحاڵ بووین کە خوا حەقی بۆ کردین یەعنی ئێستاش ئهێش و ژان ماوە ئەوانەی کە لە سجنیشدان ئەمانەوێ هەر وایان لێ بێت ئەو جاشانەی کە دەستیان لە خوێنی کوردایە دەمانەوێ ئەوانەش هەمویان هەر مەحکەمە بکرێن هەرکەس بە پێی خۆی دادگای بکرێت جا هەیە مستەحەقە بە گرتن هەیە مستەحەقە بە ڕەمی هەیە مستەحەقە بە عدام.

**ئەی مەسەلەن ڕەئت چیە بەوانەی مستەحەقە بە مەحکەمەو مەحکەمە ناکرێن تۆ وەکو کوردێك وەکو کەس و کاری ئەنفالیش ڕات چیە تا چەند قایلی بەوە؟**

من ڕەیم ئەوەیە یان ئەوانە چاوپۆشی لێ دەکەن لێیان دەترسێن بیانگرن یان بەلتیریان داوە یان کەس و کاریان لەناو شۆڕشە لەبەر ئەوان مەحکەمە ناکرێن دەستیان بۆیان نابەن من وای لێ تێدەگەم.

**تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە نێتایە ئەوانە گەردنیان ئازا بکەیت یان عەفویان بکەیت؟**

نەوەڵڵا قەت، ئێستا تۆ ماڵ و منداڵت بەدەستی خۆت چاوت لێوە بێت بیفەوتێنن دەتوانی تۆ گەردنی ئەو زەلامە ئازا بکەیت یەك نەبێ و دوو نەبێ و سێ نەبێ و چوار نەبێ

**مەسەلەن تۆ هەر خەڵکی ئەم گوندە بویتایە و کەست ئەنفال نەبوایە یان کەست شەهید نەبوو هەمان ڕەئت هەیە یان داوت ئەکرد مەحکەمە بکرێن؟**

وەڵا من داوام ئەوەیە ئەوانە مەحکەمە بکرێن هەرچی تاوانبارە هەرچی توانی بەرامبەر بە کورد کردوە مەحکەمە بکرێت.

**کاك حەسەن ئێستا هاتوومەتە ئێرە ئەبینم مزگەوتێك ومەکتەبێك و بیرە ئاوێکتان هەیە،**

قوربان ئینجا هەموو دێیەك بۆی کراوە بابێینە سەر ئەوە هەرچی دێی کوردستانە دێی جاشانیش ئەوەی بۆ کراوە بە هەموو دەمێ ڕاوە پێشمەرگەیان کردوە لە ئێمە پتریان بۆ کراوە.

**منیش هەمان ڕەئم هەیە بەڵام ئێوە داوای چی ئەکەن؟**

داوای ئەوە دەکەم مادام ئێمە شەهیدمان هەیە و خوێنی خۆمان ڕشتوە لەسەر شۆڕش لەسەر خۆمان دەمانەوێ ئێمە دێکەمان شۆڕش وای لێ بکات لەناو دێیەکانی تردا بێن بڵێن ئەمانە خوێنیان ڕشتوە بۆ کورد ئەمە بۆیە دێی ئەمان ئاوا ڕازاوەتەوەترە لە دێیەکانی تر،"ەچی دێیەکەی ئێمە گەلێك شڕترە لەو دێیانەی ڕاوە پێشمەرگەیان کردوە ، خانویەك دەبینی بە مسەلەحی هەمووی مشك و ماری تیایە دەبوو بهاتنایە خەستەخانەیان بۆ بکردنینایە ئاو لە هەموو کۆڵانێك هەڵڕزایە ئێستا ئێمە دەبێ بە کەر و ڕاوی ئاو بهێنین ئاوەکە یەتە ئێرە و دەبێت هەموو دێیەکە بە کەر و ڕاوی ئاو بەرێ ئێستا وەختی ئەوە ماوە بەم هەموو کارەباو ئەمکانیەتەئەختی ئەو بەزمە ماوە بە تەنەکە ژن ئاو بهێنێ هەموو شانیان داماڵان.

**باشە بەش هەندێك شت هەیە ئەگەر حکومەتیش نەیکات مەسەلەن هەست ئەکەم خۆتان تیا کەم تەرخەمن بۆ نمونە ئەگەر لەسەر ئەو جادەیە هەیکەلێکتان بۆ دروست نەبێ**

**سمبولێکتان بۆ دروست نەبێ خۆ دەتوانن بە پارەیەکی زۆر زۆر کەم هەر خۆتان بە پارەی خۆتان مەسەلەن لەسەر ئەو جادەیەك قوگعەیەك دانێن ناوی هەموو ئەنفال کراوەکانتانی لەسەر بنوسن ئەوە بکە بۆ ئەوەی مەسولێك بەویا ڕۆشت بەلانی کەم تۆزێ هەست بە شەرمەزاری بکات بەس کە تۆ نەتکردبێ ئەویش یهیمالّی ئەکات!**

بەوخوایە مەسئول شەرمەزار نابن بەو خوایە ژەمێکم نەبوو کە پێشمەرگەم لە ماڵ نەبوبێ هەموو ژەمێکی نیوەڕۆ و ئێوارە و سبەی لەگەڵم شەریك بوون ئێستا دەچم وەڵای خوا خۆی لێم نەناس ئەکەن کەوا ساحێبی ئەم هەموو شەهید و ئەنفالەم.

**باواز لە حکومەت و حزب بهێنین خەڵکی کوردستان کۆمەڵگای کوردستان، بەنمونە تۆ زۆر هاتووچۆی دوکان دەکەیت هاتووچۆی پیرە مەگرون دەکەیت هاتووچۆی سلێمانی دەکەیت ڕەنگە عامێك تۆ نەناسن بەس خەڵکی کوردستان ئەوەی کە تۆ دەناسێ تا چەند ڕێز لە تۆ دەگرێت وەکو ئەوەی کە تۆ قوربانیت داوە و ئەنفالت زۆرە؟**

وەڵا ئەوانەی کە دەمان ناسن ڕێزمان لێ دەگرن خوا هەڵناگرێ ڕقمان هەڵ ئەسێ لە دائیرەش جنێو ئەدەین قسانیش دەکەین یەعنی ئەوەی کە دەماناسێ دەڵێ ئەوانە حەقی خۆیانە هەرچی بڵێن ئەمن مەمنونی ئەوانەم قسەم زۆر کردوە لە دڵ پری خۆم کەسانێك هەیەبە وەرەقەیەکی بە دەستەوە بووە و کردویانەتە ژووری ئەمنیش بەمە ڕقم هەستاوەو جنێوم پێ گوتون هەر جنێوم بە شۆڕشە کەش گوتووە زەلامێکی نەناسراو چووە شکاتی لێ کردوم ووتویەتی ئەو زەلامە جنێوی بە حکومەتەکە وتوە ووتویەتی ئەوە ووتویەتی بەڵێ ووتویەتی ئەوە ڕێزی زۆرە، ئەوە شایەنی ئەوە نیە ئێمە هیچی پێ بڵێین مەمنونی ئەوانەم من.

**ئەگەر بێت و تۆ مەسەلەن لە گوندێکی دراوسێتان یان هەر لەم گوندە یان هەر کەسێکی تر من بزانی کەسێکی بە نەخۆشی مردووە یان بە دەعمی سەیارە مردوە کردویەتی بە ئەنفال تا چەند بریدار دەبیت؟ تا چەند پێت ناخۆشە؟**

وەڵلا ئێمە بۆ خۆمان بەشبە حاڵی خۆمان ئەوەی کەوا لەگەڵ ئێمە نەبوو بەخاترانە کردویانە پێمان ناخۆشە

**مافی خۆتە پێت ناخۆش بێت بەڵام تاچەند پێت ناخۆشە؟**

ئەگەر بە دڵی خۆم بێت کابرا تۆ کەست نە کوژرابێ و کەست شەهید نەبوبێ و تۆش وەك و من مەعاشی وەرگریت لە قاقای پێکەنین بێت من ئەو پارەیەی هەموو جار وەریدەگرم وە دەزانم دەڵێن حەقی منداڵەکەتە هەموو جارێك برینم دەکولێنەوە

**ئەگەر تۆ کەسێکی وا پێ شك بەرێ ئامادەیت بە وەزیری شەهیدان یان بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان بڵێیت ئەو کەسە ؟**

قوربان پێیان ووتراوە بۆ خۆیان ئەو شتانەیان کردوە هەمووی بە دەستی خۆیان ئەو درۆو دەلەسە.

**تۆ پێتوا نیە، ئەوە سوکایەتیەکی زۆر گەورەو غەدرێکی گەورەیە لەئەنفالێ؟**

بەلێ ئەوە غەدرێکی گەورەیە بۆ شەهد و ئەنفال یەعنی درۆ بخەنە پاڵ شەهید و ئەنفال کابرایەك هیچ نەببوبێ و بینوسن وەکو من موچەو زەوی وەرگرێت، زۆرم پێناخۆشە، بەڵام دەنگێش ناکەم بۆخۆیان کردویانە کابرا بۆ خۆی دەیکات بەواستە کردویەتی جابەمەڕێکە یان بە بزنێك.

**ئەو یادانەی کە ئەکرێنەوە کە حکومەت ئەیکاتەوە تۆ تا چەند تۆ لێی ڕازیت؟**

وەڵایی وەکوچی..

**تۆ سەبوورییت پێی دێ ؟**

پێمان خۆشە باسیان بکەم بەڵام وەڵایی بەبێ سودیش پێمانخۆش نیە برینمان بکولێننەوە، گەلێکیان بێ سودن!

**ئەگەر بێت وبە شێوەیەکی تر بتوانین یادی ئەنفال بکەینەوە بەبێ ئەوەی پارەی تێدا سەرف بکەین، بە بێ ئەوەی کە ئێستا ئەکرێت مەسەلەن تۆ ئەلێی برینمان ئەکولێنەوە فیعلەن ئەگەر بە دەست من بێ من بەرێوەبەری تەلەفزیۆنێکی ئەم وولاتە بم بۆ یەکجاریش یەك ئێسك و برسك پیشان نادەم چونکە ئەگەر ئەم وەزعەی تۆپشان بەم زۆر گرنگترە کە من مەسەلەن ئێسك و برسك پشان بدەم بەڵام مەسەلەن ئەوە من دوو ساڵە لە تەلەفزیۆن ڕامگەیاندووە ئێمە ببین بەخاوەنی ئەخلاقێك بۆنمونە لەڕۆژی ئەنفالدا ئەگەر بێت وکەسێك یەکێکی تر بکوژێ حکومەکەی دوو قات بێت لە یادی ئەنفال ئەگەر یەکێك شەڕ بکات لەو ڕۆژە حکومەکەی دوو قات بێ تۆ ڕەئت چیە لەسەر ئەمە؟**

ئێمە ئەوەمان پێ خۆشە دەبێ جێ و ڕێیان دیار بێ و خاتریان دیار بێ و ڕۆژوشیان دیار بێت.

**من دەڵێم ئەگەر من مدیر ناحییەی بنگردبم ئەگەر لە ڕۆژی ئەنفالدا بزانم کەسێك چوە بۆ ڕاو لێی قبوڵ ناکەم و حکومێکی زۆری بە سەرا ئەدەم .**

وەڵا ئێمەش ئەوەمان پێ خۆشە ڕۆژیان دیار بێت بەرنامەکەیان دیار بێت لە هەموو دونیادا بڵێن ئەو ڕۆژە ڕۆژی ئەنفالە وەك ڕۆژی هەینی حەدی نەبێ بە ڕۆژی هەینی.

**مام حەسەن ئەوە دوو ساڵە لە تەلەڤزیۆنا ڕائگەیەنم کە ئە ڕۆژە بکرێت بە ڕۆژێك کە لە یادی ئەنفالداتەنانەت مریشکیش سەر نەبڕێت یەعنی ئەگەر من میوانت بووم یان ئازیزترین میوانت هەبوو لەو ڕۆژەدا یەعنی هەتا گۆشتت لە مەجەمیدەیا هەبوو بۆی لێ نەنێی!**

ئەشهەدوبیلا زۆرپێمان خۆشە

**کەواتە ئێوە ئامادەن ئەوکارە بکەن ؟**

ئەلەوەڵلا زۆر مەمنونی ئەو کەسانەین کە مەحاوەلەی ئەوە دەکەن.

**مەمنونی ناوێ ئەوە من لە کفری پار و پێرار لە کەلار لە باریسان لە گوندێك هەیە هۆمەر مل وەکو ئێوە دوو سەد و شست کەسی ئەنفالە گۆپتەپە و عەسکرلە گوندی کلێسە کە نزیکن لێتانەوە هەموو ئەمانە لەو ڕۆژە ڕایانگەیاند مەسەلەن لە ڕادیۆ و لە تەلەڤزیۆن ڕایانگەیاند کە ئەمڕۆ تەنانەت ئەگەر خۆشەویسترین میوانیشمان بێت هیچی بۆ سەر نابڕین هەم بۆ ڕێزگرتن بۆ ئەو قوربانیانە یەعنی پەرچە کردار بێت بۆ کۆمەڵ کوژی کورد دووهەمیش ئەگەر ئەجنەبییەك یان بیانیەك کە ئەچێتە مەگعم ئەو ڕۆژە گۆشتی دەست ناکەوێ**

ئێمە ئەوەمان زۆر پێ خۆشە ئەوە دەرکەوێ کە لە هەموو دنیادا بڵێن ئەوە ڕۆژی ئەنفالە.

**بۆیە ئێمە ئیشەکە زۆر قورس نەکەین لە خەڵك ئەگەر بکرێت ئەو ڕۆژە هەر نان نەخورێ**

ئێ ئەو ڕۆژە با نان نەخورێت

**تۆ پێت قبوڵە ئەوە پێت باشە؟**

ئەلەوەڵا ناوی پێ دەردەکرێت

**ئێوە ئامادەن مەسەلەن وەکو گوندی سێدەر مەسەلەن بێم بۆ لاتان پەیوەندیاتن پێوە بکەم بڵێن ئێمە لەم ڕۆژەیا هیچ شتێك سەربڕین و گۆشت ناخۆین؟**

ئەلەوەڵا ئامادەین بە هەموو شێوەیەك

**جا من با شتێکی تریشت لێ نەشارمەوە چونکە شتێکی کەشی لە پشتەوەیە، بونمونە لەو ڕۆژەدا ئەگەر گۆشت نەخورێت ئەو یادانەی ئەنفالیش ئەونە مەسرەف ناوێ دەزانی بۆچی؟ لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆر سەرف ئەبێ بۆگۆشت خواردن و بۆمەسەلەن من لەسەر حسابی تۆ بڕۆمە بۆ ڕاقعترین مەگعم گۆشت بخۆم مەسەلەن با تیایا نەبێ یەعنی ٤/١٤ نەکرێت بە ڕۆژی سك پڕ کردن و ئەوانە**

نەك هەر لە سێدەر و ئەم ناوچەیە لە هەموو عێراق

**لە چێشتخانە ئەو ڕۆژە گۆشت نافرۆشێ هەر مەمنوعە**

ناوی لە حکومەتانیش دەر دەکات نەك هەر لە کوردستانا

**کەواتا ئێوە بەلاتانەوە شتێکی باشە؟**

ئەلەوەڵا لە هەمووی پێ باشترە ناوەکەیان پێ دەردەکەوێت

**خاڵێکی تریشی تیدایە ئەگەر ئەوگۆشتخواردنەی تیدانەبێ هەرنایەت بۆئەویادانە باهەر نەیەت خەڵکانێك بێن کە بەڕاستی ڕێزی لێ دەگرن**

زۆر وایە با هەر نەیەت.

**مام حەسەن تۆ مووچەی ئەنفالکراوەکانت وەردەگریت یەعنی تۆ بۆ خۆت ڕازیت بەو بەشەی کە بۆیان داناویت؟**

بەڵێ ڕازیم دەزانی چۆنە ئێستا من پێنج کەسم ئەنفال کراوە خۆم دەرچووم ئێستا ماڵ و منداڵم لە خوا بەزیابێ وەك جارانی لێ هاتۆتەوە

**دوای پرسیاری ئەوەی لێ دەکەم بەس جوابی ئەوەم بەرەوە مەسەلەن جوار سەد و پەنچا هەزار بۆ ئەنفال کراوێك پێی ڕازیت ئەوە؟**

ئەگەر بۆمان بکەن دەمانەوێ ئێمە لە کوڵ کاسبی بینەوە تەمەنی من و کاسبیان نەوتوە ئەوەی کە ماوە هەمووی لەمن بە تەمەنترە ئەوەتا من هەموو دەستم قلیشاوە بە ئیش کردن.

**ئەگەر بکرێت ناوی منداڵەکانتم پێ بڵێ مەبەستم ئەوانەی ئەنفال کراون؟**

فەرهاد، سێوە، فەرەیدوون، بێستوون، حلاوەش خێزانمە

**تا ساڵی چەن بە تەنیا ئەژیای؟**



جوار پێنج ساڵێ لە دوای ئەنفال کردنیان بە تەنیا ئەژیام

**ئەوکاتەی کە بە تەنیا بوویت لە ماڵی کێ دەژیایت؟**

بۆخۆم خانویەکم کردەوە و ئاوا دەچومە ماڵە خزمانم بۆ بێ تاقەتی بەڵام ڕۆژی چەژنان چەژنم بۆ نەدەکرا کە تەماشام دەکرد ئەم عالەم چکلێت دەکڕێ و خواردنی خۆشی دەکرد و خۆشحال دەبوو لە ڕۆژی چەژنێ و لە من شین بوو بە تەنیا ئاوم بۆ دەخورا خواردنم پێ نەدەخورا

**ئەو چوار پێنج ساڵە بە زۆری لەماڵی کێدەمایتەوە ؟**

برایەکم هەبوو ناوی حسێن بوو لەماڵ ئەوان دەمامەوە و ماڵی کاك عمر هەبوو خاڵۆزای باوکم بوو لەماڵی ئەوانیش زۆر ماومەتەوە.

**قەت ئەو ڕۆژانەت لە بیر ئەچێتەوە؟**

کاك حەسەن: نەخێر، یەك شتت بۆ دەگێڕمەوە بە دزیەوە چومە ناو حکومەت کەس نەیزانی پلەی ئامر کەرتیشم هەبوو چوومە کوێرەکانی فەوجێکی لێ بوو هی جاشان کە چووینە ئەوێ خوا هەڵناگرێ زۆر یارمەتیان داین من بەتانیم لە لا نەبوو ئەم جەماعەتە جاشە هەتا بەیانی یەکێکیان لە شوێنی خۆی نەنوست زۆر مەمنونم ئێستاش بە هۆی منەوە،بەیانی حاجی حمە امینێك هەبوو خەڵکی خوێرە کانی بوو ووتی ئەرێ کاك حەسەن تۆ هیچ بەتانیەکت لە کنە ووتم نەوەڵلا من خۆ نەماڵم بۆ دەرچوو نە سەرم بۆ دەرچووە ووتی وەرە لە فلان دۆل لێفەیەك و لیبادێك لەگەڵ سەرینێکی یاپێم لیبادەکەو لێفە کۆنەکە ئێستاش ماومە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژم بیر نەچێتەوە بەرگم تێگرتوون بەس سەرینەکەم نەماوە.

**بەهیوام تۆ تەمەن درێژبیت، بەڵام هەمووما هەر دەڕۆین دوای ئەوەی کە خۆت نەمایت بەتەمای ئەو دۆشەك ولێفەیە چی لێ بکەیت؟**

وەسێتیان بۆ دەکەم کە نەیفەوتێنن تا بۆ خۆی دەرزێ.

**بۆ بیر لەوە ناکەیتەوە لە مەدتفحێکی وەك ئەمنەسورەکە داینێن یان لە مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوەکانی دووکان داینێیت؟**

وەڵایی گەر لێمی قبوڵ کەن دەیبەم بۆئەوێ.

**نا تا لە ژیاندا بیت مەیبە،چونکە ئەوە شتێکی زۆر بەبەهاو تایبەتە، خێزانە تازەکەت ناوی چیە؟**

سەبری

**خزمی خۆتە؟**

بەڵێ ئامۆزامە

**چەند منداڵتان هەیە ؟**

پێنج منداڵم لەویش هەیە

**هیچ یەکێك لە منداڵەکانت بە ناوی منداڵەکانی پێشوت نەناوە؟**

هەمویان هەر بە ناوی منداڵەکانی پێشومەوەیە یەکە یەکە.

**یەعنی بە پێی موالیدی خۆیان گەورە بۆ بچوك؟**

بەڵێ یەك بە دوای یەك

**شکور هەموویانت پرکردۆتەوە؟**

بەڵێ خوا بۆی پرکردومەتەوە، ڕەنگیانیش بەیەك دەچن تەسکەرەکانم ماون ئێستا ڕەسمی ئەوانی کۆن و ڕەسمی ئەمان بۆ یەك دەبن .

**دەتوانم ڕەسمی منداڵەکانتم دەست کەوێ؟**

بەڵێ

**چونکە من ویستم دواین پرسیاربکەم، تۆ پێت خۆشەئەم دیدارە بلاوبێتەوە؟**

بەڵێ پێمخۆشە

**من زۆر سوپاست دەکەم**

من زۆر مەمنونی تۆم کەوا عەزیێتی زۆرت پێوە کێشاوین خۆشحاڵین کە پرسیارت لێ کردین و تا ئێستا کەس پرسیاری وای لێ نەکردووین.

## داڵدەدانی جەلاد سوکایەتیە بە مافی قوربانی

# ئەنفالی هەڵەبجە

## دانا هەڵەبجەیی

پاشـــــئەوەی لـــــەكیمیابارانی بـــەرواری ١٦ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٨٨ ی هەڵەبجــــــە بـــــاوكم چـــاوەكانی بـــۆ ماوەیـــەك كـــوێر بــــوو، لەگـــــەڵ كۆمـــــەڵێك هاونیشـــتیمانی دیكـــەی شـــاری هەڵەبجـــەدا هـــەر لـــە گونـــدی بەڵخـــە ی ناوچـــەی هـــەورامان خۆیـــان حەشـــاردا بـــوو بـــە زەحمـــــەت و بەكولەمـــــەرگی و ژیانێـــــك ســـــەخت، مانـــــەوە و ئامـاده نـەبوون بچنە ئـەو دیـوی ســـنور، بـــە هیـــوای ئـــەوەی بگەڕێتـــــــەوە ناومـــــــاڵ و منداڵەكـــەی، بـــەڵام پـــاش ئـــەوەی ســـوپای بـــەعس گەڕایـــەوە بـــۆ ناوچــــەكە ، هــــەموو ئــــەو كەســــانەیان دەســــتگیركردبوو بردبویـــانن بـــۆ زینـــدان، ئـــەوە لـــە بـــاتی بیانگەڕێننـــەوە بـــۆ نـــاو خێزانــــەكانیان، هــــەمویانیان ئـــەنفال كـــرد و بردیـــانن بـــۆ زینـــدانی تۆپزئـــاوا و پاشـــان نوگرە سەلمان.

پـــاش ئـــازار وئەشـــكەنجەیەكی زۆرو كوشـــتنی هەنـــدێك لـــە ئـــاوارە ئـــــەنفالكراوەكانی هەڵەبجـە. بـە بڕیـاری لێبـوردنی ٧٣٨ ئازاد كران

بـــەڵام ئەوەنـــە ئازاریـــان دابـــوو قـــەد دڵـــی نـــە ئـــەهات بـــۆ ئێمـــەی بـــاس كـــات كـــە چـــییان لێكـــردووە .. بـــۆ ئـــەوەی كاریگـــەری نێگەتیف لەسەر ئێمە دروست نەكات.

مـــن بـــە هـــۆی هاوڕیكـــانی زانـــیم كـــە چ ئەشـــكەنجەیەكی گیـــانی و بـــەدەنی چەشـــتووە، كاشـــكی هـــەر نەمبیســـتایە، كـــە لـــە زینـدانـــەكان چـــیان لیكـــردون،،، ، چـــونكە مـــەرگی بـــە گـــازی كیمیـــایی زۆر ئـــەهوەنتر بـــوو لـــە زینـدانـــەكانی تۆپزئـــاو ا و نوگرەسەلمان.



بەداخـــەوە دوای ســـاڵێك بـــە ئـــازار و نەخۆشـــی كۆچـــی دوایـــی كـــردو ئەوهـــەموو بـــێ حورمەتییـــەی كـــە لـــە زینـــدان پێیـــان كردبـــوو، لـــە دڵـــی خۆیـــدا وەك ئەمانـــەتێك بردیـــە ژێرگـــڵ. ئـــاخۆ ئێســـتا چـــەندەها نهـــێنی هـــاوار وحەســـرەتی مرۆڤـــە ئەنفالكراوەكانی كورد، لەژێرلمدا حەشار درابن؟؟

# کێ کەسوکاری عەلی یە ؟

عەدالەت عومەر صالح



(علی محمد قادر)

کوڕێکی تەمەنی بۆخۆم دەربازبووی ئەنفالم و کەسوکاریشم ئەنفالن. خەڵکی گوندێکی سەر بەناحیێ سەنگاوە، بەڵام ناوی گوندەکە نازانێت. باوکی پێشمەرگە بووەولەگەڵ مامی کێشەی کۆمەلایەتی هەبووە ماوەیەك لەبەر ماڵی مامی دەچنە گوندێکی نزیك کەرکوك وپاش دووساڵ کەکێشەکەیان چارەسەرکردووە، ئینجا گەراونەتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان.

عەلی دەڵێت: باوکم بریندارکرا بوو تازە لە ئێران هاتبووە، لە ماڵەوەمان خۆی حەشار دابوو، بەڵام بەرە بیانێکی زوو بوو ووتیان عەسکەر دەوری گوندەکەیانداوەودەلێن: بەدوای چەکدا دەگەڕێن، باوکم چەکی هەبوو، بۆیە لەپاشئەوەی چەکەکەیان دۆزییەوە هەمومان دەستگیرکراین و هەر لەوەێ لە دایك و باوکم جیاکرامەوەو لەگەڵ ٩ منداڵی هاوتەمەنی خۆم سواری ئیڤایەك کراین، وەکو باس دەکەتا لەرێگا دەکەونە بۆسەیەکی پێشمەرگەوەو لە پاش شەڕوپێکدادان ئەو بە برینداری دەکەوێتە دەست پێشمەرگە " ئێستا جێگەی برینەکەی لەسەر رۆمەتی دیارە" بەڵام رزگار دەکرێت لەگەڵ منداڵەکانی ترو پێشمەرگەیەك کەناوی حمدامین بووە لەباوەشی دەکات دواتر کە بەهۆش خۆی دێتەوە خۆی لەخستەخانەیەك دەبینێتەوە لەئێران- وپاش"٤" مانگ رەوانەی رەزاییە دەکرێت لەوەێ خێزانێك لە رێگای کۆمیتەی ئیمدای ئیمام خۆمینی حەزانتی دەدرێت بە خێزانێکی کوردی مهاباد کەمنداڵیان نەبووە، پیاوەکە ماۆستا بووە ناوی رحیم بووەوخێزانیشی ئافرەتی ماڵەوە بووە. لەپاش ماوەیەك ئەو خێزانە دەیدەنەوە بەکۆمیتەی ئیمداد ئیمام خۆمینی لەبەر ئەوەی نەقلی تەبریزکراوە ناوچەی تورك نشینی ئیران و نازانێت هۆکاری دانەوەی بە کۆمیتە چی بووە دەڵێ ئەو کابرایە زۆردەترسا لەپاش ئەوە دەدرێتە کەمپی ئاوارەکان، وەك دەلێت وەزعمان زۆرخراپ بوو لەگەڵ کوڕێکی تر کە ناوی سلام بوو بریاریانداوە لە کەمپەکە هەڵبێن ودواتر هەلاتوون بۆرەزاییە لەوێ لە کارگەیەکی خشت دەستبەکار بووەو دواتر چونەتە تاران و لە ساڵی ١٩٩٤ لە شوێنی کارکردنیان لە تاران لەبەر ئەوەی ناسنامەیەکی شپرزەو بێ وێنەی پێ بووە گیراون و سنورداش کراوەتەوە بۆ عێراق – کوردستان لەبەر ئەوەی وەزعی کوردستان خۆش نەبووە هیچ شتێکی پێ نەکراوەوجارێکی تر لە ١٩٩٧ گەراوەتەوە ئێران، بەڵام دیسان سنورداش کراوەتەوە دواتر بریاری داوە بچێتە تورکیاوچەند ساڵێکە لەتورکیا بەئیقامەی سالانە دەژێت و کاری ترجمەی کوردی وتورکی دەکات لەکۆمپانیایەکی تورکی. علی دەڵیت ئەوەی مەبەستمە ناسنامەیەکم هەبێت کە خەڵکی کوردستانم وکەسوکارم ببینمەوە .

# منداڵێك دەمرێت و كفن دەست ناكەوێت

## ڕووداوێکی ڕاستەقینەی کیمیابارانی گوندی شێخ وەسان



هاوكار عبدالله

زۆر جار کاتێک ڕووداوێکی ڕاستەقینە گوێ بیست دەبین یان دەیخوێنینەوە موچڕک بە هەموو گیانمان دادێت، زۆر پێ ی کاریگەر دەبین، بەلام ئەمجارەیان ئەم ڕووداوە جیاوازە بۆ من لە هەموو ئەو ڕووداوە ڕاستانەی کە من پێم زانیبێت، چونکە لەم ڕووداوەدا من ڕۆڵی ئەو کەسە دەبینم کە ڕووداوەکەی بەسەر هاتووە، واتە کارەکتەری بەسەرهاتە ڕاستەقینەکە منم، بەلا خوێنەری بەڕێز با پێکەوە بزانین ئەم ڕووداوە چی بووە کە کاتی خۆی لە کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسانان بەسەر من دا هاتووە.

لە بەرواری ١٦-٤-١٩٨٧ کاتێ ڕژێمی بەعسی سەدام بێ ویژدانانە هەستا بە بۆردومانکردنی گوندی شێخ وەسان بە چەکی کیمیایی، کە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکەکە شەهید بن، وە ئەو خەڵکانەی کە ڕزگاریشیان بوو بە سەختی بریندار بوون، هەموو جارێک کاتێک دایکم و خوشکم باسی ڕووداوی کیمیابارانکردن دەکەن گریان دەیان گرێت و وردە وردە فرمێسکە خەماویەکانیان بەسەر گۆنایان دا دەبارێنن، ڕووداوە زۆر تاڵەکانی ئەوکات دەیانباتەوە نێو ئازارە نەبڕاوەکانی ئەو ڕۆژە، بەلام ئەوەی زۆر ئازاری پێ دەخۆن کاتێ بیریان دەکەوێتەوە بریندار بوون و نەخۆشکەوتنی منە لەو کات، بەپێ ی قسەی خوشک و دایکم من ئەو کاتە منداڵێکی بچووک بووم کە هێشتا ساڵێکم تەواو نەکردبوو، کاتێ ڕژێم دەستی بە بۆردوومانی گوندەکەمانی کرد، بە چەکی کیمیاوی و گازە ژەهراویە خنکێنەر و سوتێنەرەکان، بەهۆی ئەوەی کە لەشی منداڵ ناسکە کەمتر بەرگەی سەختی و ئازار و سوتان دەگرێت، بۆیە ئەوکات من زیاد لە خەڵکانی دەوروبەرم برینداریەکەم بەچەکی کیمیاوی کاری تێکردبووم، بە جۆرێک کە هەرچی پێستم و لەشم هەیە سوتابوو بە دووکەڵ و گازی کیمیاوی، بە شێوەیەک کە هەرچی ئومێدی ژیانە لە من بەدی نەدەکرا، کەوتبوومە ئاوزنگی گیانە الله و مردنەوە، بۆیە دایکم دەڵێت: من چاوڕێ ی مردنم لێ دەکردیت، چونکە حاڵ و وەزعت وانەبوو کە هیوای ژیانەوەم بۆ تۆ مابێ!! بەلام ئەوەی زۆر ئازار و خەمم بۆ دەخوارد ئەوەبووە کاتێ تۆ دەمردی هیچ پارچە کفنێک نەبوو تۆی پێ کفن بکەین و لە گۆڕ بنێین، چونکە ماڵمان هەموو سوتابوو، لەترسی بۆردوومانکردنەوە لە چیاکانی دەوروبەری گوندی شێخ وەسانان لەنێو

ئەشکەوت ژیانی کولە مەرگیمان بەسەر دەبرد، خوشکم دەڵێت: کاتێ دایە "دەیگوت خۆزیا پارچە کفنێك هەبایە کاتێ هاوکار دەمرێت پێمان کفن بکردایە" ئەم قسەیەی دایەم زۆر پێ ناخۆش بوو، بۆیە کاتێ بەم حاڵەوە دەم دی زۆر بۆت دەگریام و خەمم دەخوارد بۆت، بەداخەوە ئەوکات هیچمان لەدەست نەهات بۆ چاکبوونەوەی تۆ بیکەین، تەنیا ئومێدمان بە ڕەحمی خوا بوو، سوپاس بۆ خوا دوای بەسەربردنی چەند مانگێك لەم حاڵەی تۆ خوا شیفای بۆ هێنای و بەرەو چاکبوونەوە چووی.

بەڵا خوێنەرانی بەڕێز ببورن گەر بەم ڕووداوە کەمێك ئازاری دەروونیم پێ گەیاندبن، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەمە حاڵی کەسێکی وەك من بوو کە لەم بارودۆخە ترسناك و ناخۆشە ڕزگارم بووە، لێرەوە دەپرسم کە چەندان ڕووداوی هاوشێوەی من بگرە تاڵتر و بە ئێشتر لەم ڕووداوە بەسەر خەڵکی کیمیاباران و ئەنفالکراوی کوردستاندا هاتووە، بەڵام بەداخەوە نەنووسراوەتەوە و نەکراوەتە بابەتێکی مێژوویی و بەڵگەنامەیی کە شایەنی ئەوەن دەیان فیلمیان لەسەر دروست بکرێت و سەدان و ڕۆمانیان لەسەر بنووسرێت، بۆئەوەی ئەم ڕووداوە تراژیدیانە بەردەوام بە زیندوویی بمێنەوە.

ئەوەی من زۆر خۆشحاڵ دەکات کاتێك وەك ڕۆژنامەنووسێك حەز دەکەم کار لە سەر کەیسی ئەنفال و کیمیاوی بکەم، بۆ ئەوەی خزمەتێکی بچووك بە نەوەی ئەنفال و کیمیاوی بکەم، چونکە ئیتر ئەنفال و کیمیاباران لەگەڵ ڕۆحم ئاشنایە، وا هەست دەکەم ئەو تەمەنەی ئێستا بەسەری دەبەم لە زیادیمە، چوون، مەرگی من ئەوکات کۆتایی پێهاتبوو کە مەرگی گوندم و خۆشەویستانم و سروشتم کۆتایی هات، بۆیە هەرگیز هەست بە ماندووبوون ناکەم ئەوەندەی کار لەسەر ئەم کەیسە بکەم، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم هەموو ئەو چیرۆکە تراژیدیانەی کە لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکەمان ڕوویانداوە بە شێوەیەکی باش بیان نووسمەوە، بۆئەوەی ئیتر تا ژیان ماوە ئەم چیرۆکانەش بمێنن، وە نەوەی داهاتووش بزانێت ئەنفال و کیمیاباران چۆن بووە.

Hawkar_ash@yahoo.com



دیمەن

ئارەزوەکات ژیانو بەسەرهاتی بکرێت بە فیلم

# تراژیدیای سێو

## چیرۆکی خانەوادەیەکی ئێواری کیمیابارانی گۆپتە پە .



سەردار سالار گۆپتە پەیی

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ بوو بەداخەوە نازانم چەند شەممە بوو، منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ وشەش مانگ بووم ماڵمان لە شانزادە بوو کە ڕەندێکە لە کەپرە هاوینەیەکانی لادێکەمان، بەرامبەر گوندی کانی بی . ئەوەی کە دەیگێڕمەوە تەنها ئو شتانەیە کە خۆم بەبیرم دێت، نەك قسەی کەسی تر . دوای نیوەڕۆ بوو باوکم لە ناو کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا خۆی سەر قاڵ کردبوو پیاوێك بەلا یدا ڕۆیشت ناوی مام علی بوو قسەیان کرد، نازانم باسی چیان کرد، بەلاّم گوێم لە ووشەی تەیارە بوو .

نازانم ئەو ئێوارەیە بوو یان ئێوارەی ڕۆژی پێشوتر یەکێك لە هاوڕێکانی باوکم لەماڵمان بوو، باسی جەیش و جاشیان دەکرد ئەو هاوڕێیەی باوکم وتی: سالار با منداڵەکانمان دەرباز بکەین و بڕۆین بۆلایەك، باش قسەکانیم وەبیر ناکەوێتەوە تابزانم ووتی : بەرەو کوێ بڕۆن ؟ بەلاّم ئەوەندەم لەبیرە باوکم وتی من ناڕۆم و لێرە دەبم . کات گەیشتە دەمەو ئێوارە خەڵکی خرۆشان ومشەوەش بوون، شڵەژان نەمان دەزانی چی ڕوویداوە دایکم وباوکم ئێمەیان کۆکردەوەو وتیان بابڕۆین بۆ لای ماڵی کاکم (ئەحمەد) کە برا گەورەی باوکم‌و مامی ئێمەیە، ڕۆشتین بۆلای ماڵێکی دراوسیمان بەناوی ئەمیری مام علی خێزانەکەی پاقلەی لێ نابوو سێ جار ئاوی کرد بە پاقلەکەدا هەر سوێر بوو لە سوێریان نەدەخورا ویستی غازەکە داگیرسێنێ سێ جار ئاگریدا هەر دەکوژایەوە نازانم بۆچی ویستی ئاگرەکە هەڵ بکات . کاتێك بەڕێ کەوتین لەگەڵ ئەوان و هەندێك خەڵکی تردا بەسواری تراکتۆرێك گەیشتینە بانی شانزادە پیاوێکمان توش بوو وتیان ئەوە مشیری مام علیە پرسیاریان لێ کرد چی بووە وتی: کیمیاوی لە ناو دێی گۆپتەپەی داوە، بەراستی هەوالێکی ترسناك‌و ناخۆشبوو، وتیان ئەی کوا ماین و جوانوە کە کەهیی باوکی بوو وتی کیمیا کوشتیانی ئیتر هەرکەسەو بۆ کەسو کاری خۆی دەگریا، نازانم چۆن گەیشتینە ناودێ بەلاّم لەوێ تووشی ماڵی مامم بووین مامە ئەحمەدم بە مەکینەکەی ئەوان کاکە شێرکۆی ئامۆزام لێی دەخوڕی ڕۆشتین بەرەو شیوە سورو جارێکی تر گەڕاینەوە چونکە وتیان لەوێوە کەس دەرباز نابێت، حکومەت زێی بەرداوەتەوە کەڵەك ناپەڕێتەوە، کە گەڕاینەوە لە ئاستی مەکتەبەکەی ئێستای گۆپتەپە هەندێ پێشمەرگە هاتنە سەر ڕێگەکەمان وتیان ئەو بریندارانە بەرن لەگەڵ خۆتاندا، لەو کاتەدا ماڵی پورێکی دایکم " ئایشی " کەبەداخەوە ئەنفالکراو جاریکی ترنەمانبینیەوە لەگەڵمان سەرکەوتن کە بەرکیمیاوی کەوتبوون کچەگەورەکەیان "ناهیدە" هەر دەگریا منی کردە باوەشی خۆیەوە لە عارەبانەی مەکینەکەدا دەڕشایەوە بەسەرمدا من منداڵی هەرە گەورەی دایکم و باوکم بووم، پێشڕەو برا ناوەنجیەکەم تازە سوننەت کرا بوو هەر دەگریاو دەگووت: باوکە گیان باوکم مەکینەکەی لێ ئەخوڕی لەوکاتەدا دنیا خرۆشا بوو زۆر قەرەباڵغ بوو، دایکم گەشاوی لەباوەشدا بوو کە تەمەنی تەنها چەند مانگێك بوو هونەری براشمی لە باوەشدا بوو کە تەنها ١١ مانگ لەگەشاوگەورەتر بوو ،ڕۆشتین لەناو عارەبانەی مەکینەکەدا تەنها گریان و هاوار و ڕۆڕۆ بوو، ئەوسا هیچ لەوە تێنەدەگەیشتم داخۆ بۆچی ئەو خەڵکە دەگریان..! بەدەم ڕۆشتنی مەکینەکەوە

گەیشتینە شاخەشینان ئاستی ڕێگای گوندی عەسکەر بوو، باوکم مەکینەکەی ڕاگرت، باش ئەوەم لە بیرە وتی: دابەزن دایکم دەگریا سالار چی دەکەیت ؟ لێمان جیامەبەوە چی لەو چوارمنداڵە بکەم ؟ بەبێ کەسی باوکم گوێی پێنەدا وتی ئێوە بڕۆن لەگەڵ ئەو خەڵکەدا من دەگەڕێمەوە دەچم بۆلای کاک حسۆ کە پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، هەرچی گریاین و هاوارمان کرد، باوکم ڕۆیشت و نەگەرایەوە لەو ناهەمواریەدا بەجێی هێشتین، پێشڕەوی برام هەر باوکە باوکەی بوو بەلاّم دادی نەداین و باوکم جێی هێشتین و لەگەڵ کاکە شێرکۆ گەڕایەوە، وتی دەچم محمدیش دەدۆزمەوە لەگەڵ خۆم دەیبەم محمد برای شێرکۆ بوو کوڕی مامە ئەحمەدم بوو باوکم ڕۆیشت و نازانم ماچی کردین یان نا، ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو، ئەوە چارەکە سەدەیەکە باوکم نەبینیەوە . لەوە بەولاوە بەپێ ڕۆیشتین شەومان لێبەسەر داهات و ئێمەش لەرۆیشتن بەردەوام بووین، هە تاگەیشتینە بانی (تەوەکەڵ) دنیا ڕوناك بووەوە بیرمە دایکم گەشاو و هونەری هەڵگرتوو من بە دوایدا دەرۆیشتم دەستی پێشڕەوی برامی گرتوو ئەوهەر لەگریان ژێر نەدەبووە وە دەیگوت باوەگیان . دیار بوو لەناو ڕەبایەکانەوە دەیان وت ئەوە عەسکەری حکومەتن با نەڕۆین، ڕۆیشتین لە ئاستی ڕەبایەکان عەسکەر هاتنە پێشمانەوە خەڵکێکی زۆر بووین بیرمە مامم ئەحمەد بە عەرەبی قسەی لەگەڵ کردن کۆیان کردینەوە لە تەختانیەکدا عەسکەرەکان بەرامبەرمان ڕاوەستان، یەکیان کە کلاوخودەیەکی ئاسنی تۆربەندی خاکی لەسەردا بوو



کابرایەکی ڕەشی ڕەزاگران بوو تفەنگەکەی ڕاکێشا ڕووی تێکردین بە دەنگێکی ناخۆش وتی: ئیعدام هەموو خەڵکەکە بەیەکجار کردیانە هاوارو شین و ڕۆڕۆ بەلاّم ئەفسەرێك هات و لولەی تفەنگەکەی نزم کردوو نەی هێشت تەقە بکات لەولاوە تۆپیان بەسەردا دەتەقاندین کەتەنها چەند مەترێك تۆپەکان لێمانەوە دووربوون پیاوەکان ئەیانگوت : مەترسن ئەوە تۆپ لەعەسکەرو گۆپتەپە دەگرێ بێ دەنگ بن ، بەلاّم بێ دەنگ بوون نەبوو، هەموو دەترسان و هاواریان دەکرد هەر چۆنێك بێت وتیان یەلاّ سواری ئەو زیلە عەسکەریانە بن لەگەڵ مەکینەکاندا خەڵکی کەم سواری زیلەکان دەبوون ئەترسان لەزیل ئێمە سواری مەکینەیەك بووین دایان گرتینەوە وتیان هەرجێگای خۆمان ئەبێ چی لەو چوارمنداڵە بکەین دابەزن خاوەن مەکینەکە دای بەزاندین دوایی نازانم بەچی گەیشتینەوە دەربەندی تەکیە لەوێ دایان بەزاندین و هەرچواردەورەیان بەعەسکەر گرتین تاکو دوای نیوەڕۆ لەوێ دەست بەسەر بووین دوای نیوەڕۆ سواری مەکینەو زیلیان کردین ئێمەیان کردە زیلێکەوە بەداکمیان وت دابەزە لەو زیلەدا ئەتان بەن بۆ قادر کەرەم نازانم کێ بوو وای بەدایکم وت دابەزین پیاوێك بەناوی ئەحمەد مامە حەمە کردمانیە

مەکینەکەی خۆیانەوە کە چەند مەیتێکی تیابوو بە بەتانی داپۆشرابوون زیل و مەکینەکانیان بەڕێ کرد سەیارەی عەسکەر لەپێشمانەوە ئەڕۆشتن تا گەیشتینە ناو تەکیە خەڵکی هەموو لە بن سنۆبەرەکاندا چاوەڕوانی کەسوکاری خۆیان دەکرد لەناو تەکیە دا مەکینەو زیلەکان ڕاوەستان وتیان ئەو زابتە ئەڵێ ڕاکەن بیرمە یەکەم کەس لە عارەبانەی مەکینەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە ڕۆشتە ناوخەڵکەکەوە ئیتر هەرکەس بوو خۆی فڕێ ئەدایە خوارەوەو ڕای دەکرد کە مەکینەکان بەتاڵ بوون لە خەڵك زۆر بەخێرای ئەڕۆشتن ئەوەی مایەوە مەکینەکەی ئێمە بوو تەنها سایەقەکە کاك ئەحمەد لەسەر مەکینەکە بوو ئێمەش لەگەڵ مەکینەکاندا لە ناو عارەبانەکە مابووینەوە کاك ئەحمەد چاوەڕێ بوو ئێمە دابەزین بەڵام ئێمە چوار منداڵ ودایکم، نەمان دەتوانی دابەزین یەکێ لە عەسکەرەکان ڕەنگی لەپێش چاومە کابرایەکی ڕەشی تەپلە سوور بوو جلێکی بۆری عەسکەری لەبەر دابوو بە عەرەبی قسەی دەکرد دایکم نەی دەتوانی لە عارەبانەی مەکینەکە دابەزێ چونکە گەشاوی بەباوەشەوە بوو عەسکەرەکە بە تفەنگەکەی ئاماژەی دەکرد دابەزن دایکم گەشاوی دەدایە دەستی بۆئەوەی لێی وەربگرێ دابەزێت و ئێمەش بە باوەشی دابگرێ عەسکەرەکەش باوەشی دەکردەوە بۆگەشاوو دەستی لادەبردەوە بۆ ئەوەی دایکم فڕێ داتە خوارەوە دایکم دڵی نەدەهات گەشاوفڕێ بداتە خوارەوە لەم کەین و بەینەدا بوون دایکم گریا کەس نەمابوو لەناو زیل و مەکینەکاندا جگە لە دایکم و چوار منداڵەکەی ، کاك ئەحمەد کەوتە ڕێ وپێی بەگازدا ناو ڕۆیشت زۆر بەخێرای ئەڕۆی خۆی کرد بەناو کۆڵانەکانی تەکیەدا چووە لاکۆڵانێك ڕایگرت کۆمەڵێك ئافرەت و ژن دانیشتبوون لەبەر دەرگا چرپەچرپیان بوو، مەکینەکەی کوژاندەوەو ڕۆیشت ئێستاش لەپێشچاومە کە ڕاستەو ڕاست بەکۆڵانەکەدا کاك ئەحمەد ڕای کرد. ئێمە لە مەکینەکەدا بوین ئەو ژنانەی لەوکۆڵانەدا بوون دەوریان لێ داین و دایان بەزاندین .

ماڵیکیان ئێمەیان بردە ژورەوەو کردمانیان بە منداڵی خۆیان هەموو مانیان شۆری وتێکەل بەمنداڵەکانی خۆیان کردین ، دایکمیان کردە ژێرجێگەوە کردیان بە نەخۆش وتیان ئەگەر کەس پرسیاری کرد دەڵێین کچە عازەبەو نەخۆشە ئەوانەش منداڵی خۆمانن ، ماوەیەك کە نازانم چەند ڕۆژبوو بەخیویان کردین ، هەر ئەوەنەمان خۆشبوو کە لەو ماڵە بوین ئیتر دوای ئەوە ڕۆژانی بەدبەختی ئیمە دەستی پیکرد.

**تیبینی** / ئیمە تاکو ئیستاش قەرزاری ئەوماڵەین و تاکو ئیستا هەر پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتیمان بەردەوامە لیرەوە سوپاسیان دەکەین

ئەرێ هاوار ئەی خەڵکینە بۆ کەس دەنگمان نابیستێ
ئەوە بیست ساڵە هاوار دەکەین
ئەرێ موسوڵمانان بۆ کەس گوێ بۆهاواروناڵەمان ناگرێ
وا بیست ساڵە گریان دەکەین
هاوار هاوارمانە، گەلۆ لە تاو ژانی ئازاری قوڵی برینمان
بیست ساڵە ناڵین بەس نیە؟
گریانە گریان گریانی دایك و باوکی شەهیدان
بیست ساڵە شیوەنی ئەنفال ئەیەین
ئەنفالی شوم ئەی یاران دەڵی نەگوێ تان هەیەونەدڵ
وا بیست ساڵە لای لایەی کیمیاباران دەکەین ئەرێ ئێوە چین !؟

**پور زوله یخا - بالیسان:**

# عەیبی حکومەت لە گەلای داران زیاترە



## دیمانە : ئەنفالستان

لە ١٦-٤-١٩٨٧ ڕژێمی بەعس هەستا بە کیمیابارانکردنی هەردوو گوندی شێخ وەسان و بالیسان، زەرەرێکی زۆری گیانی و ماڵی بە خەڵکە هەژار و بێتاوانەکەی ئەم ناوچەیە گەیاند، کە تائێستاکەش خەڵکەکەی پێوە دەناڵێت، وە تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە وەك پێویست خزمەتێکی شیاو بەم ناوچە زەرەرمەندە بکات، بە پێویستمان زانی وەك گۆڤاری ئەنفالستان دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ پورە زولەیخا بکەین کە خاوەنی دوو کوڕی شەهیدە لە کیمیابارانی گوندی شێخ وەسانان.

زولەیخا حسن ئەو ئافرەتەیە کە دوو کوڕی شەهید بووە لە کیمیابارانکردنی شێخ وەسان، کاتێ پرسیارمان لێکرد کە ئایا تا چەند حکومەت خزمەتی کردوون؟ بە قورگێکی پڕ گریان وڵامی داینەوە و وتی: **( بەداخەوە دەڵێم کە حکومەت جگە لە مووچەیەکی کەم هیچ خزمەتێکی تری خەڵکی ستەم دیدەی ئەم ناوەچەیەی نەکردووە)** من دوو کوڕم شەهید بووە لە کیمیابارانی گوندەکەمان خۆشم بریندراری چەکی کیمیاویم تا ئێستاش هەموو کات داو و دەرمان بەکاردێنم، حکومەت کارێکی نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی، بۆیە ئەو مووچە کەمەی کە وەری دەگرین زۆربەی بۆ داو و دەرمان خەرجی دەکەین، ئەم موچەیەش بە شەش کەس وەری دەگرین، چیان نەداینێ ئاوڕێکیان لێ نەداینەوە، چوار یەتیمم بە فەقیری و هەژاری بەکرێ ئیشم کردووە تا ئەو یەتیمەم پێگەیاندوون، بەداخەوە حکومەتی خۆمان دوای ئەو هەموو ساڵەی کیمیاباران نەیتوانیوە بچوکترین خزمەت بە کەس و کاری شەهیدان بکات نازانم من بەچی دڵم خۆش بکەم، عەیبی حکومەت لە پەلکی داران زیاترە، من دوو کوڕم شەهیدە بۆچی نە خانوو نە پارچە ئەرزێکیان پێ نەداوین، لە کاتێك دا ئەو مەسولانەی ئێستا لە خۆشبەختی و قەسر و قسور دان، کاتی خۆی ئێمە خزمەتی زۆرمان کردوون بەڵام بەداخەوە دەیڵێم کە هەموویان بێ وەفابوون بۆمان کاتێ گەیشتنە دەسەڵات ئێمەیان بیرچوو کە خزمەتمان دەکردن.

**تراژیدیاکان.. لە مەملەکەتی ئەنفالستان..**

## ژاکاو شێخ وەسانی

بە ئەندازەی ئاوات وخەونی منداڵی، ئاوات وخەونی خنکاوم بینی لەژیان. بەڵام گەرەکمە ئەمجارە هاوار لەناخم نەخنکێ وئەشکم قەتیس نەمێنن.

ئەمجارەیان بەشێوازێکی جیاوازتر لەجاران هاتووم لاپەرە خوێناویەکانی کلاورۆژنەی ژین بخەمە بەردیدی هەموو ڕۆح لەبەرێکی ویژدان زیندوو.

دەهرێکە خەیاڵێك لە زیهنما نەشونما دەکات، هەموو دەمارەکانی بەدەنمی خستۆتە سەما. بۆیە ئەمجارەیان دێمە گۆ، دێم و چیرۆکی خەماوی ژینم لەدەم کازیوەی بەیانەوە تا دەمی غروب بەیان دەکەم!

دێم و دەڵێم ویژدان خەوتووەکان، چاوهەڵێنن، گەر بۆ جارێکیش بێت لەدەقەری ئەنفالستانەوە پەیامێك بچڕن، گەر بۆ جارێکیش بێت ئەشکێك لە چاوێك بسڕن، تاکەی چاوی چاوەڕوانی ئێمە لە ڕێگاو چاوی ئێوە لەخەودا بێت ؟

بۆ نابینن؟ دیرۆکی هەزارانی وەك من بوون بەحیکایەتی ئەم نیشتمانە. کەچی تا ئێستاش هێندەی عاشقێکی بە گوروتین عاشقی مشتێك بەختەوەرین. کەچی لەباوەشی ئەم نیشتمانەی کە بریندارترە لە

ڕۆح و جەستەی ئێمە بەدی ناکەین.

منم خاوەنی دیرۆکی خەمم.. عەزاپۆشی شاڵاوی ستەمم..

بەر لە بوونم خەمەکانم لەدایکبوون و بەتامەزرۆیی یەوە چاوەڕێی هاتنە دونیای من بوون. من ئەو کەسەم یەکەم ژەمە خۆراکم پێکهاتەی (خەردەل و سیانید) بوو، بەر لەوەی تروسکایی دونیا بە دیدەکانم بەدی کەم. بێ کەسی تروسکایی لێ بردم. کەسێ نەبوو دەست بخاتە سەر سەری بێ نەوایم و بەخێرهاتنی هاتنە دونیام بکات، لەو دەمەوە هەتا ئەمرۆ دیمەنی حەشر لەبەرچاوم خۆی نمایش دەکات. هەموو چرکەو ساتەکان نمایشی مەرگ و خەم و دابڕان لەشانۆی دەرونی من بەڕێوە دەچێت.

ئەگەر ساتێك لەساتەکان فەرامۆشی ببێتە میوان خەیاڵم یەخەی خەم بدڕێت. ئەوا شریتی تەمەنی پڕ مەینەتم دێت و خۆی نمایش دەکات.

یاخود وەك پەراوێکی یادەوەری دێتە بەردەستم لاپەڕەکانی دێنێتە بەردیدەم.

هەزاران چرکەو سات بۆی بگەڕێم تاکە یادەوەریەك بەدی ناکەم کە ویژدانی مرۆڤی پێ نەهەژێ. لەهەر لاپەڕەیەك دیرۆکێك و لەهەر دێڕێك حەسرەتێك ئەبینم. هەر وشەیەك بەئەشکێك ئەشۆمەوە.

لەلاپەڕەیەك دیمەنی ئەو پورە نەونیهاڵەم تۆمارکراوە کاتێك لەگەڵ قەصفی فڕۆکە ژیان کوژەکانی بەعس چەند ڕۆژێك بینایی چاوانی لەدەست داو خەستی دوکەڵ و بۆنی باروت هەناسەی لەناخی بڕی.

لەلاپەڕەیەکی تر چیرۆکێك هەیە لەژێر ناونیشانی ڕاگواستن، دەست بەسەری، دەربەدەری.

یادەوەری ئەو مامە تەمەن لاوەم باسکراوە کە بەهۆی سەختی ڕێگاو برسێتی و نەخۆشی لەمەملەکەتی سامان و چاوگەی نەوتا گیانی پاکی لەگەڵ نەورەسەکاندا فڕی و لاشەی لەخاکی جنوب جێما. بۆ هەتا هەتایە خاکی پیرۆزی نیشتیمانی نەدیتەوە.

لاپەڕەی دواتر دیمەنی مامێکی ترمە کە چەندین شەوی ساردو بەفراوی زستان و چەندین گەرمەتینی هاوینی لەچیاکان دا گوزەراند. ئەو پێشمەرگە نەبەردە هێندەی کەوەکانی زنجیرە چیاکانی ئەو دەڤەرە ئاشنابوو بەداروبەردی شاخ و کێو. هێندەی ئەوانیش عاشق بوو بەسروشتی چیا.

بەڵام لەسروشتی پاکی شاخەوە کیمیایی کراوەتە هەناسەی ژینی و هەر بەوەندەش نەوەستاون لەباوەشی نیشتیمانی دائەبڕێنن و لەنوگرەسەلمانی نەگریسەوەبەرە و بیابانەکانی عەرعەر ڕاپێچ دەکرێت. هەر بەزیندویی لەبری کفن. خۆڵ و لمی بیابان ئەکەن بەبەرگ و پێخەفی. بۆ هەتا هەتایە جیای ئەکەنەوە لەباوەشی نیشتمان. لەگەڵ ئەو هەموو عیشق و تینەی بۆ نیشتیمان، بۆنی خاکی نەکردەوە جارێکی تر.

لەلاپەڕەیەکی تر بەسەرهاتی ئەو خوشکە منداڵەم ئەخوێنمەوە کاتێك لەزیندانا، لەنێو ئەشکەنجەو دڵ ڕەقی جەلادەکانا، لەسەر لاشەی چەندین تەرم و مرۆڤی بێ گیان بۆ (تەماتە) ئەگریا نرکەو ناڵەی سنوری کەشکەشانی ئەبڕی، پەلاماری هەموو شتێکی سوری ئەدا بەنیەتی ئەوەی تامی تەماتەی پێ ببەخشێ.....

باوکە خەم لەکۆڵ و بێ مرادەکەشم چەندەها تراژیدیای دڵ بڕی لەئەرشیفی یادەوەریەکان جێ هێشتووە بۆم.

لەنێو هەموو حەسرەتاکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە، ئەو هێندە شەیدای نووسین و خوێندنەوە بوو تەنانەت لەئێوارە مەرگی ١٩٨٧/٤/١٦ کاتێك مەرگ میوانداری ناپاڵمە کیمیاییەکانی دیکتاتۆری بەعسی ئەکرد. ئەو لە ژێر تریفەی مانگە شەو و نسێی هەڵی کۆپتەرەکان مێژووی ئەو ڕۆژەی تۆمار ئەکرد لەدەفتەری یادەوەری. ژمارەی یەکە یەکەی فڕۆکەو هەلی کۆپتەرەکانی تۆمارکرد لەو ڕۆژەدا. هەموو تەمەنی بەخشیە خەباتی ڕزگاریخوازی ئەم گەلە. لەگەڵ ئەوەش دا دوای تەمەنێك لەچاوەڕوانی و شەونخونی خوێندن. هەوری ڕەشی ستەمکاری بەعس مەودای نەدا ئاوازی (دارا دوو داری دی) بۆ منداڵانی هەوارەکەم بچڕێ. لەولاوە ئەو کۆرپەیەی بە چەندین حەزو هیواوە چاوەڕێی هاتنە دونیای بوو نەگەیشت بەو حەزەو بەر لەبوون سەری نایەوە. لەلاپەڕەیەکی جەرگ بڕتر وێنەی نەنکم ئەبینم کە بەچاوی نابیناو هەناسەی هەڵکوڕماو و جەرگی سوتاو نەوە بێ دایك و باوکەکانی لەگەڵ هەگبەی خەمەکانی لەکۆڵ ناوە. هێور هێور بەدوای نەهامەتیەکانی ژیان وەك دەزولەو مۆم ئەسوتێت و ئەتوێتەوە.

٢٦ ساڵە لەبەرەی ململانێ دایە لەگەڵ مەرگ، ٢٦ ساڵە جگە لەنەخشەی دیواری ماڵ و چوار دیواری نەخۆشخانەو پێداویستی پزیشکی و داو دەرمان هیچی تری بەدیدەکانی نەدیوە.!

گەرچی تەمەن جێی هێشتوە و نەخوێندەوارە بەڵام لەگەڵ گشت داو دەرمان و پێداویستسەکانی پزیشکی ئاشنابووە. وەك پزیشکێك مامەڵە لەگەڵ ئەم کەل و پەلانە دەکات. بەبڕوای من جێگای سەرسوڕمان نیە، لەبەر ئەوەی ٢٦ ساڵە هاوڕێیەتی بەستووە لەگەڵ ئەو ئالەتانە وەلێ بەقەد ئەو مەودایە وەك میوانێکی هەمیشەیی ئاڵوگۆڕی خەمەکانی لەگەڵ نەخۆشخانەکاندا ئەکات ٨ جار جەرگ سوتاو و خاوەن ٨ مۆمی کوژاوەیە. کەچی بستێك زەوی نەبووە بەشی تەنها سوچێکی نەخۆشخانە نەبێت.

بیرەوەریەکان چەند بە ئازارن، زامەکانم چەندە بەسوێن!

ڕۆژێك لەڕۆژان یادەوەریەك خەندەیەکم ناکاتە دیاری.. ئەم چیرۆکانەو هەزاران چیرۆکی خەمناکی تر ڕابردوو ئێستاو داهاتووی منن. گەر بێت و لەوە زیاتر خەمەکان هەڵڕێژم خامەو پەڕاویش هەراسان دەبن و نامنووسنەوە.

من داهێنەری چیرۆکی غەمم، مێژووی ژیانێکی پڕ ستەمم، گشت ئێوارانێ لەگەڵ خۆرنەوازان ئاوا دەبم. کەچی غروبیشم سەرنج ڕاکێشنیەوهیچ کەسێك تۆمارم ناکات...

# بیرەوەریەکانم لەپرۆسەیی بەدناوی ئەنفال بۆمێژووی نەتەوەکەم دەگێڕمەوە...؟



سیروان سلێمان

لەکاتی ئەنفالدا، تەمەنم هەشت ساڵان بوو، لە نێوئاڵاویی لەگەڵ کچێك یاریمان دەکرد، هاتمەوە بۆماڵ لەڕێگە پیاوێك پاڵیدا بە دەرگای حەوشەکەمانەوە ئەو پیاوە ((عەزیز حاجی ڕەشید) بوو، کە هەواڵی شەهیدبونی باوکمی هێنایەوە. زۆر بەداخەوە ئەویش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت.

ئەو ڕۆژە ١٩٨٨/٤/٨ بوو، باوکم شەهیدی فەرماندە(( مام سلێمان تەپەسپی- گەرمیانی)) لەگوندی هۆمەربل سنگی خۆی کردە قەڵغان بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکەو کوردستان زیاتر ئەنفال نەکریت، بەلام بووە یەکەمین شەهیدی بەرگری لە روبەروبونەوەی ئەنفالدا. لە هێنانەوەی تەرمی باوکمدا خەڵێکی زۆرئامادە بوو، کە بەڕیانخست بۆگۆڕستانی کانی چناخە، منیان خستە نێوگەڵابەی مەکینەیەك پیاوێك تفەنگ وتاقمێك بەدەستیەوەبوو، وامزانی ئەو تفەنگ وتاقمە هی باوکمە. گەیشتینە سەر گۆڕستان، گۆڕەکەی باوکم بینی زۆر ترسام چونکە منداڵبوم و یەکەمجارم بوو، دوای بەخاکسپاردن ریزێك فیشەك کرایە تەپڵ لەسەرگۆڕستانەکە، ئەمەش بەو مانایەی: هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆڵەت دەسەنینەوەو خوێنت بەفیڕۆ ناچێت! دوای دوو ڕۆژ خۆمان پێچایەوە بەڕێکەتوین بۆ گوندی (هەوارگە ڕەقە) ئێمە لە نێوگەڵابەی مەکینە بوین لە ڕێگا بە پیاوێك گەیشتین ناوی( شیخ حسین هەزارکانی) سواری وڵاخێکی بەرزوتاجیك بەدوای یەوە بوو..؟ شێخ حوسێن ووتی: بۆ کوێ دەچن؟ ئێمەیش بەهۆی شەهید بونی باوکمانەوە ئاگامان لەخۆمان نەمابوو، خەمبار بوین و دلتەنگ و سەرلێشێواو بووین، کاتی گەیشتنە گوندەکە هیچ شتی لە شوێنی خوی نەمابوو؟ خەڵك وەك بڵقی سەرئاو هاتوو چۆی بوو، نەمان دەزانی چیمان بەسەردێت..؟ دوای ئەوە بەڕێکەوتین بۆ گوندی (گامەخەڵك) ئەوەندە خەڵك کۆ بووەوە دەتووت ڕۆژی قیامەتە، من و جەباری برام دەچوین بۆ ناو مەکتەبەکە لەسەر تەختە ڕەشەکە دەمانوسی دوای ئەوە ترسمان لێ نیشت حکومەت مەکتەبەکە بڕوخێنێت بەسەرماندا، یەکسەر هاتینە دەرەوە، سەیرم کرد شۆفڵ هات دەستی کردە کاولکاریی و ڕوخاندنی گوندەکە یەکسەر ژنی خاوەن ماڵ دەستیکردە گریان و باوکەڕۆ،سەربازێکیش لەخوارەوە ئاگری کردەوە لە نێو دەمی شۆفڵەکە یەکسەر هەمووی گڕی گرت. سەربازی ڕژێم بینی مێردمنداڵ بوون،بڕوابکەن پاڵت پێوە بنایە یەکسەر دەکەوت، فڕۆکەی عەلی کۆپتەر لەسەر بەرزایەکەی گوندی

گامەخەڵ
نیشتەوە،خەڵکی
عەشایەری خۆمان
تفەنگ و چەکیان دەبرد
لەوێ تەسلیمان
دەکرد،(فەتاح بەگ)
لەسەر کورسیەك
دانیشتبوو،چوار
دەوری چێش دەورەی
دابوو،وابزانم
پلەی(لیوا)
بوو،بەهەرحاڵ کەوتینە
ڕێگا بۆ
گوندی(کوڵەجۆی
حاجی حەمەجان) پێش
مەغریب باران تێ
کرد،ئێمەیش چووینە
ناو گەلابە مەکینەیەك
خەوتین تابەیانی باران
کارێکی پێ کردین
هەرگیز بیرم
ناچێتەوە،بۆ بەیانیکەی
ڕۆژ بووە،ماڵی (حاجی
حەمەجان) لەلایەن
ڕژێمەوە سوتێنرا،ژن و
منداڵ هەموویان
دەستیانکردە گریانی
بەرز،ڕۆژێکی تەماوی
زۆر ناخۆش
بوو،هەندێ ڕێمانکرد
بۆ گەیشتینە شوانێك
حەیوانیکی زۆری
لەپێش خۆی
دابوو،یەك کار
بەدەستیەوە بوو،بەهۆی
تێکچوونی بارودۆخەکەوە،کارەکەی فرێدا،بزنیش
هەردەیقڕاند بەدوای بێچووەکەیدا..!ڕۆیشتین بۆ
گوندی قەلاقۆچالی لەنێو ئەو کەن و دۆڵانە خۆمان
شاردەوە تا درەنگانێك بۆئەوەی هێزی ڕژێم کەم
بێتەوە خۆمان قوتاربکەین،دوای نان و چای خواردن
کەوتینە ڕێ بۆ گوندی (توران) لەڕێگە بەهۆی زۆر
ماندووبونەوە شەکت بوین،خوشکێکم هەیە
بەناوی(فاتمە) بەهۆی زۆری ماندووبون و برسیتی و
تیونێتی دەمی ناوە ناو چەمی توران وایزانی
ئاوە...؟ئاو نەبوو تەنها بەرد بوو..!کاتێك مانزانی
قافڵەی ڕژیم هات هەموومان پێکەوە لەناو دارەکان
خۆمان شاردەوە نزیکەی٦٠٠ کەس دەبووین ئەو
شەوە،دوای ڕۆیشتنی قافڵەکە کەوتینە ڕێ بۆ سنوری
کەماڵیەکان لە خواروی گوندی سەید خەلیل بەدزی
یەوە دابەزینە ناو کۆمەڵگای زۆرەملێ صمود،چوار
دەوری صمود هەموو بە ڕەبیە چنرابوو،لەهەموو
ناخۆشتر ئەوە بوو ئێمە هەڕێمان دەکرد،گلۆپەکان
زریوە دەهات ئێمەیش نەدەگەیشتین بەصمود..؟دوای
ماوەیەك ماینەوە لەماڵانە بەخوا ئەوەندە درك و داڵ و
پەیکوڵ چووە پێکانم هەتا یەك هەفتە درکیان لەپێ ی
من دەرکرد،هەردوو پێم هەڵئاوسابوو بەهۆی
ڕێکردنەوە،ئەوەندە ماندوو بووین بەردەوام دەخەوتووم
و ماندووبونم دەرنەدەچوو،بەزۆر منیان هەڵدەساند بۆ
ئەوەی نان بخۆم،بەڕاستی ژیانێکی کولەمەرگی
بوو!دوای ئەوە چووین بۆ شاری کەلار ماڵمان بۆئەوەی
حکومەت شوێنمان نەزانێت بۆئەوەی ئەنفالمان
بکات،خۆمان دەشاردەوە،بەهەموو جۆرێك تا بارودخ
بکەویتە لایەك،دوای تەواوبونی عافواتەکە حکومەت
دەستی کردە ماڵگەڕان بۆئەوەی کەس وکاری ئەنفال
بدۆزێتەوە،ئیتر دونیامان لێ تاریك بوو،ئێمە لەماڵی
پیاوێکی قەومی خۆمان بووین بەڕاستی زۆر زیرەك
بوو،ووتی:خەمتان نەبێت،خۆم چارەسەری دەکەم،ئێمە
بردە (کاوەنێك پرلە کا) لەبنەوە خۆمان شاردەوە
هەموومان خۆمانکردووە بن باڵی دایکم لەترسی
پیاوەکانی ڕژیم،ئەو شوێنە ئێمە تێ چووین شوێنی

(پشیلەیەك) بوو،ڕۆیشتبوو،بۆ مووشەکردن بۆ بێچووەکانی لەپرێکادا گەڕایەوە،لەتاو بێچووەکانی خەریك بوو،هەمووومان بەچڕنوك کوێربکات!ئێمەیش لەترسی چڵکاوخۆرەکانی صدام هەموو گیانم دەلەرزی،دایکم لەوی مەولویکی قەراردا بۆئەوەی ڕزگارمان بێت،ئەو پشیلە خەریکبوو،شوێنمان ئاشکرا بکات، بەهەرحاڵ ئەفسەرەکە هاتەماڵەوە (مام فەتاح) بەخۆی هەویەکانیەوە، ڕۆیشتە پیری یەوە، ووتی: قوربان ئێمە سێ نەفەرین، کەسی ترلامان نی یە؟ یەکسەر ئەفسەرەکە گەڕایەوە ئیتر سەربازەکان گەڕانەوە، لە ناو کاوەنکەوە پۆستاڵی سەربازەکان دیاربوو، خەریکبوو لەترسان هەموومان بمرین، بەڕاستی ئەوە هەرگیز بیرناچێتەوە! لەوێ ماینەوە ئەوقەومانە

هەندێ شت ومەکیان پێدا‌ین بۆ ئەوەی پێی بژین ، براکەم منداڵێکی زیرەك بوو، دەستیکردە کەسابەت حاڵمان تۆزیك باشتربوو، دوای ئەوە ڕۆیشتین بۆ (لیواکە) دایکم ژنێکی زۆر ئازایە، پێناسی باری شارستانیمان نەبوو ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان پێنەبوو، دوای دووساڵ توانی جنسیەمان بۆ دەربکات، زۆرخۆشحاڵبوین کە بوینە خاوەنی جنسیە ئیتر ترسمان کەم بووە، ڕژێمیش بە عێراقی دەزانین،



پێشتر کەمنیان ناردە مەکتەب ووتیان کواجنسیە؟ دایکم ووتی: نیمانە، باشە ئێوە عێراقین یان ئێرانین ؟ ئەوەی کەسوکاری ئەنفال بوایە، باری لاربوو، بەدەرکردنی جنسیە؟ ئیتر زۆر ئاسودە بوین باری خەمان سووك بوو، سەرەڕای ئەمانە دایکم((گوڵە ئەحمەد)) دەستیداوە زیندووکردنەوەی ڕێکخستن و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لەگەڵ هاوڕێکی باوکم بە ناوی (حەمەئەمین شەربەت) پیاوێکی ناسراوی کۆمەڵایەتیە، ئیتر لەلایەن کاك (عوسمان حاجی مەحمود) دوو جار هاوکاری باشی کردین بۆئەوەی لەسەر پێ خۆمان بوەستین، هەموو مانگێك لە کاتی ڕژێم مانگی ٦٠دیناری عێراقیمان وەردەگرت وەك موچە نایشارمەوە، بەڕاستی وەفاداری وقارەمانی کاك عوسمان بێ وێنەیە، هیوادارم هەمیشە ساغو سەلامەت بێت، بەوحاڵەوە ژیاین هەتا گەیشتینە بەهاری ڕاپەرین چرای میللەتی کورد هەڵکرا..ئیتر خۆشحاڵی و ئاسودە بەخشی بۆنەتەوەکەم گەڕایەوە، ئێمە قوربانیماندا، بەرهەمی قوربانێکە لە ماوەیکی کەمدا، داگیرسایەوە، ئەوەی من ویستم بیڵێم: تەنها

سـەرەقەڵەمێکە بۆئـەوەی نـەوەکانی ئاینـدەمان سـودی لـێ وەربگـرن وەك سەرچـاوەیەکی راسـتی متمانـە پێکـراو ..هـەموو نەتەوەیـەك مێـژووی خـۆی هەیـە، مێـژووی نەتەوەکـەی مـن جێگـای شـانازیە چـونکە بەخـەباتی خۆمـان وبـەرەنجی خۆمـان بـەقوربانی خۆمـان توانیمـان هـەموو پیلانـە گـەڵاوەکانی رژێـم هەڵبوەشـێنینەوە بۆئـەوەی کـەس و کـاری سـەربەرزی ئـەنفالکراوەکان بەئاسـودەگی بـژین و تـاجی سـەروەری بنینـە سـەر مـەزاری شـەهیدان وخەجاڵـەت و سەرشـۆری بۆنـەیارانی میللەتەکـەم هەرئەوەنـدە ماوەتـەوە بڵـێم: وەسـێتێك بۆنـەوەکانی ئاینـدەی وولاتەکـەم تکایـە تـاوانی ئـەنفال بەکـەم وەرمـەگرن وئیشـی لەسـەربکەن تادەگەینـە مـافی رەوای خۆمـان بـۆ ئـەوەی شـەهیدەکانمان بـەئارامی بنوێـت و رۆحیـان شـادبێت، ئاڵاکـەی قـازی لەسەرسـنگی چـیای حـەمرین بۆ هەتاهەتا دابنین و بشکەێتەوە..ماڵئاوا ماڵئاوا

---




## چاپکراوی نوێ ئەنفالی زێی بچوک

نـاوی پـەرتۆکێکی قـەبارە مـام ناوەندیـەو لـە١٩٦ لاپـەرە پێکهـاتوە توێژینەوەیەکـە دەربـارەی ئـەنفالی ناوچـەی کۆیـەو تەقتـەقو دەوروبـەری دەدوێ، نوسـینی ئیـدریس ئۆمەرگۆمبـەتی یـە، نوسـەر لەپەرتوکەکەیـدا ئامانجەکـەی رنکردووەتـەوە کەمەبەسـتیتی چـەند ئامـانجێکبێکی، لەوانـە خزمـەت بەهـەوڵی سـرینەوەی ئاسـەواری کێشـەکان بکـرێن کـە لەسـۆنگەی تـاوانی ئەنفالـەوە دەرکـەوتوون و کاریگـەری خراپیـان لەسـەر تـاکی کـورد بەجێهێشـتووە، ئامـانجێکی تـری ئەوەیـە هانـدەربێت، بۆئـەوەی تـاکی کوردبکاتـە هـاوڵاتی کـارا لەناوکۆمەڵـداو فراوانکردنـەوەی بازنـەی بایەخـدان بـە دۆسـێی ئـەنفال لـەرووی راگەیانـدن و سیاسـی و کۆمەلایەتی سایکۆلۆژییەوە .

لـەکۆتایی بەشـی پێنجەمـدا نوسـەر چـەندین دۆکۆمێنـت و وێنـەو خشـتەی تایبـەت بـە ئـەنفالی بڵاوکردووەتەوە .

هەرچـەندە لـە پەرتوکەکەیـدا سوپاسـی (رابـەری سـەید برایمـی کـردووە) بـەڵام لەوبارەیـەوە ئامـاژە بـەوە دەکـات کـەوا بەلێنەکـەی جێبەجێنـەکردووەو تـەنها نیـوەی تێچـوونی چـاپەکەی دابین کردووەوئەوەی تری کەوتووەتە ئەستۆی نوسەر خۆی .

## دلێر فەریق صدیق : سێوسێنان
## دوورۆژ لەناو کێڵگەیەکی گەنم مابوومە ئینجا دۆزیبویانمەوە

**بەروار : شوێن : سێوسێنان – کاتژمێر : ٢ی پاشنیوەڕۆ**



چیرۆکێکی ئازار بەخش لە سێوسێنان رای کێشامە مالّی پیاوێکی توڕەوناڕازی فەریق صالح کارگوزاری قوتابخانەی ناحیێکەیە خۆی و خێزانەکەی بریندداری چەکی کیمیاوین، فەریق لەوە تورەیە کە هەتا ئێستا وەك پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.
دلێر بەرکەوتوویەکی گازبارانی ئێوارەی ٢٣/٢٢ی ئازاری سالّی ١٩٨٨ە .. تەمەنی تەنها دومانگ و چەند رۆژێك بووە کەوا گوندەکەیان " سێوسێنان" بەرچەکی کیمیاوی کەوتووە.
ئەوکاتەی زرموکوتی راجمەکان سێوسێنانیان راچڵەکاند فەریق لە دوکانەکانی ئاوایی خەریکی شتومەك کڕین بوو، بەرلەوەی ئەو وەك سەرۆکی خێزان بگاتەوە مالەوە خانەوادەکەی خۆیان خزاندبووە ئەو ژێر زەمینەی بۆخۆپاراستن لە تۆپبارانی رۆژانە لەمالّەکەی خۆیاندا دروستیان کردبوو، پاش ئەوەی بۆردومان کۆتایی هات، فەریق گەیشتەوە مالّەکەی و فەرمانیدا خانەوادەکەی لە ژێرزەمینی مالّەکەیان بێنە دەرەوەو بەرەو چیاکەی بەرامبەریان رابکەن و خۆیان رزگاربکەن، ئەوان لەژێر تەمی گازێکی خنکێنەردا شلەژا بوون و بەترسەوە بەناو کێڵگەیەکی گەنمدا هەنگاویان دەهاویشت، بەلاّم زۆری نەبرد کە هەنگاوەکانیان خاوبوونەوەوبینایی دایك وباوکی دلێر نەماو بە هۆی گازەوە کە لەسەر گیاو گەلاّی سەوزی گەنم نیشتبووەوەو بەجولەو هەنگاوەکانی خۆیان دەیان وروژاندەوەو بەهۆیەوە کوێربوون و لەپەل و پۆکەوتن و نە توانای رۆیشتن و نە ئاگایان لە دلێری ساواما ، بەو شێوەیە منداڵێکی بەرمەمکان بەزیندووی لەناو کێڵگەی گەنم بەجێدەما، کاتێکیش خەڵکی دەوروبەر بەهانای سێوسێنانەوە هاتن بریندارەکانیان کۆکردەوەو بەسواری تراکتۆر کە لەناویاندا دایك وباوکی دلێریشیان تێدابوو، بردیانن بۆ چارەسەرێکی سەرەتایی لە نۆخۆشخانەیەکی ئەوسای پێشمەرگە لە مەلبەندی ١ کە بنکەکەی لە بەلەکجاربوو، دلێر هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، بەلاّم سەیربوو کە ئەوساوایە دوای دوورۆژ لە هەمان شوێن بە برسێتی بەهۆی گریانیەوە دۆزرایەوە.. !!
ئێستا دلێر لە سێوسێنان دەژی گەنجێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، قۆناغی پێنجی ئامادەیی خوێندووە، بەلاّم لەبەر ئەوەی چاوەکانی کزبوون، دوای ئەوەی سەردانی چەندین پزیشکی تایبەتمەندی کردووە بێچارەسەر ماوەوەتەوە، بۆیە بە ناچاری و نیگەرانیەوە دەستبەرداری خوێندن بووە، دلێر کەسایەتیەکی بەهێزو بەئیرادەیەوگەنجێکی رۆشنبیرە لەئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لەسیوسێنان ئەم دیمانەیەمان سازدا .

**سالّی چەند لەدایکبوی ؟** لەدایکبوی ١٩٨٨/١/١٥ .

**وەك بۆيان گێڕابیتەوە ئەوكاتە ئێوە بەچیوە خەریكبوون ؟**

بە كشتوكاڵ وئاژەڵداری.

**ئەو ئێوارەیەی كە كیمابارلان كرا تۆ چۆن بەركەوتیت ؟**

دایكم و باوكم ئەیگێڕنەوە لەكاتی بانگی مەغریب بووە وەختی نان خواردن، دایكم دەیگوت لە پنجەرەكەوە بینیومە گڕی زەردو سور لە دەربەندیخانەوە هاتووەو لەوكاتەدا باوكت لەماڵ نەبووە رۆیشتوە پاكەت بكرێت، منیش دەرگاكەم پێوە یاوەو زانیومە ئەوە كیمیایە بۆنی میوەی لێهاتوە، وەدەرگاكەی داخستوەو لە ماڵەوە لەگەڵ من و براكەم.

**براكەت ماوە؟**

نەخێر مردوە.

**براكەت ناوی چی بوو ؟**

فەرەیدون

**ئەو لەتۆ گەورەتر بوو؟**

بەڵی دایكم دەیگوت كەباوكت هاتۆتەوە ووتویەتی بابڕۆین كیمیایە منداڵەكان بێنە كە دەرگاكەی كردۆتەوە كیمیایی هاتۆتە ژورەوە ئەو دەیگوت ئەگەر دەرگاكەم نەكردایەتەوە كیمیایی نە ئەهاتە ژوورەوە، باوكم فەرەیدونی برامی هەڵگرتوەو منیش تۆم لە باوەش كردوەو لە بێشكەكەم دەرهێناویت و رۆیشتوین، باوكم ویستویەتی بەرەوشاخ بروات كە لە دەرگاكە هاتبونە دەرەوە ئیتر كیمیای لێیدابوین دایكم تاماوەیەك ڕۆیشتبوو ئەویش هۆشی نەمابوومنی بەجێ هێلابوو پاش شەوو ڕۆژێ منیان دۆزیوەتەوە، بەهاربووە من لە گیایەكەدا دیارنەبووم منداڵ بووم نەنكم منی دۆزیبۆوەویەكەمجار نەیزانیبو من منداڵی خۆیانم چونكە ئەویش هۆشی زۆر نەبووەو كیمیایی لێیاوە ، شەو و ڕۆژێ بە هەویر بەخێوی كردوم هەر هەویری یاومەتێ لەگەڵ مامەیەكی باوكم و پورێكی باوكم .

**نەنكت و مامت ناویان چی بوو؟**

خەیریە عبدالقادر و احمد عبدالقادر، مامی باوكیشم منداڵەكانی بە كیمیاوی شەهید بوون و خۆشی توشی نەخۆشی عەساب بووە لەوكاتەوەی كیمیایەكە لێیداوە.

**باسی ئەوەت كرد كە براكەت مردوە ئەویش بە كیمیای مرد؟**

نا بەڵام ئەویش ئەقڵی تێكچوبو .

**ئەی ساڵی چەند مرد؟**

لە ساڵی ٢٠٠٦ بەڵام هیچ فەحسێكیان بۆ نەكردبوو.

**وە دایكت و باوكیشت بریندای چەكی كیمیایی بوون؟**

بەڵێ، ئەوانیان بردبوو بۆ مەڵبەند دەرزی و شتیان لێ دابوون و باش ببون بەڵام من ئەو دەریزیەم لێنەدراوە كاتێك منیان دۆزیبۆوە ئەو شتانە نەمابون وە لەوێ كە باسی منیان كردبوو وتیانە ئێستا نەماوە ئەگەر كیمیایەكەش نەیكوشتبێ ئاژەڵ خواردویەتی دوای عەجایەبیان لێ هاتووە كە منیان دۆزیوەتەوە.

**ئێستا تۆ كە ئەو بیرەوەری و بەسەرهاتەی خۆت دەزانیت و تا پێنجی ئامادەیشت خوێندوە هەوڵت نەداوە بینوسیتەوە بۆئەوەی وون نەبێ ؟**

نەخێر بەڵام هەر لەبیرمەو قەت بیرم ناچێتەوە وا ئەزانم لەو كاتەدا گەورە بووم ئەوەندەم بۆ گێڕاوەتەوە .

**تا چەند پێت باشە كە من ئەم چیرۆكەی تۆ ئەنوسمەوە بۆئەوەی ون نەبێت ؟ وە پێت خۆشە بڵاوبێتەوە ؟**

زۆرم پێ خۆشە بنوسرێتەوەو پێشم باشە بڵاوبێتەوە چونكە تا ئێستا هیچمان بۆنەكراوە .

**بۆچی تاكو ئێستا هیچتان بۆنەكراوە ؟**

تا ئێستا زۆر لەرێكخراوەكان هاتوون چاوپێكەتنیان لەگەڵا كردوین بەڵام ئی حوكمەت نەهاتوون و هیچمان بۆ نەكراوە .

**تۆ وەك گەنجێك چیت پێویستە بۆت بكرێت وەك بەركەوتەیەكی چەكی كیمیای ؟**

داواكارم لەحكومەت هەموو ئەوكەسانەی كە وەك ئێمەن هاوكاری بكرێن، چونكە بەهۆی ئەوەی خەڵكی ئەم ناوچەیە هاوكاری پێشمەرگەو شۆرشی كردوە ڕژێمی بەعس بەتوندی بەرەنگاری بۆتەوە.

**تۆ هیچ ئەخوێنیتەوە لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی كورد ؟**

بەڵێ ئەخوێنمەوە

**گۆڤاری ئەنفالستانت بەردەست كەوتوە ؟**

نەخێر.

**لە سیۆسێناندا هیچ كتێبخانەیەك هەیە؟**

نەخێر بەڵێنیان دا بۆمان بکەنەوە و بەڵێن وابو من ئیش و کاری ئەوێ راپەڕێنم بەڵام بەداخەوە تائێستا نەکراوەتەوە .

**ئایا وەك خاوەن پێداویستی تایبەت ئەندامی لە هیچ ڕێکخراوێکدا ؟**

بەڵێ ئەندامم لەکۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان.

**لەوێ هیچ مووچەیەکت هەیە؟**

بەڵێ تەنها ئەو سەدووپەنجا هەزارەیە کە هەموو خاوەن پێداویستیەکی تایبەت هەیەتی .

**لاریت لەبلاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنەهەیە ؟**

نەخێر.

**بەڵام من چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێك لەکەسوکاری جینۆسایدکراوان یان بەرکەوتوانی چەکی کیمیاباران دەکەم ئەوان پێیان خۆش نیە قسەبکەن، بەرای تۆ هۆکاری ئەمە چیە ؟**

بەرای من هەموو ئەوشتانە بۆحکومت ئەگەڕێتەوە کەموچەیەکی کەم دەدات بەوارسی شەهیدان وبەڵێنێکی زۆردەدات جێبەجێ ناکرێت .

**بەبڕوای تۆ چی بکرێت بۆ ئەم ناوچانەی کە تاوانی جینۆسایدی لێکراوە ؟**

بەرای من یەکەم شت دادگایی ئەو کەسانە بکرێت کەدەستیان هەبووە لە ئەنفال، وە لەکیمیابارانەدا هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە پێشتر چەکی کیمیایان فرۆشتوە بەرژێمی بەعس و لە دژی ئێمە بەکاری هێناوە ئێستا دێن بۆلامان و پرسیار دەکەن دەربارەی قوربانیەکان، ئەی بۆپرسیار لەخۆیان ناکەن ؟ ئەگەر دەزانن ئەی بۆ قەرەبومان ناکەنەوە ! ئەگەر قەربوی حکومەتی بەغداوهەرێم دەکەنەوە ئەی بۆ چاودێرنین بۆئەوەی بەدەستی ئێمە بگات، ئەوە بیستو پێنج ساڵە، تەنیا شتێکی گرنگ کرابێ پارچە زەویەك یان موچەیەك ئەویش ئەگەر کرابێ

**تۆ (ناوەندی چاك) ئەناسیت ؟**

بەڵێ ، بەڵام تائێستا هیچ چالاکیەکیان نەچووم.

**من بەرێوەبەری ئەو ناوەندەم ، ئەگەر بانگت کەین بۆ بەشداری لە چالاکیەکانمان ئامادەی بەشداربیت ؟**

بەڵێ.

**ئەی (رێکخراوی سپی) کە تایبەتە بەناوچە کیمابارانەکان منش لەو رێکخراوەوە هاتوم ئەیناسیت ؟**

نایناسم ئەمە یەکەم جارە .

**پێت خۆشە بیان ناسیت و بەشداربیت لە چالاکیەکانیان ، واتا تۆ وەك نوێنەری ئێمە لە سێوسێنان کارەکان بکەیت ؟**

بەڵێ پێم خۆشەو ئامادەم .

**تۆ خەون ئەبینیت ؟**

وام لێهاتوە بڕوام بە خەونەکانی خۆشم نەماوە چونکە هیچیان نایەنەدی .

**هەستت چۆن بوو کە بینیت عەلی کیمیایی وئەوانی تر کە دەستیان هەبوو لە کیمیابارانی کوردا دادگای کران ؟**

هەستێکی زۆرخۆش بووهەرچەندە من منداڵ بووم.

**ئەمەوێت رات وەرگرم لەسەر ئەوەی کە لە یادی ئەنفالدا ئەو ڕۆژە بکەین بەرۆژی سەرنەبڕین ؟**

بەراستی لەوکاتەدا کەگوێم لێی بوو وامزانی رێکخراوەکەی ئێوەش پاشکۆی حکومەتە، بۆچی لەبری ئەوە بیرلە یارمەتیدانی منداڵێکی ئەنفال یان بریندارێکی چەکی کیمیایی ناکەنەوە! بەڵام ئێستا تێدەگەم کە ئەمە شتێکی باشەو لەبیری خەڵکدا دەمێنێتەوە چونکە ئەو یادانەی کە دەکرێتەوە دوو کاتژمێرەوتەواو دەبێت .

**ئەی سەبارەت بەوهەموو خەرجیەی کە لەو یادانەدا دەکرێن بۆ داوەتوخواردنی ئەو بەرپرسانەی کەدێن، ئەو بیانیانەی کەدێن لەو رۆژەدا گۆشتیان دەست ناکەوێت پرسیاریان لادروست دەبێت و دەبێت بە یادەوەریەك ؟**

بەڵێ راستە چونکە یادی کیمابارانی سێوسێنان دەکرێتەوە هەموو خەڵکی ئێرە شپرزەدەبن، ئەوەندەی بە ئامادەکردنی خواردن و سفرە رازاندنەوەی میوانەکانیانەوە سەرقاڵن، ئەوەندە لە بیری چۆنیتی یادەکردنەوەکەدانین .

**پێت باشە ئەم دیمانەیە بلأوبکرێتەوە یان نا ؟**

بەڵی ئاساییە بابلاوبکریتەوە.

**من هیچ شتیکم نەماوە ؟ شتێك هەیە بتەوێ بیلیت و من نەمپرسیبێت ؟**

نەخێر زۆر سوپاس.

# دەکرا ئەنفال ڕوو نەدات ؟



ڕزگار عومەر
orezgar@yahoo.ca

ئەم بەهارە چارەکە سەدەیەك بە سەر تاوانی ئەنفال تێدەپەڕێت . لەو تاوانەدا بە پێ ی ئامارەکان نزیك بە ٢٠٠ هەزار هاولاتی سیڤیلی :- ژن پیاو، پیر و گەنج ، کۆرپە و مێردمندالٚ بوونە قوربانی . سوپای عێراق و حیزبی بەعس و جاشە کوردەکان بکەرو تاوانباری سەرەکی ئەم کۆمەڵکوژیە بوون . چەند کەسایتیەك لە بابەتی : عەلی حەسن مەجید ، سولٚتان هاشم (وەزیری بەرگری سوپای پێشوی عێراق) لە دادگا فیدرالیەکانی عێراق لەسەر ڕۆڵیان لەم تاوانە لە سێدارە دران . وەفیق سامەڕائی (بەڕێوەبەری- بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی )لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و نەزارخەزرەجی (فەرماندەی فەیلەقی پێنجی سوپای عێراق ) لەگەلٚ سەرجەم سەرۆك جاش وموستەشارەکان نەك تەنیا لە دادگایی کردن ڕزگاریان بوو ، بەڵکو بە یارمەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئاسانکاری و پشتگیری زۆریان بۆکراو پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنانەت ئابوریان لە چاو ٢٥ سالٚ لەمەوبەر سەدباری جارن چوەتە سەر . لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەش : دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیان ، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەس و کاری قوربانیەکان لە کێشمەکێشی ڕیفۆرم و مەعاش وەرگرتن و دابەش کردنی زەوی و زار یان هەژاری و نەبوونی هەمیشە دۆسیەکی پڕ لە ناکۆکیە کە هەموو بەهارێك لاپەڕەی لێ زیاد و کەم دەکرێت .

توێژێکی هۆشیار و جدی لە کۆمەڵگەی کوردی ، لەو چارەکە سەدەی ڕابردوو خزمەتی جدی کردوە بە تێگەیشتن و دۆکیومێنت کردنی ئەم تاوانەو یارمەتیدانی ڕیفۆرم لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەس وکاری قوربانیەکان . بەلاّم ، لەم توێژە بترازێ کۆمەڵگەی کوردی بە پێی ئەم قۆناغە پڕ لە گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی بەسەری دەبات " بێ باکە " بەرامبەر بەم تراژیدیایە و وەکو زۆربەی پرسەکانیتری سیاسەت ئەمەشی داوەتە دەستی حیزبە سیاسیەکان و حکومەت کە لە جیاتی ئەو مامەڵە لەگەلٚ ئەم مەسەلەیە بکەن . ئەنفال بۆ بەشی زۆری کۆمەڵگەی سەرقالٚ یەکێکە لە موناسەبەو پشوە زۆرەکانی بەهار ، بەیەك جیاوازی لە زۆربەی پشوەکان زەماوەندە لە ئەنفال ماتەمینیش هەیە ، ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال ودۆزینەوەی ڕەگەکان و میکانیزمەکانی ( بێ باکی ) کۆمەڵگەو شێوازەکانی و چۆنیش ئەم بێ باکیە بەشێك بوو لە تەواوکەرو ئیمکانی جێ بەجێ بوونی ئەنفال و هەروەها ئەم نووسینە لە دەوری ئەم چەقە دەخولێتەوە کە پرسیاری ئەوە دەکا ئەنفال دەکرا جێ بەجێ نەبێت یان بەلای کەمی پێشی پێ گیراباو ئاوا فراوان نەبوایە .

کە دەگەڕێینەوە سەر ئەنفال تەگەرەی زۆر دێتە بەردەمان ، کە ئەم تەگەرانە بە پێ ی نیازو ئامانجی کەسەکان لە

گەڕانەوە بۆ ئەم تاوانە شێوازیان دەگۆڕێت ، ڕەنگە یەکێك لە تەمەڵیەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی پرسیاری ئەوە بێت ، کە ئایا بەڕاست پێویست دەکا ئەوەندە بگەڕێینەوە سەر ئەم تاوانە ؟ خۆهەموومان دەزانین چۆن بوو ! ڕاستیەکەی نەك بەرامبەر تاوانی ئەنفال بەڵکو بەرامبەر سەرجەم (کایەی سیاسی) بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگەیە یەکێك لە قۆناغە ناسکەکانی خۆی بەڕێدەکا لە تەجرید بوون لە مەعریفەی سیاسی و لە بەهاو گرنگی " مێژو " لە پێکهاتەی ئەم مەعریفەیە .

هەندێك لە ڕزگاربووانی ئەم تاوانە ، تاقەتی گێڕانەوەی هەزار بارەی چیرۆکی ڕزگاربوونی خۆیانیان نەماوە ، تەعبیری هەرە باوی ڕزگار بووانی ئەم تاوانە کە پەنای بۆ دەبەن بریتیە لە " قیامەتم بە چاوی خۆم بینی " ، ئەو قیامەتەی ئەوان دەیگێڕنەوە دۆزەخێکە تەنیا لە کەیسەکانی کۆمەڵکوژی میلەتەکانیتر دەست دەکەوێ .

ئەم قیامەتە پرۆسەیەك بوو کە هەڵەیە ئیمکانی جێ بە جێ بوونی تەنیا ببەسترێتەوە بە توانا لۆجیستیەکانی سوپای عێراق لەو سەردەمەو فاشیست بوون ودڕەقی حیزبی بەعس لە کەسایەتی عەلی حەسەن مەجید ، ئەمانە ڕووی بە پراکتیك بوونی تاوانەکان ، کە دونیای پێش ئەو پراکتیکە نەك تەنیا یارمەتیدەر بوون بۆ جێ بە جێ بوونی بەڵکو ڕۆڵیان لە تەوقیتەکەشی بینی .

بەڵام ، هەر ئەو دونیایە یان ئەو بارودۆخەی ئەو دەمە ، زۆر فاکتی تێدابوو کە دەکرا ڕێگربن لە ڕوودانی ئەنفال یان بەلای کەمی کەمکردنەوەی پانتایی و فراوان بوونی . ئەم تێگەیشتنە بە دڵی زۆر کەس و لایەن نیە کە مشەخۆری سەر ئەم دۆسیەن . بە دڵی ئەو نوخبەیە نیە کە تا ئێستا وجودی سیاسی خۆی و دروست کردنی ناسنامەی نەتەوایەتی دەبەستێتەوە بەو تراژیدیایە ، بەڵام گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەوسا نەك تەنیا جورئەتی پێویستە بەڵکو ئاسۆی کراوەشی پێویستە بۆ بازدان بەسەر ئەو تابو و حەرامانەی کە تا ئێستا ڕێگرە لە وردبوونەوەو شیکردنەوەی زیاتری یەکێك لە تاوانە گەورەکانی مێژووی سەدەی بیست .

**دونیای پێش ئەنفال**

**شەڕی ئێران - عێراق**

لە گەڕانەوەو هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی بەر لە ئەنفال ، چەند حەقیقەتێك هەیە کە ناچارین بە بیری خوێنەری بهێنینەوە کە یارمەتیدەرە خوێنەر باشتر لە بۆچوونەکانی نێو ئەو وتارە تێ بگات . دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا هەرایەکی زۆر دروست بوو لە سەر بوونی کەسانی فایلدار لە سەرکردایەتی و ئۆرگانە سەرەکیەکانی حیزبە کوردیەکان ، فایلی گەورە کە نیشانی دەدا پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان ئەم کەسانەو دەزگا ئەمنی و بەرپرسە بالاکانی دەوڵەت و حیزبی بەعس هەبوو کە سیخوڕی تەنیا بەشێکی پێکهاتەی ئەم پەیوەندیانە بوو ، بەشێکیشی هەروەکو ئەو کەسانە لە پارێزگاری لە خۆیان دەیانووت ئێمە بە فەرمانی حیزبەکانمان ئەو ڕۆڵەمان گێڕاوە بۆ خزمەتی حیزب و نیشتیمان ..هتد .

بەڵام ، دوور لە هەرای فایلداران هەر لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە زۆر بەڵگەو زانیاریتر خرایە نێو میدیا کە هەندێکیان سەرەڕای گرنگ بوونیان کەمتر تیشك خرایە سەری . یەکێك لەو بەڵگەنامانەی ئەوسا بریتی بوو لە موبادەری کۆمەڵێك مامۆستای کورد لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ، ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە " خۆبەخشانە " سەر لە نوێ هەموو مەنهەجی خوێندن لە کوردستان سەر لەنوێ بکەنەوە بە عەرەبی ، ئەم پێشنیارەشیان وەکو دڵسۆزیەك بۆ ڕژێم نیشان دابوو .

نفوزی حیزبی بەعس لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگە کەمتر بووبێت لە نێو کۆمەڵگەی عێراقیدا ، بەڵام ، بایی ئەوەندە بوو کە فاشیزم وەکو هەلس و کەوت و کلتور بگوازێتەوە نێو کۆمەڵگەی کوردی . بۆیە لە گەرمەی ڕوخانی ڕژێم بەعس و تا نزیکەی ٢٠٠٦ یش " بەعس ناسی " دەبێتە تایتڵی شرۆڤەو لێکدانەوەی بەشێکی بەرچاوی نووسەران کە تەئکیدیان دەکردەوە بەعس ڕوخاوە بەڵام کلتورەکەی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی درێژەی هەیە ، واتە هاوڕابوونێکی نیسبی هەیە لەوەی کە فاشیزم موتوربە ببوو بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردی ، جا ئەگەر لە دوای ڕوخانی بەعس ئەمە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بووبێت دەبێ لەسەردەمی ١٩٨٧-١٩٨٨ چۆن بووبێت ؟ چەند نەوەیەك لە کۆمەڵگەی کوردی کە ئەو سەردەمیان بینی ئێستاش لە ژیاندان دەزانن ئەو دەمە حاڵی کۆمەڵگە چۆن بوو، ترس و سیخوڕی و " دیواریش گوێ ی هەیە " ئینتیباعی باوی تاك بوو لە سەر کۆمەڵگەی خۆی ، بەڵام ئەم گومانە لەبەر ئەوەبوو چونکە بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی فاشیستانە هەڵس و کەوتی دەکردو ژیانی بەڕێ دەکرد ، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە " بێ دەنگی " لە ئاستی ناوخۆ تەنیا نەبستینەوە بە ترس لە بەعس ، بەڵکو ڕووی دووەمی بریتی لە " پشتگیری بۆ بەعس" لە لایەن بەشێك لە کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی کوردی وەك سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراق ، ئۆردوگایەکی سەربازی پشتەوەی بەرەکانی جەنگی ٨ ساڵی ئێران – عێراق بوو . هەردوو دەوڵەتیش هەموو جوگرافیاو شاری یەکتریان وەکو بەشێك لە بەرەکانی شەڕ سەیر دەکرد لە تەقاندنی یەکەم گولە لە ١٩٨٠ تائەو ڕۆژەی خومەینی ووتی " شەڕ ڕادەگرم و ئەم ڕاگرتنەش وەکو نۆشینی پیاڵەیەك ژەهرە " . درێژە کێشانی شەڕی هەردوو دەوڵەت تا گەیشتن بە ئەنفال و کیمیا باران بە بێ پشتگیری نێودەوڵەتی وئیقلیمی هەرگیز لە توانای عێراق و ئێران نەبوو ، ئەم شەڕە ببووە بەشێك لە بازاڕی جیهانی چەك و بەرژەوەندیە فرە ڕەنگەکان لە بابەتی ئەمریکاو ئەورپاو دوا ساڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە ئیقلیمیەکان .

دەبەنگترین شیکردنەوە ئەوەیە کە گوایە تاقە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ ئەوەبوو کە ڕۆژئاواو ولاتانی کەنداو لە ترسی هەڵکشاندنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ ڕوخاندنی خومەینی هانی عێراق و سەدامیان دا کە شەڕ لەگەڵ ئێران بکا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە شەڕ لەگەڵ ئێران زەمانەتی جێگیربوونی ڕژێمی کرد لە ئێران ، لە هەموو کەسێکیش زیاتر خومەینی تەعبیری لەم ڕاستیە کرد ، ئەو لە گەڵ دەست پێکردنی شەڕ ووتی :-

(( شەڕ موزگێنیە ، شەڕ دیاریەکە لە بەهەشتەوە بۆمان نێردراوە ، کەسێك هەیە بڕوای بە قیامەت هەبێ و لە شەڕ بترسێ ؟! ئێمە پێویستە لە سەرمان شوکری خوا بکەین کە شەڕەفی خۆ بەخت کردنمان پێ دەبەخشێ ، لێ گەڕێن با لە نێو ئاپورەو حەشامەتی خۆماندا ، بۆ ڕیزی پێشەوەی شەهیدبوون ڕێگای خۆمان بکەینەوە ، ئەگەر لە شەڕی جیهادا بترسێین مانای ئەوەیە بڕوامان بە قیامەت نی یە ))

ئامادەیی و توانا لۆجیستیەکانی هەردوولا جیاوازی هەبوو ، زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە چاو عێراق کاریگەری دانابوو لەسەر چارەنووسی شەڕ. عێراق بۆ بەلانس کردنەوەی ئەم وەزعە بە دوای چەکی بە هێز دەگەڕا کە بتوانێ زۆرترین سەربازی ئێرانی بکوژێت کە وەکو شەپۆلی هەزار هەزاری لە بەرەکانی جەنگدا هێرشیان دەکرد ، ئێرانیش بە هەمان شێوە بە دوای چەکی کوشندە دەگەڕا .

یەكێك لە دۆكیۆمێنتە كۆنەكانی ئەم باسە بریتیە لە راپۆرتێكی هەواڵگریی كە لە لایەن سەفارەتی ئەمریكا و نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا كە باس لە ناردنی چەك و ماتریالی دروست كردنی چەكی كیمیاوی دەكا بۆ هەردوو وڵاتی شەڕكەر ، كە رەنگە گەورەترین موفارەقەش ئەوەیە كە ئەوچەكانەی بۆ هەردولادەچوون هەر لەهەمان بەندەرو هەر لەهەمان كۆگاكان دائەگیراو دواتر لە رێگەی وشكانی بۆ هەردوو وڵات رەوانە دەكرا !

ئەم دۆكیومێنتە بریتیە لە راپۆرتێكی نهێنی نیمچە هەواڵگری ، كە سەفارەتی ئەمریكا لە توركیا ناردویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا ، راپۆرتەكە لە لایەن Richard W. Boehm ئامادە كراوە ، كە كورتەكەی بریتیە لە چاودێری كردنی بەندەرەكانی توركیا لە مانگی ١١ ساڵی ١٩٨٠ دا. لەم راپۆرتە باس لەوە دەكا بەندەركانی توركیا جموجۆڵی زۆر تێدایە لە داگرتنی كارگۆی گەورە كە رەوانە دەكرێن هەردوو وڵاتی شەڕكەر ( ئێران – عێراق ) كە بەشی زۆر ئەو مەوادو كەرەستانەی لەو بەندەرانە لە كەشتیە بارهەڵگرەكان دائەگیرا بریتی بوون لە پێكهێنەرەكانی چەكی كیمیاوی كە وڵاتی ئیسرائیل بۆ هەردوولای شەڕكەری رەوانە دەكرد كە تەنیا یەكێك لەو بارە زڵانە ١٧ هەزار تۆن بووە .

ئیسرائیل مەوادی دروست كردنەكەی لە سەرەتای شەڕ بە هەردوولا گەیاندووە ، كە بەشێكی ئەو كەل و پەلانەی بە شێ ئێران لە رێگەی تەكلیفی ئەمریكا بووە كە سەفقەكە هی سەردەمی شا بووە ، بەلام لە رێگەی ئیسرائیل گەیانراوە بۆ ئێران . لە دووەم ساڵی شەڕدا واتە لە ساڵی ١٩٨٢ عێراق دەستی كرد بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی دژ بە سوپای ئێران ، واتە ٦ ساڵ بەر لەبەكارهێنانی لە هەڵەبجە باس و خواسی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی نەك تەنیا لەبەرەكانی جەنگدا بەڵكو لە راپۆرتە نهێنیەكانی نێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا واقیعێكی گەورە بوو، یەكێك لەو دۆكیومێنتانەی راپۆرتی تێدایە لەسەر ئەم باسە ، دەری دەخا كە هەر پاش ٢ ساڵ پاش ئەوەی عێراق مەوادی كیمیاوی بە دەست دەگات لە ئیسرائیل و وڵاتانی رۆژئاوا یەكسەر دەست دەكا بەكارهێنانی . ئەم راپۆرتە كە هەر لە بەشێكی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا ئامادەكراوە باس لەوە دەكا كە دەبێ قسە لەگەڵ كاربەدەستانی عێراق بكرێت سەبارەت بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی كە مانگێك بەر لە نووسینی راپۆرتەكە ئێران شكایەتی كردووە لە عێراق تاوانباری دەكات بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی . لە راپۆرتەكە ئاماژە بە قسەیەكی سەدام حوسێن دەكا كە لە میدیای حكومەتی عێراقی بڵاوكراوتەوە كە سەدام دەڵێت :– (( هەموو شەڕێك چەكی تایبەتی خۆی هەیە ، ئێمەش چەكمان هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ژمارەی زۆری دوژمنان ))

بەلام ، بوونی ئەم هەموو زانیاریە لەبن دەستی ئەمریكاو كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی نەبوو بە فاكتەرێك بۆ گوشار خستنە سەر عێراق بۆ بەكارنەهێنانی ، بەڵكو بە پێچەوانە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەمریكا رامسفێلدی ناردە عێراق و كەناڵە دیبلۆماسیەكانی خۆیان گەرم كردەوەوهەر هەمان ساڵ ئەمریكا ناوی عێراقی لە لیستی ئەو دەوڵەتانە سڕیەوە كە پشتگیری لە تیرۆریزم دەكەن .

ئەنفال تایبەتمەندی خۆی هەیە وەكو كەیسی جینۆسایدی میلەتی كورد . بەلام ، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو من لەو باوەڕەم یەكێك لە هۆیەكانی مومكین بوونی ئەنفال بەروبومی درێژە كێشانی شەڕی ئێران – عێراقەو ئەگەر ئەم شەڕە لە ساڵەكانی یەكەمدا بوەستێنرایە ، میلتاریزە كردنی

کۆمەڵگەی هەردوو وڵات ڕێگری جدی لەبەردەم دەبوو . بە تایبەتی ئەگەر هەردوولا لە ژێر فشارو چاودێری نێودەوڵەتی ڕێکەوتنامەی ئاشتیان مۆرکردبا ئەوم چاودێریەش بەکارنەهێنانی سوپاو چەکی قەدەغە کراوی دژ بە هاوڵاتیانی هەردوو وڵات لە ئەستۆ گرتبا

.ئەم چاوەڕوانیە لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بۆ هەردوو کۆمەڵگەی گەمارۆدراوی عێراق – ئێران ڕەنگە زەحمەت بوو ڕۆڵیان تیا هەبوا سەرەتای هەشتاکان . بەڵام ، لایەکی دونیا لە ژێر دەسەڵاتی دیموکراسی بوو کە کار بۆ زۆر مەسەلەی هاوچەشنی تیا ئەنجامدراو سەرکەوتنیشی بە دەست هێنا لە باری لۆبی دروست کردن حازرکردنی ڕای گشتی بۆ مەسەلەی دیاریکراو فشار خستنە سەر دەوڵەتەکان ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان . بەڵام ، ئەم بێ باکیە ڕەسمی و ناڕەسمیە بەشێکە لە مێژووی هاوبەشی دانیشتوانی ئەم گۆی زەمینەو دوای ٧ساڵ لە تاوانی ئەنفال لەبەرامبەر جینۆسایدی ڕواندا هەردرێژەی هەبوو تاگەیشتین بە جینۆساید لە دارفور .

## تەرمەکان و وێنەی دوژمن

بە درێژایی ٨ ساڵی شەڕ لە نێوان هەردوو دەوڵەت هیچ پرەنسیب و پابەندبوونێک نەبوو بە هیچ ڕێکەوتنامەیەکی نێو دەوڵەتی بەتایبەتی ڕێکەوتنامەی جنێف . دیل کوشتن لە لایەن هەردوولاوەو ناشتنیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ و بە بێ ناونوسین و ببووە عادەتێکی ئاسایی سوپای هەردوولا بە تایبەتی لەو کاتانەی کە هێرشەکان مەترسی بەزاندنی سنورو گرتنی شارەکانی تێدەکەوت .

لە تەلەفزیۆنی عێراق هەموو شەوان بەرنامەی (( وێنەیەك لە جەنگەوە ، صورە من المعرکە )) نیشان دەدا ، لە زۆربەی ئەو دیمەنانەی نیشان دەدران شۆفەلەکانی سوپای عێراقی چاڵی گەورەیان لێدەداو کوژراوەکانی سوپای ئێرانیان دەخستە نێو ئەو چاڵانەو دەنگی پێشکەشکاری بەرنامەکە لە زۆربەی کاتەکان تەعبیری " شاردنەوەی سەگە تۆپیوەکان ..مەجوسە تۆپیوەکان " دووبارە دەکردەوە ، هەموو ئێواران ئەودیمەنانەمان دەبینی ، هەموو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ئەمەی دەبینی ! مەرج نیە کۆمەڵگەی عێراق و کوردی هەمووی ئەمەی بە ڕەوا زانیبێ . بەڵام ، ئەم ڕاهێنانە لە تاوانی شاردنەوەی بە کۆمەڵی " دوژمن " سەرەتای ڕاهێنانی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە نەك تەنها کۆمەڵێك تەرمی ئاوساوی سەربازی ئێرانی ، بەڵکو هەر بەشێکی ، گروپێکی دیاری کراوی ، دانیشتوانی کۆلانێکی خۆمان لە ماوەیەکی زۆرکەمدا بکرێن بە دوژمن و سزایان بدرێن .

ژیان لە نێو سوپای عێراقدا و کلتوری پیادەکراو پەروەردەکردن بریتی بوو لە بێ بەهاکردنی مرۆڤ و ژیان . ئەم بێ بەهاکردنە بزوێنەرو دایانامۆی تەجرید بوونی سەربازە لە ناسنامەی مرۆڤ بوونی خۆی . بۆ تێگەیشتن لەمەی سەرەوە باسی کەیسێکی ناسراوی نێودەوڵەتی دەکەم “ نموونەیەك لە ئەزمونی داگیرکردنی وڵاتی چین دەهێنینەوە لە لایەن سوپای ژاپۆن . دوای تەواو بوونی شەڕ هەندێ لە سەربازانی ژاپۆن درانە دادگا بە تاوانی کۆمەڵکوژی و ئەتك کردنی بە کۆمەڵی کچ و ژنانی ئەوێ، یەکێك لەو سەربازانە لە وەڵامی ئەوەی کە بۆچی وات کرد ؟ ووتی :–

(( ئەگەر ژیانی من بەهای نەبێ ، بە مسۆگەری ژیانی دوژمنەکەم هەر بەهای نابێ ))ئەمە سەرەتای جووتبونی سایکۆلۆژیای وێنەو خەساندنی پەرچەکردارە ، سادەترین تەعبیریش کە بتوانێ گوزارشت بکا لەم حاڵەتە بریتیە لە سەلامەتی " خۆمان " تیاچوونی " ئەوان " ی بێگانە .

ئەم نامۆ بوونە دورست کراوەی سەردەمانی جەنگ لە نێوان " ئێمە " و " ئەوان " دەبێتە یارمەتیدەری سڕینەوەی بەهای

مرۆڤايەتی و گۆڕانی گرووپی دياريكراو بۆ " شت " كە چيترشايەنی بەزەيی نيە ، گرووپی دياريكراويش چەندە پايە كۆمەلايەتی و ئابوريەكەی دووربیّ لە دروست كردنی قازانج بۆ ڕژێم ئەوەنديتر پرۆسەی بە " هيچ " بوونيان ئاسانتر دەبیّ.

قوربانيانی ئەنفال دانيشتوانی ديهاتەكان بوون كە بڕبڕەی وجودی ئابوريان بريتيە بوو لە كشتوكاڵ و ئاژەلداری زۆر سنوردار ، ئەمان هيچ گرنگيان بۆ ئابوری ڕژێم نەبوو ، عەلی حەسەن مەجيد بەر لەدەست پيكردنی پرۆسەكە دەلێت :-

(( هاوينی داهاتوو نابیّ هيچ گونديك لێرەو لەویّ مابێتەوە ، كۆمەلگەكانی(مجمعات )ی لیّ دەربچیّ ، دەبیّ ڕێك وەكو مريشكە بە كری ليبێت كاتیّ جووجەلەكان دەخاتە ژێربالی ، ئێمە دەبیّ ئەو خەلكە بخەينە كۆمەلگاكانەوەو چاويشمان لە سەريان بيّت . ئيّمە چيتر ناهێلين لە گوندەكاندا بژين و تيكدەران بتوانن سەريان لیّ بدەن. كۆچپيكردن لە گوندەوە بۆ شار لە باكووری عێراقدا كاريكی پێويستە. لە ئيستاوە من ئاردو شەكرو نەوت و ئاو كارەبا نادەم بەو گوندنشينانە لەویّ بژين . با لەمن نزيك ببنەوە دەنگم ببيستن و منيش ئەو شتانەيان بۆ باس دەكەم كە بڕوام پێيانە پێويستن بۆ ئايدەلۆژی و فيركردن و هەستی هاوبەش ، باشە بۆچی ليبگەريم لەویّ وەكو كەر بژين و هيچ نەزانن ؟ بۆ گەنم ؟ من گەنمی ئەوانم ناویّ . ئێمە ئەوە بيست ساله گەنم لە دەرەوە دەهێنين با بۆ پێنج سالی تريش زيادی بكەين . من ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەكەم و نايەلم كەسيان تێدا بمێنيت . گوايە چيدەبیّ ئەگەر ئيمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بكەين ، لە قەرەداخەوە بۆ كفری بۆ دياله بۆ دەربەنديخان بۆ سليمانی ؟ ئاخر ئەم حەوزە كویّ ی چاكە ؟ ئێمە تا ئيستا چيمان لێيانەوە دەست كەوتووە ؟ ئێوە تێفكرين چەندمان خەرج كردووەو لە دەستمان لە سەر ئەم ناوچانە . لە نێو ئەو خەلكەدا چەند هاولاتی باش هەن وچەنديشيان خراپ تێدايە ؟ باشە مەسەله چی يە ؟ چی ڕوويداوە؟ سی ، بيست ، بيست و پێنج سالّ چالاكی تێكدەرانە .بيری لیّ بكەنەوە ئێمە چەند شەهيدمان داوە !..
ئيستا تۆ بەبیّ پاسەوانی ماشێنی زرێپۆش ناتوانی لە كەركوكەوە بچی بۆ هەولێر. سەرانسەر ئەم حەوزە لە كۆيە تا كەركوك من چۆلی دەكەم . من تا گوێرو موسلّ چۆلی دەكەم . يەك مرۆڤی نابیّ تێدا بمينیّ ، تەنها ڕێگاو بانە سەرەكيەكان نەبیّ . تا پێنج سالی تر نايەلم يەك بنيادەم پیّ بخاتە ئەويۆوە . من كشتوكالّيانم ناویّ ، تەماتەم ناویّ ، باميّ و خەيارم ناویّ.ئێمە ئەگەر بەم شێوەيە كار نەكەين جموجۆلی تێكدەران تا يەك مليۆن سالی تريش كۆتايی نايەت ، ئەمە هەموو تێبينيەكانی من بوو، بەلام پشت بە خوا ئيمە زۆر بەزوويی لە كۆليان دەكەينەوە و لە ئيستاوە مانگیّ زياتری پیّ ناچێت و لە هاويندا هيچ شتێك نەماوەتەوە . ))

**بزوتنەوەی چەكداری لە كوردستان**

مەترسيدارترين موغامەرە كە بزوتنەوەی چەكداری لە كوردستان لە قۆناغی سالانی ١٩٨٨-١٩٨٠ كردی بريتی بوو لە تێكەلّ بوون لە گەلّ شەڕی هەردوو دەولەت ! هەلبژاردنی بیّ لايەنی نەك تەنيا مومكين بوو بەلكو زۆر يارمەتيدەر بوو لەوەی كوردستان بە يەكجاری نەبێتە زۆنی شەڕ War Zone
بزوتنەوەی چەكداری هەر لە سالی دووەمی شەڕەوە بوونە بەشێكی ئەكتيڤی شەڕ، ئەوان وەكو ليواو فيرقەيەك بە جلی كورديەوە چاوساغی و پێشڕەويان دەكرد بۆ هێنانی هێرش بۆ داگيركردنی سنورو شارەكانی كوردستان ، دوای بەشداری پارتی شان بەشانی سوپای پاسداران بۆ گرتنی چەند خالێكی سنووره شاخاويەكان لە١٩٨٢ دا حكومەتی عێراقی هەرچی هاولاتی نێری تەمەن سەروی ١٠ سالی سەر

بەعەشیرەتی بارزانی هەیە لە ئۆردۆگای قوشتەپەو چەند ناوچەیەکی دەروبەری شەقلاوە ڕاپێچ کردو ئەنفالی کردن ، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٣ واتە ٥ ساڵ بەر لە ڕودانی ئەنفال بە شێوە فراوانەکەی ، بە شێوە بچوك کراوەکەی ئەنفالی ٨ هەزار هاوڵاتی ڕووی دا .

ئەنفال کردنی ئەم ٨ هەزار هاوڵاتیە دەبوایە زەنگێکی ئاگادارکەرەوەی گرنگ و تۆقێنەر بێت کە بزوتنەوەی چەکداری کورد درێژە بە موغامەرەی تێکەڵ بوون نەدا لە ڕاکێشانی زیاتری کوردستان بۆ نێو دۆزەخی شەڕو زیاد کردنی بەرەکانی جەنگ . بەڵام نەك هەر ئەوە نەکرا ، بەڵکو درێژە بەم موغامەرەیە دراو تەنانەت چەندین بەرەی تر لە ناوخۆی کوردستان کرایەوە کە یەکێتی و پارتی شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد تاویٚ بە بەرژەوەندی ئێران تاویٚ بە خاتری عێراق .

گرتنی هەر شارێك و قەزایەك هێڵی سوور بوو بۆ ڕژێمی عێراق چونکە ئیحتیمالی ڕوخانی زیاد دەکرد ، بزوتنەوەی چەکداری کورد و سەرکردەی حیزبەکان هەر هەموویان ئەمەیان دەزانی و تەنانەت چەندین جار ڕاستەخۆ نامەی هەڕەشەیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دەچوو . بەڵام ، ئەوان هەر بەردەوام بوون و تەنانەت جارێکیان بە یارمەتی یەکێتی سوپای ئێران تەنها ٢٠ کیلۆمەتر لە گرتنی سلێمانی دوور بوو ، بێنە پێش چاو ئێران سلێمانی گرتبا ڕژێمی عێراق بە دڵنیایی چەکی کیمیاوی بەکاردێناو ئەوکاتە تاوان نەدەکرا هەر تەسەوریش بکرێت .

ئیمکانی نەبووشەڕی پارتیزانی لە کوردستان وەکو جەنگەڵەکانی ڤێتنام وئەمریکای لاتین بێت ، بۆیە بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی ئیعتیمادی سەرەکی لە سەر لادێکان بوون کە پەرش بوون لە نێوجوگرافیای دەشت و حەوزە پانەکانی کوردستان . ئەم جوگرافیایە هەمیشە ئامانجێکی ئاسان بوو بۆ حکومەتی عێراقی، بەڵام سەرقاڵ بوون بە بەرەکانی سەر سنوور ئەم پەلاماری ئەم ناوچانەی تاخیر دەکرد .

کە عێراق دڵنیا بوو لە بەرەکانی خۆی ئینجا بە یارمەتی جاشە کوردەکان توانی پەلاماری ئەو ناوچانە بدات . بزوتنەوەی چەکداری هیچ ئاسۆیەکی ستراتیژی یان پلانێکی یەدەگی نەبوو بۆ ئیحتیماله زۆر بەهێزەکان . بۆ نموونە لە گێڕانەوەی هەموو ڕزگار بوانی ئەنفال و تەنانەت لە بیرەوەری



و یاداشتی زۆرێك لە سەرکردە مەیدانی و سەربازیەکانی بزوتنەوەی چەکداری بە هەموو حیزبەکانەوە شتێك زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت لە گێڕانەوەی تەفاسیڵە وردەکان ئەویش :- پەشێوی و سەرگەردانی ، نەزانیینی ڕێگای دەربازبوون ، تەنانەت لە هەندیٚ حاڵەتدا خۆشباوەڕی وچاوەڕیٚ کردنی هاتنی هێزەکانی ڕژێم وجاشەکان .

تێوەگلاندنی نیشتمانێك لە خەباتی چەکداری دژ بە دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا پلانی هێرش بۆ سەر سوپا نییە ، بەڵکو بوونی پلانی کشانەوە ( ئینسیحاب) یشە لە کاتی ئەوەی سوپای دەوڵەت خۆی کۆ دەکاتەوە بۆ هێرش . بە پێچەوانەوە لە زۆرکەیسدا کە خەڵك بە هەستی واقیعبینی خۆی دەیزانی تەنیا ڕێگا ڕاکردنە حیزبە کوردیەکان ڕێگریان بۆ دروست دەکردن و تاخیریان دەکردن وەکودۆسێی هەڵەبجە.

بە درێژایی هەشت ساڵی شەڕی ئێران وعێراق هێزی چەکداری حیزبە چەکدارەکان لادێکانی کوردستانیان بەکاردێنا بۆ حەوانەوە وێستگەی چوون و هاتنەوە . بەڵام ، هەرگیز بیریان لەوە نەکردبۆوە دانیشتوانی ئەو وێستگانە ئایندەیان چی دەبێت لەکاتی گۆڕانی هاوکێشە سەربازی ولۆجیستیەکان بە قازانجی ڕژێم ؟ بوونی پلانی لەو بابەتە یان پرسیاری لەو بابەتە لە سەدا سەد ڕۆڵی دەبوو لە کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیان زیاد کردنی ژمارەی ڕزگاربوان .

**<u>بەکورتی</u>**

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و UN وزلهێزەکانی دونیا تاوانباری سەرەکین لە بەکارنەهێنانی هێزو میکانیزمێکی گونجاو بۆ ڕاگرتنی شەڕی ئێران و عێراق . ئەوان لێگەڕان شەڕ بەردەوام بێت چونکە بازاڕی ساغ کردنەوەی چەك و ساغ کردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان بوو. ڕاگرتنی شەڕ نەك تەنیا ئەگەری ڕوونەدانی جینۆسایدی بەرزدەکردەوە بەڵکو ڕێگریش دەبوو لەوەی ئاماری هەردوو وڵاتی شەڕکەر ببا بۆ دوو ملیۆن کوژراو نزیکەی ملیۆنێك کەم ئەندام و ملیۆنێك بێوەژن سەدان هەزار دیلی ژیان لەدەست چوو .

هۆشیاری سیاسی بە بێ ڕزگار بوون لە نەخۆشی لە بیرکردن و فەرامۆش کردن ئیمکانی نیە بە تایبەتی کە دێتە سەر پەیوەندی ئامادەبوونی مێژوو لە ئەزموون و مامەڵە لەگەڵ ئێستا . بۆ نموونە کە دێتە سەر شارەزابوون لە ماهیەتی دڕندەیی دەوڵەت و دوودڵ نەبوونی سوپاکەی لە بەکارهێنانی هەر چەکێك کە لە دەستی بێت ، دەبێ لەو حاڵەتدا هەڕەشەی ئەم سڵ نەکردنەوەیە ، بچێتە نێو ستراتیژی داڕشتنی بەرەنگاری وشەڕکردن لەگەڵ ئەو سوپایە . کام بەش لە خەڵکی ئەنفال کراو یان کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی ، نەك تەنیا لە ٨ ساڵی شەڕی ئێران و عێراق بەڵکو لەو مێژویەش نامیلکەیەکی هۆشیاری ، بەرنامەیەکی ڕادیۆیی ، خرابووە دەست لە ڕێگەی حیزبە کوردیەکانەوە دەربارەی شاربەدەرکردن و کوشتنی جولەکەکانی عێراق ! دەربارەی کوشتنی تورکمانەکانی کەرکوك ، ئاسوریەکان و هتد ؟ ئەمانە دەبوایە وەکو دەرسی تاڵ هەمیشە بوترایە ، تا خەڵك لەمەترسی ئەو چوارچێوە سیاسی ومێژویەی تێبگەن کە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن . ئایا قوربانیەکان بە ڕێژەیەکی سەرووی یەك لە چوار لە ڕێگەی حیزبە کوردیەکانەوە بەو ڕادەیەی ئاگاداربوون یان بە بیریان هێنابوونەوە کە سوپای عێراق بێ دوودڵی لە ساڵی ١٩٧٤ قەڵادزێ ی بە چەکی قەدەغەکراوی (ناپاڵم) بۆردومان کرد ؟ ئایا دەیانزانی عێراق لە ١٩٨٢ وە چەکی کیمیاوی هەیەو دژ بە سوپای ئێران بە کاری هێناوە ؟ هیچ ئاگایان لە نامە پڕ لە هەڕەشە جدیەکانی ڕژێم هەبوو کە لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندیەکان لە گەڵ حیزبە کوردیەکان ڕەوانەی دەکردن ؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە هەبوایە بێ گومان پلانی ئەنفال بەو شێوەیە نەدبوو کە ڕووی دا .

نفوزی فاشیزم لە کۆمەڵگەی کوردی ڕویەکی لەمیلیشیا چەکدارەکانی جاش خۆی دەنواند، ڕویەکی تری بریتی بوو لە کلتورو هەڵس و کەوت ، گەشەی بەعسیزم لە بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی گەشەی ئەندام بوون نەبوو بەقەد ئەوەی جێکەوتە بوونی جیهان بینی وشێوە ژیان بەڕێکردن بوو لە کۆمەڵگە . سەرکەوتنی بەعس و ڕژێمەکەی لە داسەپاندنی تراژیدیا بەسەر کۆمەڵگەی کوردی بێ ئەم نفوزە مەعنەویە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئیمکانی نەدەبوو، دابەش بوونی کۆمەڵگەی کوردی لەسەردەمی ئەنفال بەشێکیان کە ڕێگەی لە کاروانەکانی سوپا دەگرت و بەردی تێدەگرتن کاتێ بە قەزایەکی وەکو چەمچەماڵ تێدەپەڕین ، یان نان و بەتانی

کۆدەکردەوە وەکو ئەوەی لە هەولێر بۆ ئۆردۆگای جێژنیکان کرا ، بەشێکی تری نەک تەنیا بینەر بوو بەڵکو بێ باکیەکەی تە ئەمڕۆش درێژەی هەیەو فۆرمیتری وەرگرتووە .

سوپای ئێران و بزوتنەوەی چەکداری کوردی و سوپای عێراق (وەکو بکەری جێ بەجێ کەر)بە درێژایی ٨ ساڵی شەڕ هەموو ئەو بیانوو بارودۆخەیان ئامادە کرد کە کوردستان ببێتە قوربانی جەنگ و نەک تەنیا سنورەکانی بەڵکو شارەکانیشی ببێتە زۆنی جەنگ و مەرگ . ناچالاک بوونی هەر یەک لەمانە بە دڵنیایی قوڵی تێوەگلانی ئەم جوگرافیایەی لەشەڕ کەمدەکردەوە ، بەپێچەوانەی ئەمەش هێنانی پاسدار بۆ ناو بیرە نەوتەکانی کەرکوک شەڕکردن لەگەڵ سوپای عێراق لەکەرکوک گرتنی هەڵەبجە بەفەرمانی ئێران هتد ئەمانە نموونەی ئیفلاسی ستراتیژو سەربەخۆنەبوونی ئەجێندای بزوتنەوەی چەکداری کورد بوو لە مەترسیدارەترین قۆناغی مێژوودا .

کۆڕەو کۆچ ..ڕاکردنی بە کۆمەڵ بە تایبەتی ئەگەر بە پلان و ستراتیژەو نەخشەی بۆ کێشرابێ وەکو دوا ڕێگای بەرەنگاری و رزگار بوون زۆر یارمەتیدەر دەبوو لەوەی ئەم هەموو قوربانیەی لێ نەکەوێتەوە . کە دەڵێین نەخشەی ڕاکردن و کۆڕەوی مونەزەم پێویست بوو، باسی شتێك ناکەین کە خەڵکی کوردستان خۆی تەجروبەی نەکردبێت ، بۆ نموونە : کۆچی خەڵکی مەریوان دروسترین پلانی تۆکمە بوو بۆ پاراستنی گیانی هاولاتیان ، کۆچی سەرجەم دانیشتوانی تەوێڵە لە شەودا لە هەشتاکان نموونەی ئەم کۆڕەوە مەزنانەن کە دەکرا چەند ساڵێك بە لای کەمی لای سەرکردایەتی سیاسی حیزبە کوردیەکان لەو سەردەمی ئیشی لەسەرکرابا .

## یادێك بۆمەرگی (هەژارمحمود) بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی لەگۆپتەپە..!!

هەژار محمود یەکێکە لەشەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە لەبەرواری ٢٠١٢/٨/٢٤پاش ٢٤ساڵ



لەمل ملانێ لەگەڵ ئازار و برین ونەخۆشی وبێباکی حکومەت لە باوەشی دایکی داگیانی سپارد،ئەوە ناشارمەوە لەلایەت حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان دوو جار ڕەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران کرا بۆ جارەسەر،بەلاّم مەخابن لەیەکەم جاری سەردانەکەیدا دکتۆرەکان هەواڵی مردنی هەژاریان بەباوکی وتبوو، ئاماژەیان بەوە کردبوو کەدەبوو بەمندالّی هەولّی چارەسەرکردنی بدرایە ئەوەی جیگەی باسە بەهۆی کەم دەرامەتی وهەژارییەوە نەتواندراوە بیرێتە ولاّتێکی دەرەوە، چونکەمحمود عزیز کە دەکاتە باوکی هەژار خۆشی برینداری دەستی ڕژێمی بەعسە و تائێستاش بەدەست نەخۆشیەوە دەناڵێنێت ،لێرەوە پەیامێك بۆ بەرپرسا با مەرگی هەژار ببێتە دوا ناخۆشی ئەوخانەوادانەی کە نەخۆشی هاوشێوەی هەژاریان هەیە،ریزگرتن لەقۆربانیان بەخزمەتکردنی زیندوەکان دەبی !؟

# تاقانەکانی ئەنفال لەچاوەڕوانی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفالدان

## تاقانەیەکی ئەنفال: هەتا تاوانبارانی ئەنفال ڕا پێچی بەردەم دادگا نەکرێن وسزای خۆیان وەرنەگرن .ژیان بۆ ئێمە چ مانایەکی هەیە ؟



**ڕاپۆرت: سمکۆ سابیر**

بەروار : ٨ی ئازار ٢٠١٣

کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەرو

شوێن : ڕزگاری – گەرمیان

تاقانەکانی ئەنفال بەوکەسانە دەگوترێت کەلەسەرجەم ژمارەی ئەندامی خێزانێك،یاخانەوادەیەك،تەنها یەك کەس لەوخێزانەدا لەپرۆسەی ئەنفال دەربازبوون. ئەو تاقانانە تاسالأنێك لەمەوپێش هێندە بێکەس وبێناز ژیانیان بەسەر دەبرد، وەکو خۆیان گووتەنی هەرڕۆژەو لەکوچەومالێکدا ڕۆژیان کردۆتەوە.ئەوە جگەلەوەی زۆربەیان لەکاتی شاألاوەکان خەریکی شوانکارەیی بوون وتەمەنیان لە١٢–١٤ سالً تێپەڕینەکردبوو بۆیە لەو تەمەنە هەرکەسێك تەواوی خانەوادەی لەماوەی چەند کاتژمێرێك،یاشەو ڕۆژێك لەدەست بدات،ئەبێ ئەو دۆزەخە چ دۆزەخێك بێت،کەبەرووی مێردمندالێکی ئاوابکرێتەوە؟!!

**تەهارۆستەم محەمەد ئەمین تاقانەی ئەنفال** دانیشتووی گوندی ملەسورەی ناحیەی تیلەکۆی کەلارە، تەنها لەدایکبوی سالی( ١٩٧٤)ە. لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالی سێ لەگەرمیاندا ئەو تەمەنی ١٤سالان بووە، ئەو ڕۆژە کە سوپاوجاش پەلاماری گوندی ملەسورە دەدەن لە١٤/٤/١٩٨٨دا لە تەپۆلکەکانی دەوروبەری ملەسوورە خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بوو. دەڵێت: ئەگەرچی من ئەو کاتە مێردمندالً بووم، وەکو پێویست هەموو وردەکاریەکم لە بیرنەماوە، بەلام دەزانم کە ئەو ڕۆژە چی ڕوویدا ؟.من لە ترسی شاألاوکە چەند ڕۆژێك لە دەوروبەری ئاواییەکە خۆم حەشاردا بوو، بەلام هەستم کرد ئیتر دەرفەتی دەربازبوون لەبەردەممان نەماوەتەوە، چونکە ئاگام لێبوو هەموخەڵکەکە لەملە سورە کۆکرابونەوە، خەڵکەکە ئامادەکرییان بۆجێهێشتنی گوندەکە دەکرد، هەرکەسێك بە ئۆتۆمبێل و مەکینەکەی ( تراکتۆر) بەهۆی چڕبوونەوەی پەلامارو شاألاوەکانی ڕژێم ، خەریکی مالبارکردنبوو، ،چونکە هیچ کەسێك چاوەڕێی ئەو ڕۆژە ڕەشەی نەدەکرد. بەلام خەلکی ملەسوورە کەس فریانەکەوت کەبەویستی خۆیان

گوندەکە چۆڵبکەن و دوو چاری ئەو تاوانە نەبن.، چونکە لەلایەن سوپاوە گەمارۆدران وهەمووی بەزیلی سەربازیی گوازرانەوە. تەها دەڵێت: دایکی من ئەو کاتە چاوەڕێی کردبوو کە تراکتۆرەکانی خۆمان بچن بەشوێنیدابۆئەوەی تەواوی ماڵەکە بگوازنەوەوگوندەکە چۆڵ بکەین، بەلاّم سەربازەکان لەگەڵ خەڵکی گوندەکە یەکسەرسورای زیلیان کردبوون،ئیتر نەمانزانی چییان بەسەرهات؟! تەها بە هەناسەکی تەنگەوە،بەچاوی پڕ لە حەسرەتەوە درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێت: دوای ئەوەی هیچ کەسێکم نەبینییەوە لە کەسوکارەکەم کەبریتی بوون لە٦ کەس بەناوەکانی (رۆستەم محەمەد ئەمین–باوك،کەتان محەمەد رەسولّ– دایك، دیمەن، کوێستان– خوشك،سامان، گەرمیان– برا) دوا تر بەشەو بەهۆی چەند ناسیاوێکەوە کەچەکداری رژێم بوون، رزگاریان کردین و گەیشتینە دەوروبەری رزگاری.بەلاّم بێئەوەی یەك کەس لەخانەوادەم لەگەڵمدا بێتیاهەواڵێکمان هەبێت لە بارەیانەوە،.ئیتر لەو کاتەوە بەبێ کەسوکار ژیان بەسەر دەبەم تاساڵی ٢٠٠٣ لەماڵی مامەکانم ژیانم بەسەربردووەوهەر رۆژەی لەشوێنێك ژیاوم.هەمیشە چاوەڕوان بووم هەواڵێکی خۆشی ئەو کەسوکارەم بزانم.بەداخەوەئەو هەواڵەم هەرنەبیست و چارەنووسی خانەوادەکەی خۆم هەرنەزانی.سەبارەت بە دادگایی کردنی جاش و مستەشارەکانی کەلەتاوانی ئەنفالدا رۆلیان هەبووە، تەها رۆستەم گووتی: لەڕاستیدا ئەو داوایە بۆدادگایکردنی تۆمەتباران،داوای هەموومانە بەلاّم جێبەجێکردنی ئەو لە ئێستاو لەداهاتووشدا بەدوورۆگران دەزانم، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لە کوردستاندا هەیە. جێگەی داخە زۆرێك لەحزب و رێکخراوەکان بەردەوام نان لەسەر ئێمەو پرسی ئەنفالە ئەوەیان بەخراپی بەکاریان هێناوە. لە ئێستادا هەرکەسێك هەڵدەستێت بەناوی ئەنفالەوە قسەدەکات وخۆی دەکات بەنوێنەری ئێمە،بەدەیان کەسیش خۆی بەئەنفال دەوڵەمەند کردووە.بێگومان کاری باشیش کراوە بۆئێمەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال،بەلاّم دەکرا کاری باشتربکرابایە.

یەکێکی ترلەو تاقانانەی ئەنفال کەبەداخەوە ئەویش وەکو تەها رۆستەم هیچ کەسێکی خانەوادەکەی دەربازنەبووە، کورێکی تری گوندی (توکنە). ئەویش ئەنوەر حەمەلاوە کە بۆ ئەنفالستان دوواو گووتی : خەڵکی گووندی تووکنم لەساڵی ١٩٧٢لەدایك بووم. لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا گووندەکەمان بەرشالاّوی ئەنفالکەوت زۆربەی خەڵکی گووندەکەمان ئەنفالکران، کە ژمارەیان ( ٣٦٨) کەسە لەناویاندا دایك و باوك و٤خووشك و دوو برام بەر شالاّوی ئەنفالکەوتن، باوکیشم دوای شەش مانگ لە زیندانی نوگرەسەلمان بەنەخۆشیەوە ئازادکرا، ئیتر هەر خۆم و باوکم پێکەوە بووین لەچەندین ماڵ وشوێن ژیانی ناخۆشمان بەسەر بردووە، دوای ماوەیەك من بە هۆی نەبوونی ناسنامەوە لە (سمود) ناحیەی رزگاری ئێستا جارێکی تر لە ئەمنی کەلار بە بیانووی ئەوی من ناسنامەو بەڵگەنامەی پێویستم نییەو پێشمەرگە بووم تەسلیم نە بوومەتەوە گیرام، بەلاّم ئەوەی زانیاری پێدابوون بە هەڵە دەرچوو، ئازدیانکردم تا لە سالی ١٩٩٠ بەهەر رەزالەتێك بیت ناسنامەم دەرهێنا دواتر لە ١٩٩٠/٩/١ بەناچاری جلی



سەربازیم لەبەرکرد دوای چەند مانگێک لە سەربازی کردنم دەنگۆیی ڕاپەڕین هاتە ئاراوە منیش وەک هەموو کەسێک بەر لەوەی ڕاپەڕین دەست پێ بکات لەسوپا هەڵاتم و لە ڕاپەڕیندا بەشدار یمکرد. بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٢ باوکم بەهۆی نەخۆشییەوە کە لە نوگرە سەلمان توش ببوو، گیانی لەدەستدا ئیتر خۆ م تەنها مامەوە هەتا ساڵی ١٩٩٥ خێزانم پێکەوەنا، ئێستا ئەو تاقانەیە لەقەزای کەلار دەژی. وەک چالاکوانێکی بواری ئەنفال، ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە تا ئێستا حکومەتی هەرێم هەوڵی نەداوە ئەو کەسانەی کە تۆمەتباری ئەنفالن و هاوکاری سوپای بەعسیان کردووە، نەدراونەتە دادگا و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە. بۆیە ئەو تاقانەیە دەڵێت: ژیان بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە تاوەکوو تاوانبارانی ئەنفال ڕاپێچی بەردەم داگا نەکرێن و سزای خۆیان وەر نەگرن.

**حسێن عەبدوڵا تاقانەیەکی تری تاوانی ئەنفال لەگەرمیان**

حسێن عەبدوڵلاحەمە حەسەن، لەدایک بووی ١٩٧٢ە خەڵکی ملەسورەی سەربەناحیەی تیلەکۆی قەزای کەلارەو ٧کەس لەخانەوادەکەی بەناوەکانی ( (عەبدوڵاحەمە حەسەن-باوک- ئاسکە حەمەسەعید- دایک. ئافتا، توبا، گەلاوێژ- خوشکەکانی. سیروان و حەمەخان ) ئەنفالکراون. لە کۆی گشتیی حزم و کەسەکانیش هەمووی ٥١ کەسمان ئەنفالکراوە. حسێن سەبارەت بەئەنفالکردنی سەرجەم خانەوادەکەی خەمێکی قوڵ یەخەی دەگرێت و بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ بەئەسپایی باس لەو تاوانە دەکات کە بەسەر خۆی و خانەوادەو خەڵکی گوندی ملەسورەدا هاتووە. حسێن دەڵێت:ئێمە بەهۆی تەمەنمانەوە هەرخەریکی شوانی و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون، لەکاتی شاڵاوەکەدا، بەرێکەوت بڕیارماندا ئاژەڵەکانمان بەرەو (سمود)بەرن، لەرێگای حاجی عەوادەوە پەرینەوە، دواتر گووتیان جاش هاتن، کە گەیشتینە سەر جاددەی سەرەکی کفری- کەلار سەربازەکان رێگەیان لێگرتین و ئەفسەرێک ئێمەی دەستبەسەر کرد هەتا بەیانی. بەڵام کە خۆرهەڵات ئەفسەرە کەی کە شەو قسەی زۆر خۆش بوو لەگەڵماندا بۆ بەیانی هەڵوێستی بە خراپی گۆڕاو لێمان هەڵگەڕایەوە. دواتر سەعید جاف کە موستەشاری ڕژێم بوو هەرچۆنێک بوو ئێمەی لەو ناوە دوورخستەوەو ڕزگاری کردین. لەترسی سەربازو جاشەکان، خۆمان لەدەوروبەری گوندی سەیدە بەرەو دێبنە شاردەوەو توشی وەزعێکی زۆر ناخۆشبوین، هیچ خۆراکێکمان پێنەبوو، ئەگەر شوانەکانی سەیدە نەبونایە ئێمە لەبرسان ئەمردین، زۆر هاوکارییان کردین. ئێمە جگەلە برسێتی تەنها جلەکانی بەرمان مابووەوە، ئاگامان لەکەسوکارمان نەمابوو. دوای چەند ڕۆژێک لە(سموود) خۆمان شاردەوەو ئیتر ژیانمان بوو بەچاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکارەکانمان. تائێستاش من هەرچاوەڕوانم هەرچەندە باشیش دەزانم کە چاوەڕوانی هیچ سودێکی نییە. ئێمە وەکو تاقانەی ئەنقال ٢٥ ساڵە بێکەسوکار ئەژین، لەخێزانەکەمدا تەنها یەک کەسیش

نەماوە کەدڵم پێیخۆش بێت. بۆ ئەوەی بژیم هەر ڕۆژەی لە شوێنێك ژیاوم. من تاساڵی ٢٠٠٣ هەر چاوەڕوانی کەسوکارەکەم بووم بەڵام کە بەعس ڕوخاو هیچ کەسێك نەگەڕایەوە، ئیدی زانیم ئەبێت بێکەسوکار بژیم، پێمبڵێن بێکەس و تاقانە. سەبارەت بەدادگایکردنی جاش و موستەشارەکان، حسێن عەبدولا دەڵێت: بێگومان دادگایکردنی ئەوانە هیواو داواکاری ئێمەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، بەڵام منیش پێموانییە ئەو کارە بەحکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت و ئەو داوایەی ئێمە جێبەجێبکرێت. هەرگیز من ئەو ٣ ساڵەم لە بیر ناچێتەوە لە ساڵی ١٩٨٨- ١٩٩١ هەتا کاتی ڕاپەڕین کەلەچ دۆخێکی خراپ و نا لەبار ژیانمان بردۆتە سەر. لە کۆتاییدا دەپرسین، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حکومەتی هەرێم بۆ دووئامانجی ڕوون، هاوکات وەکو بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی، بیر لەوە بکاتەوەو کار لەسەر ئەوە بکات کە تۆمەتبارانی پرسی ئەنفال بەرەو دادگاکان ڕاپێچبکات و، هەروەها ئەو خەم ودڵەراوکێیە و نیگەرانییەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و تایبەت تریش، تاقانە دڵشکاوەکان، بەردەوام تێیدا دەژین دڵخۆشیان بکات بە هەنگاوەو ئیتر دەستبکەبن بە پڕۆژەوکاری نوێتر لە کەیسەکانی جینۆسایدو ئەنفال؟؟ هەنگاو گەلێکن هێندە سەخت و دژوارنین بەقەد ئەوەی پێویستی بە ئازایەتی بڕیاردان هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە یەکلایی بێتەوەو کۆتایی پێبێت!!!



بەڵکو لە بەرئەوەیە ئەوانیش وەك هەر یەك لە ئێمە ژیانیان هەبوو. ئەوان شایەنی ڕێزگرتنن چونکە بەر لەمەرگ سوکایەتیان پێکرا نموونەی هەندێك لەم سوکایاتیانە ژانی لە مردن ناخۆشترە ، کەچی جۆرێك لەبەرگری و پێداگریان لەسەر " مانەوە " تا کوشتن و زیندە بەچاڵکردنیشیان هەر درێژەی هەبوو. نموونەی ئەو دایکەی گەرمیان کە کۆرپەکەی دوو ڕۆژبوو مرد بوو، بەڵام مەمکی هەر لەدەمی دەرنەدەهێنا، دوو بریندار لەئەنفالی بادینان کە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ ڕاکردن دواتریش ڕزگاریان بوو، ئەم کەسانە شایەنی ڕێزگرتنن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کام جۆری یادکردنەوە جێگیر بکرێت وچۆن سەر لەنوێ مێژووی ئەم تراژیدیایە بنوسینەوە ؟

**تاوانبارانی جینۆساید هیچ پارێزبەندی (حصانە)یەکی نێوخۆی و نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە، بۆیە داڵدەدانیان پێشێلکاری یاساو مافی قوربانیە – ئەنفالستان**

# ئەنفال وەك یادەوەرییەك لەزاكیرەی كەسوكارەكانیدا



سەرحەد محەمەد رەشید

بیرەوەری وکۆستەنەتەوەییەکان، بەتایبەتی تاوانی ئەنفال‌و جینۆسایدی گەلی کورد، بۆهەریەکێك لە کەسوکاری قوربانیان، چیرۆکی تایبەت بەخویان هەیە، پێویستە هەرتاکێك چیرۆکی خوی توماربکات بەنووسین، یالێدوان بۆمیدیاکان، بۆئەوەی بەبێ زیادو کەم تۆماربکرێت‌و لەزاکیرەی کۆمەڵگاکەشدا بمێنێتەوە. بۆیەپێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و رۆشنبیران وخەمخۆران ئەم پرسە بەهەند بگرن وسەردانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکرێت، کەبەهۆی ئەوتاوانە گەورەیەوە، بێکەس ماون، بەسەر بکرێنەوە بۆئەوەی هەتا هەتایە نەوەکانمان ئەم پرسە لەبیرنەکەن، نەوە لە دوای نەوە بۆیەکتری بگێرنەوەو قسەوکاری زیاتری لەسەربکرێت‌و وەك ئەرکێکی پیشەیی‌و پەروەردەیی لەسەرحکومەتی هەریمی کوردستان، بەگشتی وەزارەتی پەروەردەپێویستە ئەم پرسە بخاتە پرۆگرامی خوێندنەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەدا داتاشۆ نمایشی رۆژانە بکرێت‌و خوێنکارانی ئەو ولاتەش بەشدرای بکەن لە شرۆڤەکردنی تازەو بەردەوام بۆ بیری بەعس‌و دەرئەنجامەکانی ئەو تاوانانەی کەبەسەرکورددا هاتووە.هاوکات ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە قێزەونە بەخەڵك بناسرێت وەهەوڵبدرێت بەسزای یاسایی خۆیان بگەن.. بەشبەحاڵی خۆم (٣) کەسی نزیکم کەنابیناو کەمئەندام بوون، بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن، کەچی ویژدانی قبوڵ ئەم تاوانەی کرد ! و جیهان لێی بێدەنگ بوو، تەنها لەگوندی ملەسورە (٧٢) کەس بەرشاڵاوی درِاندانەی ئەنفال کەوتن، کەسی واهەیە لەنۆسەر خێزان تەنها خۆی ماوە.

کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ئەگەرچی خزمەتیان کرابێ بەڵام لایەنی دەروونی ومەعنەوییان هەرگیز ئاسایی نابێتەوە، من دایکم و برایەکەم‌و ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکارم ئەنفال کراون، کاتێك خێزانەکانمان روویان کردبووە ئوردوگای رزگاری من کەهاتم بۆلایان دوای چەند رۆژێك ئینجا ماڵی خۆمانمان دۆزییەوە.

دوای تێپەربوونی ٢٥ ساڵ بەسەرئەو تاوانەدا، ئایا پێویست ناکات پرسیارێك لەخۆمان‌و دەسەڵاتەکەمان بکەین، کەبۆچی بەو شێوە شەرمنانە کار بۆ بەجینۆساید ناساندنی گەلی کورد دەکات؟ بۆچی لەلایەن حکومەتەوە هەوڵنادرێت ئەم پرسە بە نێودەوڵەتی بکرێت؟ لەلایەن عێراقەوە قەرەبووی ماددی ومەعنەوی کەسوکاری ئەنفالکراوان بکرێتەوە. لەسەر


١٩٦٦
١ ـ محل وتاریخ ولادة حامل الشهادة: كلار
٢ ـ الديانة: مسلم
٣ ـ العلامات الفارقة: لا
٤ ـ اسم الاب الكامل: محمد محمد رشيد
٥ ـ محل ولادته: كلار
٦ ـ اسم الام الكامل: مريم كريم
٧ ـ محل ولادتها: كلار
الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )
رقم المحفظة / ١٩٨٦ / ٢٠٨٢ ل ٩٠
رقم الشهادة ٤٧٥٤٧٥ ن/
التاريخ ١ / ٣ / ١٩٨٢
شهادة الجنسية العراقية
بناء على تحقق اكتساب حكيم محمد محمد رشيد
المثبت صورته الشمسية أعلاه الجنسية العراقية وفق
المادة ( ١٦/١ ) من قانون الجنسية العراقية فقد
منح هذه الشهادة .
توقيع حامل الشهادة ........ بصمة ابهام اليد اليسرة
مدير الجنسية
الجمهورية العراقية
١ دينار

ئاستی ناوخۆش لەیادەکاندا خۆیان رۆڵی تایبەتی خۆیان هەبێت؟ بۆنەی نیشتیمانیی‌و نەتەوەیەکان، موڵکی هیچ کەس ولایەنێك نین، نەك هەر لەهەریمی کوردستان، بگرە لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان. من وەکو کەسوکاری ئەنفال، ئەگەربێمە سەر چیرۆکی ژیانی خۆم لە ساڵی (١٩٨٨) کە لەگوندی ملەسورەی سەر بە قەزای کەلار نیشتەجێ بووین.

ئەوکاتە زۆربەی خەڵکی گەرمیان لە "ملەسورە" کۆکرابونەوە، لەوێوە هەموو کەسوکارو خێزانەکانیان‌و تەنانەت مەروماڵاتیشیان ئەنفالکرا، ئەوەی کەرویدا هەرگیز ناتواندرێت بخرێتە سەر کاغەز ، چونکە ئەو تاوانە، ئەوەندە قێزەوەنە، لەیەك کاتدا ژیانی گوندنشینەکان بەپیرو پەککەوتەو ژن ومنداڵ روبەرووی مەرگ کرانەوە. بۆیە قسەکردن لە چیرۆکی ئەوخێزانانەی بەزۆر لەناو زیلی سەربازی ئاخندران بەرەو قۆرەتوو لەوێشەوەبەرەو تۆبزاواو نوگرەسەلمان کۆتایی بەژیانی دەیان هەزار کەسی بێتاوان هێنا. دەپرسم چیرۆکی ئەم قوربانیانە تەنها ئەوەندە بەسە کەبخرێتە سەر کاغەز؟ پێموایە

هەرگیز ناتوانین بەوشێوەیە گوزارشت لەوداوی ئەنفال بكەین، تەنها قوربانیانی ئەنفال دەتوانن، ئەوانەش ئیتر كەسیان ناگەڕێتەوە هەتا چیرۆكەكانمان بۆبگێڕنەوە مەگەر ئەو ژمارەكەمەی دەربازبوان كە لەگۆڕەبەكۆمەڵەكانی بیابان گەڕانەوە كە چۆن باسی ئەو قیامەتەیان بۆكردین، كەبەچاوی خۆیان بینیویانەو تێیدا ژیاون؟!

من لەوكاتەوە بەهۆی خوێندنەوە لە دایكم دووربووم كەهەمیشە پێویستم بەدایكم بوو، بەردەوام بیرم دەكرد، كەچی بۆهەتاهەتایە دایكیان لێسەندمو جەللادەكان راپێچی بیابانەكانیان كرد، براكەم بەهەمان شێوە بەهۆی خوێندنەوە زۆر كەم دەمبینی. كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال لەهەموو ساتەكان گریان و فرمێسكو باری دەرونییان رێگەیان پێنادات وەكو خۆی باسبكەن تەنها ناخی خۆیان نەبی . من پێموایە هیچ كەناڵومیدیایەك ناتوانیٚ گوزراشتێكی زیندووبكات لەگێڕانەوەو باسكردنی ئەوەی رویدا، بەڵكو تەنها ناخەكان دەتوانن چیرۆكەكان بۆخۆیان بگێڕنەوە. ئەو رۆژە ئەو دیمەنەم بەچاوی خۆم بینی، نەشم زانی ئازیز ترین كەسی منی تێدایە كە دایكوبراكەمە. سەربازوجاشەكان خەڵكەكەیان لەكەلارەوەبەرەو قۆرەتوو بە تراكتۆروعەرەبانەو زیل دەگواستەوە. كەئەو دیمەنەم بینی ژن و پیرو منداڵ پەككەوتەم بینی خۆمم بۆراگیرنەكراو فرمێسك بەچاوەكانم دادەهاتنە خوارەوە. لەیادی ٢٥ ساڵەی تاوانی ئەنفال سەری رێزو خۆشەویستیم بۆسەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاریوگۆڕی ئەو كەسوكارە ئازیزانەی ئێمەكەبەبیٚ ماڵئاوایی بۆهەتاهەتایە، جێیان هێشتین.



## كوڕی دوو شەهید

تاقانەی ئەنفالو كوڕی دووشەهید هەندرێن جەعفەر حەمەد لە دایكبووی ساڵی ١٩٨٤ ە دەرچووی پەیمانگاو كۆلیژی زانستە ئیسلامیەكانی زاكۆی سەلاحەدینەو وتار خوێنی مزگەوتی ( خەرابەیی دارەتووی هەولێرە) . خەڵكی بالیسانەو ١٩٨٨/٧/٣١ جارێكی تر بالیسان گازبارانكرایەوەو كۆمەڵكوژی رویداو بەهۆیەوە لەناو ئەشكەوتی كونە سیخوڕ هەموو خانەوادەكەیان گیانیان لەدەستدا كە بریتی بوون لە : دایكو باوكوخوشكێكی بە ناوەكانی " جەعفەر حەمەدوئامینە رەسوڵوبەناز" جێگەی ئاماژەیە ئەو كاتە دایكی هەندرێن دوگیان بووە .

مەلاهەندرێن لە كیمیابارانی رۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ بریندار بووەو ئێستاش سنگی وچاوەكانی ئاڵودەی نەخۆشینولەلای دكتۆرە ئێرانیەكان لە ژێرنەشتەرگەریو چاودێریدایە.

سەبارەت بە ڕزگاری بوونی، مەلاهەندرێن ووتی: باوكی رەحمەتیم پێشمەرگەو فەرمانەدەی كەرت بوو، باپیرم لە شەقڵاوە دادەنیشت پێشبینی كردبوو، بۆیە بەباوكمی تبوو: ( بائەم كوڕەمان بمێنیٚ مەیبەن بۆبالیسانو لەلای من بەجێی بهێڵن ) بەداخەوە پێشبینیەكەی مام حەمەد راست دەرچوو، ئیدی هەندرێن بووە ( كوڕی دووشەهید) و بەتەنها لەمەرگ دەربازیبوو لەلای باپیری مایەوەو دوای مردنی باپیرشی كەوتە لای پورەكانیو دواتر چووە حوجرەوبەرفەقێیەتیو دواتریش پەیمانگاو كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكانی تەواوكردووەو ئێستاش هەڵبژاردەی توانمااسازیە بۆ خوێندنی ماستەر لەدەرەوەی وڵات . هەمیشە وتارەكانی لە رۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەناوی مەلاهەندرێن بالیسانی – ( ابن الشهیدین ) بڵاودەكاتەوە .

ئەندامی رێكخراوی "سپی" یە بۆناوچە كیمیابارانكراوەكانی كوردستان.



### عوسمان حمە صالح :

## لەنوگرەسەلمان بەزۆری منداڵەکان دەمردن چونکە بەرگەی برسێتی وتونێتیان نەدەگرت .

عوسمان حەمە ساڵح دانیشتوی گوندی گۆپتەپەیە“ لە کیمیاباران و ئەنفالی گۆپتەپەدا زیاتر لە (٧٠) کەسی بۆتە قوربانی. تەنها لە خێزانەکەی خۆی (٩) نەفەری ئەنفالکراوە (٣) کوڕ و (٥) کچ و خێزانەکەی. وەك لەبەرگی دواوەی ئەنفالستاندا دیارە ماڵەکەشی وەك تەواوی خانوەکانی گۆپتەپە درایە بەر کەڵبەی شۆفڵ و لەگەڵ زەوی تەختکرا.

پاش ئەوەی لە سەردانێکماندا وەك گۆڤاری ئەنفالستان، بەپێویستمان زانی کە بەسەرهاتی ئەم پیاوە تاقانەیەی دوای ئەنفالتان بۆبگێرینەوە، بۆ ئەوەی داستان و بەسەرهاتەکەی بچێتە مێژووەوە. ئەوەندە بەس بوو کە وتمان خۆت بناسێنە و باسی ئەو تاوانە گەورەیەمان بۆ بکە کە دەرهەق بە خەڵکی گۆپتەپە کرا، بەداخەوە بە هۆی بەناوساڵداچونی مام عوسمان،

لە سەرەتای قسەکانیدا ئەوەی وت "کە هەندێك لە شتەکانم بیرچۆتەوە و کەمێکیش گوێم گرانبووە." بەڵام ئاهێکی هەڵکێشا و وتی "ئێوارەی ١٩٨٨\٥\٣ وابزنم ١٧ی ڕەمەزان بوو، چاوەڕوانی ئەوە بووین کە خۆر وردەوردە ئاوابێت و ڕۆژوەکانمان بشکێنین“ لە ناکاو دەنگی چەند تەیارەیەك هات و چەند جارێك بە سەر ئاواییەکەدا سوڕانەوە و لە چەند شوێنێکەوە دەنگێکی گەورە هات. سەرەتا نەماندەزانی کە کیمیایە. ئێمە ماڵمان لە چەمەکەبوو، لەوێ خەریکی زەرعات بووین“ پاشان هەواڵمان بۆ هات کە وتیان کیمیا لە گۆپتەپە و عەسکەری داوە و خەڵکێکی زۆری کوشتووە. لەوکاتەدا کە زانیمان کیمیایە کەس ئاگای لەکەس نەما، چونکە لەچەند لایەکەوە تەیارەکان کیمیابارانی ئاواییان دەکرد. ئیمە کە نزیکەی (٧٠) کەس دەبووین، بەرەو چیاکانی خاڵخاڵان کەوتینەڕێ“ حەسۆی برازام سەرتیپ بوو. ئیمە بە هۆی ئەوەی کە نزیك لە زێیەکە بووین، توانیمان ڕزگارمان ببێ“ چونکە ئەوەی کە کیمیاکەی بەرکەوتووە بەرەو سەرچاوەکانی ئاو وەك زێ و کانی و چەمەکان ڕایان دەکرد. ئەگەر لە ئاوایی بووینایە ئیمەش دەمردین (کیمیایی دەیکوشتین). دوای ئەوەی ڕزگارمانبوو چووینە چەمێك بە ناوی (بابەڕوشە). ئەم چەمە دەکەوێتە سنووری گوندی جەلەمۆردەوە. خەڵکی زۆری لێ کۆکرابووەوە و خەڵکی گوندەکانی سنوری ناحیەی ئاغجەلەر وەك (چەلەمۆرد، گۆپتەپە، گەلناغاج، سەرچنار، توتوقەڵ، کانی هەنجیر و...) لەوێ بوون.

پاش چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە و پێدەچوو ئیخبار کرابین“ بێئەوەی بزانین دەورمان گیراو تەقەیەکی زۆرمان لێکرا. چەند کەسێك لە کاتی ئەوەی دەیانویست ڕابکەن و خۆیان ڕزگاربکەن کوژران. لە دوای ئەوە هەموو خەڵکەکەیان کۆکردەوە و دەوریان گرتین و ئەوەی پێمانبوو لێیان سەندین. کردییانینە ناو زیلە عەسکەرییەکانەوە. بردیانین بۆ( تەقتەق)، ئەوشوێنەی ئێمەی لێبووین پێیان دەگوت (تەعاونییەکەی تەقتەق). خەڵکێکیی زۆری لێبوو“ لە سەرجەم ناوچەکانی دەوروبەرەوە گوندەکانی (گۆپتەپە، سەرچنار، گردخەبەر، گەلناغاج، چوخلیچە)، گوندەکانی دەشتی کۆیەش لەوێ بوون. هەموومانیان ناونووسکرد هەروەك ئەوەی هەوییەمان بۆ دەربکەن.

پیر و گەنجەکانیان لە یەك جیاکردەوە. دوای ئەوە نزیك نویژی عیشا کردیانینە ناو زیلەکان و بەرەو تۆپزاوایان بردین“ لەوێ ئێمەیان کردە قاعەکانەوە و گەنجەکانیش بەجیا. تا نزیك بەیانی لەوێ

بووین" دوای ئەوە بردیانین بۆ (نوگرەسەلمان) و گەنجەکانیان برد بۆ شوێنێك" نازانم بۆ کوێیان بردن، پێم وابێ بۆ غداد، یان سەماوە بوو.

کە گەیشتینە نوگرەسەلمان ئەوێ پڕبوو لە زریکەی منداڵان. هاواری دایك بۆ منداڵەکەی کە لە برسان و لە ترسان توانایان لێبڕا بوو. لەوێ خەڵکی لای خۆمانی زۆر لێبوو. لە سەرەتادا خواردنمان باش بوو" تا مانگی ڕەمەزان تەواو بوو ژیانمان خراپ نەبوو بەڵام، دواتر لە(٢٤) سەعاتدا تەنیا (پەرداخێك ئاوی گەرم وشۆر لەگەڵ سەموونێکی ڕەق) بوو.

ڕۆژانە (٦_٧) کەس دەمردن. بەشێکی زۆر لە منداڵەکان بەرگەی برسێتی وتونێتییان نەدەگرت و لە برسان دەمردن. بۆ خۆم منداڵێکی گۆپتەپەم بینی، هەر دوای ئاوی ساردی دەکرد، بەڵام ئاو نەبوو تا بیخۆینەوە " منداڵەکە لە باوەشی نەنکیدا گیانی سپارد و مرد. هەر لەوێ ناشتمان. بەڵام چ جۆرە ناشتنێك؟ شوینەکەمان لم بوو، ئەندازەی ئەژنۆیەك لمەکەمان لادەدا و مردووەکانمان دەناشت. لەوێ سەگێکی ڕەشی لێبوو، ناسرابوو بە(سەگە ڕەشەکەی نوگرەسەلمان) ئەو سەگە نەعلەتییە، تەرمەکانی هەڵدەدایەوە.

پاش (٦) مانگێك لە بەسەربردنی ئەو ژیانە تاڵە، دەنگۆیەك هەبوو کە ڕزگاردەکرێین. ڕۆژێك ئەمن هاتن وبەسەر قاعەکاندا دەگەڕان، دەیانپرسی: کێ نەخۆشە؟ هەموومان لە ترسان دەمانوت: نەخۆش نین چونکە دەنگێك هەبوو دەیانوت ئەوەی نەخۆشبێ دەیخەنە ناو دەریاوە هەتا ماسی بیخوات. ئەوەی نەخۆشیش بوایە لە ترسان چاك دەبووەوە.

لە دوای ئەوە عەسکەرەکان هاتن، وتیان هەندێك لە دەستگیرکراوەکانمان بردوەتەوە بۆسلێمانی دوای ئەوە کەمێ ترسمان ڕەوییەوەو هیوایەکمان بۆ گەڕایەوە. پاشئەوەی چەند وەجبەیەکیان برد، ئێمەش خۆمان ناونووسکرد بۆ ئەوەی ڕزگاربین لەو مەرگەساتەی هەر ڕۆژێکی مردنێك بوو. دوای ئەوە نۆرەی ئێمەش هات وگەڕاینەوە بۆسلێمانی" لەوێ ئازادیان کردین هەرکەسەو بۆناوچەکانی خۆمان.

بەڵام نەهامەتییەکان دوای ئازادکردنمان بوو،کە گەڕاینەوە کەس بەکەس نەبوو. هەرکەسەو لە هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی خۆیدا بوو" بەڵام کە هاتینەوە، ئەو کاتە پرسیاری منداڵەکانم کرد، وتیان کەسیان نەگەڕاونەتەوە. هەستم بە تەنهاییەکی زۆرکرد، چونکە من هەموو منداڵەکانم لەگەڵدابوو. بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانم بێ منداڵەکانم جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ گۆپتەپە وسەرلەنوێ ژیان پێکەوە بنێمەوە. پاش ئەوهەموو نەهامەتییانەی کە بەسەرمدا هاتووە "تا ئەم ساڵانەی دوایش هەر لەچاوەڕوانی گەڕانەوەیاندا بووم " دوای ساڵی٢٠٠٣، ئیتر بێ- هیوایی دایگرتم بەڵام بە خودا، تا ئەو ڕۆژەی خۆڵ دەنێنە سەر چاوانم، لە دەرگاکەم دەڕوانم بەڵکو منداڵێکم بگەڕێتەوە.

**ناوی قوربانیەکانی خانەوادەی ( عوسمان )**

| ز | ناوی سیانی ئەنفالکراو | پەیوەند |
|---|---|---|
| ١ | ناجیەسەعید عەبدولڕەحمان | هاوسەری |
| ٢ | سەلام عوسمان حەمەساڵح | کوڕی |
| ٣ | ئیبراهیم عوسمان حەمەساڵح | کوڕی |
| ٤ | دلێر عوسمان حەمەساڵح | کوڕی |
| ٥ | ڕەنگین عوسمان حەمەساڵح | کچی |
| ٦ | نەسرین عوسمان حەمەساڵح | کچی |
| ٧ | تریفە عوسمان حەمەساڵح | کچی |
| ٨ | هەوار عوسمان حەمەساڵح | کچی |
| ٩ | قەدریە عوسمان حەمەساڵح | کچی |
| ١٠ | پەیمان قادر محەمەد | کچی |
| ١١ | دیار سەلام عوسمان | کوڕەزای |
| ١٢ | ڕۆژگار سەلام عوسمان | کوڕەزای |

# ئەومرۆڤانەی لەسەفەری مەرگ گەرانەوە...!!

هێمن عەبدوڵا



زۆرن ئەو کەسانەی کە لەسەفەری مەرگ گەڕاونەتەوە هەر لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و لەناو گۆڕی بەکۆمەڵ وتاکەتاکە دەربازبوی تاوانی ئەنفال، لێرەو لەوی سەدان چیرۆکی تراژیدیا لەوانە (تەیمور، زمناکۆ، نادر) ئەمانە هەموو چیرۆکی ویژدان هەژێنن لەکوردستانی باشورئەگەر بەوردی لیکۆڵینەوەیەك لەسەردەرونی ئەوکەسانەی کە لە ئەنفالدا بونەقوربانی وتالآوی ئەم تاوانە نەگریسەی رژێمی بەعسیان چەشن بکریت، ئەوا بێگومان بەسەدان وهەزاران کتیب لە چیرۆكو رۆمان تەواو نابن بۆیە دەبی هەریەکە لەشوێنی خۆمانەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین ولە ماڵەکانی خۆمانەوە دەست بکەین بەدیکۆمێنت کردنی ئەو بەڵگانەی کەهەن لەسەرتاوانی ئەنفال .بۆیە بەپێویستم زانی لەم ژمارەیەی گۆڤاری ئەنفالستاندا ناوی ئەوکەستانەتان پێ ئاشنابکەم کە لە گوندەکەی خۆم گۆپتەپە کە بۆ یەکەمجارە بەم شێوەیەدا کاریان لەسەربکریت لەلیستێکدا کۆبکرینەوە بە پەژارەیەکی زۆرەوە کەسانەی ناویان هاتووە بەشێکیان لەژیاندا نەماون، بۆیە جێگەی خۆیەتی بپرسین کە ئەمە حاڵی تاکە گوندێك بێت ئەی دەبێ لەسەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان و کۆی قۆناغەکانی ئەنفالدا هاوشێوەکانی ئەم ناوانە کە چونەتە نوکرەسەلمان وگەڕاونەتەوە چەند کەسبن؟ یاخود چەندیان بەبێ ئەوەی چیرۆکەکانیان بۆکەس گێرابێتەوەو رێکۆردێکیان لەبەردەم دانرابێ ئەسپەردەی خاك و سەفەری مەرکی یەکجاریان کردبێ؟ دەزانن ئەزیزان بەمردنی هەر کەسیك چیرۆکیکمان لەدەستداوە، بەڵام هێشتا دەتوانین وکاتمان لە بەردەست ماوەلە زیندووەکان بگرین و مردوپەرست نەبین.

ئەوچیرۆکانە بنوسینەوە کەبۆمێژمان دەبنە زەخیرەی پێویست، تەنانەت ئەگەر بەکەموکورپیشبێت باشترە لەوەی کە هەر نەکرێت، وەك دەڵێن: هەنگاونان نیشانەی دەست پێکردنەو بۆ رێگەیەکی دوور دەبێ لەهەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ بکرێت.

**ناوی ئەوکەسانەی کە لەگوندی گۆپتە پەی شەهیدان چونەتە دۆزەخی نوگرەسەلمان بیابانەکانی عەرعەرو کەڕاونەتەوە .**

١. مریەم یاسین محمد
٢. عبداللەرسول علی
٣. عومەر رسول علی
٤. داراحسن رسول
**٥.** دانا حسن رسول

**لەنوگرەسەلمان لەباوەشی نەنکی دابەناوی (مریەم یاسین) کیانی سباردوە**

٦. فەریدەکەریم محمد
٧. محمودأحمد شریف
٨. مجیدمستەفا أمین
٩. حاجی محمد حوسێن
١٠. حەلاوخدرفەتاح
١١. حەلاومستەفای رسول
١٢. ئایشەاسماعیل علی
١٣. عگییەسعیدعبدالرحمن
١٤. مجیدحسێن
١٥. احمدمحمدصالح
١٦. قادرحمە صالح

**دوای کەرانەوەی کۆجی کردوە**

١٧. عوسمان حمەصالح
١٨. حوسێن مەجید

**لەنوگرەسەلمان کۆجی کردوە**

١٩. حاجی عبداللە سعید

**شایەدحالی دۆسیی ئەنفال**

٢٠. احمد جمیل احمد
٢١. سعیدعبداللەسعید
**٢٢.** محموداحمدجمیل

**دوای گەرانەوەی کۆجی کردوە**

٢٣. احمد محمود عومەر
٢٤. حاجی غەفوراحمد
٢٥. رەحمە علی قادر
٢٦. عبدالقادرعبداللە
٢٧. زەکییە شریف
٢٨. حبیبە خەندان محمد
٢٩. عبدالرحمن مستەفا عبداللە
٣٠. حاجی محمدمستەفا پیرۆت
٣١. حلیمە رسول خدر
٣٢. ئایشە حوسین
٣٣. محمد صالح
٣٤. ئایشەعبدالرحمن مستەفا
٣٥. خدیجە علی ڕسول
٣٦. خدیجە

## گوندی گڵناغاج .

## ستار محمد سەعید:

# بێجگە لەمنداڵەکانی خۆم ٩ خانەوادە لەبنەماڵەکەمان ئەنفالکراون.

بەروار : ٢٠١٣/١/٢٥ – شوێن گلناغاج . کات: ١١ی سەرلەبەیانی .

ئا: ئەنفالستان



لە گوندی گڵناغاج روبەروی پیاوێکی زۆر میهرەبان بوومەوە، کە لەروخساریدا مەینەتیەکی زۆر دەبینرێ ئەوپیاوە ستار محمەد سەعیدی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ بوو، کە هەموو خانەوادەکەی ئەنفالکراون و ئێستاش هەر لە گوندی گڵناغاج دادەنیشێ. ستار هاوسەرەکەی بەناوی سەمیعە محمەد فەرەج و کورەکانی بەناوی شەماڵ و شالاو کچەکەشی بەناوی بەناز لەلایەن جاشەکانی قاسم درەییەوە گیراون و ئەنفالکراون، جگەلە خانەوادەکەی خۆی لەبنەماڵەکەی ٩ خانەوادە بەتەواوی گیراون و ئەنفالکراون. کەچی ئەم قوربانیەی ئەنفال حەیف و داخ بۆ ئەوە دەخوات کەوا جاشەکان لەقوربانیەکان و لەئێمەومانان لەپێشترو بەریزترن جەختی کردەوە لەوەی جاشەکانی قاسم درەیی گرتوونی نەك قاسم ئاغای کۆیە، وتی : من بۆخۆم جاش رزگاریان کردم دەنا ئێستا ئەنفالکرابووم، سەرەتا لە گڵناغاج کە پرسیارمان کرد داخۆ کێ لەم گوندەدا بەتەنها ماوەتەوەو هەموو خانەوادەکەی ئەنفالکراون ؟ ناوی ستار محمەدو ژنێکی تریان پێداین بەناوی ئایشێ، بەلام ئایشێمان بەچنگ نەکەوت و ستاریش ووتی: سێ برای ترم لەگەڵ دوخوشکم لەژیانداماوین خوشکێکم مێردەکەی ئەنفالکراوە، بەلام لەخێزانەکەی خۆم تەنها من ماوم .

بەرلەوەی هاوسەر گیری بکاتەوە ستار محمەد هەربەسەر ماڵانەوە گەراوەو بەزۆریش لەماڵی خەزوری بووە، دواتریش بەبریارێکی حکومەتی بەعس کە بەریاری ٧٣٦و ٣٧ ناسراوە جارێکی تر گیراوەتەوە بەسەربازو رەوانەی بنکەکانی مەشقی سەربازی کراوە. ئێستاش هاوسەرگیری کردووەتەوەو ٤ منداڵی هەیە، بەلام دڵی نەهاتووە هیچ منداڵیکی بەناوی ئەنفالکراوەکانیەوە بنێتەوە.

**لەیادەوەریە تاڵەکانی ستار :**

ستار دەڵێت هەموو ژیانی من مەینەتی بووە، هەرچی هەمەو نیمە هەموو دنیا دەدەم بەو کەسەی تەنها کورێکیانم بۆ بدۆزێتەوە، هەمیشە لەخەیالیاندام و لەبیرمناچنەوە، جارێکیان خەونم بەباوکمەوە بینی لە نوگرەسەلمان کرم لەدەستی دابوو، ووتم بابە بۆچی ژاڵەی تێناکەی بۆئەوەی چاك بێتەوە، کە باوکم هاتەوە پێموت و خەونەکەم بۆ گێرایەوە بە رۆژو سەعات لێکماندایەوە خەونەکەم لەجێی خۆیدا بوو، باوکم بەهۆی ئاوی پیسەوە دەستی تۆشی نەخۆشی ببوو. دواجار پیاوەکەی گوندی گڵناغاج ئاخێکی هەڵکێشاووتی: ئێمە سەریشمان رۆیشت و مالیشمان بەخوا بایی دەهەزاری ئەو کاتە مەرومالاتمان بەتالان برا. ستار خەمی ئەوە دەخوات کە ئێستا جاشەکان زۆر لە ئێمەومانان بە حورمەتتر تەماشا دەکرێن.

## نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکان و لیژنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەولێر.

هێمن عەبدولا

سەرلەبەیانی٢٠١٠/٥/٤ هەر ڕۆژێك دوای یادی کیمیابارانی گۆپتەپە لەژێر دارو بەردوی خانووی هاوڵاتی "حاجی محمدعلی"دا تەرمی شەهیدێکی تری کیمیابارانی گۆپتەپە دۆزراییەوە. کە بە ئامادەبونی دانیشتوانی گوندەکەو ئەندامانی دەستەی ناساندن و بوژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهید تەرمەکە لە کاتی کارکردندا کەدەیانویست خانوو دروستبکەنەوە کرێکارەکان تاکە (**ئەدیداسێکی کۆن**) دەدۆزنەوە، کاتێك خاوەن ماڵی لێ ئاگادار دەکەنەوە لەبەرئەوەی " حاجی خۆشی خاوەنی ئەنفال و شەهیدی کیمیابارانی گۆپتەپەیە بە کرێکارەکان دەڵێت: دەست لەکارهەڵبگرن ودواتر دەورو بەرو خەڵکی گوندەکە هەموو کۆبونەوەو لایەنی پەیوەندیداریان ئاگادارکردەوە، بەڵام دڵسۆزانی گۆپتەپە زۆر بەحەسرەتەوە دەستیانکرد بە هەڵدانەوەی تەرمەکەوبەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی شوێنەکە بەشێك لەجەستەی نبووە، لە کاتێکدا لەلایەن خەڵکی گوندەکە و بەشێ لەگەنجەکانەوە هەر چەند مانگێك بەرلەم تەرمەش یاداشتێکیاندا بە پەرلەمانی کوردستان لەخاڵێکی یاداشتەکەدا ئاماژە بەوەکرابوو کە گۆپتەپە تا ئیستا تەرمی شەهیدانی کیمیابارانی تێدایە، بەڵام بەداخەوە بەپاساوی زۆری خانوەکان وتیان ناتوانرێت ئەوشوێنانە هەڵبدرێنەوەوشایەدحاڵی روداوەکەش نیە بۆئێمە زۆرگرانە ...! بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادەی هەڵدانەوەی بوون بەڵام بەداخەوە پاش ئاگادارکردنەوەی لیژنەی گۆڕەبەکۆمەڵکانی هەولێر بەبیانوی ئەوەی ڕێگەکە دوورە هەمان ڕۆژ ئامادە نەبوون، تەرمە کە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە بەتەواوی هەڵدرایەوەو کرایە ناوچەند تورەکەیەکەوە بەدارتویەکی نزیك هەڵواسرا، ئەو کەل وپەلانەی کە لە نزیك تەرمەکەوە هەبوون ( **دەبەیەکی ئاوی فافۆن، چەند گوللەیەکی بیکەیسی وکلاشینکۆف، نیتاقێکی سەربازی سەوز، تاکە ئەدیداسێك وگۆرەویەك**) بەپێی ئەم بەڵگانە ئامادەبووان پێیان وابوو کە قوربانیەکە پێشمەرگەیە.

ئەوەی چاوەڕوانمان نەدەکرد ڕوویدا، دوای دوو ڕۆژ بەیانیەك چەند کەسێك هاتن ئێمە وامادەزانی دەست خۆشیمان لێدەکەن و یەکسەر تەرمەکەمان لێوەر دەگرن، بەڵام وتیان هاتوین بۆ هەڵدانەوەی تەرمەکە ئەندامانی دەستەی ناساندن و بوژاندنەوەی گۆپتەپە تەرمەکەمان لەناو تورەگەیەکدا لەماڵی حاجی محمد پیشاندان وسەردانی ئەو شوێنەیان کرد کەچی جاریکی تر ولەشوێنێکی تر تەرمەکەیان خستەوە ژێرگڵ و وەك بڵێی تازە تەرمەکەیان دۆزیبێتەوە تا نیوەڕۆخەریکی هەڵدانەوەی بوون!! دوای ئەوەی لە گۆپتەپە نانی نیوەڕۆیان نۆشکرد، تەرمەکەیان برد ئەوەشمان پێوتن لەهەر کاریکی پێویست ئاگادارمان بکەنەوە هەتا وەك خەڵکی گوندهاوکارتان بین، وەك هەمیشە وتیان بەسەرچاوەهەرچیەك بە ئێمە بکرێت بەزیادەوە دەکەین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئیستا هیچ دەنگیك سەبارەت بەوتەرمە لەلایەن وەزارەتەوە نیە ! چەندینجار سۆراخمان کردووەو بە وەزیری کاروباری شەهیدانمان وتووە لە کۆنفرانسی ناوەندی چاکدا ڕاستەوخۆ قسەی لەبارەوە کراوبەڵێنی بەدواداچونی تەواوی پێدراین، لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی پەیوەندیدار قسەکراوە، دەڵێن بەنوسراوداوابکەن لەکاتیکدا تەرمی شەهیدەکەی گۆپتەپە خۆی بەڵگەی تەواوە لەسەر کارەکە، ئەگەر تەنها تەرمێك شیکاریەکەی (٣) ساڵی پێویست بێ ئەی ئەو هەموو تەرمەی بیابانەکانی مەهاری وحەمرین وعەرعەر چەند پێویستە .!!

# منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و هەڵوەستەیەك لەسەر دۆسێیەکەیان



ئامادەکردنی : شادی غازی عبدالکریم

**پیشەکی**

جینۆساید تاوانێکی ترسناکە و بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی دادەنرێ" سەرەڕای ئەوەش، ڕژێمی بەعس زیاد لە جارێك بەرامبەر بە میللەتی کورد ئەنجامیداوە" بێئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەنگی لێوەبێت. لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیلی کورد بە هۆی ئەنفال و کیمیابارانەوە، زەقترین تاوانەکانی جینۆسایدن لەکوردستان کە بوونە هۆی شڵەژان و پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگەی کوردەواری ولێکترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" ئەمەش گەورەترین تێکچوونی باری سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیی لێکەوتەوە و بووە هۆی شێواندن و تێکدانی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری کە بنچینە وبنەمای سەرەکیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

هەربەهۆی ئەو کارە قێزەونانەی بەعسەوە بوو لەپاش لاچوونی تەم و مژ لەسەر رووداوەکان دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆری منداڵ ئاوارە و دەربەدەربون و دوور لە باوك و دایك و خێزانەکانیان لە وڵاتی غەریبیدا ژیان دەگوزەرێنن و بە دەم ئازارەوە دەناڵێنن. ئەوانیش ئەو منداڵە ونبووانەن کە دەبێ لە چاوەڕوانیدا دەستەو ئەژنۆ دابنیشن یان دەبێ چاوەڕوانی مەرگ بکەن. بۆیە زێدەڕەوی نیە گەر بڵێین ڕێژەی نەخۆشیی دەرونی لە نێو منداڵە ونبووەکانی ئەنفال و کیمیاباران، یەکسانە بە ڕێژەی نەخۆشیە جەستەییەکان و ئەو ڕێژەیەش ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بووندایە. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە ونبوون، لە خوێندن دابڕاون و لە پاش دۆزینەوەی کەس وکاریشیان خەریکی کارکردنن و بژێویی ژیانیان زۆر خراپە. ئەم بابەتەی دەیخوێنیتەوە، بەسەرهاتی منداڵێکی ونبووی شاری هەڵەبجەیە کە لە کاتی کیمیاباراندا لە خێزانەکەی ونبووە.

**له هەڵەبجەوە بۆ ڕانیە**

منداڵە ونبووەکە بەسێ ناو دەناسرێتەوە. لەسەر کێلەکەی لەمەزاری شەهیدانی هەڵەبجە بە (نیشتمان مەحموود فەتاح) ناوی نوسراوە، لە کاتی ونبوونیدا بە (بەختیار عەلی ساڵح) ناسراوە، لە کاتی دۆزینەوەشیدا کەسوکارەکەی ناویاناوە (شڤان) و ئێستاش ناوی (شڤان)ە. شڤان لە دیمانەیەکدا کە لە گەڵیدا سازمانکردبوو ئاماژەی بەوە کرد: من ئەوکاتە تەمەنم (٥ بۆ ٦) ساڵان بوو، هەرچەندە بەباشی ڕووداوەکانم بیر ناکەوێتەوە، بەڵام لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا لە خێزانەکەم دابڕاوم و کەوتوومەتە وڵاتی ئێران. لە یەکێك لە شارەکانی ئێران کە نازانم چ شارێك بوو ڕێم کەوتە خوێندنگایەکی گەورە کە منداڵی زۆری تێدا بوو و لەلایەن حکومەتەوە خواردنمان بۆ دابین دەکرا. لەوێ وا بەدەممەدا هاتووە کە ناوم (بەختیار)ە و ئەم (بەختیار)ە کەوتووەتە بەر زمانم و بەو ناوەوە بانگ دەکرام (عەلی ساڵح) بەڕێوەبەری ئەو

مەکتەبە بوو کە خواردنی بۆ دەهێناین و سەرپەرشتیی دەکردین ئیتر ئەو بووە هاوکارم و هەر بە ناوی (بەختیار عەلی ساڵح)ەوە بانگ دەکرام و منیش وەکو باوک و باپیرم حسابم بۆدەکرد. ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە پاشان هاتوومەتە شاری ڕانیە. بەڵام نازانم چۆن گەیشتومەتە ڕانیە، لەوێ ڕۆشتمە مزگەوتێك و ئێوارانێك، لەوکاتەدا کە خەڵك ئەڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە، پیاوێك بەناوی کاك (حەسەن) لە منی پرسی تۆ چی ئەکەی لێرە ؟ وتم من خەڵکی هەڵەبجەم و کەسم نەماوە و هیچ شوێنێك نییە بۆی بڕۆم، بە نیازم لێرە بمێنمەوە. ئەویش ووتی: من ئەتبەمەوە بۆ ماڵەوە. مام حەسەن خێزانی پێکنەهێنابوو، بردمی بۆ ماڵی برایەکی بە ناوی (خدر نەجمەدین سێوەلی) لەوماڵە مامەوە و ژیانم بردە سەر، هەر وەکو خوشك و برای خۆیان حسابیان بۆ دەکردم و زۆر ڕێزیان لێ ئەگرتم و زۆر بۆم باش بوون.

ساڵی ٢٠٠٢ برادەرێك پێی وتم: پێت چۆنە لە ڕێی ڕۆژنامەوە ناوەکەت بلاوبکەمەوە؟ پاشان بلاوی کردەوە و چەندین کەس سەردانیان کردم کە زانییان خەڵکی هەڵەبجەم. جارێکیان کابرایەك هات بە زۆر ویستی بمبات بۆ سواڵکردن. ئەوپیاوە، کە منی برد بۆ بازاڕ خۆی لێدەشاردمەوە و نیازی خراپبوو بەرامبەرم. منیش کە گەورەبووم هەستم دەکرد کە نیازی خراپە" پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵەکە و وتم ئەم پیاوە خۆی لێدەشاردمەوە و نیازی خراپە بەرامبەرم. ئەوماڵەش وتیان نایەڵین جارێکی دیکە کەس بتبات وەکو کوڕی خۆی و بەوشێوازە خۆی بکات بە خاوەنت. پێیان وتم لێرە دانیشە وەکو کوڕ و کەسی خۆمان. جاریکی ترکەسێکی تر بەناوی (ماردین)ەوە هات کە لە گەڵ باوکم بوون، دایکم وخوشك وبرام نەمابوو، سۆزمان بۆ یەکتری دەجولا، پاشان ڕۆشتین بۆ ولاتی ئێران و لە تاران پشکنینی(DNA)مانکرد، ئەو ماڵە یارمەتییان دام بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە.

لە دوای ئەمەشەوە سێ ساڵە تووشی نەخۆشیی بوورانەوە و لەهۆشچوون بووم و شتم لە بیر ئەچێتەوە و ئەبوورێمەوە و تا (١٥) دەقیقە لە هۆشی خۆم دەچمەوە و بێئاگا ئەبم. چەند جارێك سەردانی دکتۆرم کردووە و داوودەرمان بەکارئەهێنم و تاوەکو ئێستاش بەو دەردەوە دەناڵێنم، لە بارێکی دەروونیی زۆرخراپدام و ژیانم پڕە لە خەم و ئازار.




لێرەوە ئەپرسم کەی بێت بتوانم ئەو ئازارە لە خۆم بکەمەوە و وەکو کەسێکی ئاسایی بە لەش ساخی ژیان بگوزەرێنم؟ بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش حکومەت هاوکاریی نەکردووم و سوودمەند نەبووم" زۆریش پەشیمانم هاتوومەتەوە بۆ هەڵەبجە، چەندها جار قسەم کردووە و هیچ سودێکم لەم حکومەتە نەبینیوە.بۆیە داواکارم لە حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان هاوکاریم بکەن و کاری پێویستم بۆ ئەنجام بدەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەم و دابینکردنی ژیانێکی تەندروست بۆم. خوشکێکی تریشم بە شێواز و هۆکارێکی پڕ لەئازار دۆزرایەوە.

**لێدوانی خدر نەجمەدین (خدر سێوەیلی) دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕین لە ڕانیە**

**کاتێك پرسیارم لێکرد چۆن ئەو منداڵەتان دۆزیەوە؟**

وتی : ساڵی ١٩٨٨ پرسەمان هەبوو، دوای چوارەم ڕۆژی

پرسیارەکە مامێکم لە مزگەوتێك نوێژی کردبوو، ئەم منداڵەش(کاك بەختیار) بە بەردەمیدا هاتوچۆی کردبوو، ئەویش پرسیاری لێکردبوو تۆ کێیت و لەکوێ ئەژییت؟ ئەویش وتبووی: من خەڵکی هەڵەبجەم و هیچ کەسێکم نییە. مامیشم هێنابووی بۆماڵی خۆیان، دواتریش هێنای بۆ ماڵی ئێمە. ئەو کاتە من لە کار بووم لەماڵ نەبووم، کە هاتمەوە ئەو منداڵە لەوێ بوو.

زانیاریی تەواوی دەربارەی خۆی و خێزانەکەی نەبوو" بەڵام ئەیوت من ناوم (بەختیار عەلی ساڵح)ە. هەندێ جار ئەیوت دایکم ناوی (ئامین)ە و هەندێ جار ئەیوت ماڵمان نزیکی شارە و بابم نەئەهاتەوە ماڵەوە تەنها بە شەوان ئەهاتەوە. لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە **تاوەکو ساڵی چەند لەگەڵ ئێوە ئەژیا؟** ووتی: لە دوای راپەرینەوە تا ساڵی ٢٠٠٢ چووینە گوند. لەو ماوەیەدا چەند کەسێك هاتن بۆ بینینی(بەختیار) و پاش بینینی ئەیان وت ئەم کورە کەسوکاری ئێمە نییە. برایەکم دوای ئەوەی ئامادەیی پیشەسازیی تەواوکرد لە گەڵیدا چایخانەی دانا.

ئەو کاتە لەڕانیە کەسێك بە ناوی (جوتیار) سەرۆکی شارەوانی بوو. کە چووبوو بۆ چایخانەکە چاوی بە (بەختیار)کەوتبوو و پرسیاری کردبوو، وتبوویان ئەوە خەڵکی هەڵەبجەیە. ئەویش بەڵێنی پێدابوو کە زەوییەکی بداتێ" تەنانەت ڕەقەم زەوییەکەشی پێدابوو، بەڵام لە سەر ئەوەی کە لە تەلەفیزیۆن چاوپێکەوتنیان لەگەڵکردبوو و سوپاسی جوتیاری نەکردبوو پەشیمان بووەوە لە پێدانی زەوییەکە. ئەوکات کەناڵی کوردسات هات و چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرد" وتی من خەڵکی هەڵەبجەم و لە کیمیابارانەکەدا بەرکەوتووم. ئەو کاتە ماڵی کاك مەحموود هاتبوون.

کاتێك کە کەناڵی کوردسات هاتن چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرد، ئەوان وێنەی ئەوکاتەیان پێبوو کە وێنەکانیان بەراوردی یەکتری کرد خوشکەکەی (ماردین) گومانی لادروست بوو، بە قسەکردنیان گومانێکیان لادروست بوو کە ڕۆشتنەوە و دوای هاتنەوە وتیان ئێمە ئەبێ پشکنینی بۆ ئەکەین کە منداڵی ئێمە بوو باشە ئەگەر وانەبوو ئەوا ئەتاندەینەوە. کە بردیان بۆ ئێران لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و شیکاریی بۆ کرا، خۆشبەختانە منداڵی ئەوان دەرچوو. ئێستاش وەکو برا دایدەنێین، وادەزانین برایەکمان لە هەڵەبجەیە لە براکەشم خۆشتر ئەوێت. لە ڕووی یاساییشەوە برای ئێمەیە و ناسنامەشمان بۆ دەرکردووە.

سەبارەت بە هەڵسوکەوتمان لە گەڵی، ئێمە لە گەڵ براکانی خۆمان جیاوازیمان نەکردووە، وەکو ئەندامی خێزانەکەی خۆمان حسابمان بۆ دەکرد. لە ئیشوکاریشدا منداڵێکی زۆر چالاك بوو و وەکو کوڕی ماڵەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو کارانەی کە ئێمە دەمانکرد لە گەڵماندا ئەیکرد. کە ئاژەڵمان هەبوو زیاتر شوانیی دەکرد. پێشتر زۆر هەوڵماندەدا کە بخوێنێت بەڵام مێشکی وەرینەئەگرت و نەیتوانی بخوێنێت. وەسفی شەقان زۆر بێ ئەندازەیە، زۆر ڕێکوپێك و باشە، کەسێکی دەست پاك و جێی متمانەیە.

هەرهاتە لای ئێمە نەخۆش بوو وەکو ئەوەی تەزووی کارەبای لێبدەی وای لێئەهات. پێشتریش لە لای ماڵێکی دیکە بوو لەڕانیە، بەڵام نازانم چۆن بوو. ئەوماڵەی دیکەش دەناسم" ماڵێکی باش بوون. تاوانی ئەم کارەش ئەخەمە ئەستۆی سەدامی گۆڕبەگۆڕ.

کاك خدر لە دواوتەیدا گوتی: داواکارین کە هاوکاریی بکەن بە تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، ئەگەر بکرێت خانەنشین بکرێت. ماڵی خۆشمان لە ڕووی هاوکاری

کردنەوە هیچمان بۆ نەکراوە، چاومان لەوە نییە کارمان بۆ بکرێت بەڵام تەنها باوکم خانەنشین کراوە و مافی خۆمانە ئیشمان بۆ بکرێت.

**شڤان خوشکەزامە**

ڕەحمان حاجی کەریم حەسەن لەباوەنوور وتی: (شڤان) خوشکەزای منە" بەڵام بە هۆی منداڵەکانی براکەمەوە پێمدەڵێت: مامە، ئەم کورە لەکاتی کیمیابارانەکە لەگەڵ دایکیدا بووە و دوو خوشك و دوو برا بوون، یەکێك لە خوشکەکانی، باوکی لەگەڵ خۆیدا ڕزگاری کردووە، خوشکێك و دوو برا لەگەڵ دایکیدا بوون و دیارنەماون، یەکێك لەو خوشکانەی نازانرێ چۆن کەوتووەتە ئێران و لەوێ چووەتە ڕەوزە و پیاوێکیش ئەوکچەی بردووەتە لای خۆی و لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا بەخێوی کردووە و ئەوپیاوەش سەربە کۆمەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە و لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپێنراوە. کاتێك برا و کور و کەسوکاری هاتوون بۆ لای، پێی وتوون دوای مِن ئەم کچە نازی لای ئێوە" ببەنەوە بۆ سلێمانی لە کوردستان بەڵکو کەسوکاری بدۆزێتەوە، ئیتر ئەم کچە هاتە سلێمانی. چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەمیش وەك دۆزینەوەی شڤانی برای وابوو.

ماڵێك گرتوویانەتە خۆیان و بە خێویان کردووە و پاشان پوورێکی کە خوشکی (مەحموود)ی باوکی بووە زانیویەتی و وتوویەتی: مەحموود ئەمە (ماردین)ە لێرەیە کە تەلەفۆنی کردووە بۆ باوکی، چوون هێنایانەوە و ئیستا لە لای باوکیەتی و شووی کردووە. بەداخەوە سەربارى ئەوەی هەژارە نەخۆشیشە. ئەو کاتە تەمەنی (٧) ساڵان بووە. (ماردین) یەك ساڵ لە (شڤان) گەورە ترە، ئەویش ناوی خۆی نەزانیوە و لە ئێران ناویاننابوو(هێرۆ) و خوێندنی تەواو کردووە لە بەشی کارەبا. دوای (٧) حەوت ساڵ دۆزراوەتەوە.

(شڤان)یش دوای (١٤) ساڵ لە ڕانیە پەیدابووەوە و دۆزراوەتەوە. ئەڵێن دوای دووەم و سێیەم ڕۆژ لە کیمیابارانەکە خەڵك هاتووەتە ناوشارەکەو ئەمیش منداڵ بووە، برسیی بووە لەو ناوە بینراوە خەڵك بردوویانە بۆ ئێران و لەوێ خراوەتە باخچەی ساوایان، دواتر چووەتە چوارقورنە و ڕانیە، لەوێ چووەتە مزگەوتێك پیاوێك سەیر دەکات منداڵێکی داماوی ڕووتەڵەی لاوازی برسیی لێیە، پرسیاری لێدەکات ئەڵێت چیت ناوە و خەڵکی کوێیت و چیت بەسەرهاتووە؟ ئەویش هەر ئەوەندەی ووتووە کە مِن هەڵەبجەییم. ئیتر مام حەسەن بردوویەتییە ماڵی خۆیان و شۆردوویانە و خواردن و جلوبەرگیان پێداوە و لەوێ کردوویانە بە کوڕی خۆیان و (١٤) ساڵ لەوماڵەدا بووە و لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا داینراوە وجیاوازییانی نەکردووە. دوای (١٤) ساڵ کە تێگەیشتووە بانگەوازی کردووە تاوەکو کەسوکاری خۆی بدۆزێتەوە. پاشان خەڵکانێکی هەڵەبجەیی هاتوون بۆ بینینی و سۆزیان بۆی نەچووە و وتوویانە هی ئێمە نییە. پاشان باوکی چووە و سۆزیان بۆ یەك چووە و وتوویەتی ئەمە (شڤان)ە کوڕی منە. ئەو ماڵەش کە شڤانیان گرتبووە خۆیان، وتوویانە ئێمە بەو شێوازە ناتدەینێ تاوەکو بەڵگەیەك نەبێت بە دەستەوە" پاشان دوای شیکاریی(DNA) لە ئێران، بۆیان دەرکەوتووە کە منداڵەکەی خۆیەتی، ئەمانیش بە زەمانەت داویاننەوە.

خێزانەکەی ڕانیە زۆر زیاتر لە باوکی خۆی ڕەحمیان بۆی هەیە" بنەماڵەیەکن زیاتر لە (٢٠) کەسن لە برا و خوشك و کەسوکاری خۆیان زیاتر خۆشیان ئەوێت. شڤان ماوەیەك لەگەڵ ماڵی باوکیدا بوو پاشان بە هۆی نەگونجانیان لەگەل باوەژنی، ماڵی خۆیانی بەجێهێلا و چو بۆ باوەنوور بۆ ماڵی باوکم. باوکم و دایکم پیر بوون، هات بۆلای مِن وتی مامە چی بکەم؟ منیش




لە مەڵبەندەوە کتابم بۆ کرد بۆ وەزارەتی ناوخۆ، کردم بە پۆلیس. کە بوو بە پۆلیس شەوان لە مەرکەز ئەخەوت" منیش وتم بۆ لە مەرکەز ئەمێنیتەوە؟ وتی باپیر و نەنکم پیر بوون و ناتوانن، نامەوێ ببم بە بار بەسەریانەوە. منیش پێموت وەرە بۆ ماڵی خۆمان" دوو کوڕم هەیە تۆ ببە بە یەکەم کوڕ و دوانەکەی تر ببن بە دووەم و سێیەم. وەعد بێت پیش ئەوان ژنت بۆ بێنم. دۆست وخزمانم ئەیانوت خۆت کچت هەیە بۆ ژنی نادەیتێ؟ منیش وتم گەر کچی منی بوێت و بە یەك ڕازی بن، من هیچ کێشەیەکم نییە" منیش بە خێزانەکەمم وت و ئەویش دواندی، وتی: من حەز ناکەم لە مامم دوور بکەومەوە چونکە مامەم زۆر دڵسۆزە بۆم" منیش کچەکەی خۆمم پێدا و کردم بە خاوەنی خێزان وخانوو. ئێستا خاوەنی دوو منداڵە" کورێك بەناوی (فەهەند) وکچێك بە ناوی (سروە) دوای چەند ساڵێك توشی نەخۆشی درێژ خایەن بووە و کاریگەریی لە خۆی و ئێمەش کردووە. ئێستاش (شڤان) ماڵی لە هەڵەبجەیە، منیش بە هۆی نەخۆشییەکەی ئەوەوە ماڵەکەم هێناوە بۆ هەڵەبجە. چارەسەری نەخۆشییەکەشی دیارنییە. کوڕێکی زۆرباش و ڕێکوپێکە.

داواکارین لە حکومەت ولایەنە بەرپرسەکان کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدەن بە مەبەستی هاوکاری کردن و چارەسەرکردنی" جا لە دەرەوەی وڵات بێت یان هەرجێگایەکی تر، چونکە بەرکەوتەی چەکی کیمیاییە و بە بڕێك پارە دەتوانریت نەخۆشییەکەی چارەسەر بکرێت. خۆی توانای چارەسەری نییە.

## وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان
## ئەرێ دوو تەرمەکەی بابەروشە پێدەزانن .؟

لە میانەی دیمانەیەکی ئەنفالستاندا لەگەڵ هاوڵاتیەکی گوندی جەلەمۆرد بەناوی " عەبدولخالق" باس لە کوژرانی دووکەس دەکات بەناوەکانی ( ئەحمەد یاسین ) و ( رەشید عومەر ) لە پەلاماری ئەنفالی چواردا لەچەمی بابە روشە کوژراونو هەتا ئێستا تەرمەکانیان هەرلەوچەمەدانو لەکاتی کوژرانیاندا جاشو جەیش بەجێیانهێشتوونو ئەوکەسانەی لەو ناوە خۆیان شاردبووەوە دایانپۆشیون، بەلام دوای ئەوەی خەڵك هاتبووەوە بۆ ناوچەکە هەندێك ئێسكو پروسکیان دۆزیبووەوە، دوای پێنج ساڵ چاڵیان بۆ هەڵکەندووەو ژێرخۆڵدراون، کەچی هەتا ئێستا هەرلەوێ ماون بەبێ کیل..!! هێشتا شوێنەکانیان دیارە ..بەداخەوە کوروکەسوکارەکانیشیان بێباكو کەمتەرخەم بوونو ئاوا بەبێ ڕێزی هێشتویاننەتەوە ..! بۆیە باشتر وایە بەرلەوەی یادی ئەنفالی جەلەمۆرد بکرێتەوە تیمی هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکانی سەربە وەزارەتی کاروباری شەهیدانوئەنفالکراوان بچێت بەلایانەوەو هەرلەوێ بەرێو رەسمی تایبەتی بەخاکیان بسپێریتەوەو دیواریکی شایستە یاخود مۆنۆمینتێکی ناسینەوەیان بۆ دروست بکات ، هەتا بۆ مێژوو بمێننەوەو چەمی بابە روشەش وەك شوێنی گرتنو کۆکردنەوەی خەلك دیاری بکرێت .

# بەڵگەیەکی دەگمەن

## نامەیەکی دەنگی ئەنفالکراوێك



ئەم نامەیەی لەشکر فەقێ عبداللە کە کاتێك لەگوندی بۆگد خۆی شاردوەتەوەو دایك وخێزان ومنداڵەکەشی لەشاری کۆیە خۆیان پەنادابوو، ئەم نامە دەنگیەیان بۆدەنێرێت ..!؟ کە بەدەنگی خۆی تۆمارکراوە بەداخەوە دوای ئەوەی ئەم نامەیە ( بەریکۆردەرێك لەسەر کاسێت ) بەدەنگ تۆمار دەکات بۆخۆشی ئەنفال دەکرێت و کەسوکاری نابینێتەوە . ئێستا ئەم کاسێتەی وەك یادەوەریەکی گرنگ ماوەتەوە.

ئەم نامە دەنگیە لەرێگەی کچەکەیەوە کە ناوی ئالأیە و ئێستا مامۆستای مێژووە، دەست ئەنفالستان کەوت، بۆیە وەکو خۆی دەیخەینە سەرکاغەزو لەم ژمارەیەدا وەکو بەڵگەیەکی بەنرخ بڵاوی دەکەینەوە

نامەکەی لەشکردوای مۆسیقایەکی کورت بەدەنگی خۆی بەم شێوەیە دەست پێدەکات :

**هۆنراوەی گوندەکەم بێشکەشە**

پێشەکی بە دایکی شیرینم، پێشکەشە بەهەموو خوشکەکانم، کە گرفتاری شوێنی باوباپیرانی بێت، پێشکەشە بەومنداڵانەی کە لەتەنها ژوورێك ئاخنراون، تەنها ئاوەدانیەك نابینن، ناتوانن بچنەکۆڵانیٚ، پێشکەشە بەبزەی چاوی خەڵکانی کە بۆڕۆژیٚ چاوەڕوانن بزەی چاوێن دیٚ بۆئاوەدانی بۆناوکۆشك وتەلاری بۆ ناو خانوەکەی بۆ کۆڵانەکەی بۆسەرسوانکەی دیوارەکانی پێشکەشە بۆهەموگوڵیکی پشکوتوولەیەخەی کەسانێی دەدەم کەگویٚ لەم هۆنراوەیە دەگری سلاوڕیزیشم بۆوکەسانەیە...

لەشکر

**هۆنراوەی گوندەکەم**

گوندەکەم ئەی گوڵی چەند ساڵەی ژیانم ئەی شاری باپیران مەوتەنی شیرینم منت گرتەخۆبەخێوت کردم کەپیران وگەنجان تامندالاًن دەنگی کەڵەشێر باڕەی مەڕوبەرخۆلان دەنگی ئاوازی مندالان چریکەی ژنان لەنجەی ئافرەت بەرۆچکی پیاوان ڕاوەستانی سەرسوانەی لاوان قەلأت کلأوی گوندەکەم حاجی ئۆمەرئاوی سازگارکانیەکەم سەرچیمەن ئەی جێی دادگاکەم ئەی شیخ سلێمان گۆڕستانی جێماو یادی ئێوەومردوانی دەمێك نوستووئەی فرمێسکانی دڵۆپ دڵۆپ تەڕکردووئەی جوانەمەرگانی ناوگۆڕستانەکەم ئەی دایکانی کراس ڕەش ڕێچکۆڵەی هەورازەکەم زۆرتان بۆگریاین ئیوەش بۆمان بگرییەن بۆئێمە بۆگوندەکەت بۆبەخێوکەری ژیانت شەپۆلی بێخەم باخچەی بیٚ مندالٚ بەهاری ڕەش تەپوتۆز لیٚ نیشتوو گوندی چۆڵم زەوی بیٚ خاوەندژوری بەتالٚ توخوائەی ئاهی بەروەردگاری ئەم جیهانە ئەی ویژدان لەکۆڵی ئەی چارەڕەشی ئەم زەمانە خۆنەبورکانە، نەبومەلەرزەو نەتۆفانە گوندی عادزبزەی چاوی قوڵپەی گریانە هاوار دەکا کوڕەکانم ئەی لادێی چەند ساڵی، دەپاڕیتەوە توخوا لیم زیزەن چۆڵدەکەن مالیٚ نانا....نانا ئەی گوندی ڕازاوەم مەوتونی شیرینم لەترسی ئەژدیهابرینی لاپالٚم کەدەبینم دوکەڵی ڕەش تەپوتۆزلیٚ نیشتووکەدەبینم نرکەی هاوان دی تالٚەژیانم کوڕی بەجێماو دایکی ڕۆیشتووخوشکی کراس ڕەش چاوبەفرمێسك منداڵی ساواگریانی حەزین ئاهی هەناسەسەهۆڵی زستانکزەبای ساردم لیٚ دەکابەهاوین ڕەزەکۆن کورتەك کرژالأن بزەی چاویانەبۆباسی مالأن کەندە سوور چالٚگان ڕەنیٚ وپشت مالأن ویران کراون لێك دابڕان لەبەرمالأن وپشت مالأن ،کۆتری سپی بۆن کڕوزی پەلەوەر چۆلەکەی بێناز مالٚەومالٚ گەڕچادەی پێچاوپێچ مزگەوتی بیٚ نوێژمالی بیٚ مندالٚ کۆلأنی دوکەلٚ ڕیژئاسمانی ڕەش لاوانی لێك دابڕاو لورەی سەگ خامۆش وبێدەنگ پایزی بیٚ گەلأهاوینی فێنك بەهاری ڕەنگاوڕەنگ خەڵکانی خەمبار تاوانی مندالٚ

مەڕومالأتی نەناسراوبالٚندەی بێبالٚ هاواردەکەن بۆئاوبۆدان دەرگای والأدیواری ڕوخاوخەلٚکی هەژاربێ مالٚ داماو کۆرپەکەم ئەی دەم بەخەندەکەم تازەپێ گرتوو فێربووی دەم بەگفتوو لفتەکەم ئەی دایکی شیرین ئەی چاوبەفرمیسک جێتهێشت باخچەو بەراوی مالأن، دەرگی بن ئاخن بە دلێکە بەکولٚ هەنسک ڕێبواری ..؟ شەرە بەفری منداڵانی گوندەکەم هاژەی لافاوی چەمی مالأن جێ ژوانی لاوان دالأن بەدالأن ئەی ئاسمانی خوائەی ویژدان تاوانمان گوناهمان؟ سوتمان ئەی نەرەی پیلاتۆز ساروخی نەمان بۆ کۆشك وتەلاری ژیانمت ڕومان بۆ سەکۆی نازمت بەدەنگی خۆت هەژاند بۆ دووریبیانمت کردە خۆلەمیش بۆ هاوسەرت ونکردم بۆ سەدان کۆرپەت لەباوك بزرکرد ئەی تۆپی باوشك درێژ کوا خاوەنت.... ؟ کافرو یرانت کرد لێمان لێمان ئەم ژیانە. هەنگاو دەنێم بەرەومالٚ ،مالٚی چۆلٚ وهۆلٚ باریکەی ڕێگادەگرم لەم دۆلٚ بۆئەودۆلٚ ،بەرەوسەدان هەیوانی ڕۆچوو،گوندی خامۆش بێدەنگ وهاوار تۆپی دوژمن دوکەلٚی ڕەش لێم دەکابەدەهۆلٚ سوجی دیوارجێ ڕوانگەی بینینم کەلاوەی هاوینزووری تاریك بێ هەیوان بێ مندالٚلەهەردوو لەجۆلٚ بۆتەتەنهای تەلاری ژین،حەزم دەکردوەکو ئینسان بژیم بێ ترس وبێ ڕامان بۆگوندەکەم لەڕێگای لەکۆلأنی لەناوچەرگی لەخۆشی وشادی لەگەلٚ دۆستانی بەرەومالأن

بۆدێکەم هەنگاوبنێم دایکی دێکەم ئەی دەرەختی بێ سێبەر تۆش دەگری تۆش بریندارى ئەی جۆگەی بێبنەوان تێکدراو تۆش تینوی تۆش لێت و نەهاوسەر ئەی ڕێبواری ڕێی دوور کوا ئاوەدانییەکەت، بۆ سەلام لە گوندەکەم ناکەیت..؟ یان تۆش باکت نییەخۆت ون دەکەیت. ئەی پیاوچاکان کوادێکەت؟ نەتتوانی بیپارێزی ؟ بێکەس شکا پەرژینەکەت ئەی گۆڕستانی تەنیا، ئەی جوانەمەرگانی لە گۆڕهاوێژراو تۆش چاوەڕوانی ؟ بۆتەنها جوابێ کەسوخزمو ڕۆیشتوانم ئەی مزگەوت جێی تکاونزام، کوا کۆڕی عەسرانی بندیوارت؟ باپیرانی بەر سۆبەی زستانت کوا وتاردەری ڕۆژی جومعانت دەرگەت کەلاوە بۆ وابێدەنگ وەستاوی نەبانگەنە جومعەو جەماعەت ! ئەومندالٚ وپیروگەنجەی لەمالٚلەدەشت لەکۆلأن سوێندیان پێت دەخوارد ئێستاس تەنیا،تەنیاوەلأشێکت ماوە پیری پەککەوتە بەشەقەڕۆیشتوو تەنیا بانگ دەدات تەنیاهاواردەکات دەروێش صالح لەمیمبەردا بەجێ ماوەخوشکەکانم،حەزم دەکردلەلای ئێوەبم لەجیرۆکی گولألە بێ بەش نەبم لەمەیدانی چۆلییا لەشەوەزەنگی تاریکی یابۆماچی چاوەکەم بۆدیتنی دایکم بۆلوتکەی ئاسۆ چاوهەلٚبرم ئەی کیژەدلٚ ناسکەکەی دلٚ ڕێ ونکردوو تاوانت جی بووکێت بەم دەردەبردبوو وابەناهەق بەم دەردەیان بردی گەوهەری بوکێنیت پێشێلکرا حەزت دەکردوێلێ چیابویتایە دارتبکردایە بەراخەر بەردت بکردایە بەسەرین هەرڕۆژەو.............،دەستە هاوپەیمانیکت لەخۆت دوورخستایە،بەلأم ئاخ سەدمەخابن بۆگدئەی لادێی شیرین تۆم بەبۆمباباران بەچۆلٚی بەبێ کەس جێ نەهێشتایە......جێ نەهێشتایە....کۆتـــــــایی..!

**ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بەدایکم :**

سلأوڕێزی گەرمم بۆ هەموو خزمان هەیە دەستی کاکم ماچ دەکەم دەستی سەلام براژنەکانم هەموومندالٚەکان دەستی دایکم ماچ دەکەم سلأوڕێزم بۆیەك بەیەکی مندالٚەکانیان هەیە خۆشیم بۆهەمووخوشکەکانم هەیەچاوی خالیدماچ دەکەم سلأوڕێزم هەیەبەتایبەتی هاژە هاژەی ناوکچەبچکۆلەکەیان سلأوڕێزم بۆڕێژنە وبەخشان هەیە بۆمندالٚەکانیان ئێمەزۆرباشین هیچ خەمی ئێمەتان نەبێ والێرەدانیشتووین بۆخۆمان وەهاوینەهەواری بەهاران چۆن خەلٚکی دەچێتەدەشتێ چاوی ئالأوهاونازماچ دەکەم سلأوم هەیەبۆلەیلاهەرلێرەو ەتاکۆیەیەك بەیەکی گوندەکان .سلأودەنێرم بۆشەمالٚ وئەوانی تر ،ئالأوەرەباوەشم وەرەکاکەی ئالأنەوەنام ناسییەوەئێ کورم خۆدڕندەنیم دەعبانیم تۆزی ڕیشم هاتووە ناحەقت ناگرم فێری شاری بووی ئەێ ئەوەسەیارەیەلەبەردەمت ئێمەلرەکەریشی لێنییە لەباتی سەیارە

سلأوڕێزم هەیەبۆمەولودبۆجەوهەر ئامۆزا جەمال هەموخزمان یەبەیەکی خوشکەکان بورزاحاجی دایە ئێمەزۆرزۆر باشین هیچ خەمی ئێمەتان نەبێ والێرەبۆخۆمان دەژین خۆش ڕادەبوێرین تەنها دووری ئێوەنەبێ ئێوەش بۆخۆتان واسەرتانبەیەکەوەناوەبەتەمای خوا بزانین خواچی دەکات ڕەحمێکمان هەرپێ دەکات ،ئێ بیر لەولاولەولامەکەوەئێمەزۆرباشین خەفەتمەخۆبیستم نەخۆشی هیوای چاك بونەوەت بۆدەخوازم .جگەر زۆر بخۆ بەخواچاك دەبیت بۆخۆت من ئیستاش نەهاتومەوە سەرخۆ نەوەلأئاگاتان لەئالأبێ ئەوشوێنەی

ئێـــوەی لـــێن ســـەیارەی زۆر پێدادێتـــــــــــــــەخواریٚ هەربێتەدەرەوەخـەلاس توتنەکـەش بفرۆشـن گـەردەزانن قیمـەت دەکات ﴿٤٩،٤٧،٤٨﴾وئەوســـــعرانەی کردبـی فرۆشـە بەتـەمای فـەحس وشـتی وامەبـە ئـیٚ...!واپیازیشـم بۆچـــاندووی ئیٚوەللەشتڵیشـــم بۆچـــــاندووی بــــــەقورئان شتڵەتەماتەشـم بۆچـاندوی ئــیٚ بۆخەفـەتیٚ دەخـۆی ئەوشـوێنەی تۆمەخسـەدتەهەموویم بۆچاندووی وەکوئەشیاوشتی وا هیچم لـەماڵیٚ نەهێشـــتووە کـــاتی بـــارانیش هـــەمووڕۆژێك دەچـــمەوە پلوســـك وشـتی واش چـاك دەکـەم هیچـی دڵۆپـەی ناکـات ئەرزەکـەی حـاجی علی کەبۆپیازم کێلاٚ بوهەموویم کردوە بەڕەشکە پیازم لەچاڵگان کردوە ئێوەهیچ خەمی ئەوەتان نـەبیٚ بۆخۆتـان گـویٚ لـەگۆرانی بگـرن بـەس نەکـەن پـێم پێبکـەنن گۆرانی (ئێوارەی پـایز مـەرگی مـردن ئەهێنـیٚ....؟؟! گـەلاٚ سەرچۆپی گرتوە .... ئێوارەیـەو زسـتانی سـارد ) با زۆر چەنەی نـەدەین لیٚمان وەڕسبن وس وس وڕە دێـت نـەجیم بـانگم دەکـات وەرە حاجـەتی بشـۆ ئیسـتادیٚم بـاوکم بـەخوامن بەتۆڕوسـابون بـۆم ناشـۆریت ئـیٚ چـی لیٚبکـەم پەلکـەبی زۆرلیٚنـە لـەودەم زێیـە کوڕەسـەلام ئاگـات لـەدایکم وئـەوان بیٚـت لەهیچیان کـەم نـەبیٚ بەڕسـتی زۆر زۆر مەمنونین کوڕە پیویست ناکات هـەمووڕۆژێك بێت بەڕێگـەی چاڵگاندا کەشفمان دەکەیت ڕێگەکەناخۆشە ئەوەندەمەیە مانگی جارێك ئەوەندەمەیـە دوای ئیٚمـەش لـەدڵمان گـران دەبـیٚ لەیلـە ئەولانکـەی کـەشمان بۆهێناویتـەخواری گیـان بـەخواڕۆژێکی بەشانمدادابووئیٚ بـەخوا دەسرازەکانی ئـەزانی چیم پـیٚ کـردوە دەســرازەیەکیان نــەتم پێکێشــاوە دەســرازەکەی تــر بــەخوا غــازم پــیٚ لەکەرەکەبارکردوە ..! ئیٚ براژن تیرۆگوناوپرێسکو ئەوانەشم بۆ لەکاولان داناوی ئەگەر پیویستت بوو بۆت دەنێرم .!

والەم کاتەدا لەسەرسوێی چاڵگان دانیشتین بەرامبەر ئاوای بیلا مانیٚ جارجار گوێمان بۆکلۆرە دەکەین ڕمبە لەم لا گرمە لەم لا ئەمانەش پێویستە باوکە



## ڕێزگرتن لە مەردێکی تر

مام علی ناسراوە بەعـەلی خەمە لـە بنەرەتـەوە خـەڵکی گونـدی قـەلاٚی ناوچـەی داودەیـەو ئێسـتا لـەخورماتوو دادەنیشـیٚ، ئـەم پیـاوەش ئەنفالکراو زور دلسو زانە بەخوی ومنداله کانیەوە خزمە تی بەرچاوی بەو پێشمەگە پارتیزانانە دەکرد کە لەدوای پەلامارەکانی ئەنفال لە پێدەشـتەکانی گـەرمیان لـەناو حەشـارگەکانیان مابوونـەوە، هەمیشـە یارەمەتی پێگەیاندون .

ڕەشـــید عـــەلی ســـەعید پێشـــمەرگەی ســـەروەختی پارتیزانـــەکان گەواهیدەری ئازایەتیەتی و لەبارەی عـەلی خەمـەوە دەلیٚت : ئـەو پیـاوە جـوامێرە، ڕۆژێـك لـەرۆژانی سـەخت و گرانـی نـەمبینی و نەمبیسـتووە بچـێتە بارەگـای هـیچ حزبێـك، هـیچ فەرمانگەیـەکی حکـومی بۆئـەوەی دەست پانبکاتـەوەو داوای هاوکارییـان لیٚبکـات، تەنانـەت پرتەوبۆڵەیەکیشم لەنـەبینی ! کەچی بەپێچەوانەوەشـەوە دەبینین خەڵکانیك، کەبەعسی و جاش وخوفروش بوون.. لەهەردوبەری رۆژگار دەخۆن .. بەداخەوە مام علی ئێستا قاچی شکاوەو لەسەر جیگا کەوتووە.

ئەنفالستان وەك ڕێزلێنانێك ئەم بەسەرکردنەوەیە دەکات و بەهیوایـن حکومەتی هـەریم بیرێك لـەم جۆرە کەسایەتیانە بکاتەوە .

# فڕۆکەوانێکی کورد گومانی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەی لێدەکرێت



دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئێراق، هێزی ئاسمانی و فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا کە (هەلیکۆپتەری شەڕکەر و سمتی) دەگرێتەوە، ڕۆڵی نێگەتیڤانەی بەرچاویان هەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی کورد، کیمیابارانکردنی کوردستان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

لای کەسمان شاراوە نییە کە سەدان وهەزاران هاووڵاتی و پێشمەرگە لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگی و سمتییەکانی ڕژێمی ئێراق شەهید بوون. سەدان گوند وهەزاران خانووی هاووڵاتیان بە بۆردومانی فڕۆکە بەگشت جۆرەکانیەوە خاپور کراون. بە سەدان گوندو شاری کوردستان بەهۆیانەوە کیمیا باران کراون نموونە: بالیسان، شێخ وەسانان، هەڵەبجە، گەلی بازێ، چیمەنی کەرکوك، گۆپتەپە، عەسکەروگوندی زەردەی کرماشان و شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەکاتی ئەنفالەکان (٢٣,٢,١٩٨٨-٦,٩,١٩٨٨)، فڕۆکە شەڕکەرەکانی هێزی ئاسمانی و کۆپتەرە شەڕکەرەکان (سمتی)یەکانی سەر بە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران الجیش)، بە بەردەوامی هەم دانیشتوانی دێهاتەکان و هەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان-یان بۆردومان کردووەو زیانی زۆریان پێگەیاندوون. بۆیە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، کورد دەبوایە هەردەم لە هەولی هەلوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێراق و سوپا دڕندەکەی بووایە لەگەڵ دادگاییکردنی تەواوی سەرانی حزبی بەعس، حکومەت و سوپای ئێراق، نەك بە پەلە، بەچاوی بەخەوەوە و بە پێخواسی ڕاکەن بۆ بەغدا و کورتبینانە هەم دەوڵەتی ئێراق و هەم سوپا دڕندەکەی عروبە دووبارە بۆ گیانی کورد و کوردستان دروست بکەنەوە!

یەکێك لەو فڕۆوانانەی کە گومانی بەشداری کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی لێدەکرێت، لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی-یە، کە لەکاتی ئەنفالدا لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)دا فەرماندەی بنکەکانی ئاسمانی باشووری ئێراق (بنکەکانی ئیمام عەلی لە ناسریە و بنکەی شوعەیبیە لە بەسرا) بووە. لیوا کەمال عەبدولستار بەرزنجی کوردەو خەڵکی شاری سلێمانییە. ئەو لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق - ئێران، لە ڕۆژی (١٧,٩,١٩٨٠)دا لە نزیك شاری خانەقین فڕۆکەیەکی ئێرانی خستە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەی (حوسێن عەلی ڕەزا لەشکری) دوای خۆ فڕێدانە خوارەوەی لەلایەن سوپای بەعس بەدیل گیرا. سەدام حوسێن، بەهۆی ئەو چالاکییە پلەی فڕۆکەران کەمال عەبدولستاری لە ڕائید بە دوو پلە بۆ عەقید بەرزکردەو خەڵاتیشی کرد.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، فەرماندەی بنکەکانی ئیمام عەلی و شوعەیبیە لە ڕۆژی (٢٨,٦,١٩٨٨) دا لەگەڵ (٣٠) فڕۆکەوانی دیکەدا لەلایەن سەدام حوسێنی دیکتاتۆری ئێراق خەڵاتکران. خەڵاتکردنی بەشێکیان بەهۆی بەشداریکردنی ئەو فڕۆکەوانانە بوو لە کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەو ئەوانەی دیکەش بەهۆی بەشدارییان لە

شەڕی ئێراق – ئێران. دەستەی پارێزەرانی داواکاری ماق قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی (٢,٢,٢٠٠٩)دا داوای لە سەرۆك و ئەندامانی دادگای تاوانکاری دووەم کردووە، بەهۆی گومانی بەشداریکردن لە تاوانی کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ لیوا ڕوکن کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی و (٢٧) فرۆکەوانی دیکە دەرکەن. ئەو داواکارییەی دەستەی پارێزەران بۆ دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لە لیوای فرۆکەوان کەمال بەرزنجی، نەك بەتەنیا گومانی بەشداریکردنی ناوبراو لە کیمیا بارانی هەڵەبجە لای ئەوان دروست دەکات، بەڵکو لای ژمارەیەکی زۆر لە تاکی کوردی هەمان گومان دروست دەکات.

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، فرۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی بە پلەی فەریق ڕوکن و بەدەستنیشان کردنیەوە لەلایەن (ی. ن. ك) کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق، کە هێزی ئاسمانی نوێ لە ڕۆژی (١,٦,٢٠٠٥)دا بە بڕیارێکی حکومەتی ئێراق لەسەر دەستی ئەو و چەند فرۆکەوانێکی دیکە دامەزرایەوە. فەریقی فرۆکەوان کەمال بەرزنجی، تاوەکو کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٨)دا لەو پۆستەدا مایەوە، دوای ئەویش لیوای فرۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی ئەویش هەر بە پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا ئێستاکەش هەمان پۆستی هەیە. فرۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین کە ئێستا پلەکەی فەریق ڕوکنە، لە کاتی ئەنفالەکاندا بە پلەی ڕائید لەگەڵ سربی (٤)دا بەشداری ئەنفالی کردووە، دواتریش فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق–ەوە بۆ دەرچووەو ژمارە (٢١)ی لە ڕیزبەندی ناوی (٤٢٣) داواکراوەکە دراوەتێ.

فرۆکەوانێکی دیکەی هێزی ئاسمانی ئێراق کە بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە، موقەدەمی فرۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالیکی (شیعە)یە، کە فەرماندەی سربی (٥٥)ی هێزی ئاسمانی ڕژێمی سەدام بووە. موقەدەم حامد عەتیە خوین، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە لە کەرتی فەیلەقی دوو، کە دواتر لەلایەن سەدام–ەوە مەدالیایەکی ئازایەتی (نوگ الشجاعە)ی وەکو پاداشت لە بەشداری کردنی ئەو شاڵاوەی ئەنفالی کورد وەرگرتووە. حامد عتیە خوین، کە ئێستاکە سەر بە حزبەکەی مالیکییە و وەکو ئەویش بە بنەماڵە مالیکی و بە ئاییزا شیعە، لەدوای دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فرۆکەوانی سوپا (قیادە گیران الجیش) لە ڕێکەوتی (٦,١,٢٠١٠)دا بە پلەی فەریق ڕوکنی فرۆکەوان بە بڕیارێکی دکتۆر نوری کامل محەمەد حەسەن مالیکی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، بە فەرماندەی فەرماندەیی فرۆکەوانی سوپا دامەزراوەو تا ئێستاکەش بەردەوامە.

هەر لەگەڵ دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فرۆکەوانی سوپا، نوری مالیکی (٥٠) فرۆکەی سمتی و کۆپتەری شەڕکەری لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراق لە فەریقی فرۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین کە کوردە وەرگرتەوەو خستنیە بەردەستی فەریق حامد عەتیە خوینی نزیکی خۆی. دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی بەپەلە دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فرۆکەوانی سوپا، لاوازکردنی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو کە بەدەست کوردەوەیە.

فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، بۆ جاری یەکەم لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران لە ساڵی (١٩٨١)دا دامەزرا، بەڵام دواتر لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠)دا دووبارە دامەزرایەوە. ئەگەر فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق کورد نەبوایە، پێم وایە نە مالیکی و نە عارەب بیریان لەوە نەدەکردەوە کە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادە گیران الجیش) بۆ جاری دووەم دروست بکەنەوە و لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی جیای بکەنەوە. پێم وایە دوای گەیشتنی (٣٦) فڕۆکەی (ئێف. ١٦) کە ئێراق لە ئەمریکای کڕیوە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی فڕۆکەی شەڕکەر کە لە ڕوسیا و چیکی کڕیوە، یەکەم هەنگاوی نوری مالیکی لادانی فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمینی کوردە لە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و گرتنەدەستی ئەو پۆستەیە لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆی و گۆڕینەوەی بە فڕۆکەوانێکی عارەبە، چونکە نە مالیکی و نە عارەب هەرگیز نایانەوێت بەشێکی کاریگەرو بەهێزی سوپای ئێراق بکەوێتە دەست کورد. ئەوەی ڕاپۆرتەکەی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق فەریقی یەکەم بابەکر بەدرخان زێباری کە بۆ سەرۆک کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی ناردووە، بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە مالیکی بە قۆناغ پەروباڵی فەرماندەو ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای ئێراقی کردووەو تەواوی دەسەڵاتەکانی لێ سەندونەتەوە.



فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق (١,٦,٢٠٠٥–ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨). پێشتریش فەرماندەی بنکەکانی ئیمام عەلی و شوعەیبیەی ئاسمانی ڕژێمی سەدام لە ساڵانی ئەنفال (١٩٨٧–١٩٨٨).



فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالیکی، فەرماندەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (٠ ٢٨,١٠,٢٠١٢).

# زەنگی پیاوێکی نامۆ

## سەرنوسەر



١٨ی ئازاری ٢٠١٣ دو ڕۆژ دوای یادەوەری تاوانی گازبارانی هەڵەبجە زەنگی پیاوێکی نامۆ لە دورەوە ولاتەوە بۆهات، پیاوێکی دڵشکاوی پەنجە قرتاو..! لە تاوانێکدا کە دەشێت سەرجەمی مرۆڤایەتی لە بەردەمی بەچۆکدا بێت ..!! پیاوێك کە دەبوو ماڵی ئەو لە ماڵی سەرۆکەکانمان پۆشتە ترو سەلامەت تربێت، دڵنیام دەپرسن دەبێ ئەم پیاوە کێ بێ ؟ دەبێ سیحری جیاوازی ئەم پیاوە لەگەڵ ئێمەومانان چیبێت ؟

صدقی عەبدولقادر فەتاح لە دایکبوی ١٩٦٩ی گوندی چەڵکی ناحیێ کانی ماسی بە رواری بالا پارێزگای دهۆکە، ئەو لەساڵی ١٩٨٣ی سەدەی رابوردودا پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، هەتا بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەپەلاماری ئەنفالی بادینانەدا پاشئەوەی هەموو هەوڵەکانیانبۆ رزگاربوون شکستی هێنا، بەناچاری لەگەڵ تەواوی خەڵکی گوندەکەیان و خەڵکی گوندی کورێمێی ناحیێ مانگێش خۆیان رادەستی سوپای ئەنفالچی کرد، بەڵام خۆرادەست کردن دادی نەدانو رقی بەعسیەکانی دانەمرکاندەوە، بەڵکو خراپتر مامەڵەیان لەگەڵداکراو هەر لەجێدا پیاوەکانیان لەژنو منداڵەکان جیاکردەوە کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو، پاشئەوەی ریزیانکردن هەروا ٢٠٠ مەترێك دوریان خستنەوەو لە نزماییەکی ناودارستانەکەی خوار گوندی کورێمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەر کەناویان ( عەباس ومحمەد) بوو، ١٠ سەرباز ریزیان بەستو بە تفەنگی کلاشینکۆف دایانگرتنەوە، هەریەکەو سێ یەدەگ گوللەیان تێدا بەتاڵکردنەوە.. لەو کۆمەڵکوژییەدا ٢٧ کەس هەرلەجیدا کوژران کە ٩ کەسیان خەلکی گوندەکەی صدقی بوونو یەکێکیان (نوری عبدالقادر فتاح)ی برای بوو، خۆشبەختانە لەو کۆمەڵکوژیە( ٦) کەس بەبرینداری دەربازبوون دووکەس لەوانە ( صدقی و فەتاحی برای بوون) لەگەڵ هاشم محمدو عەبدلقهار خەلیلو ئەبابکرعەلیوکەریم نایف رزگار بوون، بەلام بەداخەوە ( فەتاح عەبدلقادر) جارێکی ترگیرایەوەو رەوانەی قەلای نزارکێ کراو لەوێ پیاوانی رژێم بەپێشچاوی خزمەکانیەوە بەبلۆك کوشتبویان .) لەبارەیەوە فتاحی برایەوە صدقی گوتی: بەلی بەپێشچاوی برازای خۆمانەوە لەنزارکێ بەبلۆك کوشتیان .



ئەم تاوانە ئەگەرهەتا ئێرە ڕەفتارێکی نامرۆڤانەی بەعس‌و پیاوانی شۆڤێنیزمی عەرەبی بوبێ .. ئەفسوس ئەوا لە دوای بەعس حالّی " صدقی عەبدلقادر فتاح)و دەربازبوەکانی تر گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە ! ئەوان هێشتا هەر قوربانین و جەلادەکانی ئەوێ ڕۆژێ لەدیدی دەسەلاتی کوردیەوە لەقوربانیەکان بەرێزترن، ئەوە راستیەکە هەتا ئاستێکی مەترسیدار لە بێباکی و خەمساردی هەڵکشاوە، ئەو دەربازبوانەی کۆمەڵکوژی ئەنفال‌و بەتایبەتیش ئەوانەی گۆری بەکۆمەڵ لە کوردستاندا، بەجۆرێك پشتگوێخراون کە تەواو مایەی شەرم‌و لەوپەیوەندیە تەلەفۆنیەدا صدقی پێیگوتم : من زۆر مەغدورم دەزگای حکومەت نەماوە من سەری پێوە نەنێم، هیچ

نەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ! بەتایبەتیش ئەوکاتەی بەراوردێك لە نێوان تاوانباران‌و تۆمەتبارانی ئەنفال‌و ئەودەربازبوانەدا بکەین‌و لە دیدگای مافی مرۆڤ‌و مافی قوربانیەوە تەماشای ئێستاو رابوردویان بکەین، ئەگەر دۆسێی جینۆسایدکردنی کوردیان بەلاوە گرنگ بوایە ئێستا ئەو دەربازبوانە شوێن‌و پێگەی تایبەتیان دەبوو ناك ئاوارەی ولّاتان بن!! ئاخر لەم هەرێمە نەبی لە کوێی ڕەوایە لەژێر چەتری پرروپاگەندەی ئازادی و دیموکراتیدا مافی جەلاد لە مافی قوربانی زیاتربێ ؟ حکومەتی هەرێم بۆچی خۆی لەم دۆسێیە گیل دەکات ؟ لە کاتێکدا زیاد لە جارێك پرۆژەیەك بۆ ئاور لیدانەوەیان خراوەتە بەرچاو ؟ پەرلەمانی کوردستان بۆچی لێی بێدەنگە کە وێنەیەك لەوپرۆژەیان خراوەتە بەردەست ؟ سەرۆکی هەرێم ئەمسالّ لەیادی ئەنفالی بادینان بینیونی‌وتەوقەی لەگەڵدا‌کردوون..؟ بەنیازن کەی وچۆن ئاوڕیان لێبدەنەوە ؟ هاوکاریان نەکردم، هەتا ئێستا پارچە زەوییەکمان وەرگرتووە،ئەویش هی نوری برامە کە شەهیدێکی خانەوادەکەمانە .

**هەر دەسەڵاتێك ڕێز لە زیندوەکان نەگرێت لەگەڵ شەهیدەکانیش راست ناکت**

# فەتاح عەبالقادرفتاح

لە دایکبووی سالی ١٩٥٢ ی گوندی چەلکی- ناحی کانی ماسی بەرواری بالآیە .

خێزاندار بووەوباوکی (٧) زاروکان بووە.

سالی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان .

سالی ١٩٨٨ پاشئەوەی لەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ رزگاری بوو، جارێکی تر دەستگیرکرایەوەو لەقەلآی نزارکێ شەهیدکرا .

چیرۆکی فەتاح زۆر تراژیدیە سالی ١٩٨٨ لەپەلاماری ئەنفالی ناوچەی بادینان پاشئەوەی خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کرد لە کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کوریمێ لەناحیێ دۆسکی "مانگێش" لەگەڵ ٣٣ پیاو کە هەموویان خەڵکی گوندی کوریمێ و گوندی فەتاح باوکی ٧ منداڵ بووە .

**بڕوانە تابلۆی ١٧کوس لە شەهیدانی گوندی چەلکێ کەلەئەنفالی هەشتی بادینان کوژران یان بێسەروشوێن بوون .**



چەلکی بوون، کە لەژن و منداليان جیاکردنەوە زۆری نەبرد کە ٢٠٠ م لەخوار گوندی کوریمێ لەلایەن دەستەیەك سەربازەوە کە ژمارەیان دەکەس بوو، بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی (عەباس و محمەد) گولەبارانکران . جێگەی ئاماژەیە لەو کۆمەڵکوژیەی گوندی کوریمێدا ٩ کەسیان خەڵکی گوندی چەلکی بوون، بەلآم کە ٦ کەس رزگاریان بوو، دوان لەوان فەتاح وصدقی برای بوون، بەلآم بەداخەوە فەتاح جارێکی تر لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو رەوانەی قەلآی نزارکێ کراو لەوێ بەپێشچاوی کچەکەی "فایزە" و ژنەکەی "سەبریە" یەوە بەبلۆك لەگەڵ کۆمەلێك پیاوی تر کوشتبویانن .

**ناوی ژن و مندالەکانی فەتاح ئەمانەن :**

**خەزان (مردووە)، فائزە ، ناسیح، ئیحسان، رۆناهی، عەزیزە، گۆڤان، هەرمان**



# ڕێکخراوی (سپی) بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکان توێژینەوەیەکی لەمەڕ بریندارانی چەکی کیمیاوی خستەڕو، نامەیەکیشیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کرد .

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بەرواری ١٣/٣/ ٢٠١٣ ڕێکخراوی سپی بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی و ڕێکخراوی گرینکرۆز، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەرلەمانتارو کەسایەتی جیاواز لەهۆتیل چوارچرای شاری هەلێر لەمیانەی کۆنفرانسێکدا توێژینەوەیەکی مەیدانی دەربارەی بریندارانی چەکی کیمیاوی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا پێشکەش کرد. عەجایەب ..! توێژینەوەکە پەیوەندار بوو بەهەردو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە .. کەچی سەرباری بانگهێشتکردنیان.. هیچ کام لەوەزارەتەکان نوینەریان ئامادە نەبوو !! ئەمە لەکاتیکدایە دەبوایە بەلای کەمەوە نوێنەری تایبەتی هەردوو وەزیر ئامادەبوونایە !!

جێگەی ئاماژەیە هەر ئەو ڕۆژە ڕێکخراوەکە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرو نوێنەرایەتی ئەو ڕێکخراوە نامەیەکیان بەهەردو زمانی ئینگلیزی و ئەلمانی لەرێگەی قونسولی ئەلمانیاوە لەشاری هەولێر ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاکردو دەربارەی جینۆسایدکردنی کوردو هاوکاری کۆمپانیا ئەلمانیەکان گفتوگۆیان کردو داوایان لە ئەڵمانیاکرد دۆسیێی جینۆساید لە پەرلەمانی ولاتەکەیان بەفەرمی بناسن . لەخوارەوە دەقی نامەئاراستەکراوەکە بخوێنەرەوە .

**دەقی نامەکە**

**بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا**

**لەڕێگەی نوێنەرایەتی کونسوڵگەری هەولێر**

**بەڕێز جەنابی وەزیر گیدۆڤیستاڤیلا**

لە یادی پڕناسۆر وتێپەڕ بوونی ٢٥ساڵ بەسەر تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی کوردوستاندا جارێکیتر داوای پەیامی ئاشتی لە دەوڵەتی فیدرالی ئەڵمانیا ئەکەین و جەخت لە داواکاریەکانمان ئەکەینەوە کە لەلایەن نوێنەرانمان لە خۆپیشاندانی ١٦-٣-٢٠١٠ لەبەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر ئاراستەی بەڕێزتان کرا بۆ ڕاگەیاندنی لێبوردنی فەرمی دەوڵەتەکەتان بۆ بەشداریکردنی زۆرترین کۆمپانیای وڵاتەکەتان لە پڕ چەککردنی ڕژێمی پێشوی عێراق بە تەکنەلۆجیا و گازی کیمیاوی کە بەرانبەر بەهاوڵاتیان و سروشتی وڵاتەکەمان و ناوچەکە بەکارهاتوە و بە هەزاران شەهیدوقوربانی لێکەوتۆتەوەوتاوانی جینۆسایدی پێ ئەنجامدراوە .

داواکارین کە هاوشێوەی وڵاتانی سوید و بریتانیا و کەنەدا ، دەوڵەتی ئەڵمانی لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت ئەم تاوانە بە جینۆساید بناسێنێت وەك ئەرکێکی مرۆیی و بەرپرسیاریەتیەکی مێژووی بە ئامانجی بونیادنانی داهاتویەکی باشتر لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو گەلی ئەڵمان وکورددا .

ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی وا ئەخوازێت کە هەموومان پێکەوە کار لەسەر ئاسەوارە نیگەتڤەکانی شەڕو ئاشوبە ناوچەیی و جیهانیەکان بکەین ، مێژووی وڵاتی ئەڵمانیاش شاهیدی ئەو ڕاستیەیە کە ئاشتی و پێکەوەژیان تاقە چارەسەرن بۆ ژانی گەلان .. لەم پێناوەدا داواکارین وڵاتی ئەڵمانیا وەك چۆن لەناوخۆی خۆی ئیشی بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزەکان کردوە لەم ناوچەیەی ئێمەش بەشداری هەبێت وە شاری

هەلچەبجە بکرێتە نمونەو سەرەتای کارەکان بە لە ئەستۆگرتنی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بە دۆکیومێنتکردنی ڕوداوەکان و ئەرشیفکردن ..هەمان کات ببێتە مەڵبەندێك بۆ پەیامی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەترسییەکی بەکارهێنانەوەی ئەم چەکانە و چەکی کۆکوژی دیکە لە ئێرا ن سوریا لە هەر چرکەو ساتێکدایە.

ئەم داواکاریە لەلایەن ڕێکخراوەکەمان وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بەناوچە کیمیابارانکراوەکان و هاوڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردوستان ئاراستەی جەنابتان کراوە و هیوادارین لە داهاتودا جێبەجێ بکرێت .

(سپی) ڕێکخراوێکی ناحکومیە بۆخزمەتکردنی ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان، لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچە کیمیابارانکراوەکان وچالاکوانا دامەزراوە .

**پارێزەر دلاوەر حەیدەر**
**ڕێکخەری دەستەی بەڕێوبەردنی**
**ڕێکخراوی سپی**
**٢٠١٣-٣-١٦**

# بەخاکسپاردنەوەی روفاتی ئەنفالکراوانو صدای تاقانەکان



ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/١٨ کە روفاتی ١٥٨ ئەنفالکراوی گەرمیان گەرێندرانەوە بۆمەزاری دێبنەولەوێ بەخاك سپێردرانەوە، ئەو کەسانەی لەناو مەراسیمەکەدا دەنگیان بەرزکردەوەو صدایان گەیشتە ئاسمانو سەرنجی ئامادەبوانی مەراسیمەکەیان راکێشا، تاقانەکانی ئەنفال بوون، کە داوای دادگایی کردنی جاش وموستەشارەکانیان دەکرد.

تاقانەکانی ئەنفال بەو کەسانە دەوترێ کەوا لەپەلاماری ئەنفالدا تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەیان گیرانو بێسەروشوێن کران یان لە گازبارانی شاری هەڵەبجەو سێوسێنانو بالیسانو گۆپتەپەو عەسکەر هەمووخانەوادەکەیان بەچەکی کیمیاوی پێکەوە مردوون. بەداخەوە ئەوهاوارە بەرهەق و ڕەوایە لەبری ئەوەی پێشوازییەکی شایستەی لێبکرێتو رێز لەهاورونالەی ئەوستەملێکراونە بگیرێتو تاوانبارانو تۆمەتبارانی ئەنفال راپێچی دادگابکرێت، کەچی لەلایەن لایەنگرانی ئەو حزبانەوە کە تاوانبارانیان دالدەداوە نابەرپرسیارانە بە هەرا بۆیان حسابکراو بەدەنگەدەنگ و فەوزا ناوزەدکرا .



# تاقانەیەکی ترمەریوان عەبدوالقادر

مەریوان عەبدوالقادر سالح لە دایکبوی سالی ١٩٧٥ ی گوندی تالەبانی گەورەیە، هەموو خانەوادەکەی لە پەلاماری ئەنفالی چواردا گیران ومەریوان تەنیا دەربازبووی ناوخانەوادەکەیەتی. پێنج خوشك ودوبراو دایکی وباوکی هەروەها دووخالی ومامێکی بە خانەوادەکانیانەوە ئەنفالکراون .سەرجەمی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادانەی مەریوان ٣١ کەس بوون، ئیتر رۆیشتن و جارێکی تر نەبینرانەوە . مەریوان بۆخۆشی ئەنفالکراوە، بەلام بەخت و ئازایەتی زەمینەی هەلاتنی لە دەست ئەنفالچیەکان بۆ رەخساندووەو توانیویێتی خۆی رزگار بکات، ئێستا وارسی خانەوادە ئەنفالکراوەکەیەتی ولە کۆیە دادەنیشێ .

| ز | ناوی خانەوادەکەیان | لەدایکبوی |
|---|---|---|
| ١ | عبدلقادر سالح حمد | ١٩٤٩ |
| ٢ | قدریە اسما عیل مکایل | ١٩٥٣ |
| ٣ | کامەرا ن عبدلقا در سالح | ١٩٧٤ |
| ٤ | نەریمان عبدلقادر سالح | ١٩٨٦ |
| ٥ | نسرین عبدلقادر سالح | ١٩٧٧ |
| ٦ | پەروین عەبدالقادر صالح | ١٩٨٠ |
| ٧ | بەیان عەبدلقادر صالح | ١٩٨٤ |
| ٨ | نەرمین عەبدالقادر صالح | ١٩٨٧ |
| ٩ | ژیان عەبدالقدر صالح | ١٩٨٨ |

ئەم خانەوادەیە لەبەرواری ٣ی ئایاری ١٩٨٨ کاتژمێر ٥ی ئێوارە لەگوندی قەسرۆك لە بیستی رەمەزاندا لەلایەن لیوابارق عبداللەوە گیراون و گواستراونەتەوە بۆبنکەی حزبی بەعس ( منزومەی کۆیە) مەریوان دەلێیت ئێمە نزیکەی ٧٠ خانەوادە بووین، زیاتر لە ١٠٠٠ کەسی تریش لەوێ بوون و دەستبەسەر کرابوون، بۆماوەی چەند رۆژێك هیچ خواردنێکیان پێنەدابن، ئافرەتی تێدابوو سکپربوو، منداڵی ساوا لەبرسان گیانیان دەدا.

مەریوان باش ١١ بەهاوکاری پورێکی بەناوی نەخشین خوشکی باوکی توانیویێتی لەدەمەو بەیانیەکدا رابکات و خۆی دەربازبکات، لەوخانەوادەیەدا تەنها ئەو دەربازی بووە، ماوەی چەند سالێك لەمالی نەنکی ( بەدریە سالح) و خالەکانی بەناوی "فواد ئیسماعیل و جەواد ئیسماعیل" خۆی پەناداوە، هەتا تەمەنی گەیشتووەتە ١٧سالان لەوێ ماوەتەوەوخزمەتیان کردووە، مەریوان دەلێیت : پاشان ژیانێکی قورس و کولەمەرگیم بەسەربردوە هەتا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە خۆشبەختانە ئیستا باوکی چوار کوڕە بەناوەکانی کامەران، یاد، ڕەزەوان، ئەنەس )

جگەلەوانەش (مامێکمی بەناوی عبدلرە حما ن سالح حمدو خیزا نەکەی شەمام رە شید) لەگەڵ کوڕەکانی بەناوی شوان و بێشەوکچەکانیشی بەناوەکانی شلێروشادیەو ناهیدەو حەمدیە) هەرلەگەڵ خۆاندا گیراون و ئەنفالکراون. هیچ کەسێکیان دەرنەچووە، واتا ئێستا ئەو خانەوادەیە هیچ وارسێکی یاساییان نەماوە تەنانەت موچە وەربگرێ . هەروەها دووخاڵیشی بەناوەکانی جەعفەرو جەوهەر بەخۆیان و هاوسەرو منداڵەکانیانەوە ئەنفالکراون.

هاوسەری جەعفەر بەناوی نەخشین سالح حەمەد کە پوری مەریوانەوخوشکی باوکێتی لەگەڵ کورەکانی بەناوەکانی سەمەدوسەرباز، چەکانیشیان بەناوەکانی مریەم و فاتم و ئایشێ ) ئەنفالکراون تەنها کورێك لەوخانەوادەیە ماوەتەوە بەناوی محمد. زینەب ئەحمەد هاوسەری خالەکەی تری بەناوی جەوهەروکورەکانی بەناوەکانی بیشەواوبیشرەو، کچەکەشیان بەناوی سەرگوڵ هەموویان ئەنفالکراون و هیچ کەسێکیان لەپاش بەجێنەماوە .

**سێوسێنان**

**محەمەد عەبدوڵا :**

## قورسی ژیان وای لێکردبووین نەپەرژێینە سەر خەمی شەهیدەکانمان و یادەوەریەکانیان

**بەروار ٢٩/١٠/٢٠١٢ .**

**کات : ١:٣٠ی پاش نیوەڕۆ .**

**شوێن : سێوسێنان**



دوای ئەوەی سەرخۆشی مردنی کورە ١٤ ساڵانەکەیمان لێکردونانی نێوەڕومان خوارد داوامان لە محەمەد کرد بەسەرهاتی ئێوارەی کیمیابارانی گوندەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، محمد کە هێشتا خەمباری مەرگی کورەکەی بوو ریشی نەتاشیبوو، پشتی بە دیواری ژورەکەوەداو بەخەمباریەوە کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتی گازبارانی گوندی سیوسێنان، کە ئەوسا گوندێکی قەرەباڵغی ناوچەکە بوو، ببووە سەنتەرێکی بچوکی بازرگانی بۆ پێشمەرگەوسەربازی هەڵاتوو، هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی عێراقی، محمد کە لەبەردەم ریکۆردەرەکە خۆی کۆکردەوە وتی ئەو سەروەختە حکومەت

بەناوچەکەی دەگووت محەرەمە، " قەدەغەکراو" رۆژانە تۆپباران دەکراین و لە دورەوە تۆپی بۆدەهاویشتین، ئێوارەیەکیان هەروا نزیکەی سەعات ٤ بوو، کۆپتەرێك هاتە ئاسمانی ناوچەکەو ماوەیەك وەك نیگابان بە سەرناوچەکەدا دەسورایەوە هەر ئەو ئێوارەیە بوو کە لە سەر سفرە دانیشتبووین بۆ نان خواردن، بیرمە کنگر ماسیمان هەبوو، نانمان دەخوارد کە رەتلێك راجیمەبەسەر سێوسێناندا باری ، منیش چووم بەدەم تەقینەوەکانەوە وتم: بزانم چی رویداوە ؟ ئەوکاتە هەمووماڵێك ( ژێر زەمینی) خۆی هەبوو، بامالی خۆمانم ووت بچنە ژێر زەمینەکەوە، ئیتر گویم لە گریان و شین و ئەوانە بوو، ئیتر چوومە سەر حەوز ( حەوزی ئاوی مزگەوت) ئەوکاتە من تەمەنم ١٨ ساڵ بوو ئێواران وشەوانی دوای نان خواردن دەچووینە چایخانەو مزگەوت ئەوە ببوە عادەتمان . یاری دۆمینەو کۆنکەن و ئەوانەمان لە ناوچایخانەکەدا دەکرد، ئەو ئیوارەیەش هەمان بەرنامەمان هەبوو، کە چوومە لای مزگەوتەکە کەسێك هات ووتی ئەوانە کوژراون، ئیتر ئەوکاتە زانیم کە ٤ کەس کوژراون، ناویان ( رەفیق وئەسمەروچنورو ئاواز) بوو، مالی خوشکێکیشم شووی کردبوو، هەر لەسیوسێنان بوو، خوشکێکیشم بەناوی ئاسۆس کنگر ماسی بۆبردبوون، هەر نەگەرابووەوە لەوێ بوو، چووم بۆهەوالی مالی ئەوان بینیم راجیمەیەك لەبەر دەرگاکەی ئەوان کەوتووە، خانوویەکی بچوکیان هەبوو، کە هەر باوکی زاواکەمان دابووی پێیان لەلای مالی خۆیانەوە، هەرچەندە بانگم کردن ( کەژاڵ، فایەق ) هیچ دەنگیان نەبوو، هەرلەوێ خۆشم بەرکەوتم و بەحاڵ تروسکەی چراکەیانم دەبینی، من گەرامەوە بۆ ماڵەوە ئەوساڵە بەهارەکەی تەر بوو، ئاو زۆر بوو، لەبەر ماڵەکەیانەوە چەمێك هەبووو، ئاوی زۆر پێدا دەرۆیشت، من کەمێك دەموچاوم شۆرد، ئیتر خۆشم وەزعم خراپ بوو، بردمیان بۆ ماڵێك هەرلێرە پیاوەکەیان ناوی ( عەلی رەسول قادر ) بوو، لەوێ ئەو پیاوە شیری پێمدا، کەمێك

وەزعم باشتر بوو، بەڵام ئیدارەم نەکرد گەڕامەوە بۆ ماڵی خوشکەکەم، دیاربوو باوکیشم خۆی پێ نەگیرابوو هاتبوو، بۆ ماڵیان ئەویش لەوێ شەهید بوو، بەهەرحاڵ ئەو ئێوارەیە هەموویان لەوێ شەهید بوون. ئیتر برینداریش زۆر بوون ئەوەی توانای تێدا مابوو وازمان لەکەسوکاری خۆمانهێناو کەوتینە فریاکەوتنی بریندارەکان ووتمان: تازە ئەوانە شەهیدبوون، بریندارەکانمان کردە تراکتۆرەوەو بردمانن بۆ ئەوبەری گوند کە بارەگای پێشمەرگەو خەستەخانەیەکی ئەوانی لێبوو، لەبەلەکجار لەوێ پێشمەرگە کەوتنەخۆ بەتایبەتی دکتۆرفایەق ودکتۆر ناسیح فریاکەوتن و دەرزیان بۆ هەموو بریندارەکان کرد، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە وەزعیان باش بوو، دەرزیان هەرلێدان.

دیمەنەکانی ئەوتاوانە هەرگیز لە بیرناچنەوە ماڵی کاک عوبێد شەش منداڵی هەبوون لەگەڵ ژنەکەیدا هەمویان شەهید بوون و تەرمەکانیان بەتەنیشت یەکەوە بوو، تەنها کاک عوبێد بەزیندویی مابوو، ئەویش برینداربوو، کە لە ژێرزەمینەکە دەرمانکرد بە ئاستەم گیانی تێدا مابوو، لەگەڵ چەند برینداریکی تر ( حەمەلاو نایلەی حاجی حسێن) کە ئەوانیش هەر بەدەم روداوەکەوە هاتبوون، هەرلەوێ بریندار ببوون، خستماننە تراکتۆرەوەو بردمانن، باش بوو ئەو دەرزەیەی پێشمەرگە فریایان کەوت و نەیهێلا کاک عوبێدیش بمرێ . نەک هەر ئەوان هەرچی بریندار بوو خستمانە ناوتراکتۆرەکەوەو بردمانن بۆ خەستەخانەکەی مەڵبەند لە بەلەکجار.

**پێکهاتەی ئەوکاتەی گوندەکە چۆن بوو ؟**

ئەوسا سێوسێنان سێ بەش بوو لای سەرو خوارو ناوەڕاست، بە گشتی کیمیاییەکە بەشی خوارو ناوەڕاستی گرتبوو، خەڵکەکەش هەرلەو دووبەشەدا شەهید بوون، گوندێکی زۆر جوان بوو، هەموو شتێکی تێدابوو، تەنانەت بەرگدروی بوکیشی تیدابوو، تەنها دوکانی زەرەنگەری تیدانەبوو، چێشتخانەو کەبابخانەو سەروپێخانەشی تیدابوو، خۆشی گوندێکی قەرەباڵغ بوو، ئەگەر ٥٠٠ پێشمەرگەش بهاتنایە ئەم گوندە جێگەیان دەبووەوە پەیکیان لە خواردن و نوستن نەدەکەوت. بەڵام ئیتر ئاوامان بەسەرهات .

**ئەی کێ تەرمەکانی کفن کردو شاردەوە ؟ لەکوێ نێژران ؟**

ئێمە فریای هیچ نەدەکەوتین باش بوو، خەڵك هاتن بە دەنگمانەوە خەڵکی گوندی ئەستێل هاتن بەهانامانەوەو کۆمەڵیك شەهیدیان برد، وابزانم نزیکەی ٣٩ تەرمیان برد، هەروەها خەڵکی گوندی کۆشك هاتن ئەوانیش کۆمەڵێکیانیان برد، دووسێ کەس هەر لێرە نێژران و دووسێ کەس برانە ئەو بەرەوە لە " بەڵخە" ناشتیان. تەنها دادە حیسمت نەبێ لەگەڵ پیاوەکەی بەدەستی خۆیان کچەکەی بەناوی زینەت وپێنج منداڵی هەرلێرە لە دووگۆردا ناشتن.

**حیسمەت ئەوڕنەی لە دادگای ئەنفال شایەتی دا؟**

بەڵی ئەوە بوو، زینەت و دوومنداڵی تر یان سێ بوون لە گۆڕێکدان و دوانەکەی تریشیان لە گۆڕێکداو ئێستاش هەر لەجێگەی خۆیانن و دەریان نەهێناونەتەوە.

**بۆچی دەریان نەهێناونەتەوە ؟**

لەبەرئەوەی باوکی منداڵەکان ومێردی زینەت ( حەسەن عەبدولکەریم) قایل نەبوو تەرمەکانیان لێکجیابکرینەوە، وتی

پێکەوە مردون و پێکەوە نێژراون باهەر لەشوێنی خۆیانن، ئێستاش هەروا لەشوێنی خۆیانن[٤] .

**دوای ئەوەچیتان کرد ؟**

ئیتر دوای کیمیابارانکردنی سێوسێنان هەموو ناوچەکە شڵەژا. کەس فریای کەس نەدەکەوت، ئیتر گازباران کاریگەری خراپی هەبوو، هێرشی ئەنفال دەستی پێکردو کە پێشمەرگە نەلە قەراغ و نەلە گەرمیان خۆیان پێنەگیرایەوە کیمیاباران پشتی گەرمیان وقەراخیشی شکاند.

پێشتر حکومەت هەر هەوڵێکی بدایە شکستی دەهێناو نەیدەتوانی بێتە پێشەوە، بەڵام کیمیاباران وای کرد خەڵك هەوڵی خۆدەربازبوون بدا بەشێکی بەرەو سلێمانی و بەشێکیشیان بەرەوگەرمیان ڕۆیشتن ئەوانەی بەرەوگەرمیان ڕۆیشتن ئەوانە زۆریان ئەنفالکران . ئیتر ئێستاش کە بووەتە ناحیێ وەکو جارانی لێنەهاتووەتەوەو باوەرناکەم جاریکی تر شارۆچکەیەکی وای لێدروست ببێتەوە وەکو جاری جاران.

**باسی ئەوەت کرد لەکاتی بریندارابوونتدا کە شیریان پێداوی، ئەمە بۆچی بوو؟ هیچ ڕێنماییەکتان هەبوو کە شیرباشە بۆ بریندارانی کیمیاوی ؟**

ئەوسا پێشمەرگە لە مزگەوتەکاندا کۆبوونەوەیان پێدە کردین، هەندێك ڕێنماییان کردبووین، وەك فریاکەوتنی سەرەتایی . چونکە یەکدوجاری تریش کیمیایی لە ناوچەکەی دابوو بەڵام بەم شێوەیە مەترسیدار نەبوو، کۆمەڵکوژی لێبکەوێتەوە، جارێکیان ئیمە لەگەل دووبرادەری تر چوین بە کەروبار ئاردوشەکرمان برد بۆ مەڵبەند ( ئەوکاتە سەرەیان بۆ دانابووین بۆ ئەو جۆرەکارانە (بێگار) شتمان دەبرد بۆ مەڵبەند فرۆکە هات بۆمبارانی مەڵبەندی کرد، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندارابوون، دوو ساروخیشی گرتە ئێمە ئەو جارە سەلامەت دەرچوین، لەمردن رزگارمان بوو. ئەوەش بلیم کیمیایی ئەوجارانە دیارە (خفیف) تر بووە بۆنمونە سەر رومەتی بەرکەوتووەکانی دەسوتاند، ئیتر خۆیان دەخستە ئاوەوە باش دەبوون، بە هۆی ئەو بۆمبارانانەوە بەتایبەتی دوای هەڵەبجە رینمایی هەبوو. بەڵام ئەو گازەی لە سێوسێنان درا لەو سوتێنەروخەفیفە نەبوو، برین بەجێبێڵی گازێکی خنکێنەر بوو. من ئەوەندەم پێنەچوو کە دوای تەقینەوەکان گەیشتمە ماڵی خوشکەکەم هەموویان شەهید ببوون.

**ماڵی خۆتان چەند کەس شەهید بوون ؟**

باوکم محمد عەبدولا عەزیز، خوشکێکم بە ناوی ئاسۆس، خوشکیکی ترم بەناوی کەژاڵ ئەوان شەهید بوون.

**بەرای تۆ بۆچی ئێرە کیمیابارانکرا ؟**

لەبەرئەوەی ئێرە پشت و پێگەی پێشمەرگە بوو، قەرەباڵغ بوو، بۆ ئەوەی چاوشکێنی ناوچەکەی پێ بکات و بیشلەژێنی و بتۆقێن و بەچۆکدابێن .

**ئینجا ئەوسا سێوسێنان پشتوپەنای پێشمەرگە بوو؟**

لەواقعدا وابوو بەلی پشت وپەنای پێشمەرگە بوو.

**دوای کیمیابارانکردنی سێوسێنان ئیتر بەچەند ڕۆژ هێزکانی حکومەت گەیشتنە ئێرە ؟**

ڕەنگە دوای دووسی ڕۆژ گەیشتبنە ئێرە، ئیتر دەستیانکردبوو بە روخاندنی خانووەکان، نەك هەر ئێرە هەموو گوندەکان خانوویان بەپێوە نەما هەموو روخێندران و بە شۆفل تەختکران، هەرگیز ئێرە هەتا دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ هیچ کەسێك لێرە نەدەژیاو هیچ جۆرە ژیانێك لێرە نەبوو. خانوویەك بە پێوە

---

[٤] ) حەسەن عەبدوالکەریم) مێردی زینەت و باوکی ئەو منداڵانەیەوخۆشی بریندارێکی چەکی کیمیاوی کە لە ژمارە ٥ی ئەنفالستاندا دیداری دیداری لەگەڵ سازدراوەو باسی بەسەرهاتی خۆیان و ئێوارەی کیمیابارانی سێوسێنان دەگێڕێتەوە .

نـــەمابوو جگەلـــە ســـێ ژوور ئـــەویش دیـــارە هێزەكـــانی حكومـــەتی تێـــدابووە یـــان رەنگـــە فەرماندەیـــەكی تیـــدا بووبێت .

**كەی گەرانەوە بۆئێرە ؟**

لـــە كۆتـــایی ســـاڵی ١٩٩١ لـــەدوای راپـــەرین گەراینـــەوە، بـــەلام بـــە زۆری ســـاڵی ١٩٩٢ –١٩٩٣ ئـــــیتر خـــــەڵك گەرانـــەوەو دەســـتیانكردەوە بـــــــــــــــــــــــــــــــە خانوودروستكردنەوەوكشـــت وكـــــــاڵكردن . وردەوردە خۆمـــان نیشـــتەجی كـــردەوەو ســـاڵی ١٩٩٣ رێكخـــراوی ( كـــرا ) هـــەبوو هـــاتن هاوكـــاری دروســـــــــــــتكردنەوەی خانووەكانیـــــان كـــــردین، كرێكارومـــەوادیان پێـــدەداین، تەنانـــــــەت خـــــــۆلی سەربانەكانیشـــــیان بـــــۆ دەهێنـــاین بـــەلام خۆمـــان گڵـــــەبانمان دەكـــــرد، ریكخـــراوی میـــدكۆش هـــاتن مـــەزاری شـــەهیدەكانیان بـــۆ دروســــتكردین. تــــەرمی شـــەهیدەكانیان هێنایـــەوە بـــۆ ئێـــرەو قوتابخانەیـــــەكیان بـــــەناوی شـــــــەهیدانی كیمیابارانـــــــەوە بـــــۆ دروستكردین.

**ئەو قوتابخانەیە هەرماوە ؟**

بەڵی هەرماوە .

**كەواتـــە منداڵـــەكانتان لـــەوێ دەخوێنن ؟**

نائێســـتا قوتابخەنەیـــەكی گـــەورەتری دوانـــزە پـــۆلی دروستكراوە لەوێ دەخوێنن .

**دوای ئەوەی كە ئێوە ئازیزەكانتان لەدەستدابوو دواتر گەرانەوە بۆ ئێرە ژیانتان چۆنبوو ؟ چۆن لەگەڵ ئەو یادەوەریانەدا دەتان گوزەراند ؟**

ژیـــان چـــۆن بێـــت..؟ ژیـــان چـــەندە ســـەختیش بێـــت هـــەر دەگوزەرێـــت، هەردەبوایـــە ژیـــان بەســـەربەرین، ســـەرباری ئـــەوەش ژیـــان لەگرانیـــدابوو، بـــروا بكـــە ئەوســـا كیلۆیـــەك شـــەكر بـــە ٣٠ دینـــار بـــوو، كیلۆیـــەك بـــرنج بـــە ٤٠ دینـــار بـــوو، رۆن هـــەروا بـــروا بكـــە مـــاڵ هـــەبووە بـــە ٢ مـــانگ جارێـــك برنجـــی نـــەخواردووە، هـــەبووە بـــە ســـێ مـــانگ جارێـــك نـــەیخواردووە گۆشـــت هەرنـــەبوو، ئـــیتر قورســـی ژیـــان وای لێكردبـــــووین نەپەرژێینـــــە ســـــەر خـــــەمی شـــــەهیدەكانمان و یادەوەریەكانیان .

**لەساڵی ١٩٢ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ چیتان بۆ كرابوو ؟**

راســـتی ئـــەو كاتـــە حكومـــەتی خۆمـــان هـــیچ هاوكارییـــەكی نـــەبوو، زیـــاتر رێكخراوەكـــان كاریـــان دەكـــرد، بۆنمونـــە ئێمـــە قوتابخانـــەو خەســـــتەخانەكەمان لەلایـــــەن رێكخـــــراوی كـــــراوە بـــــوو، ئـــــیتر حكومەتیش توشی قەیران هات، شەری ناوخۆ دەستی پێكرد .

**تۆ بەشداری شەری ناوخۆت كردووە ؟**

نەخێر من بەشدار نەبووموخەریكی كاری كشتوكاڵی خۆم بووم .

**بەلام كاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ژیانتان ؟**

بێگومـــان مـــن لەشـــەری ناوخۆشـــدا ئامۆزایـــەكم لـــە دەســـتداو لەوكاتـــەدا كـــوژرا . مـــامم تـــەنها ئـــەو كـــورەی مـــابوو، خـــۆی پێشـــتر بـــە ( ئـــەنفال ) مـــین شـــەهید ببـــوو، هـــەر ئـــەوكورەی مـــابوو، ئـــەویش لەشەری ناوخۆدا شەهید بوو.

**كـــە صـــدامو عـــەلی حســـن مەجیـــد دادگـــایی كـــران ئەوكاتـــە خـــۆت یـــان كەسوكارت وخەڵكی سیوسێنان هەستتان چۆن بوو ؟**

هەســـتمان چـــۆن بێـــت بێگومـــان زۆر خـــۆش بـــوو، كەســـانی وەكـــو صـــدام وعـــەلی حســـن مەجیـــد بچـــنە بـــەردەمی دادگـــا، هـــەتا ئەگـــەر دادگاكـــە عادیلانـــەش نـــەبی زۆر خۆشـــە، صـــدام كـــە حســـابی بـــۆ هـــەموو دنیـــا نـــەدەكرد، بخریتـــە قەفـــەزی تاوانـــەوە چـــۆن خـــۆش نیـــە؟ مـــن لەخۆمـــەوە دەڵـــیم كەســـێك بـــاوكم بكـــوژێ ؟ جگەلـــەباوكی مـــن ئـــەو هـــەموو كوردســـتانی وێرانكـــرد بـــوو ئـــەی چـــۆن خـــۆش نیـــە. ؟ پێموایە هەمووكەس بەلایەوە خۆش بوو .

**ئێستا ژیانتان چۆنە لەگوندەكە كەمێك بۆم باس بكە .**

ئێســـتا جیـــاوازە سیوســـێنان كراوەتـــە نـــاحیۆ شـــارەوانی هەیـــە، پـــۆلیسو پۆلیســـی دارســـتانو ئاگركوژاندنـــەوەی هەیـــە، لـــە دوای روخـــانی حكومـــەتی بەعسوكەوتنـــە ســـەرپێی حكومـــەتی هـــەرێم ورد ورده پـــرۆژە جێبەجێـــدەكرێو هـــەموو ســـاڵێكیش پرۆژەیـــەكی بۆدەردەچـێت، بـــەلام خـــۆ هـــەر سیوســـێنان نیـــە، راســـتە سیوســـێنانو

باليســـــانو گۆپتەپـــــە جيـــــاوازنو زەرەری گيـــانی زۆريـــان كـــردووە، بـــەڵام خـــۆ هــــەموو كوردســــتان وێــــران كــــــــراوەو ئــــــــەوانيش پێويســـــــــــتيان بـــــــــە ئاوەدانكردنـــــــەوەو قــــــەرەبوو كردنـــــــــەوە هەيـــــــە . سيوســـــــــــــــــينانيش خەســــــتەخانەو قوتابخانـــــەی ســــــــەرەتايی و ناوەنـــــــدی بــــــــۆكراوەو نزيكـــــــــەی ٦٠ خــــانووی بـــــۆ دروســــتكراوە . ٣٤ خـــانوش بـــۆ كەســــوكاری شــــەهيدانی كيميابـــــاران لێـــرە دروستكراوە.

**ئەو ٦٠ خانووە هەمووی بۆ كەسوكاری شەهيدانی كيمياباران بوون ؟**

نــــەخێر ئـــــەوە وەزارەتــــی ئـــاوەدان كردنـــەوە دروســـتی كـــرد دابەشـــی كـــردە ســـەر ئەوماڵانـــــەی كــــــە لەپێشـــــەوە سێوســـــــــــــــــێنانيان ئاوەدانكردبووەوە.

**ئێستا چەندماڵ لێرە دەژين ؟**

ئێســــتا نزيكـــــەی ١٠٧ مــــاڵ لێرە دەژين .

ئـــەی بۆچـــی تـــەنها ٣٤ مـــاڵی بـــۆ كەســـوكاری شـــەهيدانی كيمياباران دروستكراوە ؟

بـــەڵێ بـــەڵام ئـــەوەش هـــەمووی نەكەوتووتـــە ئێـــرە هەنـــدێكيان لــــە ســـليمانی خانوويـــــان دروســـــــــــــــــتكردووەو هاوكاريەكـــــــــەی لـــــــەوێ وەرگرتووە.

**ئەی هی ئەنفال ؟**

هـــی ئـــەنفالی تێدانيـــە، لێـــرە خانويـــان بـــۆ دروســـــتنەكراوە، لەبەرئـــەوەی هەنـــدێكيان لـــە عەربـــەت زەويـــان وەرگرتـــووەو لـــەوێ ژيانيان دەرواو لەوێ هاوكاری كراون .

**واتا بێبەش نەبوون لەو هاوكاريە ؟**

نـــا بێبـــەش نـــەبوون، بـــەڵام هەيـــە هێشـــتا هيچـــی بۆنـــەكراوەو بێبەشنوهيچـــيان بـــۆ نـــەكراوە، بەحســـاب دەبـــی ئەمســـاڵ ئـــەوانيش تەواو بنو بەشی خۆيان وەربگرن .

**هاوكارييەكە چيە بۆ كەسوكاری شەهيدانو ئەنفال ؟**

بۆهـــەر كەســـێك پارچـــەيەك زەوييـــە لەگـــەڵ بـــری ٢٧٠٠٠٠٠٠ مليـــون دينـــارە، هەرچـــەندە ئـــەوەش خـــانووی پـــێ تـــەواو نـــابی دەتـــوانی ٢٠ مليون ديناريش وەرگری ئەوەيان عقارە دەبی بيداتەوە .

**ئێستا ئەوانەی كەسوكاريان لەدەستداوەو ئەنفالكراون موچەيەك وەردەگرن بۆچی ئێوە پێی دەڵێن موچە .؟**

خـــوی ئەوموچــــەيە بەحســــابی وەزارەتـــی شـــــەهيدانوبەريوەبەرايەتی شەهيدان هەتا ئەوكاتەی قەرەبو دەكرێنەوە ئەو دەيدات .

**كی قەربوويان بكاتەوە ؟**

مەبەســـت لـــە حكومـــەتی عێراقـــە وەك ميراتگـــری حكومـــەتی بـــەعس . بريـــارێكی واش هـــــەبوو پێمـوايـــــە شــــتێكی واهەيـــــە، هــــەركاتێك حكومەتی عێراق ئەوەی كرد ئيتر ئەمە نامينیٚ.

قەربوو بۆتۆ واتای چی دەگەيەنیٚ ؟

بۆنمونـــــە لــــە شــــوێنێكی وەكوناكـــــازاكی يــــان هۆلۆكۆســـــت حكومەتــــــــــەكان قــــــــــەرەبويان دەكەنــــــــــەوە، ئێمــــــــە كەسوكاروماڵەكانيشمان لەدەستداوە وەكو ئاوارە ژياوين.

**ئەوە داخوازی هەموخەڵكی ئێرەيە ؟**

ئـــەوە داخـــوازی هـــەمووكوردە، خـــۆ مـــەرج نيـــە خـــەڵك هەرشـــەهيدی دابـــیٚ، خـــەڵكێكی زۆر خۆشەهيدیشـــی نـــەداوە بـــەڵام خـــۆ ماڵەكـــەی ســـوتاوە، رەزوبـــاخی بـــەتاڵان چـــووە..ئەوانـــەش مـــافی خۆيانـــە قەرەبوو بكرينەوە، بۆيە ئەوە داخوازی هەموو خەڵكە .

**داخوازی ئێوە چيە لە ئێستادا ؟**

داخـــوازی خـــەڵك چـــيە؟ خـــەڵك داوای ژيـــانێكی خـــۆش دەكـــات عێـــراق ســـەروەتو ســـامانێكی زۆری هەيـــە، هـــەتا ئێســـتاش خـــەڵك هەيـــە نـــانی نيـــە بيخـــواو هەشـــە خـــاوەنی هـــەموو شـــتێكە. ئێمـــە هـــەتا ئێســـتا پـــرۆژەی ئاومـــان نيـــە، هەقوايـــە پەرلـــەمانی كوردســـتان بودجەيـــەكی تايبـــەتی بـــۆ ئـــەم ناوچـــە كيميابارانكراوانـــە دابنـــی هـــەتا خێراتـــرو باشـــتر ئـــاوەدان بكرێتـــەوە، خـــۆ نمونـــەی وەك ئێـــرە زۆرنـــینو بـــە پەنجـــەی دەســـت دەژمێـــردرێن .. حكومـــەت هەقوايـــە بودجـــەی تايبـــەتی هـــەبێت بـــۆ ئـــەم ناوچـــانە لەهـــەموو بوارێكـــدا لـــە ئاوەدانكردنـــــەوەو رێگاوبـــــانو تەندروســـــتی و پـــــەروەردەو

کشتوکاڵو هەموو بوارەکانی تری ژیان . چونکە خەڵك مافی خۆیەتی ژیانێکی خۆشی گەرەك بێ، کوردستان خاوەنی سەروەتو سامانێکی زۆرەو رەنگە ئیمە بەقەد ئوردونو خلیجمان هەبێ، ئیتر بۆچی خەڵك لێی سودمەندنەبێ .

**سەبارەت بەهاوکارانی بەعسوتۆمەتباران وتاوانبارانی ئەنفال وکیمیاباران دەڵێی چی ؟**

بێگومان خەڵك هەیە لەوان تاوانبارترە، راستە حکومەتی هەرێم عەفواتیکی بڕوداون بەلام خۆهەندێکیان دوای روخانی صدام هاتنەوە، خۆپارێزگاری سلێمانی نەهاتبووەوە دوای روخانی بەعسیش دەزانین چۆن دەرکرا، بۆیە پێمانخۆشە هەموویان دادگایی بکرێن جا ئەوکەسانە هەرچیەك بوون. بادادگایی بکرێن، بۆچی لەدادگا دەربازبن، بەداخەوە هەتا ئێستاش دالدەیان دەدەن . ئێمە پێمانخۆشە دادگایی بکرێن ئەوە مافی خەڵکە بەداخەوە لێرە دالدەدەرێنو بەرپرسان داکۆکیان لێدەکەن .

باسی ئەوەم بۆ بکە رۆژێك یادەوەری کیمیابارانت لە بیردەچێت..؟ رۆژێك هەیە بیرت لە هیچ نەکردبێتەوە ؟

نیە ئەوگریانەی من بمەوێ بگریم کە سالانە یادی ئەو کارەساتە بکەم، من هەموو رۆژێك هەموو دەقەیك بگەرە هەموو ساتێك یادی ئەو تاوانە دەکەمەوەو لە ناخی خۆمدا دەگریم . ئێستا حاڵی حازر نەخۆشی غوددەم هەیە، خۆت دەزانی غوددە لە خەفەتەوە توش دەبیت، من هەمیشە فرمێسکەکانم دیارنین.

**تۆ تاچەند بۆت گرنگە لێرە مۆنۆمینتت هەبێت لێرە ؟**

زۆر گرنگە من هەمیشە داوای دەکەم و گرنگی پێدەدەم، رۆژێك دێت من دەرۆمو کورەکەی منیش دەڕوا، بۆیە مۆنۆمێنتێك گرنگە چونکە ئەمە دەروێنو ئەو دەمێنێتەوە، کە هەبێت لێرە گرنگە چونکە ئەگەر نەبوو، رەنگە سبەی رۆژ تاوانەکە لە بیربکرێت، هەرچەندە مێژوو لە بیرناچێتەوە، بەلام مۆنۆمێنت لێرە زۆر گرنگە .

جیهانی کردنەوەی ناساندنی تاوانی ئەنفال چەند گرنگە بۆتۆ ؟

لەلای من زۆر گرنگە چونکە ئێمەش زوڵممان لێکراوە، لەوانەیە بە درێژایی مێژوو غەدری وا لەکەس نەکرابێ، ئیمەش نەتەوەین کوردین، هەمیشە سەرکوتکراوین، ئەوە ناساندنی کوردە کە بەو شێوەیە غەدری لێکراوە، بەهۆی ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە یان سیوسێنان یان هەر شوێنێکی تر زۆر گرنگە بیزانن، هەتا رەنگە زۆریان دەستیان تیایداهەبێت، چونکە تو لەلایەن قەومێکی ترەوە ئەو تاوانەیان بەرامبەرکراوە .

ووتت زۆربەی خەڵکەکە هەر بەو پارەیە هاوکارییە دەژین ؟

ناڵێم هەمووی بەلام، هەیە هەر بەوموچەیە دەژی، لەوەیە ئیشی تریشیان هەبێ .

خەڵك ئەو داوایەی هەیە ئیشی تربکەن .

بێگومان هەیە، کەسێك باشەهیدیشی هەبێت بەلام پێویستە کورەکەی لەشوێنێك دابمەزرێتوکارێکی تربکات .

## یادی کیمیابارانی سێوسێنان کرایەوە

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆی رۆژی ٢٣ی ئازاری ٢٠١٣ بەئامادەبوونی وەزیری کاروباری سەهیدانو کەسوکاری قوربانیانو خەڵکێکی زۆر یادی بیسوپێنج هەمین تاوانی کیمیابارانکردنی سێوسێنان کرایەوە.

سێوسێنان دەکەوێتە سنوری ناوچەی پەلاماری ئەنفالی دووی قەرەداغوسەروەختی ئەنفال گوندێکی گەورەوقەرەباڵغ بوو، لەو ئێوارەیەدا ٦٧ کەس لەژنوپیاومنداڵ گیانیان لەدەستداو چەندین کەسیش بریندارابوون. رۆژی دواترهێزەکانی سوپا پەلاماریانداو چەندین کەس ئەنفالکران، لەوانە ١٥ کەس خەڵکی سێوسێنان بوون .

# تاقانەی ئەنفال


## حەسەن محمود ئەحمد

ژمارەی مووبایل ٠٧٧٠١٥٤٧٩٥٨




لە دایکبووی ساڵی(١٩٧٨)ی گوندی قەڵاچەرمەڵەی گەرمیانە.

ساڵی ١٩٨٨ هەموو خانەوادەکەیان ئەنفالکراون، لەناویاندا دایکی" غەزێمە حەمید عەبدالله"وباوکی و براو خوشکەکانی ( سالار، سامان، نەمام ،سێوە خەولە ) ئەنفالکران و حسن بەتەنیا مایەوە. ئەو کە هەتا گوندی ملەسوورەش لەگەڵیاندا بووە، بەڵام لەگەڵ خاڵۆیەکیدا بەناوی فاتح حەمید بەشوانی بەرەو( صمود) هاتوون، لەرێگا لەلایەن سوپاوە گیراون بەڵام ئەفسەرێك دڵنەرمی نواندووەو هەتا نزیك صمود هێنابوونی و لەوێ ئازادی کردوون، ئیتر لە ساڵی (١٩٨٨) مەینەتی ئەم کورەش وەك هەر تاقانەیەکی تردەستی پێکردووە، هەتا ساڵی ١٩٩٤ژیانێکی تراژیدی بەسەربردووە، سەرباری چاوەڕوانی دایك وباوك و خوشك وبراکانی، هەمیشە وەك مەخلوقێکی دڵشکاو بەدوای کاروناندا وێڵبووە.

خۆشبەختانە ساڵی( ١٩٩٤) لەگەڵ کچێکی پوریدا ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە ئێستا، پێنج منداڵە بەناوەکانی ( بەرهەم، بەڵێن، کەژاڵ، بینەر، بەیار) لەگەڕەکی شارەوانی شاری کەلارنیشتەجێیە.

ئەم تاقانەیەی ئەنفال تەنها یەك داواکاری لە حوکوومەتی هەرێم هەیە، ئەویش سەروەری یاساوادادگایی کردنی جاش ومووستەشارەکان وهەموو ئەوکەسانەی دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەیە.

## هاشم لە چاپ دەرچوو

پەرتوکی (هاشم) نوسینی عومەرمحەمەدو لە ١٠٩ لاپەرەدا سەنتەری رۆشنبیری جەمال عیرافان چاپ و بڵاوی کردوەتەوە کە بەسەرهاتی ( هاشم محەمەد رەشید) دەربازبوویەکی گۆری بەکۆمەڵە لەپەلامارەکانی ئەنفالی ناوچەی بادینانداە لەگوندی کورێمێی ناحیێ مانگێش پاشئەوەی خۆیان دابووە دەستی سوپاوە ژنان و پیاوانیان لێکجیاکردووەتەوەو هەرلەجێدا ٣٣ پیاوی گوندەکەیان دابووە بەردەستریژی گوللەو کوشتبویان، لەو پەرتوکەدا جگەلەوەی نوسەر باسی ئەنفالی ناوچەی بادینان دەکات (دیدارێکی هاشم)یشی تیدایە کە نوسەر لەگەڵیدا ئەنجامیداوە . لەبارەی کتێبەکەوە هاشم خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەنفالستان دەربری و وتی: ئەوە رابوردوی راستەقینەی ئێمەیە کەچی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم نامان ناسان !



# ئەنفالكراو - رشيد كەريم ئەحمەد



لەدايكبووى سالّى ١٩٣٠ يەو خەلّكى گوندى خان روف، لە پەلامارى ئەنفالى سێى گەرمياندا گيراوەو لە نوگرە سەلمان كۆچى دوايى كردووە .

ئەم پياوە سێ ژنى هێناوەو ١١ منداڵى هەبووەو( ٩ ) كەسيان ئەنفالكراون.

كورەكانى ئەحمەدومحمود لە ژنى يەكەمى بە ناوى حەبيبە فرج قادر هەروەها حسن وحسێن و سيروان لە ژنى دووەمى بە ناوى حەپسە ئەنفالكراون و هيچيان نەبينراونەوە . ئەنفالستان هەوڵيدا زياتر لەبارەى ئەم خانەوادەيەوە بزانێ بەلام بەداخەوە شوكريەومهروبەى كچى تەنها ئەوەندە زانياريەيان لەبارەيەوە بەئەنفالستان راگەياندووە .





### گوندی مەسۆیی قەراغ

## حاجی حەسەن : لەو نەهامەتیەدا ژنێك كچێكی بوو ناویان نا ( دەشتی) چونكە كچەكەی لە دەشت لەدایكبوو.



**بەرواری ٢٠١٢/١٠/٢٩**
**كاتژمێر ٥ ی ئێوارە**
**شوێن : مەسۆیی قەرەداغ**

گوندی مەسۆیی قەرەداغ دەکەوێتە رۆژهەڵاتی سێوسێنانەوە لەڕوی کارگێرییەوە سەربەناحیێی سێوسێنان وقەزای قەرەداغە، لەپەلاماری ئەنفالی دوودا هەردو گوندی عەلیاواو مەسۆیی بەپلەی دووەم دێن لەروی کۆمەڵکوژیو زەرەری گیانیەوە، سێ گوند هەن بەناوی مەسۆیی کە دوانیان دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانو یەکێکیشیان لە قەرەداغدایە، ئەوانەی گەرمیان لە ناحیێی سەنگاون بەناوەکانی مەسۆیی سەرچەمومەسۆیی بەرگەچ ، مەسۆیی قەرەداغیش دراوسێ گوندی سێوسێنانی کیمیابارانکراوە. ئێمە دیدارەکەمان لەم مەسۆییەی سێهەمدا بوو، کە ٤٧ کەسیان ئەنفالکراوەو هەڵبەت هەردوو مەسۆیی تریش خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکرانو جارێکی تر نەبینرانەوە.

سێهەم رۆژی جەژنی قوربان دوای ئەوەی لەسێوسێنان دەرچووین، لە گوندی مەسۆیی لاماندا، لە ئێوارەیەکی درەنگی رۆژی ٢٠١٢/١٠/٢٩ گەیشتینەجێ بۆبەرچاو رونی بە تەلەفۆن داوامان لە گوندنشینێکی کۆنی مەسۆیی کرد کە ئێستا دانیشتوی شاری سلێمانیە رێنوینیمان بکات هەتا بچینە ماڵی کێ لەمەسۆیی ؟! ( وەهاب) لەوەڵامدا وتی من خۆشم کەمێکی تر دەگەمە ئەوێ بچنەماڵی ئیسماعیلی حاجی حسن .

هەرکە گەیشتینە گوندەکە بەپرسیار ماڵی کاك ئیسماعیلمان دۆزییەوەو دوای دانیشتنێکی کەم، نیازوخواستی میوانەنامۆو ناوەختەکانیان بۆ ئاشکرابوو، کە چوینە سەرباسی ئەنفال حاجی حەسەن هاتە قسەو وتی:

کە ئەنفال گەیشتە سەرمان ژنوماڵو منداڵمان دەرکردو چوینە بن ئەو ئەوشکەوتانە، قایممان کردبوون، کاتەی هێرشی کردە سەرمان، نزیکەی ٢٠ ماڵێك دەبووین، رۆیشتین بۆقۆپیەکان، ترساین لەبۆمبارانی گاز ئەمە لە دوای بۆمبارانی سێوسێنان بوو، شەوێك یان دوو لە قۆپی ماینەوە، وەنەبێ پشوبدەین چونکە حکومەت بەهەموو جۆرێك لێی دەدایەن بە تۆپی کیمیاویو بە تۆبی ئاسایی، ئیتر ئیمە نەمانتوانی بەو وەزعەوە بمێنینەوە هەر بەپێ رۆیشتین بۆسەنگاو کە لەودیوی گەرمیانە، نزیکەی ١٥ شەوێك لەوگوندانەی گەرمیاندا ماینەوەو بەرەزالەت ژیاین، لەوێ لە جەوەلی (ناوەکەی بیرناکەوێتەوە) دواتر ووتی مللەکەوە، جەولی شاکەل، لەوێ بەشێکی خەڵك لەگەڵ گەرمیانیەکان گیرانو

بردیانن و ئەنفالیان کردن ئەوانە بە زۆری قەراغی و گەرمیانی بوون، ئیتر بەشێکمان بەوگوی چەمی سیروانەدا هاتین بەرەوسلێمانی و بەشێکیشمان بەرەو کەلار ڕۆیشتین، ئێمە لەکەلارو سمود خۆمان شاردەوە مالی خزمێکمان بەهانامانەوە هاتوو دالدەی داین، ئەوە من بەخێرایی بۆتان ئەگێرمەوە ئەگینا ئەوە نزیکەی ١٥ - ٢٠ ڕۆژی پێچوو، ئەگیناهیلاکەت بوو هەبوو نەخۆش بوو هەبوو مندالی دەبوو، لەوانە ژنێك بوو ناوی (سەلما) بوو، لەو نەهامەتیەدا کچێکی بوو ناویان نا ( دەشتی) چونکە کچەکەی لە دەشت لەدایکبوو، ئێستا دەشتی والە سلێمانیەو پێموایە شووی کردووە. بەخوا کە دەریشچووین لەسلێمانی و لە کەلارو لە هەلەبجە[٥] هەموومان لە ژێر چاودێریدا بووین، بەعسیەکان بۆ قەراخی دەگەران، ئەوسا مسئول بلوك هەبوو، پیاوی حکومەت بوون.

ئیتر ئەوە حالی ئێمە بوو ئەوانەی دەست حکومەت گەوتن گیران وپیرەکانی برد بۆ نوگرەسەلمان و گەنجەکانیشی کوشت، ئەوانەی بران بۆ نوگرەسەلمان دوای شەش مانگ بەلێبوردن بەربوون، بەلام هەمووی بەشەل و شێتی هاتنەوە، نیوەشی هەرلەوێ مردبوون، لەبەرئەوەی ئەزێتیان دابوون و برسیان کردبوون و نانیان نەدابووپێیان، ئێمە کەسێکمان هەر لەوێ مردووە ناوی عەبدولڵایە ئێستاش تەرمەکەی هەروا لەنوگرەسەلمانە .

پاشئەوەی حاجی لەقسەکانی بووەوە پرسیارمان ئاراستەی ئیسماعیل حاجی حسن کرد .

**ئیسماعیل حاجی حسن:**

ئەوکاتە تەمەنی تەنها ٧ سال بووەو لە دایکبووی ١٩٨١ بەئاستەم ڕوداوەکانی بیرماوە، وتی: من برایەکم پێشمەرگە بوو، بیرمە کە زۆر شلە ژابووین، کاکەم لێرە نەبوو، بارەگایان لەسوڵە بوو، ئێرە چەمێکی لێیەئاوێکی زۆر ڕونی پێدا دەڕۆی ئەوسالە ئاو زۆر بوو، کاکم بەهانای ئێمە هاتەوە، فریامان بکەوێ دەربچین نەیدەزانی چیمان لێبکات، خەڵك شلەژا بوو نەماندەزانی چی بکەین، ئێمە لەسلیمانیەوە نزیك بووین، بەلام لەبەرئەوەی مەڵبەندێکی پێشمەرگە لێرە لەو بەرمانەوە لەبەلەکجار بوون، نەماندەوێرا بەرەوسلێمانی بڕۆین، کاکەم زۆر هیلاك بوو، دەشترسا، هەم لەبەر ترسەکەی و هەم لەبەرهیلاکەتیەکەی نەیدەزانی چی لە ئێمە بکات بیرمە لەئاوەزۆرەکە بەباوەش دەیپەڕاندینەوە بۆئەوبەر چەندجار لە ئاوەکەی دەدا ئێمەی دەپەڕاندەوەو خۆی دەگەڕایەوە بۆئەمبەر، ئیتر ئەو خەڵکە سەرلێشێواوبەبێ ئەوەی هیچی پێبێت تەنانەت باتانیەکیش بەوشێوەیە ڕۆیشتین هەتا چوینە ناو شاخی قۆپیەکەوە، قۆپیەك لەوبەرمانەوەیە، ئیتر دوایی ڕۆیشتین چوینە گوندی کەوەڵە لەدیوی سەنگاو، دوو شەولەوێ ماینەوە ئەوان ورەیان بەرز بوو، وایان دەزانی هەروا کاتیە. بەلام ئێمە بۆ باوەشی حکومەت ڕۆیشتین.

گوندەکەتان چەند کەسی ئەنفالکراوە ؟

ئەم دووگوندە ئەنفالمان زۆرە عەلیاواومەسۆیی . لەمەسۆیی بەهەمووی (٥٠) کەسمان شەهیدەو ٤٧ کەسمان ئەنفالکراوە . ئێمە کەچوینە گەرمیان یەکدومالێکمان لە کەلار خۆمان پەنادا لەمالی خزممان هەبوو دالدەیان داین، بیرمەدێ من مندال بووم نەمدەوێرا بگریم، دەیان گووت ئەگەر بگریت جاش پێمان بزانن دێن دەتان گرن، مالی خەزوری براکەم لە سلێمانی بوو ماوەی دوو سێ مانگ لەوێ خۆمان شاردەوە ئینجا توانیمان بە فرۆشتنی ئاڵتونی براژنەکەم و فرۆشتنی هەندێك مەڕومالاتمان دەرکردبوو، فرۆشتمان تا توانیمان لە

---

[٥] مەبەست لەهەلەبجەی تازەیە چونکە ئەو سەروەختە کیمیاوی لێدابوو، شارەکە چۆلیانکردبوو، نەبەدەست هێزەکانی عێراقەوە مابوو نەبەدەست ئێران - ئەنفالستان.

ولوبە خانوویەك بكرین. بارمان زۆر لار بوو، ژیانمان تاڵ بوو، من ئەو كاتە پۆلی یەكەمی سەرەتایم تەواو كردبوو لە سلیمانی نەمویرا بڵێم لە مەسۆیی خویندوومە، لەسەرەتاوە دەستم پێكردەوە.

سەبارەت بەحاڵی ئێستای گوندەكەیان ئیسماعیل ووتی : پێشتر وەزعمان باشتر بوو، ئێستا وشكە ساڵی كوشتوینی ئاوامان نیە بۆخواردنەوە، پێشتر بەهۆی ئاوەوە خەڵك دەهاتنەوە بۆ گوندەكەو كشتوكالیان دەچاند وەزعەكە باشتر بوو، خەڵك ژیانی خۆی بەرێوە دەبردو پێویستمان بەهەندێك شت نەبوو، ئەم مەسۆییە نزیكەی ٦٠-٧٠ مال بووین ئێستا هەروا ١٣ مال ماوینەتەوە. هەمووی لەبەربێ ئاوایی چۆڵی كردووە . ئێستا خەڵك هەمووی بووەتە موچە خۆر بەزۆری بوونەتە پۆلیس، ئەوانەش كە موچەكانیان وەردەگرن لەسلیمانی یان لەدەربەندیخانن دەڵێن من هەرموچەكەم هەبی ئیتر بۆچی لەناومشك‌ومردابنیشم، حكومەت پلانی نەبوو بۆ ئەم وشكە ساڵییە بەداخەوە . ئەگینا وەكو عەرزم كردن خەڵك خەریكی زراعەت بوو گەنمو دانەوێڵەیەكی زۆرمان دەكرد، مال هەبوولەم مەسۆییە نزیكەی ٣٠٠ تا ٤٠٠ سەر حەیوانی هەبووە .

مەسۆیی پێش ئەنفال نزیكەی ٣٠-٤٠ مالی تیدابووە لەگەل نزیكەی ١٥ مالی پێشمەرگەو سەربازی هەلاتووش كەلەو گوندەنیشتەجێ بوون. بەلاّم ئێستا نزیكەی ١٣ ماڵی تیداماوە ئەویش بەهۆی موچە خۆری لەلایەك وشكەساڵی لەلایەكەوە هەمووی چۆڵی كردووە، بێ ئاوی گرفتێكی گەورەی ئێمەیە، ئێستابەتەنكەر ئاومان بۆدەهێنن ئەویش تەنكەری ناحێیە لە سیوسێنانەوە لە ئەستێڵەوە ئاومان بۆدەهێنن، من وەكوئەنجومەنی گوندی مەسۆیی چوومە لای بەرێوەبەری ئاوی قەرەداغ ئەویش بەلێنی پێدام هەموو هەفتەیەك جارێك بەتەنكەر ئاومان بۆبهێنن بەلاّم ئێستا ئەوانیش بۆمان ناهێنن . بروا بكە ئەم ماڵە دراوسێمانە میوانیان هاتبوو ویستبووی دەست نوێژ بگرێ پێیانوتبوو ببورە ئاومان نیە، ناتوانی دەستنوێژ بگریت .

**هاوكاری لەگوندەكە چۆنە ؟ هیچ كۆمەڵەیەك هەیە لێرە ؟**

بەلێ ئێمە گۆڤارێكمان هەیە بەناوی (ئاوەر)و پەرتوك خانەیەكمان هەیە، گەنجەكانمان ئاستی خویندەواریان باشە پزیشكمان هەیە یاریدەدەری پزیشكمان هەیە، مامۆستامان زۆرە، ئەوانەی بروانامەیان هێناوە لەهەموو بوارەكاندا هەمانەو هاوكاریو پەیوەندی كۆمەلاّیەتی زۆر باشە لەم گوندە .

**كەس هەیە لەم گوندە تەنیا مابێتەوە ؟ وەك ئەو ژنەی باست كرد ووتت: كەسی نەماوەوبەتەنیا دەژی ؟**

دوو كەسی تر هەبوون لەم گوندە یەكێكیان مام رەوف هەر خۆی مابوو، پاركۆچی دوایی كرد، یەكێكی تر هەیە، ناوی ئەحمەدە بەلاّم ئەو خەڵكی تری ماوە بەلاّم بەتەنیا دەژی، ئێمە لێرە هاوكاری یەكتری زۆر دەكەین چونەكە هەمووما‌ن خزمین‌و بەرەی دوبراین .

**ئێوە لێرە مۆنۆمێنتان هەیە ؟**

من لێرە ئەنجومەنم تا ئێستا سێ جارداوای مۆنۆمینتمان كردووە، پێش منیش ئەنجومەنەكانی ترداوایان كردووە هیچ كەس ئاوری لەداواكەمان نەداوەتەوە . ئێمە بەشەهیدی سەنگەرو هاولاّتیەوە كە بەهۆی لوغم‌و تۆپبارانەوە دەگەنە (٥٠) شەهید. بەلاّم بائەوگللەییەش بكەم پارناپێرار لێرە یادی ئەنفالمان كردەوە بەداخەوە ئەوەی باسی لێوە نەكرا ئەنفالی ئێمە بوو، تەنانەت كاك شێركۆ بێكەس ئەوشاعیرە گەورەیەش هاتبوو.

**تاچەند ئەویادانەتان بەلاوە گرنگە ؟**

**ئەوكەسانەی كە لەكاتی ئەنفالدا بەركەوتوون یان بەتەنیا ماونەتەوە حكومەت هاوكاری تایبەتی هەیە بۆیان لە رووی نەخۆشخانەو چارەسەری نەخۆشییەكانیانەوە .**

نانـــەخێر بەداخـــەوە هـــیچ شـــتێکی وایـــان بـــۆ نـــەکراوە. تەنانـــــەت ڕێکخراوێکیشـــــم نـــەبینیوە هـــەتا هاوکـــاری بکـــات، بـــەڵام خـــەڵکی خێرخـــواز بەتایبـــەتی لـــە نزیکـــــــــی جەژنەکانـــــــدا هاوکـــاری دەکـــرێن یـــان ئێمـــە لەناوخۆمانـــــدا وەك خـــزم ئـــەوەش ئێمـــە پێـــی دەلـــێین ژەمێـــك پـــڕو ژەمێـــك پـــڕ . لـــــــــەڕوی نەخۆشـــــــخانەوە هـــەتا ئێـــستا ئێمـــە لێـــرە بنکـــەی تەندروســـتیمان نیـــە، کـــە زۆر زۆر زەرورە بـــۆ ئێمـــە ئـــەوە مـــافی خۆمانـــە داوای بکـــەین، کەچـــی بەڵکـــە وەکـــو ئێمەیـــە بنکـــەی تەندروســـتی تێدایـــە، مـــاوەی پێشـــوو ویســـتمان بچـــین خۆپیشـــاندان بکـــەین و ئـــەم جادەیـــە بگـــرین، تەلـــەفۆنم بـــۆ مـــدیری نـــاحیَ مـــدیرێ و ئاســـایش کـــرد، ووتم بـــەنیازین شـــتێکی ئـــاوا بکـــەین، جادەکـــە بگـــرین، چـــوینە لای کـــاك بـــەهرۆز پارێزگـــاری ســـلێمانی وەعـــدی پێـــداین، بـــەڵام هێشتا نەمان بینیوە .

**گـرنگترین داخـوازی لـەم گونـدە چـیە ؟ جگـە لەئاووبنکـەی تەندروستی ؟**

وەڵا ئـــەوەی باسمـــان کـــرد گـــرنگترین شـــتێك بـــۆ ئێمـــە ئـــاوە، بنکـــەی تەندروســـتیە، دروســـتکردنی مۆنۆمێنتێکـــە بـــۆ ئـــەم گونـــدە، بۆئـــەوەی ئەگـــەر حکومـــەتیش هاوکارمـــان نەبێ ویارمـــەتیمان نـــەدات خۆمـــان یـــادی ئـــەنفالکراوەکانمان بکەنـــەوە هەرلـــەم گونـــدەدا، مـــن پـــار ویســـتم هـــەر خـــۆم یـــادی ئـــەنفالکراوەکانی مەســـۆیی بکەمـــەوە بـــەخوا ئـــەوە خـــۆم خـــەریکی خـــانوو بـــووم ووتم هـــــــــەرخۆمان دەیکـــەین بـــۆ ئـــەوەی حکومـــەت تـــەریق ببێتـــەوە لـــەحاڵی خۆی .



جگـــە لەوانـــەی باســـت کـــرد چـــیتر زۆر گرنگـــە بۆتـــان بکرێت ؟

وەڵاهـــــی وەك وتم ئـــاو زۆر زەرورە لـــەم قەراغـــە مەســـۆیی ناوبـــانگی دەرکـــردووە لـــە بـــیَ ئاویـــدا، مۆنۆمینتیـــك بۆئـــەنفالکراوەکانمان، ســـاحەیەکی تاتـــان بـــۆ گەنجـــەکانمان ئێـــستا ئێمـــە یاریزانمـــان هەیـــە ئەچـــن بـــۆ یاریگـــای باوەخۆشـــین ئەچـــن بـــۆ دەربەنـــدیخان .. ســـەعاتی بـــە ١٢٠٠٠ دوانـــزە هـــەزار دینـــار یـــاری دەکـــەن، لـــە دەربەنـــدیخان بـــە ٢٠٠٠٠٠ بیســـت هـــەزار دینـــار . لێـــرە بـــەو حاڵەشـــەوە زۆربـــەی گەنجـــەکانمان شـــەهادەی بـــەرزیان هێنـــا، دکتـــۆر ســـیروان کـــە بـــرازای خۆمـــە لەهـــەرێمی کوردســـتان بـــەرزترین پلـــەی هێنـــا کەچـــی بارزانیـــەکیان خســـتە شـــوێنی، چـــوو لـــە بەغـــدا ئیمتیحـــانی دا لـــەوێش بەپلـــەی بـــەرز دەرچـــوو یەکـــەمی عێـــراق بـــوو، کـــە بۆردەکـــەی پێشـــکەش کـــرد لـــەبواری بربـــڕەو دەمـــاری پشـــت، لەهـــەرێمی کوردســـتان هـــەر ئـــەو دووکەســـە بـــوون بـــەڵام نـــەیان هێشـــت ئـــەو بارزانیـــەیان خســـتە شـــوێنی، کـــە هاتـــەوە لێـــرە ئینجـــا دکتۆرەکـــان تـــەریق بیوونـــەوە وتبویـــان غـــەدرمان لێکـــردووی . بـــەو حاڵەشـــەوە لـــەخوا بـــەزیاد بێـــت خـــەلکی وامـــان زۆرە شاعیرمان هەیە پەرستارمان هەیە خویندەواری باشمان هەیە.

**گەنجەکانتان لەناویەکدا پەیوەندیان چۆنە ؟**

زۆر باشـــن زۆر تـــەباو ڕێـــك وپێکن هـــەموویان وەکـــو بـــراوان پێکەوە .

# کیمیبارانی هەوارەخۆڵو بریندارببوونی مستەفا .



**بەروار : ٢٠١٣/١/١٥**

**کاتژمێر: ٤ی عەسر .**

**شوێن : گوندی چالآوا**

(مستەفا قادر پیرۆت) لەدایکبووی (١٩٦٤) ە دانیشتوی گوندی چالآوی سەربەناحێی سورداشی قەزای دوکانە مانگی شوباتی سالّی(١٩٨٨) لەپەلاماری یەکەمدا، بەهۆی توندی پەلامارەکانەوە پێشمەرگە شکستی هێناو خەڵکیش ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، مستەفاش لەگەڵ کۆی خەڵکی ناوچەکەوگوندەکەیان رویانکردە شاری بانەو لەوێ لەچادرگەیەکدا بەشێوەیەکی کاتی نیشتەجێ کران، بەلآم خەڵکی چالآوا پێشئەوەی ئاوارەبن بەفرۆکەو راجیمە بەچکی کیمیاوی لێدران هەرلەجێدا (ئەمین قادر پیرۆت)ی برای هەردووگوێی لە دەستداوەوئیستا بەهۆیەوە کەم ئەندامە مەینەتی خەڵکی چالآوا.

خەڵکی گوندی مالومەو چالآواو گەورەدێو گوندەکانی تری دەوروبەریان، لەژێر رەهێلەی تۆپو راجیمەدا بەناو بەفرێکی ئەستوردا بەدۆڵی شامحەمەددا بەهیلاکەتیەکی زۆرخۆیان گەیاندە شاری (بانە) لەوێ لەمزگەوتی (حاجی وەیسی) هێشتیانەوەو دواترگواستیانەوە بۆناو دەواجینێکی مریشک، کەئێرانیەکان پێیاندەگوت (جوجەسازی )هەتا خێوەتیان لە شوێنێك بەناوی (هەوارەخۆڵ) بۆهەڵداون هەرلەوێ هێلراونەتەوەودواتربردویانن بۆئەوێ . بەلآم ئەفسوس لەهەوارەخۆڵ خراپ لێیان قەوماو بەرواری ( ١٩٨٨/٧/١٠ ) سەعات حەوتی بەیانی کەوتنەبەر پەلاماری کیمیایی .. مستەفا دەلێت : زۆرباشم لەبیرە بەیانی زوو شەش تەیارەی رژێمی بەعس هاتنەسەرمان لەبەکیمیایی لە ئێمەیاندا تەیارە کانمان بەچاوی خۆمان بینی لەوکاتەدا لەدەرەوەی ئۆردوگاکە بووم ) بەلآم هەموو خزمەکانم لەناو چادر گاکە لەنزیکی یەکتر بوون بۆمبەکان لەناو چادرگاکە کەوتنە خوارەوە منیش لە تاوکەسوکارم گەڕامەوە بۆناو ماڵەکان کاتێك گەیشتم کار لەکار ترازا بوو فرۆکەکان بۆردومانی خۆیان کردبوو داخی دڵی خۆیان بە ئێمە ڕشت، ئەوەی ویستبوویان کردیان زۆربەی بریندارەکان لە خزمانی گوندەکانی (چالآوا ، هەڵەدن، مالومە )بوون، هەموومان خێوەتەکانمان بەیەکەوە بوو دواتر بریندارەکانمان گواستەوە بۆنەخۆشخانەی ( ئیمام خومەینی) من لەگەڵ بریندارەکاندا ڕۆیشتم، لە خەستەخانەکە ئەوەی بەرکەوتبوو جلی لەبەرداما بوو لەبەریان داکەندن و خێرا بیجامەی خەت خەتیاندایە بریندارەکان بەپیاو ژن ومنداڵەوە چونکە ئەوجلانەی لەبەریاندا بوو کیمیای پێوە بوو، لەوکاتەدا بوو کە خاڵۆژنم کە دەکاتە ( خێزانی حاجی کەریم) بەهۆی ئەوەی کیمیای بەرکەوتبوو دەنگی نوسابوو، هەموئەو جلانەی لەبەری ئەوخەڵکەدابوو کۆکرابۆوە بۆئەوەی بیسوتێنن، خاڵۆژنم بەئاماژەی دەستەکانی ئەوەی پێوتم کەهەندێك پارەی لەناوجامادانەیەکدا شاردۆتەوەو لەگەڵ خۆی هێنابووی پارەوجامەدانێکەش لەناو ئەوجلانەدابوو کە بۆ سوتاندن کۆکرابوونەوە، خاڵۆژنیشم هەر چاوی لەدەستی من بوو، منیش لەتاوی ئەوەی پارەکەی نەسوتی لەناوجلەکاندا رامکردەناو کۆمەڵەجلەکانەوەو کەوتمە هەڵدانەوەیان هەرچۆنیك بوو پارەکەم دۆزییەوە، بەلآم لە ترسی پاسدارەکان لەسەرگۆشتەوە لەپشتم بەست وپشتێنەکەم لەسەری بەست، هەر ئەوکاتە هەستمکرد دەستم بەخوروهاتوتۆقلەی وردی لێ پەیدابوون، ئەو بریندارانەی کەزۆرهیلاك بوون ڕەوانەی نەخۆشخانەی تەوریزکران هەندێکیش لەوی مانەوە کە گەڕامەوە دەوروبەری نیوەڕۆ بوو کەلەکەم توشی خوران وسوربونەوەهات، لەترسی پاسدارەکان نەماندەوێرا چوم لەدەرەوەی چادرگەکە سەیری پشتی خۆمم کرد، زانیم حالّم زۆرخراپە، دواتر بۆم دەرکەوت کەئەو جامادانەیەی پارەکەیتێدابووە، کیمیاوی پێوە بووە من بەهۆیەوە رەوانەی خەستەخانەکرام و ئەو جلانەی لەبەرمدابوو هەموویان پێدانام وقات وبیجامەیەکیان پێدام پاشئەوەی هەندێك حەب دەرمانیان پێدام ودەرزی دژە کیمیایان بۆبەکارهێنام باشتر بووم، ئەوشەوە هەرلەوێ مامەوە دوو ڕۆژی

پێچووهاتمەوە بۆچادرگاکە، پاش چەند ڕژێکیتر توانیمان سەردانی نەخۆشەکانی شاری تەورێزبکەین. بەڵام هیچمان نەما ئەوەی هەشمان بوو فەوتاو ئەوەی ئێرانیەکانیش پێیاندابووین لەزەخیرەو کەل‌وپەل کۆیانکردەوەوسوتاندیان چونکە ژەهراوی بوون.

مستەفا بەورەیەکی بەرزەوە دەڵیت : ئەوەی بەسەرمانهات لەگێرانەوە نایات، بەڵام هێشتا ناقایل نین‌و بەشانازی وسەروەری دەزانین چونکە کورد بووین ودوژمنەکەمان تاوانی بەرامبەر کردین ، بەسەر بەرزم بەوەی کە یەك سەعات جاشێتیم بۆ ڕژێمی بەعس نەکردوەو خیانەتم نەکردووە ..



لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ کەسی تر هەبوو پارەی لەناوئەو جلانە دا بووبێ وسوتابێت ؟مستەفا ووتی : بۆنا رەنگە ئەوحالەتەش هەبووبێت بەڵام من کەسم شك نەبرد بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە زۆرهیلاك بوون ئەگەریش هەیە تێیدابووبێت .

چالاوا- قەزای دوکان

## نەخشین سەعید: مەروماڵاتمان هەمووی کیمیایی کوشتی و بۆخۆشمان دوجاربریندار بووین

لە دایکبووی (١٩٦٨) ە کابانی خانەوادەیەکی گوندی



چالاوای دۆڵی جافایەتیە، بۆخۆی و حەسەنی مێردیشی ماوەی ٢٥ ساڵە گیرۆدەی چەکی کیمیاوین، بەهۆی پەلاماری ئەنفالی یەکەوە لە٢٢ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندەکەی خۆیان چالاوا، کەوتنەر رەتلێك گوللەی کاتویشای ژەهراوی‌و نەخشین بۆماوەیەك چاوەکانی کوێربوو، بەو حالەشەوە بەناو بەفری ئەستوردا دۆڵی شامحەمەدیان بریو گەیشتنە نزیك شاری بانە، لەوێ ئیرانیەکان هاوکاریانکردن‌و چادریان پێدان، بەڵام دیسانەوە لەچادرگای هەوارە خۆڵ، بەچەکی کیمایایی کەوتوونەوەو نەخشین جارێکی تر بریندار بوو ماوەیەك لە نەخۆشخانەی تەبریزماوەتەوە. بەڵام هەتا ئێستا



بەوەدەردەوە دەناڵێنی هەرچەندە ناوی لەو لیستە٢٥٤ کەسیەدایە کە بەبریاری ئەنجومەنی وەزیرانیان بۆ دەرچووەو لەلایەن بەرایوەبەرایەتی گشتی سلیمانی سەربە وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە دەبرێن بۆچارەسەر، تەنانەت سەرەی بردنیشی بۆ ئێران هاتووە، بەلام لەبەرئەوەی ئەوکاتە لێرە نەشتەرگەری تری بۆ کراوە ماوەی رۆیشتنی نەبووە. بەڵام ئیتر هێشتا وەزارەتیش نەیناردووەتەوە.



## هەڵەبجە- شەمێران

**محەمەد عەلی محمد حەمە ئەمین :**

# موچەی ئەنفالکراوانم ناخۆم، هەمووی دەکەم بەخێر بۆیان

محەمەد لە دایکبووی ساڵی(١٩٧٤) بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە لە گوندی شەمێران نیشتەجێ بوون، کوڕی پیاوێکی خانەدان و خۆشگوزەران و ژنێکی ئەمین و میهرەبان بوو، باوکی بە دەستکراوەیی و میواندۆستی ناسراوە ، بۆیە محەمەد پابەندییەکی ئەخلاقی زۆری بە چاکەکاری باوکیەوە هەیەو هەمیشە بەئاگاییەوە هەڵسوکەوت دەکات، چونکە دەیەوێت بەکاری باش و رەفتار بەرزی خۆی وەفاداری باوکی بێت و رێزیان لێبگرێت، ئەوان لە شەمێران، بە کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە سەرقاڵ بوون و کاسبی ماڵی خۆیان بوون.

دوو رۆژ بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە محەمەد لەگەڵ خاڵیدا کە زۆری خۆشدەویست، هاتبوون بۆ شارەدێی وارماوا، ئەفسوس هەر ئەو دابرانەبوو، ئیتر جارێکی تر خانەوادەکەی خۆی نەبینیەوە، چونکە لەدوای بۆمبارانە کیمیاویەکەی ٣/١٦ ماڵی محمەدیش ئاوارەی ئێرانبوون و ماوەیەك لەوێ بە پەناهەندەیی مانەوە، بەلام دوای راگەیندنی لێبوردنەگشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ لەگەڵ ٢٦ خانەوادەی تر خانەوەکەی محمەدیش کە بریتی بون لە: ( حاجی عەلی باوکیان ومحبوبە عبداللە بارامی دایکیان و ئەحمەدو حەسنی برای و خوشکەکەی ناسکە) لەئێرانەوە گەرانەوە بۆ سەرسنورو لەوێ لیژنەی بەناوپێشوازی لەئاوارە گەراوەکان کە ئەوسا شیخ جەعفەرعەبدولکەریمی پارێزگار سەرۆکی بوو، پاشئەوەی پێشوازیەکی خراپیانکردبوون و خستبویاننە سەیارەی سەربازییەوەو راستەوخۆ نەیان وەستاندبوون، هەتا ناو" تەواریەکە" کە سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بوو، دوای دوروژ لەتەواری سلێمانی بەیانیەکیان بە پاسی درێژ گواستیاننەوە بۆ تۆپزاوا " شوێنی کۆکردنەوەو پۆلینکردنی ئەنفالکراوەکان". ئیتر لەتۆپزاواوە رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردن و جارێکی نەگەرانەوە .

محەمەد لەچاوەڕوانیەکی کوشندەدامایەوە، وەك مەلی هێلانە لێتێکچوو تەنیا کەوتەوەوماوەیەکی زۆر لەهەلومەرجێکی قورس و تارادەیەکی زۆریش روگیرانەدا کەوتە سەرسەفرەی مالان، ئەمەش هەم لەبەرئەوەی گەمارۆی ئابوری و برسێتی سەرتاپای خەڵکی هەژاری گرتبووەوەهەم لەبەرئەوەی ئێستاشی لەگەڵ بێت محمەد کەسێکی بەخۆشەرمە.

لەو هەلومەرجەدا تائەوکاتەی هاوسەرگیری کردووە، گەلێك مەینەتی و زەحمەتی کێشاوە، سەرباری ئەوەی کەسێکی بەئەدەب و بەرێزە، ماڵی خاڵی و خزمەکانیشی زۆر رێزیان لێی گرتووە، بەوحاڵەشەوە لەبەر

نەفسبەرزیو شکۆی خۆی ڕۆژهەبووە نانی نەخواردووەو زۆرجارانیش کەماڵی خزمەکانی گۆشتوخواردنی خۆشیان هەبووە خۆی لێدزیونەتەوەو کەبەشی ئەویشیان هەڵگرتووە کاتێك چووەتەوە بۆ ئەوماڵانە کە زانیویّتی کەڵکی خواردنی پێوە نەماوەو فرێدراوە. محمەد بەئەنفالستانی ڕاگەیاند چەندین جار کراسم کریوە کەچڵکن بووە، فرێمداوە لەبەرئەوەی لەڕوم نەهاتووە بلێم بۆم بشۆرن. مەحمەد جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەتا ئێستاش ئەو جەژنی نیە، چونکە لەدوای ئەنفالکردنی دایكو باوكو خوشكو براکانیەوە ئیتر لەگەڵ اللە اکبری مەلادا لە بەیانی ڕۆژی جەژندا ئەو دلتەنگو نیگەران دەبێتو بیرلە کەسوکارەکەیو ڕۆژانی تەنیایی خۆی دەکاتەوە .

خەسلەتێکی تری ئەم پیاوە ئەوەیە بێئەوەی بزانیّ کەسوکارەکەی لەناوئەو ڕوفاتانەدایە یان نا؟ کە جاربەجار دەهێنرێنەوە بۆ کوردستان، لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەیاندا ئامادە دەبێت ، جالە دێبنە بێت یان لەبانی مەقان، دەلێت: چونکە هەموو ئەنفالکراوەکان بەکەسی خۆم دەزانم. بەڵام خۆزگە هەموویان لەیەك مەزارگەی سەرتاسەریدا دەنێژران .

محمەدی حاجی عەلی شەمیرانی تاقانەیەکی ئەنفالەو ئەفسوس ئێستا کەس بەئەندازەی ئەوپیاوە نەفس بەرزە ماون، ئەوهەتا ئێستا هیچ برێك لە مووچەکەی باوكو دایكو خوشكوبراکانی لەلای خۆی ناهێڵێتەوەو بۆ خۆی خەرجی ناکات، بەڵکو هەمووی دەبەخشێتە هەژارانو بۆیان دەکات بەخێر. لەو بارەیەوە دەلێت باوکم پیاوێکی چاوبرسی نەبوو بەڵکو دەستکراوە بووەو ئەوڕێزەی ئێستا خەڵك لێم دەنیّ بەشی شێری هی باوکی ئەنفالکراومە بۆیە سوپاس گوزارم کە کوری پیاوێکی ئاواو وتوندڕەفتارنیمودورم لە بەدکاری.

محمەد سالی ١٩٩٥ کچێکی خزمی خۆی بووەتە هاوسەریوباوکی کوروکچێکە .

ئەنفالستان لەسەرچاوەیەکەوە ئەو ڕاستیەی زانی کە حاجی عەلی باوکی برێك پارەی زۆری پێبووەو لە زیندانەوە ویستوویەتی بینێرێتەوە بۆ دەرەوە بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە.

ئەم تاقانەیەی ئەنفالیش نیگەرانە لەناداپەروەری و دەلێت: موحتاجی هەموو شتێکم تەنها پارە نەبێت، دەمەویّ یاسا سەروەربێتو تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال دادگایی بکرێن، ناکرێت ئەوان ئێستا لە ئێمە ڕێزیان زیاتر بێت!!

ئەنفالستان لێرەدا وێرای هیوای تەمەن درێژی بۆمحمەد دەخوازێتو بەهیوایە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال شوێنپێی ئەم پیاوە نەفس بەرزە هەلبگرنو ڕۆلیّ گرنگ بگێرن لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتیو ڕەفتاربەرزی و حکومەتی هەرێمیش ئەگەر هەتا ئێستا نەیزانیوە دەبیّ لەمەولا وردتر تەماشای کەسوکاری ئەنفالکراوانو بەتایبەتیش سومبلەکانی ئەوتاوانە بکاتو چاو بەکەمتەرخەمیەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە، ڕێکخراوەکانو کەسایەتیەکانیش دەبیّ بزانن ئەنفال چەندە چیرۆکی بۆبەجێهێشتوینو بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەجۆراوجۆرەکانیدابکەن .



لوقمان مەجید سەعید

# عەرەبانـــەی تراکتۆرەکـــەمانم لـــە قۆرەتـــوو هێنایـــەوە ئەگـــەر دەســـتم بکەوێتـــەوە دەیکرمـــەوە حەزدەکـــەم هـــەر لـەبەرحەوشـــەی ماڵماندابێ چونکە ئەوە یادەوەری ئێمەیە .

ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٩ لەسلێمانیەوە گەیشتمە گوندی توکن، سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ پاشئەوەی لەوگوندە دیمانەکانم تەواوکرد لەگەڵ سیامەند ماڵئاوایمان کرد، بەرێگایەکی خۆڵدا هەڵکوت هەڵکوت گەیشتینە گوندی عەزیزقادر، ئەوگوندی پێش ئەنفال ٧٥ ماڵ بونو بەقسەی خەلکی گوندەکە ٢٣٦ کەسیان ئەنفالکراکراوەو نزیکەی ( ١١٥) کەسیان نەگەراونەتەوەو ١١ کەسیان لەنوگرەسەلمان مردووە، لە کۆی ٤٤ خانەوادەی ئەنفالکراو ١١ خانەوادەیان هیچ تاکە کەسێکیان نەماوە (١٠) دە خانەوادەش تەنها یەك کەسێکیان لێدەربازبووە، وەك ( لوقمان مەجید) کە لەخوارەوە دیمانەی لەگەڵدا سازدراوەو خانەوادەکانیان سەرپاك ئەنفالکراون.

بێجگە لەم ئەنجومەنەکەی گوندی عەزیز قادریش (عومەر محمەد فەرج) یەکێکە لەوتاقانانە، بەڵام عومەربەپێچەوانەی زۆربەی ئەو قوربانیانەی ئەنفالستان دیداری لەگەڵداکردوون بڕوای بەکاری ئەرشیفو دۆکۆمێنتاری هەبوو، ئەویش هەمان کاری دۆکۆمینتکردنو ناونوسکردنی ئەنفالکراوەکانی کردبوو وەك لەخشتەکەدا دەیبینن. بەڵام لەگەڵ قسەوخەملی خەڵکی گوند جاوازی هەیە.

لەژمارە ٨ی ئەمساڵنامەیەدا دیمانەکەی محمد بلاوکراوەتەوەو ئێستاش دیمانەی تاقانەیەکی تربەناوی لوقمان مەجید دەخوێنیتەوە .

| ئاماری گوندی ( عزیز قادر ) بەم شێوەیە بەر شالاوی ئەنفال کەوتووە لەساڵی ١٩٨٨ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی ئەنفالکراوان | ژمارەی خانەوادەی ئەنفالکراو | ژمارەی ئەو خانەوادانەی کەسیان نەماوە | ئەوکەسانەی لە نوگرەسەلمان مردوون | ژمارەی ئەوکەسانەی لە نوگرەسەلمان گەرانەوە |
| | | | | ٥٥ پەنجاوپێنج |
| | | | | ئەوانەی لە ژیانداماون ( ٢٥ ) کەسن |
| ٢١٢ | ٤٤ | ١١ | ١١ | |

| وردەکـــــــــــــــــــــاری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەزی ئەنفالکراو ( کامڵ ) | ژمارە | ڕەگەزی ئەنفالکراو ( گەنج ) | ژمارە | ڕەگەزی ئەنفالکراو ( منداڵ ) | ژمارە |
| پیاو | ٣٢ | کور | ٢٠ | کور | ٥٠ |
| ژن | ٣٩ | کچ | ٢٦ | کچ | ٤٥ |
| کۆی گشتی | | ٢١٢ | | | |

## دەقی دیمانەکە.

**ناوی سیانیتم پێبلێ ؟**

لوقمان مەجید سەعید .

پێش ئەنفالیش جارێکی تر لەساڵی ١٩٦٣ سوتاوە . پێش ئەنفالیش چەند جارێك بەربۆمبارانی سوپای بەعس کەوتووەوخەڵکی مەدەنی تێدا شەهیدکراوە.

**کێ بوون شەهیدەکان ناویان چی بوو؟**

هیدایەت قادرو حەسەن ئەحمەد مەجید .ئەمە پێش ساڵی ١٩٨٨ شەهیدبوون.

**ئەم گوندە پێش ئەنفال چەند ماڵ دەبوو ؟**

نزیکەی ٧٥ ماڵ دەبوو.

**چەند کەسی ئەنفالکراوە**

١١٥ کەسی ئەنفال کراوە ؟

**چەند کەسیان مەدەنی بوون وچەندیان پێشمەرگە بوون ؟**

یەك تاکە کەسیان پێشمەرگە نەبوون هەموویان خەڵکی جوتیارو گوندنشینی ئێرە بوون ژن و منداڵ و پیرو گەنج .

**کەواتە کە بەعس دەیگووت ئەمانە بەکرێگیراوی ئێرانی بوون درۆیە ؟**

درۆیەکی گەورەیە ئێمە لەکوێ ئێران لە کوێ ؟ فەقیری ماڵی خۆمان بووین تاوانەکەمان ئەوە بوو کوردبووین و لەسەر ئەم خاکەی خۆمان دەژیاین. هەموو خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون . ئەوانەی ئەنفالکراون ژن و منداڵەکان لە پیاوەکان زیاترن منداڵ چۆن دەبێتە بەکرێگیراوی ئێرانی ؟!!

ئەوە زیاتر لە قسەی شێت دەچێت .

**چەند کەس لە نوگرە سەلمان گەرانەوە ؟**

نزیکەی ٥٠ کەس لە نوگرەسەلمان گەرانەوە .

**ئەوکاتە تەمەنت چەند بوو ؟**

چواردە ساڵ بووم

**ئەگەر برینت نەکولێنمەوە ،پێتخۆشە بۆم بگێریتەوە چۆن گیران ئایا لەبیرت ماوە ؟**

هەموویم لە بیرەوزۆریشم پێخۆشە لەنوکەوە بۆت بگێرمەوە . با لەیەکەمجارەوە بۆت بگێرمەوە لە پێشەوە شەڕ لە ئۆمەربل دەستی پێکرد ئیتر عەزیز قادر ئەم گوندەی ئێمە چۆڵی کردوکەسی تێدا نەما .

**ئەی بۆکوێ چوون ؟**

رۆیشتن بەرەوعالیان وملەسورە لەوێوە رۆیشتبوون بەرەو بان جادەی گشتی.

**ئەی خۆت نە رۆیشتبووی لەگەڵیاندا ؟**

ئێمە لەگەڵ ئاژەڵداوین من لەتەك باپیرەمدا بووم رۆیشتین بەرەو بنەکە . لەوێوە دیسان گەراینەوە بۆ عالیان لەوێشەوە رۆیشتین بۆ مللە سورە کە گەیشتینە گوندی میلقاسم لەوێ جێب قیادەیەك هات ئەفسەرێکی تێدابوو، دووشۆفرلێت حیمایە بەدوایەوە بوو لەگەڵ زیلێکی عەسکەری، بابام عەرەبی باش دەزانی ئەفسەرەکە لە بابامی پرسی بۆ کوێ دەرۆن ووتی : ئەرۆین بۆ صمود ئەفسەرەکە بە بابامی ووت مەرۆن بۆ صمود ئێستا سەیارەتان بۆدەهێنین ئاژەڵەکانتان باردەکەین بۆ ئەو بەر(مەبەستیان قۆرەتوو) بووە. مەبەستیان بوو ئاژەڵەکانمان باربکەن و خۆشمان ئەنفال بکەن، هەرلەوێ وەرقەیەکی دایە دەست بابام( باپیرە)م تەنانەت رەقمی سەیارەکانیشی تێدابوو، ئێستاش ئەو وەرقەیە ماوە، کاتێك گەیشتینە صالح ئاغاو ئاژەڵەکانیان لێمان سەند تەنها خەتێکیان هێناوەبان رەقم سەیارەکاندا (ئەو وەرقەیە هەر ماوە) کە ئاژەڵەکانیان بارکرد ئێمەیان گەراندەوە بۆ قۆرەتوو، قۆرەتوی چی ئەتووت رۆژی حەشرە ئەو هەموو خەڵکە لەوێ گرد کرابووەوە !! ئێمە سێ شەو لەوێ ماینەوە، دوای سێ شەوەکە بارمانیانکرد بردیانین بۆ توپزاوا چی ببینی ئەوهەموو حەشاماتە !! رۆژی حەشر بوو وامانزانی هەموو کورد لەوێیە ؟!!

**باجارێ لەقۆرەتووبووەستین چ شتێك لەوێ زۆر سەرنجی راکێشایت ؟ چی زۆر ئازاری دایت کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە ؟!**

مەینەتی ئەو خەڵکە لێقەوماوە، زریکەی منداڵ و قیژەی ژن، گریان و واوەیلا، ئەو خەڵکە ئەوەندە بەسەرگەردانی بەناویەکدا دەهات و دەچوو کورە هەر کارەساتێك مەپرسە..!! من بەدوای باوکم ودایکمدا وێڵبووم لەقۆرەتوو نەمبینینەوە نەمدەزانی چوون بۆکوێ زۆر هەوڵمدا لەناو ئەو حەشاماتە نەمدۆزینەوە ئەوکاتە بۆمن زۆر ناخۆش بوو .

**دەتوانی لە قۆرەتوو بۆ کەسوکارت بگەڕێیت ؟**

تەنها لەناو قەڵاکەدا بەڵێ بەناو خەڵکەکەو قاعەکان و بەناو حەوشەکەدا دەگەڕام قەڵاکەش زۆر گەورە بوو خۆبرا بڕانەوەی نەبوو. ئیتر زۆر گەڕام بێسود بوو بەڵام مەکینەکەی خۆمانم بینیەوە گەڵابەکەی هەر لەوێ ما بەڵام دواتر تراکتۆرەکانیان بردبوو بەرەو خوار هەموویانیان بارکردبوو بۆ تکریت .

**واتا ئەوان بەتراکتۆرەکانی خۆیان بردبوویان بۆ قۆرەتوو ؟**

بەڵێ ئەوان هەروە مەکینەکانی خۆمان بەڵام ئێمە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بووین، بەڵام ئێمە وەسەیارەی عەسکەری بردمانیان بۆ قۆرەتوو . ئیتر لەوێ مەکینەکەی خۆمانم بینیەوە.

**ئەی گەڵابەکەی دواتر کە بەعس ڕوخا نەتانهێنایەوە ؟**

بەڵێ هاوردمانەوە بۆ ڕزگاری لەوێ فرۆشتمان .

**بەکێتان فرۆشت ؟ بۆچی فرۆشتتان نەدەکرا وەکو یادەوەرییەك بیهێڵنەوە ؟**

ڕاستی نازانم بەکێمان فرۆشت کابرا ناناسم، بەڵام بەپارەیەکی زۆر کەم فرۆشتمان، ڕاستە یادەوریە بەڵام ئیحتاجی وای لێکردین بیفرۆشین .

**ئەی ئێستا وەزعت چۆنە ؟ هەر ئحتیاجی ؟**

نەخێر وەڵا شکور ئێستا باشم .

**ئەی کە ئێستا عەرەبانەکەت دەستبکەوێتەوە دەیکڕیتەوە ؟**

ئەرێ بەخوا ئەی کرمەوە حەزدەکەم هەر لەبەر حەوشەی ماڵەکەمدابێ چونکە ئەوە یادەوەریەکی زۆر گەورەی ئێمەیە .

**ئێستا بابرۆینەوە سەر باسی تۆپزاوا بەچی بردیانن بۆ ئەوێ ؟**

بەمنشەئەی عەسکەری .

**بە منشئە یان بە ئیڤا ؟**

نا بەمنشەئەی عەسکەری بوو، سەریان قەپات بوو .

**نزیکەی چەند سەیارەیەك دەبوون ؟**

زۆر بوون . بەڵام نەدەکرا تۆ سەیارە بژمێری قۆرەتوو ڕەنگە ٤-٥ هەزار کەسی لێبووبێ بەردەوام خەڵکیان بۆ دەهێناو خەڵکیان لێ باردەکرد.

**چ کاتێك بوو ئێوەیان سوارکرد ؟**

بەیانی بوو نزیکەی سەعات ٩ بوو، بەڵام زۆر دوایانخستین سەیارەکان هەر کەمێك دەرۆیشتن و دەوەستان زۆر دوایانخستین پیموایە خستیانینە دوای نیوەڕۆ ئینجا بەڕێکەوتین بەتەواوی ئیتر بردیانین لە تۆپزاوا دایانگرتین، بەڵام چۆن داگرتنێك وەك چۆن گورگ بەربێتە ئاژەڵ، هەرلەوێ ژن و منداڵ و پیاویان لەیەکتری دابڕی و جیایانکردینەوە. ئێمەیان کردە ناو هۆڵێکەوە بەخوا ڕێگەنەبوو بجولێیتەوە ڕەنگە هەزار کەسی تێدابووبێ من کەوتمە لای یەکدوو خێزانەوە خەڵك دیوی قەراغ بوون . من و مامەم ئیدریس سێ شەو لەگەڵ خێزانە قەراغیەدا بووین کەسمان نەدەناسی، دوو کوڕی ترمان لەتەکدا بوو، یەکێکیان خەڵك پیرەمۆنی بوو، ناوی نوعمانە ئەوی تر ناوەکەیم بیرچۆتەوە بەڵام کوڕی مامە ساڵە عەدە بوو. ئێستا لەژیاندا نەماوە .

قاعەکە دوو دەرگای بوو دەرگاکانی بەرامبەری یەکتری بوون قاعەکانیش بەسەریەکەوە بوون، من بەمامەم ووت بابڕۆین بزانین دایکم و باوکم و ئەوان نادۆزینەوە لە دەرگایەکیانەوە چوومە دەرەوە ئەملاولای قاعەکان چۆڵ بوون، کەچوومە دەرەوە دوو ژنم بینی لە دەوری قاعەکان منەی کەلوپەلی منداڵیان دەکرد، خەڵکی ئەم گوندی عەزیز قادرە بوون .

**نازانی ناویان چی بوو ؟**

بەڵێ با یەکێکیان ناوی نەشمیل صالح بوو، پێیان دەگووت نشە، ئەوی تریان چیمەنی ناوە خوشکی مەلا محمود بوو، ئەوانە هەردووکیان ئێستا بێسەروشوێنن نەگەڕانەوە. ئیتر کە ڕۆیشتم مامەشم بەدوامدا هات عەسکەرەکە بانگی کردین هێی هێی کاکە کاکە وەڵاممان نەدایەوەو نەگەڕاینەوە، چوینە یەکدو قاعەی تر سێ چوار عائیلەی عەزیز قادرمان دۆزییەوە هەواڵی دایکم و ئەوانمان پرسی پێیان ووتین : دایکت و ئەوان ناویانخوێندراوەتەوەو بارکراون بۆ دوبز بەپاسی سەوزی مقەپەت، بەڵام بابام واتە باوك باوکم لەناو ئیختیارەکاندا دۆزیووە، هەموو زەلیل هەربەچیچکانەوە دانیشتبوون بێ زەوق وکز، سێ شەو لەوێش ماینەوە، بەبێ ئەوەی جێگە هەبێ بخەوین، هەر بەچیچکانەوە دانیشتبووین هەموو خەڵکەکە هەروا بوو.

**کەس نەیپرسی ئێوە چی دەکەن لەناو ئەم پیرانەدا ؟**

نا کەس نەیپرسی دوای ئەوسێ ڕۆژە بەیانیەکیان ئەفسەرێك هاتە ژوورەوە لستێکی درێژی پێبوو، دەستی کرد بەناو خوێندنەوە، هەرچی ناوی

ئەخوێندرایەوە دەیانبرد سواری پاسەکانیان دەکرد کە لەدەرەوە بەریز لەدەوری قاعەکان بۆ بارکردنی خەڵك وەستابوون، کەناویانخویندنەوە ناوی من و ئیدریسی تێدا نەبوو بەڵام بابام داوای لە ئەفسەرەکە کرد، ووتی ئەودوو کورەم لەتەکدایە باش بوو وتی: برۆبیانهێنە ئیتر ئێمەش کەوتنینە ناو ئەو پاسەوە کە باوامی تێدابوو هەروا دەوری ٨:٣٠ – ٩ی بەیانی بوو کە پاسەکە کەوتە رێگا، ئیتر هەر رۆیشتو نەوەستا نەسەعاتێك نەدووان، ئەوشەوە هەتا بەیانی بەرێگاوە بووین بەیانی بۆ خۆرکەوتن گەیاندمانیانە نوگرەسەلمان .

**ئەوشەوە هەربەرێگاوە بوون بێ وەستان ؟**

با شەو لەناوسەربازگەیەك وەستان، تا بەیانی رۆژ بووەوە ئیتر کەوتنەوە رێ بەڵام بەیانی زوو گەیاندیانینە نوگرەسەلمان .

**ئەی ئەوان سایەق وعەسکەرەکان ؟**

ئەوان چوون خەوتن ئێمەیان بەجێهێشت عەسکەری تر حەرەسمان بوو. بەیانی کەگەیشتینە نوگرەسەلمان چی ببینی تەنها ئاسمان ت لێوەدیاربوو قەڵایەکی گەورە دوو قات بوو، هەمووی پڕپڕ بوو لەخەڵك کەوتنینەوە گەران بەدوای دایکم و ئەوانەدا لەهەر کەسێکی ناسیاوم دەپرسی دەیانگووت نەهاتوون بۆ ئێرە، لەوێ خەڵکی ناسیاوی زۆر لێبوو حسابکە نیوەی گەرمیان لەوێ بوو. ئیتر هەر ئەوەبوو نەمانبینەوە رۆیشتن و نەگەرانەوە . ئەوان لەدوبزبوون ئەوانەی لەوێ بوون و نەهاتن بۆ نوگرەسەلمان ئیتر



نەهاتنەوە نازانین کرانە ژێرخۆڵەوە چۆن کوشتیانن نازانم .

**ئەی لەنوگرەسەلمان چیت بیرەوەچییە ئەوەی هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە ؟**

رۆژی حەشر، دۆزەخ، رۆژی وەیل ، چی ناولێدەنێی بنێ بۆهەمووی دەشێ، نوگرە سەلمان دۆزەخ بوو، بەلای کەمەوە رۆژی ٢٠–٢٥ کەس لەوێ دەمرد ئەوەندەی من بزانم نزیکەی ٥٨٥ کەس لەوێ مردوون .

**چۆن دەزانی ئەوەندە بوون ؟**

ئەی ئیختیارەکان حسابیانیان دەکرد، ئێستا بۆنمونە حاجی عەلی هەیە زۆربەی جەنازەکان بەدەستی ئەونێژراون بەڵام بیرمەدێ شەورۆژێك ٢٥ کەس مردن.

**لەو بیستو پێنج کەسە چەندیان منداڵ و چەندیان پیر بوون ؟**

نوگرەسەلمان ئەوەی نەدەزانی گەنجی ئەدا لەزەوی وابزانم دەرمانێکیان بۆکردبوینە ئاوەکەوە بەوە خەڵك زۆر مرد، ئیتر پیرومنداڵ و ژن هەموو تەمەنێکیان تێدابوو. خۆ ئەگەر ئاوەکەش دەرماناو نەکرابێ خەڵك لەبرسا دەمرد رۆژی سێ سەمونی بچوك و رەق لەگەڵ نەخێتێك ئاوی سوێرو پیس. ئیتر خەڵك بەرگەی نەدەگرت و دەمردن، من کەمێك بزۆز بووم عرەبانەیەك بوو سێ تایی بوو کە خەڵك دەمرد دەیانخستە بان ئەو عەرەبانەیەو دەیانبردە دەرەوەی قەڵاکە من خۆم دەخستە ناو ئختیارەکانەوەوپاڵم بەعەرەبانەکەوە دەنا، پێمخۆش بوو دەرەوە ببینم.

**تۆبەشداری ناشتنی چەند تەرمت کردووە لەنوگرەسەلمان ؟**

وەڵا زۆر زۆرجار رۆیشتووم لەگەڵیاندا.. چونکە من منداڵی عەجول بووم.

**لەوانە چەندیان ناسیاوی خۆت بوون ؟ وابەشداری ناشتنیانت کردووە ؟**

وەڵا زۆریان ناسیاوبوون .

**وەکو کێ و کێ ؟**

وەکو( ئەحمەدی کاکە حەمە، ئەحمەدی مەجید فارس، حەمەی خاڵۆ ئەحمەد) ئەوەی نەشت ناسیبایە بۆ ئێمەوەك وابوو، ئێمە کوردبووین .

**تۆپێتوایە بۆچی ئەوخەڵکە دەمرد هی برسان بوو یان هی خەفەت و مەراق ؟**

هی هەردوکی بوو خەڵك برسی بوو، رۆژی سێ سەمونی بچوکیان ئەداپێمان ئەویش زۆر بچوك و رەق بوو، بەڵام لامولیە ئاوەکەمانیان پیسکردبوو، دەرمانیان تێکردبوو لامولیە ئەو ئاوە هۆکاربوبێ چونکە خەڵك توشی سك چوون بوو.

**باسی ئەوپاسانەت کرد کە ئێوەیان پێیانگواستنەوە دوای ئەوەی بەربویت هیچکام لەوپاسانەت نەدیوە ؟**

نەوەڵا نەمبینیوەتەوە لەهیچ کوێ بەرچاوم نەکەوتنەوە .

**کەس لەوهاوتەمەنانەی خۆت هەیە ئێستا هاورێت ودۆستت بێت ؟**

ئائەی چۆن لە توکن هەمەولە قولیجان هەمەو پەیوەنیشمان هەیە .کابرایەك هەیە سمونم پیدا زۆر کەیفی پێیی دەدات ئێستاش ئەی بینم باسی دەکات .

**ئەی کە هەڵبجەییەکان هاتن چی رویدا ؟**

کە هەڵبجەییەکان هاتن ئەوان ژن و منداڵ و گەنج وپیرو گشتیان بوون، کەهاتن ئێمەیان خستەلایەکەوەو ئەوانیشیان خستە لایەکی ترەوە . بەرۆژ ئەمانیان کردە ژورەوە بەڵام وەشەو دەرمانیان دەکرد .

**تۆ حەجاجت بینیوە ؟**

بەلی ئاوا بەتەکیەوە دانیشتووم .

**لەگەل تۆش خراپ و توندرەو بوو؟**

حەجاج قەت لەمنی نەداوە بەڵام پیاویکی بەدکار بوو لەهەموو کەسی دەدا، گویی بەوە نەدەدا ئەوە منداڵەوئەوە پیرە هەرچی پێی بگەیشتایە لیی دەدا.

**کەسێکی چۆن بوو ؟**

کەسیکی زۆرقۆزبوو، زۆر جوان بوو کەتەیە زل بوو، دشداشەیەکی نیوقۆلی سپی لەبەر دەکرد .. جارێکیان جەماعەتیکی گرت ئەوانەی سمونیان دابەش دەکرد، بەعەمودێکەوە بەستینیەوە بەبەرخۆرەوە . بەپێشچاوی خەلکەوە بەیەك کێبڵ پیاویکی خەلکی داوێی کوشت ناوی حاجی یونس بوو، حاجی یونس پیاوێکی دەولەمەند بوو پێش ئەنفالەکە کەجی لەوێ یەك فلسێکیان پێنەهێشت، ئەرێ بەخوا بەیەك کێبلی ئەو حەجاجە مرد .

**حاجی یونس باوکی مامۆستا یوسف دەلێی ؟**

بەڵی ئەوەیە کورێکیشی والەسمودە .

**کێی ترلەئەفسەرو بەرپرسەکان بیرتەو کامیان خراپ بوو ؟**

یەکێکی تر هەبوو مفوەز ئەحمەدیان پێدەگوت، خەریك بوو فێری کوردیش دەبوو .

**ئەوەبوو پێیان دەگوت مام خەلاص ؟**

ئائائا مامخلاص ئەوە چۆن دەیزانی ؟ ئەوە پیاویکی باش بوو. هەتا جارجار سوعبەتیشی لەگەڵ دەکردین جارێکیان ژنێك خەلکی توکن بوو باجی حەلاو تەزبیحێکی درێژی پێبوو ئەبوخلاص پێی ووت:حەلاو ئەوتەزبیحە بدەرەمن ، حەلاوە وتی وەڵا پێت نادەم ئێوە عەرەبن .

**ئەی شەمخی ؟**

ئەوەم بیرنیە نایناسم .

**چی شتێك زۆرلەنوگرەسەلمان زۆر عەزێتی داویت و قەت لەبیرت ناچێتەوە ؟**

صەمونەکە کەبۆیان دەهێنایین قەنینەی غازیان دەخستەناوییەوە بۆنی ئەو غازەی دەگرت زۆر ناخۆشبوو، ئیستاش بۆنی غازبێتە سەرماپێی تێك دەچم.

**وتت من دەچوم بۆ شاردنەوەو ناشتنی تەرمەکان، تۆ منداڵ بوویت چۆن دەتوانی ؟**

من بەوبۆنەیەوە دەچووم دەستم دەگرت بەعارەبانەکانەوە چونکە بەعەرەبانیەیەکی دەستی تەرمەکانیان دەبردەدەرەوە من دەستم دەگرت بەعەرەبانەکانەوە وەکبلێی پاڵ دەنیم .

**بەدیاریانەوە دەبووی تا قەبرەکانیان هەڵدەکەن ؟**

ئابەخوا قەبرەکان هەڵکەندنیان هیچ نەبوو، هەروا بستێك هەڵدەکەندراو تەرمەکانیان تێدەکرد . ئەویش ئەغڵەبی سەگە رەش دەری دەکرد .

**چی لەبارەی سەگەرەشەکە دەزانی ؟خۆت بەچاوی خۆت بینیوتە ؟**

نەخێر نەوەڵا نەمبینیوە، بەڵام باسیان دەکرد، وتیان کوشتوویانە، بەڵام جارێکیان شۆفلەکەم بینی دای لەتەرمەکان ئەوناوەیان تەخست کرد قەبرەکانیان تەخت کرد .

**بۆچی تەختیانکرد ؟**

بۆئەوەی ئەو قەبرستانە نەمینیّ و سبەی رۆژ نەدۆزرێینەوە .

**ئێستا بیرتە نوگرەسەلمان چۆن بووە ناوچەکەی دەلێم ..؟**

بەڵێ بەسەرگردێکەوەیە لەنێوان نوگرەوسەلمان نوگرە ناحێیەوسەلمان وابزانم قەزایە . من لەگەڵ دایکی ئەم پیاوەی والەتەنیشتمەوە مرییەمی ناوە چومە دەرەوەی قەکە بۆ کوتەپۆستاڵ و سەتڵ نایلۆن و ئەوشتانە بۆسوتاندن بۆئەوەی چایی پێبکەین . نوگرەسەلمان کە سجنەکە بوو، لایەکی هەزار بەهەزارە لە نێوان نوگرەوسەلمانە لایەکی تەخت و راستیەولایەکی دۆڵێکە




دورکەس بەدەرەوە نەبوو، دورەشاربوو ئێمە هیچمان نەدەدیو کەسیش ئاگای لەئێمە نەبوو.

**باسی مردنی حاجی یونست کرد، کێی ترت بینی وەك ئەو بەدەستی حەجاج یان ئەفسەرەکانی تر بکوژرێ.**

ئەوە حەمەخولەیە زۆر کەس شاهیدە کە حەجاج لێیداو مرد، لەبەرخۆرهەتاوەکە کابرایەك پشتی دابوو بەدیوارێکەوە، ئیتر نازانم هەربۆ زۆلێتی بوو یان هەربۆ رابواردنی خۆیان بوو، فیشەکێکیان پێوەنا بەکلاشینکۆف دای لەتەنیشتی، ئیتر نازانم بۆ کوشتن بوویان بۆ سوکایەتی پێکردن بوو نازانم ئێمە لەرەزالەتابووین .

**تۆ بەرلەوە چووبوویتە بەرخویندن ؟**

بەلی هەتا پێنجی سەرەتایم خویند، سالێك بەرلە ئەنفال قوتابخانە نەما .

**لەسەرقەدی دیوارەکان ناوی خۆت نەنوسیووە ؟**

نا نەمنوسیوە .

**بەبروای تۆ نوگرە سەلمان چەند بەند کراوی تێدابوو؟**

رەنگە شەش هەتا حەوت هەزار کەسی تێدابووبێ.

بەڵام هۆسەیەك بوو کەس بەکەس نەبوو، ئەم کاروانیان دەهێناو ئەو کاروانیان دەبرد. بەرلەوەی بەرمانبدەن سەرژمێریانکردین، دوسێجار ناونوسیانکردین، ئەوەی بەریان دەدا دەیانبرد دوسێ رۆژ لە سەماوە خواردنی باشیان پێدەدان، بۆئەوەی ببوژێنەوە کاکە خۆ ئێمە نەمابووین، فەوتابووین . بەڵام لە سەماوە خۆیان دەشوردونانی باشیان پێدەدان .

**تۆ کە لەنوگرەسەلمان گەرایتەوە ئیتر لەگەڵ کێ دەژیای ؟**

لەلای مالی خالۆم بووم ئەوان وەجاخیان کوێر بوو، ئیمە ٤ تاقانە لەلای ئەوان بووین، مامەو بابامیش هەروەك من بەتەنیا مابوونەوەو ئەوانیش کەسیان نەماو هەر لەلای ئەوان بووین .

**تۆ دوای ئەوە نەچویت بۆسەربازی ؟ مەبەستم ئەوەیە نەگیرایت بەسەرباز ؟**

نەخێر من نەچووم بۆ سەربازی .

**حکومەتو خەلكو کۆمەڵگەی کوردی رێزتان لێدەگرن ؟**

باشەن پیاوهەق بلێ حکومەتیش وخەڵکیش رێزمان لێدەگرن .

**بەڵام کەسوکاری ئەنفال بەگشتی رەخنەو گللەییان هەیە ؟**

هەیە رەخنەو گللەیش هەیە .

**بیوورای تۆ بەرامبەر تاوانبارانو تۆمەتبارانی ئەنفال ئەو ئەفسەروجاشوموستەشارانەی بەشداری ئەنفالیانکردووە ؟**

ئەوە خەونوداوای هەموو کەسیکی وەکو منە، ئەوانەی بەشداری ئەنفالیانکردووە، دەستیان لە خوینی کەسوکارماندا هەیەو ئەوانەی وا گوندەکانیان روخاندین دادگایی بکرینو بەسزای خۆیان بگەن .

**بیورای تۆ چیە بەرامبەر ئەو داوایەی کە دەلێت بالەرۆژی ئەنفال هیچ سەرنەبردرێو لەمالانیش گۆشت نەخورێ ؟**

من پیوەی پابەندمو کاریکی باشە، میوانیشم بێت لەورۆژەدا دەلێم ببورە ئەمرۆ یادی ئەنفالە هیچ پەلەوەریك سەرنابرین . ئەوە بۆمێژوو یادەوەریمان زۆر باشە .

**سوپاس ماندووم کردیت، ببورە کە برینم کولاندیتەوە بەڵام پێمخۆشە دواقسەی خۆت بکەیت ؟**

دادگایی کردنی هەموو ئەوکەسانەی دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەیە، گشتی بە ئەفسەروجاشەوە .

# گەشتێك بۆ بناری خاڵخاڵان

بەرواری ١/٢٥ی/٢٠١٣ لەگەڵ مامۆستا هێمن عەبدوڵا سەردانی گوندەکانی گلناغاج، شێخان، جەلەمۆردمان کرد، بەداخەوە لەناوئەو گوندانەدا ئەوەندەی خەمو ناسۆرو پشتگوێ خستنی خەڵکی ئەنفالدیدە، پێشت پێدەگرێ چارەکی ئەوە ئاوەدانی و خزمەتگوزاری نابینی !! ئەو گوندانەی ڕۆژانێك بوون شوێنی رازونیازی کوران و کچانی و گوندو سەنگەرو پێگەی شەرو حەوانەوەی پێشمەرگەوبەرپرسەکانی ئەمڕۆبووە، ئێستا کەمترین دەستی ئاوەدانی پێگەیشتووە، بەشێوەك کە ئەو گوندنشینانە بەشیان بە بودجەو داهاتی ئەم وڵاتەوە نەبێ، ئەوگوندانەی سەردانمان کردن، بەگشتی خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکراوە، لەهەردو گوندی گلناغاج و جەلەمۆرد تیبینی ئەوەمان کرد خەڵکەکەی نیگەرانیان لەوە دەردەبڕی کەوا حکومەتی هەریمو دەزگاکانی راگەیاندن تەنها باس لەهەڵەبجە دەکەن و گرنگی زیاتر بەو شارەز یادی تاوانەکەدەدەن، بەڵام ئەوان نەکەس باسیان دەکاتو نەخزمەتگوزاریشیان بۆدابینکراوە، هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرە باسیان لەوە دەکرد کەوا خانویان لەزێدی خۆیان بۆبکرایەتەوە باشترو گونجاوتربوو، لەوەی لەچەمچەماڵ بۆیان بکرێتەوە، دانیشتوانی گوندەکانی بناری خاڵخاڵان، خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکراوەو شەهیدیان داوەو ماڵیان بەتاڵانبراوە، کەچی کەمترین خزمەتگوزارییان لەبودجەوداهاتی هەریمی کوردستان بۆ دابین نەکراوە .



## گوندی گلناغاج

سەرەتا لاماندایە گوندی گلناغاجی هەژارنشین و ئەنفالکراو لەوێ تیبنینی خەڵکێکی دڵپاك و میواندۆستی هەژارمانکرد، گلناغاج پێش ئەنفال ٨٠ ماڵبوون و بە زۆری بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، گوندنشینەکان کەپێکەوە وەستابوون و دەستیان خستبووەبەرپشتێنەکانیان پێیان راگەیاندین: ( بەداخەوە پێش ئەنفال ئەم ناوچەیە هیچ خەستەخانەیەکی تێدانەبوو بەڵام گوندەکەی ئێمە مەکتەب وخەستەخانەشی هەبوو، بەڵام ئێستا بەحساب ئازادیەو صدامی زاڵم نەماوە، کەچی خەستەخانەیەکمان نیە..! گلناغاج ئەوساش و ئێستاش خەڵکێکی زۆر هەژارو لاشەڕی تێدا ژیا، ئێستاش بە هەمووی ٢٠ ماڵێکی لێنیشتەجێ بووەتەوە، خەڵکەکەی ئەوەندە بە هەژاری دەژین، بەئاستەم دەتوانن گوزارشتێکی راستەقینە لە بیروڕای خۆیان بکەن .

بەداخەوە ئەوەی لەم گوندە سەرنج راکێش و تیبینی هەڵگربوو، لەوەدەچوو ئەو خەڵك هیچ شتێك دەربارەی مافەکانی خۆیان نەزانن..! بەئەندازەیەك کە لەهەرکەسێکمان دەپرسی ئاخۆ ژمارە قوربانیەکانی ئەم گوندە چەند کەسە لەپەلاماری ئەنفالدا هیچ کەسێك نەیدەزانی، هەیان بوو دەیگوت: ( ٩٦ ) کەسیان ئەنفالکراوە، هەشیان بوو، دەیگوت ٨٦ وهەندێکیش دەیانگوت ١٠٠ بەرەوژور لەم گوندە خەلك ئەنفالکراون..هیچ کەسێکمان نەبینی کە گرنگی بە دۆکۆمینتی ناوی ئەنفالکراوەکان بداتو لە دەفتەرێکدا وەك ئەوەی لە گوندی توکن وعەزیز قادر و گوندی قەڵاچەرمەڵە گوندنشینانی نەخوێندەوار بەرێك و پێکی کردویانەو لە دەفتەرێکدا ناوی هەموو ئەو کەسانەیان تۆمارکردووە کە ئەنفالکراون، ئەوان بەرێكوپێکی پۆلێنی ئەنفالکراوەکانیان کردبوو، کێ ئەنفالکراوەو کێ بێسەروشوێنەو چەندیان نێرن و چەندیان مێن و چەندیان خوێندکارو چەندیان خوێندەوار نەبوون، چەندیان هاوسەر گیریان کردووەو

چەندیان رەبەن بوون. هەرچەندە ئەم ئامارکاریە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانە، بەلام مادام ئەمان کەمتەرخەمبوون ئەرکێکی هەنوکەیی هەر گوندنشینێکیش بوو کە ئەو ئامارە سەرەتاییە بکات، وەلێ ئەفسوس ئەوەش لەهەندێك گوندنەبێ بەگشتی لەگوندەکاندا ئەو ئەرکە گرنگە فەرامۆشکراوەو کەس وەئەستۆی خۆی نەناوە.

## چیرۆکی پیرەژنەکەی گڵناغاج :

پیاوێکی تەمەن هەڵکشاوبەناوی یوسف مارف محەمەد، زۆر بەسادەو



ساکاری چیرۆکی دەربازبوونی دایکی خۆی بۆگێڕامەوە، وتی: دایکم (زبێدە قادر) ماوەی (٣) سێ مانگ، هەر لەم ناوچە چۆڵوهۆڵەدا لەناو ئەم هەڵەتانە بەتاقی تەنیا مابووەوەولەبن توترکێك ماڵۆچکەیەکی بۆخۆی دروستکرد بوو، بەلام دوای سێ مانگ لە چۆڵکردنی ناوچەکە دەمەو ئێوارەیەك جاشێك ( کە نازانێ ناوی چیە، بەلام دەزانن کەخەڵکی تەلانی لای دوکانە )بەدی کردبوو چوبوو بۆلای وتبووی هەرچۆنێك بێت رزگارت دەکەم خستبوویە ناولۆرییەکەوەوجوان داپۆشیبوو، ووتبوی نەبادا سەرباز بیگرن، هێنابوویەوە بۆ شارولەلای قادسیە فرێی دابوو، شێخ یوسف کە بەخۆی دەگوت شێخ وێسپ و لە نێوان هەر وشەیەکدا جارێك دەستەواژەی " گوێت لێیەی دوبارە دەکردەوە " ووتی: کە لە قادسیە فرێی دابوو خزمێکی خۆمان " عەزیزی ناوە) ناسیبویەوە هێنایەوە بۆ چەمچەماڵ ئێمە وامانزانی ئەنفالکراوەونەماوە چونکە ئێمە هیچمان نەما ئەوخەلکە هەمووی گیراو ئەنفالکرا مەروماڵاتمان بەتالانبرا ئێرە قەدەغەبوو بێین. لەوەلامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی دایکیان بەجێهێشتووە.؟ شێخ وێسپ ووتی : ئەی کاکە رۆح شیرینە کەس نەدەپەرژایە سەرکەس وەزعەکە گەلێك خراپبوو.

## وەعدو شەرەفی جاشەکان :

حوسنی مارف محەمەد ئەویش کچی( زوبێدە قادرە ) لە دایکبوی (١٩٤٧)و کورەکانی حامیدو نامیق ئەنفالکراون، هەردوکیان ژنو منداڵیان هەبووە، حوسنی بە دڵێکی پڕ لەحەسرەتەوە وتی: قاسماغای کۆیە هاتوو پێی گوتین: وەرن لەسەر وەعدی شەرەف خۆتان تەسلیم بکەن من ناهێلم خوێن لە لوتتان بێت، هەمووتان دەبەم بۆشارو زەویتان بۆ وەردەگرم . گشت خەڵکی ئەم ناوچەیە جەلەمۆردو توتەقەڵو سەرچنار بەخوا بە هەموویان ٢٠٠ کەس دەبوون، هەشت نۆ رۆژ خۆیان لەو شیودۆڵانە پەنادا، بەلام قاسماغای کۆیە هات وەعدی شەرەفی پێدان، وتی ناهێڵم تفێکتان لێبکرێت، ئاوا فریویدانو گشتیانی برد بۆ تەقتەقو لەوێ عەسکەرییەی لەگەڵدا ناردن هەتا تۆپزاوا نەیهێشت یەك کەسیان دەرچێت، ئیتر هەر ئەو بردنە بوو، نەبینرانەوەو چاویان بە دنیا نەکەوتەوە. ئێستاش وا دالدەیان داوەوبەکەیفی خۆی دەگەرێ لەوەلامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی سکالاتان لەسەر تۆمارنەکردووە، حوسنی وتی : سکالای چی بکەین ؟ کێمان ماوە بچی سکالا تۆماربکات ؟ لەکوێ بیکەین کێ وەلاممان دەداتەوە ؟ حوسنی دەڵێ ئێمە سێ عەرەبانەی پڕبووین ئەفسەرێك بەفریامان کەوتو ووتی : برۆن خۆتان بشارنەوە من هەرئەوەندە دەسەلاتم هەیە بەیانی بگێرین یەك تاکە کەستان دەرناچنو چاوتان بەدنیا ناکەوێتەوە.





## ئەنفالکردنی حاجی ئایشێ :

پیاوێکی تربەناوی ( حاجی حەمە حسێن) باسی لەئەنفالکردنی دایکی کرد بەناوی ئایشێ ووتی: ئێمە بۆخۆشمان ئەفسەرێك لە نزیکی تەقتەق، رزگاری کردین، لەو قات و قریەدابووین کە هاتەپێشمان و گرتینی، کاتی ئەنفالەکە مانگی ڕەمەزان بوو، وەختی نوێژ بوو، ئەفسەرەکە بانگی کردم وتی: وەرە نان بخۆ لەترسان وتم من بەرۆژووم کابرا ووتی: تۆ دەزانی ئێستا کاتژمێر چەندە؟ وەرە بەربانگەکەت بکەرەوە وتم: ناخۆم، زۆر دڵم پربوو، بانگی سەربازێکی کردووتی برۆنانیان بۆ ئەو ژن و منداڵانە بهێنە ئێمە زۆربوین بیرمە خەیارو سەمونی عەسکەری بوو پێیدابن، ئەو ئەفسەرە نەجمەی زۆر پێوە بوودیاربوو پیاوێکی بەرەحم بوو پێی وتم: برۆ کێی تر پێدەزانی لەوشیودۆلانەدا بابێنەوە خۆیان تەسلیم بکەن، ئەمشەو تابەیانی یارمەتیتان دەدەم برۆن، بەڵام بەخوا سبەینێ بگیرێن، یەك کەس لەدەستم دەرناچێ ئەوە فەرمانی سەرۆکی فەرماندەیە هەرچی بگیرێت دەبێ بیکوژین ..ئەمشەوهەتا بەیانی دەبێ خۆتان رزگاربکەن خەریکبوو سواری سەیارەی سەربازیمان بکات، بمانبەن بۆ تەقتەق، بەڵام لێی پارامەوە ووتم بۆخۆمان دەرۆین باش بوو، مۆڵەتی پێدابن و هاتین بۆ تەقتەق ولەوێ خۆمان پەناداو رزگارمان بوو،بەڵام دایکم گیراو ئەنفالکرا .

## گوندی شێخان

هەرکە لە گوندی گلناغاج دەرچووین، بەسەیارە ئۆپلەکە رووەو رۆژئاوا بەرەو هەوراز سەرکەوتین، بەڵام لەرێگا بریارماندا بچین بۆ گوندی شێخان، ئەو گوندە لەنزمایيەکدایە کەسی شارەزانەبێ ناتوانێ بیدۆزێتەوە، مامۆستا هێمن وێرای ئەوەی کوری ناوچەکەیە، بەڵام ئەویش رێی پێنەدەزانی بەڵام کاتێك ملی رێگایەکمان گرت، زۆری نەبرد لەشۆربوونەوەماندا گوندی شێخانمان لێدەرکەوت، بەداخەوە شێخان چۆڵکرابوو، ئەو خانوانەی پێشتر شوێنی رازونیازی خانەوادە دڵشکاوەکانی دوای ئەنفال بووەو بەشان و قۆڵی خۆیان گوندنشینەکان بنیاتیان نابووەوە ئەمجارەشیان وشکەساڵی پێی چۆڵکردبوونەوە، ئەفسوس شێخان زۆربەی سەربانیماڵەکان روخابوون و تەنها دیوارەکانی بەپێوە ماون، ئەوگوندە ئێستا بووەتە شوێن و سەرپەنای ئاژەڵ و درندەی کێوی و کەسی تێدا ناژی !! ئاخر خەڵکی گوندی شیخان هەقی خۆیانە ئەم کۆچەشیان هەرناوی کۆچی زۆرەملێی لێبنرێت، چونکە حکومەتی هەرێم دەیتوانی خاوەنی پلانی ستراتیژی بێت و لەبودجەوداهاتی ناوچەکەیان هاوکارویاریدەدەری گوندنشینەکان بێت، دەیتوانی لەپێش پرۆژەی ( گوندەکانی ئەلمانی و



ئینگلیزی و ئیتالی ) پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خستنەوەسەرپێی گوندەکانی کوردستانی هەبێ دیارە لەپێش هەمووشیانەوە ئەو گوندانەی زۆرترین کەسیان ئەنفالکراوەو ویرانکاری زیاتری بەرکەوتووە. بەداخەوە ئێمە بەناو کۆڵان و حەوشەوبانی گوندێکی چۆڵ وهۆڵداگەراین و سەرمان بەهەرخانوویەکدا دەکرد هیچ کەس لەومیوان دۆستانەی تێدا نەبوو، کەسێك نەبوو، لێبپرسین ئەم گوندە چەند کەسی ئەنفالکراوە، بەڵام بەپێی زانیاری و قسەی گوندەکانی دراوسێ ١١٨ کەسیان ئەنفالکراوەونەگەراونەتەوە.

## بەرەو گوندی جەلەمۆرد:

کە لەگوندی شێخان وەدەرکەوتین بێئەوەی هیچ قسەیەك لەگەڵ هاوسەفەرەکەم بکەم ، وێرانکاری و لافاوەکەی شاری (وان)م بیرکەوتەوە، ئیتر ئەو هەستەم لە لادروست بوو، کە کورد وەك بێ سەرکردەو بێ کەسە نەگبەتترین میللەتی سەرزەمینیشە، هەرئەوەندەی ئاگری جەنگ دەکوژێتەوە ئیتر روداوی سورشتی یەخەی دەگرێ..! ئاخر ناهەقم نەبوو، گوندێك لەسەدەی رابوردودا وەك بەهۆی ئەنفالەوە کەسی تێدانەما، لەدوای راپەرینەوە گوندنشینەکان لەکۆمەڵگا زۆرەملێکانەوە پرکێشیانکردو هاتن بەهەژاری و مەینەتیەکی زۆرەوە سەرلەنوێ خانووە قورینەکانیان دروست کردووەتەوە بەلام وا دیسان کۆچیان کردووەتەوە بۆکۆمەڵگاکان..! بەراستی هەستێکی ناخۆشم هەبوو کاتێك لە (شێخان) نە کەس پێشوازی لێکردین و نە ماڵئاوایی ..! بەهاوسەفەرەکەمم ووت :تۆ تیبینی بکە کوردان لەوان بە بومەلەرزەو لافاودەمرن و شێخانیش لەبێئاویدا چۆڵ دەکەن ؟! ئیتر بەرەوهەوراز ملمان پێوەنا بۆ گوندی جەلەمۆرد ئێمە پێشتر هەرلەگەڵ مامۆستا هێمن جارێکی تر سەردانی گوندی جەلەمۆردمان



گوندی جەلەمۆرد    مام رەجەب و مام مەحمود    فۆتۆ : هێمن عەبدوڵا

کردبوو، گوندێك بێئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێ " بێجگەلە کورد بوون" لەپەلاماری ئەنفالدا گەورەترین گورزی بەرکەوت، بەرادەیەك هەتا ئێستا کە بیستوپێنج ساڵ بەسەر تاوانەکەدا تێدەپەرێ کەچی کاریگەریەکانی زەق بەبەرچاوانەوەن، تێبینیمانکرد گوندەکە گەنجی تێدانەماوە، چونکە لەپەلاماری ئەنفالدا زیاد لە ٤٠٠ کەسیان بەرکەوتن، تاوانی ئەنفال لەجەلەمۆرد ئەوەندە چڕبووەتەوە تەنانەت گوندنشینەکان خۆیان نازانن چەند کەسیان بەرئەنفالکەوتوون، هەرچی عەبدالخالقی دانیشتووی جەلەمۆردە جەخت لە( ٤٠١ ) کەسی ئەنفالکراو دەکاتەوە، بەڵام مام مەحمود کە ٩ منداڵ و هاوسەرەکەی ئەنفالکراون دەڵێ ئەنفالکراوی جەلەمۆرد ئەگەر (٤٥٢) زیاتر نەبن کەمترنین.. ئەوەی زۆر ئازاربەخش بوو، بینیی دوپیرەمێردەکەی جەلەمۆردبوون بەناوی ( مام رەجەب و مام محمود) ئەو دوپیرەمێردە، هەردوکیان تەنیا کەوتوون و لەژوری تەنیاییدا ژیان بەسەردەبەن، شەوگارەکان بەتەنیاو لەخەیاڵی کوڕو کچەکانیان بەرێدەکەن و رۆژگاریشیان جگەلە دوبارەبونەوەی ژیانێکی ناچاری شتێکی ترنیە. وەك لەوێنەکەیاندا دەبینرێ روخساری محمود و رەجەب، زۆر پرسیار هەڵگرەو لەچاویاندا وەلامی زۆر درۆوراستی وەرگرینەوە، بەراستی ژیانی ئەو مخلوقانە پەردە لەروخساری حکومەت و رێکخراوەکانی مافومرۆڤ و سەرجەمی مرۆڤایەتی لادەبەن . ئیدی لێرەوە دەچینە ناوژیانی تایبەتی هەریەکێکیانەوەو لەلاپەرەکانی تریدا دەبنە میوانتان .

# ڕەجەب
# تاقانەیەکی تری ئەنفال لە گوندی جەلەمۆرد



مام ڕەجەبی گوندی جەلەمۆرد لە دایکبووی (١٩٣٣) یە جگەلەوەی تەمەنی تەواو هەڵکشاوە، گوێیەکانی گران بوون و یادەوەری لە دەستداوە، ئەم پیرەمێردە ئەنفالدیدەیە هەر لەبنەڕەتەوە خەڵکی جەلەمۆردە، بەرلەتاوانی ئەنفال کاروکاسبی خۆیەوە سەرقاڵبووەو خەرکی کشتوکاڵ و ئاودێری بووە، کاتێک پەلاماری ئەنفالی چوار گەیشتە بناری خاڵخاڵان خۆی وهەموو خانەوادەکەی بەنیازی خۆشاردنەوە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی چونەچەمی بابە روشە، بەڵام هەر زوو بەچاوساغی جاشەکان سوپا دەری پەراندن و پێکەوە دەستگیرکران و ئەنفالکران خانەوادەکەی بریتی بوون لە : ( هاوسەرەکەی بەناوی نایلە شەریف) و کورەکانی ( حسێن، جمعە)و کچکەشی (کافیە ) بەدەست و برد رەوانەی تۆپزاواکران و لەوێ کوروکچەکانی جیاکرانەوەو چاویان بەیەکتری نەکەوتەوە، رۆژێك دواتر خۆی و نایلەی هاوسەری لەگەڵ خەڵکیکی زۆر رەوانەی نوگرەسەلمانکران وماوەی شەش مانگ لەوێ زیندانی کران، کە ئازادیشکران بەخت یاوەریان نەبوو ماوەیەك دوای ئەوە هاوسەرەکەشی لەفیراقی کچ وکورەکانی نەخۆشکەوت و هەرزوو کۆچی دوایی کرد، ئیتر مام رەجەب تەنیاکەوتەوەو ئێستا لە ژورێکی تەنیاوساردو سڕی قوری گوندی جەلەمۆرددا بەتاقی تەنیا دەژی، ژورێکی بێ رایەخ وبێ رۆح.

ئەو پیرەمێردە ئەوەندە هیلاکە تەنانەت ناوی کوڕەکانی بەزەحمەت بیردەکەوێتەوە، من ئەو رۆژە لەبری بەعسیەکان و دەسەلاتدارانی خۆماڵیش تەریق بوومەوە، بەتیبەتی ئەو کاتەی پرسیارم لێدەکردو ناوی جمعەی کوڕی بیرچوو بوو، کاتێك دراوسێکەی هاوکاری کرد بەدەنگێکی بەرزتر وتی (جمعە ئەوەندە بەسۆزەوە وتی : ئەی بە قوربانی ناوی دەمت بم، ئیمە کە هەربەسەر پێیانەوە بەدیاریەوە راوەستابووین لەناخەوە ئازارمان چەشت.

مام رەجەب ئەوەی بیرە کەجاش گرتویانن و رادەستی سوپایان کردون، هەر ئەو رۆژە گەیاندویانە تۆپزاوا، ئەوەشی بیرماوە کە کورەکەی داوای لێکردووە بچێت لە سەربازەکان بپارێتەوە لەگەڵ ئەوان بێت، بەلام مام رەجەب، بە ئازارەوە دەلێت نەچووم لەبەرئەوەی دەمزانی بەقسەم ناکەن.

مام رەجەب دەلێت : هەرگیز نامەردی شێخ بایزی جاش وعەزابی نوگرەسەلمان و حەجاج و ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێتەوە کە سەیارەی سەرداپۆشراویان بۆ هێناین و رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردین، دەلێت نوگرەسەلمان دۆزەخ بوو، حەجاجیش جەلاد بوو.. ئەوپیاوە هیلاکە تەنانەت بیری نەماوە چ سالێك ئەنفالکراوە کەچی ئەو عەزابەی نوگرەسەلمان لەبیرناکات، لێرەدا پرسیاری جەوهەری لەمەڕ خزمەتگوزاریەکەی حکومەت ئەوەیە مانگی نۆسەد هەزار دینار چ سودێکی بۆ کەنەفتێکی ئاوا هەیە ؟

گوندی جەلەمۆرد - مام مەحمود :

## (٢٥ ) بیستو پێنج ساڵە من بەتاقی تەنیا دەژیم، قەت لێیان نابورم ئەوانماڵیان وێران کردمو ژنومنداڵیان ئەنفالکردم.



کاتێك سەرم بەماڵەکەیدا کرد لەناخەوە تەزوویەك رایچەلەکاندم کاتێك بینیم لەسەر دەرگایەکی یەك تاکی رەنگ سەوزی کاڵەوە بوو نوسرابوو:

**( بەرەوهیواکان ١٩٨٨/٥/٣ رۆژی ئەنفالکردنی "جەلەمۆرد" )**

محمود عەلی مستەفا، تاکە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی و ئێستا بەتاقی تەنیا لە خانویەکی خراپۆکەولە ژورێکی ساردوسڕی بێ کەس وبێ کاباندا لەگوندی جەلەمۆرد دەژی، دڵنیام شەوەکانی مام مەحمودوخەونەکانی وەك هی مرۆڤی ئەم سەروەختە نین، ئەوهەمیشە لە خەیاڵی کوروکچەکانیدایە، کەئەنفال بردونی وجارێکی تر ناگەرێنەوە، بەلاّم ئەم حوکمە رەهایە بۆ مام مەحمود قورسەو نایەوێ بروا بەوە بهێنێ کە کەسیان نەماون، ئەو پیاوە بیری لەلای دە کەسی خانەوادەکەیەتی و کاتێکی زۆری پێویستە کاتێك ناوی منداڵە ئەنفالکراوەکانیم پرسی وتی بەریز پێت بلێم بان کوربەجیاو کچ بەجیا ؟ من وام پێباش بوو، بە ریزی لەدایکبونیان پێمبلێ وتی : لە گەورەوە بۆبچك ، محمەد وئەحمەدو هاجەرە، زلیخا، زارا، عەلیو لەتەیفو عەزیزو بەنان) هاوسەرەکەشم سەبریە قادر عەبدالرحمن.. مام مەحمود هەناسەیەکی هەڵکێشاوبەچاوێکی پرلە پرسیارەوە سەیری کردم ماوەیەك لێم وردبووەوەو ئینجا و تی : دەسەر خێزانم ئەنفالکراون ، هەر ئەو رۆیشتنە بوو، جارێکی تر نەمبینینەوەو خوابۆخۆی بردنیەوە، لەوەلاّمی ئەوپرسیارەشدا کە ئاخۆ چۆن دەربازبووە، وتی : من بۆخۆم لەوهەلەتانە بە دوای ئاژەڵەوە بووم لەبەرئەوە نەگیرام، شەوێك پێش گیرانی ئەوان چوینە دۆلێکی تر بۆبەیانیش نەمانتوانی بگەرێینەوە لای ماڵومنداڵمان چونکە بەرۆژ نەماندەتوانی خۆمان دەربخەین، منداڵەکانم لە چەمی بابەروشە خۆیان شاردبووەوە بەلاّم جاش چاوساغیانکردبوون بەتایبەتی جاشێکی خەڵکی ئەم دێیەی خۆمان بوو ناوی بایز عەبدالرحمن بوو، ناویان نابوو شێخ بایز پێشلەشکری سوپا بوو پیاوێکی نالەباربوو، ئێستا ئەویش لەژیاندا نەماوەومردووە، ئەوبانگی کردبوونوفریوی دابوون وەرن خۆتان تەسلیم بکەنوهیچتان بۆ نابی ئاواگرتبوونی دابونیە دەست سەربازی حکومەت ئەنفالی کردن.مام مەمحمودیش هەرئەوەندە لەبارەی چارەنوسی ژنومنداڵەکانی دەزانێ کە پیرەکان بۆیان باسکردبوو، هەتا تۆپزاوا ئاگایان لەیەکتری بوو، ئیتردوای جیاکردنەوەونەبینرانەوە .


ژوره تەنیاو ساردو سرەکەی مام مەحمودی گوندی جەلەمۆرد

مام مەحمود وتی: من ٢٥ ساڵی رەبەقە بەتاقی تەنیا دەژیم من کەسم نەماوەو لەوەتای ژن و منداڵەکانم ئەنفالکران قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە ژنبهێنمەوە، هیچ شەوێك نیە من بیر لەمنداڵەکانم و لێقەوماوی خۆمان نەکەمەوە کەدەچمە سەرجێگا هەرلەبیریانەدام وەکو ئەورۆژەی کە منداڵەکانمیان ئەنفالکرد، کاکە من دە سەرخێزانم رۆیی ئیتر فکری لە چی تر بکەمەوە. لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا کەحکومەتی هەرێم چی بۆ کەسێکی وەکو تۆبکات ؟ مام مەحمود وتی : هەقە خزمەتمان بکات هیچ نەبێ خانوویەکمان بۆبکاتو ئەم خانووە بەسەرمدا نەروخێ. مام مەمحود ووتی : حکومەت دژی کورد بوو، پێشمەرگەش لەم ناوە دابوو، بۆیە داخی ئەوانیشی بەم میللەتە رەش و روتەرشت، بێئەوەی هیچ گوناهێکمان کردبێ. هەقی وایە ئەم حکومەتی ئێستا خزمەتمان بکات . بەخەمێکی قورسەوە مام مەحمود گوتی: ئەم گوندە ٤٥٢ کەسی ئەنفالکراوە وەکو هەڵەبجەمان لێهاتووە بەڵام کواکارەبامان کوا جادەوبانمان ؟ مام مەحمود دەڵێ پێمانخۆش بوو لێرە خانومان بۆبکەن نەك لەچەمچەماڵ خەڵك هەیە، کەس هەیە لەم گوندە لەبەرخوێندنی منداڵەکانی رۆیشتووە لەچەمچەماڵ دادەنیشێ ئەی بۆ لێرە بۆی ناکەنەوە ؟! ئێرە هەڵەبجەی دووهەمە ئەوەی بەسەر ئەم جەلەمۆردە هاتووە، بەسەرکەس نەهاتووە. ئەو پیاوە دڵشکاوەی جەلەمۆرد کاتێك تەماشای گلۆپەکانی بەری کۆیە دەکات بەشەودەدرەوشێتەوە هەست بەهەڵاواردنێکی ناخۆش دەکاتودەڵی ئێمەماڵمان وێرانبوو، کەچی ڕوناکیەکەشمان پێ ڕەوانابینن.



گوندی جەلەمۆرد - عەبدلخالق قادر عەبدالرەحمن :

**لەتەکیە موختارێك هەبوو کوێخا مستەفایان پێدەگوت، دەیگوت ئەگەر هەوا کە هەوای خوایە بەدەست منبێت لەکەسوکاری ئەنفالی دەبڕم ناهێڵم بۆیان بچێت بۆئەوەی بمرن .**



**بەروار : ٢٥ /٢٠١٣/١**

**شوێن جەلەمۆرد .**

**کات : ٣ی عەسر**

**دیمانە : ئەنفالستان**

سەرەتا داوای لێبوردنم لەدوای ٢٤ سال هاتووم پرسیارت لێبکەم دەربارەی ئەنفالکراوەکانت لێبکەم . سەرەتا پرسیاری ئەوەم لێکرد ئایا پێت خۆشە قسە لەو دۆسیەیەبکەین و برینت هەڵبدەمەوە ؟ عەبدلخالق بەسنگێکی فراوانەوە وەری گرت و ووتی : پێمخۆشە هەموو کەس لەوبارەیەوە پرسیارمان لێبکات . عەبدلخالق خەڵکی گوندی جەلەمۆردە کە پێش ئەنفال ١٣٠ماڵبووەوبەزۆری بە کشتوکاڵ و ئاودێریەوە سەرقاڵ بوون و هەژاری ماڵی خۆیانبوون، بەپێی ئەو ئامارەی عەبدالخالق کردویەتی ٤٠١ کەسیان ئەنفالکراوە، ئەو هەرخۆبەخش وبەبێ ئەوەی کەس رای بسپێرێ ئەنفالکراوەکانی گوندەکەیانی تۆمارکردووە، دواتر ئەو ئامارەی داوەتە مەلاشاخی بەلام نیگەرانە لەوەی بەهیچ شێوەیەك ناوی عەبدالخالق لەو کتێبەدانەهاتووە.

ساڵی ١٩٨٩ هاوسەر گیری کردووە، باوکی دە مندالە چواریان کورن و شەشیان کچن، یەکێکیانم شوی کردووەو لەماڵ ومێردی خۆیەتی، لەناو کورەکانم یەکێکیانم بەناوی مستەفای برامەوە ناو ناوەتەوە ئەوبرایەم مەلای دێیەکە بوو، ئەنفالکراوە کورەکەم بەناوی ئەوەوە ناوە .

**ناوی سیانیت چیە ؟**

عەبدالخالق قادر عەبدالرحمن.

**پێش ئەنفال ئێرە چەند ماڵبوو، بەچیەوە سەرقالبوون و بژیوی خەڵك لەسەرچی بوو ؟**

١٣٠ ماڵی رێك بوو، بەزۆری بە کشتوکاڵ وئاودێری و ئاژەڵداری و مەرداریەوە خەریکبوون.توتن و تەماتەمان زۆربوو.

**ئەی چەند کەسی ئەنفالکراوە ؟**

٤٠١ کەسی ئەنفالکراوە .

**بەلام هەندێك کەس باس لە ئەنفالکردنی ٤٧١ ماڵ دەکەن ؟**

نا من بۆخۆم ئامارم کردووەو ماڵبەماڵ گەراوم و پرسیارم کردووە، راستە من خەڵکی گوندەکە بووم، بەلام هەندێکیان منداڵبوون ناویانم نەدەزانی، پرسیارم کردووەوناویانم نوسیوە . دواتر ئەو ناوانەم هەمووی دایەدەست مەلا شاخی . ساڵی ١٩٩١ ئەوەی خاوەنی ئەنفال بوو هەموو هاتبوونەوە بۆ ئێرە .

**کێ هاندەرت بوو بۆ ئەوکارە گرنگە ؟**

لەراستیدا کەس هاوکارو هاندەرم نەبوو، من خۆم بەخاوەنی ئەنفال دەزانی بۆیە ساڵی ١٩٩٢ دەستمدایە دەفتەروقەڵەم و دەستمکرد بەتۆمارکردنی ناوەکانیان . هەر لەلای خۆم بوو ئێوارەیەك وەك ئێستاباران دەباری کاك مەلا شاخی هات بۆلام ووتی دەمانەوەی ئامارێکی ئەنفالکراوەکانی ئێرەم بۆبکەیت .. منیش پێموت : کردوومەو ئەوە ناوەکان بەراستی ئەو کاتە بیرم لەوە نەکردەوە کۆپیەکی بۆخۆم هەڵگرم ئەوەی نوسیبوم هەمووی دەفتەرەکەم دایەدەستی .

**لەکتێبەکەی مەلاشاخیدا ناوی تۆ هەیە؟ مەبەستم ئەوەیە دیاربێت کە تۆ ئەو ئامارەت کردووەو لێی بەرپرسیت ؟**

بەداخەوە لەکتێبەکەدا هیچ ناوی منی تێدانیە.

**تۆ ئاستی خویندەواریت چەندە ؟**

هەتا شەشی سەرەتایی ئەوکاتەم خویندووە .

**ئەمگوندە پێش ئەنفال قوتابخانەی تێدابوو ؟**

خانوویەك قورمان هەبوو دەسمان تێدا دەخوێند من ئەوکاتە لەوخانوەدا خویندوومە . پێموایە سالی ١٩٧٩ بوو ئەوکاتەش هەر خۆش نەبوو جاری واهەبوو بەهەفتەیەك مامۆستا دەهات وجاری واهەبوو نەدەهات وەزعێکی ناخۆش بوو، دوایش پێشمەرگە پەیدابوونەوەو ئیتر وەزعەکە خراپبوو.

**بابێینە سەروەختی ئەنفال ، هەتا ئەنفال گەیشتە ناوچەی ئێوە سێ قوناغی بیبوو ئێوە نەتان دەزانی بەدەردی گەرمیانیەکان و قەراغیەکان دەچن ؟**

لەراستیدا دەمانزانی سالی ١٩٨٧ حکومەت هاتە بان خاڵخاڵان ناوچەی شوان و زۆر شوینی ئەم دەوروبەرمانی هەمووی سوتاند، بەلام گەرایەوەو خەلك جارێکی تر دەستیان کردەوە بە دروستکردنەوە، خەڵك قەناعەتی وانەبوو بەم شێوەیەی لێدێت وامندەزانی دێت خانوەکانمان دەسوتینێ و دەروا، لەراستیدا پێشمەرگەش ڕێگریان دەکردو نەیاندەهیشت خەڵك بڕوات .



خەلك خەبەریان دەنارد ئەمجارە ئەنفالدەکرێن ، دوائەوەی ئەنفال دەستی پێکردو خەلکی گەرمیان و پێشمەرگە هاتن، خەڵك چونە دەرەوەو خۆیان شاردەوە، هەتا ئەو رۆژەی کە تەیارەکان هاتن لە گۆپتەپەو عەسکەریاندا بە کیمیایی من بۆخۆم چاوم لە تەیارەکان بوو، هاتن زۆر بەنزمی هاتن، بەلام بۆردومانەکەیان کردو گەرانەوە، شەوێ درەنگ خەبەرگەیشتە ئێمە کە بەکیمیایی لە گۆپتەپەی داوە، خۆتان چارەسەری خۆتان بکەن بەیانی حکومەت هێرش دەکات، راستی هەموو خەلکی ئەم ناوچەیە رویان لەم چەمەی تەنیشتمان کرد چەمی بابرشەی ناوە، خەلکی چوغلیجەو گلناغاج و توتەقەڵ و هەموی ئیتر هێرش دەستی پێکرد لەهەرچوارلاوە، ئێمە نزیکی هەفتەیەك لەو چەمەی بابرشێ ماینەوە، هێزەکانی حکومەت هاتن گوندەکەیان سوتاندن و روخانی بەشۆفل ئیتر مەرومالاتیش هەمووی بەتالان بران جاشەکان رۆلی زۆر خراپیان بینی، خەلکیش هەمووی گیرا، ئەو رۆژە رەشە گێرانەوەی کۆتایی نایات بروابکە رۆژی حەشر چۆن بووئاوا، رێك رۆژی ١٠/ ٥/ ١٩٨٨ ئێرە بەتەواوی گیرا پێشمەرگەش هیچ بەرگرییەکیان نەکرد، من زۆر بچوك بووم کونە ئەشکەوتێك هەبوو، چومە ناو ئەو کونەوە بەرزبوو سەیرم دەکرد، کە جاش و جەیش چۆن تالانیان دەکرد، کاتێك بەچاوساغی جاشەکان گەیشتنە سەرچەمی بابرشێ ئیتر بەهەموو چەکێك تەقەیان دەکرد بەتفەنگی گەورەوبچوك بەئاربیجی، ئیتر ئەو خەڵکەیان لەو چەمە دەرپەراندوپێچایاننەوەو بردیانن، لەوبنبەردو کونەشاخانە هەرچی هەبوو دەریان هێناو بردیان هەرلەوێ پشکنین دەستی پێکرد هەوێ و پارەو هەرچی بەقیمەت بوو لێیاندەستاند .

**کەست پێشك دێت بیناسیت وبەپێشچاوی تۆوە بێت ئێستامابێت ؟**

من بۆخۆم کەسم نەبینی ؟ بەلام کەهاتنەوە بۆیان گێرامەوە. بائەوەش باس بکەم ئەو رۆژە دوکەس لێرە کوژران هەتا ئێستاش تەرمەکانیان هەرلەو چەمەداماون. ئەحمەد یاسین و رەشید عومەر خەڵکی جەلەمۆردبوون ولەوێ کوژران .

**ئەی ئەوانەی کە کوژران کێ ناشتنو تەرمەکانیان چی بەسەرهات ؟**

هەتا ئێستا هەر لەو چەمەن لەشوێنی خۆیانن .

**هەتا ئێستا هەر لەوێ ماون ؟**

بەڵێ .

**ئەی شوێنیان دیارە ؟ کیلیان هەیە ؟**

شوێنی یەکێکیان دیارەو ئەوی تریش هەندێك ئێسك و پروسکیان لەباتانیەکدا دۆزیبووەو هەرلەوێ شاردویانەتەوە .

**پێت باش نیە ئەو شوێنە بکرێتە مۆنۆمێنتێکی بچکۆلە بۆ ئەوەی چەمی بابەروشە لە مێژودا بمێنیتەوە ؟**

با هەقی وایە بەڵام کێ بیکات ؟ من ئامادەم بتانبەم چەمەکەو شوێنەکەشتان پیشاندەدەم .

**تۆبۆچی لەماڵی خۆتان دابرایت ؟**

ئێمە هەموومان پێکەوە بووین، بەلام لەگەڵ مامم جەمیلی ناوەو ئەو مام مەحمودەی چونە ماڵی رۆیشتین بۆ دۆلێیکی تر ئێمە مەرومالاتمان پێبوو، مام مەحمود زاواشمان بوو، سەبریەی خێزانی خوشکی من بوو، چووین وتمان ئەگەر ئەو شیوەی ئەو دیوی هێزی جاش وجەیشی لێنەبێ لەوێوە دەرۆین کەچوین هیچمان نەبینی ئەو شەوە هەرلەوێماینەوە بەرۆژیش نەماندەتوانی سەردەربهێنین و خۆمان دەرخەین، بەلام هەر ئەو رۆژە ماڵو منداڵ هەموویان لەودیوی گیرابوونو ئێمە نەمانبینینەوە. من لەبەرئەوەی سەربازی هەڵاتوونەبووم منداڵ بووم، کاك محمودومام جەمیل بەمنیان



دەگوت بچۆ بزانە هیچ باس وخواستێك هەیە..؟ چونکە ئەوان وای بۆ دەچوون من بشمگرن هیچم لێناکەن چونکە من سەربازی هەلاتوونیم، بەلام ئەوان فیرارسەربازی هەلاتووبون، بەلام مامم جەمیل منداڵەکانی لەگەل خۆی هێنان بۆ دۆلەکەی ئەو دیو کورەکانی گەورەبوون بەلام فیرار نەبوون ئەوانیش دەرچوون، ئەو شەوە نەرۆیشتینایە ئیمەش هەمووومان پێکەوە دەگیراینو ئەنفال دەکراین . دەرچوونەکەی من بەوهۆیەوە بوو، کە چوینەوە بۆ شوێنەکەیان جلو بەرگ بەوناوەدا بلاو ببووە . بانگمان کرد دەنگ نەبوو جاریکی تر بانگمان کرد، ستارو قاسم هەبوون ئەوان هاتن وتیان بانگ مەکەن ئەوان وتیان هەموویان گیراونو بەدوایاندا مەگەرێن . ( گریان ....بیدەنگی ) دوایی ئێمەش ناوچەکەمان بەجێهێشت و رۆیشتین بۆ تەکیە .

**ئەی قاسم و ستاریش دەرچوون ؟**

بەڵێ لەگەلمان هاتن بۆ تەکیە، بەلام ئەوان لەوێ تەواری گرتیانو ئەنفالکران .

**باشە کە ناوچەکەتان بەجێ هێشت چۆن گەیشتنە تەکێ ؟**

بەرەزالەت نەماندەتوانی بە رۆژبرۆین دەبوو، چاوەڕوانبین هەتا تاریك دادیت ئینجا بکەوینە رێ هەتا گەیشتینە، ئەوێ لەنزیك تەکێ ئیوارەیەك بوو دەرەنگانێك لەباوەفەتێ لەنزیك رەبایەکان کەوتنە تەقەو فەرتەنە وتمان بەخوا دەگیرێین، لەوێ مەرومالاتی تەکێ هەبوو، لەوێ پرسیارمانکرد ئەو تەقانە چین ووتیان ئەوە سبەینێ جەژنە بۆیە تەقە دەکەن، ئێمە نەماندەزانی ئاگامان لەجەژنو ئەوشتانە نەمابوو، کە چوینە تەکێ لەوێ شیخ جەلالیك هەبوو موستەشاربوو، ئەوە هاوکاری کردین و رێی خەڵکی دەکردو نەیهێشت بگیرێین. بەلام شێخ روناك لەناوچەکەی ئێمە زۆر خراپ بوو، لەوێ خراپەی زۆر کرد. قاسماغای کۆیەش ئەو گوندانەی دەم زێیەکە چوبوونەلای وتبویان خزمە بەلام هەموویانی رادەستکردو ئەنفالکران .

**باسی مەرومالاتو جەژنت کرد بیرۆکەیەك هەیە کە لە رۆژی ئەنفالدا هیچ پەلەوەرێكو ئاژەڵێك سەرنەبردرێت و خوین نەرژێت ؟**

زۆرم پێجوانە بەڵێ زۆر کاریکی باشە .

**خۆت ئامادەی پەیرەوی بکەیت**

بەڵێ کاریکی باشە ریزگرتنیکە لە مرۆڤ

**هەرلەمرۆڤ نا بەلکو لەوئاژەڵومەروماڵاتەش کە بەتاڵانبران .**

وایە زۆر راستە ئەوانەش ئەنفالکران .

**ئەی کەپێشئەوەی ماڵ پێکەوە بنێیت چۆن دەژیای لەکوێ دەژیای ؟**

ئاخر بائەوە نەشارمەوە من خوشکێکم مابوو، مێردی کردبوو، ماڵی لەتەکێ بوو چومە ماڵی ئەوان .

**بەڵام هەر کەسێکی هیلانەلێتیکچوبیت ؟**

بەڵێ ئەوە هەرباس ناکرێت چۆن ژیام وچەندە مەینەتی و چەرمەسەریم بینی .

راستە من کەسم ئەنفال نەکراوە بەڵام دڵنیابە منیش لەگەڵ تۆدا لەناوەوە دەکوڵێم و لەژیانیشمدا مەینەتی زۆرم دیوە، بۆیە پێمخۆشە گویم لێت بێت و هەمووشتێکم لەبارەی ئەو بارودۆخەوە بۆ باسبکەیت ؟

ئەگەرباسی ناخۆشیت بۆبکەم خۆشیم نەدیوە هەتا ئێستاش هەرلەناخۆشیدا دەژین، ئیتر کە لەتەکیە بووم ئیتر مواليديشم بۆعەسکەری هاتەوە ، ئیتر ناسیاوێکم لەلای ئامرسریێیەك وتبووی ئەم کورە بەتەنها خۆی دەربازبووەو بائەویش نەفەوتێ ئەویش وتبوی مادام وایە، بابێت من وەرەقەی بۆدەکەم و لەلای خۆم دەیکەم بەچەکدار . ئیتر چومەلای ئەوپیاوە .

**ئەو کەسەکێ بوو ؟**

ئامرسریەبوو، شێخ ناسیحی ناوەخەلکی حەیدەر بەگ بوو. ئیتر هەرلەلای ئەو لەمقر دەمامەوە .. بائەوەشت پێبلیم کوێخایەك هەبوو، لەتەکێ کوێخا مستەفایان پێدەگوت: دەیگوت هەوا هی خوایە ئەگەربەدەست من بێت ناهێڵم ئەو هەوایەش بۆ کەسوکاری ئەنفال بچێت بۆئەوەی بمرن . ئەوەندە پیس بوو من لەبەر ئەو موختارە نەمدەوێرا بێمەوە هەرلە مقر دەمامەوە.

ئەی ئەوکوێخا مستەفایە ئێستا لەکوێ یە ؟ نازانم لەکوێ یە .

بەخوانازانم لەکوێیە؟

بەخوا نازانم

**هەتاکەی چاوەڕوانی ئەنفالکراوەکانت کرد ؟**

زۆر چاوەڕوان بووم بائەوەشت پێبلێم هەر زوو زوو دەنگ وباس بلاودەبووەوە دەیانگوت ئەنفال بەردەبێت ئێمەش دەچوین بۆچەمچەماڵ چاوەڕوان دەبووین، بەلام هەندێك پیرنەبێ کەسیان نەهاتنەوە .

**کە ئەو پیرانە هاتنەوە نەیانگوت هەتا کوێ کەسوکارەکەتیان لەگەل بووە، لەکوێ لێکجیاکراونەتەوە .. ؟**

با وتیان لەتۆپزاوا لێکجیاکراینەوە .

**قەت نەچویتە تۆپزاوا ؟**

نەخێر نەچووم .

**ئەی حەزدەکەیت بچیت بۆتۆپزاواو نوگرە سەلمان ؟**

بەڵێ ئەی چۆن زۆریش حەزدەکەم .

**ئەی بۆچی نەچوون ؟ کەسوکاری ئەنفال بەزۆری داوای موچەدەکات وهەرئەوەش بە ماف وئیمتیازدەزانێ بەلام قەت ئیوە ئەو داوایەتان لە وەزیرەکانی شەهیدان کردووە جارێك بتانبەن بۆ ئەو شوێنانە ؟ مەگەر ئەوەش هەرماف نیە ؟**

من حەزدەکەم بچ بۆتوزاوا بۆ نوگرەسەلمان بەلام راستیت دەوێ لەبەرئەوەی ئیمە لەلادێ بووین دوایش ئاوالێمان قەوماوە هوشیاری ئەوەمان نەبووە.

**حەزت دەکرد بچیت بۆ دادگاو شایەتیت لەسەر تۆمەتباران بدایە ؟**

زۆر حەزم دەکرد، بەلام پێیان نەگووتم .

**ئەگەر بچویتایە چیت بە صدام و عەلی حەسەن مەجید دەووت ؟**

ئەگەر بچومایە پێمدەگوت: بۆچی فەرقتان لە نیوان پێشمەرگەو ژن و مندال نەکردوهەموویتان وەك یەك تەرووشکتان پێکەوە سوتاند.

**کەی بەتەواوی بێ ئومید بووی لەوەی کەسوکارت نایەنەوە ؟**

دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەیەکجاری بێئومید بووم .

**ئەگەر ئەو قسەیە راست بێت دەڵێن کچانمان بەمیسرو لەموصل و لەشوێناتی تر فرۆشراون ؟ تۆ خوشکت ئەنفالکراوە یان خزمانت وبەلای کەمەوە کچانی گوندەکەتان ئەنفالکراون لەو کاتەدا تۆ بیروڕات چۆن دەبێت ئایا پێشوازیان لیدەکەی و ریزیان لێدەگری ؟**

بەلی ئەی چۆن ئەی بۆناخۆ ئەوانە گوناهیان چیە ؟ خۆ تاوانبار نین .

**پێتخۆش بوو عەلی حسن مەجید ئیعدام کرا ؟**

ئەرێ ئەی چۆن پێمخۆش نیە .

**ئایا بەخۆشەویستی هاوسەرگیریت کردوە یان بەرێکەوت ؟**

بەرێکەوت.

**ئەو شێوازەی ئێستا یادی ئەنفال دەکرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە پێت باشە یان نا ؟**

وەکو پێویست یادی ئەو کارەساتەنەکراوەتەوە من پێمخۆشە یادی کارەساتی ئەنفال بەشێوەیەك بێت زیاتر بچنە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوان و بەسەربکرێنەوە .

**بۆچی بە تاوانی ئەنفال دەڵێیی کارەسات؟ خۆ ئەو خەڵکە ئاونەبیردون و بومەلەرزەی نەیکوشتوون؟ تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بکەری هەیە جەلادو قوربانی هەیە، بەلام کارەسات تەنها قوربانی هەیەو جەلادی نیە، روداوی سروشتیەو کەسی وەك ئەنجامدەر لەسەر دادگای ناکرێت ؟**

ئەوەش راستە، بەلام ئەوە بزانە کە ئێمە ئەو شتانە نازانین پێشتر لەلادێ بووین و دوربووین لەشار، دوایی ئەنفالکراین و لێمان قەوماو ماڵوێران بووین، ئەوەش نەزانین ناهەقمان نیە، بەلام خۆ رۆژنامەنوس و رۆشنبیرانیش هەر وادەڵێن بە تاوانی ئەنفال دەڵێن کارەسات !! پێویستە ئێوە بۆمان راست بکەنەوە.

**تۆ پێت ناخۆش نیە پێتان بڵێن پاشماوەی ئەنفال ؟**

وشەی پاشماوە ووشەیەکی جوان نیە بۆ ئێمەی کەسوکاری ئەنفالکراوان هەقنیە بە قوربانیانی ئەنفال بلێین پاشماوە، ئەوە جوانیەو پێمان خۆش نیە وامان پێبلێن بەلام چی بکەین ؟

**ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردوەوە ؟**



ساڵی ١٩٨٩.

**چەند منداڵت هەیە ؟**

دە منداڵم هەیەوچواریان کورن و شەشیان کچێکن یەکێکیان شوی کردوە.

**هیچ یەکێك لە منداڵەکانت بەناوی خوشك و برا ئەنفالکراوەکانتەوە ناوناوەتەوە ؟**

بەڵێ . یەکێکیان بەناوی براکەمەوە ناوناوەتەوە (مستەفا) براکەم مەلای ئەم گوندە بوو، ئەویش ئەنفالکرا .

پێتخۆشە جاشاکان دادگایی بکرێن ؟ یان لێیان خۆشبین ؟

بەڵێ پێمخۆشە، چۆن پێمخۆش نیە، هەقوایە ئەوانە دادگایی بکرێن چونکە بەشداری ئەنفالیانکردووەو ماڵی خەڵکیان وێران کردووە.

**ئەنفالکردنی گوندی جەلەمۆردو ئەو کۆمەڵکوژیەی لێی کەوتەوە بەهێزترین بەڵگەی دڵرەقیو بەدرەفتاری شۆڤێنیزمی عەرەبیە.**

# ئەنفالکراوانی گوندی( قەڵا چەرمەڵە)

ئامادەکردنی فاتیح حەمیدعەبدوللاَ

حەسەن سلێمان عیسا

نوسینی:یەحیایاسین عیسا



گوندی قەڵا چەرمەڵە پێشتر سەربەناحێی سەرقەڵابووە بەڵام ئێستا لەروی کارگێرییەوە سەربەناحێی زینانەیە لەناوچەی دوایێ، بەر لەپەلامارەکانی ئەنفال نزیکەی (٣٠)ماڵیکی تێدا نیشتەجێ بوون وخەڵکەکەی بەهەژاری دەیانگوزەراندوخەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوون. بەرلە ئەنفالیش حکومەت لەباری خزمەتگوزارییەوە بەتەواوی پشتگویی خستبوون، نەرێگاوبان و نەکارەباوخەستەخانەیان نەبووە، قوتابخانەکەیان لەماڵی گوندنشینێکدابوو، دواتریش لەمزگەوتی ئاواییدادەیانخوێند، ساڵی ١٩٨٧ کە گەمارۆی ئابوری خرایە سەرگوندەکان، گوندی قەلاچەرمەڵش مامۆستاکانیان کێشرانەوە بۆشاروقوتابیەکان لەخوێندن بێبەش بوون، لەپەلاماری ئەنفالی سێدا بەتوندی بەرکەوتن و بەهۆیەوە (١٧٩) کەسیان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون لەقۆناغی سێیەمدا بەداخەوە لەناوئەو ژمارە زۆرەداتەنها (٤٦) کەسیان لەزیندان ئازادکراون، لەناو ئەوانیشدا (٧) کەسیان دواتر کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ناوانەی ئەنفالکراوانی گوندی قەلاچەرمەڵە بەمەبەستی دۆکۆمینتکردن دەخەینەرو، هەرچەندە ئامارەکە بێکەموکوری نیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەشێت بەشێوەیەکی نافەرمی وەربگیرێ، چونکە هەولێکە لەلایەن گوندنشینەکان خۆیانەوە ئەنجامدراوەو **ئەنفالستان** بلاوی دەکاتەوە. هەرچەندە هەولێکی زۆرماندا لانی کەمی وێنەی قوربانیەکان بەدەستبهێنین وبیخەینە بەرچاو، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەمان بێهودەبوو. بۆیە ناچاربووین بەبێ وێنەی قوربانیەکان کارەکە بخەینە بەردەست.

## ئەنفالکراوانی گوندی قەڵا چەرمەڵە بە پێی خانەوادە

**سەرۆکی خێزان: محەمەد عەلی حسێن**

دوای ئەنفال شەهید بووە

سەرجەم منداڵەکانی ئەنفالکراون کە بریتی بوون:

١- حەبیبە محەمەدئەمین.هاوسەری

٢- نەوزاد. ٣- شەهاب .٤- سامان..٥- زمناکۆ.٦- گەرمیان.

کچەکانیشی بریتی بوون لە شنۆ و بۆکان.

**سەرۆکی خێزان :ئەحمەد محەمەد** ( شەهید) بووە.

خێزانەکـــەی بـــەناوی زەینـــەب مســـتەفا حەســـەن منداڵەکانی ئەنفالکراوەکانی ( برایم، بەهار)

---

**سەرۆکی خێزان : مەهدی محەمەدئەمین**

هاوسەرەکەی بەناوی ( ئاڵە مارف) و منداڵەکانی بەرپەلاماری ئەنفالکەوتوون کە بریتی بوون لە کوروکچێك بەناوەکانی: سۆران و نیگار.

---

**سەرۆکی خێزان محەمەد جەوهەر محەمەد**

خۆیو خێزانەکەی میناحەسەن وکورو کچەکانی سەرکەوت بەیان ئەنفالکراون .

---

**سەرۆك خێزان: حەسەن عەلی حسێن** بەرشالاَوی ئەنفال کەوتووە. هاوسەرەکەی سەبریە عەبدولکەریم لەزیندان ئازاد کراوە منداڵەکانی بریتی بوون لەم ناوانە :

کورەکان: ( مارف، سەردار، سەیوان ، سیروان ، عەبدلاوی ) .

کچەکان: (لەعلیە، قەدریە ، چنار )

**خۆشبەختانە هەموویان لەزیندان ئازادکراون.**

---

**سەرۆکی خێزان: فارس عەبدوڵلا ئەنفالکراوە**

دایکی فارس عەبدوڵلا لەگەڵ زەریفە عەبدوڵرەحمان لەزینـــدان گەڕاونەتـــەوە لەگـــەڵ کچـــێکی بـــەناوی حەسیبە.

---

**سەرۆکی خێزان نەعیمە رەحیم**

لەزیندانی ئەنفال رزگاربووە، دواتر کۆچی دوایی کردووە. کورەکەی بەناوی یاسین محەمەد ئەمین بەرشالاَوی ئەنفال کەوتووە.

---

**سەرۆکی خێزان: کەماڵ عەلی حسێن**

بەرشالاَوی ئەنفال نەکەوتووە. هاوسەرەکەی بەناوی نـەشمیل عەبدولعـەزیزو کورەکـەی بـەناوی خالیـد، ئەنفالکراون .

---

**سەرۆکی خێزان: ئەحمەد محەمەدحەسەن**

خۆیوهاوســەرەکەی نــەزیرە رەشــید (٩) منــداڵیان بەرئەنفالکەوتوون.بەم ناوانە: ( رێزان، نەدیمە، ژیان، بـەیان، لیمـۆ) کورەکـانی حسـێن، سـدیق، رەفیـق، محەمـەد) سـەرجەم ئەومناڵانـە بەرشـالاَوی ئـەنفال کـەوتون، تـەنها دوومنالیـان بـەناوەکانی(تـاریق- سەباح ) بەرنەکەوتوون .

---

**سەرۆکی خێزان:ساڵح محەمەدرەشید**بەرشالاَوی ئەنفال کەوتووە. هاوسەرەکەی نەعمەت خورشید.لەگەڵ کورەکەی بەرزانوکچەکەی شنۆ

لەبەندیخانەی نوگرە سەلمان شەهید بوون.

ئەوخوشكوبرایەش لەزیندانی نوگرە سەلمان رزگاربوون بەناوەکانی: ئیسماعیل، نەمام)

---

**سەرۆکی خێزان:سەعید عەزیز محەمەد**

لەگەڵ هاوسەرەکەی بەناوی نسارمحەمەد ئەنفالکران.

---

**سەرۆکی خێزان: محەمەدعیساحەسەن**،هاوسەرەکەی حەیران رەحیم وئەم مناڵانەی بەرشالاَوی ئەنفال کەوتوون: (ئیمان، سەلیم) .

---

**سەرۆکی خێزان : سەعید عیساحەسەن**

هاوسـەرەکەی گوڵسـتان سـابیر لەگـەڵ ئـەو مناڵانـەی خوارەوە سـەرجەمیان بەر ئەنفال کەوتوون: ئەختەر، سەمیرە، کوێستان، سەلام.

---

**سەرۆکی خێزان : محەمەدمستەفاحەسەن** بەرشالاَوی ئەنفال کەوتووە.

هاوسەرەکەی بەناوی فکریە عەلی محەمەد، لەگەڵ ئەو منداڵانەی خوارەوە لەزیندان رزگاریان بووە.(عەزیمە، سۆیبە، ئامینە، نەمام، جوانە، هاشم، هێمن )

**سەرۆکی خێزان :خەلیل عەبدوللا**

بەرشالاوی ئەنفال نەکەوتووە،بەلام هاوسەرەکەی نەمام حەمیدئەنفال بووە.

**سەرۆکی خێزان : جەبار حەمید عەبدولا**

خێزانەکەی: ئاڵتون ئەحمەد

منداڵەکانی: گۆران، سۆران، هەنار، نیگار، ئاواز، بەفرین)ی هەموویان ئەنفال بوونە.

**سەرۆکی خێزان : مەجید حەمید عەبدولا**

خێزانەکەی: غەزێمە رەشیدو منداڵەکانی: مەریوان، رووناك )

هەموویان ئەنفال بوونە

**سەرۆکی خێزان :**

**شەمسە محەمەد ئەمین** خۆی لەزیندان دەرچووە

کچە ئەنفالکراوەکانی بریتین لە : کەسران حەمید، فەریدە حەمید)

تەنها یەك کوری بەناوی (فاتیح حەمید) بەرشالاوی ئەنفال نەکەوتووە.

**سەرۆکی خێزان : ناسیح ساڵەح حەمید**

خێزانەکەی: بەهارە محەمەد

منداڵەکانی: هێمن، پشتیوان، هەموویان ئەنفال بوونە.

**سەرۆکی خێزان : خاتون حەسەن**

پاش ماوەیەك لە گەڕانەوەی لە زیندان کۆچی دوایی کردووە. کورەکەی بەناوی (جومعە عەلی حسێن) ئەنفال بووە.

**سەرۆکی خێزان : عەزیز عەبدولا حەسەن**

ئەنفال بووە

خێزانەکەی: فەوزیە

منداڵەکانی: شەهلە، نەهلە، بەهادین) منداڵەکانی بەر ئەنفال، نەکەوتن.

**سەرۆکی خێزان : جەهاد محەمەد ئیبراهیم**

خێزانەکەی: ئامینە رەحیم

منداڵەکانی: قانع، سەمیرە، ئەمیرە، هەموویان ئەنفال بوونە.

**سەرۆکی خێزان : ئازاد محەمەد ئیبراهیم**

خێزانەکەی: نەخشین جەواد منداڵەکەی بەناوی (کەژاڵ) هەوویان ئەنفال بوون.

**سەرۆکی خێزان : نازدار ساڵەح**

لە زیندان دەرچووە

کورەکەی بەناوی (نەجات محەمەد) بەر شالاوی ئەنفال نەکەوتووە.

**سەرۆکی خێزان : ئەفتاو مەنسور**

منداڵەکانی: ( نەشمیل، لەیلا، پەخشان، ستابە، مەنیجە، نەجیب، دارا، حەسیب) هەموویان لەزیندان دەرچوونە.

داپیرەیان بەناوی سەوسەن محەمەد لە(نوگرە سەلمان) شەهید بووە .

**سەرۆکی خێزان : خورشید فەریق حەمید** ( ئەنفالکراوە)

خێزانەکەی: بەناوی ئامینە محەمەد منداڵەکانی: شێرزاد، مەجید، ئاوات، لەیلا، هێرۆ) هەموویان لەزیندان بەربوون، بەلام کوروکچێکیان بەناوەکانی: (سوعادو بێستون) هەر لە (نوگرە سەلمان) شەهیدبوون .

**سەرۆکی خێزان: مەجید عەزیز محەمەد**

لەگەڵ دوو کوڕی بەناوەکانی (فاتیح و محەمەد) ئەنفالکراون وخێزانەکەی: نەجمەخالد منداڵەکانی: فەسیح، لەمیعە، سەمیعە، غەزێم، فازڵ، هەموویان ئەنفال بوونە.

---

**سەرۆکی خێزان: عەزیز محەمەد عەلی**

خێزانەکەی: ئامینە حەمید

لە زیندان دەر نەچوونەو پاشان کۆچی دواییان کردووەو یەك کوڕی بەناوی (جەواد) بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتووە .

---

**سەرۆکی خێزان: عەبدوڵا ڕەشید شەریف**

ئەنفالکراوە. خێزانەکەی: خەدیجە حەمید

لەگەڵ دوو منداڵ بەناوەکانی: کاروان وشنۆ)

بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتوونە.

---

**سەرۆکی خێزان: محەمەد فەریق حەمید**

خێزانەکەی ( مەحسومە مەحمود) و کچەکەی (بێگەرد) هەموویان ئەنفالن.

---

**سەرۆکی خێزان: ڕەشید جەوهەر محەمەد**

لەگەڵ دوو کوڕی بەناوەکانی (قادروکەریم) بەر ئەنفال کەوتوون ، خێزانەکەی بەناوی ڕەسمیە شەریف و پێنج کچ و سێ کوری ئەنفالکراون:

نەعیمە..، ئیسمەت.. ، شوکریە...، شلێر...، سۆیبە) کورەکانی : ( جەلال، سامان ، جەبار.)

---

**سەرۆکی خێزان: عەلی جەوهەر محەمەد ئەنفالکراووو لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە.**

خێزانەکەی (حەیزەران غێدان) و هەموومنداڵەکانی ئەنفالکراون بەم ناوانەی خوارەوە:

کورەکانی : ( عومەر ، حەسەن ، کامەران، سیروان) ( هەنار) کچەکەی .

دوو کوڕی ماون بەناوەکانی (غەفور و قادر) .

---

**سەرۆکی خێزان: فانۆس شەریف** ( ئەنفالکراوە).

یەك کوڕی بەناوی (کامیل جەوهەر) بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتووە.

---

**سەرۆکی خێزان:عەبدوڵا ئەحمەد عەبدوڵا**

خێزانەکەی: فەریدە غێدان

منداڵەکانی: کامل، سەردار، سەرگوڵ،

هەموویان ئەنفال بوونە.

---

**سەرۆکی خێزان: گورجییە عەبدوڵا ئیسماعیل**

لە زیندان دەرچوونەو کچەکەی بەناوی (نەجمە ئەحمەد) ئەنفال بووە.

---

**سەرۆکی خێزان: خورشید جەوهەر محەمەد**

بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتووە.

خێزانەکەی: مەحبوبە مستەفا

ئەنفال بووە.

---

**سەرۆکی خێزان: مەحمود ئەحمەد عەبدوڵلا**

هاوسەرەکەی غەزێمە حەمیدو منداڵەکانی بەرشالاوی ئەنفال کەوتوون، بەناوەکانی : کوڕەکان ( سالار، سامان) کچەکان ( نەمام، سێوە، خەولە)

**تەنها یەك کوڕی بەناوی حەسەن مەحمود دەربازی بووە.**

---

**جەبارمحەمەد ئەمین.** (شەهیدکراوە) هاوسەرەکەی شەوکەت عەلی حسێن ومنداڵەکانی بەرشالاوی ئەنفال کەوتن بەناوەکانی: سەلام ، ڕێبوار، مەسعود، نەشمیل) .

[redacted]

# بەهاری ئازادی و مەرگی کەرە گوێ لەق



سەیرە راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ئازادی بۆجاش‌وموستەشارەکان لێکەوتەوەو مەرگی (کەرەگوێ لەق) ی لێکەوتەوە . .!

لە دوای پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیان‌و چۆڵبوونی ناوچەکە چەند دەستەیەك پێشمەرگە بریاریاندا لەو هەردەو جەوەڵانەی گەرمیاندا بمێننەوەوچۆك بۆ رژێمی دکتاتۆری بەعس دانەدەن، هەڵبەتە ئاوردانەوە لەونەبەزینە ئەرکێکی ئەخلاقی‌و سیاسی هەموولایەکمانە، بەتایبەتی خودی ئەوپێشمەرگانەی بەئازایەتی مانەوەو بەرگەی هەموو ترس‌و برسێتی و سەرمای توندی زستان‌وگەرمای تاقەت پروکێنی گەرمیانیان گرت، بەڵام بەوحاڵەشەوە ئەوپێشمەرگانە لەرەخنە بەدەرنین، یەکێك لەو رەخنانەی روبەروی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی ئەنفال دەبێتەوە، بێ وەفاییانە بەرامبەر کەرەگوێلەق، کە دوای ئەوەی دەرفەتی رزگاریان بۆ هەڵکەوت، ئەوانیش کەرەگوێلەقیان وێلکردو فەرامۆشیانکرد. بەداخەوە بەهۆی تەنیاکەوتن‌و بێکەسیەوە کەوتە دەم کەڵبەی گورگی هاروگیانی لەدەستدا .لێرەوە سوپاسی بەڕیز عومەر کلۆڵ‌و هونەرمەند زییرەگ میرەین کە پەیکەرێکیان بۆ دروستکردووە، بەڵام ئەفسوس دوای گیان لەدەستدانی !!

پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان چیرۆکی سەیر لەبارەی ئەو ئاژەڵە زەحمەتکێشەوە دەگێرنەوە، پێشمەری پارتیزانی دوای ئەنفال (حەمەرەشید عەلی ) دەلێت ئەگەر باسی کەرە گوێلەق بکەین ئەوا کتیبێکی قەبارە ئەستوری گەرەکە. کەرە گوێ لەق لە شەوانی ئەنگوستە چاودا لەژێر رەهێڵەی باراندا وێرای قورسی بارەکەی ئەو ساتانەی پێشمەرگە لەناوتاریکی شەوو تۆفانی هەور و باراندا رێیان بۆناوحەشارگەکانیان دەرنەدەکرد، کەرەگوێ لەق رێبەرو رێپیشاندەربووەو رێك‌و راست پارتیزانەکانی بردووەتەوە سەر حەشارگەکانیان.. لەگەشتێکمدا بۆشوێنی حەشارگەی پارتیزانەکان لە جەوەڵ مازوخ (صابیر ئۆمەربلی) ووتی : ( گوێ لەق)یش حەشارگەی خۆی هەبوو، پارتیزانەکان شوێنێکیان بۆ چاککردبوو، هەتالە رۆژانی کێومالڕمەترسی سوپاو بەتایبەتیش سورانەوەی کۆپتەردا، گوێ لەق نەبێتە مایەی مەترسی‌وهۆی ئاشکرابوونی پێشمەرگەکان، بۆیە لەو کاتانەدا ئەویشیان دەکردە ناوحەشارگەکەی‌و هەندێك جار دەمیشیان دەبەست، هەتا بەهۆی زەرینیەوە پەندێك نەداو ئاشکرایانبکات.. بەڵام رۆژگاری ستەمکاری دریژەی کێشاوماوەی سێ ساڵ ( گوێ لەق) بووە باشترین و بەسود ترین هۆکاری گواستنەوەی پارتیزانەکان، لەهەمووی سەرنجراکێشتر راهاتنی ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە بوو لەگەڵ ئەومەترسیانەی دەهاتنە پێشەوە بۆیە، هەرکاتێك گوێی لە دەنگی کۆپتەربوایە بێ ئەوە پێویست بکات پارتیزانەکان بچێت بیکاتە حەشارگەکەیەوە خۆی دەچووە ژورەوەو کەی مەترسی نەمایە دەهاتە دەرەوەو بۆخۆی منەی خۆراکی دەکردو سکی تێر دەکرد.. بەداخەوە ئەگەر راپەرین بۆ جاش‌وموستەشارەکان نەبووە مایەی لێپرسینەوەو سزادانیان، ئەگەر بۆهەندێکیش بووەمایەی دەوڵەمەند بوون، ئەوا یەکەمین چەخماخەی راپەرینی ئازادی بۆ گوێ لەق بووە مایەی ئەوەی ژیانی ئەویش کۆتایی پێبێت، چونکە پارتیزانەکان بەجێیانهێشت‌و ئەویش لەودەشتە گورگ خواردی !

# چەند پێشنیارێك بۆ یۆبیلی تاوانی ئەنفال



ئومێد سوبحی

١. وەزارەتەکانی شەهیدان و ئەنفال، شارەوانی، دەستەی ژینگە، دەستەی گەشتوگوزار لەڕێگەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیانەوە لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمدا، هەڵمەتێکی گەورە ئەنجام بدەن بۆ سەوزکردنی کوردستان بەناشتنی (١٨٢) هەزار نەمام وەکو ئاماژەیەك بۆ ژمارەی قوربانیانی تاوانەکە.

٢. وەزارەتەکانی شەهیدان و ئەنفال، ڕۆشنبیری، دامودەزگاو سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆیی و دەرەکی، کردنەوەی پێشانگای کتێب بۆ ناونیشانی جۆراوجۆر، کە ئەگەر بکرێت ژمارەی ناونیشانەکان نزیکەی (١٨٢) هەزار ناونیشان بێت. هەروەها بۆ هەر کتێبخانەیەکی گشتی شارو شارۆچکەکان (١٨٢) کتێبی جۆراوجۆر دابین بکرێت.

٣. لەهەر شاروشارۆچکەیەك بەهاوکاری هەموو دامودەزگا جۆربەجۆرەکان (١٨٢) فەرمانبەری نموونەیی هەڵبژێرن و پاشان ڕێزلێنان و خەڵاتکردنیان.

٤. ئەگەر بکرێت حکوومەت لەڕێگەی وەزارەت و دامودەزگا جۆربەجۆرەکانەوە کردنەوەی (ئیفتتاحی) (١٨٢) پرۆژەی تەواوکراو لەناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بخاتە هەفتەی یادی ئەنفال، سەرباری دانانی بەردی بناغەی (١٨٢) پرۆژەی نوێ لەهەمان هەفتەدا.

٥. لەسەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا لەیادی ئەنفالدا لەشوێنە دیارو گشتییەکاندا (١٨٢) هەزار ئاڵای کوردستان لەلایەن هێزو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەڵبواسرێت.

٦. سەرجەم پەرلەمانتارانی کوتلە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق جلوبەرگی کوردی بپۆشن، ئەگەر کۆبوونەوەیان هاوکاتی ئەم یادە بوو، پاشانیش گوڵی سپی ببەخشنە سەرجەم ئەندامانی دیکەی پەرلەمان.

٧. هەڵمەتی پاکردنەوەی ژینگە لەسەرانسەری کوردستاندا ئەنجام بدرێت، دەکرێت وەزارەتەکانی شارەوانی و خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

٨. لیژنەی باڵای ئۆڵۆمپی وتیپ ویانە وەرزشییەکان ئەگەرلە توانایاندا بێت لەم ساڵیادەدا لەناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان، (١٨٢)چالاکی وەرزشی ئەنجام بدەن.

٩. هەڵمەتی کۆکردنەوەی مادی بۆ ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا ئەنجام بدرێت.

١٠. هەموو ئەو کونسوڵخانەو نوێنەرایەتی وڵاتانەی کە لەهەرێمدان لەم یادەدا بەسەر بکرێنەوەوزیاتر لەم تاوانە تێبگەیەنرێن. ئەگەر بکرێت پەرتوکێکی تایبەت بەم تاوانەو وردەکارییەکانی بەزمانی جۆراوجۆر ئامادەبکرێت و بدرێتە ئەوکونسوڵ ونوێنەرایەتیانە.

١١. لەوباڵیۆزخانانەی عێراق کەباڵیۆزەکانیان کوردن یان نوێنەرایەتیەکانی حکوومەتی هەرێم، ئەم یادە بەرز ڕابگرن و ئەگەر بکرێت لەو وڵاتانەی کەهەن سەردانی پارلەمان و دامودەزگا تایبەتەکانی مافی مرۆڤ...تاد، بکەن و زیاتر لەم تاوانە بەئاگایان بکەن. بەتایبەتی لەئێستادا کە مەیلێك بەلای کوردو تاوانەکانیدا هەستی پێدەکرێت.

١٢. کۆمەڵێك ڕێنمایی تایبەت بەیادکردنەوەی تاوانەکە ئاراستەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکرێت، ڕێگە نەدرێت وەکو ساڵانی ڕابردوو هەندێك بەرنامەی تەقلیدی و نوێکردنەوەی برینی قوربانیەکان لێبدرێتەوە. بەڵکو بەبەرنامەی نوێ و بابەت و گفتوگۆی جدی کە بەئاڕاستەی ژیاندۆستی و بنیادنانەوەی کەسایەتی تاکی کوردو چاندنی ڕۆحی بڕوا بەخۆبوون و ئومێدو گەشبینی و لێبوردەیی.

# حەمە ئەمین عبدالقادر محمود، تاقەدەربازبووی بنەماڵەکەیتی



## ئەنفالستان

لەناوقەرەباڵغی و ژاوەژاوی بازاری هەڵەبجە بچوکترین دوکان دەبینریٚ، کە تێکەڵەیەکە لە وردەواڵەو جل‌وبەرگ‌و کەل‌وپەلی ناومالٚ، پیاوێکی تاساو بەلاٚم میهرەبان مامەڵە لەگەلٚ کریارەکانیدا دەکات، بێئەوەی کریار ئاگاداری دیوی ناوەوەی ئازاروخەمەکانی بێت،خەمێك جیاوازنیە لەخەمی زۆر کەسی گەرمیانی وهەڵەبجەییەکان، خەمی ئەوناوچانەی بەگازی کیمیاوی لەپەل‌وپۆخران‌و جەژنی لێکردن بەشین، تاوانی ئەنفال‌و کیمیاباران ئەوەندە بەقوڵی رۆچووەتە ناو ناخی قوربانیەکانەوە زۆر ئەستەمە بەتێپەرینی وەخت‌و بەم تەنگە رۆشنبیریەی ئەمرۆمانەوە بتوانین راڤەیەکی گونجاو بۆساریژکردنی برینی قوربانیەکانی بکەین.

لەماوەی گەران‌و پشکنینیدا ئەنفالستان تێبنی ئەوەی کردووە، زۆرن ئەو کەسانەی بەرامبەر جەژنی قوربان‌و ڕەمەزان هەستیارن‌و بەناچاری یان لەبەر منداڵەکانیان نەبیٚ هەرگیز چەژن ناکەن، بگرە هەیانە بەراشکاوی دەڵێت : ئەگەر بەدەست من بێت ئەو جەژنە لە داب‌و نەریتی کوردی دەسڕمەوە..!! لێرەدا قسە لەسەرئەوە ئەوەنیە ئەو کەسانە بەگوناهبار تەماشادەکرێن یان نا؟ ئەوەندە گرنگە لەهۆکاری ئەوهەستە بکۆڵینەوە.

حەمەمین خەڵکی گوندی گردەناوێی هەڵەبجەیە، ئەم پیاوە تاقە دەربازبووی خانەوادەکەی نیە بەڵکو تاقە دەربازبووی بنەماڵەیەکی ناسراوە. هۆکاری خەمی سەر روخساری ئەوەیە کە لەکیمیابارانی هەڵەبجە دا خانەوادەو بنەماڵەکەی زۆر خراپیان لێقەوما، لە بۆردومانەکەی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو خانەوادەی براگەورەکەی (حەبیب عەبدالقادر) بە گازی کیمیایی خنکان ، تەنها حەبیب خۆی‌و کچێکی دەربازبوون، هەرئەو ئێوارەیە لەگەلٚ ماڵی باوکی لەهەڵەبجە دەرچوون‌و دواتر ئاوارەی ئێران بوون، جەلالی برای کە تەمەنی ٧ سالاٚن بوو، ونبوئەوان حسابی شەهیدێکی کیمیابارانیان بۆ کردبوو، بەلاٚم جەلال لەئیران دۆزرایەوەوهەتائێستاش نازانن، کیٚ لەکاتی بۆمبارانەکە دەربازی کردووەو گەیاندویەتیە کەمپەکانی ئێران.؟! بەلاٚم ئەفسوس دوای ئەوەی لە ئێران گەرانەوە (خاوەر)ی دایکیان‌وحەبیب‌و تاکە کچە دەربازبووەکەی‌و جەلالی برای هەموویان لە سنوری تەوێڵە کە بە لێبوردنی گشتی گەرابوونەوەو لەلایەن ئیرانیەکانەوە رادەستی لیژنەی پێشوزاری لەئاوارە گەراوەکان کران، ئیتر هەرئەو رۆژە بران بۆ تەواری سلێمانی و دواتریش بۆ تۆپزاوا ..ئتر جاریکی ترنەبینرانەوە، بەوشێوەیە خانەوادەی (عەبدالقادر محمود) هەموویان تێداچوون، تەنها خۆی‌وحەمەئەمینی کوری مانەوە، دوای ساڵی ١٩٩٣ خۆشی کۆچی دوایی کرد، ئیتر لەو بنەماڵەیە تەنها حەمە ئەمین ماوەتەوە، کەچی سەیرە یاسای ماف‌و ئیمتیازی شەهیدان‌و ئەنفالکران ، لە ئاست ئەو تراژیدیایە دەستەوسانەو بەهۆی رۆتین‌و وردنەبوونەوە لە دۆسیێی جینۆسایدی گەلی کورد (حەمەئەمین عەبدولقادر)ی لەمافەکانی بێبەش کردووە، لەبەر رۆتینات‌وبەپاساوی ئەوەی بەڵگەنامەی مردنیان هاوجوت نایەتەوە لەگەل بەرواری ئەنفالکردنیان یاساکە نایانگرێتەوە !!

لەکاتێکدا لێبوردنی گشتی بەرواری ٧ی ئەیلولی سالی ١٩٨٨ خەڵکێکی زۆری لەسەرسنورەکانی تەوێڵەی ناوچەی هەورامان‌وسونێی پشتی قەلاٚتدزیٚ‌ویەزیدی‌ومەسیحیەکانی ناوچەی موصل‌و بادینانی بەتەنوری ئەنفالدا کرد، ئەوانەش بەخەیاڵی خۆیان دەهاتنەوە سەر مالٚ‌وحالٚی خۆیان بەلاٚم جاریکی ترچاویان بەدنیا نەکەوتەوە !! نمونە قوربانیەکانی گوندی سێدەرو دۆڵی جافایەتین لە گۆرەبەکۆمەڵەکەی ناوچەی حەزەری پاریزگای موصل بوون !



## هادی بابە شێخ

## بەناوی دینەوە لە شێخان و موصل و بەعشیقە، بە بۆمب لێماندەدەن و ئێمە منداڵانی موسوڵمان دەبەین چارەسەریان دەکەین و چاکیان دەکەینەوە .

**هادی بابەشێخ کوری بابەشێخ میری یەزیدیانە ماوە ( ) ساڵ لە ئەڵمانیا ژیاوەولەوێ بەتەنیشت کاری تایبەتی و بژێوی خۆیەوە سەرقاڵی کاری رێکخراوەیی و مرۆڤدۆستی بوو، بێ ئەوەی وەك کەسێك چالاك لەو بوارەدا لە راگەیاندن ومیدیای کوردیدا دەرکەوتبێ. ئەو لەوڵاتی ئەلمانیا بەکاری شۆفێری نانی پەیدادەکرد، سەرچاوەی بژێوی ماڵ و منداڵەکانی جگە لە تەکسی گێڕی شتێکی تر نەبوو، کەچی بەهۆی کارە خێرخوازیەکانیەوە دووجارکارەکەی لەدەستداوە، زۆر لە رۆژنامە ئەڵمانیەکان دەربارەی کارە ئینسانیەکانی هادی بابەشێخیان نوسیوەو پارێزگاری شارەکەشی خەڵاتی کردبوو، مەدالیای زێرینی پێبەخشیووە، هەشت رۆژنامەی ئەڵمانی دەربارەی کارە ئینسانی و توانا سەرسورهێنەکانی هادی نوسیویانەودوو رادیوی ئەڵمانی و رادیوی دەنگی ئەمریکا دیداریان لەگەڵدا سازکردووە، لەژمارە ( ٦ )ی ئەنفالستاندا بەکورتی باسێکی کارەکانی و ئەو خەڵاتەمان کردووە، وەلێ ئەفسوس راگەیاندنی کوردی هیچ گرنگیەکی بەم مرۆڤە سودمەندە نەداوە !! ئێمە لەم دیدارەماندا مەبەستمانە ئەم رەفتارانەی بابەشێخ بەرزبنرخێنین و بەکۆمەڵگای کوردستانیش بلێن هێشتا هیوابروانین چونکە مرۆڤی تەندروستمان ماون.. لەو سۆنگەیەوە لەسەردانێکیدا بۆ شاری سلێمانی ئەم دیدارەمان سازکرد**

**بەخێربێت ئەگەرخۆت بناسێنی ؟**

زۆر سوپاس من ناوم هادی کوڕی بابەشێخم

**چۆن بیرت لەوە کردەوە ئەومنداڵانە بەریت بۆ ئەلمانیا بۆچارەسەر ؟**

لە یەکەم لێدان وتەقینەوەی شەنگال کە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوونە قوربانی ٤٠٠ کەسکوژران، ئەوە هەموومانی هەژاند، زۆر لەقوربانیەکانیش منداڵ بوون، کەسانی بێ تاوان بوون، ئێمە ئەوکاتە ئەوەمان بەبیرداهات کەوا ئەوانەی بوونە قوربانی ئەو کردەوە تیرۆرستیە، چەندی بتوانین بیانبەین بۆدەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر. ئێمە لە چەند رێگەیەوە هەوڵماندا پردێك بدۆزینەوە بۆ پەراندنەوەی ئەو قوربانیانە بەتایبەتیش منداڵەکان، ئەمەشمان لەگەڵ رێکخراوەکان بوو، بۆئەوەی بتوانن هاوکاریمان بکەن، هەم بتوانن فەندێك پەیدابکەن بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان هەم بتوانن کارئاسانی ڤیزاو پەرینەوەیان بکەن. بێگومان بەبێ ئەو پەیوەندیانە هیچمان پێنەدەکرا. ساڵی ٢٠٠٤ رۆژنامەنوس هەبوو، هاتبووە ماڵمان لەگەڵ دکتۆر میرزا حەسەن دلای بەیەکترم ناساندن و باسی ئەو مەسەلەیمان کرد، ووتی من رێکخراوێك دەناسم هەوڵدەدەم هاوکاریتان بکات. ئەو رێکخراوەش بە کوردیەکی پێی دەڵێن شوێنی خەوتنی منداڵان یان لانەی منداڵان، کەچووینەلایان لەوێ دکتۆرێکمان بینی ووتی: من بەرپرسی رێکخراوەکەم خۆشی پسپۆربوولە شکاوی، ووتی : من هاوکاریتان دەکەم و کارەکەی پێ پەسەندبوو، یەکەم هەوڵمان ٨ منداڵمان برد بۆ ئەڵمانیا، ئەوانەش تەنها چارەسەریان بۆ دەکردن دەنا دەبوو لەماڵی خۆمان بەخێویان بکەین و تەنانەت تەداویشیان بکەین. لەو هەشت منداڵە یەکێکیان بەرمن کەوت ناوی حازم بوو. حازم تەمەنی ١٦ ساڵ بوو ٤٢ رۆژ لەماڵی ئێمە مایەوە.

**ئەوهەشت منداڵانە هەموویان موسوڵمان بوون ؟ یان یەزیدی ؟**

نا ئەو کۆمەڵە هەموویان یەزیدی بوون موسوڵمانیان تێدا نەبوو، هەرلە سۆنگەی ئەو پرسیارەوە پرۆفیسۆرەکە پرسیارێکی لێکردم ووتی: وا تۆئەم منداڵانە خزمەت دەکەی ئەگەر یەزیدی نەبوونایا، مەسیح یان موسولمان بونایە ووتم بۆمن هیچ جیاوازی نیە، کوردبن فلیپینی بن، تورکمان بن، جولەکەبن یان ئاشوری من خزمەتی ئینسان دەکەم. حەقیقەت ئەویش وەلامەکەمی زۆرپێخۆش بوو، دووهەم وەجبە کچێکی هەڵەبجەیی و دوو کوڕبوون، یەکێکیان ڕەیان بوو، ئەوی تریان عەلی بوو، یەکێکیان سونەو یەکێکیان شیعە بوو، ڕەیان کورد بوو سونە مەزهەب بوو، عەلیش خەڵکی بەسرە بوو شیعە مەزهەب بوو.

**ئەو کارە زۆر زەحمەت نەبوو بۆ ئێوە ؟**

ئەمە بۆ مێژووە بۆیە باسی دەکەم دەنا ئەو زەحمەتە شایانی باس کردن نیە، بەڵی ئەوەندە زەحمەت بوو، ئەوەندە زەحمەت بوو بەتایبەتی بۆمن لەو کاتەدا، زەحمەتیەکەی گەیشتە ئاستێك کارەکەمم لەدەستدا ..

**ئەوانە چەند دمانەوە لەلاتان ؟**

عەلی ١١ مانگو بیستوپێنج ڕۆژ مایەوە، ڕەیانیش ٥ مانگو سیانزە ڕۆژ لەلامان مایەوە .

**ئەی چۆن دەتانتوانی بیرژێنە سەر خزمەتکردنیان خۆ ئەوانە هیچیان نەیاندەتوانی خزمەتی خۆیان بکەن..؟**

نەخێر چۆن بتوانن ڕەیان هەردوچاوی و دەستێکی لەدەست دابوو، بڕوا بکە لەشی ئەو کورە جیگەی پەنجەیەکی نەمابوو پارچەی پێوە نەبێت هەموو بەدەنی پارچە بوو، عەلی قاچێکی نەبوو، بۆری میزکردنی نەمابوو، هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا زۆر زەحمەت بوو، شۆردن و پاککردنەوەیان خەوتنیان هەمووی ئاڵۆزبوو، هیچیان ئاسایی نەبوون.

**هەڵبەت گرفتی سایکۆلۆژیشیان هەبووە ؟**

بەڵێ بێگومان بۆنمونە ڕەیان ماوەیەك مانی لەنانخواردن گرتبوو دەیگوت ئێوە ئیسلام نین نانی ماڵتان حەرامە، عەلی تەندروستی زۆر خراپ بوو، لەتەمەنی کورەکەی خۆمدابوو، جاری واهەبوو لەگەڵ (ئارام) کورەکەم یارییان دەکرد، ڕەیان تورە دەبوو هەستی بە بێتاقەتی دەکرد، چونکە ئەو چاوی لێیان نەبوو، تورە دەبوو.

**ببورە با لەسەرئەو خاڵە بووەستین بۆچی دەی گووت نانی ماڵتان حەرامە ؟ مەبەستی ئەوە بوو ئێوە یەزیدین ؟**

بەڵی زۆر بەداخەوە یەکەم ڕۆژ کە ڕەیان هێنابوومان، ووتی: بابە هادی ووتم بەڵی، ووتی تۆ کافری ؟ وتم نە کافرنیم، ووتی ئەی بۆ نوێژ ناکەیت " ووتم نایکەم ووتی دەکەواتە تۆ کافری موسوڵمان نیت ؟ ووتم بۆچی من کافرم بابە ؟ ووتی: مەلا ڕەشید لەمزگەووت پێی گووتووین ئەوەی نوێژنەکات کافرە، ئێخۆنەدەکرا من درۆ لەگەڵ ئەومنداڵەبکەم پێمگووت نا ڕەیان من موسوڵمان نیم ووتی: ئەی چیت..؟ ووتم: ئینسانێکی کوردم .. ووتی نا تۆ کافری ئێوە هەمووتان کافرن موسولمان نین نانی ئێوە ناخۆم حەرامە ووتم بابە کێ ئەم قسانەی پێ گوتووی ووتی مامۆستا لەمزگەوت پێی گووتووین نانی کافر حەرامە . ئیتر ڕەیان هەستا ڕۆیشت چووبۆ حەمام کەچووم بەدوایدا ئاخر دەبوو ئیشی تەوالیت و حەمامیشیان هەرخۆم بمکردایە تەماشا دەکەم خەریکە بەپەنەکانی خۆی دەرشێنێتەوە .. زۆر بێتاقەت بووم، هێنامە دەرەوە کەوتمەوە قسەکردن لەگەڵیدا باش بوو خەوت.

**ئێ وا ئەوکاتە خەوت ئەی دواتر ؟ ماوەی ئەوپێنج مانگە چۆن گوزەراندی ؟**

بەیانی کە لەخەو هەستا نان حازربوو نانی نەخوارد، ووتم بۆ نان ناخۆی ؟ ووتی ناخۆم لە بەر ئەوەی خێزانەکەی تۆ پیسە، لەراستیدا ئەوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو، ووتم بابە خێزانەکەم بۆ پیسە دایکی منداڵەکانمە خزمەتی تۆ دەکات .. دوایی زۆر

لەگەڵیدا خەریکبووم ئیتر وانەما بەپێچەوانەوە ئەوەندە هۆگری من ببوو، بروابکە کە هاتینەوە لەفرۆکە خانەی سلێمانی، بە سەدایەك هاواری کرد بە کاك سیروانی ووت: باوکە تۆ باوکی من نیت مامە هادی باوکمە هەرچی لەویێ بوودەستی کرد بەگریان دوایی زۆرباش بوو. تەنانەت باوکی سەری سورمابوو ووتی: من دووهەفتە لەئێران تەحمولی رەیانم نەکردووە تۆ چۆن پێنج مانگ هەڵتکردووە لەگەڵیدا ؟

**ئەوان ژوورێکی تایبەتیان هەبوو یان هەرلەگەڵ خۆتان بوون؟**

نانا هەر لەناو منداڵەکانی خۆماندا بوون جیاواز نەبوون.

**ئەی لەگەڵ عەلی چۆن بوو ئەم کوردو ئەو عەرەب ؟**

گرفتی کوردو عەرەبیان نەبوو، بەڵام گرفتی مەزهەبیان هەبوو، رەیان کوردو سوننەش بوو، عەلی عەرەبی شیعە بوو، زۆرجار بەگژیەکدا هەڵدەشاخان، شتێکی خۆش بگێرمەوە، رۆژێك لە ماڵەوە لەسەرکەناڵی نەورۆز تیڤی گۆرانیەك بووباسی دیاربەکری دەکرد، بەڵام عەلی وای زانی باسی ئەبوبەکری صدیق دەکات، ئەوعەرەب بوو لە گۆرانیەکە تێنەدەگەیشت، پەنجەی رادەوەشاندو دەیگووت ناعلی علی ابوبکروعمروکلهم .. رەیانیش سوننە بوو، پێی زانی کە عەلی جنێو دەدات خەڵکی کەرکوك بوو تێدەگەیشت بەمنی ووت بابە هادی پێبلێی من جنێو بە عەلی و حسن و حسێن نادەم چونکە ئەوانیش پیرۆزن بەڵام لە دایکی مقتەدا سەدربەم .

**کەواتە ئەوان هیچ لە خەستەخانە نەدەمانەوە هەر لەماڵەوە بوون..؟**

نا خەستەخانەکە شوێنی مانەوەیان نەبوو، دەبوو دوایی نەشتەرگەری و چارەسەر بیانهێنمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام جاری واهەبوو دەمبرد بۆ شوێنێك هەبوو وەك چۆن دەڵێی سەنتەری گەنجان یاری تۆپانێ وشتی وام پێدەکردن.. ئەوچاوی لێی نەبوو لەپر خۆم هاوارم دەکرد هێی رەیان لێیی دا بەوە دڵی خۆش دەبوو ئەمەم بۆ ورەبەرزی وحالەتی سایکۆلۆژی ئەودەکرد. هەڵکردن لەگەڵ رەیان زۆر زەحمەت بوو، کاکسیروان باوکی رەیان دەیگووت: من کوری خۆمە ( ٥ ) رۆژ لەگەڵیدا هەڵناکەم چۆن ئێوە پێنج مانگ هەڵتانکرد؟ ئەمە باوکی بووتی .

**ئەوەشم بیستووە کەوا لەلایەن هەندێك یەزیدیشەوە سەرکۆنە کراون لەبەرئەوەی منداڵی موسوڵمان بەخێو دەکەن ؟**

( جارێك پیاوێکی یەزیدی میوانم بوو، کە بینی دوومنداڵی موسولمان لە ماڵی ئێمەن و ئەوە حاڵیانە ووتی: تۆ بەبەلاش خۆت ماندودەکەی هەرچییەك بکەی ئەوانە سبەی گەورە دەبن دێن لێماندەدەن وبۆمباماں پێدا دەتەقێننەوە.

**ئەی خێزانەکەی خۆت چۆن بوولەگەڵیاندا ؟**

ئەویش زۆرباش بوو، ئەگەرئازایەتی ئەونەبایە ئەوکارگرنگانە چۆن دەکرانن جارێکیان من گەرابوومەوە سەرکارەکەم بەشەوکارم دەکرد، رەیان وتبووی دادە رەزیا من دەمەویێ لەگەڵ تۆبخەوم، رەزیا ووتبووی باشە، من بەشەو دەچوومە ئیش رەزیا وەکو کوری خۆی لەسەر جێگەکەی من رەیانی بردبووە لای خۆی خەواندبووی .

**خێزانیشت هەریەزیدی یە ؟**

بەڵی ئەویش یەزیدیە .

**بەشێوەیەکی گشتی چەند منداڵ لەماڵتان بوو ؟**

ئاخر هەموو منداڵەکان لە ماڵی من نەبوون، بەڵام لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی مندابوون، لە خەستەخانە، بەڵام ئەوانەی بردمانن زۆربوون، مهەند بەسرەیی بوو، رەیان کەرکوکی بوو، فەرحان خەڵکی موصل بوو، عەلی بەسراوی بوو. مستەفا خەڵکی بەغدابوو، کچێکی ترخەلکی باشیقە بوو. مادرین خەلکی ( ) بەختیار خەلکی دەڤەری موصل بوو.

**پێمباشە کەمێك باسی چیرۆکی تەقینەوەکەی ماڵی ڕەیان وبەرکەوتنی بکەین، چونکه هەندیك لایەنی گرنگی تێدایه دەکرێت باسی بکەین ؟**

ڕەیان منداڵ بووه، تەمەنی ٦ ساڵ بوو کە ئێمە بردمان بۆ چارەسەر لە ئەڵمانیا، یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بووه، دەڵێ ئێمە میوانمان هەبوو، میوانی جەژن لەماڵەوه دوو گەنج هاتبوون عەلاگەیەکیان دابووە دەست ڕەیان وتبوویان : ئەوه دیاری جەژنە بۆ ماڵی ئێوە، بیبە ژوورەوە ڕەیانیش لە کۆڵان عەلاگەکەی لێوەرگرتبوون، بەراردن هاتبووەوە بۆماڵەوە لەحەوشەکەیان کەوتبوو، عەلاگەکەش لەدەستی پەڕیبوو، یەکسەر تەقیبووەوە، باش بوو تەقینەوەکە هەرلەحەوشە بووەو هەر ڕەیان بووە قوربانی دەنا بچوایەته ژورەوەولەوێ بتەقیبایەوە ڕەنگە زۆریانی کوشتبا لە ژورەوە، بەڵام رەیان هەموو جەستەی برینداربوو، یەك شوێنی نەمابوو بەقەد سەرەقەڵەمێك پارچەی پێوەنەبێ، هەردووچاوی لەدەستدابوو، قۆڵی پەریبوو، ئەوه چیرۆکەکەی رەیان بوو.

**سیاسەتی کارتان چۆن بوو؟ بۆنمونە ئیوە بەزۆری منداڵی بەرکەوتووی کام گروپتان دەبرد کورد یان عەرەب ؟**

**یەزیدی یان مەسیحی یان موسولمان ؟**

ئێمە جەختمان لەسەر منداڵ بوو، بێ گوێدانە ئەوەی نەتەوەو ئاینی چیه ؟ لەهەموو گروپەکان بردومانە کورد، عەرەب تورکمان، یەزیدی و موسولمان جیا شیعه بوویێ یان سونه لەهەموو جۆرەکانیشمان بردووه، تەنها لە دۆسیەکیشدا گرفتمان بۆ پێکهات ئەویش کاکەیی بوو، منداڵیکمان لێ ونکرا، بۆئەو مەسەلەیه چومە لای کاك فەلەکەدین کاکەیش، ئەوان زولمیان لە ئێمە کرد، ویستیان عەیبدارمان بکەن، دوای ئەوه کاکەیمان لە سیاسەتی کارکردنماندا بردنی منداڵی کاکەییمان دەرکردو کەسمان نەبرد .

**ئەم خلاقیاتەی تۆپێویستە بلاوببێتەوەو میدیای کوردی گرنگی پێبدات ئایا میدیا خۆی نەهات بەدەمتانەوە یان خۆتان رنگیتان پێنەدا ؟**

میدیا گرنگی پێنەدا بەڵام لەبنەرەتەوە ئەوکارە ئینسانیانە بۆ میدیا ناشین .

**ئەی کەسوکارەکانیان ؟ هەقوایە خۆیان باسی بکەن لە پیناوی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەوپیشاندانی ئینسانیەت و مانا جوانەکانی ژیان ؟**

بەڵێ ئێستاش عەلی لە بەسرە بەمن دەڵێ بابە، ڕەیانیش کەپێشتر بەمنی دەگوت تۆکافری ئێستا وەك باوکیك ڕێزم دەگرێ نەك وەك کەسێك کە هاوکاریم کردووە. تەنانەت ئەو ڕۆژەی گەراینەوە بۆ کوردستان لە فرۆکە خانە کاریکی کرد هەرچی لەوێ بوو دەستیان کردە گریان، بەباوکی گووت: بابە ئیتر بابە هادی باوکی منە تۆ باوکی من نیت، تۆ هاتوویت منی لێبستێنیتەوە، بەمنیشی ووت تۆ دەڕۆیتەوە بۆئەلمان بەڵام من بەتەنیا دەمێنمەوە . جاریکیان برازایەکم بەمیوانی هاتبوو لە سویدەوە، ڕەیان منداڵ بوو، کوری برازاکەشم هەروا دوساڵان بوو، ڕەیان لێی دابوو، برازاکەم تورەبوو، منیش لێی تورەبووم ، وتی چۆن دەبێت بێگانەیەك موسولمانیك لەکورەکەم بدات، ووتم ئەوه بیگانەنیه، ئەوە کوڕی منە، لە کوڕی تۆش دەداو لە کوری خۆشم دەدا ئەوه حالەکەیەتی .. تۆدەبی کەمێك مرۆڤایەتی بفامیت. با ئەوەش بلێم من چووم بۆ کەرکوك بۆماڵی باوکی رەیان شەومیوانیان بووم کە کاتی خەوتن هات منیان خستە نیوان خۆی و براکەیەوە .. ووتیان دەبی لێرە بنویت ئەگەر تەقەشیان لێکردین لەملاوه بابەر خۆم بکەوێ و لەولاشەوە با بەربراکەم بکەوێ گرنگ ئەوەیە تۆ سەلامەت بیت.. ئەوەش وەك هەستو پیزانینی ئەو خانەوادەیە باس دەکەم منیش پێزانینم هەیە بۆیان

**مەبەستم باسکردن نیە لەناوخۆیاندا یان بیوەفایی، مەبەستم نیە داخۆ ئەوان چاکەیان لەبەرچاوە یان نا..؟ مەبەستم ئەوەیە ئەوان ئەرکیانە لەپێناوی ئایندەی ئەم ولآتەوپێکەوە ژیانی ئاشتیانەدا ئەم هەولآنەوئەم تیگەیشتن وکارانەی تۆبلآوبکەنەوە لەمیدیاکان برەوی پێبدەن .**

نانا شتی وانەبووە، بەلآم رۆژنامەی ئەلمانی زۆر گرنگیان پیداوە نزیکەی ٨ رۆژنامەی ئەڵمانیم لەلایە کە باسی ئەو کارانەی منیان کردووە، سەرۆکی شارەوانی خەلآتی ئاشتی پێبەخشیوم لە ئەلمانیا ئەوەبوو خۆت لەئەنفالستان باست کردووە. دوو رادیوی ناوخۆی ئەلمانیا دیداری لەگەڵ سازکردووم، رادیۆ دەنگی ئەمریکا بەهەمان شیوە .

**کەواتە میدیای دەرەکی گرنگی بەکارەکەکی تۆ داوە بەلآم میدیای کوردی فەرامۆشی کردووە ؟**

بەڵی بەداخەوە لێرە کەس گرنگی پێنەدا .

ئەی فەندو سەرچاوەی دارایی ئەو کارانەتان لە کویٚ دەستەبەر دەکرد..؟

رێکخراوەکەمان ناوی پردی ئەڵمانی بوو، واتا پردێك لەنیوان عێراق وئەلمان، پارەیەکی زۆر کەمیان پێدااین، کەتەنها بەشی بردن و هێنانەوەی ئەو منداڵانەی دەکرد، هەربۆیەش ئەو منداڵانە لەماڵی ئێمە بوون، خەستەخانەکەو رێکخراوەکە پارەی نوستن و خزمەتگوزاریان نەدەدا، تەنانەت عەلی بۆجاری دووهەم دەبوایە بهاتبایەتەوە بۆ ئەلمان رێکخراوەکەی خۆمان ووتیان پارەمان نیە ناتوانین بیهێنین، چونکە تەنها نەشتەرگەریەکەی بری ١١٠٧٠٠ یانزە هەزارو حەوسەد دۆلاری پێویست بوو، من بۆخۆم رۆیشتم بۆلای ژنێکی ئەلمانی ئەوانیش رێکخراوێکیان هەبوو، دۆسێکەم بۆ باسردن، پەسەندیان کرد، بەلآم ووتیان ئێمە تەنها بری ١٥٠٠٠ هەزار یرۆدەدەین هیچ بەرپرسیارێتیەکی تر هەڵناگرین.. ووتم قەیناکا کارەکەی ئێمەی پێدەکریٚ، ئەوکاتە دکتۆر میرزا حسن دلای لە عێراق بوو، ووتم عەلی بهێنن ووتی ئاخر پارەمان نیە، ووتم با زەمانە وەرەقی رێکخراوەکەم بۆ ناردن، بەوپارەیە عەلیمان بۆجاری دووهەم هێنایەوە بۆ ئەلمان بەلآم ئەمجارەش هەتا چارەسەری پێویستی بۆکرا، هەر لەماڵی خۆمان بوو.

**ئەو رێکخراوە ناوی چی بوو کە پارەکەی پێدان ؟**

رێکخراوێکی ئەلمانیە بەکوردی ناوەکەی دەبێت دڵیك بۆ منداڵ یان دلی منداڵ.

**بەرلەوەی دەست بەدیدارەکەمان بکەین شتێکت لەبارەی پێکەوە هەلنەکردنی عەلی و رەیان گێرایەوە دەتوانی لێرە باسی بکەیتەوە ؟**

عەلی عەرەبی شیعە تەمەن هەشت ساڵ بوو، رەیان کوردی سونە تەمەن حەوت ساڵ بوو، هەردوکیان هەستیارو دلگەرمی مەزهەبیان هەبوو، جارێکیان لە تەلەفزیۆنی رۆژتیڤی، گۆرانیەك پەخش دەکرا، نە رەیان عەرەبی دەزانی و هەلبەت عەلیش کوردی نەدەزانی، ئاسیاش کچێکی یەزیدی بوو، سترانەکە باسی دیاربەکری دەکرد، لەعەلیش وایە باسی ئەبوبکری صدیق و عومەری کوری خەتاب دەکات، جنێویکی دا ووتی نعلی علی ابو ئەبوبکرو عومەر، رەیان تێگەیشت کە عەلی جنێو بەئەصحابەکان دەدا گری گرت و هەڵبوو، روی کردە من و زۆر پەست بوو، ووتی بابە هادی پێی بلێی من جوێن بە ئەسحابەکانی موسولمانان بە حسین و عەلی نادەم، بەلآم دایکی موقتەدا صدرو مالکی والێدەکەم و وابچیٚ .. ئیتر ئەم بەزمانە بەردەوام بوون.

**چیتر هەیە وەك یادەوەریەکی خۆش لەناو ئەو تراژیدیایەدا ؟**

وەلآ زۆرە نازانم باسی کامیان بکەم ، بەلآم رۆژێکی تر میوانم هات منیش عەلیم هەڵگرت، بیگوازمەوە، فەقیرە یەکێك لە شوینی نەشتەرگەریەکانی تەقی ئیتر کێم و جەراعەت و خوین و

پیسایی ناو قوڵۆنی هەمووی هاتە دەرەوە قەنەفەو ماڵ هەمووی پیس بوو، عەلی هێندەی شەرمی دەکرد هێندە خەمی ئازارەکەی نەبوو، منیش هەر خستمە باوەشم و بەسیارەکەم فرانەدم بۆ خەستەخانە، دوایی کە چارەسەریان بۆ کرد، رۆژێك عەلی دەزانی چی پێگوتم ؟ ووتی بابە هادی تۆ زۆر بەمنەوە ماندووبوویت، نازانم چۆن چاکەت بدەمەوە، بەڵام من پاداشتیکم هەیە بۆتۆ دەبێ لیم قبوڵ بکەی ووتم عەلی من پاداشتم ناوێ ئیمە هەموو مرۆڤین، باشترین پاداشت ئەوەیە مرۆڤین و یەکتریمان خۆش بوێ و یەکتری بەناوی دین و قەومەوە نەکوژین..ووتی : منیش پاداشتیکی باشم بۆ تۆداناوە، دەبێ لێم قبولبکەی ووتم چییە ئەو پاداشتە ووتی: وەڵا پووریکم هەیە خوشکی دایکمە دەیدەم بەتۆ هەربۆتۆ باشە .

**چاکەی تۆ لە زەرەری رەزیا خانم ؟**

منیش هەروام پێگوت ووتم ئەی رەزیا وەکو دایکت خزمەتت دەکا چۆن دەبێ؟ تۆ ئاواچاکەی بدەیتەوە. ؟ رەزیا لەمن زیاتر پێوەی ماندوو بوو . کەچی وتی : قەیدی چییە لەلای ئیمە دوژن ئاساییە، با دایە رەزیا لێرە لەئەلمان بێت ژنیکی تریشت لە عێراق بێت .

**من جارێکی تر ئەوداخەی خۆم دوبارە دەکەمەوە کە بۆچی راگەیاندنی کوردو رۆژنامەنوسی کورد ئەوەندە بێباکە بەرامبەر ئەو کارە گرنگانەی تۆ ؟**

نانا من ئەوکارانەم بۆ مرۆڤایەتی کردووە . من نامەوێ ببێتە کەرەسەی راگەیاندن .

**تۆناتەوێ بەڵام کۆمەڵگا پێویستی بەوکلتورونەخلاقیەتیە، راگەیاندن دەتوانی بەدیوێکی تردا کاری لەسەربکات، کە دووربێت لە ریکلام و پیاهەلدانی کەسایەتی تۆ. بەپێی زانیاری من تۆ لەماوەی ٢٠٠٨ تا ٢٠١١ نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار یۆرۆ زەرەری مادیت کردووە دەکرێ بۆم رونبکەیتەوە ؟**

بە هیچ شێوەیەك باسکردنی بەشیاو نازانم .

**ئەوە راستە یان زانیاریەکەی من زیادەرۆیی پێوەیە.**

راستە .

**باشە من دەزانم بەهۆی ئەوکارە ئینسانیەوە دوجار کارەکەت لەدەستداوە ئەوشم بۆباس ناکەیت ؟**

بابۆت باس دەکەم، ئەوە لە کۆمپانیایەك کارم دەکرد، سێ منداڵ لەماڵم بوون، خەستەخانەیان دەویست چاودێریان دەویست خێزانم بەتەنیا فریا نەدەکەوت .. ناچار لەکارەکەم دوادەکەوتم . رۆژێك بەهۆیەوە دواکەوتم خاوەن کۆمپانیاکە تورك بوو، پێی گووتم : ووتم من کارێکی ئینسانیم بەدەستەوەیە حاڵەکەمم بۆ باسکرد، کەچی زۆر نامەردانە ووتی : ئاخر ئێرە کارخانە نیە، کارخانە بە زمانی ئەوان مانایەکی زۆر خراپی هەیە.. منیش پێموت تۆ هەرمرۆڤ نیت، من پێت دەڵێم بەوهۆیەوە دوادەکەوم کەچی تۆچیم وەڵام دەدەیتەوە ئیتر رۆیشتم کارەکەم بەجێهێشت تاماوەیەك بێکاربووم .

**لەلایەن یەزیدیەکانەوە سەرکۆنە کراوی بەوەی مندالی موسولمانان دەبەی بۆچارەسەروخزمەتیان دەکەیت ؟**

**نا نەخێر سەرکۆنەکراوم .**

**ئەی پێزانینیان هەیە بۆ کارەکانت ؟**

**لەوەشیاندا ناتوانم بلێم نا**

**چۆن بیرت لەوەکردەوە کە ئەوخەڵکانە بەرن بۆ دەرەوەی وڵات؟**

لە سنجارچوارسەد بۆ پێنج سەدکەس کوژران لەکردەوەیەکی تیرۆرستیدا بەداخەوە زۆربەیان منداڵ بوون ئێمە هەوڵماندا لە سێ چوار رێوە کار لەگەڵ رێکخراوەکاندا بکەین بۆئەوەی هاوکاریمان بکەن، منیش لە ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ کورێکی رۆژنامەنوس دا لە ئەڵمانیا هاتینەوە یەکترمان ناسی لەگەڵ دکتۆر میزان کە ئەوەیش ووتی رێکخراوێك هەیە هاوکاریتان ئەکات کە ناوی (شوێنی خەوتنی بەتاڵ)ە چووین بۆ ئەو

ڕێکخراوەو بەرپرسەکەی پرۆفیسۆرێك بوو لەبواری شکاوی و ئێسکدا ووتی منیش هاوکاریتان ئەکەم، ڕەزامەندی درا بۆبردنی هەشت منداڵ بۆ دەرەوە لەو هەشت مندالچە یەکیان بەشی من بوو ناوی (حازم) بوو تەمەنی و (١٦)ساڵ و خەڵکی دێی (تلعەزێن) بوو، هاتەماڵی من نزیکەی (٤٠) ڕۆژ لەماڵی من بوو وەك منداڵێك خزمەتم دەکرد بەپشتی خۆم هاتوچۆم پێئەکرد چونکە نەیدەتوانی بڕوات .

**موسوڵمان بوو یان یەزیدی بوو؟**

یەزیدی بوو بەڵام کە دانیشتنمان کرد بۆ وەجبەی دوەم پرسیاریان کرد وتیان ئەگەر هاتوو منداڵێك بێتەلای تۆ یەزیدی نەبێت ؟ منیش ووتم بۆمن هیچ جیاوازیەکی نیە مناڵداڵ هەر منداڵە ئەگەر هەردین و هەرنەتەوەیەك بێت، وەبۆ وەجبەی دوەم کەهەشت کەسی تربوون دوو منداڵیان دابەمن کە هیچ کەسێك نەیگرتەخۆی یەکیان خەڵکی کەرکوك بوو کەناوی (ڕەیان) بوو موسوڵمانێکی موتەدەیین لەبنەماڵەیەکی موتەحەفیزی کوردبوو کەچاو و دەستێکی لەدەست دابوو وەلە هەمان ڕۆژدا کورێکی تر هاتە ماڵی من کەخەڵکی موسڵ بوو ناوی (علی)بوو، زۆر زەحمەت بوو ئاگای کردنی ئەو منداڵانە وە بەهۆی ئەوانەوە ئیشەکەم لەدەستدا چەنکە نەمدەتوانی کارکەشم بکەم و ئاگاداری منداڵەکانیش ببم (ڕەیان) ماوەی پێنج مانگو ١٣ڕۆژ لەلای من بوو هەروەها (علی) بۆماوەی یازدە مانگو ٢٥ڕۆژ لەگەڵ ئەوەشدا علی قاچێکی نەبوو وە تەندروستیشی باش نەبوو بۆیە زۆر زەحمەت بوو ئاگاداری کردنیان.

**ئایا خیلافی دینیتان هەبوو لەگەڵ منداڵەکاندا ؟**

خیلافێکی وانەبوو بەڵام لەسەرەتادا ئەو بەهۆی ئەوەی لەگەڵ خزمەکانی دا چوبو بۆمزگەوت لەرێگەی مەلاکانەوە فێری توندوتیژی ببوو یەکەم ڕۆژ کەهات ووتی من لەماڵی تۆ نان ناخۆم تۆ کافریت ووتم من کافرنیم ووتی ئەی تۆ نوێژ ئەکەیت ووتم نا چەنکە من موسوڵمان نیم ووتی کەواتە تۆ کافریت ووتم چۆن ئەوە دەزانیت ووتی مەلا ڕەشید لای ئێمە لەکەرکوك بەئێمەی ووتوە ئەوەی موسوڵمان نەبێ کافرە ، ئەمە بەراستی توندوتیژیە وە دڵنیام مەلاکانی کورد زیاتر ئەمە بەکار دێنن مەلاکانی عەرەب کەمتر بەکاری دێنن بۆ ئەوەی دایم لە خزمەتی ئیسلامدابن، پاشان کەنانی خوارد وویستی خۆی برشێنێتەوەو نەمان هێشت پاشان بەیانی ووتم وەرە نان بخۆ ووتی نان ناخۆم ووتم بۆ ووتی خێزانەکەی تۆ پیسە کە بەمنی واگوت زۆر ناخۆشبوو چونکە ئەو خێزان و دایکی منداڵەکانی منە کە خزمەتی ئەویش دەکات بەڵام من لەگەڵی بەردەوام بووم تا لەگەڵمان ڕاهات وای لێهات باوکی گوتی من بۆ دووهەفتە نەمتوانی لەئێران لەگەڵ ڕەیان بم تۆچۆن توانیت ئەوماوەیە لەگەڵی بیت ووتم ئەوە بەمن دەکرێت .

**ئەم منداڵانەی کە لەلای تۆبوون ژوری تایبەتی خۆیان ؟**

نەخێر هەر لەگەڵ منداڵەکانی خۆمدا بوون هەتا چەند جارێك کە علی لە نەخۆشخانەبوو و منیش شەوان ئەچوم بۆئش ڕەیان بەخێزانمی ووتبوو دادە نەزیر ئەمەوێ لای تۆ بنوم ئەویش وتبی باشە وەك کوری خۆی لەلایەوە ئەنوست ، جگە لە مانیش منداڵی تریش هاتبوون بەڵام من دەچوم لە نەخۆشخانە چاودێری ئەوانیشم دەکرد چونکە نەمدەتوانی لەوان زیاتر لەماڵەوە ئاگام لێیان بێت لەوانە(موهەنەد) وە (مادلین) کەخەڵکی ناسریە بوو وە (مەهدی) کەخەڵکی ناسریە بوو وە کورێکی کورد ناوی (بەختیار) بوو وەکورێکی تر ناوی (فەرحان) بوو خەڵکی موسڵ بوو وە کچێك خەڵکە بەعشیقە بوو هەموان من چاودێریم دەکردن .

**ڕەیان چۆن وای لێهات ؟ یان کارەساتەکەی چۆن بوو؟**

باوکی بۆی باس کردم کەڕۆژی جەژنی رەمەزان بوە کە دوو گەنج عەلاگەیەکی بچوکی ئەیەن بە رەیان دەڵێن ئەوە دیاری جەژنە بۆ ماڵەوە ئەویش کە ئەیباتەوە ماڵەوە پێش ئەوەی بگاتە ژووری میوانەکە بۆمبەکە لەعەلاگەکە دەکەوێت تۆزێك لە دوور رەیان دەتەقێتەوە هەردوو چاو دەستێکی لەدەست دەدات .

**من مەبەستمە کەچاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی وەك تۆ بکەم تاهەموو مرۆڤەکانی ئێمە فێری ئەوەبن کەهیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان مرۆڤەکاندا وەك ئەوەی ئێوە خزمەتی هەموو ئەو منداڵانەتان کردوە بەبێ جیاوازی ئایین و زمان و رەگەز ؟**

بەڵێ لە راستیدا هەمیشە عەلی بەمنی دەتگوت باوکە وە رەیان وەك باوکی خۆی سەیری دەکردم کە بردمەوە لە فرۆکەخانەی سلێمانی باوکی هاتبوو بەدوایدا ووتم ئێتر تۆ دەڕۆیتو من بەتەنیا دەمێنم هەتا دەنگی تیابوو هاواریکرد نا بابە گیان تۆ باوکی منیت بەراستی زۆر کاریگەر بوو هەموو ئەوخەڵکانەی لەوێ بوون دەگریان .

**کاك هادی چیرۆکێکی پێچەوانەی ئەم چیرۆکەی تۆ هە دەڵێن جارێکیان ئەسپسوارێك ڕێبوارێك سوار ئەسپەکەی خۆی دەکات پاش کەمێك ڕێبوارەکە ئەسپەکە لەئەسپسوارەکە دەستێنێت بەزەبری شمشێر بەڵام سوارەکە دەڵێت تۆ ئەسپەکەت لەمن سەند بەڵام تەنها قسەیەکم لێوەرگرە ئەویش دەڵێت باشە ، سوارەکە دەڵێت ئەسپەکە بۆخۆت بەڵام لەناو خەڵکدا مەڵێ بەم شێوەیە ئەم ئەسپەت دەستکەوتوە لەبەر ئەوەنا کەمن پێی بشکێم لەبەر ئەوەی ئەم رەفتارەی تۆ لەناو خەڵکدا بڵاونەبێتەوە . بەڵام من دەڵێم پێویستە ئەوەی ئێوە لەهەموو شوێنێك باسبکرێت بۆئەوەی خەڵکیش لەئێوەوە فێرببێت .**

بەڵێ بەداخەوە دەبوایا حکومەت و مەلاو یەکێتی زانایانی ئیسلامی و ڕۆشنبیران کاریان لەسەر ئەمە بکردایەو ئاشتەواییان فێری خەڵکی ئێمە بکردایە .

**یەکێك لەو رۆژنامەنوسانەی کەتۆ چویتەماڵی و بەچیرۆکەکەت دەزانێت لەسەرکەسێك لەم بەرپرسانەی ئێمە نەماوە کەداستان و چیرۆکیان لەسەر چەك و خەباتیان نەنوسێت باشە بۆ تەنها ستونێکی لەسەر چیرۆکەکەی تۆ نەنوسیوە ؟**

لەڕاستیدا ئەوە بەرپرسیاری خۆیەتی بەڵام من زۆر ڕۆژنامەوگۆڤاری ئەڵمانیم هەیە کەباسی ئەم چیرۆکەی من دەکەن .

**واتا ڕۆژنامەوگۆڤارە ئەڵمانیەکان باسی دەکەن بەڵام کوردیەکان باسی ناکەن ؟**

نەخێر بەداخەوە وە زیاتر لە نۆ ڕۆژنامەی ئەڵمانی و چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی و دوو چاوپێکەوتنی ڕادیۆییم هەیە کە باس لەم منداڵانە دەکەن وە لەگەڵ دەنگی ئەمریکاش، بەڵام لێرە کەس گرنگی پێنادات چەنکە من لەگەڵ حزبەکاندا نیم تەنها تەلەفزیۆنی نەورۆز چاوپێکەوتنێکمتن کرد لەگەڵ ڕەیان بەڵام لەگەڵ هەموو تەلەفزیۆنە کوردیی و عێراقیەکان هەوڵم دا گرنگیان پێنەدا .

**پاشان کە سەردانی ماڵی رەیانت کرد خانەوادەکەی چۆن پێشوازیان لێکردیت ؟**

لەڕاستیدا کەمن چوم بۆ لالش هاتن بۆ ئەوێ وتیان وەعدێکمان بەرێ کەبێیت بۆ کەرکوك کە من ڕۆیشتم بۆ ئەوێ بۆماڵی ئەوان زۆر ڕێزیان لێگرتم وەك مرۆڤێك لە خێزانی خۆیان وە ئەوە شەوەی لەوێ بووم بەهۆی نائارامی کەرکوك باوکی ڕەیان سێ کەسی لەدەورم دانابوو ووتی ئەگەر شتێك روبدات باتۆ پێوەنەبیت چەنکە تا مردن ئێمە منەتباری تۆین بەڵام من وتم نا من ئەوەم تەنها بۆمرۆڤایەتی کردووە ڕاستە ڕەیان بەناو کوڕی تۆیە بەڵام من جیاوازی ناکەم لەگەڵ منداڵەکانی خۆم.

## ریکخراوی ژینگە پاریزی هەڵەبجەی شەهید بناسن.

لەکاتێکدا ئەمرۆ پرسی ژینگە هەموو دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، خراپ بونی ژینگەی زەمین وئاسمان، ئافرێندراوی دەستی مرۆڤەکانە!!، هەر بۆیە لەئێستادا مۆرڤایەتی هەوڵی زۆردەدات لە پێناوخۆپاراستن لە دیوەزمەی خراپ بونی ڕەوشی ژینگەدا، ئەگەر ئەوە بۆ جیهانی پێشکەوتوو مەترسییەك بێت ئەوا بۆئێمەی کورد بەتیبەتی کەکۆمەڵگای شەکەتی جەنگین و ژینگەمان بە گازی کیماوی پیسکراوەو لەوەش مەترسیدار ترهێشتا بۆمبەکان لێرەو لەوێ سەردەردەهێنەوەو لەشوێنی کارو ژیانمان بونیان هەیە، ڕێکخراوی ژینگە پارێزی بەئەندازەی ئاو هەوا پێویستە بۆیە ئێمەی هەندێك لەلاوانی هەڵەبجەی شەهید ئێستامان نە بەزووە نە بەدرەنگ زانی تا بچینە نێو ئەم پرۆسەی ئاشتەواییە لەگەڵ ئاسمان و زەویدا لەسەرئاستی ناوچەکەمان ، لەهەڵەبجەی شەهید هەستاین بەدروستکردنی ڕێکخراوێك تایبەت بەژینگە و ژینگەپارێزی ، تابەپێی سنوری تواناکانمان بەرخۆدان وتێکۆشانێکی نوێ بەزیهنییەتی بەهای پاراستنی ژینگەوە پێشبخەین.

ژینگە پاریزی هەلەبجە ریکخراویکی ناحکومی ( N.G.O) یە و لەلایەن کۆمەڵێك لاوی قازانج نەویست وخۆبەخشی شارەکەو دەوروبەرییەوە دروست کراوە ، لە( ٢٠٠٩/١/١ ) دەستی بەکارکردن کردووە و لە ساڵی( ٢٠١١ ) دا مۆڵەتی فەرمی لەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێدراوەو نوسینگەی سەرەکی لە شاری هەڵەبجەیە.

* زۆرینەی ئەندامانی لەلاوانی ناوچەکە پێکهاتوون ، کۆنگرەی یەکەمی خۆی ئەنجام داوە .

### پرۆژە و چالاکییە کانی :-

*خول وسیمیناری تایبەت بە زانستی ژینگەوهۆشیاری ژینگەیی کردۆتەوە بەمەبەستی مامەڵە کردنی زانستیانە لەگەڵ ژینگەوپاراستنی سروشتدا.

*ئەنجامدانی چالاکی مەیدانی و هەڵمەتی پاککردنەوەی شوێن وسەیرانگاکانی هەڵەبجەوناوچەکە.

*ئەنجامدانی پرۆژەی ( لەپێناو ژینگە ومێژوی هەڵەبجەدا) بەمەبەستی کۆکۆدنەوەی بۆمب و رۆکێتو تەقەمەنییەکانی جەنگ کە بەسەرهەڵەبجەدا تاقی کراونەتەوە ، ئەمەش بەمەبەستی پاککردنەوەی ژینگەی ناوچەکە لێیان و بەدیکۆمێنت کردنیان بۆمێژوی هەڵەبجە، کە زۆرترین پاشماوە کۆکرانەوە بەچەندین پاشماوەی جیاوازەوە و تائێستاش پارێزراون .

* پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەدا وەك ( ڕێکخراوی فیدای فینلەندی ) (ڕێخراوی پارێزەرانی ژینگە لەسوید ) ( چەند پەرلەماننتارێکی پارتی سەورز لەسوید) (ئەندامێتی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی هەڵەبجە لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان) ( بەشداریکردنی چەند لاوێکی ڕێکخراوەکە لە کۆنگرەی گەنجانی نەتەوەیی لەباکور وباشور و ڕۆژئاوای کوردستان) ئەمانەو چەندین پەیوەندی تر.

### <u>پرۆژەی داهاتوی ڕێکخراو :-</u>

١- بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراو هەوڵدان بۆگەورەکردنی ڕێکخراو و فراوانکردنی سنوری کارکردنی.

٢- ئەنجامدانی پرۆژەی ئامادەکراوی ( بەلەدایك بونی منالێك نەمامێك بنێژە) کەهەمووئامادەسازییەکی بۆکراوە.

٣- بردنەناوەوەی پرسی ژینگە و ژینگەی کوردستان بۆ ناوەندەکانی خوێندنی باڵا ( زانکۆ و پەیمانگاکان).

٤- وەئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی کە ( زەمەن ) کات ، ڕێکخرا ئیجبارئەکات بەئەنجامدانی.

**ئەدرەسی ژینگە پارێزی**

https://www.facebook.com/zhingaparezy.heco




## چاپکراوی نوێ مۆفەق میراودەلی
## بیبۆگرافیای جینۆسایدی کورد

**مۆفـــەق مـــیراودەلی، بیبلۆگرافیـــای جینۆســـایدی کـــورد، بـــەرگی یەکـــەم، چـــاپی یەکـــەم، چـــاپخانەی کـــەمال، ســـلێمانی، ٢٠١٣، ژمـــارەی لاپـــەرە (٥٧٨).**

بـــەرگی یەکـــەمی ئـــەم کتێبـــە بیبلۆگرافیایـــە بۆســـــەرجەمی ئـــــەو کتێبانـــــەی لـــــەبارەی (جینۆســـــاید، ئـــــەنفال، کیمیابـــــاران، هەڵەبجـــــە، بەعـــــەرەبکردن، پاکتـــــاوی رەگـــــەزی، راگواســـــتنی زۆرەملـــــێ) نوسـ بەشـــێکی سەرچـــاوەکان لـــــە نـــــاوخۆ و بەشـــێکی لەلایـــەن بیانییـــــــەکان ـــادەکراون، کتێـــب و سەرچـــاوەکانی نـــاوەڕۆکی بیبلۆگرافیاکـــە، بـــە زمـــانی (کـــوردی، عـــــەرەبی، هۆڵەنـــدی، تـــورکی، ئینگلیـــزی، فارســـی) نوســـراون، بـــەرگی هەریەك لەو کتێبانە لەگەڵ ناساندنێکی کورت، بەپێی جۆری بابەت پۆلێنکراون.

بە پلـەی یەکـەم بـۆ ناسـاندن پشـت بـە چـەند لایـەنێك بەسـتراوە، لـە کـاتی بـوونی نـاوەڕۆك پوختەیـەك یـان تـەواوی نـاوەڕۆك یـاخود بەگشـتی ناسـێنراوە، ئـەم کتێبـە تـەنها ناسـاندنە بەشـی کـوردی کتێبـەکان لـە بـــارەی جینۆســـــایدوئەنفال (١٠٩)، کیمیابـــــاران و هەڵەبجـــــە (٤٣)، بەعـــــەرەبکردن (٧)، راگواســـــتنی زۆرەملـــــێ (١١)، پاکتـــــاوی رەگـــــەزی (٧)، کارەســـــات و تاوانکـــــاری و کۆمـــــەڵکوژی (١٣)، هەمـــــە لایـــــەن و گشـــتگیر (١٠)، کتێبـــەکانی بەشـــی عـــەرەبی لـــە بـــارەی (ئـــەنفال، کیمیابـــاران، بەعـــەرەبکردن، راگواســـتنی زۆرەملـــێ، پاکتـــاوی رەگـــەزی، کارەســـات و تاوانکـــاری و کۆمـــەڵکوژی، هەمەلایـــەن و گشـــتگیر) بـــریتین لـــە (٤٦) کتێـــب، کتێبـــەکانی بەشـــی فارســـی (٣) کتێـــب، بەشـــی ئینگلیـــزی و تـــورکی (١١)، هـــەروەها ناونیشانی (٧٣) سەرچاوەی ئینگلیزی لەبارەی جینۆسایدی کورد ئاماژە پێکردووە.

کـۆی گشـتی کتێبـەکانی بیبلۆگرافیاکـە بەشـی کـوردی (٢٠٠) کتێـب، بەشـی عـەرەبی (٤٦) کتێـب، بەشـی فارسـی (٣) ئینگلیـزی و تـورکی (٨٤) کتێـب، سـەرجەمیان (٣٣٣) کتێـب لـە خـۆ دەگرێـت، نووسـەر ئامـاژە بـەوە دەکـات، پێویسـتە بوترێـت یەکـەمجارە لـە میـانی کتێبێکـی لـەم چەشـنەدا گـەورەترین بیبلۆگرافیـا لـەبارەی جینۆسـایدی کـورد بنوسـرێت، ، ئـەم کتێبـە لەسـەر ئـەرکی دکتـۆر تەهاو بەهاکاری سەنتەری مارگرێت چاپکراوە. ئازاد حاجی دیزاینی بۆکردووە.

**ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی قەڵادزێ (١٩٧٤/٤/٢٤)**

**ئینســـایکلۆپیدیای شـــەهیدانی قـــەڵادزێ (١٩٧٤/٤/٢٤)، مۆفـــەق مـــیراودەلی، چـــاپی یەکـــەم، چـــاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢، ژمارەی لاپەرە (٧٨).**

بۆردومـــانکردنی زانکـــۆی ســـلێمانی لـــە شـــاری قـــەڵادزێ لـــە (١٩٧٤/٤/٢٤) لەلایـــەن رژێمـــی بـــەعس کارەســـاتێکی گـــەورە بـــوو، یەکـــەم جـــاربوو میللـــەتی کـــورد بـــەو رێـــژەو قـــەبارە گەورەیەیـــە زەردەو زیـــانی گیانی و ماڵی لێبکەوێت .

ئـــەم کتێبـــە مێـــژووی ئەوتاوانانـــەی تۆمـــارکردووە، لەســـەرەتادا ژیاننامـــەی زۆربـــەی شـــەهیدەکانی بـــە وێنـــەوە بڵاوکرۆتـــەوە، بـــەگوێرەی ســـاڵ و شـــوێنی لـــەدایك بـــوون و کـــات و شـــوێنی شـــەهیدبوون، شـــەهیدەکان لـــە ســـلێمانییەوە تـــا خانـــەقین ودهـــۆك لـــەخۆدەگرن، پاشـــان نموونـــەی هەریەکـــە لـــە فاینەنشـــڵ

تایمزو رۆژنامەی گاردیانی هێناوەتەوە، بەوێنەوە باس لە کارەساتی بۆردومانکردنی زانکۆ دەکات، دوا بەدوای ئەوە کۆمەڵێك نووسەرو کەسایەتی ناوخۆو بیانی بەنموونە هێنراوەتەوە باس لەتاوانەکە دەکەن.

لە کۆتایدا بیبلۆگرافیانی ئەوکتێب و رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی خستۆتەڕوو، تایبەت بە



کارەساتی (١٩٧٤/٤/٢٤)و ڕاپەڕینی (١٩٨٢/٤/٢٤)دەرچوون، لەگەڵ کورتە ناساندنێکی هەریەك لەو سەرچاوانە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان– سلێمانی چاپ کراوە.

**راگواستنی قەزای پشدەر (١٩٧٧–١٩٨٩) کۆتایی ئەنفال**

**راگواستنی قەزای پشدەر (١٩٧٧–١٩٨٩) کۆتایی ئەنفال، مۆفەق میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ژمارەی لاپەڕە(١٠٢).**

رژێمی بەعس چەند قەزایەکی سنووری پارێزگای سلێمانی راگواست، یەکێك لە قەزا گەورەکانی قەزای پشدەربوو، بەڵام پرۆسەی راگواستنی سەرەتا لە گوندەکانەوە دەست پێکرد، تا دواجار تەواوی قەزای پشدەری راگواست.

ئەم کتێبە باس لە پرۆسەی راگواستنی پشدەر لە ساڵانی (١٩٧٧–١٩٨٩)دەکاتە، لە دوای شیکردنەوەی راگواستنی زۆرەملێ، جوگرافیای راگواستنی زۆرەملێ باس کراوە، ئنجا ئاماری ئۆردوگا زۆرەملێکان خراوەتەڕووە، لە بەرانبەردا بە نەخشە ئۆردوگاکان نیشاندراون، پاشان قۆناغەکانی راگواستن روون کراوەتەوە، ئەویش لە میانی پێنج قۆناغ دا، (١٩٧٧–١٩٧٨–١٩٧٩–١٩٨٨–١٩٨٩).

دوا بەدوای ئەوە مێژووی پلانی بەعس بۆ راگواستنی شارەکە، بەگوێرەی بەڵگەنامەی رەسمی رژێمی بەعس سەلمێنراوە، پاشان باس لە دەنگۆی راگواستن وهەوڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کراوە، تاوەکو قەزاکە رانەگوێزرێت، ئنجا باس لە راگواستنی پشدەر لەمیدیا جیهانی و ناوخۆییەکاندا کراوە، دوای بەدوای ئەوە کۆمەڵێك دەرئەنجام خراونەتەڕوو، لەکۆتایدا بەخشتە راگواستنی تەواوی گوندو ناحیەو ئۆردوگاکان بە ناوەندی قەزاشەوە روون کراوەتەوە، لەگەڵ ئەلبومێك لەبارەی راگواستنی پشدەر، ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی دکتۆر تەهاو بەهاکاری سەنتەری مارگرێت چاپکراوە.




# لە (٢٥)مین سالیادی ئەنفال وهەڵەبجەدا

## ( ڕێکاریَ مزویری ) چالاکوانی بواری ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد (١٠) کیتاب بەچاپ دەگەینێت

نوسەر ماوی ١٦ سالە لە بواری ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردا کاردەکاتن چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە ، وەك ( کردنەوەی پێشانگا ، دروستکردنی (٢) فیلمی دیکۆمێنتاری ، گێرانی کۆروسمینار) چەندین چالاکی جۆراوجۆری خزمەتگوزاری و لێکۆلینەوەی مەیدانی، دەرکردنی رۆژنامەی تایبەت بۆ هەڵەبجەی شەهید وئەنفال، هەروەها پرۆژەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چاپکردنی کیتاب بەناوی ( دشۆپا ئەنفال و کۆمکوژیاندا )، کە چاپکردنی ( ٤) کیتابی تایبەت بە جینۆسایدی گەلی کورد لە سالەکانی پێشو، بە زمانەکانی کوردی عەرەبی ئینگلیزی، هەروەها نوسەر هەر لە درێژی ئەم پرۆژەیە.

پەرتووکێن نڤیسەری د بوارا ناساندنا جینۆسایدا گەلێ کوردا

١- ئەنفال و کۆمکوژی و کاریگەرێن دەروونی، ڕێکاریَ مزویری، چاپخانەی منارە، لە سەر ئەرکی سەنتەری ئەنفال بۆ بەدواداچوونی ئەنفالکراو بێسەروشوێنکراوانی کوردستان چاپکراوە، ٢٠١١، ١٥٦ ل

٢- جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، ڕێکاریَ مزویری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەرکی لە چاپدانی بە ئەستوی خۆە گرتووە، بە زمانەکانی ( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی ) لە یەك بەرگدا چاپکراوە، وەرگێران لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی، پێداچوونەوە، د. ئازاد حەمەد شەریف، ٢٠١٠ ، ٣٣٦ ل.

٣- لورینا دایکان، چاپخانەی منارە، ڕێکاریَ مزویری هەولێر، وەشانا ڕێکخراوا ڤەژین بۆ جینۆسایدا بارزانییان زنجیرە ( ٣ )، بیپتێن عەرەبی و لاتینی، ٢٠٠٩ ، ١٢٠ ل.

٤- ژنێن رۆسی و راگواستن و ئەنفال و کۆمکوژی، ڕێکاریَ مزویری، چاپخانەی، منارە، هەولێر ، وەشانا ڕێکخراوا ڤەژین بۆ جینۆسایدا بارزانییان زنجیرە (٤ )، ٢٠١٠، ٢٢٩ ل.

٥- سەربۆرا تراژیدیایێن بارزانییان، ڕێکاریَ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری سەرۆکی حکومەت ، ڕێزدار ( نێچیرڤان بارزانی ) چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ٥٠٠ ل

٦- ژیان دناڤبەرا دوو بەرئاشاندا، ڕێکاریَ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری سەرۆکی حکومەت ، ڕێزدار ( نێچیرڤان بارزانی ) چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ٤٥٠ ل

٧- .ئەنفال و کۆمکوژی و کیمیابان ب دیتنا بیانیان، بەرگی یەکەم ڕێکاریَ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری سەرۆکی حکومەت ، ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی ) چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ١٥٠ ل.

٨- چیرۆکێن نەڤەگێڕای، ڕێکاریّ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری سەرۆکی حکومەت ، ڕێزدار ( نێچیرڤان بارزانی ) چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ٢٧٠ ل.
٩- جینۆسایدکرنا بارزانییان ل دادگەها بلندا تاوانێن عێراقیّ و چەوانییا برێڤەچوونیّ، ڕێکاریّ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری سەرۆکی حکومەت ، ڕێزدار ( نێچیرڤان بارزانی ) چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ٤٠٠ ل.
١٠- بیبلوگرافیای ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، ڕێکاریّ مزویری ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ٣٨٠ ل.
١١- دیدەڤانێن ئەنفال وکۆمکوژی و کیمیابارانان، بەرگی یەکەم، ڕێکاریّ مزویری، چاپخانە کارو، کەرکوک، بەهاوکاری لیژنەی چاپکردنی ( ٢٥) کتێب لە ( ٢٥)مین سالیادی ئەنفال و کیمیاباران چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ١٨٠ ل.
١٢- مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، ڕێکاریّ مزویری ، چاپخانەی کارو، کەرکوک، بەهاوکاری لیژنەی چاپکردنی ( ٢٥) کتێب لە ( ٢٥)مین سالیادی ئەنفال و کیمیاباران چاپکراوە ، ٢٠١٣ ، ١٠٠ ل.
١٣- بەلگە دیەیڤن، ڕێکاریّ مزویری
١٤- الاباده الجماعیه للبارزانین، ڕێکار المزویری.

ئەو پەرتووکانەی لە ژێر چاپدان
١- لە سێدارەوە بەرەو ئەنفال و کیمیاباران، لەژێر چاپدایە.
٢- تیرۆرکردنی گەلی کورد.
٣- بومبەبارانکرنا کوردستانیّ. لەژێرچاپدایە.

---

## ٢٥ هەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالو هەڵمەتی چاپکردنی کتێب

لەیادی بیستو پێنجەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالوکیمیابارانەدا سەنتەری ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، بەهاوکاری سەنتەری مارگرێت، لەسەرئەرکی د.تەها ڕەسوڵ کۆمەڵێک کتێب دەربارەی تاوانی ئەنفالو کیمیابارانیان بەچاپ دەگەیاند، وابریارە ئەو سەنتەرە لە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٣ هەر (٢٥) کتێبەچاپکراوەکە دابەش‌وبڵاوبکاتەوە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی

هەرلەمیانەی ئەو هەڵمەتەدا بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەهاوکاری سەنتەری مارگرێت هەڵمەتێکی بەچاپگەیاندنی کتێبی دەستپێکردووە هەتا ئێستا ٧ کتێبی دەربارەی تاوانی ئەنفالوکیمیابارانگردنی کورد چاپکردووەو بریارە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٤ دابەش‌وبلاویان بکاتەوە .





## پۆزش

حەسەن عەلی حاجی فەرەج هۆمەربلی کە لەبەرەی دوودایک تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی بە سوپاسەوە کۆمەڵیك وێنەی زۆر گرنگی بۆناردووین وێنەکان بریتین لە " قورئانێك ومشکی وکڵاو چاکەتەکەی باوکی و کراسەکانی دایکی))، ئەنفالستان خوازیاربوو، لەگەڵ کۆمەلێك وێنەی تر وەك چیرۆکە وێنە لە ناو ئەلبومێکی شایستەدا بڵاویان بکاتەوە بەڵام لەبەرئەوەی لاپەرەکانی رەش‌وسپین، ئەوەمان نە چونکە وێنەکان بەشایستەی رەنگ‌ودیزاینی باشتر دەزانین. بەهیواین لەداهاتوودا بتوانین ئەوە بکەین یان هاوکاری کاك حەسەن‌و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بین بۆ ئەنجامدانی وەها کارێك، بەهیواین هەرپارچەوکەل‌وپەلێکی ئەنفالکراوانیان لەلاماوە بەئامانەت‌و رێزەو بیان پارێزن، دڵنیایی دەکەینەوە بڵاونەکردنەوەی وێنەکانی ئازیزانی لەوسۆنگەیەوە بوو کەنەمان ویست بێریزی بەوێنەکان‌و یادەوری ئەنفالکراوانەوە بکەین .

**ئەنفالستان**

---



**دەربارەی ئەم وێنەیە :**

گوندی گۆپتەیە کە لەپەلاماری ئەنفالی چواردا دوای کیمیابارانکردنی بەشۆفڵ دەروخێندرێت، لەلایەن بەرێز (کاروان رەحمەن )ەوە گەیشتووەتە ئەنفالستان.

هەمان وێنەی بەرگی پشتەوەی ئەنفالستانە کە بەداخەوە وێنەی شۆفڵکە بەرونی دیارنیە، بەلام دوای لێوردبوونەوەی بەتایبەتی خەڵکی گوندی گۆپتەپەو دەوروبەری دەزانن کە ئەو ماڵەی کەوتووەتە بەرکەڵبەی شۆفڵەکە خانوی مام عوسمانە کە لەم ژمارەیەدا دیداری لەگەڵدا سازکراوە .

# ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستان

ساڵی ٢٠٠٩ خۆی ڕاگەیاندووەو گرنگترین هەنگاوی دروستکردنی پەیوەندی بووە لە نێوان خەڵکی ناوچە کیمیابارانکراوەکان ( هەڵەبجە، سیوسینان، گۆپتەپە، گەرەوانان، دۆڵی جافایەتی، شێخ وەسانان، بالیسان ) ئەنجامدانی چەندپرۆژەیەك لەوناوچانە . بەرواری ٢٠٠٩/٣/١٦ توانی خەلکی ناوچە کیمیابارانکراوەکان لەبەردەم قونسولخانەی ئەلمانیا کۆبکاتەوە

لە بەرواری ١٧-٢-٢٠١١ کونسوڵخانەی ئەڵمان ڕایگەیاند کە بەهۆی چالاکیەکی ( گروپی سپی) یەوە کە خۆپیشاندانیان لەبەردەم کونسوڵخانەکردبوو، لەوکاتەوە پرسی کیمیابارن لەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا گرنگی زۆری پێ دەدرێت، لە دوای ئەو خۆپیشاندانەشەوەبوو کە پرۆژەیەکیان قبوڵکرد، بۆ ڕێکخراوی ( قوربانیانی ئەشکەنجە کە تائێستا ) هەزاران کەس لێی سودمەندبوون .

پرۆژەی لێکۆلینەوەیەکی زانسیو ژینگەی ناوچەکیمیابارانکراوەکان لە تاوتوێدایە لەسەر کاریگەری ژینگەیی بەهاوکاری گرینکرۆس و نەتەوە یەکگرتوەکان، جێگەی ئاماژەیە کە بۆ یەکەمجارە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەم پرسە بێتە پێشەوەوپێشبینی دەکرێت لە ٢٠١٣ بچێتەبواری جیبەجێکردنەوە.

گرینکرۆز( GREENCROSS) کە گەورەترین ڕێکخراوی جیهانیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەکی کۆکوژ لە سویسرا ، گروپی سپی وەك شەریکی خۆی دەناسێت لەڕێگەی ڕێکخراوی WADI ئەڵمانی و بەدەسبەکاربونی ڕێکخراوی سپی پلان بۆ بەرنامەیەکی لە عێراق و کوردوستان دائەڕێژن .

گرنگترین دووپرۆژەی ئەمساڵی راپرسیەك بوو لە شاری هەڵەبجە بۆئەوەی رای خەلك وەربگیریت دەربارەی شێوزاری یادکردنەوەی کیمیابارانی شاری هەلەبجەوقوربانیەکانی، هەروەها هاوکاری کردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی لەناوچەجیاجیاکانی کوردستان.

شایانی باسە رۆژی ٢٤-١-٢٠١٣ ، ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان، لەکۆبونەوەیەکی گشتی ئەندامانیدا هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەران و ڕێکخەرودەستەی بەڕێوبردن وتاوتوێکردنی پلان و ستراتیجی کاری داهاتووی ڕێکخراوەکەی یەکلایی کردەوەو بەم دەرئەنجامانەوکۆتایی هات :

زمناکۆ محمد ئەحمەد ناسراو بە ( عەلی هەڵەبجەیی ) وەك سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەران دەستنیشانکرا .

پارێزەر دلاوەر حەیدەر وەك ڕێکخەری دەستەی بەڕێوبردن و ئەندامانی دەستەی بەڕێوبردن لەسەربنەمای ناوچەکانیان بەم شێوەیە هەڵبژێردران : مامۆستا حمە ئەمین لاسە دۆڵی بالیسان و مامۆستا زریان عبدوالرحمن ناوچەی دۆڵی ئاکۆیان- رەواندوز . ئاوات قادر حمە ئەمین ، شارباژێر +دۆڵی جافایەتی ، هێمن عبدڵا لە ناوچەی قەڵاسیوکەو گوندی گۆپتەپە، عومەرمحەمەد شارەزا لە بواری جینوساید لە سەرجەم ناوچەکان .



## میوانی ژمارە
## هونەرمەند
# بەختیار هەڵەبجەیی



لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٧٠) شاری هەلەبجە یە، لە گازبارانی شاری هەلەبجە دایکی و نەنکی گیانیان لەدەستداوە .

بەختیار دەرچووی هیچ پەیمانگەو کۆلێژێکی هونەری نیە، بەلکو دەرچووی ئامادەیی نەخۆشەوانیە، بەلام جێدەستی دیارە، بە تایبەتی لەکاری هونەری پەیکەرسازی و بە کارهێنانی لمدا دەسترەنگین وداهێنەرە .

ماوەی پێنج ساڵ لەتاراوگە بووەو لەوڵاتی سویسرا نیشتەجێ بووە، داهێنەری پەیکەری ئەنفالەو بەزۆریش بەکاری هونەری لم ناسراوەو بۆیەکەمجار لە عێراقدا بەکاری هێناوە، کارە هونەریەکانی لە یادی ٢٥ ساڵەی ناوانی کیمیابارانی هەڵبجەدا بینەرێکی زۆریان هەبوو.

سێ پەیکەری هونەرمەند بەختیار هەلەبجەیی لە شارەکانی وڵاتی تورکیا وچواری تریشی لەشارەکانی خواروی وڵاتی ئێران و ١٠ پەیکەریشی لە شوێنەجیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دانراوە. داهێنەری پەیکەری ئەنفالە کە لەمۆنۆمێنتی قریتانی ناوچەی ئەنفالی چواردانراوە .

بەشداری ٤٥ پێشانگای هاوبەشی کردووەو ٤ پێشانگای تایبەتی کردووەتەوە.



# سەرئەنجام وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان بەڵێنەکەی نەبردە سەر !!

ساڵ زیاترە ساڵنامەی ئەنفالستانوناوەندی چاک پرۆژەی ڕێزلێنان لە (١٣) کەسی دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵیان پێشکەش بەوەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان کردووە، لە ژمارە(٨) ئەم ساڵنامەیەدا پرۆژەکەوکورتەیەك لە ژیانو چۆنێتی دەربازبوونیان خراوەتەروو، لە ژمارە (٩) شیدا ڕەخنەوگلەیی ناوەندی چاكوئەنفالستان ئاراستەی وەزارەتی ناوبراوکراوە، چونکە پرۆژەیەکەیان خستبووە دەست کەسانێکی تروناوەندی چاكوئەنفالستانیان نادیدە گرتبوو، دواتر نوسینگەی بەریز وەزیری کاروباری شەهیدانوئەنفالکراوان، پەیوەندی پێوەکردینو لەسەر پرۆژەکە دانیشتنکراو راستی دەرکەوت کەپرۆژەکە هی ناوەندی چاكوساڵنامەی ئەنفالستانە نەك هی کەسانێکی تر " مامۆستا ئارام " تێگەیشتنی لەسەر پرۆژەکە پیشانداو بریاری لیژنەیەکی نوێ بۆ سەرخستنی دراو خاتوو عەدالەت عومەرکرایە سەرۆکی لیژنەو نوێنەری ناوەندی چاكو سالنامەی ئەنفالستان بووە ئەندام بەداخەوە سەرباری ئەوەی هەموو کارەکانی خۆیان لەماوەیەکی کورتدا جێبەجێکردو وێنەیەکی بۆناوەندی چاك هاتەوە .

لە کۆنفرانسی سێهەمی ناوەندی چاکدا کەهەم بەشێك لە دەربازبووەکانوهەم وەزیری کاروباری شەهیدان ئامادەی بوون، لەمیانەی بەرنامەکانی کۆنفرانسدا وێنەی دەربازبووەکانو بەشیك لەپرۆژەکەو نوسراوەکەی وەزارەت بە واژۆی وەزیرەوە بە داتاشۆ پیشانی ئامادەبواندرا کە لەیادی بیستوپێنجەمین سالیادی تاوانی ئەنفالدا پرۆژەی ڕێزلێنانی دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکرێ، کەچیئەفسوس وەزارەت لەیادی ئەنفالدا ئەوپرۆژەیە جێبەجێ ناکات بێئەوەی هۆکارەکەی روونبکەنەوە !! .

پوختەی پرۆژەکە :

١. دۆسیی (١٠) کەسی دەربازبووەی کۆمەڵکوژی ئەنفال لە ٢٠١١/٤/١٤ مەراسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ سازبکرێتو لەسەرئاستی عێراق، بەمەرسومێکی کۆماری یاخود لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە وسامی شەرەفیان پێبدرێت.

٢. ئێمە ئامادەین بەهاوکاریوهەماهەنگی وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان مەراسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ سازبکەین، هەتا پێشوازیەکی شایستە بکرێنولەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە وسامی شەرەفیان پێببەخشرێتو بریار بدرێت کە ئەم کەسانە لەقوربانیەوە ببنەهاولاتی شکۆمەندی کۆمەڵگای کوردستان .

٣. زەمینە سازی بکرێت بۆئەوەی لەکوردستان بژینو بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە شوێنی نیشتەجێبوونیان هەڵبژێرنو بەموچەیەکی شایستە ژیانیان دابین بکرێت.

٤. ئەوسیّ دەربازبووەی تر کە لەدوای دەربازبوونیان شەهیدبون یان جارێکی تربێسەروشوێنکراونەتەوە خەڵاتو ویسام بدرێتە کەسوکاریان .

٥. سەنتەرێك دابمەزرێندرێیت یان لەیەکێك لە مۆنۆمینتەکانی هەلەبجە، یان ماقان، رزگاری بە نۆرە ئامادەبن بۆئەوەی



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خزمەتی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Martyrs And Anfal Affairs

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين
المديرية العامة للأدارة والمالية
مديرية الأدارة و الذاتية

ژمارە: ٥٤٠٦
ساڵی کوردی: ٩/ پوشپەر/٢٧١٢
ساڵی زایینی: ٢٠١٢/٩/٩

(( فەرمانی وەزاری ))

بڕیارماندا بە:
پێکهێنانی لیژنەی پرۆژەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەم بەڕێزانەی کە ناوو ناونیشانیان لە خوارەوە دیاری کراوە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانمان.

| | ناو | ناونیشان | |
|---|---|---|---|
| ١- | عەدالەت عمر رحمان | لێکۆڵەر لە بواری جینۆسایدی گەل کوردستان | سەرپەرشتیار |
| ٢- | فؤاد عثمان طه | ب.ڕاگەیاندن | ئەندام |
| ٣- | نجم الدین حمه سعید | مشورەتکاری یاسایی | ئەندام |
| ٤- | عمر محمد قادر | سەرنووسەری ئەنفالستان | ئەندام |

صباح احمد محمد
(مامۆستا ئارام)
وەزیر

وێنەیەك بۆ /
- نووسینگەی بەرێز وەزیر... بۆزانین.
- ناوەندی مەڵبەجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەل کوردستان - چاك لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.چاودێری و پشکنینی دارایی (دیوان).
- خزمەتی /لەگەڵ بەراییەکان.
- دۆسیەی کەسی.
- ناوبراوان.
- خولاو.

کوردستان ، هەولێر - شەقامی سی مەتری - نزیك پردی سەیداوە / ت ...
E-mail: diwan@momakrg.org

هەرلێکۆلیاریك سود لە گێرانەوەی بەسەرهاتو قسەو باسیان وەربگرێت وسەنتەرەکەش ناوبنرێت ماڵی ئازادی .

بەپێی نزیکمان لە دەربازبووانو ئەو زانیاریانەی دەست ناوەندوساڵنامەی ئەنفالستان کەوتوون لە ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لەلایەن رێکخراوی هیومان رایتس وچەوە (٥) کەسیان براون بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەر پاراستنیان وسەلامەتی ژیانیان لە تیرۆری بەعس . یەکێکی تریشیان بەهەوڵوکۆششی خۆی گەیشتووەتە وڵاتی سویدو لەوێ نیشتەجێو چوارکەسیان لە کوردستانو سێ کەسیشیان لەژیاندا نەماون، بەڵام بەداخەوە ئەوان چ لێرەو چ لەوێ لەژێرکاری تاقەت پرۆکێندا رۆژگار بەرێدەکەنوداهاتی رۆژانەشیان نزمە بۆیە پێویستە کەڵك لە ئازادی کوردستان وەربگرن . بەراستی سەیرە !! لەیادی ئەنفالدا حساب بۆ ئەو سومبلانە نەکرێو جێگەوپێگەیان دیارنەبێولەولاشەوە کەسانێکی ناشایستە بانگهێشتی یادەکە بکرێن..!! پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم دەربازبوانە لەماوەی ٢١ ساڵی ئازادی هەست بەوە نەکەن رێزیان لێدەگیرێ چۆن بروا بەو قسەیە بکەین کە دەڵی کەسوکاری ئەنفالکراوان تاجی سەرمانن ؟!

## رێزلێنانی تاقەکانی ئەنفالیش دواخرا :




پاشئەوەی صباح نەجمەدین خەڵکی کونە کۆتری گەرمیان کە تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی، گەرابوو بەدوای ئەوکەسانەدا کە وەکوخۆی لەپەلاماری ئەنفالدا هەمووخانەوادەکانیان ئەنفالکراونوخۆیان بەتەنیا ماونەتەوە، ناوی ٦٩ کەسی لە سنوری گەرمیان کۆکردبووەوەو سەری بەزۆر دەرگاوە نابوو، هەتا لەحاڵوباریان بپرسنەوەو رێزلێنانێکی شایستەیان بۆ بکەن..

پاشئەوەی ژمارە (٩) ئەنفالستان دەرچوو خشتەی ناوی ئەوتاقانانەی بلاوکردەوە بەرێز خاتوو عەدالەت عومەر پرۆژەیەکی دەربارەی رێزلێنانوچارەسەری کێشە یاساییەکانیان، پێشکەش بەوەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان کرد، وەزارەتی ناوبراو رەزامەندی لەسەر پرۆژەکەی خاتوو عەدالەت دەربریوەو بریاری رێزلێنانیاندرا: پرۆژەکەی خاتوو عەدالەت بریتیە لەوەی رێزلە تاقانەکانی ئەنفال بگیرێت، کێشە یاساییەکانیان چارەسەر بکرێت، پێناسێکی تایبەتیان بۆبکرێت، مەدالیایەکیان وەك (کورانوکچانی نیشتمان) بەپێی ببەخشرێ، بەپێی زانیاریەکانی ئەنفالستان، ئەم پرۆژەیەش کە بریاربوو ٤/١٤ لەیادی ئەنفالدا جێبەجێ بکرێت دەبێ چی لە پیشاندانی سومبلەکانی ئەنفال گرنگتر هەبێت ؟ چی لە دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ گرنگتربێ ؟ ئایا چەند کەس لە ئەورووپاو ئەمریگاوە بانگهێشت دەکرێن بۆ یادی ئەنفال ؟ چەندیان لەفەرەجی تۆپخانەوعوزێرورەبەلام دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار.

بەپێی زانیاریەکانی ئەنفالستان وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان بری ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دۆلاری بۆ ( فیلمی هەزارویەك سێو) خەرجکردووە.. کەباس لەژیانو دەربازبوونی ئەو کەسانە دەکات کە لەگۆری بەکۆمەڵو کۆمەلکوژی ئەنفال لەژێر تەرموخوڵ رۆزگاریان بووە، کەچی عەجایەب !! رێز لە خۆیان ناگرن ؟ سەیرە بۆهیچ بۆنەیەکی یادی جینۆساید حسابی بێگانەیەك بۆ تاقانەکانی ئەنفالو ئەو دەربازبوانە نەکراوە !

**داوای لێبوردن** : داوای لێبوردن لەوبەرێزانە دەکەین کەوتاروشیعروپەخشانو چیرۆکیان بۆ ناردبووینو ئەنفالستان بڵاوی نەکردوونەوە، ئەوەش لەبەر دووهۆکاری سەرەکی بووو.

**یەکەمیان**: ئەنفالستان بەزۆری گرنگی بەدۆکۆمینتکردنی چیرۆکی قوربانیەکانو مێژووی زارەکی دەداتو لەناو ئەوانەشدا بەوکەسانەی نەخوێندەوارن، یان تەمەنیان زیاترەهەڵکشاوە.

**دووهەم**: لەبەرئەوەی ئەنفالستان بەکۆمەکی خوێنەرانوقوربانیانی ئەنفالوخەڵك دەردەچێت.. بۆیە ناتوانین لاپەرەکانی بۆئەوبابەتەگشتیانە تەرخان بکەین کە لە زۆر شوێنی تردەرفەتی بڵاوکردنەوەیان بۆدەرەخسێ.. دوبارە داوای لێبوردنیان لێدەکەین .
داوای لێبوردن لە کاك پشکۆمحمەد رۆستەم دەکەین کە بەهۆی هەڵەی تەکنیەکیەوە ناوی لەدەستەی هاوکاران نەنوسراوە .

---

**سوپاس و پێزانین :**

- ژیلوان سەید ئەحمەد حەمەلاو کە هاوکارییەکی بەرچاوی کردین لە تەفریغ کردنی دیدارە ڤیدیۆییەکانی ئەم ژمارەیە .
- جوتیار نەریمان کە لە دورە ولاتەوە پەیوەندی پێوەکردین ، بۆئەوەی ئەرکی هەڵەبری بابەتەکان بگرێتە ئەستۆ .
- سەلاح جەمیل کە ئەرکی بلاوکردنەوەی لە ماڵپەری هەلەبجە ئینفۆ دەگرێتە ئەستۆ.
- ئاودێر زۆراب کە بابەتێکی بۆتەفریغ کردین .
- ئازاد حاجی . نقیب سەچل عبدولکەریم، سەحەر یاوەر، رزگار چاوشین، حسن علی فەرەج . سعود سەنگاوی کەهەریەکەوبەپێی خۆی هاوکاری ئەم ژمارەیە بوون.
- کاك شالیار کوردۆ لەدورە ولاتەوە پەیوەندی پێوەکردینو ئامادەیی خۆی بۆهاوکاری کردنمان دەربری .

---

## چاپکراوی نوێ

**هەگبەی خەمەکانی قەلاسێوکە**




کۆمەڵێك دیدارونیاری گرنگی ئەنفالوکیمیابارانی ناوچەی قەلاسێوکەو بناری خاڵخاڵانە لەلایەن مامۆستا هێمن عەبدوڵا گۆیتەپەیی نوسراوەو دیمانەسازی کراوەو لەسەر ئەرکی د.تەها رەسوڵ لەچاپدراوە عومەرمحەمەد پێشەکی بۆنوسراوەوئازادحاجی دیزاینی کردووە، پەرتوکەکە لەیادی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر بلاودەکرێتەوەودابەش دەکرێت .

## کۆمەك بەخشانی ئەم ژمارەیە
## ناوەکانیانو بری پارەکەیان

### هەڵوەستەیەک لەسەر کۆمەک بەخشەکانی ئەنفالستان .!

وەك لە خشتەکاندا دەبینین لەجۆری کۆمەك بەخشیندا بۆ ئەم سالنامەیە هەستی جوان و بەرپرسیارانە هەیە، لەناویاندا بری (١٢٠٠٠) و (١٤٠٠٠) و ئەمسالیش بری ٢٥ هەزاردینارەدەبینرێن !! ! ئەمەش مایەی تێرامانە بۆچی ؟ چونکە ئەوانەی بری ١٢ هەزار دیناریان بەخشیوە، ئەوانەن کە لە داهاتی خۆیان مانگی تەنها یەك هەزار دیناریان بۆ ئەم سالنامەیە داناوە . کە کۆی سالەکە دەکاتە ١٢ مانگ واتا ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار دینار.

هەندێکیان وەك رەمزێك مامەڵەیان لەتەکدا کردووە بری ١٤ هەزار دیناریان بەخشیوە کە گوزارشت لە رۆژی ئەنفال دەکات، ئەمسالیش زۆربەیان بری ٢٥ هەزاردیناریان بەخشیوە کە گوزارشت لەیادی بیست و پێنج ساڵەی تاوانی ئەنفال دەکەن ..بەداخەوە لەناو ئەواندا شەهید سەید رەشیدی تێدایە، لە هەموویان سەرنج راکێشتر لەناو ئەم کۆمەك بەخشانەدا دایکی ئەنفالکراوێك هەیە کە بۆ هەر کوری ئەنفالکراوێکی برێك پارەی بەخشیوە، هەروەها منداڵانی گۆپتە پەو سەرقەڵا دەبینین کە بەبری یەك هەزار دینار بەشدارییان کردووە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لەناو کۆمەك بەخشەکاندا نە وەزارەتی شەهیدان و نە هیچ کام لە رێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال و جینۆسایدی تێدانیە !؟ کۆمەکی یەك کەسی هەڵە نحەو کەمترین چالاکوانی بواری ئەنفالی تێدایە..!

| پەپولە بەخشندەکان– سلیمانی– کەلار–کفری – سەرقەلا– گۆپتەپە– هۆلندا | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی | بری کومەك | ناوی | بری کومەك |
| ئەوین عاصی فرود | دە هەزار | هەوار محمد | یەك هەزار دینار |
| لاس عومەر محمەد | پێنج هەزار دینار | کانی جەلال | یەك هەزار دینار |
| لەری عومەرمحمەد | پێنج هەزار دینار | دلپاك محمد | یەك هەزار دینار |
| لاسۆ عەبدول محمد | پێنج هەزار دینار | رێژین رەمەزان | یەك هەزار دینار |
| سنە سمکۆ سابیر | پێنج هەزار | فاتمە حسێن | یەك هەزار دینار |
| سۆز سمکۆ سابیر | پێنج هەزار | ساکار عبدالله | یەك هەزار دینار |
| سۆلین ئەمیر قادر | پێنج هەزار | تریفە فاخیر سعدالله | یەك هەزار دینار |
| سعدیەعبدالقادر رشید | یەك هەزار | محمد فاخیر سعدالله | یەك هەزار دینار |
| سەفین یوسف محمد | یەك هەزار | ئەحمد فاخیر سعدالله | یەك هەزار دینار |
| هەستی دڵشاد حمید | یەك هەزار | رۆژگار عبدالله | یەك هەزار دینار |
| رێڤان شێرزاد ساڵح | یەك هەزار | عەزیز عبدالله | یەك هەزار دینار |
| بەختیار عبدالکریم | یەك هەزار | بەلێن رەزا عبدالله | یەك هەزار دینار |
| شنیار وریا حمە شکور | یەك هەزار | کامەران رەزا عبدالله | یەك هەزار دینار |
| دیار وریا حمە شکور | یەك هەزار | کۆی گشتی | ٦٠٠٠٠ شەست هەزار |

**کەسوکاری ئەنفالکراوان پاشماوە نین خۆت لەو سوکایەتی پێکردنە بەدوربگرە**

| کۆمەکی گەرمیان کەلار -کفری- خورماتوو- خانەقی | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك | ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك |
| سەرپرشتیاری ئیدارەی گەرمیان " صلاح کوێخا " | سێ سەد هەزار دینار | قادر محمود سعيد | پانزە هەزار |
| علی شەهید محەمەد | سەدو پەنجاهەزار | سامان عدنان | پانزە هەزار |
| جلال نوری عبدوالقادر | سەد هەزار | دانا حسيب فريق | پانزە هەزار |
| مەلا کەریم | سەد هەزار | بورهان حمە باقی | پانزە هەزار |
| پەرلەمانتار عبداللەمە لانوری | سەد هەزار | مامۆستا قابيل قاسم ئەحمەد | پانزە هەزار |
| شێرکۆ حسێن | سەد هەزار | سەلاح شێخ لەنگەری | پانزە هەزار |
| لالە حەمە سەنگەری | حەفتاوپێنج هەزار | سرکوت مبارك – ئاسایش | پانزە هەزار |
| سیروان ستار ئیسماعیل | پەنجا هەزار | پشکۆ محمد رۆستەم | چواردە هەزار |
| عسمان قادر داود | پەنجا هەزار | شیرین شەوکەت | چواردە هەزار |
| ڕێبوار حسن سەمکە | پەنجا هەزار | سەرکۆ محمد رۆستەم | چواردە هەزار |
| خليل کارێزی | پەنجا هەزار | هێرش سەنگەری | چواردە هەزار |
| ئەکرەم ساڵح | پەنجا هەزاردينار | پێشەوا سەنگەری | چواردە هەزار |
| نوسینگەی کەرمیان –سەندیکای رۆژنامەنوسان | پەنجا هەزار | محمد صابر کەمەر | چواردە هەزار |
| محمود حاجی عومەر | سی وپێنج هەزار | ئازاد عوسمان | چواردە هەزار |
| کۆمەڵەی کۆمەڵناسان ودەروونناسان گەرمیان. | سی هەزاردينار | محمد عبدلرحمان عليان | دە هەزار |
| مەلا رەحیمی سەرقەڵا | بیست و پێنج هەزار | عوسمان عەبدولکەریم قادر... | دە هەزار |
| ڕێکخراوی ژیان –لقی گەرمیان | بیست و پێنج هەزار | انور عبدالله | دە هەزار |
| محمد عبدالله | بیستوپێنج هەزار | زمناکۆ محمد رۆستم | دە هەزار |
| گەرمیانی حەمەی پوور | بیست و پێنج هەزار | ئەحمەد محمد قادر | دە هەزار |
| عباس رحيم رشيد | بیستوپێنج هەزار | عومەر حمەی ئایش مەلا عومەر | دە هەزار |
| ملارحيم سعيد | بیستوپێنج هەزار | ئەحمەد نوری حسن | دە هەزار |
| شوان عبدوالله | بیستوپێنج هەزار | سەحەر یاوەر | دە هەزار |
| عبدالله انور عبدالله | بیستوپێنج هەزار | محەمەد کوێخا عەبدوڵلا | دە هەزار |
| لوقمان رەشید سلێمان | بیستو پێنج هەزار | مەریوانی مامە سالە | دە هەزار |
| نەجم ساڵح محەمەد | بیستو پێنج هەزار | سەرحەد محەمەد رەشید | دە هەزار |
| شوان محەمەدرۆستەم | بیستو پێنج هەزار | مەلارزگار عەلی | دە هەزار |
| رەهێل حەسەن | بیستو پێنج هەزار | مامۆستا کەریم حسێن | دە هەزار |
| محەمەد عەلی قادر | بیستو پێنج هەزار | ئەرکان جاسم | دە هەزار |
| مەلاتەحسین گەرمیانی | بیستو پێنج هەزار | ديار علی یاوەر (مامۆستا ديار) | دە هەزار |
| کەژان جەلال | بیستو پێنج هەزار | مريوان رحيم ئيبراهيم | دە هەزار |
| عدنان محمد تۆفيق | بیستوپێنج هەزار | فرياد ی کوری شەهید هیدایەت | دە هەزار |
| ئارام فقێ رحيم | بیستوپێنج هەزار | ئاریزحسن حميد) | دە هەزار |
| بزوتنەوەی کوران مەکۆی کفری | بیستوپێنج هەزار | تارق عبدلكريم محمد | دە هەزار |
| نجات حسن مەلا علی | بیستوپێنج هەزار | ئەیاد عبدلواحيد حسين | دەهەزار |
| جليل کۆکسی | بیستوپێنج هەزار | علی محد شاسوار(مامۆستاعلی) | دە هەزار |
| عاصی فرود– کفری | بیستوپێنج هەزار | د. جەلال سەعدوللا | دە هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مۆفق مام مردان | بیست‌وپێنج هەزار | رامیارعبدلرحمان(رۆژنامە نوس) | دە هەزار |
| فریاد فەقێ عەلی | بیست و پێنج هەزار | مامۆستا محمدشێخ وەهاب | دە هەزار |
| ئیسماعیل عباس لتف الله | بیستوپێنج هەزار | حسن بارام | دە هەزار |
| مامۆستا غالب محمدعلی | بیستوپێنج هەزار | مامۆستا حمد ممحمود | دە هەزار |
| مامۆستا بێستوون عبدالله | بیستوپێنج هەزار | سیروان حەبیب | دە هەزار |
| سید جواد (سەرۆکی شارەوانیەکان) | بیستوپێنج هەزار | سەید رەشید خورشید | دە هەزار |
| نوزاد کریم فارس ئاسایش | بیستوپێنج هەزار | قادر ئەحمەد محمود | دە هەزار |
| شلال عبدول قایمقام دوز | بیست‌وپێنج هەزار | گۆران حمە باقی | دە هەزار |
| سردار محامی دوز | بیست‌وپێنج هەزار | صلاح جلال | دە هەزار |
| جلیل شەهید مام فایق | بیست‌وپێنج هەزار | سرکەوت فقێ محمد | دە هەزار |
| فریدون حاجی عزیز ئاسایش | بیست‌وپێنج هەزار | ئوزاد کریم امین | دە هەزار |
| رەشید علی سعید | بیست‌وپێنج هەزار | عاصی علی فتاح | دە هەزار |
| رەئیس کمال ئاسایش | بیست‌وپێنج هەزار | هاوڕێ علی عبدالکریم | نۆهەزار |
| سەید رەشید خورشید | بیست‌وپێنج هەزار | ئاودێرحەمید عەبدوللا | پێنج هەزاردینار |
| جلال عبدالله | بیست‌وپێنج هەزار | تالیب ئەسکەندەر | پێنج هەزاردینار |
| کۆمیتەی رێکخستنی قەرەتەپە | بیستوپێنج هەزار | مامۆستا فەریق عبدلکریم محمد | پێنج هەزار |
| ئارام جبار عبدالله | بیستوپێنج هەزار | سەردارمتیر تاهر | پێنج هەزار |
| لەیلا حمە عزیز محمد | دە هەزار | ئەیمن عاشق کامل | پێنج هەزار |
| حەمەی شیخ - کفری | دەهەزار | نیاز عەدنان عەلی | پێنج هەزار |
| عومەر کاکە حەمە محمد | دەهەزار | سۆران خورشید عەلی | پێنج هەزار |
| محمد عباس | دە هەزار | سەید خالد گەرمك | پێنج هەزار |
| بێستون مجیدعزیز | دە هەزار | سۆران خورشید علی | پێنج هەزار |
| ئارام صدیق سعید | پێنج هەزار | ئاشتی ئەلوەن أسماعیل | پێنج هەزار |
| عامر عمر أحمد | پێنج هەزار | یوسف سالح فرەج | پێنج هەزار |
| عباس أسماعیل نامق | پێنج هەزار | ماجد محمود أسعد | پێنج هەزار |
| یاسین لەتیف(مامۆستا یاسین) | پێنج هەزار | رزگار تالاَوی | پێنج هەزار |
| سالح میروەیس (رۆژنامە نوس) | پێنج هەزار | وەستاحەمید حمید حسن | پێنج هەزار |
| چاوان سالح هەلاج) | پێنج هەزار | کاروان حەبیب | پێنج هەزار |
| فاتیح حمیدعبدالله | پێنج هەزار | علی خویندکاران | پێنج هەزار |
| سابیر عزیز قادر | پێنج هەزار | م. علی شکور ئەحمەد | پێنج هەزار |
| سامان ئەحمەد محمد جاف | پێنج هەزار | کامەران محمد جوهەر | پێنج هەزار |
| دارا حمید محمد | پێنج هەزار | هێمن عواد محمد | پێنج هەزار |
| علی تۆفیق فرج(مامۆستاعلی) | پێنج هەزار | علی حسێن یونس | پێنج هەزار |
| فازڵ رەحیم حمد | پێنج هەزار | ئەحمەد صابر کەمەر | پێنج هەزار |
| سیروان صابر کەمەر | پێنج هەزار | ئەرکان محمد رەشید | پێنج هەزار |
| صباح علی جاف | پێنج هەزار | محمد صالح عزیز | پێنج هەزار |
| صدیق سعید ئەحمەد | پێنج هەزار | م. شەهرزاد قادر جەبار | پێنج هەزار |
| محەمەد ئەحمەد مەلا | پێنج هەزار | ئاسۆ وەهاب | پێنج هەزار |
| جلال محمد امین | پێنج هەزار | ریاز رەزا محمد عبدلی | پێنج هەزار |
| حنان محمد جمعە | پێنج هەزار | جەلال مەلەك عەلی | پێنج هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فتح الله شمس الله جهانگیر | پێنج هەزار | م. ناجحە ئەحمەد عەباس | پێنج هەزار |
| عزیز رحیم رشید | پێنج هەزار | جمعە فرج غیدان | پێنج هەزار |
| علوان محمد محیٚ دین | پێنج هەزار | سەرخیل فائق ابراهیم | پێنج هەزار |
| ئدریس ئەحمەد مستەفا | پێنج هەزار | سالم غولام | پێنج هەزار |
| عومەر ئەحمەد سعید | پێنج هەزار | جەبار عبدالله | پێنج هەزار |
| محمد عومەر ئەحمەد | پێنج هەزار | سەردار کەریم | پێنج هەزار |
| حسین دارا محمد | پێنج هەزار | رێکەوت ایسماعیل | پێنج هەزار |
| براباش عبدوالرحمان سمین | پێنج هەزار | ناسیح حسن عزیز | پێنج هەزار |
| زاهیدە حمید ئەحمەد | پێنج هەزار | علی عبدالقادر | پێنج هەزار |
| کاروان حسن مستەفا | پێنج هەزار | ئەرکان فرج فیزالله | پێنج هەزار |
| هۆشمەند کاوە قادر | پێنج هەزار | سعاد محمود علی | پێنج هەزار |
| ئاهو ئەحمەد فرج | پێنج هەزار | سامان یونس مستەفا | پێنج هەزار |
| نشات محمد سعید | پێنج هەزار | شەونم محمد مەجید | پێنج هەزار |
| تەیب علی حمید | پێنج هەزار | سۆران تۆفیق محمد | پێنج هەزار |
| خالد عبدوالکریم حمەلاو | پێنج هەزار | براهیم سوور | پێنج هەزار |
| هۆشیارئیسماعیل | پێنج هەزاردینار | شەیما عبدالله مجید | پێنج هەزار |
| رەسوڵ بارام | پێنج هەزاردینار | زەریا محمد | پێنج هەزار |
| م. علی محمد وەلی | پێنج هەزار | غەریب عبدلرحمان(مەلاغریب) | پێنج هەزار |
| بەختیار علی محمد | پێنج هەزار | شەهاب ئەحمەد | پێنج هەزار |
| حسین علی محمد | پێنج هەزار | ناسیاو محمد | پێنج هەزار |
| سوهام علی محمد | پێنج هەزار | پەروین محمد رۆستەم | پێنج هەزار |
| سەلوا علی محمد | پێنج هەزار | خەیاڵ رەزا | پێنج هەزار |
| مەلا کەریم حاج محمد وەلی | پێنج هەزار | کوێستان دڵشاد | پێنج هەزار |
| م. جەلال محمد حسین | پێنج هەزار | فاروق ملا فتاح | دوهەزارو پێنج سەد |
| م. عاشق کامل ئەحمەد | پێنج هەزار | م. زانا ئەحمەد علی | دووهەزار |
| م. عبدالکریم محمد علی | پێنج هەزار | سەرهەنگ مەحمود صادق | دوو هەزار |
| م. وەحیدە ابراهیم علی | پێنج هەزار | محمد بەختیار علی محمد | دوو هەزار |
| م. جلیل ابراهیم اسماعیل | پێنج هەزار | لارا ستوان حمید | دوو هەزار |
| محەمەد حەسەن قادر | پێنج هەزاردینار | کریم صاڵح قادر | یەك هەزار |
| ریاز جلیل | پێنج هەزار | سرور محمود صادق | دوو هەزار |
| **گۆپتە پەی شەهیدان**<br>**برِی ١٤ چواردە هەزار وەك رەمزێك بۆ یادی ئەنفال دەبەخشن** | | | |
| م.بەختیار جعفرابوبکر | ٢٠٠٠٠ | | |
| نیهاد رەشید علی | چواردە هەزار | م.هیمن عبدالله عبدالرحمن | چواردە هەزار |
| رێکخراوی مامۆستایانی زەحمەت کێشان/رانیە | چواردە هەزار | هیوا ئەحمەد کاوێز | چواردە هەزار |
| م. کەمال محمد ئەحمەد/ رانیە | چواردە هەزار | شەهلا عەبدوڵاعەبدارحمن | چواردە هەزار |
| سەردار سالار محمد | چواردە هەزار | م.بەختیار جعفرابوبکر | چواردە هەزار |
| هونەر سالار محمد | چواردە هەزار | نیهاد رەشید علی | چواردە هەزار |
| جلال ئەحمەد جمیل | چواردە هەزار | م.زاهیر ئەحمەد رەفیق | چواردە هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| عوسمان حمه أمين | چواردە هەزار | هاوراز حاكم ڕێبوار | چواردە هەزار |
| بيلال أمين علي | چواردە هەزار | يەكێتی ماموٚستايانی كوردستان لقی/رانيه | چواردە هەزار |
| وريا حمه شكور | چواردە هەزار | | |
| نەرويـــــــــــــج | | | |
| ناوی كۆمەككار | بری كۆمەك | ناوی كۆمەككار | بری كۆمەك |
| سەردار عومەر وهاب | ١٠٠ كرۆن | حەميد ئەلماسی | ١٠٠ كرۆن |
| كوێستان عەبدولكەريم | 50 | ئوميد حەمە شكور | ١٠٠ كرۆن |
| ڤارين سەردار عومەر | 50 | ئازاد محمود | ١٠٠ كرۆن |
| لالۆ سەردار عومەر | 50 | سەروەرشێخ قادر | ١٠٠ كرۆن |
| هوشيار عەبدولا سعدولا | ١٠٠ كرۆن | سارا مەجيد | ١٠٠ كرۆن |
| ڕێبوار لەتيف عەبدولكەريم | ١٠٠ كرۆن | گولاله رەشيد | ١٠٠ كرۆن |
| فواد سەعيد | ١٠٠ كرۆن | سنور دارا محمد | ١٠٠ كرۆن |
| مامە دارا | ١٠٠ كرۆن + ٢٠ هەزار دينار | دلێر دارا | ١٠٠ كرۆن |
| هيوا مەجيد رەشيد | ١٠٠ كرۆن | سۆزان دارا | ١٠٠ كرۆن |
| ئالا لەتيف عەبدلكەريم | ١٠٠ كرۆن | زانيار دارا | ١٠٠ كرۆن |
| مەهاباد صديق | كرون 50 | عومەر ئەمين | ١٠٠ كرۆن |
| سروشت عومەر | ٥٠ كرۆن | لاس سيروان | ١٠٠ كرۆن |
| زانا جەلال قادر | كرۆن 100 | نيگا سيروان | ١٠٠ كرۆن |
| هەوار مەحمەد سەعيد | ١٠٠ كرۆن | | |
| چەمچــــــــــــــەماڵ- شــــــــــــۆرش | | | |
| ناوی كۆمەك بەخش | بری كۆمەك | ناوی كۆمەك بەخش | بری كۆمەك |
| شێخە تاهير | دەهەزار دينار | شوان رەحيم كەريم | سیٚ هە زار |
| سعود مستەفامحمود | شەش هەزار دينار | مرێم حسين عەلی | دوو هەزار |
| هاوژين مستەفامحمود | دەهەزار دينار | عەبدالسلام حسين ئەحمەد | يەك هەزار |
| هاوارسابر محمد | دەهەزار دينار | سيروان جلال قادر | دووهەزار |
| بێباك عبدالله عبدالقادر | دەهەزار دينار | حسيب تاهر فارس | يەك هەزار |
| نەوا ئاكۆ محمد شوانی | دەهەزار دينار | عادل مجيد حمەامين | يەك هەزار |
| ئاريان فازل كەريم | پێنج هە زار | كۆچەر عرب سعيد | يەك هەزار |
| كاروان حسن سيد علي | پێنج هەزار | هاوار مستەفا ئەحمەد | يەك هەزار |
| سەركەوت حمه كريم | پێنج هەزار | نجات محمد فارس | يەك هەزار |
| دارەوان جمعە رەحمن | يەك هەزار | ئامانج يە حيا حميد | يەك هەزار |
| اكرەم سعدالله قادر | يەك هەزار | خورشيد حسێن ئەحمەد | يەك هەزار |
| ئەحمەد رشيد سعيد | يەك هەزار | ليمۆ ئازاد حمە امين | يەك هەزار |
| سەلاح حسێن ئەحمەد | يەك هەزار | نيگار فازڵ محمد | يەك هەزار |
| ئەحمەد محمەد محمود | يەك هەزار | | |
| سەرقـــــــــــــەلای كفری | | | |
| ناوی كۆمەككار | بری كۆمەك | ناوی كۆمەككار | بری كۆمەك |
| فەيسەڵ حسين وەلی هەيەری | بيستوپێنج | ڕێكەوت عومەرحمە ئەمين | پێنج هەزار |
| اكرامە غائيب ستار | پانزە هەزار | بەرهەم حەسەن عبدالله | پێنج هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| داودمحمد حسين | دە هەزار | ئەركان صلاح فخرالدين | چوار هەزار |
| كەريم عەزيز محمود | دەهەزار | ريباز يەحيا | چوار هەزار |
| بەختيار عبدالكريم | دەهەزار | ئارام عبدالخالق نصيف | سێ هەزار |
| شێركۆ پەروێز خان | پێنج هەزار | أيوب محمد جليل | سێ هەزار |
| هيوا عادل أمين | پێنج هەزار | ڕێبوار عزيز صالح | سێ هەزار |
| عباس محمد حسن | پێنج هەزار | ئاسۆ جبار عبدالله | سێ كفرى |
| كمال نورى بەكرەشەلى | پێنج هەزار | ئاسۆ جبار عبدالله | سێ هەزار |
| چيمن محمد حسين | پێنج هەزار | كريم سعيد ئەحمەد | سێ هەزار |
| مراد خالد حميد | پێنج هەزار | ئارام نازم محمد | دوو هەزار |
| بەرزان كريم صالّح | پێنج هەزار | سيروان ستار محمد | دوو هەزار |
| ڕەشيد سەرتيب ڕەشيد | پێنج هەزار | جمور جليل وەهاب | دوو هەزار |
| هيمن عەلى ڕەشيد | پێنج هەزار | هاوكار ڕشيد نورى | دوو هەزار |
| سەنگەر محمد خواكەرەم | پێنج هەزار | سعديەعبدالقادر ڕشيد | يەك هەزار |
| دڵشاد جلال ئەحمەد | سێ هەزار | هاوژين محمد حسين | يەك هەزار |
| پۆلا قادر أحمد | چوارهەزار – كفرى | هاوژين محمد حسين | يەك هەزار |
| | باليـــــسان | | |
| ناوى كۆمەك بەخش | برى كۆمەك | ناوى كۆمەك بەخش | برى كۆمەك |
| مامۆستا ئەحمەد مستەفا | پانزە هەزار دينار | مامۆستا توانا باليسانى | پانزە هەزار |
| مامۆستا حمەئەمين لاسە | پانزە هەزار دينار | مەلاهەندرێن باليسانى | پانزە هەزار |
| خانەقـــين | | بازيـــان | |
| **ناوى كۆمەككار** | **برى كۆمەك** | ناوى كۆمەك بەخش | برى كۆمەك |
| رائيد رائيد محمد على | سى هەزار | ئەرسەلا ياسين چيمەنى | بيست و پێنج هەزار |
| مقەدم بەكرچاوشين | بيست و پێنج هەزار | رەفعەت فاتح | چواردە هەزار دينار |
| عە ميد نازم وە ستا شريف | بيست و پێنج هەزار | كەريم حەمزە | چواردە هەزار دينار |
| عەقيد مستەفا ئەحمد | بيست و پێنج هەزار | م. فەهمى گەرميانى | چواردە هەزار دينار |
| م. مەلا سەلاحەدين عەبدوڵلا | پازدە هەزار | ئارام ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| هاوارقاسم وە ستا شريف | پازدە هەزار | علادين ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| نەقيب شەهيد ئيبراهيم كەرەم | پازدە هەزار | سوهەيلە ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| ئيبراهيم حاجى كەرەم عەلى | دە هەزار | لەيلا ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| نەوزاد خە يات خانە قينى | دە هەزار | شەهلا ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| نەقيب عەلى ئەحمەد مەهدى | دە هەزار | غەفوربابەكر ژاژڵەيى | دە هەزار دينار |
| نەقيب بەشار يەحيا عەبدوڵا | دە هەزار | ڕەهێل غەفوربابەكر ژاژڵەيى | دە هەزار دينار |
| رائيد ئەحمەد سەلاحەدين | دە هەزار | راوێژ غفور بابەكر ژاژڵەيى | دە هەزار دينار |
| نەقيب وە فا كەريم جەعفەر | دە هەزار | وحدالدين ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| عەقيد عومەر ئەحمەد | دە هەزار | عيرفان ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| رائيد ئەكرم سەيف الله غێدان | دە هەزار | شەماڵ ياسين چيمەنى | دە هەزار دينار |
| رائيد سادق تۆفيق حسێن | دە هەزار | عەبدوڵاخرە | دە هەزار دينار |
| مقەدەم محەمەد عبدرەزا عبدالسلام | دە هەزار | حامد عوسمان | دە هەزار دينار |
| نەقيب سەرچل عەبدولكەريم | دە هەزار | | |
| عەلى محەمەد فەرەج | پێنج هەزار | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سامی ئیبراهیم عەلی | پێنج هەزار | هەولـــــــێر | |
| کامل فایق محەمەد | پێنج هەزار | ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك |
| ئیقبال شاکر محمود | دەهەزار | کۆمیتەی سه رکردایه تی حزبی زەحمەتکێشان هەولێرو چەمچەمال | سەد هەزار |
| هوشیار ئیسماعیل کەرەم | دەهەزار | بەلێن عبدالله | پەنجا هەزار |
| فەرهاد محەمەد عەبدوللە | پێنج هەزار | سەمیرە نادر قادر | پەنجا هەزاردینار |
| شوان عەلوان محەمەد سەعید | پێنج هەزار | دڵزار عبدوڵلاَ | بیست هەزار |
| دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ | | | حەسەن مستەفا |
| هاشم محمد رەشید | پێنج هەزار | عەلی حەساڕۆك | پانزە هەزار دینار |
| عبدالقهارخەلیل | پێنج هەزار | ئاکۆ ئاکۆیی | پانزە هەزار |
| عەبدالکریم نایف | پێنج هەزار | بەختیار مستەفا | بیست هەزار |
| ئەبابکر عەلی سەعید | پێنج هەزار | کەمال حسێن | دەهەزار |
| صدقی عبدلقادرفتاح | پێنج هەزار | محەمەد حسێن | دە هەزار |
| کۆمەکی تاقانــــــــەکان | | | یوسف مستەفا |
| وهاب ئەحمەد محمد | سەد هەزاردینار | لوقمان حەسەن | دە هەزار |
| سەباح نجمەدین کونەکۆتری | پەنجا هەزار | رزگار ئەحمەد | دەهەزار |
| کەریم حسین | پەنجا هەزار | رێبوار محمد | دەهەزار |
| واحید بهجت قادر ( مهندس ) | بیستوبێنج هەزار | پەروەر ئەحمەد | پێنج هەزار |
| حسن محمود ئەحمەد | بیستوبێنج هەزار | ئەحمەد مەجید | پێنج هەزار |
| پەروین صابر شکور | بیستوپێنج هەزار | نافیع محەمەد سەعدون | پێنج هەزار |
| مەلا هەندرێن بالیسانی | پانزە هەزار | خالید حاجی | پێنج هەزار |
| کامەران فاتح حمید | دە هەزار | فەرهاد مەنتك | پێنج هەزار |
| فەرهاد رشید ئەمین | دە هەزار | خالید قادر | پێنج هەزار |
| حسن علی فرەج | دە هەزار | هەڵکەوت محەمەد | پێنج هەزار |
| ئەنوەر حەمەلاو | دە هەزار | شوکر نوری | پێنج هەزار |
| بەختیار محمود کەریم | دە هەزار | کاکە رەش هەولێری | پێنج هەزار |
| حسێن عاصی کەریم | پێنج هەزار | بایز کەریم | پێنج هەزار |
| رۆستەم عبدالکریم علی | دە هەزار | ئیبراهیم پاشا | پێنج هەزار |
| سیروان حمەئەمین | دووهەزار | گۆران نورەدین | پێنج هەزار |
| ئۆمـــەربـــل | | | |
| زۆراب مدحت غفور | بیست و پێنج هەزار | شیرکۆ حیدر حاجی رۆستەم | پەنجا هەزار |
| ئارام حاجی جافر | دە هەزار | کاروخ قاسم ئەحمەد | دە هەزار |
| صابر حاجی سعید | پێنج هەزار | سەرخێڵ ئەکبەر رۆستەم | پێنج هەزار |
| تاهیر حاجی عزیز | پێنج هەزار | بختیار حاجی سعید | پێنج هەزار |
| شادمان حسن علی | دوو هەزار | جەیران عبدالکریم ئەحمەد | دوو هەزار |
| پیشتیوان حسن علی | دووهەزار | دیکان حسن علی | دوو هەزار |
| هەرمان حسن علی | دووهەزار | ئیمان حسن علی | دوو هەزار |
| سلێـــــمانی | | | |
| ناوی سیانی | بری کۆمەك | ناوی سیانی | بری کۆمەك |
| دکتۆر تەها رەسول | یەك ملیون دینار | چاپخانەی کەمال | سەدهەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| موچەی مانگێکی شەهیدی سەنگەر محمد قادر | پێنج سەد هەزاردینار | ئازاد حاجی | بیستو پێنج هەزار دینار |
| وەستا عەتا عەلی محمود | پەنجا هەزار دینار | موەفەق میراودەلی | بیستو پێنج هەزار دینار |
| شاملۆ فەلاح مرادخان | بیستو پێنج هەزار دینار | سوعاد ئاورەحمن | بیستو پێنج هەزار دینار |
| شایار فەلاح مرادخان | بیستو پێنج هەزار دینار | فلاح مرادخان | بیستوپێنج هەزار دینار |
| لۆڤان عومەرمحمەد | بیستو پێنج هەزار دینار | هاوڕێ ئەحمەد | بیستو پێنج هەزار دینار |
| عومەرشاوری | بیستو پێنج هەزار دینار | دێرین تارق محێدین | بیستوپێنج هەزار دینار |
| دارا حەمە عەلی | بیستو پێنج هەزار دینار | صلاح کاکە ئەحمەد | دوانزە هەزار |
| هیوا صالح ئەحمەد | چوارده هەزار | تانیا کورد محمد | دوانزە هەزار |
| گەشاو حسێن | دوانزە هەزار | خیلان مستەفا محمد | دوانزە هەزار |
| ئیبراهیم عەبدوڵا | دوانزە هەزار | حسن حسێن | دوانزە هەزار |
| نیشتمان محمد جبار | دوانزە هەزار | فەرهاد غفور عەبدول | دە هەزاردینار |
| مەلا نوازدی شەهیدان | دە هەزاردینار | هونەرمەند عەبدول محمد | پێنج هەزار دینار |
| شێخ محمدی بەکرەجۆ | دە هەزاردینار | هونەرمەلا نوزاد | پێنج هەزار |
| مامۆستا کامەران عەلی | دە هەزاردینار | ڕێبوارسایر | دەهەزار |
| یونس ئەحمەد قادر | دە هەزاردینار | فەرهاد حامید عەزیز | دە هەزاردینار |
| حاجی جەزا ساڵەیی | دە هەزاردینار | ئەندازیار عومەر عەلی محمد | دە هەزاردینار |
| بەختیار شیخ عوسمان | پێنج هەزار | حەپسە ئەمین | شەش هەزاردینار |
| | | شێرکۆکاروان | پێنج هەزار دینار |
| گوندی کلێـــــــــــــــسە | | | |
| حاکم صالح کلێسەیی | بیستوپێنج هەزار | عەبدلباقی حەمە ئەمین | پێنج هەزار |
| نجم رەزا مەحمەد | دەهەزار | ئازاد محمود | پێنج هەزار |
| سەرباز محمد لەتیف | پێنج هەزار | عارف محمد سور | دوو هەزار |
| ئاوات کەریم | سێ هەزار | ئەنوەر عەزیز | سێ هەزار |
| حەمە شوکور عبدالرحمن | سێ هەزار | حسیب محمد لەتیف | دوو هەزار |
| | | **کۆی گشتی** | **٦٣٠٠ شەستو سێ هەزار** |

## پرســـــە



پێشنیوەڕۆی سێشەممە بەرواری ٢٦ ئازاری ٢٠١٣ ، لە دووزخورماتوو، بۆمبێك تەقیەوە، بەهۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی دووزخورماتوو، سەید قادر و ئەندامی ئەنجومەنی پارێگای تکریت سەید ڕەشید، گیانیان لەدەستداو قایمقامی خورماتووش ( شەلال عەبدول) بریندار بوو. سەید ڕەشید دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی و زۆرلەخزموکەسوکاری ئەنفالکراون،جێگەی ئاماژەیە سەید ڕەشیدو شەلال عەبدوول هاوکاری ژمارەکانی پێشوی ئەنفالستانن و لەم ژمارەیەشدا سەید ڕەشید وەك ڕەمزێك بۆیادی بیستو پێنجەمین سالیادی تاوانی ئەنفال بری ٢٥ هەزار دیناری بەخشیوەتە ئەنفالستان، بەلام ئەفسوس ژمارە (١٠)ی نەبینی و شەهید بوو، بەناوی خۆموهاوکارانی ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو بنەماڵەی هەردو شەهید دەکەین و هیوای چاك بوونەوە بۆ کاك شەلال عەبدول قایمقایمی خورماتوو دەخوازین .

سەرنوەری ئەنفالستان

| کۆمەك بە دۆلارو بە ئیرۆ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان | | ئەڵمانیا | | ناوی سیانی | بڕ | ولات |
| د. محەمەد کەریم ئابوری | $١٠٠ | عەبدوڵا سەید گوڵ | 10$ | شالیار کوردۆ | ٣٠ ئیۆرۆ | فینلەندا |
| حەمید هەنجیرە | $٢٠٠ | سەیران | 10$ | سالار سۆفی | ١٢ ئیورۆ | فینلەندا |
| سەردار فەقێ | $١٠٠ | جیهادحەمە کەریم | 25$ | نەرویج | ١٠.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| ئەندازیار تەیب جەبار | $١٠٠ | | | هێمن باوەنووری | ١٠.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| پەرلەمانتار– سالارمحمود | $١٠٠ | | | هاوکارشێخ لەنگەری | ١٥.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| مسعود سلێمان حسن | $١٠٠ | | | بەشدارکاروخ | ١٠.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| عەدالەت عومەر صالح | $١٠٠ | | | ئاراس محێدین | ٥.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| وەیس جەلیل | 50$ | | | سیروان دارا | ١٠.ئیۆرۆ | فینلەندا |
| | | | | | | |
| مەڵبەندی چەمچەماڵی حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان | | | | | پەنجا هەزار دینار | |

## هەستێکی بەرز



من سعود کوڕی ئەنفالکراو( مستەفا سەنگاوی) (٦) کەسی ئازیزم لە خانەوادەکەمان بەر پەلاماری ئەنفالکەوتوون، بۆیە لەوموچەیەی بۆهۆی ئەنفالکردنیانەوە وەری دەگرین، بری ( ٦٠٠٠) شەش هەزار دینار تەنها وەك پابەندیەکی ئەخلاقی دەبەخشین بەساڵنامەی ئەنفالستان، واتا بۆهەر ئەنفالکراوێکمان تەنها یەك هەزار دینار بۆ نوسینەوەی تاوانی ئەنفال ، چونکە ئەنفالستان هەمیشە راستگۆیانە ئازارەکانمانی خستووەتە بەرچاو لێرەوە لەمەملەکەتی ئەنفالکراوەکانەوە هەتاوەکو جێگای دەرچونی ئەوگۆڤارە سڵاو بۆ هەموو کەسوکاری ئەنفال و ئەو کەسانەش کەبەئەنفالستانەوە ماندودەبن وبەشداری دەرچونی دەکەن

.

## رۆژێك بۆ سەرنەبڕین

پاشئەوەی ساڵنامەی ئەنفالستان لەژمارە (٨) یدا بیرۆکەی سەرنەبڕینی بۆیادی ئەنفال بلاوکردەوە، خۆشبەختانە لەلایەن زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە پەسەندکراو چەند دەزگایەکی راگەیاندنیش گرنگیان پێدا، بەسوپاسەوە وا بریارە ئەمساڵ لە رۆژی ٢٠١٣/٤/١٤ لەیادی ئەنفالدا لەشاری کەلار هیچ قەسابێك ئاژەڵ سەر نەبڕێت و چێشتخانەکانیش لەورۆژەدا گۆشت لێنەنێن، بۆئەو مەبەستە رۆژی ٢٠١٣/٤/١٠ کۆی قەسابەکان و خاوەن چێشتخانەکان لەشاری کەلار کۆبوونەوە.

**پرسە :**

**لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا برای هاوکارمان مامۆستا داواد محەمەد کۆچی دوایی کرد، کۆچکردوو عسمان محەمەد حسین لە دایك بوی ساڵی ١٩٦٥ بەرواری ٢٠١٣\٢\٢٢ پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ مەرگ لە نەخۆشخانە کۆچی دوای کرد. بەناوی ئەنفالستان و سەرجەم هاواکارانەوە پرسەوسەرەخۆشی خۆمان بۆ مامۆستا داودو کەسوکاری ومنداڵەکانی دەردەبڕین بەهیوایین ئەمە دواکۆستی خانەوادەکەیان بێت**

| کۆی گشتـــــی بەخشـــــــــــــین | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەرمیان | گۆپتەپە | چەمچەماڵ | دەربازبوانی کۆمەلکوژی | سەرقەڵای کفری | بالیسان | بازیان |
| ٣٠٣١٠٠٠ | ٣٩٨٠٠٠ | ٩٣٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ١٧٤ | ٦٠٠٠٠ | ١٩٧٠٠٠ |
| سیٚ ملیون و سی و یەك هەزار دینار | سێسەدونەوەدوهەشت هەزار | نەوەدوسیٚ هەزاردینار | بیست و پێنج هەزار | سەدوحەفتاچوار هەزار | شەست هەزار | سەدونەودوحەوت |
| سلێمانی | هەولێر | دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ | تاقانەکانی ئەنفال | ئۆمەربل | کلێسە | خانەقی |
| ٢٠٥١٠٠٠ | ٣٦٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ٣٥٧٠٠٠ | ١٢٧٠٠٠ | ٦٣٠٠٠ | ٣١٠٠٠٠ |
| دوملیون وپەنجاو ویەك هەزارو چوارسەد دۆلار | سیٚ سەدو شەست هەزارو سەدوپەنجا دۆلار | بیستوپێنج هەزار | سیٚ سەدوپەنجاوحەوت | سەدوبیست و حەوت هەزار | شەست هەزار | سیٚ سەدودەهەزار |
| نەرویج | 245$+20000ID | کوردستان بەدۆلار | 895$ | | **کۆی گشتی دینار** | **72700000** |
| فینلەندا | 102 euro | | | | **کۆی گشتی دۆلار** | **895** |
| | | | | | **کۆی گشتی کرۆن** | **245** |




**Photo: hemn Abdulla**

**سوپاسی تایبەت :**

**ســوپاس بــۆ کــاك دکتــۆر ( تــەها رەســولْ ) کــە بــەبیٚ ئــەوەی بیانســین و داوای هاوکــاری لیٚبکــەین، بۆخــۆی تەلــەفۆنی بــۆکردین، جگەلــەوەی کتێبیــی ( هاشــم )ی لەســەر ئــەرکی خــۆی بەچــاپ گەیانــد بــری ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەك ملیون دیناریشی بەخشیە ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان .**

## دوا ووتە

تاوانی ئەنفال هەر بەتەنها گوند روخاندن‌وکۆمەڵکوژی لێنەکەوتەوە، بەڵکو بەهەزاران چیرۆکی تراژیدی بەرهەمهێناو بووەهۆی لەبەینبردنی بەشێکی گرنگ لە دانیشتوانی بەرهەمێنەری کوردوداب‌ونەریتی جوان‌و گیانی هاوکاری‌وتەبایشی لەبەین برد، رێژەی نەخۆشیە درونیەکان سەد بەرامبەر بەرەو سەرەوە هەڵکشاند، ئەگەر دەرفەت لەبەردەم بەعسدا بمایە ئەوا بەرەبەرە کوردبوون بەرەو ریشەکێشکردنی یەکجاری دەرۆیشت. بەڵام پاشئەوەی چەرخی رۆژگار بەئاقارێکدا سوڕا کە لەبەرژەوەندی بەعس نەگەراو سەرئەنجام روخانیشی بەدوادا هات، لەوەش گرنگتر دادگایی کردنی کەمینەیەکی زۆرکەم لەبەرپرسان‌وپلاندانەرانی ئەو تاوانەشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەفسوس دۆخەکە هەتاسەر نەبوو، بەڵکو زۆربەی تۆمەتباران‌وتاوانبارانی ئەو تاوانە گەورەیە چ لە ناوخۆی کوردستان‌و چ لەعێراق هێشتا بێمنەتانە بەپێشچاوی دادگاکان‌وکەسوکاری قوربانیانی ئەنفالدا دەسورێنەوە، لەوەش بەئازارتر بێ باکی دەسەلاتدارانی کوردستان کارێکی وای کردووە، کە لەسایەی ئازادیدا جاشایەتی نەك هەر نەبووەتە شەرمێکی گەورە، بگرە بووەتە یەکیك لەگرێ گەورەکانی دڵی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال‌و ئەوپێشمەرگانەی بەراستی لەمەیدانابوون‌و رۆژانێك جاش شەریان لەگەڵداکردوون.

بەپێی ئەوسەردان‌وگەران‌و بەدوداچونانەی ئەنفالستان لەناوچە جیاوازەکان کردوویەتی وزۆرێك لەکەسوکاری ئەنفال‌و خودی قوربانیەکانی بینیوە هیچ کام لەو کەسانە، ناتوانن بروا بەخۆیان بهێنن کە لە تاوانبارانی ئەنفال خۆش بن . هەربۆیە ئەوان هێندەی لەئازادیدا بەدەست تەراتێنی تاوانبارانی ئەنفالەوە ئازار دەکێشن هێندە چێژیان لە ئازادی نەبینیوە .

بۆیە یادکردنەوەو کۆروکۆبونەوەوکۆنگرەو کۆنفرانس بەبێ ( دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال) بەتایبەتیش جاش‌و موستەشارەکان لەلای کەسوکاری ئەنفالکراوان جگە لەرۆتین‌و بەهەدەردانی سامانی گشتی شتێکی تر نیەو دورە لەهەستی راستەقینەی خەلکی کوردستان‌وکەسوکاری قوربانیانەوە .

هیچ پاساوێکی نیە کاتێك لەدوای ٢١ ساڵی حوکمرانی کورد، هێشتا دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال یەکلایی نەکراوەتەوە، هێشتا داوای قوربانیانی ئەنفال بەهەند ناگیرێ‌و بەرێزەوە وەرناگیرێ ! بەلای کەمەوە تۆمەتبارانی ئەنفال زەمینەی ئەوەیان بۆنەسازاوە بین داوای لێبوردن لەکەسوکاری ئەنفالکراوان بکەن‌و دان بە تاوانەکانیاندا بنێن.

زۆر نامۆبوو بەلامانەوە کاتێك هاورێیەکی زێدە ئازیزمان پێی راگەیاندین کەوا یەکێك لەموستەشارەکان لەدوای راپەرینی ئازاری ساڵی (١٩٩١ )ەوە لەشەرمەزاریدا، هەرگیز نەهاتووەتە دەرەوەوسەرئەنجام هەتادواچرکە ساتەکانی تەمەنی هەر لە ژوورەوە بوو، ئەمە جۆرە دادگایی کردنێك‌وجۆرە سزا دانێکە دەبوو، جاشەکانی کورد لەدوای ئەنفالەوە ئەگەر دادگاش داوای نەکردنایە بۆخۆیان نەفسی خۆیان دادگایی بکردایە، نەك وەك ئێستا بەوپەری بێباکی‌و بێ چاوڕووییەوە بەتەنیشتمانەوە بژین‌و لەوەش خراپتر بەئۆتۆمبیل‌و پاسەوانی حزب‌و حکومەتەوە بێن بۆ یادی ئەنفال‌و لەریزی پێشەوەش دابنرێن ؟

دەسەلاتدارانی کوردستان دەبی ئەو راستیە باش بزانن، کە لێبوردنی بەرەی کوردستانی بۆجاش‌و موستەشارەکان لێبوردنێکی سیاسی‌ونایاساییە، چونکە تۆمەتبارانی جینۆساید جیاوازن‌ولەتوانای هیچ کەسێکدانیە بیانبەخشی یان سزایان سوك بکات، بەلای کەمەوە دەبوو ئەو راستیە بزان کە وا تاوانبارانی جینۆساید هیچ حەصانەیەکی ناوخۆیی‌و نیودەولەتی نایانگرێتەوە، بۆیە دالدانی جەلاد بەراستەو خۆ دەبێتە سوکایەتی بەقوربانی .

بۆیە دەستی دەستی‌و چاوراو لەمەڕ دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، خزمەت بەیاساوئایندەو متمانەی هاولاتی ناکات، بەپێچەوانەوە هەتا رۆژێك زوتردادگایی بکرێن‌و ئەوپەڵە رەشە وەك پێشێلارییەکی گەورەی مافی مرۆڤ لەوێنە گشتیەکەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە بۆهەموو لایەك باشترە .